پوختەی اغاثة اللهفان بەکوردی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

موارد الأمان
المنتقى من
اغاثة اللهفان
في
مصايد الشيطان

نووسینی
(ئیبن قه ییمی جه وزییه)
(691-751)ک

پوختەکردنی
الشيخ على بن حسن بن على بن عبدالحميد
الحلبي الأثري

وە رگێڕانی
عبدالله گه رمیانی

چاپی یه که م

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

موارد الأمان

المنتقى من

إغاثة اللهفان

من

مصايد الشيطان

نووسینی

ئیبن قەییمی جەوزی

بە پێنووسی

علی بن حسین بن حسین بن علی بن عبدالحمید الحلبي الأثري

وەرگێڕانی

عبدالله فازڵ حەسەن(عبدالله گەرمیانی)

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ناسنامەی کتێب

- ناوی کتێب: إغاثة اللهفان من مصايد الشيطان
- نووسینی: ئیبن قەییمی جەوزی
- وەرگێڕانی: عبدالله گەرمیانی
- بابەت: تەزکیە
- دیزاینی ناوەڕۆک: هونەر عوسمان
- قەبارە: ١٧*٢٤ سم
- ژمارەی لاپەڕە:٦٠٥ لاپەڕە
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ١٢٠٠٠ دینار
- نۆبەی چاپ: چاپی یەکەم/٢٠٢١
- شوێنی چاپ: ناوەندی ڕۆشنبیریی تیشکی نوێ_ سلێمانی

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن(١٣٦٢)ی ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە

پێشەکی وەرگێڕ

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە کە هاوکارییمی کرد بۆ ئەوەی یەکێك لەهەرە کتێبە نایابەکانی زانای پایەبەرز ئیبن قەییمی ئەلجەوزییەی خوێندکاری شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە وەربگێڕم، ئەم کتێبە وەك سەرجەم کتێبەکانی دیکەی، هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ تازەکردنەوەی ئیمان و تەکاندنی مێشك و دڵ لەفیتنەی گومان و شەهوەت، ئەو فیتنەیەی کە هۆکارە بۆ رۆچوونی مرۆڤ لەتاوان و خزان رووەو دۆزەخ.

ئەم کتێبە سەرباری وریاکردنەوەی مرۆڤ لەتاوان و هاوبەش پەیداکردن، تێیشی دەگەیەنێ کێ شیاوی خۆشەویستی راستەقینەیە، چی رێگەیەکیش مرۆڤ بەخوا دەگەیەنێ و بەبەهەشت شادی دەکات، هۆکارێکی یارمەتیدەریشە بۆ ناسینی تاکە رێگەی گەیەنەر بەبەهەشت.

ناوی لێناوە(إغاثة اللهفان من مصايد الشيطان)، واتا بەهاناوەچوونی ئەوانەی کەوتوونەتە داوی شەیتانەوە، لەخەم و پەژارەو نەهامەتییدان، خوای گەورە پاداشتی شێخ عەلی ئەلحەلەبی ئەلئەسەریی بداتەوە کە هەڵساوە بەپوختەکردنی ئەو کتێبەو تەخریج کردنی فەرموودەکان و تەعلیق دان لەسەری کە من لەوەرگێڕانەکەیدا کردوومەتە قسە لەسەر کردن، چونکە تەعلیق لەزمانی کوردی، توانج لەخۆدەگرێت.

سوپاس بۆ خوا مۆڵەتی فەرمیمان وەرگرت بۆ وەرگێڕانی و تاکە داواکارییەک لە ئێمە، ئەوەیە ئەمانەتی زانستیی پەچاو بکەین، ئەوەشی لە توانای ئێمەی مرۆڤدا بووبێ پێیەوەی پابەند دەبین.

نامەوێ زۆر لەسەر ئەم کتێبە بەنرخە قسە بکەم، چونکە زانای لێکۆڵەر قسەی لەسەر کردووە، ناوەڕۆکی کتێبەکەش گرنگی و بایەخی ئەو هەوڵەی شێخی پایەبەرز ئیبن قەییمی ئەلجەوزییە دەردەخات، تکاکارم لەدوعای خێر بێ بەشمان نەکەن، خوای گەورە خۆمان و دایك و باوك و خێزان و منداڵ و کەسوکارمان لەدونیاو قیامەتدا پارێزراو بکات و لەساتی بەجێهێشتنی دونیادا، لێبووردن و خۆشییەکانی خۆیمان بەڕوودا بکاتەوە، بۆ ئەم کارەو هەموو کارێکی تر، نییەتمان ساغ و ڕێك بکاتەوە.

عبدالله فازڵ حەسەن(عبدالله گەرمیانی)

٢٠٢١ /١/٣١

پێشکەشکردن:

إن الحمد لله نحمدهُ ونستعينُه ونستغفرُه، ونعوذُ باللهِ مِن شرور أنفسِنا ومِن سيئاتِ أعمالِنا، مَن يهدِه اللهُ فلا مضلَّ لهُ، ومَن يضلِلْ فلا هادِي لـه. أشْهَدُ أنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

پاشان:

شەیتان، لەوەتەی ماوەو مۆڵەتی لەخوای گەورە وەرگرتووە بۆ بەفیتنە بردنی بێباوەڕان و تاقیکردنەوەی باوەڕداران، ئەوە دەلاقەو پەنجەرەی خۆی خستووەتەسەر پشت و داوی بۆ مرۆڤایەتی ناوەتەوە و لەوەدا بەردەوامە، ﴿ قَالَ أَنظِرْنِيٓ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴿١٤﴾ قَالَ إِنَّكَ مِنَ ٱلْمُنظَرِينَ ﴿١٥﴾ ﴾ **الأعراف:** ١٤ - ١٥، واتا: وتی مۆڵەتم بدە(مەمرێنە) تا ئەو ڕۆژەی زیندوو دەکرێنەوە. خواش فەرمووی: بێگومان تۆ لە مۆڵەت دراوانی[1].

لەقورئانی پیرۆزدا، لەبارەی شەیتانی سووك و ریسواوە هاتووە وتوویەتی: ﴿ قَالَ فَبِمَآ أَغْوَيْتَنِي لَأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَٰطَكَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ﴿١٦﴾ ﴾ **الأعراف:** ١٦، واتا: وتی ئەی پەروەردگار بەهۆی ئەوەوە کە گومڕات کردم بێگومان بۆیان(ئادەم و نەوەکانی) دادەنیشم لەڕێگە ڕاستەکەی تۆدا.

---

١ – بۆ ڕافەی ئایەتە پیرۆزەکان، سوود لەتەفسیری پوختەی قورئان وەرگیراوە– وەرگێڕ.

ئەو ئایەتانە یەك بەدوای یەکدا بەوریاییدان و هۆشیارییدان لەبارەی مەترسییەکانی شەیتانەوە هاتوون، لەو فەرموودانەش کە لەم کتێبەدا دێن، خراپەو زیانەکانی شەیتان روونکراوەتەوە، بۆیە هەرکەسێ خوای گەورە بۆ خێرو چاکە سەرکەوتووی کردبێ، ئەوە سوودی لەو وریاکردنەوانە بینیووەو لەفێڵ و تەڵەکەبازییەکانی ئەو بوونەوەرە خۆی بەدوور گرتووە و لەهەموو زیانێك وریایی کردووە.

زانایان و پێشەوایانی ئایین بۆ روونکردنەوەی فێڵەکانی شەیتان و هۆشداربیدان لەگومڕاکردنەکانی، دانراوی زۆریان نووسیووەتەوە، بەوەش خەڵکانی رابردوو سوودیان لێ بینیووەو ئەوانەشی کە دواتر دێن هەر سوودی لێ دەبینن.

لەنێو ئەو دانراوە سوودبەخشانەی کە وەك بەڵگەی رۆشن و حاشا هەڵنەگر بوونی هەیە، کتێبی(إغاثة اللّهفان في مصايد الشيطان)ە، کتێبێکە بەلای مرۆڤەوە لەگلێنەی چاو شیرینترە، ئەوەش بەهۆی دانەرو نووسەری ئەو کتێبەوە کە پێشەوای خەڵکانی ئەهلی سوونەیە، ئەویش شەمسەدین ئیبن ئەلقەییمی ئەلجەوزییە، پێشەوایەکی مەزن و بەناوبانگە[1]،تاوەکو ئێستا بەدرێژایی هەموو سەدەو سەردەمەکان دانراوەکانی بەربلاون،ئەم کتێبەشی لەبەسوودترین و دەوڵەمەندترین و باشترینی ئەو دانراوانەیە.

بەڵام بەڕەحمەت بێ، لەم کتێبەدا لەهەندێ بابەتی فیقهییدا[2] درێژەی پێ داوەو زۆر لەسەری رۆیشتووە کە بەبۆچوونی من لەگەڵ باسەکانی ئەم کتێبەدا گونجاو نییە، هەروەك بەڕەحمەت بێ هەندێ فەرموودەی لاوازیشی هێناوەتەوە، کە وریاییدان و

---

١ – سالّی(٧٥١)ی کۆچی، کۆچی دوایی کردووە، لەپێشەکی خۆم بۆ کتێبی(الرسالة التبوكية)ی زانایانی پایەبەرز، ژیاننامەیەم باسکردووە، بۆیە بەهۆی ناوبانگیی گەورەیانەوە، جارێکی تر ئەو سەریوورەیە دووبارە ناکەمەوە. برای بەڕێزمان شێخ بکر بن عبد الله ابو زيد لەکتێبە گولاّوبەخشەکەیدا(ابن القيِّم: حياتُه، وآثاره) تێروتەسەل باسیکردووە.

٢ – وەك بابەتی تەلاّق و حیل و شتانی تر.

ئاگاداریدان لەو بارەیەوە سوودی هێجگار گەورەی هەیە، جا لەبەر ئەوەی ئەم کتێبە فرە لایەن و بابەت تێکەڵە، ئەوە هەندێ دووبارەکردنەوەی تێدا رووی داوە.

بۆ دوورکەوتنەوەو رزگاربوون لەهەموو ئەو شتانە، باشترین رێگەیەك بەلای منەوە بۆ ئەوە، بریتییە لەپاڵفتەکردن، بۆ ئەوەش راوێژی هەندێ براو دۆستم کرد، ئەوانیش بۆچوونی منیان بەدروست و گونجاو بینی، بۆیە سوپاسی خوای گەورەم کرد لەسەر ئەو سەرکەوتن و رێنماییدانەی،لێی دەپارێمەوە رێگەی ئەو کارەم بۆ ئاسان بکات و کارەکەم دوورخاتەوە لەشتێك پێچەوانە بێ بەلێکۆڵینەوەو وردبینیکردن.

بەلەسەرخۆیی کارم دەستپێکرد، بۆیە سوپاس بۆ خوای گەورە بەم جۆرە هاتە بەرهەم و کتێبێکی لێ دروستبوو کە کرۆك بێ و ناوم لێنا(مَوارِدَ الأمان المُنْتَقى مِنْ إغاثَةِ اللَّهْفان)، بەئومێدی ئەوەی ناوەرۆکەکەی گونجاو و رێك بەو ناونیشانە بێ.

لەکۆتاییدا ئەڵێم: من ئەوەم لەتوانادا بوو کە لەبەردەستی ئێوەدایە، ئەگەر چاك و باش بوو، ئەوە سوپاسی خوای لەسەر بکەن، ئەگەر خراپ و چاك نەبوو، ئەوە هۆکارەکەی منم و لەخوا بەدوورە.

وصلى الله على نبيه وعبده، وعلى آله وصحبه ووفده

تکاکاری پەروەردگاری مەزن، أبو الحارث الحلبيّ الأثريّ علي بن حسن بن علي بن عبد الحميد

زەرقا- ئوردن- سەرەتای جەمادی یەکەمی ساڵی١٤١١ی کۆچی

کتێبی(إغاثةِ اللهفان)

بەهای ئەو کتێبەو ستایش و پیاهەڵدانی زانایان لەبارەیەوە

ئەم کتێبە بەیەکێك لەباشترین و بەسوودترین ئەو کتێبانە دادەنرێت کە ئێبن قەییم(بەڕەحمەت بێ) نووسیوێتییەوە:

ئالوسی لەکتێبی(غایةِ الأمانی)(٢/٥) ئەڵێ:کتێبێکی بەناوبانگەو یەکێکە لەکتێبەکانی سوونە، دانەرەکەی بەڕەحمەت بێ بەیەکێك لەئەرکە پێویست و داواکراوەکانی هەژمار کردووە، فێڵ و تەڵەکە و پیلانەکانی شەیتانی پێ پووچەڵکردووەتەوە، سەرباز و هاوکار و دۆستەکانی شەیتان لێی هەڵهاتوون، بێگومان خوای گەورە، کارو کردەوەی خراپەکاران چاك و شایستە ناکات).

هەندێ زانستخواز لەسەر هەندێ لەدەستنووسەکانی ئەم کتێبە نووسیویانە[١]، لەوانە:

إن شئت ان تنجو من الشيطان فالزم كتاب إغاثة اللهفان
فيه شفاء القلب من امراضه و هو الطريق الى رضى الرحمن
لله درُّ بنان ناظم عقده كم ضمّ فيه من فريد جُمانِ
حِكَمٌ هي الدُّرُّ المُصَفى لو ترى عينٌ ويسمعُ من لهُ أُذُنانِ

واتا: ئەگەر دەتەوێ لەشەیتان رزگارت بێ، ئەوە ئاشنا و سەرقاڵ بە بەکتێبی(إغاثةِ اللَّهْفان)ەوە، چارەسەری دڵە لەنەخۆشییەکان و رێگەی بەدەستخستنی رازیبوونی

١ – (إغاثة اللهفان)(٣٦/١) بتحقيق: محمد عفيفي.

پەروەردگارە. ئای خوایە پەنجەکانی دانەری ئەم کتێبە چی گەوهەرێکن کە شتانی دەگمەن و تاقانەیان تیایدا کۆکردووەتەوە. ئەمە حیکمەتێك و گەوهەرێکی پوختەکراوە بۆ کەسێك چاو و گوێی هەبێ و ببینێ و ببیستێ.

لەکۆمەڵێ دێرە شیعری تردا هاتووە و شاعیرێك ئەڵێ[1]:

يا من يخاف مكايد الشيطانِ ويروم سُبْلَ خلاصة الإيمانِ
شَمِّرْ ذيولَك كَيْ ترى سنن الهدى في طَيِّ زَبْدِ "إغاثة اللهفانِ"

واتا: ئەی ئەو کەسەی لەفێڵ و تەڵەکەی شەیتان دەترسێی و بەدوای دۆزینەوەی پوختە و رزگارکەری ئیماندا دەگەڕێی، قۆڵت بۆ هەڵماڵە و خۆت گرج و گۆڵ بکەرەوە تاوەکو لەدووتوێی(إغاثَةِ اللَّهْفان)دا مەشخەڵی رێنیشاندەریی ببینیتەوە.

پوختە: ئەم کتێبە، لەمەزنترین و باشترینی کتێبەکانی ئیبن ئەلقەییمە.[2]

تەواوی ئەوانەی سەربوورەی ئەویان گێڕاوەتەوە، نمونەی ئیبن رەجەب لە(ذیل طبقات الحنابلة)(٢/ ٤٥٠) و ئیبن ئەلعیمادی ئەلحەنبەلی لە(شذرات الذهب)(١٧٠/٦) و ئەلشەوکانی لە(البدر الطالع)(١٤٤/٢) و حاجی خەلیفە لە(کشف الظنون)(١٢٩/١) و سدیق حەسەن خان لە(تاج المكلل)(ص٤١٩) و ئەوانی تر بەناوی تەواوەوە باسیان کردووە، هەندێکی تر کورتیان کردووەتەوە بە(مصايدِ الشَّيطان).

ئیبن قەییم لەم کتێبەیدا هونەرکاریی زۆر و جوانی کردووە،کۆمەڵێ جۆری زانستی نووسیووەتەوە:

ئەبینین لە(١/ ٣٢) لەبابەت ئسولّی فیقهدا دەکۆڵێتەوە.

---

١ – سەرچاوەی پێشوو.

٢ – (ابن القيِّم: حياتُه، وآثاره)، ص١٨٤.

لە(١/ ٤٥) وەلأمی موتەکەلیمین دەداتەوە.

لە(١/ ٣٢ و ٥٠) باس لەزانستی تەفسیر ئەکات.

لە(٥٠/١) لەبابەت زانستی نەحو.

لە(٤٦/١) لەواتاکانی زمانەوانی دەدوێ.

لە(٢٨/١) لەباس و شیکردنەوەی هەندێ فەرموودەدا دەدوێ.

لە(٥٥/١) باس لەسیفاتی خوای پەروەردگار دەکات.

لە(١/ ٥٦) باس لەقەدەر دەکات.

ئا بەوجۆرە لەکۆمەڵێ سوودی زانستیی پەرش و بلاوودا دەدوێ کە تەنیا زانایان نرخ و بەهای دەزانن، ئەبینین لە(١/ ٥٧) باس لەپرسیاری خۆی لەمامۆستاکەی دەکات، پاشان دەچێتەسەر پوختەی وەلأمی مامۆستاکەی. لە(١٧/١) باس لەیادەوەریی خۆی دەکات لەگەڵ هەندێ گەورە پزیشك لەهەندێ بابەتدا.

جا هەموو ئەوانە بەلگە دەدات لەسەر مەودای بەرفراوانیی بازنەی زانست و شارەزایی ئەو و وردبینییەکەی لەنووسینەوەو دانانی کتێبدا.

لەبەر بەهای ئەم کتێبەو ئاسانکارییکردن بۆ سوودبینین لێی، زۆرێك زانا کورتیان کردووەتەوە، لەگرنگترین ئەو کورتکراوانەش، ئەمانەی خوارەوەن:

١- مختصر إغاثة اللهفان[1]، الشيخ عبد الله بن عبد الرحمن أبا بَطين، کۆچکردووی سالّی(١٢٨٢)ی کۆچی.

٢- مختصر إغاثة اللهفان، ابن غانم المقدسي، کۆچکردووی(١٠٠٤)ی کۆچی و لەلایەن کتێبخانەی(القرآن)ەوە چاپکراوە، بەلێکۆلینەوەی: إبراهيم بن محمد الجَمَل.

---

١ - (ابن القيم: حياته، وآثاره)(ص١٨٤).

هەندێ لەتەوەرەکانی کتێبەکەی کورت و سەربەخۆ کراوەتەوە، نمونەی(سەردانییە شەرعی و هاوبەش بڕیاردانەکانی گۆڕستان)ی بەرکەوی کۆچکردووی(٩٨١)ی کۆچی و چەند جارێك چاپکراوەتەوە.

هەندێ لەزاناو نووسەرانی هاوسەردەمیش شتێك لەو جۆرەیان ئەنجام داوە.

ئەوەی من پێی هەڵساوم، سوپاس بۆ خوای گەورە، ئەوە لەکاری زانایانی پێشوو دەرنەچوومە و بەهیچ شتێك لەو رێگەو شێواز لام نەداوە، بەڵکو رێگەی ئەوانم گرتووەتەبەر.

***

بەرنامەی کورتکردنەوەو پاڵفتەکردن

ئەو بەرنامەو میتۆدەی لەم کتێبەدا(المَوارِد) گرتوومەتەبەر، لەسەر چەند کاروبارێك وەستاوەتەوە، گرنگترین ئەوانەش:

١- بابەتە فیقهییە لق و پۆ بەرفراوانەکانم سڕیوەتەوە و لابردووە،ئەوانەی کە شیاون لەکتێبە فیقهییەکاندا دابنرێن.

٢- هەندێ دەستەواژەو بابەتی دووبارەم لابردووە.

٣- فەرموودە لاواز و هەڵبەستراوەکانم سڕیوەتەوە و لابردووە،جگە لەوەی هەندێ لەو فەرموودانەم هێشتووەتەوە، ئەوەش بۆ روونکردنەوەی شتێك یان گرێدانی بەبابەتێکەوە.

٤- بەشێوەیەکی زانستیی پوخت، فەرموودە دروستەکانم تەخریج کردووە.

٥- دەقی کتێبەکەم رێکخستووەو بەبڕگەکانییەوە و کۆمەڵێ ناونیشان لاوەکیم بۆ داناوە.

***

وتەیەکی کورت لەچاپی لێکۆڵینەوە کراو و تەخریجکراوی(إغاثة اللّهفان)

ئەوەی لەکاتی کارکردنم لەم کتێبەدا(المَوارِد) لەبەردەستی منـدا هەیـە، دوو چـاپی کتێبی(إغاثة اللّهفان) ە کە لەدوو بەرگدایە:

یەکەم: چاپی الشیخ حامـد الفقـي کـه بەناوبانگـه و بەردەسـتە و سـاڵی(١٣٥٧)ی کۆچی، چاپکراوە.

دووەم: ئـەوەی المکتـب الإسـلامي بەلێکۆڵینـەوەی محمـد عفیفـي چـاپی کـردووە لەساڵی(١٤٠٥)ی کۆچی.

لەبابەت کورتکردنەوەدا پشتم بەستووەتە چاپی یەکەم، تەنیا لەهەندێ بابەتدا کـه بەلامـەوە نـاڕوون بـووبێ بەچـاپی دووەم بـەراوردم کـردووە، لەهەنـدێ جـاردا بەدواداچوونی هەندێ بابەتم لەچاپی دووەمدا کردووە، ئەوەش بـۆ سـوودێکی زیـاتر و لـەوەدا زۆرێـك تێبینـیم دەستخسـتووە و حـەزم نـەکردووە ئـەو تێبینیانـە لەدەسـت خوێنەران بچن و لێی سوودمەند نەبن، بۆیە بەپشتیوانیی خوای گەورە ئەڵێم:

- **بەشی یەکەم: کۆمەڵێ تێبینی گشتی:**

١- لـە(١/ ٥٥ و ٣١٩) هەنـدێ قسـەو بۆچـوونی الشـیخ محمـد حامـد الفقـي گواستراوەتەوەو ئاماژە بەوە نەدراوە قسەو بۆچوونی ئەون.

٢- لەچاپکراوەکەی الشیخ محمد حامد الفقي هەندێ هەڵە هەیە.[١]

- **بەشی دووەم: کۆمەڵێ تێبینی لەبابەت فەرموودەدا:**

ئەمە گرنگترە، چونکە لەوتەکانیدا جۆر گـەلێکی هەڵـەو گومـان هەیـە، بـۆ ئـەوەش هەندێ نمونە باس دەکەم:

---

١ - زاناو لێکۆڵەر کۆمەڵێ لەو هەڵەو تێکەڵکردنانەی بەنمونە هێناوەتەوە، هەڵەکان لەڕوانگەی حـەزەکاتی وشەکانەوەیەو بەپێویستم نەزانیووە لێرەدا بۆ خوێنەری کوردیی دایبنێنم- وەرگێڕ.

١- (١/ ١٤٩) ئەڵێ:(بوخاری لەسەحیحەکەیدا ئیخراجی کردووە)، منیش ئەڵێ: بەڵکو فەرموودەیەکی موعەلەقە نەك گەینراو(موصول).

٢- (١/ ٣٨٤) فەرموودەی:(نهيتُ عن صَوْتينِ أحمَقَيْنِ)،واتا: نەهیم لێکراوە لەدوو دەنگی ناشیرین. ئەم فەرموودەیەی لەترمیزییەوە ئیخراج کردووە و تەنیا وتوویەتی(فەرموودەیەکی حەسەنە).

منیش ئەڵێم: ئەگەرچی لەئیسنادەکەیدا(رشتەی گێڕانەوە)لاوازیی هەیە، بەڵام شەواهیدی تری هەیە رشتەکەی راست دەکەنەوە، کەچی ئەوەی روون نەکردووەتەوەو ئاماژەی بەوە نەداوە.

٣- هەڵەیەکی روون و ئاشکرای کردووە لەتەخریجکردنی فەرموودەی: "لعنَ رسولُ الله المُحلِّلَ والمُحلَّلَ لە"، واتا:نەفرەتی خوا لەو کەسەی ئافرەتێکی سێ تەڵاقەی کەوتووی لەمێردەکەی حەڵاڵ دەکاتەوەو نەفرەتی خواش لەو پیاوەی ئافرەتی سێ تەڵاقەی کەوتووی بۆ حەڵاڵ دەکرێتەوە. بەکەمترین بەراوردێ بەتەخریجکردنی لەم کتێبەدا، ئەو هەڵەیە دەردەکەوێ.

٤- (١/ ٣٦١) فەرموودەی:"مَنْ قَعَدَ إِلَى قَينَةٍ "واتا:هەرکەسێ لای ژنێکی گۆرانیبێژ دابنیشێ. ئیخراج کردووە بەگواستنەوەی لە الشيخ موحەممەد حامد لەحوکمی ئیسلام لەبارەی گۆرانییەوە، ئاخۆ ئەوە زانستی فەرموودەیە؟!لەکاتێکدا ئەو فەرموودەیە بەهەمان رشتەی گێڕانەوە لەکتێبەکانی فەرموودەدا زۆر زۆرە، لەوانە(العلل المُتناهية)(٢/ ٣٠٠) و المحلى(٩/ ٥٧)، بەجگە لەو رشتەیەش هەیە لە(كنز العمال)(٤٠٦٦٩) و تەفسیری القرطبي(١٤/ ٥٣) و (أحكام القرآن)(١٤٩٤/٣) و ئەوانی تر.

پاشان لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، ئەوەی روون نەکردووەتەوە کە ئەو فەرموودەیە لاوازە، کۆمەڵێ لەزانایان لەسەرچاوەکانی پێشوودا لاوازیان داناوە، لەوانە: ئیبن حەزم، ئیبن ئەلعەرەبی، ئیبن ئەلجەوزی، هەروەها ئیبن حەجەر لە(اللّسان)(١/ ٢٤٤، ٥/ ٣٤٩) و زانایانی تریش.

٥- (١/ ٤٢٨ و ٤٣٠): بەدوورودرێژی تەخریجی هەندێ فەرموودەی کردووە کە پەیوەندی بەتەخریجکردنییەوە نییە!

٦- (١/ ١٧): فەرموودەی:(القُلوبُ أربعةٌ)،واتا: دڵ چوار جۆرە. بەمەرفوعیی هاتووە. قسەی زانایانی گواستووەتەوە لەلاوازکردنی لەیسی کوڕی سولەیم و خەیاڵاوبوونی(توهین)، هەروەها قسەی ئیمام ئەحمەدی لەبارەوە گواستووەتەوە بەوەی گێڕانەوە شێواوە(مضطرب الحديث)،لەکاتێکدا خەڵکیی لێیەوە گێڕاویانەتەوە!

کۆتا پشکنینی ئەوەیە:((ئەو پیاوە قسەو باسی لەبارەوە هەیە، بەڵام فەرموودەو باسی ناگێڕدرێتەوە))، هەروەك ئیمام ئەحمەد وتوویەتی:(بەڵام خەڵکیی لێیەوە گێڕاویانەتەوە)، ئەو فەرموودەیە حەسەنە.

ئاوەهای وتووە! وەك ئەوەی هەموو ئەو لاوازخستنە رەتکراوە بێ تەنیا بەبوونی(خەڵکیی لێیەوە گێڕاویانەتەوە!)، ئاخۆ گێڕانەوەی ئەو جۆرە خەڵکە جێ متمانەیەو متمانەی لەبارەوە دراوە؟

ئاخۆ ئەو جۆرە خەڵکە کێن؟

سەیر ئەوەیە قسەی دژیەك دەکات! بۆ نمونە لە(١/ ٣٩٦) ئیبن ئەلقەییم فەرموودەیەکی باسکردووە و لاوازی خستووەتەوە بەبوونی فەرقەد ئەلسەبخی، پاشان قسەی ترمیزیی لەبارەوە هێناوەتەوە:(یەحیای کوڕی سەعید قسەی لەبارەوە

کردووە، خەڵکییش لێیەوە گێڕاویانەتەوە)! حوکمیشی لەسەر ئەو فەرموودەیە نەوەیە:(فەرموودەیەکی لاوازە)! ئەوە چی جیاوازییەکە؟!

٧- زۆرێك فەرموودەی دیکە هەیە ئیخراجی نەکردوون(١/ ١٣١ و ١٧٤ و ٣٤٨ و ٣٦٥ و ٣٦٨ و ٤٠٩ و ٥٠٨) و زۆرێکی تریش!

٨- بەدوای زانای پایەبەرزمان شێخی ئەلبانیدا ڕۆیشتووە(ص٢٧٩ - ٢٨١) لەلاوازخستنی فەرموودەیەك لە(غایة المرام)، جا کۆمەڵێ وەهم و گومان تێکەڵ بەو بەدوادا ڕۆیشتنە بووە، لەوانە:

أ- وتەی(شرح الأربعین)ی ئیبن ڕەجەبم دەست نەخست، بەڵام قسەی ئیبن ڕەجەبم لە(جامع العلوم والحکم) دۆزییەوە! ئەمە لەکاتێکدا(جامع العلوم والحکم) خودی (شرح الأربعین)ە! ئەوەش سەیرێکی تر! چۆن دەکرێ بەبەشێکی (شرح الأربعین)دابنرێت لەکاتێکدا هەمان شتە!

ب- لەبنچینەی قسەکەیدا وەهم و خەیاڵ و گومانی هەیە و لەکەمترین بەراوردێك لەنێوان قسەی خۆی و شێخی پایەبەرزماندا شێخ ئەلبانی لەو سەرچاوەیەی ئاماژەی بۆ کراوە و لەپێشەکی ئەو زانا بەڕێزە بۆ(ریاض الصالحین)، ئەوە دەردەکەوێ. (فائدة:٢٠).[1]

٩- یەکێکی تر لەسەیرو سەمەرەکانی(١/ ٤٦)ە کە لەبارەی ئەم فەرموودەیەوە دەدوێ:((إنَّ مِن سَعادةِ ابنِ آدَمَ استِخارَةَ اللهِ...))،واتا: یەکێك لەبەختەوەرییەکانی مرۆڤ، بریتییە لەڕاوێژکردن بەخواو ڕاسپاردنی سەرەنجامی کارە بەخوای گەورە. ڕشتەی فەرموودەکەی لاواز داناوە، پاشان ئەڵێ: بەڵام هاوشێوەی هەمان واتا

---

١ - لە(١/ ١٦٨- ١٦٩ و ٢/ ١٩٥ و ٣٤٠) دوای شێخمان کەوتووە، بەجۆرێك مرۆڤی جەرگ سووتاو دەخاتە پێکەنین، بەوردبوونەوەو بەراوردێکی کەم، وەهم و لاوازیی ئەو پیاوە دەردەکەوێت.

بەفـەرموودەی دروسـت و (متفـق علیـە) شـایەتی بـۆ ئـەدرێت:((كـانَ يُعَلِّمنـا الاسـتِخَارَةَ...))،واتـا: پێغەمبـەری خوا(صـلى الله عليـه وسـلم) فێـری راسـپاردنی سەرەنجامی کار بەخوای گەورەی فێر دەکردین. سەیرە ها! ئەمە چی و ئـەوە چـی! ئاخۆ هاوشێوەکان(الشواهد) بەو جۆرەن؟!

١٠- لـە(٣٩/١) لەقسـەکردنی لـەبارەی فـەرموودەی:((تَسـمَّوا بأسمـاءِ الأنبياء....))،واتا:ناوی پێغەمبەران لەمندالّەکانتان بنێن. پاشان لەئیبن ئەلقەتانەوە- بەهۆی فيض القدير-ەوە بۆچوونی لەبارەی عەقیلی کوڕی شەبیبەوە گواستووەتەوەو ئەڵێ:(بێ ئاگایی هەبووە- فيه غفلة)، لەکۆتاییشدا ئەڵێ: فەرموودەکە حەسەنە!

منـیش ئـەڵێم: ئاوەهـا! لەکاتێکـدا ئـیبن ئەلقـەتان لەبارەیـەوە ئـەڵێ: مرۆڤێکـی حاڵوبار نادیارە(مجهول الحال)، هەروەك لە(التهذيب)(٧/ ٢٥٤)دا هاتووە، زەهـەبیش لە(الميزان)(٨٨/٣) ئەڵێ:(ناناسرێت)!

رەنگـە ئـەوە یـەکێك بـێ لـەوەهم و خەیاڵـەکانی ئـەلموناوی! و نـاوبراو دوای کەوتبێ!!، بەهەموو حاڵێك فەرموودەکە لاوازە.

١١- (٥١/١) لەنێوان هەردوو فەرموودەکەدا تێکـەڵی کـردووە و هـەردووکی بەیـەك رێگەو رێڕەودا تەخریج کردووە و دووەمی پشتگوێخستووە!

١٢- (٥٧/١): فـەرموودەی:((السَّـفَرُ قِطْعَـةٌ مِـنْ الْعَـذَابِ))،واتـا: گەشـت و سـەفەر پارچەیەکە لەئازارو چەرمەسەری. لەموسنەدی ئەحمەدەوە بەدووبارەکردنەوە ئیخراج کردووە، ئەمە بـەدووجار ئیسناد لەڕێگـەی ئـەبو سـاڵح ئـەویش لەئـەبو هـورەیرەوە، پاشان ئەڵێ:((لەهەردوو گێڕانەوەدا: ئەبو ساڵح هەیـە، بڕوانرێتـە ئـەوەی لەبارەیـەوە وتراوە لەفەرموودەی:((لَعَنَ اللهُ زَوَّارَاتِ القُبُوْرِ))،واتا: خوای گـەورە نـەفرەتی کـردووە

لەو ئافرەتانەی کە زۆر سەردانی گۆڕستان دەکەن. ئەوەشی کە ئیمام ئیبن تەیمیە لەبارەیەوە وتوویەتی و ئیسنادەکەشی حەسەنە)!

ئا بەو جۆرە جۆر گەلێك تێکەڵو پێکەڵی هەیە:

أ- فەرموودەی:((السَّفَرُ قِطْعَةٌ مِنْ الْعَذَابِ))،واتا: گەشت و سەفەر پارچەیەکە لەئازارو چەرمەسەری. لەلایەن هەردوو شێخی فەرموودەناسانەوە، بوخاری و موسلیم، یەکدەنگیی لەسەر هەیە(متفق علیه)یە.

ب- ئەو ئەبو سالّحەی کە لەئەبو هورەیرەوە گێڕاویەتییەوە، زەکوانی زانا و متمانەدارە هەروەك لە(تحفة الأشراف)(٣٩٠/٩)دا هاتووە، بازام(باذام)ی لاوازخراوی گێڕەرەوەی فەرموودەی سەردانیکردنی گۆڕستان لەلایەن ژنانەوە نییە.

ت- بێژەی فەرموودەی سەردانی(الزيارة) کە لەڕشتەی گێڕانەوەیدا بازام هەیە، ئەمەیە:((لَعَنَ اللهُ زَائِرَاتِ القُبُوْرِ))، هەرچی بێژەی((زَوَّارَات))ە،ئەوە ترمیزی(١٠٥٦) و تەیالسی(٨١٧) و ئەحمەد(٢/ ٣٣٧) بەسەنەدێکی حەسەن ئیخراجیان کردووە، هەروەك لە(الإتمام)(٨٤٣٠) بەتێروتەسەلی لەبارەیەوە قسەم کردووە.

پ- جوانکردنی رشتەی گێڕانەوەی دووەم، هەروەك شێخی پایەبەرزمان لە(سلسلة الأحاديث الضَّعيفة) بەژمارە(٢٢٥) بەتێروتەسەلی لەبارەیەوە دواوە.

ج- هەرچی قسەی شێخی ئیسلامە(بەڕەحمەت بێ)، ئەوە هەڵوێستەم لەسەری کردووەو ئێرە شوێنی گفتوگۆکردن و مشتومڕکردنی نییە.

١٣- (٥٩/١) فەرموودەی:((يَا ابْنَ آدَمَ تَفَرَّغْ لِعِبَادَتِي أَمْلَأْ صَدْرَكَ غِنًى))،واتا: خوای پەروەردگار ئەفەرمووێ: ئەی نەوەی ئادەم، یەکلابیبەرەوە بۆ پەرستشی من، سینگ و دڵی خۆت پڕ بکە لەدەوڵەمەندی... ئەم فەرموودەیەی ئیخراج کردووە بەبێ باسکردنی یەك رشتەی گێڕانەوە! لەکاتێکدا لەڕشتەی گێڕانەوەدا زائیدەی کوڕی

نەشیت هەیە کە نەناسراوە! شایەت و هاوشێوەییەک نییە بەڕاستیبخاتەوە هەروەک لەشوێنی خۆیدا لەم کتێبەدا دەیبینی.

١٤- (١/ ١٤٩- ١٥٠) فەرموودەی:"للهُ أشدُّ أذَناً للقارئِ حَسَنِ الصَّوْتِ بالقُرآنِ...."،واتا:خوای گەورە بۆ قورئان خوێنی دەنگ خۆش، لەهەموو کەسێکی تر باشتر گوێ دەگرێت. لەتەخریجکردنی ئەم فەرموودەیەدا تێکەڵوپێکەڵییەکی سەیری ئەنجام داوە، بۆ ئەوە بڕوانە قسەی من لەسەر(المنتَقى النَّفيس)(ص٣١١).

١٥- نمونەی تر لە(١/١٩١)دا هەیەو لەشوێنی تریشدا نمونەی تری زۆر هەیە!

پاشان:

بێگومان بوارێکی زۆری بەدواداچوون هەیە بۆ ئەو چاپە، ئەگەر ترسی درێژەپێدان نەدەبوو، ئەوە نمونەی زۆرم دەهێنایەوە، بەڵام لەوەی ئاماژەم پێداوە، بەسە بۆ زانستخوازانی سەرڕاست، لەگەڵ ئاماژەکردن بەوەی، کۆی ئەو تێبینیانە بەتەماشاکردن و گەڕانێکی سەرپێیانە هاتوونەتەدەست نەک بەبەدواداچوون و وردبوونەوە.

خوای گەورە خۆی ڕێنیشاندەر و پشتیوان و یارمەتیدەرە.

***

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان

پێشەکی دانەر

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە بەسیفاتی بەرزو کەمالی خۆی، خۆی پیشانی دۆستانی داوە، بەبینینی سیفاتی کەمالی خۆی، دڵی بۆ روونـاك کردوونەتـەوە، بەنیعمەت و فەزڵی بەخشراوی خۆی، خۆی پێ ناساندوون، ئەوانیش زانیویانـە خـوای گەورە تاقانەو بێ نیازە بەبەندەکانی و بێ هاوبەشە لەزات و سیفات و کردارەکانیـدا، بەوجۆرەیە کە خۆی پـێ وەسفکردووە و لەسـەرووی ئەوەوەیـە کـە مەخلوقاتـەکانی لەڕووی کەم و زۆرییەوە وەسـفی پـێ دەکـەن. هـیچ کەسـێ نـاتوانێ ستایشـی خـوای گەورە بژمێرێ، بەڵکو بەوجۆرەیە کە خۆی لەسەر زمانی ئەوانەی بەپەیامداریی خـۆی ڕێزی لێ ناون، ستایشی خۆی کردووە، ئەو سەرەتایەیە(الأول) کە هیچ شتێك لـەپێش ئەو بوونی نـەبووە، ئـەو کۆتایەشـە(الآخـر) کـە هـیچ شـتێکی تـر لـەدوای نییـە، ئـەو (البـاطن)ەیـە کـە هـیچ شـت و کەسـێك لـەو نـزیکتر نییـە لەشـتەکانەوە، زینـدووی ڕاوەستاوە، تاك و تاقانەیە، بێ کەس و بێ نیازە بەهیچ کەسێ، تەنیا خۆی مانـەوەی بۆ هەیە و هەموو مەخلوقاتیش نەمانیان بەسەردا دێت.

ئەو بیسەرەیە(السمیع) کە ورتە و نوزەی دەنگی زمانـە جیاوازەکانیشـی گـوێ لـێ دەبێ، هیچ دەنگێك ناتوانێ لەو دەنگەی تر سەرقاڵی بکات، داواکاریی مەخلوقاتەکانی لێ تێکەڵ نابێ، بەپێداگری پێداگران بێزار نابێ. ئەو بینـەرەیە(البصیر) کـە ڕۆیشـتنی میرۆڵەیەکی ڕەش لەسەر بەردێکی ڕەش لەشەوێکی تاریکدا دەبـینێ، جـا ڕۆیشـتنەکە لەنێو دەشت و دۆڵدابێ یان چیا.

نەرم و ناسکتر لەوە، بینەری ئاڵۆگۆڕی دڵی بەندەکەیەتی و بینەری جیاوازیی حـاڵ و بارێتی، کە بەندەکە ڕووەو خوا ڕۆیشت، خوای گەورەش بەرەو ڕووی دەچێ، ئەگەر

پشتیشی هەڵکرد لەخوا، ئەوە خوای گەورە بەکەسی تری ناسپێرێ و پشتگوێی ناخات، بەڵکو بەرانبەر بەو بەندەیە، بەسۆزتر دەبێ لەسۆزو بەزەیی دایك بەرانبەر منداڵەکەی، جا ئەگەر ئەو بەندەیە تەوبەی کردو گەڕایەوە لای خوای گەورە، ئەوە خوای گەورە بەجۆرێ خۆشحاڵ دەبێ خۆشحاڵتر لەخۆشحاڵیی ئەو کەسەی ولاخەکەی بەخۆراك و ئاوەوە لەبیابانێکی سەختی لەنێوبەردا لێ ونبووە، کاتێ لەلێواری تیاچووندا ولاخەکەی دەدۆزێتەوە چەندە خۆشحاڵ دەبێ، خوای گەورەش بەتەوبەو گەڕانەوەی بەندەکەی، لەو ڕێبوارە خۆشحاڵتر دەبێ.[1]

ئەگەر بەندەکە پێداگربوو لەسەر پشت تێکردن و لەهەموو شتێکدا پێداگریی کرد لەسەر یاخیبوون و بووە دۆستی دوژمنی خواو پەیوەندی لەگەڵ خوادا پچڕاند، ئەوە خۆی شایستە بەسزا کردووە، بێگومان خوای گەورەش یاخیبووی تیاچوو لەنێو دەبات[2]، ئەوەش لەگەورەیی سۆزو بەرفراوانیی فەزڵ و چاکەی خۆیەوەیەتی.

شایەتی دەدەم بەوەی هیچ خوایەکی بەحەق بوونی نییە جگە لە اللە کە هیچ هاوبەشێکی نییە، خوایەکی تاك و تاقانەی بێ نیازە بەکەس، مەزنترە لەبوونی هاوشێوە، گەر بیەوێ هەر شتێ ببەخشێ، هیچ شتێك ناتوانێ بۆی ببێتە ڕێگر، کە نیازی گرتنەوەشی هەبێ، هیچ شتێك ناتوانێ پێچەوانەی بکات و کەس ناتوانێ بەرپەرچی حیکمەتی ئەو بداتەوە: ﴿وَإِذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ سُوٓءٗا فَلَا مَرَدَّ لَهُۥۚ وَمَا لَهُم

---

١ – نووسەر ئاماژەی کردووەتە ئەو فەرموودەیەی کە بوخاری(١١/ ٨٨) و موسلیم(٢٧٤٤) لەئیبن مەسعودەوە گێڕاویانەتەوە.

٢ – هەروەك موسلیم(١٣١)(٢٠٨) لەڕێگەی ئیبن عەباسەوە بەمەرفوعی لەفەرموودەیەکی قودسییدا گێڕاویەتییەوە.

﴿مِّن دُونِهِۦ مِن وَالٍ ۝١١﴾ الرعد: ١١، واتا: کاتێک خوا بیەوێ تووشی بەلاّبن هیچ بەرگرێکی بۆی نی یە و جگە لەو (خوا) هیچ یارمەتی دەرو پشتیوانێکیان نی یە.

شایەتییش دەدەم بەوەی موحەممەد بەندەو نێردراوی خوایە، بەحەق بەئەرکی خۆی هەلّساوە، دەستپاك و ئەمینی وەحی پەروەردگاری بووە[1] و باشترینی نێو بەندەکانێتی، بەسۆزو بەزەیی بۆ جیهانیانی رەوانە کردووە، بەپێشەوا بۆ لەخواترساوان و حەسرەت و پەشیمانی بۆ بێباوەڕان و بیانوو و بەلّگە بۆ هەموو جیهانیان، لەدابڕان و نەمانی پەیامبەراندا رەوانەی کرد و پێیەوە باشترین و رووتترین رێگەی پیشان دان، فەرزی کرد بەسەر بەندەکاندا گوێڕایەلّیی بکەن و خۆشیان بووێ و مەزنی رابگرن و رێزی لێ بگرن و مافەکانی بدەن. هەموو رێگەکانی گەیشتنە بەهەشتی داخست و تەنیا رێگەی ئەوی هێشتەوە، تەنیا بەرێگەی موحەممەد بگەنە بەهەشت، سینگی بۆ لەتکردو بەشی تاوانی لێ لابرد، یادی بەرز راگرت و سەرشۆڕی و سەرکزیی کردە بەشی ئەوانەی پیچەوانەی بکەن[2] لەکتێبی پیرۆزی خۆیدا سوێندی

---

١ – بوخاری(٨/ ٦٨) و موسلیم(١٠٦٤)(١٤٤) ئیخراجیان کردووە لەئەبو سەعیدی خودرییەوە ئەویش لەپێغەمبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: " أَلَا تَأْمَنُونِي وَأَنَا أَمِينُ مَنْ فِي السَّمَاءِ، يَأْتِينِي خَبَرُ مِنَ السَّمَاءِ صَبَاحًا وَمَسَاءً؟!"،واتا:ئایە ئێوە متمانەم پێ ناکەن و بەدەستپاکم نازانن لەکاتێکدا من دەستپاك و ئەمینی خوای گەورەم کە لەئاسمانداید، بەیانیان و ئێواران هەواڵی ئەوم پێ دەگات؟!

٢ – لەو بارەیەوە فەرموویەتی:«بُعِثْتُ بِالسَّيْفِ بَيْنَ يَدَيِ السَّاعَةِ حَتَّى يُعْبَدَ اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَجُعِلَ رِزْقِي تَحْتَ ظِلِّ رُمْحِي، وَجُعِلَ الذِّلَّةُ وَالصَّغَارُ عَلَى مَنْ خَالَفَ أَمْرِي وَمَنْ تَشَبَّهَ بِقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُمْ» ،واتا: لەنزیکبوونەوەی قیامەتدا من بەشمشێرەوە رەوانە کراوم تاوەکو خوای گەورە تاك و تەنیا و بێ هیچ هاوبەشێك دەپەرستێت، رزقی من خراوەتە ژێر سێبەری شمشێرەکەمەوە، سەرشۆڕی و بچووکیی کراوەتە بەشی ئەوانەی پێچەوانەی فەرمانی من دەکەن، هەرکەسێ خۆی بەقەومێ بشوبهێنێ، ئەوە یەکێکە لەوان.

بەژیانی موحەممەدی پێغەمبەری خواردووە[1]، ناوی ئەوی بەناوی خۆیەوە گرێ داوە، بەبێ ناوی خۆی، ناوی موحەممەدی نەهێناوە، هەروەك لەشایەتومان و وتار و بانگداندا هەیە.

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هەتا لەژیاندا بوو، فەرمانی خوای گەورەی رادەپەڕاندو هیچ کەسێك نەیتوانی رایبگرێت، قۆڵ و بازووی هەڵمالێی بوو بۆ رەزامەندیی خوای گەورە و هیچ رێگرێك نەیتوانی بەری پێ بگرێت، هەتا ئەوەی دونیا بەپەیامەکەی رووناك بوویەوەو دەرەوشانەوەی وەرگرت، خەڵکییش پۆل پۆل دەهاتنە نێو ئیسلامەوە و وەك خۆر، پەیامەکەی بەشوێندا بلاوبوویەوە، شەو و رۆژ لەکوێ هەڵبێ، ئایینی بەهاداری بەو شوێنانە گەیشت، پاشان خوای گەورە ویستی ئەوەی بۆ جێبەجێ بکات کە لەقورئانە پیرۆزەکەیدا بەڵێنی پێ دابوو، ئەمەو دوای ئەوەی پەیامەکەی راگەیاندو سپاردەی بەجێ گەیاند و ئامۆژگاریی ئوممەتی کردو لەپێناوی خوای گەورەدا باشترین جیهادێکی ئەنجام دا، ئایینی بەرقەرار کردو ئوممەتەکەی لەسەر رۆشناییەکی روون بەجێهێشت[2]،فەرمووی: ﴿ قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ أَدْعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِى ۖ وَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٨﴾ ﴾ **یوسف: ۱۰۸،** واتا: بڵێ ئەمە رێگای منە بانگی خەڵکی دەکەم بۆلای خوا لەسەر رێگەی روون من و

---

۱ – هەروەك لەم ئایەتەدا هاتووە: ﴿ لَعَمْرُكَ إِنَّهُمْ لَفِى سَكْرَتِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿٧٢﴾ ﴾ **الحجر:** ۲۷ ،واتا: سوێند بە تەمەن و ژیانی تۆ (ئەی موحەممەد (صلى الله عليه وسلم) بەڕاستی ئەوانە لەسەر خۆشی خۆیاندا سەرگەردانن.

هەروەها بڕوانە(بداية السول)(ص۳۷)ی عز بن عبد السلام، بەڵێکۆڵینەوەی ئەلبانیی مامۆستامان.

۲ – ئاماژەیە بۆ فەرمودەی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم):((تَرَكْتُكُم على مثل البيضاء نقية))،واتا: من ئێوەم لەسەر نمونەی پەیامێکی روون و پوخت و رێك بەجێهێشتووە. فەرمودەیەکی حەسەنە لە(أربعي الدعوة والدعاة) ئیخراجم کردووەو ژمارە(٦)ە.

ئەوانەش شوێنم کەوتوون خواش پاك و بێگەردە وەمن هیچ کات لەهاوبەشی پەواداران نیم.

پاشان:

بزانە کە خوای گەورە لەخۆڕا هیچ مەخلوقێکی نەهێناوەتەبوون، دروستی نەکردوون و رێگەی بۆ رۆشن نەکردبێتنەوە،بەڵکو سەرچاوەی پێ داون بۆ ئەرك و کار و فەرمان و نەهی، ناچاری کردوون بەکورتی و تێکڕایی لەو فەرمانانە تێبگەن کە رێنمایی کردوون پەیڕەوی بکەن، دروستکراوانی دابەشکردووە بۆ بەدبەخت و بەختەوەر، بۆ هەریەك لەو دووانە پێگە و شوێنی داناوە، ئامرازەکانی زانین و کارکردنی پێ داوون: لەدڵ، گوێ، چاو، ئەندامەکانی تری جەستە، ئەوەش بەنیعمەت و فەزڵی خۆی. جا ئەو کەسەی ئەو بەخشراوانە ئەخاتە خزمەت گوێڕایەڵیی خوای گەورە و بەپێی پەیامی ئامۆژگاریی پەروەردگار هەنگاویان پێ هەڵدەگرێت و لێی لانادات، ئەوە سوپاسی خوای گەورە دەکات لەسەر ئەوانەی پێی بەخشیووە و رێگەی رەزامەندیی خوای گەورەی پێ دەگرێتەبەر. ئەوەشی لەشەهوەت و ویستی خۆیدا ئەو بەخشراوانە بەکار دەهێنێ و رەچاوی مافی پەروەردگاری ناکات لەئاستیاندا، ئەوە لەکاتی لێپرسینەوەیدا زیان دەکات و دەدۆڕێت، خەم و خەفەتێکی دوورودرێژی بەسەر دێ، گومان لەوەشدا نییە لەبەرانبەر ئەو ئەندامانەی پێی بەخشراوە لێپرسینەوە دەکرێت، خوای گەورە فەرمووێتی: ﴿ إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا ﴿٣٦﴾ ﴾ **الإسراء:** ٣٦، واتا: شوێنی شتێ مەکەوە کە زانیاریت دەربارەی نی یە بەڕاستی گوێ و چاوودڵ هەموو ئەوانە (خاوەنیان پرسیار لێکراوە).

لەبەرئەوەی دڵ بۆ ئەندامەکانی تری جەستە وەك پادشایە لەبەرانبەر سەربازەکان، فەرمان و ویست لەو وەردەگرن، ئەوە هەموو ئەندامەکانی تر لەژێر رکێف و دەسەلاتی

ئـەودان، دامـەزراوی و دۆڕان بـەو وەردەگـرن، بڕیـار و پێهـەڵگرتن لـەو وەردەگـرن، پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) فەرموویـەتی:"ألا وإنَّ في الجَسَدِ مُضْغَةً إذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الجَسَدُ كُلُّهُ"،واتا: لەجەستەدا پارچە گۆشتێکی بچووك هەیە، ئەگەر چاك و لـەبار بـوو، ئـەوە هـەموو جەسـتەش چـاك و رێـك دەبـێ. بێگومـان دڵ پادشـای جەستەیە، فەرمانـەکانی جێبـەجێ دەکرێـت، بەرپرسـە لەهـەموو کـارێکی ئەندامانی جەسـتە، بـەبێ نیـازو بڕیـاری ئـەو، جەسـتە هـیچ شـتێك قبـوڵ ناکـات، لێپرسـراوە لەبەرانبەر جەسـتەدا، هـەموو لێپرسـراوێکیش لەئاسـت ژێردەسـتەکانیدا لێپرسـینەوە دەکرێـت[1]: گرنگیـدان بەڕاسـتکردنەوەو ڕێککردنـەوەی دڵ، گـرنگترین شـتێك بـووە ڕێبـوارانی ڕێگـەی خـوا گرنگییـان پـێ داوە، روانینـە نەخۆشـییەکانی دڵ و چارەسەرکردنیشی، گرنگترین شتێك بووە خواپەرستان لەسەری وەستاون و پێیەوەی خەریك بوونە.

ئیبلیسی دوژمنی خوا کە زانی هەموو کارێکی مـرۆڤ لەسـەر دڵ رادەوەسـتێ، ئـەوە ختوکەدان و وەسوەسەی بۆ هێنا، بەڕووەکانی شەهوەت و ئارەزووەوە بـەرەو ڕووی هـات و هـەموو ئـەو کاروبارانـەی بـۆ جـوان کـرد کـە لەڕێگـەی بەهەشت لایـدەدەن، بـەهۆکارەکانی دۆڕان و بەدبـەختیی هاوکـاریی کـرد کـە هۆکارەکـانی سـەرکەوتن و سەرفرازیی لێی دادەبڕێت، فێڵ و تەڵەکە گەلێکی بۆ نایەوە، ئەگەر بکەوێتـە ناویـەوە ڕزگاربوونی لێ نـەبێت. بێگومـان لـەداو و فێڵـی شـەیتان ڕزگـاربوون نایەتـەدی بـەبێ بەردەوام پشت بەستن بەخوای گەورە و وەرگرتنی هۆکارەکانی ڕازیکردن و ڕووکردنە خوا بەدڵ و جوڵەو سەلماندنی بەندایەتی بەخواپەرستی، کە لەپێشترە مرۆڤ لەژیانیدا کاری لەسەر بکات تاوەکو بچێتە ریزی ئـەو بەندانـەی کـە خـوای گـەورە لەئاسـتیاندا

---

١ – هەروەك بوخاری(١٣/١٠٠) و موسلیم(١٨٢٩) ئیخراجیان کردووە لەئیبن عومەرەوە.

فەرموویەتی:﴿ إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ إِلَّا مَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْغَاوِينَ ﴿٤٢﴾ ﴾ **الحجر: ٤٢،** واتا: بەڕاستی بەندەکانی من تۆ هیچ دەسەلآتت نیە بەسەریاندا جگە لەو گومڕایانەی کە شوێنت کەوتوون.

ئەوە دابڕینی پەیوەندی نێوان بەندەو شەیتانەکانە، بەوە پێگەی بەندایەتی بۆ خوای گەورە دێتەدی، دڵ هەست بەدڵسۆزی لەکار و بەردەوامیی یەقین دەکات، جا ئەگەر دڵ، بەندایەتی و دڵسۆزیی وەرگرت و بەوە تینوێتی شکا، ئەوە لای خوای گەورە دەبێتە یەکێك لەبەندە نزیکەکان(المقربين)، ئەچێتە ریزی ئەوانەی کە شەیتان توانای بەسەریاندا ناشکێ و لەبەرانبەریاندا وتوویەتی:﴿ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٨٣﴾ ﴾ **ص: ٨٣،** واتا: ئەوانەیان نەبێ کە بەندەی پاك و هەڵبژاردەی تۆن.

لەبەرئەوەی خوای گەورە بەمنەت و فەزڵی خۆی شارەزای کردم بەدەردو نەخۆشییەکانی دڵ و ئەو وەسوەسانەی کە لەلایەن شەیتانەکانی دوژمنی دڵەوە دروست دەبن و، ئەو کارو کردەوانەش کە لەئەنجامی وەسوەسەوە پەیدا دەبن و ئەو حاڵوبارانەش کە دواتر بۆ دڵ دروست دەبن، چونکە کاری خراپ لەخراپیی نیازی دڵەوە سەرچاوە دەگرێت، پاشان ئەو کارە خراپە رەقیی بۆ دڵ دروست دەکات، بەوەش دڵ نەخۆش دەکەوێ تاوەکو دەگاتە حاڵەتی مردن، بەبێ ژیان و رووناکی و رۆشناییەك دەمێنێتەوە، جا هەموو ئەوانە بەهۆی وەسوەسەی شەیتانەوەیە، بەهۆی ئەوەوەیە دڵ چووەتە پەنای ئەو دوژمنەی بەبێ دوژمنایەتیکردنی، رزگاربوونی لێ نابێ، بۆیە منیش ویستم ئەم کتێبە بۆ ئەو بابەتە تەرخان بکەم و دان بەفەزڵ و منەتی خوای گەورەدا دەنێم و،تکای لێ دەکەم سوود ببەخشێ بەو کەسەی دەیخوێنێتەوەو خوێنەرانیش داوای لێخۆشبوون و بەزەیی خوای گەورە بکەن بۆ دانەری ئەم کتێبە، لەئەنجامدا ناوم لێنا(إغاثة اللّهفان في مصايد الشيطان).

دابەشم کردووە بەسەر سیانزە تەوەردا، کۆتا تەوەر لەبارەی فێڵەکانی شەیتانەوەیە کە بەهۆیەوە فێڵ لەمرۆڤ دەکات، ئەو تەوەرەیە[1] کە لەبەر ئەوە ئەم کتێبە نووسراوەتەوە، کۆمەڵێ بەشی تێدایە کە دەوڵەمەندن بەسوودو زانیاری و مەبەستی باش.

خوای گەورە ئەم کارە بگێڕێ بەدڵسۆزی و نیازی ڕەزامەندی خۆی، لەدۆڕان و زیان بپارێزێ و بیکاتە سوود بۆ دانەر و خوێنەر و بڵاوکەرەوەی لەدونیاو قیامەتدا، هەر خۆی بیسەر و زانایە، ولا حول ولا قوة إلاّ بالله العليِّ العظيم.

***

١ – درێژترین تەوەری ئەم کتێبەیە، سێ لەسەر چواری کتێبەکە لەخۆدەگرێت.

تەوەری یەکەم

بەشەکانی دڵ

لەبەرئەوەی دڵ بەژیان و مردن وەسفکراوە، بۆیە بۆ سێ حاڵەت دابەش بووە:

- **یەکەم: دڵی ساغ و راست:**

ئەو دڵە ساغ و راستەیە کە لەڕۆژی قیامەتدا مرۆڤ پێی رزگاری دەبێ، هەروەک خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ ۝ إِلَّا مَنْ أَتَى ٱللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ۝ ﴾ **الشعراء:** ٨٨ - ٨٩، واتا:ڕۆژێ کە مانّ و سامان و منداڵ و نەوە سوود ناگەیەنن. بێجگە لە کەسێ بێتە خزمەتی خوا بە دڵێکی ساغ و پاك و خاوێنەوە.

ساغ سیفەتە، وەك درێژ، کورت، جوان.

کەسی دڵ ساغ، ئەوەیە کە سەلامەتیی بۆی بووەتە سیفەتێکی جێگیر، وەك العلیم و القدیر(زانا و بەتوانا)، دژە بەنەخۆشی و دەردەداری.

دەستەواژەکانی خەڵك لەبارەی واتای دڵی ساغەوە جیاوازە:

کۆی هەموو ئەوانە، ئەوەیە کە سەلامەت بێ لەهەر شەهوەت و ئارەزوویەك پێچەوانەی فەرمان و نەهی خوای گەورەبێ، لەهەر گومانێك دژ بێ بەپەیامەکەی، ساغ و سەلامەت و بەدووربێ لەپەرستنی هەر شتێکی بەدەر لەخوای گەورە، سەلامەت بێ لەبڕیارخستنە دەست جگە لەپەیامبەرەکەی، لەخۆشویستنی خواو بڕیار

خستنەدەست پەیامبەرەکەی لەترس و ئومێد و پشت پێ بەستنیدا ساغ و ڕێك و راست بێ، هەروەها لەگەڕانەوە بۆلای خوای گەورەو سەرکزی بۆ نواندن و هەوڵی رازیکردنی لەهەر حاڵوبارێك و بەهەر ڕێگەیەك بێ دوورکەوتنەوە بکرێ لەتووڕەکردنی، ئا ئەوەش حەقیقەتی ئەو پەرستشەیە کە تەنیا بۆ خوای گەورە شیاوە ئەنجام بدرێت.

دڵی ساغ: ئەو دڵەیە کە سەلامەتە لەوەی بەجۆرێك لەجۆرەکان، هاوبەشی خوای گەورەی تێدا هەبێت، بەڵکو تەواوی پەرستشەکانی بۆ خوای گەورە یەکلاکردووەتەوە: لەویست و خۆشەویستی و پشت پێ بەستن و گەڕانەوە و دڵپێدان و ترس و ئومێد. تەواوی کردەوەکانی بۆ خوای گەورە پوخت کردووەتەوە، هەر شتێکی خۆشبووێ، لەبەر خوای گەورە خۆشیدەوێ، رقیشی هەر لەبەر خوای گەورەیە، ببەخشێ لەبەر خوای گەورە دەبەخشێ، نەبەخشێ لەبەر خوای گەورە نابەخشێ.[1]

بەوە دەستهەڵناگرێ تاوەکو لەهەموو شتێکدا پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەکاتە بڕیاردەر، لەقسەو کردارِدا تەنیا شوێنی ئەو دەکەوێ، هەروەها لەقسەی دڵ کە بریتییە لەبیروباوەڕ و قسەی سەر زمان کە هەواڵە لەبارەی ئەوانەی لەدڵدا بوونیان هەیە، کارو کردەوەکانی دڵیش کە بریتییە لەئیرادە(ویست) و خۆشویستن و رقلێبوونەوە و پاشکۆ و کارەکانی تر، هەروەها کاروکردەوەکانی ئەندامانی جەستە.

لەهەموو وردو درشتێکی ئەو کارانەدا، پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) دەکاتە بڕیاردەر، بەهیچ بیروباوەڕو قسەو کردارێك خۆی ناخاتەپێش پەیامبەر(صلى الله عليه

---

١ – لەفەرموودەی پلە(صحيح لغيره) وا هاتووە. ئەبو داوود(٤٦٨١) و بەغەوی(٥٤/١٣)ئیخراجیان کردووە بەسەنەدێکی حەسەن لەڕێگەی ئەبو ئومامەوە. ترمیزی(٢٥٢١) و ئەحمەد(٤٤٠/٣) ئیخراجیان کردووە لەموعازی کوڕی ئەنەسەوە، لاوازیی تێدا هەیە. بڕوانە:(أربعي الشخصية الإسلامية) (ژمارە٢٠) بەپێنووسی خۆم.

وسلم)، هەروەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ١ ﴾ **الحجرات:** ١، واتا: قسە مەکەن هەتا ئەو قسە دەکات، هیچ مەکەن هەتا ئەو فەرمان دەکات.

هەندێ لەپێشین وتوویانە: هەر کارو کردەوەیەك ئەنجام بدرێت–با بچووکیش بێ– لەتۆماری کردەوەکاندا دەنووسرێ: ئەوەت بۆ کرد؟ چۆنیشت کرد؟

پرسیاری یەکەم لەبارەی هۆکار و پاڵنەری ئەنجامدانی ئەو کردەوەیەیە: ئاخۆ مەبەستێکی دونیایی بووە تاوەکو پیاهەڵدانی خەڵك چنگ بخەی، یان لەترسی سەرزەنشتیان بوو، یان بۆ دەستخستنی خۆشویستنێکی دونیایی بوو یان لابردنی ناخۆشییەکی دونیایی لەبەر خەڵك، یان گەیاندنی مافی پەرستش و بەندایەتیی بوو بۆ خوای گەورەو دەستخستنی خۆشویستنی خوای گەورەو نزیکبوونەوە بوو لێی.

کرۆکی پرسیارەکە ئەوەیە: ئاخۆ ئەوەت لەبەر پەروەردگار کرد یان لەبەر خۆت و حەزی خۆت؟

دووەم: پرسیارە لەبارەی شوێنکەوتنی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لەو پەرستشەدا، واتا: ئایە کردەوەکەت بەپێی ئەو شەرعە بوو کە لەسەر زمانی پەیامبەرەکەم دامناوە، یان بەجۆرێ بوو من وەهام دانەناوەو پێی رازیی نییم؟

بۆیە پرسیاری یەکەم: پرسیارە لەبارەی دڵسۆزی(إخلاص)، دووەمیش پرسیارە لەبارەی شوێنکەوتن و پەیڕەوکردن، جا بەبێ ئەو دوو شتە، خوای گەورە هیچ کارو کردەوەیەك قبوڵ ناکات.[1]

---

١ – ئیبن کەسیر لەتەفسیرەکەیدا(١/ ٢٣١) ئەڵێ: کارو کردەوەی قبوڵکراو، دوو مەرجی هەیە: یەکەم: دڵسۆزانە لەبەر خوای گەورە ئەنجام بدرێت. دووەمیش: ڕێك بێ بەشەریعەت، بۆیە ئەگەر کردەوەکە دڵسۆزانە بوو بۆ خوای گەورە بەڵام ڕێك نەبوو بەشەریعەت، ئەوە قبوڵ ناکرێت.

ڕێگەی ڕزگاربوون لەپرسیاری یەکەم،بریتییە لەیەکلاکردنەوەی دڵسۆزی. ڕێگەی ڕزگاربوون لەپرسیاری دووەمیش، بریتییە لەهێنانەدی شوێنکەوتن و سەلامەتیی دڵ لەئیرادەیەک دژ بێ بەدڵسۆزی و، ئارەزوویەک دژ بێ بەشوێنکەوتن. ئا ئەوەیە حەقیقەتی سەلامەتیی ئەو دڵەی کە ڕزگاربوون و بەختەوەریی بۆ دەستەبەر کراوە.

- **دڵی مردوو:**

ئەو دڵەیە کە ژیانی نییە، پەروەردگاری ناسێ و بەجێبەجێکردنی فەرمانەکانی و خۆشویستن و ڕازیکردنی،خواپەرستی ناکات، ئەوەی هەبێ، لەگەڵ شەهوەت و ئارەزووەکانی خۆیدا ڕاوەستاوە ئەگەر بەجێهێنانی ئەو حەزە لەجێی تووڕەبوونی خوای گەورەشدا بێ. خەمی نییەو دەربەستی ئەوە نییە بەگەیشتن بەحەزی خۆی، پەروەردگاری ڕازیی دەبێ یان تووڕە. بەخۆشویستن و ترس و ئومێد و ڕازیکردن و تووڕەبوونەوە خەریکی پەرستشی غەیری خوایە. هەرشتێکی خۆشبووێ، لەبەر حەز و ئارەزووی خۆی خۆشیدەوێ، لەبەر تووڕەبوونی خۆیشی ڕقی لەشتێك دەبێتەوە، بەخشین و گرتنەوەشی هەر لەبەر حەزو ویستی خۆیەتی، بۆیە هەواو ئارەزووەکانی بەلایەوە گرنگتر و خۆشەویسترە لەڕازیکردنی خوای گەورە. هەوا و ئارەزووی خۆی بووەتە پێشەوای، شەهوەت بووەتە فەرماندەی و نەفامیی ڕایدەدات و سواری کەشتیی نەفامی و بێ ئاگایی بووە.

لەبەدەستهێنانی نیازە دونیاییەکانیدا بیری ڕۆچووە، بەسەرخۆشیی هەواو و ئارەزوو و خۆشویستنی شتە بەپەلەکانی دونیا سەرخۆش بووە. لەدوورەوە جارِ دەدرێ و بانگەواز دەکرێت بۆلای خواو ئاخیرەت، کەچی بەدەم ئامۆژگاریکاری دڵسۆزەوە ناچێ و شوێن هەموو شەیتانێك دەکەوێت، دونیا ئەبێتە هۆکاری

تووڕەکردن و رازیکردنی، هەوا و ئارەزوو کەپو کوێری دەکات لەئاست ناڕەواو باتڵدا، ئەو لەدونیادا وەك ئەوەیە کە لەباری لەیلادا وتراوە:

عدُوٌّ لِمَنْ عَادَتْ وسِلْمٌ لأهلِها ومَنْ قَرَّبَتْ لَيْلى أحَبٌّ وأقْرَبا

واتا: لەیلا دوژمنایەتیی کێ بکات، ئەو دەبێتە دوژمنی، هەرکەسێ نزیکایەتی لەیلا هەڵبژێرێ، ئەویش ئەو کەسەی خۆشدەوێ و لێی نزیکدەبێتەوە.

- **دڵی نەخۆش:**

دڵێك ژیانی هەیە، بەڵام دەردەدارە،ژیان و دەرد هەریەکەو بەلای خۆیدا رایدەکێشێ، کامەیان زاڵبوو، ئەو دڵە بۆ ئەو دەبێ.

لەوەی تیایدایە لەخۆشویستنی خوای گەورەو باوەڕ پێ بوون و دڵسۆزیی بۆ خوای گەورەو پشت بەستن پێی، ماددەو خۆراکی ژیانە بۆ ئەو دڵە، حەزی شەهوەت و بەگرنگ زانین و پێداگری بۆ دەستخستن و ئیرەیی و خۆبەزلزانی و بەخۆسەرسامبوون و حەزی باڵادەستی و خراپەکردن لەسەر زەوی لەڕێگەی سەرۆکایەتی و دەسەڵاتدارێتییشەوە، ئەوەش ماددەو کەرەستەی تیاچوون و پووکانەوەیەتی.

لەنێو دوو بانگەوازکارو پاڵنەردا لەتاقیکردنەوەدایە: بانگەوازکارێك بانگەوازی دەکات بۆ لای خواو پەیامبەری و رۆژی ئاخیرەت، بانگەوازکارێکیش بانگەوازی دەکات بۆ لای شتە بەپەلە و لەخشتەبەرەکانی دونیا، جا کام لەو دوو بانگەوازکارە لێیەوە نزیك بوو، ئەوە بەدەم ئەوەیانەوە دەچێت.

دڵی یەکەم، دڵێکی زیندووی ئارامی نەرمی وشیارە، دڵی دووەمیش دڵێکی وشکی مردووە.

دڵی سێیەمیش، دڵێکی نەخۆشە، یان بەرەو لای سەلامەتی دەچێ یان بەرەولای تیاچوون و سووتان.

خوای گەورە لەم ئایەتانەدا ئەو سێ دڵەی کۆکردووەتەوەو ئەفەرمووێ: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٖ وَلَا نَبِيٍّ إِلَّآ إِذَا تَمَنَّىٰٓ أَلۡقَى ٱلشَّيۡطَٰنُ فِيٓ أُمۡنِيَّتِهِۦ فَيَنسَخُ ٱللَّهُ مَا يُلۡقِي ٱلشَّيۡطَٰنُ ثُمَّ يُحۡكِمُ ٱللَّهُ ءَايَٰتِهِۦۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ٥٢ لِّيَجۡعَلَ مَا يُلۡقِي ٱلشَّيۡطَٰنُ فِتۡنَةٗ لِّلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ وَٱلۡقَاسِيَةِ قُلُوبُهُمۡۗ وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَفِي شِقَاقِۭ بَعِيدٖ ٥٣ وَلِيَعۡلَمَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَيُؤۡمِنُواْ بِهِۦ فَتُخۡبِتَ لَهُۥ قُلُوبُهُمۡۗ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٥٤ ﴾ **الحج: ٥٢ - ٥٤،**

واتا: ئێمە لە پێش تۆ نەمان ناردووە هیچ ڕەوانە کراو یا پێغەمبەرێك مەگەر هەر کاتێ(قورئانی) دەخوێندەوە شەیتان گومانی دەخستە ناو خوێنراوەکەیەوە(تا خەڵك باوەڕی پێ نەهێنن) ئینجا خوا لای دەبات(پوچەڵی دەکاتەوە) ئەوەی شەیتان داوێتی بە گوێی خەڵکدا(لە کاتی قورئان خوێندنی پێغەمبەردا(صلى الله عليه وسلم) پاشان خوا ئایەتەکانی خۆی دەچەسپێنێ وە خوا زانای کار دروستە. لەبەر ئەوەی ئەو گومانانەی شەیتان دەیخاتە(دڵەکان خوا)دەیکاتە(هۆی)تاقیکردنەوە بۆ ئەوانەی نەخۆشی لە دڵیاندایە و(ئەوانەی)دڵیان ڕەقە وە بەڕاستی ستەمکاران لە دژایەتی یەکی زۆر دوور(لەڕاستی)دان. وە بۆیە بزانن ئەو کەسانەی کە زانیاریتان پێ دراوە بێگومان ئەم(قورئان)ە ڕاستیەکە لەلایەن پەروەردگارتانەوە تا باوەڕی پێ بێنن(بەردەوام بن لەسەری) وە دڵەکانیان ملکەچ و بە ئارام ببێ بۆ ئەو(خوا) وە بێگومان خوا هیدایەتدەری ئەو کەسانەیە کە باوەڕیان هێناوە بۆ سەر ڕێگای ڕاست.

خوای گەورە لەو ئایەتانەدا، دڵی کردووەتە سێ بەشەوە: دوو دڵی تووشهاتوو بەفیتنە، دڵێکی رزگاربوو.

دوو دڵی تووشهاتوو بەفیتنە: دڵی نەخۆش و دڵی ڕەقە.

دڵی رزگاربوویش: دڵی مرۆڤی باوەڕداری دڵئارامە لەپەنای خوادا، ملکەچە بۆ خوای گەورە.

ئەوەی مەبەستە لەدەرهەق دڵ و ئەندامانی تری جەستە، ئەوەیە ساغ و ڕێك و دوور لەدەردەداریی بێ، لەسەرپێ بێ بۆ ئەو شتەی بۆی ئامادەساز کراوەو لەپێناویدا دروستکراوە.

لادانی دڵ لەدامەزراویی[1]: یان لەبەر وشکهەڵاتن و ڕەقی و ڕێك نەهاتن و نەگونجانە لەگەڵ مەبەست، نمونەی زمانی لاڵ یان چاوێکی نابینا، یان بەهۆی نەخۆشی و دەردەداریيەکەوەیە ناهێڵێ کردەوەی تەواو و ڕێك ئەنجام بدات.

بۆیە لەبەر ئەوە دڵ بووەتە سێ بەشەوە:

دڵی ساغ و راست: لەنێوان خۆی و قبوڵکردن و خۆشویستن و کاریگەر بینینی حەقدا، تەنیا پەیبردن(إدراك)هەیە، دروست پەی بەحەق دەبات و ملکەچبوونی تەواو و قبوڵکردنێکی جوانی بۆ هەیە.

دڵی مردووی ڕەقیش: نە قبوڵی دەکات و نە ملکەچییشی بۆ دەکات.

دڵی نەخۆش: ئەگەر نەخۆشییەکە بەسەریدا زاڵ بوو، ئەوە دەچێتە ریزی دڵی مردووی ڕەقەوە، ئەگەریش ساغ و دروستییەکەی بەسەردا زاڵبوو، ئەوە دەچێتە ریزی دڵی ساغ و ڕێك و دروستەوە.

---

١ – نامەیەکم هەیە بەناونیشانی(الاستقامة وأثرها في تحقيق العبودية لله سبحانه) خوای گەورە یارمەتیدەر بوو تاوەکو تەواو ببێ.

ئەوەی شەیتان لەوشەو دەربڕین دەیخاتە گوێیەکانەوەو ئەو گومان و لێکچوونانەش کە دەیخاتە دڵەکانەوە: فیتنە و نەهامەتیین بۆ ئەو دوو جۆرەی دڵ، لەهەمانکاتدا هێزو تینێکیشن بۆ دڵی زیندووی ساغ، چونکە رقی لێ دەبێتەوەو رەتیدەکاتەوە و بەرانبەری تووڕە دەبێت، ئەزانێ حەق و راستیی پێچەوانە بەوەیە کە شەیتان خستوویەتیە بەر گوێ و دڵی، بۆیە خۆی دەداتە پاڵ حەق و دڵنارام و حەساوە دەبێت. دەزانێ ئەوەی شەیتان هاوێشتوویەتییە بەر گوێ و دڵی، باتڵ و ناڕەوایە، بەوە ئیمانی بەحەق زیاتر و رەتکردنەوەی باتڵی زیاتر دەبێ و زیاتر رقی لێ دەبێتەوە، بۆیە دڵی تووشبوو بەفیتنە لەگومان و مڕو مشتی ئەوەدایە کە شەیتان خستوویەتییە بەردەمی.

دڵی ساغ و دروست: بەهیچ شتێك لەوەی شەیتان بۆی دروست دەکات، زیان ناکات و کاریگەر نابێ.

حوزەیفەی کوڕی یەمان(خوای لێ رازیی بێ) ئەڵێ: پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: "تُعْرَضُ الفِتَنُ عَلَىَ القلُوبِ كعَرْض الحصيرِ عُودًا عُودًا، فأيُّ قَلْبٍ أُشربَها نُكِتَتْ فيه نُكْتَةٌ سَوْدَاءُ، وَأيُّ قَلْب أنْكَرهَا نُكِتَتْ فيه نُكْتَةٌ بَيْضاءُ، حتّى تَعُودَ القُلوبُ عَلَىَ قَلْبين: قَلْبٍ أسْوَد مُرْبَادًّا كالكُوزِ مُجَخِّيًا، لا يَعْرِفُ معرُوفًا وَلا يُنْكِرُ مُنْكَرًا" إلَّا مَا أُشْرِبَ منْ هَوَاهُ، وَقلب أبْيضٌ مثل الصفا، لا تضرُّ فِتْنَةٌ مَا دَامَتِ السَّماواتُ وَالأرْضُ"[1]،واتا:فیتنە دەخرێتە بەردەم دڵەکان بەوێنەی راخستن و پیشاندانی حەسیر، هەر دڵێك وەربیگرێ و لێی بخواتەوە، خاڵێکی ڕەش لەسەر دڵی دروست دەبێ، هەر دڵێکیش ڕەتی بکاتەوە، خاڵێکی سپی لەسەری دروست دەبێ، هەتاوەکو وەهای لێ دێت دڵەکان لەسەر دوو جۆر دڵ سروشت وەردەگرن: دڵێکی ڕەشی پیس وەك

---

١ – موسليم(١٤٤) ئيخراجى كردووه.

گۆزەی سەرو خوار کەوتوو، نە چاك بەچاك دەناسێ و نە خراپ بەخراپ تەنیا ئەوە نەبێ کە ئارەزووی دەکات، دڵێکی تریش کە سپی و پوختە، هەتا ئاسمانەکان و زەوی لەشوێنی خۆیاندا بن هیچ فیتنەیەك زیانی پێ نادات.

نمایشکردن و رژانی فیتنە بەسەر دڵەکاندا کەم کەم، ئەوەی شوبهاندووە بەڕاخستنی کەم کەمی تەواوی پارچەکانی حەسیر.

ئەو دڵانەی کردووەتە دوو بەشەوە کاتێك ئەو فیتنە و نەهامەتیانەیان بەرووداو نمایش دەکرێت:

دڵێك کاتێ فیتنەی بەرووداو دەرژێنرێت و پیشان دەدرێت، هەڵیدەمژێ هەروەك چۆن ئیسفەنج ئاو هەڵدەمژێت و خاڵی رەشی تێدا دەردەکەوێت، بەردەوام فیتنە بۆ نمایشکراوەکانی دەخواتەوەو هەڵدەمژێت تاوەکو تەواو رەش دەبێتەوەو کز دەبێ، کە کز و لاواز بوو، ئەوە دوو نەخۆشی رووی تێ دەکەن و رووەو تیاچوونی دەبەن:

یەکەم: ناسینەوەی چاکە و خراپەی لێی تێکدەچێ، نە چاکە دەناسێ و نە خراپەش رەتدەکاتەوەو رقی لێببێتەوە، ئەکرێ بەجۆرێ ئەو نەخۆشییەی بەسەردا زاڵ بێ، چاکە بەخراپە ببینێ و خراپەش بەچاکە، سوونەت بەبیدعە و بیدعە بەسوونەت ببینێ، حەق بەناحەق و ناحەق بەحەق ببینێ.

دووەم: ئارەزووی دەبێتە بڕیاردەر لەسەر ئەو پەیامەی کە پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) هێناوێتی، شوێن هەواو و ئارەزووی خۆی دەکەوێت.

دڵێکی سپی: ئەو دڵەیە کە نووری ئیمان تیایدا هەڵهاتووەو چرای ئیمانی تێدا داگیرساوە، کە فیتنەی دونیای بەرووداو پیشان دەدرێت، رقی لێ دەبێتەوەو رەتی دەکاتەوە، بەوەش روناکی و پرشنگدانەوە و هێزی زیاتر دەبێت.

ئەو فیتنەو نەهامەتییانەی کە پیشانی دڵەکان دەدرێت، هۆکارەکانی نەخۆشیی دڵن، ئەویش فیتنەی شەهوەت و گومانەکانە(شوبهە)[1]، فیتنەی زۆرداری و گومڕایی، فیتنەی تاوان و بیدعە، فیتنەی ستەم و نەزانی.

یەکەم: خراپکردنی مەبەست و ئیرادە دەهێنن. **دووەمیش** خراپکردنی زانین و باوەڕ.

هاوەڵان(خوای گەورەیان لێ ڕازیی بێ) دڵەکانیان کردووەتە چوار جۆرەوە، وەک دروست هاتووە[2] لەحوزەیفەی کوڕی یەمانەوە:(دڵ چوار جۆرە: دڵێکی دامالڕاو چرایەکی تێدا داگیرساوە و دەگڕێ، ئەوە دڵی مرۆڤی باوەڕدارە، دڵێکی داخراو و بەرگ لێگیراو، دڵی مرۆڤی بێبڕاوەڕە. دڵێکی سەرشۆڕ و کز، دڵی مرۆڤی دووڕووە، حەقی بینیووەو ناسیوە دواتر ڕەتیکردووەتەوە، ئەبینێ دواتر خۆی نابینا دەکات. دڵێکیش دوو شت هانی دەدەن: کەڕەستەی ئیمان و کەڕەستەی دووڕوویی، کامەیان بەسەریدا زاڵ بوو، ئەوەیان دەبێتە خاوەنی).

دڵی دامالڕاو: واتا لەهەموو شتێك خۆی دامالێووە جگە لەخواو پەیامبەرەکەی، تەنیا حەقی وەرگرتووە.

چرایەکی داگیرساوی تێدا هەیە، ئەوە چرای ئیمانە، خۆی دامالێووە لەگومانی باتڵ و ئارەزووی مل شکێن.

دڵی بەرگتێگیراو و داپۆشراو، ئامازەیە بۆ دڵی مرۆڤی بێباوەڕ، چونکە لەنێو بەرگی خۆیدایەو داخراوەو نوری زانست و ئیمانی پێ ناگات، هەروەك خوای گەورە لەبارەی

---

١ – بناغەی هەموو خراپەیەکن.

٢ – سەنەدی گێڕانەوە بەمەوقوفیی هاتووە، بەمەرفوعییش گێڕدراوەتەوە کە دروست نییە.

جولەکەوە گێڕاویەتییەوە:﴿ وَقَالُواْ قُلُوبُنَا غُلْفُۢ ﴾ البقرة: ٨٨، واتا: جوولەکەکان وتیان(بەپێغەمبەر(د.خ)دڵمان داپۆشراوە.

ئەو روویۆشە، ئەو پەردە ئەستوورەیە کە خوای گەورە داوێتی بەسەر دڵیاندا وەک سزایەک بەرانبەر بەوەی، حەق و راستییان ڕەتکردووەتەوەو لەئاست قبوڵکردنیدا خۆیان گەورە نواندووەو لووتبەرزییان کردووە، ئائەوەیە پەردە دان بەسەر دڵەکان و قورقۆشم کردنە گوێیەکان و نابیناکردن و پەردەدان بەسەر چاو و بینابیاندا کە لەم فەرمایشتەی خوای گەورەدا هاتووە:﴿ وَإِذَا قَرَأْتَ ٱلْقُرْءَانَ جَعَلْنَا بَيْنَكَ وَبَيْنَ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ حِجَابًا مَّسْتُورًا ﴿٤٥﴾ وَجَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرًا ۚ وَإِذَا ذَكَرْتَ رَبَّكَ فِى ٱلْقُرْءَانِ وَحْدَهُۥ وَلَّوْا۟ عَلَىٰٓ أَدْبَـٰرِهِمْ نُفُورًا ﴿٤٦﴾ ﴾ الإسراء: ٤٥ - ٤٦، واتا:(ئەی موحەممەد(صلى الله عليه وسلم) کاتێک قورئان دەخوێنیت(بەسەریاندا)دادەنێین لە نێوان تۆو ئەوانەدا کە باوەڕیان بەڕۆژی دوایی نیە پەردەیەکی نادیار واتە داپۆشەر. وە دەیدەن بەسەر دڵیاندا چەند پەردەیەکی زۆر ئەستور بۆ ئەوەی لە قورئان تێ نەگەن و گوێشیان کەڕ دەکەین(تا نەبیستن) وە هەر کاتێ ناوی پەروەردگارت دەبەیت لە قورئاندا بە تاک و تەنیایی بە بێزاری پشتت تێ دەکەن.

ئەگەر یەکلاکردنەوەی یەکتاپەرستیی بۆ خوای گەورەو شوێنکەوتنی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) بۆ ئەو دڵانە پێشنیار بکرێ، کەسەکان هەڵدێن.

بەدڵی سەرشۆڕ و دۆڕاو ئامادەی بۆ دڵی مرۆڤی دووڕوو کردووە، هەروەک پەروەردگار دەفەرموێت:﴿ * فَمَا لَكُمْ فِى ٱلْمُنَـٰفِقِينَ فِئَتَيْنِ وَٱللَّهُ أَرْكَسَهُم بِمَا كَسَبُوٓا۟ ﴾ النساء: ٨٨، واتا:سەرکزکردن و گەڕانەوەیان بۆ باتڵ و ناڕەوا، ئەوەش بەهۆی دەسکەوت و کاری باتڵ و ناڕەوایانەوە.

ئەوە خراپترین و چەپەڵترینی دڵەکانە، باتڵ بەحەق دەبینێ و دۆستایەتی خراپەکاران دەکات، حەقیش بەباتڵ دەبینێ و دوژمنایەتی حەق ویستان دەکات.

هەر خوای گەورە پەنادەرە.

ئەوەی(دڵ دوو کەرەستەو یارمەتیدەری هەیە)ئاماژەی کردووەتە ئەو دڵەی کە ئیمان بەسەریدا زاڵ نەبووەو چرای رووناکیی تێدا هەڵنەکردووە و بۆ ئەو ڕاستییە خۆی دانەمالیووە، کە خوای گەورە بەهۆیەوە پەیامبەری خۆی بۆ ناردووە، بەڵکو کەرەستەو ماددەیەکی ئیمانی تێدا هەیە، هەروەها کەرەستەو ماددەیەکی دژیش، بۆیە هەندێجار زیاتر لەبێباوەڕییەوە نزیکترە تاوەکو ئیمان و هەندێجاریش لەئیمانەوە نزیکترە تاوەکو بێباوەڕی، کام لەو دووانە زاڵبوو، بڕیاردان و گەڕانەوە بۆلای ئەو دەبێ.

***

تەوەری دووەم

باسکردنی حەقیقەتی نەخۆشیی دڵ

خوای گەورە دەفەرموویت:﴿ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَهُمُ ٱللَّهُ مَرَضًا ۖ ﴾ **البقرة:** ١٠، واتا: لە دڵیاندا نەخۆشی(ناپاکی)هەیە خواش نەخۆشیەکەی زۆرتر کردن بەهاتنی قورئان.

خوای گەورە دەفەرموویت:﴿ لِّيَجْعَلَ مَا يُلْقِي ٱلشَّيْطَانُ فِتْنَةً لِّلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ ﴾ **الحج:** ٥٣، واتا:لەبەر ئەوەی ئەو گومانانەی شەیتان دەیخاتە(دڵەکان خوا)دەیکاتە(هۆی)تاقیکردنەوە بۆ ئەوانەی نەخۆشی لە دڵیاندایە.

هەروەها دەفەرموویت:﴿ يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ لَسْتُنَّ كَأَحَدٍ مِّنَ ٱلنِّسَآءِ إِنِ ٱتَّقَيْتُنَّ ۚ فَلَا تَخْضَعْنَ بِٱلْقَوْلِ فَيَطْمَعَ ٱلَّذِي فِي قَلْبِهِۦ مَرَضٌ ﴾ **الأحزاب:** ٣٢، واتا: ئەی خێزانەکانی پێغەمبەر ئێوە وەکو ژنانی تر نین ئەگەر خۆتان بپارێزن و لەخوا بترسن کەواتە بە خەمزەو نازەوە قسە مەکەن (وەك ئافرەتانی رەوشت نزم) نەوەکو ئەوەی کە دڵی نەخۆشە (دەروون نزمە) نیازی خراپ بکات، وە قسەی چاك و بەجێ بکەن.

خوای گەورە فەرمانی بەژنانی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) داوە کە قسەیان نەرم و ناسك نەکەنەوە وەك ئەوەی ژن قسەکردنی ناسك دەکاتەوە، چونکە ئەو کەسەی کە

لەدڵیدا نەخۆشیی شەهوەت هەیە تەماحی تێ دەکات، لەهەمان کاتدا زبر و ناخۆشییش قسە نەکەن ببێتە ناشیرینی، بەڵکو ڕێك و جوان قسە بکرێت.

هەروەها پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿ ۞ لَّئِن لَّمْ يَنتَهِ ٱلْمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَٱلْمُرْجِفُونَ فِى ٱلْمَدِينَةِ لَنُغْرِيَنَّكَ بِهِمْ ﴾ **الأحزاب: ٦٠،** واتا: بەڕاستی ئەگەر کۆتایی نەهێنن دووڕووان وە کەسانێ لە دڵیاندا نەخۆشی هەیە و پڕوپاگەندە چییەکان لە مەدینەدا ئێمە تۆ هان دەدەین(بە جەنگ کردن) لە دژیان پاشان ماوەیەکی کەم نەبێ(لە مەدینەدا) دراوسێت نابن واتە دەردەکرێن.

پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿ وَمَا جَعَلْنَآ أَصْحَٰبَ ٱلنَّارِ إِلَّا مَلَٰٓئِكَةً ۙ وَمَا جَعَلْنَا عِدَّتَهُمْ إِلَّا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِيَسْتَيْقِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ وَيَزْدَادَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِيمَٰنًا وَلَا يَرْتَابَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَلِيَقُولَ ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَٱلْكَٰفِرُونَ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلًا ﴾ **المدثر: ٣١،** واتا: هەر فریشتەمان کردووە بە کار بەدەستی دۆزەخ وە ژمارەی ئەو فریشتانەمان نەگێڕاوە مەگەر بۆ تاقی کردنەوەی ئەوانەی کە بێ باوەڕن تا ئەوانەی کتێبیان پێدراوە دڵنیا بن وە بڕواکان بڕواکەیان زیاد بکات وە هیچیان دوو دڵ نەبن ئەوانەی کتێبیان پێدراوە ئیماندارانیش وە تا بڵێن ئەوانەی کە نەخۆشی(ناپاکیی)یان لە دڵایە وە بێ بڕواکان خوا چی مەبەستە بەم ژمارانە کە لە غەریبیدا وەك مەتەڵ وایە ئا بەو جۆرە خوا ئەو کەسەی کە بیەوێ گومڕای دەکات وە ئەو کەسەی کە بیەوێ ڕێنموونیی دەکات وە کەس ژمارەی لەشکرانی پەروەردگاری تۆ نازانێ مەگەر هەر خۆی وە ئەم ئایەتانە هەر ئامۆژگاری و پەندن بۆ ئادەمی.

هەر فریشتەیەکمان کردووە بەکاربەدەستی دۆزەخ وە ژمارەی ئەو فریشتانەمان نەگێڕاوە مەگەر بۆ تاقی کردنەوەی ئەوانەی کەبێ باوەڕن تائەوانەی کتێبیان پێدراوە دڵنیابن وەبڕواکان بڕواکەیان زیاد بکات.

خوای گەورە هەواڵی داوە لەبارەی ئەو حیکمەتەی کە بەهۆیەوە نۆ فریشتەی راسپاردووە بۆ کاروباری دۆزەخ[1]، بۆ ئەوە خوای گەورە پێنج حیکمەتی باس کردووە:

أ- فیتنەیە بۆ بێباوەڕان: زیاتربوونێکە بۆ بێباوەڕی و گومڕاییان.

ب- هێزێکی دڵنیایی ئەهلی کیتابە: دڵنیاییان زیاتر دەبێ بەوەی هەواڵەکە گونجاو و رێکە بەوەی پەیامبەرانیان هێناویانە و ئەبێتە بەڵگە لەسەر سەرسەختی و کەلەڕەقییان، ئەوەشیان بەرەو باوەڕهێنان دەبات کە خوای گەورە ئەیەوێ هیدایەتی بدات.

ت- بۆ زیاتربوونی باوەڕی ئەوانەی باوەڕیان هێناوە: بەتەواوەتی بەڕاستخستنەوەی پەیامەکەو دانپێدانانیان پێی.

پ- لابردنی گومان لای ئەهلی کیتاب: چونکە زیاتر دڵنیا دەبنەوە لەڕاستیی پەیامەکە و بۆ باوەڕدارانیش تەواوی بەڕاستزانین دروست دەکات.

ئەوەش چوار حیکمەت بوو: بۆ بەفیتنەبردنی بێباوەڕان، دڵنیایی ئەهلی کیتاب، زیاتربوونی باوەڕی باوەڕداران، لابردنی گومان لەبەرانبەر باوەڕداران و ئەهلی کیتاب.

پێنجەمیش: دۆشدامانکردنی بێباوەڕان و ئەوانەی کە نەخۆشیی لەدڵیاندا هەیە و دڵیان کوێڕبووە، بۆ دۆشدامانکردنیان لەمەبەستی ئەو ئایەت و پەیامە، بۆیە هاتووە: ﴿مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلًا﴾ **البقرة: ٢٦**، واتا: ئەوانەش کە بێ باوەڕن دەڵێن: خوا چی ویستووە بەم نموونە هێنانەوەیە.

لەکاتی باسکردنی پەیامی حەقی دابەزێنراودا، دڵەکان ئەم حاڵ و بارانەیان هەیە:

---

١ - گۆڕینی راستی و لێکدانەوەی دوور لەڕاستی بەهائییەکان و هەندێ نەزان و نەفامی نێو موسڵمانان بۆ ژمارە(١٩)، شتێکە نابێ بەلادا بکرێتەوە و خۆلەخشتەبردنی پێ بکرێت، ئەوەی ئەوان دەیڵێن تەنیا کۆمەڵێ رازاندنەوەی بەتاڵ و قسەی سواو و ناکاریگەرە. بڕوانە قسەی من لەسەر ئەو گومڕاییە لە(التصفية والتربية وأثرهما في استئناف الحياة الإسلامية)(ص٣٤-٣٥) بەپێنووسی خۆم.

دڵێك، بەڕەتكردنەوەو بێباوەڕییكردن بەرانبەری، بەفیتنەدا دەچێ.

دڵێك، باوەڕو بەڕاستخستنەوەی پێی زیاتر دەبێ.

دڵێك زیاتر پێی دڵنیادەبێتەوەو بەڵگەی دڵنیابوونی پێ دەستدەكەوێ.

دڵێك دۆشدامانی و نابینایی بۆ پەیدا دەبێ و نازانێ مەبەست بەو پەیام و مەبەستە چییە!

دڵنیایی(یەقین) و گومان نەكردن ئەگەر هەردووكیان بۆ یەك شت بگەڕێنەوە، ئەوە گومان نەكردن دەبێتە سەلماندن و جێگیركردنی دڵنیایی و دووپاتكردنەوەی، بەڵام ئەگەر دوو شت بن، واتا ئەوەی دڵنیایی بگەڕێتەوە بۆ ئەو هەواڵەی لەبارەی ژمارەی ئەو فریشتانەوە هاتووەو گومان نەكردنیش بگەڕێتەوە بۆ تێكڕای ئەوەی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) هەواڵی لەبارەوە داوە بۆ بەڵگەی ئەوەی كە ئەو جۆرە هەواڵە تەنیا لەڕێگەی پەیامبەرانەوە دەزانرێ و بووەتە بەڵگەی بەڕاستخستنەوەی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم)، ئەوە هەركەسێ دوای راستگۆیی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) و زانینی راستیی ئەو هەواڵە، ئیتر گومانێكی بۆ دروست نابێ.

مەبەستمان لێرەدا: باسكردنی نەخۆشیی دڵ و حەقیقەتەكەیەتی.

پەروەردگار دەفەرموێت:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَتۡكُم مَّوۡعِظَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَشِفَآءٞ لِّمَا فِي ٱلصُّدُورِ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ ٥٧ ﴾ **یونس: ٥٧**، واتا: ئەی خەڵكینە بێگومان بۆتان هاتووە ئامۆژگار(قورئان) لە لایەن پەروەردگارتانەوە وە شیفا و چارەیە بۆ ئەوەی لە ناو دڵ و دەروونتان دایە وە رێنموونیی و میهرەبانییە بۆ بڕواداران.

قورئان شیفایە بۆ ئەو نەخۆشییانەی لەدڵدا هەیە، لەنەخۆشیی نەفامی و وێڵی و سەرگەردانی، زانست و هیدایەت و شیفایە بۆ نەفامی، فامیدەییش شیفایە بۆ نەخۆشی وێڵی و سەرگەردانی.

ئەبینین خوای گەورە، پەیامبەرەکەی لەو دوو دەردو نەخۆشییە پاک راگرتووە و ئەفەرمووێ: ﴿ وَٱلنَّجْمِ إِذَا هَوَىٰ ۝١ مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ وَمَا غَوَىٰ ۝٢ ﴾ **النجم:** ١ - ٢، واتا: سوێند بە ئەستێرە کاتێ ئاوا دەبێ. هاوڕێکەتان(موحەممە(صلى الله عليه وسلم)گومڕا نەبووە وە لە ڕاستی لای نەداوە.

پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم)، جێنشینانی دوای خۆیشی بەدڕ بەنەفامی و وێڵی و سەرگەردانیی وەسف کردووە و فەرموویەتی:«عَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وسُنَّةِ الخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ المهْدِيِّينَ من بَعْدِي»[1]،واتا:پابەندی سوونەتی(ڕێبان)ی من و جێنشینە فامیدەو هیدایەتدەرەکانی دوای من بن.

خوای گەورە وتەکانی کردووەتە ئامۆژگاریی بۆ تێکڕای خەڵک، هیدایەت و سۆزو بەزەیی بۆ ئەوانەی باوەڕیان پێ هێناوە بەتایبەت، گێڕاوێتی بەشیفای تەواو بۆ نەخۆشییەکانی نێو دڵ، جا هەرکەسێ تیایدا بەدوای شیفادا بگەڕێ، ئەوە شیفا وەردەگرێ و لەنەخۆشییەکەی رزگاری دەبێ، هەرکەسێکیش بەچارەسەری وەرنەگرێ، ئەوە بەوجۆرەیە کە لەبارەیەوە وتراوە:

إذا بَلَّ[2] مِنْ دَاءٍ بِهِ ظَنَّ أَنَّهُ نَجَا وبِهِ الدَّاءُ الَّذي هُو قَاتِلُهْ

واتا: کاتێ لەدەردێ رزگاری دەبێ، وەها دەزانێ رزگاری بووە، کەچی هەر ئەو دەردو نەخۆشییەی پێوەیە کەَ دەبێتە هۆکاری کوشتنی.

---

١ – بەشێکە لەفەرموودەی ((تَرَكْتُكُم على مثل البيضاء نقية)) کە پێشتر تەخریج کرا. هەروەها بڕوانە(جامع العلوم والحكم)(ص٢٤٣– ٢٥٤)ی ئیبن ڕەجەب.

٢ – الشيخ محمد حامد الفقي ئەڵێ: ئەم دێڕە شیعرە لەسەر بەسالاچوون و پیرییدا وتراوە، مرۆڤی بەسالاچوو ئەگەرچی لەنەخۆشییەك رزگاری ببێ، ئەوە لەلاوازیی و کەنەفتی پیریی رزگاری نابێ.

پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ وَلَا يَزِيدُ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا خَسَارًا ﴿٨٢﴾ ﴾ **الإسراء: ٨٢**، واتا: وەلەم قورئانەدا دەنێرینە خوارەوە ئەوەی کەهۆی شیفا و میهرەبانییە بۆ بڕواداران، بەلآم (هاتنی ئەم قورئانە) بۆ ستەمکاران هیچ زیاد ناکات بێجگە لەخەسارەت مەندان.

ئەوەی دیارترە لەم ئایەتەدا،(مِنَ) بۆ روونکردنەوەی رەگەزە(بیان الجنس)، ئەگەرنا تەواوی قورئان شیفاو بەزەییە بۆ باوەڕداران.

- **هۆکار و دەستنیشانکردنەکانی نەخۆشییەکانی جەستەو دڵ:**

لەبەرئەوەی نەخۆشیی جەستە، دەرکەوتنی نیشانەی پێچەوانەی لەشساغیی هەیە و دەرچوونە لەباری سرووشتی، ئەوەش بەهۆی تەگەرەو کێشەیەکەوە بۆی دێتەپێش و پەیبردن و جوڵەی سرووشتیی دەشێوێنێ، جا یان بەتێکڕا پەیبردنی لەنێو دەبات وەک کوێرکردن یان لاڵ و ئیفلیجکردن، یان کەمکردنەوەی پەیبردنی کەسی نەخۆشە بەکێشەیەک لەئەندامێک لەئەندامەکانی جەستەی. یان پەیبردنە بەشتێک پێچەوانەی سرووشتی شتەکەیە، وەک ئەوەی شتی خۆش و شیرینی لەدەمدا تاڵ بێ، یان پیس بەپاک ئیدراک بکات یان پاک بەپیس.

چەق و میحوەری لەشساغیی دەوەستێتەوە سەر پاراستنی هێزو خۆپارێزی لەئازاردەر و لابردن و خۆخاڵێکردنەوە لەشتی خراپ، روانینی پزیشکییش لەسەر ئەو سێ بنەمایە جێگیر دەبێ، قورئانی پیرۆزیش ئەو سێ شتەی لەخۆگرتووەو خوای گەورەش کە بەشیفاو بەزەیی دایبەزاندووە، رێنیشاندەریی ئەوەی داوە بەمرۆڤەکان:

بۆ پاراستنی هێز، خوای گەورە فەرمانی بەمرۆڤی رێبوار و نەخۆش کردووە لەمانگی رەمەزاندا بەڕۆژوو نەبن، رێبوار لەگەیشتنەوە بەشوێن و ماڵی خۆی و

نەخۆش بەچاکبوونەوەی لەنەخۆشییەکە، رۆژووەکەیان بگرنەوە[1] ئەوەش بۆ پارێزگاریکردنە لەهێزو تینیان، چونکە بەڕۆژووبوون لاوازیی نەخۆش زیاتر ئەکات، بۆ مرۆڤی رێبواریش هێزو تین پێویستە، گەشتی رێگە ئازارو مەینەتیی هەیەو بەڕۆژووبوون، زیاتر ماندووی دەکات.

بۆ خۆپارێزی لەشتی ئازاردەر، خوای گەورە مرۆڤی نەخۆشی بەدوورگرتووە و پاراستوویەتی لەوەی بەئاوی سارد دەستنوێژ بشوات و خۆی بشوات ئەگەر هاتوو ئاوی سارد زیانی پێ بگەیەنێ، فەرمانی داوە لەجیاتی بەکارهێنانی ئاو، تەیەموم بکات[2]، ئەوە بۆ پاراستنی لەشتێ ئازار بەدەرەوەی جەستەی بگەیەنێ، ئەی چی سەبارەت بەشتێك ئازار بەناوەوەی بگەیەنێ؟!

بۆ خاڵیکردنەوەی لەماددەو شتی خراپ، ئەوە خوای گەورە رێگەی داوە بەو کەسەی لەئیحرامدایە و ئازار و برینێك لەسەریدایە، سەر نەتاشێ و تەنیا چەند تەڵێکی لێ ببڕێت[3]، ئەوە ئاسانترین و سووکترین جۆری خاڵیکردنەوەیە، بەوە باوەڕداری وریاکردووەتەوە بۆ شتێك کە پێویستی پێ هەیە.

کە ئەوە زانرا، ئەوە بزانە دڵ پێویستی بەو شتەیە:

هێزی بۆ بپارێزێ، کە برتییە لەئیمان و خواپەرستییەکان.

پارێزەرێك لەشتی زیانبەرو ئازارگەیەنەر، ئەوەش بەدوورکەوتنەوە لەتاوان و خراپەکاری و جۆرەکانی تری تاوان.

---

١ – ئەوە دەقی ئایەتەکانی رۆژووە لەسورەتی(البقرة) ئایەتەکانی(١٨٣–١٨٥)هاتووە، بڕوانە کتێبەکەمان(صفة صوم النبي(صلى الله عليه وسلم)(ص٣٤– ٤٠).

٢ – هەروەك لەئایەتی(٦٥)ی سورەتی(المائدة)دا هاتووە.

٣ – هەروەك لەئایەتی(١٩٦)ی سورەتی(البقرة)دا هاتووە.

بەبەتاڵبوونەوە لەهەموو شتێکی خراپ کە دێتەپێی، ئەوەش بەتەوبەیەکی راستگۆیانە و داوای لێخۆشبوون کردن لەخوای گەورە.

نەخۆشکەوتنی، جۆرێکی خراپکردن و لادانە بۆی دێتەپێش، تێڕوانینی بۆ راستی و ئیرادەی بۆ راستی و حەق دەشێوێنێ، حەق بەحەق نابینێ، یان بەپێچەوانە دەیبینێ، یان پەیبردنی پێی کەم دەبێتەوە و ئیرادەی بۆی خراپ دەبێ، بەوە رقی دەبێتەوە لەحەقی سوودبەخش و باتڵی زیاندەری خۆش دەوێ، یان بەزۆریی هەردووکیانی لا کۆدەبێتەوە، رقبوونەوە لەحەق و خۆشویستنی باتڵ.

بۆیە ئەو نەخۆشییەی کە بۆی دێتەپێش و لێی دەردەکەوێ، هەندێجار بەگومان لێک دەدرێتەوە وەک ئەوە موجاهیدو قەتادە وتوویانە[1] لەڕاڤەی فەرمایشتی خوای گەورەدا: ﴿ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ ﴾ **البقرة: ١٠،** واتا:گومان. جارێکی تر بەشەهوەتی داوێن پیسی لێکدەدرێتەوە، وەک ئەوەی ئەم فەرمایشتەی خوای گەورەی پێ لێکدراوەتەوە[2]:﴿ فَيَطْمَعَ ٱلَّذِي فِي قَلْبِهِۦ مَرَضٌ ﴾ **الأحزاب: ٣٢،** واتا:بە خەمزەو نازەوە قسە مەکەن(وەک لە ئافرەتانی ڕەوشت نزم)نەوەکو ئەوەی کە دڵی نەخۆشە(دەروون نزمە)نیازی خراپ بکات.

بۆیە نەخۆشی یەکەم: نەخۆشیی گومانە.

دووەمیش: نەخۆشیی شەهوەتە.

بەهاوشێوەیی پارێزگاری لەلەشساغێتی دەکرێت، بەدژو پێچەوانە نەخۆشیی دووردەخرێتەوە، بەهاوشێوەو نمونەی هۆکارەکەی، بەهێز دەبێت، بەدژەکەشی نامێنێ.

---

١ – عەبدی کوڕی حومەیدو ئیبن جەریر ئیخراجیان کردووە، وەک لە(الدُّرّ المنثور)(٧٦/١) هەیە.

٢ – بڕوانە:((معالم التنزيل))(٤٣/١)ی ئیمامی بەغەوی.

هەروەك چۆن نەخۆش بەسەرماو گەرماو جولّەیەکی کەم ئازاری پێ دەگات کە کەسی لەشساغ ئەوەی بەسەر نایەت، دڵیش بەوجۆرەیە، ئەگەر نەخۆش بوو، ئەوە کەمترین گومان و شەهوەتێك ئازاری پێ دەگەیەنێ، چونکە ناتوانێ رەتیان بکاتەوە و ڕووبەڕوویان بووەستێتەوە، بەڵام دڵی ساغ چەندان ئەوەندە لەگومان و شەهوەت دێنەپێشی، بەڵام بەهۆی ئەوەی هێزی هەیەو تەندروستە، بەرەنگاریان دەبێتەوەو ناهێڵێ بەسەریدا زاڵ بن.[1]

بەتێکڕایی، ئەگەر هۆکاری نەخۆشی بۆ مرۆڤی نەخۆش ڕووی دا، ئەوە نەخۆشییەکەی زیاتر دەبێت و هێزو تینی لاواز دەبێ و ڕووەو تیاچوون دەچێ، ئەگەر بێتو فریای دەستخستنی ئەو شتانە نەکەوێ کە هێزو تینی بەهێز دەکەن و نەخۆشییەکەی لەکۆڵ دەکەنەوە.

***

١ – واجیبە لەسەر مرۆڤی موسڵمان عەقیدەی خۆی بەهێز بکات و لەیەکتاپەرستیی خوای گەورە تێبگات ،تاوەکو تۆکمەو بەهێز دامەزراو ببێ و هیچ تاقیکردنەوەو کۆست و فیتنەو بەڵایەك کاریگەریی نەکەنەسەر.

تەوەری سێیەم

دەواو دەرمانی نەخۆشییەکانی دڵ دوو بەشە

سرووشتی و شەرعی

نەخۆشیی دڵ دوو جۆرە:

جۆرێك کەسی نەخۆش یەکسەر هەست بەئازارەکەی ناکات، ئەو جۆرەیە کە پێشتر باسکرا، نمونەی نەخۆشی نەفامی و گومان و شەهوەتەکان.

ئەم جۆرە لەوی تر ئازاری زۆرترە، بەڵام لەبەر خراپیی دڵ، هەست بەئازارەکەی ناکرێت، چونکە بێهۆشی نەفامیی ناهێڵێ هەست بەئازار بکرێت،ئەگەرنا یەکسەر لەگەڵ ئەنجامدانیدا ئازارو چەرمەسەریی ئەو نەخۆشییە بوونی هەیە، بەهۆی سەرقاڵبوونی بەشتی تر‌ەوە ناپەرژێتەسەر ئەو ئازارە، ئەمەش مەترسیدارترین و سەختترین هەردوو جۆرەکەی نەخۆشیی دڵە.

چارەسەری ئەم نەخۆشییە لای پەیامبەران و شوێنکەوتەکانی پەیامبەرانە، ئەوان پزیشکی ئەو نەخۆشییەن.

جۆری دووەم: ئەو نەخۆشییەیە کە یەکسەر هەست بەئازارەکەی دەکرێت، وەك خەم و خەفەت و پەژارەیی و تووڕەیی خواردنەوە، ئەم جۆرە نەخۆشییە بەبەکارهێنانی دەرمانێکی سرووشتی، چارەسەر دەبێت، بەنەهێشتنی هۆکاری ئەو

نەخۆشییە یان بەتیمارکردن چارەسەر دەبێت. هەروەك چۆن دڵ ئێش و ئازاری پێ دەگات هەرچاتێ جەستە ئێش و ئازاری پێ دەگات، جەستەش زۆر ئێش و ئازاری پێ دەگات کاتێ دڵ هەست بەئازار و چەرمەسەریی دەکات.

ئەو نەخۆشییانەی دڵ کە بەبەکارهێنانی دەرمان و چارەسەری سرووشتیی کۆتاییان پێ دێت و نامێنن، لەدوای مردن ئازارو چەرمەسەریی بۆ مرۆڤ ناهێنن، بەڵام ئەو نەخۆشییانەی کە بەدەواو دەرمانی ئیمانیی پەیامبەرێتیی بەسەر دەچن و چارە دەبن، ئەو نەخۆشییانەیە کە ئەگەر لەدونیادا بەدەواو و دەرمانی ئیمان چارەسەر نەکرێن، ئەوە لەدوای مردن، نەهامەتی و سزاو ئەشکەنجە بۆ مرۆڤ دەهێنن، ئا لەبەر ئەوەیە دەوترێ:چارەی تووڕەیی و رقی خۆی کرد. ئەگەر دوژمن بەسەریدا زاڵبێ، ئەوە ئازاری پێ دەچێژێ، ئەگەر خۆی لێ پاککردەوە، دڵی ئاو دەخواتەوە، پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ قَٰتِلُوهُمْ يُعَذِّبْهُمُ ٱللَّهُ بِأَيْدِيكُمْ وَيُخْزِهِمْ وَيَنصُرْكُمْ عَلَيْهِمْ وَيَشْفِ صُدُورَ قَوْمٍ مُّؤْمِنِينَ ﴿١٤﴾ وَيُذْهِبْ غَيْظَ قُلُوبِهِمْ ۗ وَيَتُوبُ ٱللَّهُ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٥﴾ ﴾ **التوبة:** ١٤ - ١٥، واتا: باوەڕداران بیان کوژن خوا بە دەستی ئێوە سزایان دەدات و ڕیسوایان دەکات و سەرتان دەخات بەسەریاندا و(خوا) سینە و دڵی بڕوادار خۆش دەکات، و ڕق و خەشمی دڵەکانیان دادەمرکێنێ و ناهێڵێ وە خوای گەورە تەوبە وەردەگرێ لە هەرکەسێك کەبیەوێت وە خوای زانای دانایە.

خوای گەورە فەرمانی داوە شەڕی دوژمنانیان بکەن و فێریشی کردوون کە شەش سوود لەو کارەدا هەیە.

تووڕەیی، ئازار بەدڵ دەگەیەنێ، دەرمان لەچارەسەری و شیفای ئەو تووڕەییدایە، ئەگەر بەحەق و راستی چارەسەری کرد، چارەسەر وەردەگرێ، ئەگەر بەستەم

چارەسەری کرد، ئەوە نەخۆشییەکەی زیاتر دەبێ و کۆمەڵێ نەخۆشیی تری بۆ زیاتر دەکات کە سەختترە لەنەخۆشیی عیشق.

خەم و خەفەت و پەژارە نەخۆشیین بۆ دڵ، بەخۆشی و گەشاوەیی چارەسەر دەبێ، ئەگەر بەحەق چارەسەر بوو، ئەوە ئەو دڵە شیفا وەردەگرێ و لەو نەخۆشییە رزگاری دەبێ، بەڵام ئەگەر بەناڕەوا هەوڵی چارەسەرکردنی دا، ئەوە کۆمەڵێ نەخۆشی دیکەی بەدوادا دێت، کە سەختتر و مەترسیدارترن لەوەی تووشی هاتووە.

نەفامی و نەزانییش نەخۆشییەکن ئازار بەدڵ دەگەیەنن، خەڵکانێك هەن بەکۆمەڵێ زانست هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەن، کە سوود ناگەیەنێ[1]، وەها باوەڕ دەکرێ کە بەو زانستانە لەو نەخۆشییە چارەسەر بووە، بەڵام لەڕاستییدا نەخۆشیی تری بۆ زیاتر کردووە، چونکە بەهۆی سەرقاڵبوونی بەهەندێ زانستی بێ سوود و نەشارەزابوونی بەو زانستە سوودبەخشانەی کە مەرجی چارەسەربوون و رزگاربوونی ئەون لەو نەخۆشییە، دڵ پەی نابات بەو ئازارەی لەناویدا خۆی پەنا داوە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەبارەی ئەوانەی بەنەشارەزایی فەتوایان داو بوونە هۆکاری مردنی ئەو نەخۆشەی داوای چارەسەرو فەتوای لێکردبوون، فەرموویەتی:"قَتَلُوهُ قَتَلَهُمُ اللهُ أَلَا سَأَلُوا إِذْ لَمْ يَعْلَمُوا؟ فَإِنَّمَا شِفَاءُ الْعِيِّ السُّؤَالُ"،واتا:کوشتیان خوای گەورە بیانکوژێ، کە نەیانزانی و زانستیان نەبوو بۆ نەیانپرسی؟ بێگومان پرسیارکردن شیفاو چارەسەری نەزانییە.

نەزانیی بەنەخۆشی دانـاوە، شیفاو چارەسەری ئەو نەخۆشییەش بریتییە لەپرسیارکردن لەزانایان.

---

١ – وەك زانستەکانی لۆژیك و کەلام و فەلسەفەو تەسەوف و شتانی تر.

ئەو کەسەش کە گومان و دوودڵییەکی لەشتێك هەیە، دڵی هەست بەئازارو چەرمەسەریی دەکات تاوەکو بەزانست و دڵنیایی دەگات و ئەو نەخۆشییە گەرمی و گڕییەکی بۆ دروست دەکات، وەك لەبارەی ئەو کەسەی بەدڵنیایی گەیشتووە وتراوە: دڵی سارد و فێنك بوویەوە، فێنکی دڵنیایی بەدەستدەهێنێ. بەنەزانی و گومڕایی و وێڵبوون لەبەردەم ڕێگەی فامیدەیی، دڵی سەغڵەت دەبێ، بەهیدایەت و زانستیش سینگفراوان و دڵخۆش دەبێ، پەروەردگاریش فەرموویەتی:﴿ فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهْدِيَهُۥ يَشْرَحْ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ ۖ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُۥ يَجْعَلْ صَدْرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِى ٱلسَّمَآءِ ﴾ **الأنعام: ١٢٥**، واتا: جا هەرکەسێ خوا بیەوێت ڕێنموونی بکات سینگی فراوان دەکات بۆ ئیسلام(و بڕوا هێنان) وە هەر کەس خوا بیەوێت گومڕای کات(لەبەر نەشیاوی خۆی)سنگی زۆر تەنگ دەکات وەك ئەوەی(بیەوێ)بەرز ببێتەوە بەرەو ئاسمان بەو جۆرە خوا پیسی و ناپاکی دادەنێ لەسەر ئەوانەی کە بڕوا ناهێنن.

مەبەست ئەوەیە، هەندێ نەخۆشیی دڵ بەدەواو دەرمانی سرووشتی چارەسەر دەبێ، هەندێکیشی بەدەواو دەرمانی شەرعیی ئیمانیی چارەسەر دەبێ. دڵ ژیان و مردنی هەیە، نەخۆشی و شیفای هەیە، ئەوەش گەورەترە لەوەی بۆ جەستە روودەدات.

***

تەوەری چوارەم

ژیان و دەرەوشانەوەی دڵ، سەرچاوەی هەموو خێرو خۆشییەکی نێو دڵە
مردن و تاریکیی دڵیش، سەرچاوەو کەرەستەی هەموو خراپەیەکی نێو دڵە

بنچینەی هەموو خێرو خۆشیی و بەختەوەرییەکی بەندە و هەموو بوونەوەرێکی گۆکار، بریتییە لەکەمالّی ژیان و رووناکیی(نور)ی ئەو بوونەوەرە، بێگومان ژیان و رووناکی، سەرچاوە و کەرەستەی هەموو خێرو خۆشییەکن، خوای گەورەش ئەفەرموویت: ﴿أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُۥ نُورًا يَمْشِى بِهِۦ فِى ٱلنَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُۥ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا﴾ **الأنعام: ١٢٢**، واتا: ئایا کەسێك کە مردوو بێ بڕوا بێت و ئێمە زیندووومان کردەوە و ڕووناکییەکمان بۆ فەراهەم هێنا کە قورئانە بەهۆی ئەوەوە لەناو خەڵکیدا دەگەڕێ و دەڕوات ئایا وەکو ئەوە وایە کە لەناو تاریکانێکدا بێت کە بەهیچ جۆرێ دەرچوونی نیە لێ،بەو شێوەیە ڕازێنراوەتەوە بۆ بێ بڕوایان ئەو کردەوە خراپانەی دەیان کرد.

دەبینین لەنێوان دوو بنچینەدا کۆیکردووەتەوە: ژیان و رووناکی، بەهۆی ژیانییەوە، هێزو بینین و بیستن و شەرم و داوێنپاکی و ئازایەتی و ئارامگری و تەواوی ڕەوشتە جوانەکان و خۆشویستنی بۆ چاك و جوان و رقبوونەوەی لەخراپەو ناشیرینی رادەوەستێ و بوونی دەبێ. کە ژیانی بەهێز بوو، ئەوە ئەو سیفەتانەشی تێدا بەهێز دەبێ، کە ژیانیشی لاواز بوو، ئەوە ئەو سیفەتانەشی تێدا لاواز دەبێ، شەرم و

ئابڕووی لەبەرانبەر ناشیرینییەکان، بەپێی ئەو ژیانەیە کە لەناخ و دەروونی کەسەکەدا ئامادەیی هەیە.

دڵی ساغی زیندوو ئەگەر ناشیرینییەکانی بخرێتەبەردەم، بەسرووشتی خۆی لێی هەڵدێت و رقی لێدەبێتەوە، لای بەلادا لاناکاتەوە، پێچەوانەی دڵی مردوو، بێگومان دڵی مردوو لەنێوان جوان و ناشیرینیدا جیاوازیی ناکات، هەروەك عبداللەی کوڕی مەسعود(خوای لێ رازیی بێ) ئەڵێ:(تیاچووە ئەو کەسەی دڵێکی نەبێ چاك بەچاك نەبینێ و پێیەوە رقی لەخراپە نەبێتەوە).[1]

دڵی نەخۆش بەشەهوەتیش هەر بەوجۆرەیە، بەهۆی لاوازی و ئاستی هێزو لاوازیی نەخۆشییەکە، مەیلی دەبێ بەلای ئەو ناشیرینییانەی دەخرێنە بەردەمی.

بەڵام ئەگەر رووناکییەکەی بەهێز بوو، دەرەوشانەوەی کاریگەر و زۆر بوو، ئەوە وێنەو حەقیقەتی زانیارییەکانی لا روون و ئاشکرا دەبێ و بەڕووناکی و دەرەوشانەوەی خۆی، جوانیی بۆ دەردەکەوێت و ژیانی پێ دەڕازێنێتەوەو رقی لەخراپەو ناشیرینی دەبێتەوە.

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا ئەو دوو بنچینەیەی باسکردووە و فەرموویەتی:

﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا ۚ مَا كُنتَ تَدْرِى مَا ٱلْكِتَٰبُ وَلَا ٱلْإِيمَٰنُ وَلَٰكِن جَعَلْنَٰهُ نُورًا نَّهْدِى بِهِۦ مَن نَّشَآءُ مِنْ عِبَادِنَا ۚ وَإِنَّكَ لَتَهْدِىٓ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٥٢﴾ ﴾

الشورى: ٥٢، واتا: هەر بەو شیوەیە (کە وەحی پێ دێ)قورئانمان بۆ تۆ نارد ئەی

---

١ – منیش ئەڵێم: تەبەرانی گێڕاویەتییەوە لە(الکبیر)(٥٨٦٤) و لەویشەوە ئەبو نوعەیم لە(الحلیة)(١/١٣٥) لەڕێگەی سوفیان ئەویش لەقەیسی کوڕی موسلیم و ئەویش لەتارقی کوڕی شیهابەوە. ئەلهەیسەمی لە(المجمع)(٧/٢٧٥)دا ئەڵێ:(هەموو پیاوانی سەنەدەکە راستن(صحیح)، ئەوەش سەنەدێکی سەحیحە. بڕوانە پێشەکی شێخ و مامۆستامان لەسەر(الطحاویة)(ص٣٠-٣١).

موحەممەد (صلى الله عليه وسلم) بەفرمانی خۆمان کە تۆ نەتدەزانی کتێب و ئیمان چی یە بەڵام ئەوەمان کردە رووناکیەک رێنموونی هەرکەسێک پێ دەکەین کە بمانەوێت لەبەندەکانمان وە بەراستی تۆ (خەڵک رێنموونی دەکەیت بۆ رێگای راست).

دەبینین خوای گەورە نێوان روح و رووناکیی کۆکردووەتەوە، بەهۆی روحەوە ژیان دێتەدی و بەهۆی رووناکییشەوە دەرەوشانەوە و رۆشنایی پەیدا دەبێ.

خوای گەورە هەواڵی داوە بەوەی، ئەو کتێبەی کە بۆ سەر پەیامبەری خۆی(صلى الله عليه وسلم) دابەزاندووە، هەردوو شتی لەخۆگرتووە، روحە کە دڵەکان پێی زیندوو دەبنەوە، رووناکییەکیشە رۆشنایی دەدات و دەرەوشانەوە دەبەخشێ بۆ هەنگاو هەڵگرتن، هەروەک پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُۥ نُورًا يَمْشِى بِهِۦ فِى ٱلنَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُۥ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا ﴾ **الأنعام: ١٢٢**، واتا: ئایا کەسێک کە مردوو بێ بڕوا بێت و ئێمە زیندوومان کردەوە و ڕووناکیەکمان بۆ فەراهەم هێنا کە قورئانە بەهۆی ئەوەوە لەناو خەڵکیدا دەگەڕێ و دەڕوات ئایا وەکو ئەوە وایە کە لەناو تاریکانێکدا بێت کە بەهیچ جۆرێ دەرچوونی نیە لێ،بەو شێوەیە ڕازێنراوەتەوە بۆ بێ بڕوایان ئەو کردەوە خراپانەی دەیان کرد.

بۆیە کەسی بێباوەڕ بەهۆی لادانی لەخواپەرستی و نەفام و نەزانینی بەرانبەر ناسین و یەکتاپەرستیی خوای گەورە و شەریعەتەکەی و کار نەکردن بۆ رازیکردنی خوای گەورە و گەیشتن بەڕزگاربوون و بەختەوەری، دەبینین بەنمونەی ئەو مردووەی داناوە کە سوود بەخۆی ناگەیەنێ و ناتوانێ زیانێک لەسەر خۆی لابدات، بەڵام ئیسلاممان پێشان داو و پێیەوە ژیاندمانەوە، ئیتر وەهای لێهات سوودو زیانی خۆی بزانێ و لەدوای نەفامی و نەزانیی پێی، بیناسێتەوە و کار بکات بۆ ڕزگارکردنی خۆی لەتووڕەیی و سزای خوای گەورە، بەشوێنکەوتنی پەیامی خوای گەورە لەدوای پشت

تێکردنی، رووناکییەك دەستبخات و هەنگاوی پێ هەڵبگرێ، لەنێو خەڵکدا بەڕووناکیی خۆی هەنگاوبنێ و ئەو خەڵکەش لەتاریکاییدا بن، وەك وتراوە:

لَيلي بوجهك مشرق وظلامه في الناس ساري
الناس في سُدَفِ الظلام ونحن في ضوء النهار

واتا: شەوی من بەهۆی رووم‌ەتی تۆوە رۆشنایە، خەڵکیی لەنێو تاریکییەکی سەختدان و ئێمەش لەبەر رووناکیی رۆژداین.

خوای گەورە بۆ وەحی و بەندەکانی خۆی، نمونەی ئاو و ئاگر دەهێنێتەوە:

نمونەی یەکەم لەسورەتی(الرعد)دایە و ئەفەرموێ: ﴿ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَسَالَتْ أَوْدِيَةٌۢ بِقَدَرِهَا فَٱحْتَمَلَ ٱلسَّيْلُ زَبَدًا رَّابِيًا ۖ وَمِمَّا يُوقِدُونَ عَلَيْهِ فِى ٱلنَّارِ ٱبْتِغَآءَ حِلْيَةٍ أَوْ مَتَٰعٍ زَبَدٌ مِّثْلُهُۥ ۚ كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْحَقَّ وَٱلْبَٰطِلَ ۚ فَأَمَّا ٱلزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَآءً ۖ وَأَمَّا مَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ فَيَمْكُثُ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْأَمْثَالَ ﴿١٧﴾ ﴾ **الرعد: ١٧،**

واتا: بارانی لە ئاسمانەوە باراندووە جا هەر شێو و دۆڵێك بە ئەندازەی خۆی لافاوی هەڵدەسێت ئەوسا لافاوەکە هەڵی دەگرێت کەفێکی بەرزبووە(بە لافاوەکەوە) هەروەها لەو(کانزایەك پەیدا دەبێ) کە ئاگری بۆ تاودەدەن(دەیتوێننەوە) بە مەبەستی دروست کردنی خشڵ یان شتوومەکی تر(وەك قاپ و قاچاغ)کەفێك وەکو ئەو(کەف لافاوە پەیدا دەبێ) ئا بەو جۆرە خوا نمونەی حەق و بەتاڵ دێنێتەوە جا کەفەکە دەڕوات و لەناو دەچێ بەڵام ئەوەی کە سوود ئەگەیەنێ بەخەڵکی لە زەوی دا دەمێنێتەوە ئا بەو جۆرە خوا نموونەکان دەهێنێتەوە.

وەحی بەئاو شوبهاندووە و ئاوی کردووەتە نمونە بۆ وەحی، چونکە بەهۆی ئاوەوە ژیان فەراهەم بووە، بەئاگریش کە رووناکی و دەرەوشانەوەیی هەیە، خوای گەورە

هەوالّی داوە کە دۆڵەکان بەپێی ئەندازەی خۆیان ئاو بەڕێدەخەن، دۆڵێکی گەورە ئاوی زۆر گل دەداتەوە، دۆڵی بچووکیش تەنیا توانای گلدانەوەی ئاوێکی کەمی هەیە! بۆیە دڵەکانیش هاوشێوەی دۆڵەکانن، دڵی گەورە توانای وەرگرتنی زانستێکی زۆری هەیە، دڵی بچووکیش بەئەندازەی قەبارەی خۆی زانست وەردەگرێ.

ئەو گومان و شەهوەتانەی کە دڵەکان هەڵیدەگرن، شوبهاندووە بەو کەف و پووشانەی کە لافاوەکان هەڵیدەگرن.

بەهۆی سەقامگیربوونی زانستی سوودبەخش لەدڵدا گومانەکان پووچەڵ دەبنەوە، ئەمەی شوبهاندووە بەوکاتەی کە دۆڵ ئاوی سوودبەخشی گلداوەتەوە و کەف و پووش و پەڵاشی فڕێ داوەتە دەرەوە.

لەنمونەی دوای ئەوەشدا هاتووە: پیسیی نێو ئەو گەوهەرەش نامێنێ و رەونەق و جوانیی خۆی وەردەگرێتەوە.

خوای گەورە ئەم دوو نمونەیەی بۆ بەندەکانی هێناوەتەوە،نمونەی ئاگر لەسورەتی(البقرة): ﴿ مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ ٱلَّذِى ٱسْتَوْقَدَ نَارًا فَلَمَّآ أَضَآءَتْ مَا حَوْلَهُۥ ذَهَبَ ٱللَّهُ بِنُورِهِمْ وَتَرَكَهُمْ فِى ظُلُمَٰتٍ لَّا يُبْصِرُونَ ﴿١٧﴾ صُمٌّۢ بُكْمٌ عُمْىٌ فَهُمْ لَا يَرْجِعُونَ ﴿١٨﴾ ﴾ **البقرة:** ١٧ - ١٨، واتا: دوو ڕووەکان وێنەیان وەک یەکێك وایە کە(لەشەوێکی تاریکدا)ئاگرێك هەڵگیرسێنێت کە لەگەڵ دەوروبەری ڕووناك کردەوە خوا(خێرا) ڕووناکی یەکەیان لێ بکوژێنێتەوە وە بیان هێڵێتەوە لەناو چەند تاریکیەکی وادا کە هیچ نەبینن. کەڕو لاڵ و کوێرن بۆیە(لە گومڕایی خۆیان) ناگەڕێنەوە. پاشان نمونەی ئاوی هێناوەتەوەو فەرموویەتی:﴿ أَوْ كَصَيِّبٍ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فِيهِ ظُلُمَٰتٌ وَرَعْدٌ وَبَرْقٌ يَجْعَلُونَ أَصَٰبِعَهُمْ فِىٓ ءَاذَانِهِم مِّنَ ٱلصَّوَٰعِقِ حَذَرَ ٱلْمَوْتِ ﴾ **البقرة:** ١٩، واتا:یا وەک(کەسانێك لەچۆڵییەکدا)بارانێکی لێزمە و بەخوڕیان(لێ داکات) لەئاسمانەوە کە

تاریکی زۆرو تریشقەو بروسکەی تێدا بێت(بەجۆرێك كه)پەنجەكانیان دەكەن بە گوێیاندا لەبەر گرمەی هەورە تریشقە بۆ خۆپاراستن لەمردن وە خودا دەوری بێ بڕوایانی داوە.

مەبەست ئەوەیە، چاكی و بەختەوەری و رزگاربوونی دڵ لەسەر ئەو دوو بنچینەیە راوەستاوە، پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَمَا عَلَّمْنَٰهُ ٱلشِّعْرَ وَمَا يَنۢبَغِى لَهُۥٓ ۚ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ وَقُرْءَانٌ مُّبِينٌ ﴿٦٩﴾ لِّيُنذِرَ مَن كَانَ حَيًّا ﴾ **یس: ٦٩ - ٧٠**، واتا: ئێمە ئەو(موحەممەد(صلى الله عليه وسلم)مان فێر شیعر نەكردووە و شیعر وتن شیاوی ئەو نی یە و ئەوەی(موحەممەد(صلى الله عليه وسلم)دەیڵێ پەند و ئامۆژگاری و قورئانی ڕوون كەرەوەی ڕاستی یە.

خوای گەورە هەواڵی داوە بەوەی، سوودبینین لەقورئان و وریابوونەوە بەهۆی قورئانەوە، بۆ كەسێك دێتەدی كە دڵی زیندوو بێ، هەروەك لەشوێنێكی تردا ئەفەرموێ: ﴿ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِمَن كَانَ لَهُۥ قَلْبٌ ﴾ **ق: ٣٧**، واتا: بێگومان لەم(باسەدا) پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆ كەسێك خاوەن دڵێكی(زیندوو بێت یان ژیر بێ).

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱسْتَجِيبُوا۟ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ ﴾ **الأنفال: ٢٤**، واتا:ئەی ئەو كەسانەی بڕواتان هێناوە وەلامی خواو پێغەمبەر بدەنەوە كاتێك كە بانگتان دەكەن بۆ لای ئەو(ئایینەی) كە زیندووتان دەكاتەوە.

خوای گەورە هەواڵی داوە، کە ژیانمان پەیوەستە بەوەڵامدانەوەو بەدەمەوەچوونی ئێمەوە بۆ ئەو زانست و ئیمانەی کە خواو پەیامبەرەکەی بانگەوازی ئێمەی بۆ دەکەن، بۆیە دەزانرێ بەڵەدەستدانی ئەو بەدەمەوەچوونە، دڵ دەمرێت و تیادەچێ.

خوای گەورە، ئەو کەسەی بەمردوو شوبهاندووە کە بەدەم بانگەوازی پەیامبەرەکەیەوە ناچێ، ئەوەش جوانترین شوبهاندنێکە، چونکە جەستەیان بۆ دڵیان بووەتە گۆڕ، دڵیان مردووە و لەگۆڕستانی لاشەیاندا نێژراون، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُسۡمِعُ مَن يَشَآءُۖ وَمَآ أَنتَ بِمُسۡمِعٖ مَّن فِي ٱلۡقُبُورِ ٢٢ ﴾ **فاطر: ٢٢**، واتا: بەڕاستی خوا(بانگی خۆی) دەبیستێنێ بەهەر کەس کە بیەوێ بەڵام تۆ ناتوانی(ئەی موحەممەد(صلى الله عليه وسلم) پەیامەکەت ببیستێنی بەوانەی لە گۆڕەکاندان واتە مردوون.

جوانی وتووە شاعیر:

وَفِي الْجَهْلِ قَبْلَ الْمَوْتِ مَوْتٌ لأَهْلِهِ وَأَجْسَامُهُمْ قَبْلَ الْقُبُوْرِ قُبُوْرُ
وأرواحُهُم في وحشةٍ مِنْ جُسُومِهِمْ وَلَيْسَ لَهُ حِيْنَ النُّشُوْرِ نُشُوْرُ

واتا:بەر لەمردن، نەفامیی مردنە بۆ کەسی نەفام، جەستەی نەفامەکان لەپێش خستنە گۆڕەوە بۆ ئەوان بووەتە گۆڕستان. لەجەستەیاندا روحیان لەترس و تەنیاییدایە.

ئا لەبەر ئەوەیە خوای گەورە، ئەو وەحیەی کە بۆ پەیامبەرانی خۆی داییەزاندووە ناوناوە بەڕوح، لەدوو شوێنی قورئاندا بەوجۆرەی وەسف کردووە، دەفەرموێت: ﴿ يُلۡقِي ٱلرُّوحَ مِنۡ أَمۡرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦ ﴾ **غافر: ١٥**، واتا: بەفەرمانی خۆی سرووش دەنێرێ بۆ هەر کەس لە بەندەکان کە بیەوێ.

هــەروەك دەفــەرموویّت: ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ رُوحٗا مِّنۡ أَمۡرِنَاۚ ﴾ **الشورى: ٥٢**، واتــا: هەر بەو شێوەی(کە وەحی پــێ دێ) قورئانمــان بــۆ تــۆ نارد(ئــەی موحەممەد(صلى الله عليه وسلم) بە فەرمانی خۆمان.

ژیانی روح و دڵەکان بەپەیامی خوای گەورەوە پەیوەستە، ئــەوە ئــەو ژیانــە پــاك و چاکەیە کە خوای گەورە لەڕێگەی وەحییەوە پێیەوەی تایبەت کردووە و فەرموویەتی: ﴿ مَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَنُحۡيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةٗ طَيِّبَةٗۖ وَلَنَجۡزِيَنَّهُمۡ أَجۡرَهُم بِأَحۡسَنِ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٩٧ ﴾ **النحــــل: ٩٧**، واتــــــا: هەرکەسێك نێر بێ یان مێ کردەوەی چاکی کردبێ بڕواداریش بووبێت سوێند بــەخوا ئەوە بەژیانێکی خــۆش دەیــان ژێــنین و سوێندبێت پاداشــتیان دەدەینــەوە بەچاکتر لەوەی کە ئەوان دەیانکرد.

بۆیــە دەبیــنین بــاوەڕدارانی ژن و پیــاوی تایبــەت کــردووە بــەژیانی چــاك و جــوان لەدونیاو ئاخیرەتدا.

هــەروەها دەفــەرموویّت: ﴿ وَأَنِ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيۡهِ يُمَتِّعۡكُم مَّتَٰعًا حَسَنًا إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى وَيُؤۡتِ كُلَّ ذِي فَضۡلٖ فَضۡلَهُۥۖ ﴾ **هود: ٣**، واتــا: بــۆ ئــەوەی داوای لێبــوردن بکەن لــە پــەروەردگارتان پاشــان تۆبــە بکــەن و بگەڕێنــەوە بــۆ لای دەتــان ژێــنێ بــە ژیانێکی چاك و خۆش تاماوەی دیاری کراو(بۆتان) وە دەبەخشــێ بــە هــەموو خــاوەن چاکەو بەهرەیەك(پاداشتی)چاکە و بەهرەی خۆی.

هــەروەها نمونــەی ئــەوە دەفــەرموویّت: ﴿ لِلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٞۚ وَلَدَارُ ٱلۡأٓخِرَةِ خَيۡرٞۚ وَلَنِعۡمَ دَارُ ٱلۡمُتَّقِينَ ٣٠ ﴾ **النحل: ٣٠**، واتــا:دەڵێن خێــر و چــاکە بــۆ

ئەوانەی کە لەم دونیایەدا چاکەیان کردووە چاکە هەیە و بێگومان جێگای پۆژی دوایی چاکترە و چ خۆشە مالّ و شوێنی پارێزکاران.

هەروەها فەرموویەتی:﴿ لِلَّذِينَ أَحْسَنُواْ فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنْيَا حَسَنَةٌ وَأَرْضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةٌ ﴾ **الزمر: ١٠**، واتا:کەسانێ لەم دنیایەدا چاکەیان کردووە پاداشتی چاکیان بۆ هەیە وە زەوی خوا فراوانە.

خوای گەورە ئەوەی روونکردووەتەوە، بەهۆی چاکەکانییەوە، کەسی چاکەکار لەدونیاو ئاخیرەتدا خۆشحالّ و بەختەوەر دەکات، کەسی خراپەکاریش، بەهۆی خراپییەکانییەوە لەدونیاو ئاخیرەتدا دلّتەنگ و بەدبەختی دەکات، بۆیە ئەفەرموویّ:

﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ أَعْمَىٰ ﴿١٢٤﴾ ﴾ **طه: ١٢٤**، واتا: هەر کەس پوو وەرگێڕێ لە ڕێباز و یادی من ئەوە بێگومان ئەو کەسە گوزەرانێکی سەخت و تەنگی دەبێت لە گۆڕدا و لەڕۆژی دوایشدا حەشری دەکەین بە کوێری.

خوای گەورە بەکۆکردنەوەی نێوان ئەو دوو جۆرە فەرموویەتی:﴿ فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهْدِيَهُۥ يَشْرَحْ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ ۖ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُۥ يَجْعَلْ صَدْرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِي ٱلسَّمَآءِ ۚ كَذَٰلِكَ يَجْعَلُ ٱللَّهُ ٱلرِّجْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٢٥﴾ ﴾ **الأنعام: ١٢٥**، واتا: جا هەرکەسێ خوا بیەوێت ڕێنموونی بکات سینگی فراوان دەکات بۆ ئیسلام(و بڕوا هێنان) وە هەر کەس خوا بیەوێت گومڕای کات(لەبەر نەشیاوی خۆی)سنگی زۆر تەنگ دەکات وەک ئەوەی(بیەوێ)بەرز ببێتەوە بەرەو ئاسمان بەو جۆرە خوا پیسی و ناپاکی دادەنێ لەسەر ئەوانەی کە بڕوا ناهێنن.

هیدایەتدراو و ئیماندارانی دڵفراوانی و خۆشییان هەیە، گومڕایانیش دڵتەنگی و سەختییان بۆ هەیە.

پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ أَفَمَن شَرَحَ ٱللَّهُ صَدۡرَهُۥ لِلۡإِسۡلَٰمِ فَهُوَ عَلَىٰ نُورٖ مِّن رَّبِّهِۦۚ ﴾ **الزمر: ٢٢**، واتا: دەی ئایا کەسێ خوا سینەی گوشاد کردووە بۆ ئیسلام و ئەو لەسەر ڕێبازی ڕووناکی پەروەردگارێتی.

بێگومان ئیمانداران لەڕووناکی و دڵفراوانیدان، گومڕایانیش لەتاریکی و دڵتەنگی.

مەبەست ئەوەیە، ژیان و دەرەوشانەوەی دڵ، کەرەستە و سەرچاوەی هەموو خێرو چاکەیەکە بۆ دڵ، مردن و تاریکیشی سەرچاوەو کەرەستەی هەموو خراپەیەکە بۆ دڵ.

***

تەوەری پێنجەم

ژیان و ساغیی دڵ بەدەی نایەت، تائەوەی کەسەکە پەی بەحەق نەبات و ڕێگەی نەگرێتەبەر و بەسەر شتانی تردا کاریگەرو باشتری نەبینێ

دڵ لەبەر ئەوەی دوو هێزی تێدا هەیە: هێزی زانست و جیاکردنەوە(العلم والتمییز)و، هێزی ویست و خۆشویستن(الإرادة والحب)، ئەوە کاملبوون و چاکبوونی پەیوەست بووە بەبەکارهێنانی ئەو دوو هێزە لەوەی بۆی بەسوودەو چاکبوون و بەختەوەربوونی بۆ دەهێنێت. بۆیە کەماڵی ئەو، پەیوەستە بەبەکارهێنانی هێزی زانست لەپەیبردن بەحەق و راستی و ناسینی و جیاکردنەوەی لەباتڵ، هەروەها بەبەکارهێنانی هێزی ویست و خۆشویستن لەڕۆیشتن بەدوای حەق و خۆشویستن و پێشخستنی بەسەر باتڵدا.

بۆیە هەرکەسێ باتڵ نەناسێ، ئەوە وێڵ و سەرگەردانە. هەرکەسێکیش باتڵ بناسێ و هەر بەگرنگی ببینێ و بەسەر شتی تردا پێشی بخات، ئەوە لەڕیزی ئەوانەدایە کە خوای گەورە لێیان تووڕەیە.

ئەوەشی باتڵ دەناسێ و پێی بەسەردا ناوەو شوێنی نەکەوتووە، کەسێکە خوای گەورە نازو نیعمەتی بەسەردا ڕژاندووە.

خـوای گـەورە فـەرمانی پێکـردووین کـە لەنوێژەکانمانـدا داوای لـێ بکـەین رێگـەی راستمان پیشان بـدات، رێگـەی ئەوانـەی خـوای گـەورە نـازو نیعمـەتی پێـداوون نـەک ئەوانەی کەوتوونەتە بەر تووڕەیی خۆی و ئەوانەشی کە وێڵ و سـەرگەردان بـوون. ئـا لەبـەر ئەوەیـە گاورەکـان بـەوێڵ و سـەرگەردان تایبـەت کـراون، چـونکە ئـوممـەتێکی نەفامن، جولەکەش بەبەر رق و تووڕەیی خوای گەورە تایبەت کراون، چونکە کەلەڕەق و سەرسەختن.

لەبەرئەوەیە سوفیانی کوڕی عویەینە وتوویەتی:(ئەگـەر کەسـێکی سـادەی ئێمـەی موسـڵمان خراپـەو تـاوانی کـرد، ئـەوە هاوشـێوەییەکی لەگاورانـدا هەیـە، ئەگـەر لەزانایانمان خراپەو تاوانی کرد، ئەوە هاوشێوەییەکی لەجولەکەدا هەیە).

لەبەرئەوەی گاورەکان بەبێ زانست و شـارەزایی خوایـان پەرسـت، جولەکـەکانیش حەقیان ناسی، بەڵام لایان دا لەرێگەی حەق.

لەموسنەد و ترمیزییشدا[1] هاتووە لەفەرموودەیەکی عەدی کوڕی حاتەمەوە ئـەویش لەپەیامبـەری خواوە(صـلى الله عليـه وسـلم) فەرموویـەتی:"الْيَهُـودُ مَغْضُـوبٌ عَلَـيْهِمْ، وَالنَّصَـارَى ضَـالُّونَ"،واتا:جولەکـە بـەر خەشـم و تـووڕەیی خـوای گـەورە کـەوتوون، گاورەکانیش گومڕاو سەرگەردانن.

خـوای گـەورە لـەزیاتر لەشـوێنێکی قورئانـدا ئـەو دوو بنچـینەیەی پێکـەوە کۆکردووەتـەوە، لەوانـە:﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِى عَنِّى فَإِنِّى قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُواْ لِى وَلْيُؤْمِنُواْ بِى لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ﴿١٨٦﴾ ﴾ **البقـرة: ١٨٦**، واتا: هەرکاتێك بەندەکانی من پرسیاریان لێ کردیت دەربارەی من ئـەوا بێگومـان مـن

---

١ – ترمیزی(٢٩٥٤ و ٢٩٥٥) و تەیالیسی(١٠٤٠) و کەسانی تریش گێڕاویانەتەوە بەسەنەدێکی حەسەن. بۆ تەواوی تەخریجەکەی بڕوانە:((الإتمام لتخريج أحاديث المسند الإمام))(١٩٤٠٠).

لێیانـەوە نـزیکم گیرادەکـەم نـزای نزاکـاران هـەرکاتێك هـاوار و نـزام لێبکـەن دەی بائەوانیش بەدەم منەوە بێن وە بڕوام پێ بهێنن بەڵکو ڕێ ی ڕاست بدۆزنەوە.

لـەو ئایەتـەدا، خـوای گـەورە وەڵامدانـەوەی داوای بەنـدە و باوەڕهێنـان بـەخۆی. کۆکردووەتەوە.

هەروەها لەبارەی پەیامبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ﴿ يَأْمُرُهُم بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَىٰهُمْ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ ٱلْخَبَٰٓئِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَٱلْأَغْلَٰلَ ٱلَّتِى كَانَتْ عَلَيْهِمْ ۚ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِهِۦ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَٱتَّبَعُوا۟ ٱلنُّورَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓ ۙ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿١٥٧﴾ ﴾ الأعراف: ١٥٧،

واتـا: ئەوانـەی شـوێن پێغەمبـەر و نێـردراوی نەخوینـدەوار دەکـەون لەلایـەن پەروەردگارەوە هاتووە ئەو کە نامەدارەکان دەیبینن بە نووسراوەیی لایانە لە تەورات و ئینجیلدا کە فرمانیان پێ دەکات بە چاکە ڕێگرییان دەکات لە خراپە. شتە خاوێن و پاکەکانیان بۆ حەڵاڵ دەکات و شتە پیسەکانیان لـێ حـەرام دەکـات و بـارە قـورس و گرانەکانیان و ئەو کۆت و زنجیرانـەش کـە بەسـەریانەوە بـوون لادەبـات، ئینجـا ئـەو کەسانەی کە باوەڕیان بەو پێغەمبەرە هێنابێت و پەیڕەوی ئەو نورەیـان کردبێـت کـە قورئانە کە لەگەڵیدا نێرراوەتە خوارەوە ئەوان هەموو لە ڕزگار بووانن.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿ الٓمٓ ﴿١﴾ ذَٰلِكَ ٱلْكِتَٰبُ لَا رَيْبَ ۛ فِيهِ ۛ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ ﴿٢﴾ ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِٱلْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴿٣﴾ وَٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ وَبِٱلْءَاخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ ﴿٤﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ عَلَىٰ هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٥﴾ ﴾ البقرة: ١ - ٥، واتا: بە (ئەلیف، لام، میم) دەخوێنرێتەوە، ئەم پیتانەی لە سەرەتای هەندێ لە سورەتەکانی قورئاندا هاتوون تەنها خوای گەورە دەزانێت مەبەستی پێیان

چی یە، ئەمە راسترین تەفسیرە بۆ ئەم پیتانە، بەڵام بە چەند جۆرێ تریش تەفسیر کرلوە لەوانەی: ئەم پیتانە ناون بۆ ئەو سورەتانەی لە سەرەتایانەوەن، یان ناون بۆ خوای گەورە، یان بۆ دەستەوەسان کردنی عەرەبە بێ باوەڕەکانە کە دەیان وت ئەم قورئانە لە خواوە نەهاتووە، پێیان دەڵێت دەی وێنەی قورئان بڵێن کە هەر لەو پیتانە پێك هاتووە ئێوە بەکاری دێنن، ئەم قورئانە هیچ گومانێکی تێدا نیە ڕێ نیشاندەری پارێزگارانە، ئەوانەی کە بڕوا دەهێنن بە شتە پەنهان و نادیارەکان وە نوێژ دەکەن، لەوەی کردومانە بە ڕۆزی یان دەبەخشن لەبەر خوا، وە ئەوانەی کە بڕوا دەهێنن بەو قورئانەی کە بۆ تۆ ئەی موحەممەد (صلى الله عليه وسلم) نێراوە وە بەو کتێبانەی کە بۆ تۆ و پیاوانی پێش تۆ نێراونەتە خوارەوە بڕوایان هەیە بە ڕۆژی دوایی. ئەوانە لەسەر ڕێی ڕاستن لەلایەن پەروەردگارییانەوە وە هەر ئەوانن ڕزگار.

لەناوەڕاستی هەمان سورەتدا ئەفەرمووێ: ﴿ وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلْكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّۦنَ وَءَاتَى ٱلْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ ذَوِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينَ وَٱبْنَ ٱلسَّبِيلِ وَٱلسَّآئِلِينَ وَفِى ٱلرِّقَابِ وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَٰهَدُوا۟ ۖ وَٱلصَّٰبِرِينَ فِى ٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَحِينَ ٱلْبَأْسِ ۗ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُوا۟ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ ﴿١٧٧﴾ ﴾ **البقرة: ١٧٧،**

واتا: چاکە هەر ئەوە نیە کە ڕوو بکەنە بەرەو ڕۆژ هەڵات و بەرەو ڕۆژ ئاوا بەڵکو چاکە ئەوەیە کە مرۆڤ بڕوای ببێ بەخوا و ڕۆژی دوایی و فریشتەکان و کتێبەکان و پێغەمبەران و دارایی خۆی ببەخشێت و لەگەڵ ئەوەی کەخۆشی دەوێت بە خزمان و هەتیوان و بێ نەوایان (هەژاران) و ڕێبواران و سوالکەران و لەڕێ ی ئازادکردنی کۆیلەکاندا وە نوێژی بەچاکی کردبێت و زەکاتی دابێت، پەیمان بەجێ هێنەران کاتێك

که پەیمانیان دابێت و خۆڕاگرن لەکاتی تەنگە دەستی وە نەخۆشی و لەکاتی جەنگدا، ئائەوانەن کەڕاستیان کردووە هەر ئەوانەن پارێزکاران.

پـــەروەردگار ئەفـــەرموویت: ﴿ وَٱلْعَصْرِ ۝١ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَفِى خُسْرٍ ۝٢ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلْحَقِّ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلصَّبْرِ ۝٣ ﴾ **العصر: ١ - ٣**، واتـا: سوێند بە کات. بێگومان هـەموو خـەڵکی لـە زیاندایـە. مەگـەر ئەوانـەی کـە بڕوایـان هێنابێ و کردەوە چاکەکانیان کردبێ وە ئامۆژگاری یەکتریان کردبێ بە ئـاینی راست وە ئامۆژگاری یەکتریان کردبێ بە ئارام گرتن.

خـوای گـەورە سـوێندی بـەکات خـواردووە کـە کـات و وەختـی کـرداری قـازانج و زیانەکانە، سوێندی خواردووە کە هەموو مرۆڤەکان لـەزیان و دۆڕانـدان جگـە لەوانـەی هێزی زانستیی خـۆی کامـڵ و تـەواو کـردووە بـەباوەڕهێنان بـەخوای گـەورەو هێـزی زانستیی خۆی کامڵ کردووە بەکارکردن لەخواپەرستی و گوێڕایەڵی خوای گەورەدا. ئا ئەوە کەماڵی خۆیەتی لەدەروونی خۆیدا. پاشان ئەوی تری کامڵ کردووە بەوەسێت و ڕێنمـاییکردنی و فـەرمانی داوە لەژیانیـدا ئـەنجامی بـدات، ئـەویش ئـارامگری و خۆڕاگرییە،خۆی کامڵ کردووە بەزانستی بەسوود و کرداری چاك، ئەوی تریشی کامـڵ کردووە لەڕێگەی فێرکردن و ئاشناکردنی بەئارامگری و وەسێتی پێکـردووە لەسـەری ئارام بگرێت، ئا لەبەر ئەوەیە شـافیعی (بەڕەحمـەت بـێ) وتوویـەتی:((گـەر خـەڵکیی لەسورەتی عەسر رابمانایە، ئەو سورەتەیان بەس ئەبوو)).

لەزۆر شـوێنی قورئـانی پـیرۆزدا ئـەو واتایـە هـاتووە، خـوای گـەورە هـەواڵ دەدات بەوەی، خەڵکانی خۆشبەخت و بەختـەوەر، ئەوانـەن کـە حـەقیان ناسـیووەو شـوێنی کەوتوون، بەدبەخت و زیانمەندانیش، ئەوانـەن کـە حـەقیان نەناسـیووەو لێـی وێـڵ و سەرگەردان بوونە، یان حەقیان ناسیووەو پێچەوانەیان کردووە و شوێنی جگە لەحەق و ڕاستیی کەوتوون.

دەبێ بزانرێت کە ئەو دوو هێزە لەدڵدا لەکارناکەون، ئەگەر هێزی زانستیی خۆی لەناسین و پەیبردن بەحەق بەکاریهێنا باشە، ئەگەرنا ئەوە لەو شتە باتڵ و نارەوایانەدا بەکاریدەهێنێ کە پێی گونجاو و شیاوە. ئەگەر هێزی ویستی زانستیی لەکارکردن بەحەق بەکاریهێنا باشە، ئەگەرنا لەدژ بەحەق بەکاریدەهێنێ، چونکە مرۆڤ بەسرووشتی خۆی هەوڵدەر و بەتەقەلایە، هەروەک پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:"أصدقُ الأسماءِ: حارِثٌ وهَمَّامٌ"[1]،واتا:دروستترینی نێو ناوەکان،(حارِثٌ وهَمَّامٌ)ە.

(الحارِثٌ) مرۆڤی کاسب و کرێکارە،(هَمَّامٌ)یش مرۆڤی خاوەن مەبەست و نەبەزە، چونکە دەروون بەپێی ویست(ئیرادە) دەکەوێتە جوڵە، ئەو جوڵەیە لەپێویستییەکانی خودی دەروونە، ئیرادەش مەبەست پێویست دەکات و بۆی وێنای دەکات، جا ئەگەر وێنای حەق نەکات و بەدوایدا نەڕوات، ئەوە وێنای باتڵ دەکات و هەوڵی پەیدا کردنی دەدات و بەدوایدا دەچێ.

***

---

١ – ئیبن وەهب لە(الجامع)(ص٧) گێڕاویەتییەوە و ئەڵێ: ئیبن لوهەیعە هەوالّی پێداین لەجەعفەری کوڕی ڕەبیعەوە، ئەویش لەڕەبیعەی کوڕی یەزیدەوە، ئەویش لەعبداللەی کوڕی عامری ئەلیەحسوبییەوە بەمورسەلی: کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:"خير الأسماء عبد الله وعبد الرحمن، ونحو هذا، وأصدق الأسماء الحارث وهمَّام"،واتا: باشترینی نێو ناوەکان، عبدالله و عەبدولڕەحمانە، هاوشێوە ئەوە، دروستترینی نێو ناوەکانیش (الحارث و همَّام)ە. سەنەدی گێڕانەوەی سەحیحی مورسەلە، هاوشێوە(شاهد)ی هەیە و ئەحمەد(١٩٠٥٤) و ئەبو داوود(٤٩٥٠) و نەسائی لەسوونەنەکەی(٦/ ٢١٨)ئیخراجیان کردووە لەڕێگەی عەقیلی کوڕی شەبیبەوە ئەویش لەئەبی وەهب ئەلجوشەمیيەوە. سەنەدەکەی لاوازە، بەڵام ئەوەی پێش خۆی بەهێز دەکاتەوە. ئەم فەرموودەیە، شێخی ئیسلام لە(مجموع الفتاوى)(١/ ٣٧٩) هێناویەتییەوە و داوێتییە پاڵ(سەحیحی موسلیم) لەڕێگەی ئیبن عومەرەوە، بەڵام ئەوە وەهمێک بووە لەشێخی ئیسلامەوە(بەڕەحمەت بێ)، چونکە لەنێو فەرموودەکەی ئیبن عومەردا باسی(الحارث و الهمَّام) نەهاتووە.

تەوەری شەشەم

دڵ، بەختەوەری و چێژو خۆشی و چاکبوونی بۆ نابێ تائەوەی اللە بەتەنیا دەبێتە خواو بەدیهێنەر و تاکە پەرستراو و مەبەست و لەهەموو شتێکی تر بەلایەوە خۆشەویستر ئەبێ

ڕوونە هەموو زیندوویەک(جگە لەخوای گەورە)، جا زیندووەکە لەفریشتەکان بێ یان مرۆڤ و جنۆکەو هەر گیاندارێك، هەژار و خاوەن پێویستییە بۆ دەستخستنی شتێك سوودی پێ بگەیەنێ و زیانی لەسەر لابدات، ئەوەش بەبێ تێڕوانینی بۆ سوودو زیان،بۆ ئەو زیندووە نایەتەدی و ڕووندات، سوود لەڕەگەزی چێژو نیعمەت، زیانیش لەڕەگەزی ئازارو ئەشکەنجە و پێویستە پەی بەو دوو شتە ببات.

بۆیە دوو شت پێویستە:

یەکەم: ناسینی ئەو خۆشەویستە ویستراوەی کە بەپەیبردن پێی، سوودو چێژ بەدیدێت.

دووەم: ناسینی یارمەتیدەری گەیەنەر بەدەستخستنی مەبەست.

لەخوار ئەوەش، دوو شتی تر هەیە:

یەکەم: نەویستراوێکی ڕقاویی زیاندەر.

دووەم: یارمەتیدەرێکی بەرگری لێکەر.

بۆیە ئەوە چوار شتە:

یەکەم: کارێکی خۆشویستراوی ویستراوی هەبوو.

دووەم: کارێکی نەویستراوی نەبوو.

سێیەم: ئامرازێك بۆ لابردنی نەخوازراو.

چوارەم: ئامرازێك بۆ دەستخستنی ویستراوێکی خۆشویستراو.

ئەو چوار کاروبارە بۆ مرۆڤ پێویستن، نەك تەنیا بۆ مرۆڤ، بەڵکو بۆ هەموو ئاژەڵێکیش پێویستن، چونکە بوون و چاکبوون و لەباربوونی بەو چوار شتەوە پەیوەستە.

ئەگەر ئەوە هاتەدی، ئەوە خوای گەورە مەبەست و داواڵێکراوە، تەنیا روو دەکرێتە ئەو و داوای رازیبوونی لێ دەکرێت، ئەو یارمەتیدەرە بۆ هاتنەدی ئەوە.

پەرستنی غەیری خواو لاکردنەوە بەلای غەیری خواو و پەیوەستبوون بەغەیری خوای گەورە: رەتکراوەو زیاندەرە، خوای گەورە یارمەتیدەرە بۆ لادانی ئەوە و تەنیا خوای گەورەیە ئەو چوار شتە کۆ دەکاتەوە نەك کەس و شتی تر، خوای گەورە پەرستراوی خۆشەویست و مەبەستە، خۆی یارمەتیدەری بەندەکانێتی بۆ ئەوەی بگەنەلای و بیپەرستن. نەویستراوی جێی رق و تووڕەییش بەویست و توانای خوا دەجوڵێتەوە، خوای گەورە یارمەتی بەندەی دەدات بۆ لادان و دوورخستنەوەی لەخۆی، هەروەك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)لەمەخلوقاتی تر باشتر دەیناسێ، فەرموویەتی:" أَعُوذُ بِرِضَاكَ مِنْ سَخَطِكِ، وَأَعُوذُ بِمُعَافَاتِكَ مِنْ عُقُوبَتِكَ،

وَأَعُوذُ بِكَ مِنْكَ"[1]،واتا:خوایە گیان پەنا ئەگرم بەڕازیبوونت لەتووڕەییت، پەنا دەگرم بەسەلامەتی و رزگارکردنت لەسزات، بەخۆت پەنا دەگرم لەخۆت.

هەروەها فەرموویەتی:"اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْلَمْتُ نَفْسِي إِلَيْكَ، وَوَجَّهْتُ وَجْهِي إِلَيْكَ، وَأَلْجَأْتُ ظَهْرِي إِلَيْكَ، وَفَوَّضْتُ أَمْرِي إِلَيْكَ، لَا مَنْجَى وَلَا مَلْجَأَ مِنْكَ إِلَّا إِلَيْكَ"[2]،واتا:خوایە گیان من وا خۆمم رادەستی تۆ کرد، ڕووی خۆمم وەرگێڕا ڕووەو تۆ، کاری خۆمم بە تۆ ڕاسپارد، پەنام بۆلای تۆ هێناوە و بەحەز و ناچارییەوە ڕووەو لای تۆ هاتووم، بێگومان هیچ پەنا و رزگاربوونێك نییە تەنیا لای تۆ نەبێ.

بێگومان هەموو پەناو رزگاربوونێك لای خوای گەورەیە، پەنا بەخوا دەگیردرێت لەشەڕی هەر بوونەوەرێك بەویست و توانای خوای گەورە، دروستکردنی ئەوانە کاری خوایە یان لەلایەن دروستکراوانییەوە بەویستی خۆی ڕوودەدات.

هەموو فەرمانێك لای خوای گەورەیە، هەموو سوپاس و ستایشێکیش شایستەی خۆیەتی، دەسەلآت هەموو هی خۆیەتی، هەموو خێرو خۆشییەك لەدەستی خۆیدایە، هیچ مەخلوقێك ناتوانێ سوپاس و ستایشەکانی بژمێرێ، بەڵکو وەك ئەوەیە کە خۆی ستایشی خۆی کردووەو لەسەرووی ئەوەوەیە کە مەخلوقاتەکانی ستایشی دەکەن.

ئەوە چاکبوون و بەختەوەریی بەندەیە لەهێنانەدی واتای ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە:﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ۝٥ ﴾ **الفاتحة:** ٥، واتا: خوایە تەنها تۆ دەپەرستین وە تەنها لە تۆ داوای یارمەتی دەکەین.

---

١ – موسلیم ئیخراجی کردووە لەعائیشەوە(٤٨٧).

٢ – بوخاری(٢٩٧/١١)، موسلیم(٢٧١٠) لەڕێگەی بەرائی کوڕی عازبەوە ئیخراجیان کردووە.

پەرستش[1] شتی مەبەست و ئەنجامدراو لەخۆ دەگرێت، لەخۆگرتنێك بەباشترین شێوەی سەلماندنی بەندایەتی، خوای گەورە کە پشت پێ بەستراوە، پشتی پێ دەبەستێت بۆ ئەنجامدانی مەبەست و فەرمان.

یەکەم: لەڕووی واتای خوایەتیی خوای گەورە.

دووەم: لەڕووی واتای پەروەردگارێتی خوای گەورە.

خوا(الإله)، ئەوەیە کە دڵەکان بەخوای خۆیانی دەکەن بەخۆشویستن و گەڕانەوە لای و گەورە راگرتن و بەڕێزدانان و سەرکزکردن بۆی و دەرخستنی ترس و ئومێد و پشت بەستن پێی. پەروەردگاریش، ئەوەیە کە بەندەی دەهێنێتەبوون و پێیدەگەیەنێ و بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی ڕێنمایی دەکات، بۆیە هیچ خوایەك نییە جگە لەخۆی و هیچ پەروەردگارێك بوونی نییە جگە لەخۆی. هەروەك چۆن جگە لەپەروەردارێتی الله هیچ پەروەردگارێتییەکی تر نییەو بانگەشەی بوونی پەروەردگارێتییەکی تر پووچەڵترین پووچەڵییەکە، بۆ خوایەتییش هەروەهایە.

خوای گەورە لەزۆرێك شوێنی قورئانەکەیدا ئەو دوو بنچینەیەی کۆکردووەتەوە، وەك فەرموویەتی:﴿ فَٱعۡبُدۡهُ وَتَوَكَّلۡ عَلَيۡهِۚ ﴾ **هود: ١٢٣**، واتا: ئەو بپەرستە و هەر پشت بەو ببەستە.

لەبارەی شوعەیبی پەیامبەریشییەوە فەرموویەتی:﴿ وَمَا تَوۡفِيقِيٓ إِلَّا بِٱللَّهِۚ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ أُنِيبُ ٨٨ ﴾ **هود: ٨٨**، واتا: ئەوەندەی بتوانم سەرکەوتوویم تەنها بە(پشتیوانی)خوایە پشتم هەر بەو بەستووە هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێمەوە.

---

١ – دانەر(بەڕەحمەت بێ) کتێبێکی قەبارە گەورەی هەیە ناوی لێناوە(مدارج السالكين في منازل و ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ٥ ﴾) لەسێ بەرگدا چاپ کراوە.

هـــەروەها فەرموویـــەتی:﴿ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱلْحَيِّ ٱلَّذِى لَا يَمُوتُ وَسَبِّحْ بِحَمْدِهِۦ ﴾ **الفرقان:** ٥٨، واتـا: پشـت ببەسـتە بـە خـوای زیـندوو کـە زاتێکـە هـەرگیز نامرێـت تەسبیحات بکە بە ستایشی ئەو.

هـەروەها فەرموویـەتی:﴿ وَٱذْكُرِ ٱسْمَ رَبِّكَ وَتَبَتَّلْ إِلَيْهِ تَبْتِيلًا ۝٨ رَّبُّ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱتَّخِذْهُ وَكِيلًا ۝٩ ﴾ **المزمل:** ٨ - ٩، واتا:هەمیشە یادی پەروەردگارت بکە وە خـۆت یـەکلا کـەرەوە بـە یـەکلایی کردنەوەیـەکی تـەواو. ئـەو خـوای ڕۆژهـەلآت و ڕۆژئاوایە هیچ پەرستراوێك بەڕاستی نی یە تەنها ئەو نەبێ کەوابوو بیکـە بـە بریکـاری خۆت.

هـەروەها فەرموویـەتی:﴿قُلْ هُوَ رَبِّى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ مَتَابِ ۝٣٠ ﴾ **الرعد:** ٣٠، واتا: بڵێ ئەو پەروەردگاری منە هیچ پەرستراوێك نی یە بێجگـە لـەو پشـتم هەر بەو بەستووە گەڕانەوەشم هەر بۆ لای ئەوە.

لـــەبارەی یەکتاپەرســـتانی شـــوێنکەوتەی ئیبراهیم(ســـەلامی خـــوای لەســـەربێ) فەرموویـــەتی:﴿ رَّبَّنَا عَلَيْكَ تَوَكَّلْنَا وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ ۝٤ ﴾ **الممتحنة:** ٤، واتـا: ئەی پەروەردگارمان تەنها پشتمان بە تۆ بەستووە وە هەر بـۆ لای تـۆ گەڕاوینەتـەوە سەرئەنجامیش هەر بۆ لای تۆیە.

ئەوە حەوت شوێنە لەقورئاندا ئەو دوو بنچینە گەورەیەی واتاکـانی یەکتاپەرسـتیی تیایدا کۆهاتوونەتەوە، بێگومان بەبێ ئەو دوو بنچینەیە، هەرگیزاو هەرگیز ڕزگاربوون و سەرفرازیی نایەتەدی.

ڕووی دووەم: خـوای گـەورە، مـەخلوقاتی لەبـەر پەرسـتنی خـۆی دروسـتکردووە، پەرسـتش کۆکـەرەوەی ناسـینی خـوای گـەورەو گەڕانەوەیـە بـۆلای خـوای گـەورەو

خۆشویستن و دڵسۆزبوونە بۆ خوای گەورە، بەیادی خوای گەورە دڵەکان ئارام دەبنەوە، بەبینینی لەئاخیرەتدا چاوەکان گەش دەبن و دڵەکان سوکناییان بۆ دێت و نازو نیعمەتی خوا بەتەواوەتی دێتەدی. لەئاخیرەتدا شتێکیان پێ نابەخشێ لەخۆشەویستیی خۆی شیرینتربێ بەلای بەندەکانەوە و سووکناییترین بێ بۆ چاو و دڵیان، لەوە شیرینتر و بەنیعمەتتر و گەورەتر نییە بۆ خوای گەورە بڕوانرێ و ببینرێت لەبەهەشت و بەبێ هیچ واسیتەو نێوەندگیرێك، گوێبیستی وتەکانی بی. لەدونیاشدا شتێکی پێیان نەبەخشیووە خۆشەویستر و شیرینتربێ بەلایانەوەو ئۆقرەییان پێ بدات باشتربێ لەباوەڕهێنان بەخۆی و خۆشویستن و تامەزرۆبوون بۆ دیداری و هۆگربوون لەپەنای و بوونە خاوەن نازو نیعمەت بەهۆی یادکردنی.

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەپارانەوەیەکدا ئەو دوو شتەی کۆکردووەتەوە، ئەو پارانەوەیەی لەو فەرموودەیەدا هاتووە کە نەسائی و ئیمام ئەحمەد و ئیبن حیبان لەسەحیحەکەی و ئەوانی تریش[1] گێڕاویانەتەوە لەفەرموودەکەی عەماری کوڕی یاسر: بەوەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەو دوعایەی دەکرد و ئەیفەرموو: «اللَّهُمَّ بِعِلْمِكَ الْغَيْبَ وَقُدْرَتِكَ عَلَى الْخَلْقِ، أَحْيِنِي مَا عَلِمْتَ الْحَيَاةَ خَيْرًا لِي، وَتَوَفَّنِي مَا عَلِمْتَ الْوَفَاةَ خَيْرًا لِي، اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ كَلِمَةَ الْإِخْلَاصِ فِي الْغَضَبِ وَالرِّضَا، وَالْقَصْدَ فِي الْغِنَى وَالْفَقْرِ، وَخَشْيَتَكَ فِي الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ، وَأَسْأَلُكَ الرِّضَا بِالْقَدَرِ، وَأَسْأَلُكَ نَعِيمًا لَا يَنْفَدُ، وَقُرَّةَ عَيْنٍ لَا تَنْقَطِعُ، وَلَذَّةَ الْعَيْشِ بَعْدَ الْمَوْتِ، وَلَذَّةَ

---

١ – نەسائی(٣/ ٥٤) و ئیبن حیبان(١٩٧١) و ئیبن خوزەیمە(ص١٢) و ئەلحاکم(١/ ٥٢٤– ٥٢٥) ئیخراجیان کردووە لەڕێگەی حەمادی کوڕی زەید ئەویش لەعەتائی کوڕی سائیب ئەویش لەباوکییەوە ئەویش لەعەممارەوە، سەنەدەکەی سەحیحە، چونکە گێڕانەوەکەی حەمماد لەعەتائەوە هی کاتی پێش تووشبوونێتی بەتێکەڵوپێکەڵکردن. ڕێگەیەکی تری گێڕانەوەی هەیە لە(المسند) و قسەی دوورودرێژی لەسەر دەبینی لە(الإتمام)(١٨٣٥١).

النَّظَرِ إِلَى وَجْهِكَ، وَشَوْقًا إِلَى لِقَائِكَ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ ضَرَّاءَ مُضِرَّةٍ، وَفِتْنَةٍ مُضِلَّةٍ، اللَّهُمَّ زَيِّنَا بِزِينَةِ الْإِيمَانِ، وَاجْعَلْنَا هُدَاةً مُهْتَدِينَ»،واتا:خوایە گیان بەزانستی شاراوەی خۆت و توانات بەسەر مەخلوقاتدا داوات لێ دەکەم، بمژێنە هەتا ئەوکاتەی ژیان بۆ من خێری تێدایە، بمرێنە ئەوکاتەی کە مردن بۆ من خێری تێدایە، داوای ترسی تۆ دەکەم لەشاراوەو بینراوەییدا، داوای قسەی حەقت لێ دەکەم لەکاتی تووڕەیی و رازیبووندا، لەهەژاری و دەوڵەمەندییشدا داوای سادەیی و قەناعەتت لێ دەکەم، داوات لێ دەکەم بەنازو نیعمەتێك کۆتایی نەیەت، سوکناییەك کۆتایی نەیەت، داوای رازیبوونی دوای قەزاو قەدەرت دەکەم، هەروەها ژیانێکی خۆش لەدوای مردن، داوات لێ دەکەم چێژی بینینم پێ بدەی بۆ بینینی رووی خۆت، داوات لێ دەکەم تامەزرۆیی دیداری خۆتم پێ بدەی بەبێ زیان و فیتنەیەکی سەرگەردانکەر، خوایە گیان بەجوانیی ئیمان بمانرازێنەوە، بمانگێرە بەهیدایەتدەر و رێنماییکار بۆ ئەوانی تر.

لەو پارانەوە گەورەیەدا کۆیکردووەتەوە لەنێوان باشترین شتێکی دونیا و باشترین شتێکی ئاخیرەت، باشترین شتی دونیا کە تامەزرۆبوونە بۆ دیداری خوای گەورە، باشترین شتی ئاخیرەتیش، روانینە رووەتی پیرۆزی خوای گەورەیە، ئەوەش وەستاوەتەوە سەر ئەوەی لەدونیادا کارێك نەکرێ زیان بدات لەگەیشتن بەو دیدارە و فیتنە و سەرگەردانیی بێ لەئاییندارییدا، بۆیە فەرموویەتی: بەبێ ئەنجامدانی زیان و زیاندان و فیتنەیەکی سەرگەردانکەر.

لەبەرئەوەی کەمالی بەندە ئەوەیە حەق بناسێ و پەیڕەوی بکات و بۆ ئەوانی تریش ببێتە مامۆستاو رێنیشاندەر، بۆیە فەرموویەتی: بمانگێرە بەهیدایەتدەر و رێنماییکار بۆ ئەوانی تر.

لەبەرئەوەی رازیبوونی سوودبەخش و ئەوەی مەبەستی پێکابێ ئەوەیە دوای قەزاو قەدەرەکە رووبدات و بوونی هەبێ نەك لەپێشتردایە،بۆیە ئەوە پێداگرییە لەسەر رازیبوون، بەڵام کە رووداوەکە رووی دا، پێداگریی نامێنێ و هەڵدەوەشێتەوە، ئەوکات رازیبوون دێتە ئاراوە و دەردەکەوێ ئاخۆ کەسەکە رازییە بەو قەدەرە یان نە. مرۆڤی قەدەر بەسەرهاتوو، دوو شتی بەسە:

پێش کاروبارەکە، ئیستیخارەو راوێژی خوا بکات. لەدوای رووداوەکەش رازیی بێ.

بۆیە یەکێك لەبەختەوەرییەکانی بەندە، ئەوەیە ئەو دوو شتە پێکەوە لەخۆیدا کۆبکاتەوە[1].

لەبەرئەوەی زۆرینەی خەڵك کاتێ قسەی حەق دەکەن کە لەبەرژەوەندیی خۆیاندا بێ و پێی رازیی بن، کە تووڕەش بوون تووڕەبوون بەباتڵ و ناهەقیان دەگەیەنێ و بەهۆی رازیبوونیشەوە هەندێجار دەکەونە ناڕەواوە، ئەوە پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) داوای لەخوای گەورە کردووە، لەهەرشتێك جێی رازیبوونی بێ یان تووڕەیی، لەقسەی حەق لانەدات. لەبەرئەوەیە هەندێ لەپێشین وتوویانە:(لەوانە مەبە لەبەر رازیبوون و بەرژەوەندیی تێکەڵ بەباتڵ دەبێ، تووڕەیی و بەدڵنەبوونیش لەحەق لای دەدات).

لەبەرئەوەی هەژاری و دەوڵەمەندیی دوو تاقیکردنەوەی پڕ مەینەتین و خوای گەورە بەندەی خۆی پێیانەوە تاقیدەکاتەوە، بەندە لەدەوڵەمەندییدا دەست بڵاوو

---

١ – ئەم فەرموودەیە گێڕدراوەتەوە:"من سعادة ابن آدم استخارة الله...."،واتا: راوێژکردن بەخوای گەورە، یەکێکە لەبەختەوەرییەکانی مرۆڤ. لاوازە، سەحیح نییەو لەپێشەکی ئەم کتێبەدا ئاماژەم بۆ کردووە.

لەهەژارییشدا دەست نوقاو دەبێ، ئەوە داوای لەخوای گەورە کردووە لەهەردوو حاڵەتدا مامناوەندی بکات، نە دەستبلاڵو و نەدەست نوقاو.

لەبەر ئەوەی نازو نیعمەت دوو جۆرە: نیعمەتی جەستەو نیعمەتی دڵ، ئەوە گلێنەی و کەمالی بەندەیەو بەبەردەوامی و مانەوەی ئەوەوە پەیوەستە، بۆیە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەخوای گەورە پاڕایەوە بۆ پێدانی نیعمەتێك کۆتایی نەیەت و سوکناییەك تەواوبوونی نەبێ.

لەبەرئەوەی جوانیی دوو جۆرە: جوانیی جەستەو جوانیی دڵ، جوانیی دڵیش بەنرختر مەترسیدارترە، کە جوانیی دڵ هاتەدی، بەجوانترین شێوە جوانیی جەستەش دێتەدی، بۆیە داوای جوانیی ناخی لەخوای گەورە کرد.

لەبەرئەوەی ژیانی دونیا بۆ هیچ کەسێك ئارامی و فێنکەکەرەوە نییەو پڕە بەزبری و ماندوویەتی و ئێش و ئازاری دیار و نادیار، ئەوە داوای ژیانی خۆش و دڵئارامانەی کرد لەدوای مردن.

مەبەست: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەو پاڕانەوەیەیدا خۆشترین شتێکی دونیاو خۆشترین شتێکی ئاخیرەتی کۆکردەوە.

پێویستی بەندەکان بەپەروەردگاریان تاوەکو بیپەرستن و خوایەتیی خوا بسەلمێنن، لەبەرئەوەیە پەروەردگار ئەوانی دروستکردووە و رزق و رۆزیی داون و جەستەیانی پاراستووەو عەیبی داپۆشیوون و ترسی لەسەریان لابردووە. پێویستییان بەخوایەتی الله و خۆشویستن و پەرستنی خوای گەورە پێویستییەکی گەورەیە، ئەوە کۆتا مەبەست و ئامانجی بەندەکانە، بەبێ ئەوە، چاکبوون و لەباربوون و خۆشی و رزگاربوون و چێژو بەختەوەرییەك بوونی نییە، ئا لەبەرئەوەیە(لا إلـه إلا الله) بووەتە

چاکترینی چاکەکان و یەکتاپەرستیی خوایەتییش(توحید الإلهیة) بووەتە لوتکەی فەرمان و بڕیار.

یەکتاپەرستی پەروەردگارێتی (توحید الربوبیة) کە مرۆڤی موسڵمان و بێباوەڕیش دانیپێدا دەنێن و ئەهلی کیتابیش لەکتێبەکانیاندا جێگیریان کردووە، ئەوە تەنیا ئەو یەکتاپەرستییە بەس نییە[1]، بەڵکو دەبێتە بەڵگەو بیانوو لەدژیان، هەروەك خوای گەورە لەچەند شوێنێکی قورئانەکەیدا ئەوەی روونکردووەتەوە. لەبەرئەوەیە یەکێك لەمافەکانی خوای گەورە بەسەر بەندەکانییەوە، ئەوەیە بەبێ هیچ هاوبەشێك بیپەرستن، هەروەك لەو فەرموودە سەحیحەدا هاتووە کە موعازی کوڕی جەبەل(خوای لێ ڕازیی بێ) لەپەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) ئەگێڕێتەوە فەرموویەتی:" أَتَدْرِي مَا حَقُّ اللَّهِ عَلَى عِبَادِهِ؟ " قُلْتُ: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: "حَقُّهُ عَلَيْهِمْ أَنْ يَعْبُدُوهُ وَلَا يُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا، أَتَدْرِي مَا حَقُّ الْعِبَادِ عَلَى اللَّهِ إِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ؟ " قُلْتُ: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: "حَقُّهُمْ عَلَيْهِ أَنْ لَا يُعَذِّبَهُمْ بِالنَّارِ"[2]،واتا:ئایە ئەزانی مافی خوا بەسەر بەندەکانییەوە چییە؟ وتم: خواو پەیامبەرەکەی شارەزاترن. فەرمووی: مافی خوا بەسەر بەندەکانییەوە، ئەوەیە بیپەرستن و بەهیچ شتێك هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن، ئەی دەزانی مافی بەندەکان چییە بەسەر خوای گەورەوە ئەگەر ئەوان مافی خوا بدەن؟ وتم: خواو پەیامبەرەکەی شارەزاترن. فەرمووی: مافی ئەوان بەسەر خوای گەورەوە ئەوەیە، بەئاگری دۆزەخ سزایان نەدات.

---

١ – ئەوە دەبینرێت، هەندێ کۆمەڵی بانگەوازکاری هاوچەرخ تەنیا تەرکیز دەخەنە سەر ئەو جۆرە و هەڵەو تێکەڵۆپێکەڵیی دەکەن و لاناکەنەوە بەلای یەکتاپەرستی خوایەتی یان ئەسمائو سیفات.

٢ – بوخاری(١٣/ ٣٠٠) و موسلیم(٣٠) ئیخراجیان کردووە لەموعازەوە.

لەبەرئەوەیە خوای گەورە بەندە باوەڕدارە یەکتاپەرستەکانی خۆی خۆشدەوێ و بەتەوبەو پەشیمانییان خۆشحاڵ ئەبێ، ئەوەش گەورەترین چێژو خۆشییەکە بۆ بەندەو بەختەوەری و سەرفرازیی بەندەیە. لەنێو بونەوەراندا شتێك نییە جگە لەخوای گەورە سوکنایی پێ بدات و پێی دڵئارام بێ و هۆگریی پێ ببینێ و بەرووکردنەلای خوای گەورە، دڵفراوان و بەختەوەریی چنگخستبێ. بێگومان هەرکەسێك جگە لەخوای گەورە بپەرستێ با لەو رێگەیەشەوە چێژو سوودێکی دەستخستبێ، ئەوە زیانی ئەو کارە چەندان ئەوەندەی ئەو سوودو بەرژەوەندییەیە کە دەستیخستووە، وەك ئەوەیە خواردنێکی خۆشی ژەهراویی خواردبێ.

چۆن ئاسمانەکان و زەوی زیاتر لەخوایەکیان هەبووایە کاول و وێران دەبوون هەروەك پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ لَوۡ كَانَ فِيهِمَآ ءَالِهَةٌ إِلَّا ٱللَّهُ لَفَسَدَتَاۚ ﴾ **الأنبياء: ٢٢**، واتا: ئەگەر لە ئاسمان و زەویدا چەند پەرستراوێك هەبوایە جگە لە خوا بێگومان ئاسمان و زەوی کاول و وێران دەبوون.

دڵنیش ئا بەوجۆرەیە، ئەگەر زیاتر لە(الله) پەرستراوێکی تری تێدا هەبێ، ئەوە بەجۆرێ کاول دەبێ کە چارەسەری نەبێ تەنیا ئەوکاتە نەبێ کە پەرستراوی جگە لە الله تیایدا دەربکرێ و تاکە پەرستراوی دڵ الله بێ، ببێتە ئەو پەرستراوەی کە خۆشیدەوێ و ئومێدی پێ دەبێ و لێی دەترسێ و پشتی پێ دەبەستێ و بۆلای دەگەڕێتەوە.

رووی سێیەم: هەژاری و پێویستیی بەندە بۆ خوای گەورە، بەوەی تاك و تەنیاو بێ هاوبەشێك بپەرستێ،هاوشێوەییەکی نییە پێیەوە پێوانە بکرێت، بەڵام لەهەندێ رووەوە لێکچووی پێویستی جەستەیە بەخۆراك و خواردنەوەو هەناسە، لەوەدا پێوانە دەکرێت، بەڵام زۆرێك جیاوازییشیان لەنێواندا هەیە.

حەقیقەتی بەندە بریتییە لەدڵ و روحی، تەنیا بەخوا راستەقینەکەی چاك و ڕێك دەبێت کە هیچ خوایەکی بەحەق بوونی نییە جگە لە ئەو، تەنیا بەیادی ئەو ئارام دەبێت و بەناسین و خۆشویستنی سوکنایی دێت، ماندووە بۆ دیداری و پێیشی دەگات. بەندە چاك و ڕێك نابێ تەنیا بەیەکتاپەرستی خۆشویستن و پەرستن و ترس و ئومێد لەخوا نەبێ. ئەگەر لەدەرەوەی ئەوە خۆشییەکی بۆ بێتەدی، خۆشییەك دەبێ درێژە نەکێشێ و بەردەوام نەبێ، لەجۆرێکەوە دەچێتە سەر جۆرێکی تر و لەکەسێکەوە دەچێتەلای کەسێکی تر، لەحاڵێکەوە بۆ حاڵێکی تر کەمێ چێژ دەکات، زۆر جار ئەو چێژو خۆشییەش بۆی دەبێتە گەورەترین هۆکارەکانی زیان و ئازار پێگەیاندنی.

هەرچی خواوەندی راستەقینەیەتی، ئەوە پێویستە هەموو کات و دۆخێك لەپەنایدا بێ، مرۆڤەکە لەهەرکوێدا بێ، هەناسەی باوەڕ و خۆشویستن و پەرستش و گەورەڕاگرتنی بۆ خوای گەورە بۆی دەبێتە خۆراك و هێز و چاك و لەبارکردنی، هەروەك ئیمانداران لەو حاڵەتەدا دەبینرێن و قورئان و فەرموودەش بەڵگەی لەسەر داوە و فیترەت و دڵیش شایەتییان لەسەر داوە، وەك ئەوە نییە کە کەمینەیەك لەوانەی وردنابنەوەو مەعریفەیان نییەو شانسی چاکەیان نییە ئەڵێن: پەرستش و یادی خواو سوپاسکردنی، ئەرك و ناڕەحەتییە، بۆچی ئەمە ئەڵێن، تەنیا لەبەر بوونی تاقیکردنەوەو ناخۆشی و وەك بەرانبەرییەك دەیبینن و بەوەرزشێکی رووحیی بەنمونەی بەرزکردنەوەی پلەی ئاژەڵ. نەك بەنمونەی قسەی ئەوانەش[1] کە شانسێکی

---

١ – هەروەك سۆفییەکان لەکۆندا و موعتەزیلەی سەردەم لەنوێدا بڕیاری عەقڵیان بەسەر شەرعی خوادا پێشخستووە و عەقڵی خۆیانیان کردووەتە ئەو بناغەیەی کە شەریعەت و بیروباوەڕەکانی پێ قبوڵ دەکەن، ئەوەی بەعەقڵیاندا بچێ قبوڵی دەکەن و ئەوەی عەقڵیان وەری نەگرێ ڕەتیدەکەنەوە، لەکتێبەکەمدا(علم أصول البدع) بەدوورودرێژی لەو بارەیەوە قسەم کردووە.

سووك و هیچیان هەیە لەناسینی خوای گەورەداو پشکی کەمیان هەیە لەچێژکردنی حەقیقەتەکانی ئیمان و خۆشحاڵن بەو بیرە هیچ و خۆڵو خاشاکانەی لەبیریاندا هەیە.

بۆیە پەرستنی خوای گەورەو ناسین و یەکتاپەرستنی و سوپاسکردنی، گلێنە و سوکنایی مرۆڤ و باشترین چێژی روح و دڵە، باشترین نازو نیعمەتێکە ئەو کەسەی شیاوی ئەوەیە، بەدەستیهێنابێ.

هەر خوای گەورە پشت و پەنایە.

پەرستن و فەرمانەکانی خوای گەورە بەپلەی یەکەم، ئامانج پێیان ناڕەحەتی و ئەرك خستنەسەر شان نییە، با لەبەر کۆمەڵێ هۆکاری پێویست لەهەندێکیاندا هەندێ لەئەرك ببینرێت، راپەڕاندنی ئەو کارەیە ئەوە دەخوازێ.

فەرمانەکانی خوای گەورەو ئەو مافانەی کە خستوویەتییە سەر شانی بەندەکانی و ئەو شەریعەتانەی کە بۆی دایناون، گلێنەی چاو و سوکنایین، چێژی دڵانن، خۆشیی روحەکانن، شیفاو بەختەوەری و رزگاربوونی دڵەکانن، کەمالی دڵەکانن لەڕووی بژێوی و ئاخیرەتەوە. بەبێ ئەو فەرمانانەی خوای گەورە، دڵ بەخۆشی و بەختەوەری و چێژو رزگاربوون ناگات، هەروەك پەروەردگار دەفەرموێت:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَتْكُم مَّوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَشِفَآءٌ لِّمَا فِى ٱلصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴿٥٧﴾ قُلْ بِفَضْلِ ٱللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُوا۟ هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ﴿٥٨﴾ ﴾ **یونس:** ٥٧ - ٥٨، واتا:ئەی خەڵکینە بێگومان بۆتان هاتووە ئامۆژگاری(قورئان) لە لایەن پەروەردگارتانەوە وە شیفا و چارەیە بۆ ئەوەی لە ناو دڵ و دەروونتان دایەوە ڕێنموونیی و میهرەبانیە بۆ بڕواداران. ئەی موحەممەد(صلى الله عليه وسلم) بڵێ هەر بەهۆی چاکەو میهرەبانی خواوەیە جا کەواتە با بەوە دڵخۆش بن ئەوە چاکترە(بۆیان)لەوەی کۆی دەکەنەوە لەشتی ئەم دنیایە.

ئەبو سەعیدی خودری ئەڵێ: فەزڵی خوا: واتا قورئان. بەزەیی و سۆزی خوا: ئەوەیە ئێوەی گێڕاوە بەئەهلی قورئان.

هیلالی کوڕی یەساف[1] ئەڵێ:((ئەو ئیسلامەی کە خوای گەورە ئێوەی بۆ هیدایەت دا، ئەو قورئانەش کە فێری ئێوەی کرد، باشترە لەهەموو ئەو شتانەی کۆیدەکەنەوە لەئالتوون و زیوو)).

ئیبن عەباس و ئەلحەسەن و قەتادەش وتوویانە:((چاکەو فەزڵی خوا بریتییە لە: ئیسلام. بەزەیی و سۆزیشی، بریتییە لە: قورئان)).

کۆمەڵێکی پێشین وتوویانە:(فەزڵی خوای گەورە بریتییە لەقورئان، بەزەیی و سۆزیشی بریتییە لەئیسلام).

ئەنجام: قورئان و ئیسلام هەردوو وەسفیان لەخۆگرتووە، فەزڵ و بەزەییشن، ئەوە ئەو دوو شتەیە کە خوای گەورە بەهۆیانەوە منەتی خستووتەسەر پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و فەرموویەتی:﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ رُوحٗا مِّنۡ أَمۡرِنَاۚ مَا كُنتَ تَدۡرِي مَا ٱلۡكِتَٰبُ وَلَا ٱلۡإِيمَٰنُ ﴾ **الشورى: ٥٢**، واتا: هەر بەو شیوەیە (کە وەحی پێ دێ) قورئانمان بۆ تۆ نارد ئەی موحەممەد (صلى الله عليه وسلم) بەفرمانی خۆمان کە تۆ نەتدەزانی کتێب و ئیمان چی یە.

خوای گەورە پلەو پایەی ئەو کەسەی بەرزکردووەتەوە کە بەقورئان و ئیمان پایەی بەرزبووەتەوە، ئەوەشی نزم کردووەتەوە کە هیچ شانسێکیان لەقورئان و ئیماندا نییە.

---

١ – تابیعییەکی متمانەدارە، یەکێکە لەپیاوانی نێو کتێبی(التهذيب).

ئەگەر بووترێت: ئەوە لەقورئاندا بەئەرك(تكليف) رووی داوە وەك پەروەردگار دەفەرموێت:﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ﴾ **البقرة: ٢٨٦**، واتا: خوا داوا لە هیچ کەسێك ناکات مەگەر بە ئەندازەی توانای خۆی.

هەروەها فەرموویەتی:﴿ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ﴾ **الأنعام: ١٥٢**، واتا: داوای ئەرك لە کەس ناکەین مەگەر بە ئەندازەی توانای خۆی.

لەوەلامدا دەوترێ: بەڵێ، بەڵام لەلایەنی نەرێنییەوە ئەوە هاتووە، خوای گەورە هەرگیز فەرمان و رێنمایی و شەریعەتەکانی بەئەرك ناو نەبردووە، بەڵکو ناوی بردوون بەڕوح و رووناکی و شیفا و هیدایەت و بەزەیی و ژیان و پەیمان و وەسێت و ئامۆژگاری و هاوشێوەکانی تری ئەوانە[1].

رووی چوارەم: بەڕەهایی، باشترین و بەنرختترین و بالاترین نازو نیعمەتێك لەئاخیرەتدا، بریتییە لەڕوانین بۆ رووی پیرۆزی خوای گەورەو گوێگرتن لەفەرمایشتەکانی، هەروەك لەسەحیحی موسلیمدا هاتووە[2] لەسوهەیبەوە(خوای لێ رازیی بێ) ئەویش لەپەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) کە فەرموویەتی:"إِذَا دَخَلَ أَهْلُ الْجَنَّةِ الْجَنَّةَ، نَادِي مُنَادٍ: يَا أَهْلَ الْجَنَّةِ، إِنَّ لَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ مَوْعِدًا لَابُدَّ أَنْ يُنْجِزَكُمُوهُ، فَيَقُولُونَ: أَلَمْ يُبَيِّضْ وُجُوهَنَا، وَيُثَقِّلْ مَوَازِينَنَا وَيُدْخِلْنَا الْجَنَّةَ، وَيُجِرْنَا مِنَ النَّارِ؟ " قَالَ: «فَيُكْشَفُ لَهُمُ الْحِجَابُ، فَيَنْظُرُونَ إِلَى وَجْهِ رَبِّهِمْ عَزَّ وَجَلَّ، فَمَا شَيْءٌ أَحَبُّ إِلَيْهِمْ، وَلَا أَقَرُّ لِأَعْيُنِهِمْ مِنَ النَّظَرِ إِلَيْهِ»[3]،واتا: کاتێ بەهەشتییەکان دەچنە بەهەشتەوە،

---

١ – بڕوانە:(الدر المنثور(٤/ ٣٦٧).

٢ – بڕوانە لێکۆڵینەوەی دانەر بۆ ئەم بابەتە لەکتێبی(مدارج السالكين)(٩١/١) و (إعلام الموقعين)(١٧١/٣).

٣ – بەژمارە(١٨١).

جارێدەرێك جارێ دەدات و ئەڵێ: ئەی ئەهلی بەهەشت، لای خوای گەورە بەڵێنێکتان هەیەو پێویستە بۆ ئێوە بهێنرێتەدی. بەهەشتییەکانیش ئەڵێ: ئەی رووماڵ سپی نەکرایەوەو تەرازووی چاکەکانمان قووڕس نەکرا و نەخراینە بەهەشت و لەدۆزەخ بەدوور نەخراینەوە؟ چی بەڵێنێکی تر ماوە. ئەوکات پەردە لادەدرێت و دەڕوانن رووی خوای گەورە، ئەوکات هیچ شتێکی تر نییە لەوە لایان خۆشتر و شیرینتربێ و هیچ شتێکی تر نییە بەقەد روانینە رووی پیرۆزی خوای گەورە سوکناییان پێ بدات و ئۆقرەیان پێ بدات.

لەفەرموودەیەکی تردا هاتووە:"فَلَا يَلْتَفِتُونَ إِلَى شَيْءٍ مِنَ النَّعِيمِ مَا دَامُوا يَنْظُرُونَ إِلَيْهِ"[1]،واتا: بەهۆی رونینە خوای گەورە، بەلای هیچ نازو نیعمەتێکی تردا لاناکەنەوە.

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) رووندەکردووەتەوە، ئەگەرچی بەهەشتییەکان لەلایەن خوای گەورەوە تەواوترین نیعمەتێکیان پێ دەدرێت لەبەهەشتدا، ئەوە لەلایەن بەهەشتییەکانەوە هیچ شتێك شیرینتر و خۆشەویستر نییە لەڕوانین بۆ خوای گەورە، چونکە ئەو لەزەت و خۆشییەی لەوەدا دەیبینن، لەسەرووی لەزەت و

---

١ – ئیبن ماجە(ژمارە١٨٤) و ئەلبەزار(٢٢٥٣) و لالکائی لە(السنة)(٨٣٦) و ئیبن عەدی(٦/ ٢٠٣٩– ٢٠٤٠) و ئەلعەقیلی لە(الضعفاء)(٢/ ٢٧٤– ٢٧٥) و ئەبو نوعەیم لە(صفة الجنة)(ژمارە٩١)، لە(الحلية)ش(٦/ ٢٠٨) و ئەلئاجریش لە(التصديق بالنظر) (ژمارە٤٨) و لە(الشريعة)(ص٢٦٧) لەڕێگەی ئەبی عاسم ئەلعەبادانی و ئەویش لەڕێگەی ئەلفەزڵ ئەلڕەقاشی ئەویش لەڕێگەی موحەممەدی کوڕی ئەلمونکەدیر و ئەویش لەڕێگەی جابرەوە لەفەرموودەیەکی دوورودرێژدا. سەنەدەکەی زۆر لاوازە، چونکە ئەلعەبادانی کەسێکی(واە)یە، ئەلڕەقاشیش گێڕانەوەکانی رەتکراوەوە و ناڕاستن(منكر الحديث). ئیبن ئەلجەوزی لە(اللآلئ)(٢/٤٦٠– ٤٦١) رێگەیەکی تری بۆ ئەو فەرموودەیە هێناوەتەوە لە(تاريخ ابن نجار) لەڕێگەی ئەبو هورەیرەوە! ئەوەش لاوازە. براماڵ، سەمیر ئەلزوهەیری لەقسەی لەسەر(التصديق بالنظر) (ص٦٨) ئەڵێ:(فەرموودەیەکی هەڵبەستراوە)! تەواو وردە نییە! بەشێك لەو فەرموودەیەی کە دانەر(بەڕەحمەت بێ) هێناوێتییەوە، واتای ئەو فەرموودەیەی سوهەیبە کە پێش ئەوە هێناویەتییەوە.

خۆشیی خواردن و خواردنەوەو حۆرییەوەیە، لەنێوان هەردوو لەزەت و خۆشی و نیعمەتدا بەراوردێك ناکرێ.

لەبەرئەوەیە خوای گەورە لەدەرهەق بێباوەڕاندا دەفەرموێ: ﴿ كَلَّآ إِنَّهُمْ عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ ﴿١٥﴾ ثُمَّ إِنَّهُمْ لَصَالُوا۟ ٱلْجَحِيمِ ﴿١٦﴾ ﴾ **المطففين:** ١٥ - ١٦، واتا: نەخێر بەڕاستی ئەوان لەو ڕۆژەدا بێ بەشن لە بینینی پەروەردگاریان. لەپاشان بێگومان ئەوان دەچنە دۆزەخەوە.

لەو دوو ئایەتەدا هەردوو جۆری سزای کۆکردووەتەوە: سزای دۆزەخ و سزای پەردەی نێوان خۆی و دۆزەخییەکان، هەروەك بۆ دۆستەکانی خۆیشی هەردوو نازو نیعمەتی کۆکردووەتەوە: نیعمەتی چێژبینین لەبەهەشت، لەگەڵ نیعمەتی چێژبینین لەبینینی ڕووی پیرۆزی خۆی.

خوای گەورە لەو سورەتەدا هەر چوار جۆرەکەی کۆکردووەتەوە، لەبارەی چاکەکارانەوە فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ ٱلْأَبْرَارَ لَفِى نَعِيمٍ ﴿٢٢﴾ عَلَى ٱلْأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾ **المطففين:** ٢٢ - ٢٣، واتا: بێ گومان چاکان لە نازو نیعمەت دان. لەسەر تەخت و بارەگاوە سەیر دەکەن.

واتای ئەو ئایەتە، قسەی ئەوانەی لەبار بردووە کە وتوویانە: ئەڕوانن دوژمنانی خۆیان و بەوە ئازار دەچێژن، یان دەڕوانن کۆشك و باخەکانیان یان دەڕوانن یەکتر! هەموو ئەوەی ئەوان وتوویانە، لادانە لەمەبەست![1]، بەڵکو واتاکەی ئەوەیە: بەهەشتییەکان دەڕوانن ڕووی خوای گەورە، ئەوەش دژە بەحاڵی ئەو بێباوەڕانەی کە

---

١ - هەروەك ئیبازییەکانی سەردەم لەنامە و تۆمارە دەنگییەکانیاندا ئەوە ئەڵێن! پێویستە ئەهلی سوونە لێیان وریابێ، چونکە هەندێکیان بێ زانستن و تەنیا ڕازاندنەوەی قسە دەزانن!

پەردەیان بەپووداو دراوەو خوای گەورە نابینن: ﴿ ثُمَّ إِنَّهُمْ لَصَالُوا الْجَحِيمِ ﴾ المطففين: ١٦، واتا: لەپاشان بێگومان ئەوان دەچنە دۆزەخەوە.

تۆش رابمێنە چۆن خوای گەورە بەراوردی ئەو قسەیەی بێباوەڕانی کردووە کە لەدونیادا بەرانبەر دژەکانی خۆیان وتوویانەتەوەو گاڵتەیان کردووەو لەقیامەتدا پێچەوانەی دەبینەوە، چونکە بێباوەڕان لەدونیادا کاتێ بەلای باوەڕداراندا تێدەپەڕین، لاقرتێ و گاڵتەیان پێیان دەکردو بەباوەڕداران پێدەکەنین: ﴿ وَإِذَا رَأَوْهُمْ قَالُوا إِنَّ هَٰؤُلَاءِ لَضَالُّونَ ﴾ المطففين: ٣٢، واتا: کاتێکیش بیاندیبایە ئەیان وت: ئەمانە گومڕان.

پەروەردگاریش دەفەرموێت: ﴿ فَالْيَوْمَ الَّذِينَ آمَنُوا مِنَ الْكُفَّارِ يَضْحَكُونَ ﴾ المطففين: ٣٤، واتا: ئەمڕۆ کە ڕۆژی دوایی یە ئەوانەی کە بڕوادار بوون بە بێ بڕواکان پێ دەکەنن.

ئەوە بەرانبەر بەوەی لەدونیادا گاڵتەیان بەباوەڕداران دەکرد و پێیان پێدەکەنین، پاشان ئەفەرموێ: ﴿ عَلَى الْأَرَائِكِ يَنظُرُونَ ﴾ المطففين: ٣٥، واتا: لەسەر قەنەفەو کورسی یەوە سەیر دەکەن.

روانین و تەماشکردنی ڕەها کردووە، سنووورداری نەکردووە، بەرزترین شتێکیش بۆی بڕوانن و ببینن، بینینی خوای گەورەیە، روانین بۆ خوای گەورە، لەباشترین و پیرۆزترین بینییەکان و بەرزترین پلەی هیدایەتە، ئەوەی بەراورد کردووە بەفەرمایشتی: ﴿ إِنَّ هَٰؤُلَاءِ لَضَالُّونَ ﴾ المطففين: ٣٢، واتا:ئەوانە گومڕان.

لەو دوو شوێنەدا گومان لەئارادا نییە کە روانین و تەماشاکردنی خوای گەورە مەبەستە، ئەوەش یان بەتایبەت یان بەگشتی و ڕەهایی، هەرکەسێکیش بڕوانێ، بۆی

دەردەکەوێ کە ئەو دوو ئایەتە جگە لەوە، چی بەتایبەت و چی بەگشتی، هیچ شتێکی تر هەڵناگرێ جگە لەبینینی خوای گەورە.

- **چێژی روانینە رووی پیرۆزی خوای گەورە لەقیامەتدا، پەیوەستە بەچێژی ناسین و خۆشویستنی لەدونیادا:**

هەروەك چۆن نازو نیعمەتی بەهەشت بەراورد ناکرێت بەنازو نیعمەتی روانینە رووی پیرۆزی خوای گەورە لەبەهەشتدا، ئەوە نازو نیعمەتەکانی دونیاش بەراورد ناکرێن بەنیعمەتی ناسینی خوای گەورەو خۆشویستن و تامەزرۆبوون بۆ دیداری و ئۆقرەگرتن پێ، هەروەها رێژی روانینە رووی پیرۆزی خوای گەورە لەبەهەشتدا، پەیوەستە بەناسین و خۆشویستنی خوای گەورە لەلایەن بەندەکانەوە. چێژ پەیوەستە بەهەست و شعورو خۆشویستنەوە، هەتاوەکو کەسی خۆشەویست و زیاتر خۆشویستراو بناسێ و خۆشەویستییەکی زۆری بۆ هەبێ، ئەوە چێژبینین بەنزیکبوون و دیدارو پێگەیشتنیشی زیاتر و گەورەتر ئەبێت.

رووی پێنجەم: مەخلوق، هیچ سوودو زیانێکی پێ نییە بۆ بەندە،نە بەخشین و نە گرتنەوە و نە هیدایەت و نە گومڕایی و نە سەرخستن و نە دۆڕاندنی بەدەست نییە، بەڵکو ئەوە خوای گەورەیە هەموو ئەو شتانەی بەدەستە.

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ مَّا يَفْتَحِ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ فَلَا مُمْسِكَ لَهَا ۖ وَمَا يُمْسِكْ فَلَا مُرْسِلَ لَهُۥ مِنۢ بَعْدِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ۝٢ ﴾ **فاطر: ٢**، واتا: خوا بەهەرە و چاکەیەك بۆ خەڵکی بەرەڵا بکات و بیکاتەوە ئیتر بەرگری کەرێکی بۆ نییە وە خوا هەر بەهەرەیەك بگرێتەوە ئیتر لەپاش گرتنەوەی خوا بەرەڵاکەرو نێرەری بۆ نییە وە خوا زاڵی کار دروستە.

هـــەروەها دەفـــەرموویت: ﴿ وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ ۖ وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَآدَّ لِفَضْلِهِۦ ۚ يُصِيبُ بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٠٧﴾ ﴾ **یونس: ۱۰۷، واتا: ئەگەر خوا بەتۆ بگەیەنێت زیانێك هیچ لادەرێك نییە بۆ ئەو زیانەی جگە لەخوا وەئەگەر خێر و خۆشیەکی بوێ بۆت ئەوە هیچ بەرگری کەرێك نییە بۆ چاکەی خوا، بەهرەمەندی دەکات ئەو کەسەی خۆی بیەوێ لەبەندەکانی و ئەو هەر لێبوردەیە.**

هـەروەها خـوای گـەورە دەفـەرموویت: ﴿ إِن يَنصُرْكُمُ ٱللَّهُ فَلَا غَالِبَ لَكُمْ ۖ وَإِن يَخْذُلْكُمْ فَمَن ذَا ٱلَّذِى يَنصُرُكُم مِّنۢ بَعْدِهِۦ ﴾ **آل عمران: ۱۶۰، واتـا: ئەگـەر خـوا سـەرتان بخات ئەوە هیچ کەس زاڵ نابێ بەسەرتاندا**

خوای گەورە لەبارەی هاوەڵی(یس)ەوە ئەفـەرموێ: ﴿ ءَأَتَّخِذُ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً إِن يُرِدْنِ ٱلرَّحْمَٰنُ بِضُرٍّ لَّا تُغْنِ عَنِّى شَفَٰعَتُهُمْ شَيْـًٔا وَلَا يُنقِذُونِ ﴿٢٣﴾ ﴾ **یس: ۲۳، واتا: ئایا بێجگە لەو(خوا)پەرستراوانێك بۆ خۆم بڕیار دەم ئەگەر خوای میهرەبان زیـانی بـۆ من بوێ تکای ئەوان هیچ سوودێك بەمن ناگەیەنێ و (لە سزای خوا) پزگارم ناکەن.**

پـــەروەردگار دەفـــەرموویت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ ۚ هَلْ مِنْ خَٰلِقٍ غَيْرُ ٱللَّهِ يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴿٣﴾ ﴾ **فاطر: ۳، واتا:ئەی خەڵکینە بیر بکەنەوە لەبەهرەی خوا بەسەرتانەوە ئایا بێجگە لەخوا دروست کەرێکی تر هەیە کە ڕۆزیتان بدات لە ئاسمان و زەویدا هیچ پەرستراوێك نییـە بێجگـە لەخوا دەی چۆن وا ڕوو وەردەگێڕن.**

هەروەها خوای گەورە دەفەرموویت:﴿ أَمَّنْ هَٰذَا ٱلَّذِى هُوَ جُندٌ لَّكُمْ يَنصُرُكُم مِّن دُونِ ٱلرَّحْمَٰنِ ۚ إِنِ ٱلْكَٰفِرُونَ إِلَّا فِى غُرُورٍ ﴿٢٠﴾ أَمَّنْ هَٰذَا ٱلَّذِى يَرْزُقُكُمْ إِنْ أَمْسَكَ رِزْقَهُۥ ۚ بَل لَّجُّوا۟ فِى عُتُوٍّ وَنُفُورٍ ﴿٢١﴾ ﴾ الملک: ٢٠ - ٢١، واتا: ئایا ئەوە کێ یە ئەو کەسەی کە لەشکری ئێوەیە یارمەتتیان دەدات لە جیاتی خوای میهرەبان؟! بێ بڕوایان هەر لە فریو خواردنان. ئایا ئەوە کێ یە ئەو کەسەی کە ڕۆزیتان دەدات ئەگەر خوا ڕۆزی خۆیتان لێ بگرێتەوە؟ بەڵکو(بە ئارەزوو) درێژەیان دا بە سەرکەشی و دوور کەوتنەوە لە ڕێ ی ڕاست.

خوای گەورە سەرکەوتن و رزق و ڕۆزیی پێکەوە کۆکردووەتەوە، چونکە بەندە پێویست و ناچارە بەکەسێك دوژمنی لەکۆڵ بکاتەوە بەسەرخستنی،بەڕزق و ڕۆزیپێدانیشی سوودی بۆ دەستبخات، بۆیە سەرخەرو ڕۆزیدەرێك پێویستە، ئەوەش تەنیا خوای گەورەیە مرۆڤ سەردەخات و ڕۆزیی دەدات، خوای گەورە ڕۆزیدەر و خاوەن هێزی بەهێزە.

یەکێك لەنیشانەکانی کاملێتی فام و ناسینی مرۆڤ: ئەوەیە بزانێ ئەگەر خوای گەورە زیانێکی لێ بدات، جگە لەخوای گەورە هیچ کەسێکی تر ناتوانێ ئەو زیانەی لەسەر هەڵبگرێ، هەر نیعمەتێکیش دەستبخات، جگە لەخوای گەورە، هیچ کەسێکی تر ئەو نیعمەتەی پێ نەداوە.

خوای گەورە لەبارەی ساحیرانەوە ئەفەرموێ:﴿وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ ﴾ البقرة: ١٠٢، واتا: ئەوان بەم جادووە ناتوانن زیان بەکەس بگەیەنن مەگەر بەویستی خوا.

ئەوە تەنیا خوای گەورەیە فریای بەندەی خۆی دەکەوێ و سەری دەخات و رۆزیی دەدات و دەیپارێزێ.

ئەم شێوەیە، پشت بەستن بەخوای گەورەو تەنیا هاوارو تکا بردنەلای خوای گەورە پێویست دەکات.

ئەمانەی تریش پێویست دەکات: خۆشویستن و پەرستنی و چاکەکردن لەگەڵ بەندەکانی، جا ئەگەر خوایان خۆشویست و پەرستشیان بۆ کردو لەم رووەوە پشتیان پێ بەست، ئەوە لەم رووەوەوە دەچنە نێو رووی یەکەمەوە.

هاوشێوە بەوە: هەرکەسێ بەلاێکی سەخت و کۆستێکی گەورە یان ترسێکی نیگەرانکەری بەسەردا هات، ئەوە با لەخوای گەورە بپارێتەوەو پەنای بۆ ببات تاوەکو چێژی پاڕانەوەو گەورەیی ئیمانی لێ ببینێ،لەوەدا گەڕانەوەی بۆلای خوای گەورە لەو شتە شیرینتر ئەبێ بەلایەوە کە سەرەتا مەبەستی بووە، بەڵام سەرەتا ئەوە نازانێ تاوەکو لەخوا دەپارێتەوەو تامەزرۆیی بۆ دروست دەبێ.

نزیك بەوە شاعیر وتوویەتی:

جزَى اللهُ يَوْمَ الرَّوْعِ خَيْرًا فَإِنَّه أَرَانَا عَلَى عِلاتِهِ أُمَّ ثَابِتِ
أَرَانَا مَصُونَاتِ الْحِجابِ وَلَمْ نَكُنْ نَرَاهنَّ إِلا عِنْدَ نَعْتِ النَّوَاعِتِ

واتا:خوای گەورە پاداشتی رۆژی ترس و ناخۆشیی بداتەوە کە لەلوتکەی ئارامگری و گەورەییدا دایکی سابتی بۆ ئێمە دەرخست، تەنیا لەڕۆژانی سەختدا دامەزراوی و گەورەیی ئەو ئافرەتانەمان بۆ دەرکەوت.

رووی شەشەم: پەیوەستبوونی بەندە بەجگە لەخوای گەورە زیانی پێ دەگەیەنێ، چونکە ئەو کارە لەسەرووی توانای خۆی لێ وەردەگرێ و یارمەتی نادات بۆ گوێڕایەڵی خوای گەورە. ئەگەر لەسەرووی پێویست خواردن و خواردنەوەو جووتبوونی ئەنجام

دا، ئەوە زیانی پێ دەدات. بێگومان بەندە هەرشتێکی جگە لەخوای گەورەی خۆشویست، ئەوە هەر لەدەستی دەچێ و دابڕانیان دەکەوێتە نێوانەوە، ئەگەر خۆشویستنی بۆ کەس و شتێك لەبەر خوای گەورە نەبوو، بێگومان ئەو خۆشویستنە زیانی پێ دەدات، بەو خۆشویستراوەی ئازار دەچێژێ لەدونیادا بێ یان لەئاخیرەت، بەزۆری لەهەردوو دونیادا سزاو ئازاری دەچێژێ، پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ يَكْنِزُونَ ٱلذَّهَبَ وَٱلْفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣٤﴾ يَوْمَ يُحْمَىٰ عَلَيْهَا فِى نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَىٰ بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ ۖ هَٰذَا مَا كَنَزْتُمْ لِأَنفُسِكُمْ فَذُوقُوا۟ مَا كُنتُمْ تَكْنِزُونَ ﴿٣٥﴾ ﴾ **التوبة: ٣٤ - ٣٥**، واتا: ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە بەڕاستی زۆر لە زانا و عابیدەکان(ی جوولەکە و گاوور)سامان و مالّی خەلّکی دەخۆن بەناهەق و بەرگری(خەلّك) دەکەن لە ڕێگەی خوا وە ئەوانەی ئالّتون و زیوو سەریەك دەنێن و کۆدەکەنەوە و بەختی ناکەن لە ڕێ ی خودا ئەوە موژدەیان پێ بدە بە سزایەکی ئازاردەر. لە ڕۆژێکدا سوور دەکرێتەوە لە ئاگری دۆزەخ دا ئەوسا بەو(ئالّتون و زیووە سوورۆ بووە) داخ دەکرێ ڕوویان و تەنیشتیان و پشتیان(پێیان دەووترێت) ئەمە ئەو(سامانەیە)کۆتان دەکردەوە بۆ خۆتان دەبچێژن(تۆلّەی)ئەوەی کۆتان دەکردەوە.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ فَلَا تُعْجِبْكَ أَمْوَٰلُهُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُهُمْ ۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُم بِهَا فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَتَزْهَقَ أَنفُسُهُمْ وَهُمْ كَٰفِرُونَ ﴿٥٥﴾ ﴾ **التوبة: ٥٥**، واتا: جا با سەرنجت ڕانەکێشێت(سەرسامت نەکات)(زۆری) مالّ و منداڵیان بێگومان خوا دەیەوێت سزایان بدات بەهۆی ئەو(مالّ و منداڵەوە) لەم ژیانی دنیایەدا وە بەسەختی گیانیان دەربچێت لە کاتێکدا کە ئەوان بێ باوەڕن.

راڤەی هەڵبژێردراو بۆ ئەم ئایەتە، ئەوەیە ئەوتریّ: سزادانی ئەوان بەو هۆیەوە، ئەوەیە دەبینرێت دونیاویستان و ئەوانەی باوی دونیا دەدەن بەسەر ئاخیرەتدا سزا دەدرێن بە: هەڵپەو پێداگرییان بۆ دەستخستنی دونیا و ماندووبوونێکی زۆر لەکۆکردنەوەی و کێشانی جۆرەها زۆری چەرمەسەری و ناخۆشی، تۆش کەسێك نابینیتەوە لەوە ماندووتربێ کە دونیا بووەتە گەورەترین پەژارەی و پێداگرە بۆ دەستخستن و کۆکردنەوەی شتەکانی دونیا، بۆیە سزای دونیا لێرەدا بریتییە لەئازارو ماندووبی و ناخۆشی، وەك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:"السَّفَرُ قِطْعَةٌ مِنَ الْعَذَابِ"[1]،واتا:سەفەرو گەشت پارچەیەکە لەئازار و ماندووبوونێتی.

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: «إِنَّ المَيِّتَ لَيُعذَّبُ بِبُكاءِ أَهلِهِ عَلَيْهِ»[2]،واتا: مرۆڤی مردوو، بەهۆی گریانی کەسوکاری، ئازار دەچێژێ. خەفەتبارە بەو بەو گریانەیان، لەسەر گریان و شیوەنی ئەوان، سزا نادرێت. ئەو کەسەش هەمان سەرەنجام و ئازاری هەیە کە دونیا بووەتە هەموو خەم و پەژارەی، هەروەك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی لەو فەرموودەیەی کە ترمیزی و کەسانی تر گێڕاویانەتەوە لەفەرموودەکەی ئەنەس(خوای لێ رازیی بێ) کە هاتووە:«مَنْ كَانَتِ الآخِرَةُ هَمَّهُ، جَعَلَ اللَّهُ غِنَاهُ فِي قَلْبِهِ، وَجَمَعَ لَهُ شَمْلَهُ، وأَتَتْهُ الدُّنْيَا وَهِيَ رَاغِمَةٌ، وَمَنْ كَانَتِ الدُّنْيَا هَمَّهُ، جَعَلَ اللَّهُ فَقْرَهُ بَيْنَ عَيْنَيْهِ، وَفَرَّقَ عَلَيْهِ شَمْلَهُ، وَلَمْ يَأْتِهِ مِنَ الدُّنْيَا إِلاَّ مَا قُدِّرَ لَهُ»[3]،واتا: هەرکەسێ ئاخیرەت ببێتە جێگەی پەژارەو

---

١ – بوخاری(٣/٤٩٦) و موسلیم(١٩٢٧) ئیخراجیان کردووە لەئەبو هورەیرەوە.

٢ – بوخاری(٣/١٢٧) و موسلیم(٩٢٨) ئیخراجیان کردووە لەئیبن عومەرەوە.

٣ – ترمیزی(٢٥٨٧) و بەغەوی(٤١٤٢) و ئیبن ئەبی ئەلدونیا لە(ذم الدنیا)(ژمارە٣٥٣) لەڕێگەی یەزید ئەلڕەقاشی ئەویش لەئەنەسەوە ئیخراجیان کردووە. یەزید کەسێکی لاوازە. بەڵام هاوشێوەیەکی هەیە ئەحمەد(٥/١٨٣) و ئیبن ماجە(٤١٠٥) و ئیبن حیبان(٧٢) و دارمی(١/٧٥) ئیخراجیان کردووە لەڕێگەی

سەرقالّبوونی، ئەوە خوای گەورە دڵی دەوڵەمەند دەکات و کاروباری بۆ رێکدەهێنێ و دونیای بۆ دەهێنێتە بەردەم، هەرکەسێکیش دونیا ببێتە جێگەی خەم و پەژارەو سەرقالّبوونی، ئەوە خوای گەورە هەژاریی ئەخاتە نێوان هەردوو چاوی و هیچی بۆ رێك ناهێنێ و بەئەندازەی ئەوەی بۆ نووسراوە، لەبەشی دونیای پێ دەدرێت.

سەختترین سزایەك لەدونیا: پەرتەوازە بوون و دڵ پارچەبوون و هەژارییەکە لەپێش چاو بێ و لەمرۆڤ دوورنەکەوێتەوە. ئەگەر عاشقانی دونیاویست بەعەشقی دونیا سەرخۆش نەدەبوون، ئەوە لەتاو ئەو ئازارو ئەشکەنجەیەدا هاواریان دەکردو داوای فریاکەوتنیان دەکرد.

هەر لەترمیزییدا[1] لەئەبو هورەیرەوە(خوای لێ رازیی بێ) ئەویش لەپەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) هاتووە کە فەرموویەتی:"يَا ابْنَ آدَمَ تَفَرَّغْ لِعِبَادَتِي أَمْلَأْ صَدْرَكَ غِنًى وَأَسُدَّ فَقْرَكَ، وَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ، مَلَأْتُ صَدْرَكَ شُغْلًا وَلَمْ أَسُدَّ فَقْرَكَ"،واتا:ئەی نەوەی ئادەم، بۆ پەرستنی من یەکلایی ببەرەوە، ئەوە من دڵت پڕ دەکەم لەدەوڵەمەندی، هەژارییت ناهێڵم، ئەگەر وانەکەی، ئەوە دەستت پڕ دەکەم لەکار و سەرقالّی و هەژارییت بۆ چارەسەر ناکەم.

جۆرەها ئەشکەنجەو ئازار هەیە، لەوانە: سەرقالّبوونی دڵ و جەستە بەهەڵگرتنی ناڕەحەتییەکانی دونیاو شەڕکردنی خەڵك لەبەر دونیا و دوژمنایەتیی سەختیان لەسەر

شوعبەوە ئەویش لەعەمری کوڕی سولەیمانەوە ئەویش لەعەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبان ئەویش لەباوکییەوە ئەویش لەزەیدی کوڕی سابتەوە(باسیکردووە). سەنەدەکەشی سەحیحە. ئەو فەرموودەیە هاوشێوەی(شواهد)ی تری هەیەو لێرەدا بواری باسکردنیان نییە، بڕوانە(الإتمام)(٢١٦٣٠).

١ – بەژمارە(٢٤٦٦). ئیبن ماجە(٤١٠٧) و ئیبن حیبان(٢٤٧٧) ئیخراجیان کردووە، لاوازیی تێدا هەیە، بەلآم هاوشێوەی تری هەیە بەهێزی دەکات، لە(الإتمام لتخريج أحاديث المسند الإمام) قسەم لەبارەوە کردووە(ژمارە٨٦٧١) تەماشای بکە.

سەرقالّبوونی، ئەوە خوای گەورە دڵی دەوڵەمەند دەکات و کاروباری بۆ ڕێکدەهێنێ و دونیای بۆ دەهێنێتە بەردەم، هەرکەسێکیش دونیا ببێتە جێگەی خەم و پەژارەو سەرقالّبوونی، ئەوە خوای گەورە هەژاریی ئەخاتە نێوان هەردوو چاوی و هیچی بۆ ڕێك ناهێنێ و بەئەندازەی ئەوەی بۆ نووسراوە، لەبەشی دونیای پێ دەدرێت.

سەختترین سزایەك لەدونیا: پەرتەوازە بوون و دڵ پارچەبوون و هەژارییەکە لەپێش چاو بێ و لەمرۆڤ دوورنەکەوێتەوە. ئەگەر عاشقانی دونیاویست بەعەشقی دونیا سەرخۆش نەدەبوون، ئەوە لەتاو ئەو ئازارو ئەشکەنجەیەدا هاواریان دەکردو داوای فریاکەوتنیان دەکرد.

هەر لەترمیزییدا[1] لەئەبو هورەیرەوە(خوای لێ ڕازیی بێ) ئەویش لەپەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) هاتووە کە فەرموویەتی:"يَا ابْنَ آدَمَ تَفَرَّغْ لِعِبَادَتِي أَمْلَأْ صَدْرَكَ غِنًى وَأَسُدَّ فَقْرَكَ، وَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ، مَلَأْتُ صَدْرَكَ شُغْلًا وَلَمْ أَسُدَّ فَقْرَكَ"،واتا:ئەی نەوەی ئادەم، بۆ پەرستنی من یەکلایی ببەرەوە، ئەوە من دڵت پڕ دەکەم لەدەوڵەمەندی، هەژارییت ناهێڵم، ئەگەر وانەکەی، ئەوە دەستت پڕ دەکەم لەکار و سەرقالّی و هەژارییت بۆ چارەسەر ناکەم.

جۆرەها ئەشکەنجەو ئازار هەیە، لەوانە: سەرقالّبوونی دڵ و جەستە بەهەڵگرتنی ناڕەحەتییەکانی دونیاو شەڕکردنی خەڵك لەبەر دونیا و دوژمنایەتیی سەختیان لەسەر

شوعبەوە ئەویش لەعەمری کوڕی سولەیمانەوە ئەویش لەعەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبان ئەویش لەباوکییەوە ئەویش لەزەیدی کوڕی سابتەوە(باسیکردووە). سەنەدەکەشی سەحیحە. ئەو فەرموودەیە هاوشێوەی(شواهد)ی تری هەیەو لێرەدا بواری باسکردنیان نییە، بڕوانە(الإتمام)(٢١٦٣٠).

١ – بەژمارە(٢٤٦٦). ئیبن ماجە(٤١٠٧) و ئیبن حیبان(٢٤٧٧) ئیخراجیان کردووە، لاوازیی تێدا هەیە، بەڵام هاوشێوەی تری هەیە بەهێزی دەکات، لە(الإتمام لتخريج أحاديث المسند الإمام) قسەم لەبارەوە کردووە(ژمارە٨٦٧١) تەماشای بکە.

دونیا. هەروەك هەندێ لەپێشین وتوویانە:(هەرکەسێ دونیای خۆشویست، با خۆی تەرخان بکات بۆ هەڵگرتنی مەینەتییەکان).

ئەوەی دونیای خۆشدەوێ لەسێ شت رزگاری نابێ:

خەم و پەژارەیەکی پێویست.

ماندوویەتییەکی هەمیشەیی.

حەسرەتێکی بێ کۆتایی.

چونکە هەرکاتێ مرۆڤی دونیاویست چنگی لەشتێکی دونیا گیردەبێ، هەوڵ بۆ باشتر و بەرزتر دەدات، هەروەك لەفەرموودەی سەحیحدا هاتووە لەپەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:"لَوْ كَانَ لِابْنِ آدَمَ وَادِيَانِ مِنْ مَالٍ لَابْتَغَى لَهُمَا ثَالِثًا"[1]،واتا: ئەگەر نەوەی ئادەم دوو دۆڵ سەروەت و سامانی هەبێ، هەوڵی پەیداکردنی دۆڵی سێیەم دەدات.

ئیبن ئەبی ئەلدونیا باسدەکات[2] کە حەسەنی بەسری نامەی بۆ عومەری کوڕی عەبدولعەزیز نووسی:(پاشان، بزانە دونیا شوێن و مااڵی کۆڵۆباری و کاتییە، شوێنی مانەوە نییە، وەك سزایەك ئادەمی بۆ دابەزێنرا، بۆیە تۆش وریای دونیا بە ئەی ئەمیری ئیمانداران! تووێشوویەکەی بەجێدەهێڵرێ و مرۆڤ بەهەژاریی دەگەڕێتەوە، لەهەموو کاتێك لەپێناویدا کۆڕاو هەیە، سەرشۆڕ ئەبێ ئەو کەسەی دونیا شکۆدار ئەکات، هەژار دەکەوێ ئەو کەسەی لەکۆکردنەوەیەدا لەتەقەلادایە، وەك ژەهرێکە کەسێ دەیخوات کە شارەزای نییە و پێیەوە دەمرێ، لەدونیادا وەك بریندارێك بە تەنیا تیمارکردنی ئەوێ و کەمێکی دەخوات نەوەك زۆر ئازار بچێژێ، لەبەر زۆری و

---

١ – بوخاری(١١/ ٢١٧) و موسلیم(١٠٤٨) ئیخراجیان کردووە لەڕێگەی ئەنەسی کوڕی مالیکەوە.

٢ – لەکتێبەکەیدا(ذم الدنيا) دەقی زۆر لەو بارەیەوە هاتووە.

ماوە درێژیی بەلاو ناخۆشییەکە لەسەر سەختی برینەکە ئارام دەگرێت، وریابە بەرانبەر ئەم شوێنە لەخشتەبەرە، فێلاوێیە خەیاڵییە کە بەفێڵ خۆی جوان کردووە و بەلەخۆباییبوونی خۆی رازاندووەتەوەو خۆی پیشانی داخوازیکارانی داوە و وەک بووکێکی پشت پەردەی لەخۆی کردووە کە چاوەکان تەماشای دەکەن و دڵەکان بۆی تڕپەیان دێت و دەروونەکان عاشقین، کەچی بکوژی مێردەکانی خۆیەتی، هەندێ عاشق پێی لەخشتەچوون و بەهۆیەوە پەشیمانییەکی سەختیان تووشهات، حەسرەتی زۆریان چەشت و بە تاڵیی دونیاوە ژیان و بەژەهری دونیا تیاچوون، ئەوەی وێستیان بەدەستیان نەهێنا و لەماندوویەتی دونیاش پشوویەکیان وەرنەگرت، بەبێ تووێشوو لەدونیا دەرچوون. ئاممان وریابە نەبیتە بەشی دونیا، چونکە دۆستی دونیا هەرچکاتێ بۆ خۆشییەک لەپاڵ دونیا دڵئارام بێ، بۆی دەکاتە ناخۆشی، ئەبێتە بەلاو نەگبەتی، خۆشییەکانی بەخەم و خەفەت کۆتایی دێت و تاڵ دەبێ، هیواو ئاواتەکانی درۆینەن، پووچەڵ و بێ ناوەڕۆکن، لەکەدارەو ژیانەکەی نەگبەتی و مەینەتییە.

ئەگەر بهاتبایە خوای گەورە هیچ هەواڵێکی لەبارەی دونیاوە نەدابایەو هیچ نمونەیەکیشی بۆ نەهێنابایەتەوە، ئەوە مرۆڤی خەوتوو بەئاگا دەهات و بێ ئاگاش وریا دەبوویەوە، ئەی چۆن وا نابێ لەهەمان کاتدا لەلایەن خوای گەورەوە ئامۆژگاریکار و ڕێنماییکار هاتووە؟ بزانە دونیا لای خوای گەورە هیچ ڕێزو کێش و قەبارەیەکی نییە، لەوەی دروستی کردووە تەماشای نەکردووە، هەموو دونیا بەکلیل و گەنجینەکانییەوە کە باڵە مێشوولەیەکی لێ کەم نەبوو خرایە بەردەم پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، بەلاّم پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) قبوڵی نەکرد و ڕقی بوویەوە شتێکی خۆشبووێ کە لای خوای گەورە خۆشەویست نەبێ، یان شتێك بەرز ڕابگرێ لەکاتێکدا پەروەردگاری سووکی ڕاگرتووە و سەرپشکانە لەچاکەکارانی

دوورخستووەتەوە و بۆ لەخشتەبردنیش خستوویەتییە بەردەم دوژمنانی خۆی، کەچی بەتوانای لەخشتەبراو بەدونیا وەها دەزانێ بەوە رێزی لێگیراوە، بیری چووەتەوە کە خوای گەورە چی بۆ پەیامبەرەکەی کرد کاتێ بەردی لەسەر سکی بەست)[1].

هەر حەسەنی بەسری ئەڵێ:(قەومێك رێزیان لەدونیا گرت، کەچی دونیا لەسەر تەختە لەخاچی دان، بۆیە سووکی بکەن و کەمتر لەو سووکییەی پێی سووکی دەکەن).

دونیاویستان و عاشقانی دونیا، ئاگادارتر و شارەزاترن بەو سزاو ئەشکەنجەو جۆرە ئازارانەی لەهەڵپەکردن بەدوای دونیادا دەیچێژن.

لەبەرئەوەی دونیا گەورەترین خەم و پەژارەی ئەوانەیە کە باوەڕیان بەئاخیرەت نییەو ئومێدی دیداری پەروەردگاریان نییە، ئەوە سزاو ئەشکەنجەی دونیا بەئەندازەی ئەو پێداگرییەیە کە بۆ دەستخستنی ئەنجام دەدرێت.

ئەگەر دەتەوێ سزاو ئەشکەنجەی دونیاویستان بزانی، ئەوە لەحاڵی مرۆڤی عاشق رابمێنە لەخۆشویستنی دڵبەرەکەیدا، هەرکاتێ لەدڵبەرەکەی نزیکبێتەوە، ئەو لێی هەڵدێت و بۆی ئەمەکدار نابێ و وازی لێدەهێنێ و خۆی بەناحەزو دوژمنەکەی دەگەیەنێت، لەگەڵ دڵبەرەکەیدا لەناخۆشترین ژیاندایە. لەپێناو دڵبەرەکەی مەرگ هەڵدەبژێرێ، کەچی دڵبەرەکەی ئەمەکدارییەکی کەمی بۆ هەیە، زۆر وشك و فرە دۆستە، خێرا گفت دەدات و ناپاکیی گەورە ئەکات، خۆی زۆر دەگۆڕێ، عاشق لەگەڵیدا لەخۆی و سەروەتی دڵنیا نابێ، کەچی لەبەرانبەری ئارامیی نییە و رێگە چارەیەکی لەبەردەم نییە لەدەستی رزگاری بێ، نە رێگەچارەی رزگاربوونی لێ هەیەو نە بەیەکگەیشتنێکی هەمیشەیی. جا مرۆڤی عاشق هیچ ئازار و ئەشکەنجەیەکی نەبێ

---

١ – ناچارانە بڕوانە(فتح الباري)(٤/٢٠٨، ١١/٢٨٤).

جگه لەو پرتە و راکەڕاکەیە، ئەوە ئەوەی بەسە، ئەی چی بەحاڵی ئەو کەسەی تەواوی چێژو خۆشییەکانی لەدەست دەچێ و ئازاردراو دەبێ بەهۆی ئەو چێژە دونیاییەی کە سەرقاڵی کرد لەبەردەم هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی تووێشوویەک بۆ قیامەتی؟

مەبەست ئەوەیە، هەرکەسێ شتێکی جگە لەخوای گەورەی خۆشویست و ئەو خۆشویستنە لەبەر خوای گەورە نەبوو، یارمەتیدەر نەبوو بۆ خواپەرستی: ئەوە لەدونیادا پێش رۆژی قیامەت، ئازاری پێ دەچێژێ، وەک وتراوە:

أنتَ القتيلُ بكل مَن أحببته فاختر لنفسك في الهوى مَن تصطفي

واتا: بەهەرشتێ تۆ خۆشت بوێ کوژراوی، کەواتا ئارەزووی پاڵفتەکردنی کێت هەیە لەعیشق و ئارەزوودا بۆ خۆتی هەڵبژێرە.

لەڕۆژی قیامەتدا سەروەت و سامان بۆ خاوەنەکەی دەبێتە ئەژدیهایەکی ژەهراوی و بەچەناگەی خاوەنەکەی قووت دەدات و ئەڵێ: من مالّ و گەنجینەی تۆم، ئینجا ئاگری بۆ دادەخرێ و سك و پشتی پێ داخ دەکرێت[1].

عاشقی وێنەش هەر بەو جۆرەیە، ئەگەر خۆی و دڵبەرەکەی لەسەر غەیری گوێڕایەڵی خوای گەورە کۆبوونەوە، ئەوە خوای گەورە لەدۆزەخدا پێکەوە کۆیان دەکاتەوە و دۆست و هاوڕێکان بەیەکتر سزا دەدرێن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱلْأَخِلَّآءُ يَوْمَئِذٍۭ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٦٧﴾ ﴾ **الزخرف: ٦٧**، واتا: دۆست و خۆشویستەکان لەو ڕۆژەدا دوژمنی یەکترن جگە لە پارێزکاران.

---

١ - بوخاری(٢١٢/٣) و موسلیم(٩٨٧) ئیخراجیان کردووە لەڕێگەی ئەبو هورەیرەوە.

خوای گەورە هەواڵی داوە، ئەوانەی لەدونیادا لەسەر هاوبەش بڕیاردان پشتگیری و دۆستایەتی یەکتریان کردووە، لەڕۆژی قیامەتدا قسە بەیەکتر ئەڵێن و نەفرەتی یەکتر دەکەن و شوێنیان دۆزەخەو پشتیوان و سەرخەریان بۆ نابێ[1].

لەدونیاو ئاخیرەتدا خۆشەویستان لەگەڵ یەکتردان، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:«الْمَرْءُ مَعَ مَنْ أَحَبَّ»[2]،واتا: مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسەدایە کە خۆشیدەوێ.

خوای گەورە ئەفەرموویت: ﴿ وَيَوْمَ يَعَضُّ ٱلظَّالِمُ عَلَىٰ يَدَيْهِ يَقُولُ يَٰلَيْتَنِي ٱتَّخَذْتُ مَعَ ٱلرَّسُولِ سَبِيلًا ﴿٢٧﴾ يَٰوَيْلَتَىٰ لَيْتَنِي لَمْ أَتَّخِذْ فُلَانًا خَلِيلًا ﴿٢٨﴾ لَّقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ ٱلذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَآءَنِيٓ ۗ وَكَانَ ٱلشَّيْطَٰنُ لِلْإِنسَٰنِ خَذُولًا ﴿٢٩﴾ ﴾ **الفرقان: ٢٧ – ٢٩.**

واتا:ڕۆژێکە کە ستەمکار قەپ دەکات بە هەردوو دەستی خۆیدا و دەڵێ کاشکای لەگەڵ پێغەمبەردا ڕێگای ڕاستم بگرتایەتەبەر. ئای تیاچوون بۆ من خۆزگە فلان کەسم نەکردایە بە هاوەڵ و خۆشەویستی خۆم. بەڕاستی ئەو(کەسە کردم بە هاوەڵ) منی لە قورئان وێڵ کرد دوای ئەوەی قورئانم پێ گەیشت(و باوەڕم پێ هێنا) وە شەیتان هەمیشە پشت تێکەر و پشت بەردەرە بۆ ئادەمیزاد.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ ۞ ٱحْشُرُواْ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ وَأَزْوَٰجَهُمْ وَمَا كَانُواْ يَعْبُدُونَ ﴿٢٢﴾ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَٱهْدُوهُمْ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلْجَحِيمِ ﴿٢٣﴾ وَقِفُوهُمْ ۖ إِنَّهُم مَّسْـُٔولُونَ ﴿٢٤﴾ مَا لَكُمْ لَا تَنَاصَرُونَ ﴿٢٥﴾ ﴾ **الصافات: ٢٢ - ٢٥**، واتا: خوا بە فریشتەکان دەفەرموێ ئەوانەی

---

١ – ئامازەیە بۆ ئایەتی(٢٥)ی سورەتی العنكبوت.

٢ – بوخاری(١٠/ ٤٦٢) و موسلیم(٢٦٤١) ئیخراجیان کردووە لەئەبو موسای ئەشعەرییەوە. لەو تەوەرەدا لەکۆمەڵێ لەهاوەڵانەوە گێڕدراوەتەوە.

ستەمیان کرد کۆیان بکەنەوە لەگەڵ هاوڕێ کانیان(هاو وێنەکانیان) لەگەڵ ئەوانەش دەیان پەرستن. جگە لە خوا ئینجا ڕێگای دۆزەخیان نیشان دەن. وە ئەوانە ڕاوەستێنن بێگومان پرسیاریان لێ دەکرێ. پێیان دەوترێ ئەوە چیتانە یارمەتی یەکتر نادەن.

عومەری کوڕی خەتاب(خوای لێ ڕازیی بێ) ئەڵێ: أزواجهم: واتا هاوشێوەکانیان)[1].

خوای گەورە ئەفەرموویت:﴿ وَإِذَا ٱلنُّفُوسُ زُوِّجَتۡ ۝٧ ﴾ **التكوير: ٧**، واتا: ساتێك كه هەموو گیانێك جووتكرایەوە لەگەڵ لاشەدا.

هەموو هاوشێوەکانی خستووەتەپاڵ یەکتر، کردوونی بەجووت: چاکەکار لەگەڵ چاکەکار و خراپەکار لەگەڵ خراپەکار.

مەبەست: هەرکەسێ لەبەر غەیری خوا شتێکی خۆشویست، ئەوە ئەو شتە زیانی لێ دەدات، بەدەستخستن بێ یان لەدەستدان.

ئەگەر لەدەستی بدات، ئەوە بەو لەدەستدانە ئازار دەچێژێ و بەئەندازەی پەیوەستبوونی دڵی پێی، ئازار دەچێژێ.

ئەگەر بەدەستیشیبهێنێ، ئەوە پێشتر و لەهەوڵدانیدا ئازار دەچێژێ، لەکاتی دەستخستنیشیدا ماندوویەتی و چەرمەسەریی بۆ دەبێ، حەسرەتی دوای لەدەستدانیشی: بەچەندان ئەوەندەی چێژی دەستخستنی، ئازار دەچێژێ.

وَما في الأرضِ أشقى من مُحِب وَإن وُجد الهَوى حلو المَذاق
تَراهُ باكِياً أبَداً حَزينا مَخافَةَ فرقه أو لاشتياق
فَيَبكي إن نَأوا شَوقاً إلَيهِم وَيَبكي إن دَنوا خَوف الفُراق

---

١ – عەبدولڕەزاق و ئەلفریابی و ئیبن مونزیر و ئیبن ئەبی شەیبەو ئەوانی تر ئیخراجیان کردووە(الدر المنثور)(٨٣/٧).

فَتَسخن عَينه عِند التَّنائي وَتَسخُن عَينُه عِندَ التَّلاقي

واتا: لەدونیادا کێ هەیە لەخۆشەویستێ بەدبەختتر بێ، ئەگەر بەچێژی خۆشویستراوەکەشی گەیشتبێ هەر بەدبەختەو لەنەهامەتییدایە، ئەبینی لەهەموو حاڵەتێکدا خەریکی گریانە لەترسی لەدەستدان یان بەهۆی تامەزرۆییەوەی. کە لێی دوورن هەر دەگری، کە لێیشی نزیکن لەترسی جیابوونەوەو دابڕان هەر خەریکی گریانە. لەکاتی دابڕاندا هەر چاو بەفرمێسک و لەبەیەکگەیشتنیشدا هەر چاو بەگریانە.

ئەوەش کارێکە بەئەزموون و تاقیکردنەوە ئاشکراو و دیارە، لەبەرئەوەیە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەو فەرموویەدا کە ترمیزی و کەسانی تریش گێڕاویانەتەوە دەفەرموێت:"الدنيا ملعونةٌ ملعونٌ ما فيها إلا ذِكْرَ اللهِ وما والاهُ"[1]،واتا:دونیا نەفرەت لێکراوە، هەموو شتێك لەدونیادا نەفرەت لێکراوە جگە لەیاد و زیکری خواو ئەوەی خوا حەزی لێ دەکات و جێی پەسەندیی خوای گەورەیە.

یادی خوا: واتا تەواوی گوێڕایەڵێکردنەکانی خوای گەورە، هەرکەسێ لەگوێڕایەڵیی خوای گەوردابێ، ئەوە یادکەرەوەی خوای گەورەیە با زمانیشی نەجوڵێنێ بەو یادکردنەوەیە، هەرکەسێك خوای گەورە دۆستایەتی بکات، ئەوە خۆشیدەوێ و لەخۆی نزیکدەخاتەوە، بەهیچ جۆرێك نەفرەت روونەکاتە ئەو کەسە.

---

١ – ترمیزی(٢٣٢٣) و ویبن ماجە(٤١١٢) و بەغەوی(٤٠٢٨) و ئیبن ئەلجەوزی لە(العلل المتناهية)(ژمارە١٣٣٠) ئیخراجیان کردووە لەڕێگەی عەتائی کوڕی قورەوە ئەویش لەعبداللەی کوڕی زەمرەوە ئەویش لەئەبو هورەیرەوە و سەنەدەکەشی حەسەنە، چونکە کۆمەڵێك لەزەمرەوە گێڕاویانەتەوە، ئیبن حیبان و ئەلعیجلییش متمانەداریان داناوە. نمونەی تر(شاهد)ی هەیە لە(الحلية)(١٥٧/٣ و ٩٠/٧) لەڕێگەی جابرەوە کە بەهێزترە دەکات.

رووی حەوتەم: پشت بەستن و متمانەکردنی بەندە بەمەخلوق،بێگومان هەر لەڕێگەی ئەو مەخلوقەوە بەزیان بۆی دەگەڕێتەوە، پێچەوانەی ئەوەی ئومێدی لێ کردەوە وەردەگرێتەوە. لەو رووەی کە وەهای داناوە سەرکەوتنی لێ چنگ بخات، دۆڕانی بۆ ئەبێ، لەو رووەی داینناوە ببێتە جێگەی ستایش و سوپاس و پیاهەڵدن، ناشیرینی و قسەی خراپ بەسەر خۆیدا دەهێنێ و خراپ باس دەکرێت، ئەوەش بەقورئان و فەرموودە جێگیربووەو بەئەزموون و تاقیکردنەوەش سەلماوە.

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ وَٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ ءَالِهَةً لِّيَكُونُواْ لَهُمْ عِزًّا ﴿٨١﴾ كَلَّاۚ سَيَكْفُرُونَ بِعِبَادَتِهِمْ وَيَكُونُونَ عَلَيْهِمْ ضِدًّا ﴿٨٢﴾ ﴾ **مریم:** ٨١ - ٨٢،واتا:ئەوانە بێجگە لە خوا بڕیاریان داوە بۆ خۆیان چەند پەرستراوێك بۆ ئەوەی ئەو پەرستراوانە ببنە یارمەتی دەر(و تکا کار) بۆیان. نەخێر(وانیە)بەڵکو پەرستراوەکان(لە قیامەت دا)ئینکاری پەرستنەکەی ئەوان دەکەن وە دەبنە دژیان و بەرپەرچیان دەدەنەوە.

هەروەها دەفەرموویت:﴿ وَٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ ءَالِهَةً لَّعَلَّهُمْ يُنصَرُونَ ﴿٧٤﴾ لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَهُمْ وَهُمْ لَهُمْ جُندٌ مُّحْضَرُونَ ﴿٧٥﴾ ﴾ **یس:** ٧٤ - ٧٥، واتا: بێجگە لە خوا چەند پەرستراوێکیان بۆ خۆیان داناوە بەو هیوایەی یارمەتی بدرێن. ئەو پەرستراوانە ناتوانن یارمەتیان بدەن بەڵام ئەمان سەربازی ئامادەن لە خزمەتیان دان.

پەروەردگار دەفەرموویت:﴿ وَمَا ظَلَمْنَٰهُمْ وَلَٰكِن ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمْۖ فَمَآ أَغْنَتْ عَنْهُمْ ءَالِهَتُهُمُ ٱلَّتِي يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مِن شَيْءٍ لَّمَّا جَآءَ أَمْرُ رَبِّكَۖ وَمَا زَادُوهُمْ غَيْرَ تَتْبِيبٍ ﴿١٠١﴾ ﴾ **هود:** ١٠١، واتا: ئێمە ستەممان لێ نەکردن بەڵکو خۆیان ستەمیان کرد لە خۆیان جا هیچ سوودێکی پێ نەگەیاندن ئەو پەرستراوانەیان کە دەیان پەرستن و هاواریان لێ دەکردن لە جیاتی خوا بە هیچ شتێك(سودیان پێ نەگەیاندن)کاتێ

فەرمانی پەروەردگارت هات(بۆ لەناو بردنیان)ئەو(بت)انە هیچیان زیاد نەکرد بۆ ئەوانە(ی دەیان پەرستن) بێجگە زیان و لەناوچوون.

هەروەها پەروەردگار دەفەرموێت:﴿ فَلَا تَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَكُونَ مِنَ ٱلْمُعَذَّبِينَ ﴿٢١٣﴾ ﴾ الشعراء: ٢١٣، واتا: هیچ پەرستراوێکی تر نەپەرستی لەگەڵ خوادا ئەگینا لەسزا دراوان دەبی.

هەروەها دەفەرموێت:﴿ لَّا تَجْعَلْ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَقْعُدَ مَذْمُومًا مَّخْذُولًا ﴿٢٢﴾ ﴾ الإسراء: ٢٢، واتا:ئەی(ئادەمی)لەگەڵ خوادا پەرستراوێکی تر مەپەرستە ئەگینا دەبیتە لۆمەکراوی یارمەتی نەدراو.

کەسی هاوبەش پەیداکەر، بەو هاوبەش پەیداکردنەی کە ئەنجامی دەدات، لەلایەکەوە سەرکەوتنی دەکەوێ، لەلایەکی تریشەوە پیاهەڵدان، خوای گەورە هەواڵ دەدات کە پێچەوانەی ئەوەی مەبەستە بۆی دێتەدی، دۆڕان و سەرشۆڕی و نابوتیی بۆی رووەدات.

واتا ئەو دوو مەبەستەی لای مەخلوق(مرۆڤ)، پێچەوانەکانی لای خوای گەورە رووەدات و هەیە.

بێگومان لەباربوون و بەختەوەری و سەرفرازبوونی بەندە، لەخواپەرستی و پشت بەستن بەخوای گەورە دایە. بەدبەختی و تیاچوون و زیانی بەپەلەی دونیا و قیامەتیشی، لەپەرستنی مەخلوق و پشت بەستنی بەندەدایە بەمەخلوق.

رووی هەشتەم: خوای گەورە دەوڵەمەندو بەخشندەو بەڕێزو شکۆمەندی بەڕێزە، ئەگەرچی پێویستی بەبەندە نییە، بەڵام بەرانبەری چاکەکارە، خێرو چاکەی بۆ بەندە دەوێ و زیانی لێ لادەدات، ئەوە نەك لەبەرئەوەی لەلایەن بەندەکەوە سوودێ بۆ خۆی پەیدا بکات و زیانێکی لابدات، بەڵکو لەبەر سۆزو بەزەیی و چاکەیەك لەلایەن

خۆیەوە بۆ بەندەکەی، ئەوەی بۆ دەکات. خوای گەورە مەخلوقاتی دروست نەکردووە بۆ ئەوەی بەوان خۆی بەهێز بکات و شکۆمەندیی بۆ خۆی پەیدا بکات، ئەوان رزق و رۆزیی بەخوای گەورە بدەن و سوودی پێ بگەیەنن و بەرگری لێ بکەن، هەروەک دەفەرموێت:﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ مَآ أُرِيدُ مِنْهُم مِّن رِّزْقٍ وَمَآ أُرِيدُ أَن يُطْعِمُونِ ﴿٥٧﴾ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلرَّزَّاقُ ذُو ٱلْقُوَّةِ ٱلْمَتِينُ ﴿٥٨﴾ ﴾ الذاريات: ٥٦ - ٥٨، واتا: من جنۆکەو ئادەمیزادم تەنیا بۆ ئەوە دروستکردووە کە بەندایەتیی من بکەن، من هیچ رۆزییەکم ناوێ لێیان ناشمەوێ خواردەمەنیم پێ بدەنێ، بە ڕاستی تەنها خوا خۆی ڕۆزی دەرە کە خاوەن دەستەڵاتی زۆر بەهێزە.

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَقُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى لَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ شَرِيكٌ فِى ٱلْمُلْكِ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ وَلِىٌّ مِّنَ ٱلذُّلِّ وَكَبِّرْهُ تَكْبِيرًا ﴿١١١﴾ ﴾ الإسراء: ١١١، واتا: (ئەی موحەممەد(صلى الله عليه وسلم)) بڵێ هەموو سوپاس و ستایش هەر بۆ خوایە زاتێك کە هیچ منداڵێکی بۆ خۆی هەڵنەبژاردووە و هیچ هاوبەشێکی نەبووە لە مووڵك و پادشایەتیدا هیچ دۆست و یارمەتی دەرێکی نەبووە لەبەر بێ دەسەڵاتی(کەواتە) خوا زۆر بەگەورە بگرە.

خوای گەورە لەلاوازی و بێ دەسەڵاتییدا نییە دۆستایەتی کەسێك بکات وەك ئەوەی مەخلوقەکان لەگەڵ یەکتردا ئەنجامی دەدەن، بەڵکو وەك چاکەو بەزەیی و خۆشەویستیی خۆی، پشتیوانی دۆستەکانی خۆی دەکات و خۆشیانی دەوێ.

هەرچی بەندەکانی خۆیەتی وەك دەفەرموێت:﴿ وَٱللَّهُ ٱلْغَنِىُّ وَأَنتُمُ ٱلْفُقَرَآءُ ﴾ محمد: ٣٨، واتا:خوا(دەوڵەمەندە) بێ نیازە هەر ئێوەن هەژار و بێ نەوا.

بەندەکان لەبەر پێویستییەکانیان، لەگەڵ یەکتردا چاکە دەکەن و ئێستا بێ یان درەنگ پێویستییان بەیەکتر دەبێ. مرۆڤ ئەگەر تێڕوانینی ئەوەی نەبووایە لەدواتردا

ئەو چاکەیە بۆ خۆی بەسوود دەگەڕێتەوە، ئەوە بەرانبەر ئەوانی تر چاکەی نەدەکرد، چاکەکاریی دەکات لەبەر ئەگەرکردنی بەوەی بەزوویی پاداشتی ئەو چاکەیەی وەردەگرێتەوە لەبەرئەوەی پێویستی پێیەتی، یان بۆ ئەوەی لەبەرانبەردا سوپاس و پیاهەڵدان بکرێت و پێویستی بەوەیە بەو چاکەیەی بەرانبەر خەڵکی تر دەیکات، چاکەیەك بۆ خۆی بکات، یان پاداشتی خوای گەورەی دەوێ کە لەئاخیرەتدا پێی دەگات، بەوەش بەرانبەر بەخۆی چاکەی کردووە و پاداشتەکەی دواخستووە بۆ رۆژی سەخت و پێویستبوون، لەوەدا سەرزەنشتکراو نییە، بەڵکو لەو رۆژەدا مرۆڤ هەژارو خاوەن پێویستییە، ئەو هەژاری و پێویستییە کارێکی پێویستەو لەپێویستی و شتە پەیوەستەکانی خودی خۆیەتی، جا کەماڵی مرۆڤ لەوەدایە پێداگربێ بۆ ئەنجامدانی شتێك سوودی پێ بگەیەنێ و دەستەوەستان نەبێ.

خوای گەورە ئەفەرموویێت:﴿ إِنۡ أَحۡسَنتُمۡ أَحۡسَنتُمۡ لِأَنفُسِكُمۡۖ ﴾ **الإسراء: ٧**، واتا: ئەگەر ئێوە چاکە بکەن ئەوا چاکە بۆ خۆتان دەکەن.

هەروەها دەفەرموویێت:﴿ وَمَا تُنفِقُواْ مِنۡ خَيۡرٖ يُوَفَّ إِلَيۡكُمۡ وَأَنتُمۡ لَا تُظۡلَمُونَ ٢٧٢ ﴾ **البقرة: ٢٧٢**، واتا:ئەوەی بەختی دەکەن لە دارایی(چاکە) ئەوە(قازانجەکەی) بۆ خۆتانە ئێوە هیچ بەخت ناکەن مەگەر بۆ ڕەزای خوا نەبێ وە ئەوەی(بەختی)دەکەن لەسامان(چاکە)ئەتان درێتەوە و ئێوە ستەمتان لێ ناکرێ.

خوای گەورە فەرموویەتی وەك ئەوەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لێیەوە گێڕاویەتییەوە:"يَا عِبَادِي: إِنَّكُمْ لَنْ تَبْلُغُوا نَفْعِي فَتَنْفَعُونِي، وَلَنْ تَبْلُغُوا ضُرِّي فَتَضُرُّونِي، يا عِبَادِي: إِنَّمَا هِيَ أَعْمَالُكُم أُحْصِيهَا لَكُمْ، ثُمَّ أُوَفِّيكُمْ إِيَّاهَا، فَمَنْ وَجَدَ خَيْراً

فَلْيَحْمَدِ اللهَ، وَمَنْ وَجَدَ غيْرَ ذلِكَ فَلا يَلُومَنَّ إلا نَفْسَهُ"[1]،واتا:ئەی بەندەکانم، ئێوە بەچاکەی منداناگەن تاوەکو چاکەم لەگەڵدا بکەن و بەزیانی من ناگەن زیانم پێ بدەن، بەڵکو ئەوە کارو کردەوەی خۆتانە بۆ ئێوەی دەژمێرم و پاشان بەپێی کردەوەتان پاداشتتان دەدەمەوە، جا هەرکەسێك چاکەی بینی با سوپاسی خوا بکات، ئەگەر چاکەشی نەبینی، ئەوە با تەنیا سەرزەنشتنی دەروونی خۆی بکات.

بۆیە بزانە، هیچ مەخلوقێ بەنیازی یەکەم لەبەر خودی خۆت سوودت پێ ناگەیەنێ، بەڵکو مەبەستی هەیە بەو سوودەی بە تۆی دەگەیەنێ، سوودت لێ ببینێ، بەڵام خوای گەورە ئەیەوێ سوودت پێ بگەیەنێ نەك خۆی سوود لەوەدا ببینێ، پێچەوانەی ویستی مەخلوق لەسوود گەیاندنیان بەتۆ، خوای گەورە سوودێکی پووختی بێ زیانی بۆ بەندە دەوێ، لەسوودی خوای گەورەدا زیان نییە، بەڵام ئەگەر هەیە لەسوودی مەخلوقدا زیانیشت پێ بگات و ئەگەر بەچوونە ژێرباری منەتیش بێ.

جا باش لەمە رابمێنە، بەتێبینیکردنی، بەوە دەگەی ئومێد بەمەخلوق ببەستی یان لەبەر غەیری خوای گەورە مامەڵەی مەخلوق بکەی، یان داوای سوودو بەرژەوەندییەکی لێ بکەی یان بتەوێ زیانێکت لەسەر لابدات یان دڵت پێیەوەی گرێ بدەی، چونکە مەخلوق بەو چاکەیەی لەگەڵ تۆدا دەیکات، ئەیەوێ خۆیشی سوودێ بکات و تەنیا لەبەر سوودی تۆ چاکەت بەرانبەر ناکات. بێگومان ئەوە حاڵی تەواوی مەخلوقاتە لەگەڵ یەکتردا، حاڵی باوکە لەگەڵ منداڵی، حاڵی ژن و مێردە لەگەڵ یەکتر، کۆیلەو ژێر دەستە لەگەڵ گەورەکەی، هاوبەش لەگەڵ هاوبەشەکەیدا، بۆیە بەختەوەر ئەو کەسەیە کە لەبەر خوای گەورە مامەڵەی چاکەی ئەوانی تر

---

١ – موسلیم(٢٥٧٧) گێڕاویەتییەوە لەڕێگەی ئەبو زەرەوە. هەروەها بڕوانە((نصيحة الملك الأشرف)(ق١٩)ی ضياء المقدسي و قسەی من لەسەری.

دەکات،تـەنیا ئومێـدی بەخوایـە، لەبـەر خۆشەویسـتیی بـۆ خـوای گـەورە، ئـەوانی خۆشـدەوێ و نیـازی دەستخسـتنی چـاکەو خۆشەویسـتیی ئـەوانی نییـە، هـەروەك دۆستانی خوای گەورە وتوویانە:﴿ إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ ٱللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَآءً وَلَا شُكُورًا ۝٩ ﴾ **الإنسان:** ٩، واتـا: دەڵێن بەڕاسـتی ئێمـە خواردەمـەنیمان دەدەیـنێ هـەر لەبـەر خـوا چاوەڕوانی ناکەین لەئێوە نە پاداشت و نە سوپاس.

رووی نۆیەم: بەندەی مەخلوق بەرژەوەندییەکانی خۆی ناناسێ و نـازانێ تائـەوەی خوای گەورە پێی دەناسێنێ و شارەزای دەکات، توانای دەستخستنی نییـە تائـەوەی خوای گەورە تواناداری دەکات، ویستی ئەوەی نابێ تاوەکو خوای گەورە ویستی پـێ دەدات، بۆیە کارەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی سـەرەتای لێیـەوە دەسـتپێدەکات، ئەو خوایەی کە هەموو خێرو خۆشییەکی بەدەستەو تەواوی کاروبارەکـان بـۆلای ئـەو دەگەڕێنەوە. بێگومان پەیوەست بوونی دڵ بەغـەیری خـوا لـەرووی ئومێـد و تـرس و پشت پێ بەستن و پەرستشەوە، زیانێکی تەواوەو هیچ سوودێکی تێدا نییە، بۆیە هەر سوودێك لەوەدا بێتەدی، ئەوە تەنیا خوای گەورەیە ئەو سوودەی بۆ تۆ خەملاندووەو ئاسانی کردووە پێت بگات.

رووی دەیـەم: زۆربـەی مـەخلوقات ئەیانـەوێ لـە تـۆدا پێویسـتییەکانی خۆیـان بـەدیبهێنن ئەگـەر ئـەو کـارە زیـان لـەدین و دونیاشـت بـدات، تاکـە نیـازی ئـەوان، بەجێهێنانی پێویستییەکانی خۆیانە ئەگەرچی زیانیشت لێ بـدات، بـەڵام بزانـە خـوای گەورە لەبەر خودی خۆت تۆی دەوێ، لەبـەر سـوودی خـۆی نییـە کـە چـاکە و خێـرو خۆشیی بۆ تۆ دەوێ، لەبەر خودی خۆتە ئەیـەوێ زیانـت لەبـەردەم لابـدات، کـەوابوو بەچی جۆرێك ئومێدو تکاو ترست بەغەیری خوای گەورەوە پەیوەست دەکەیت؟ کۆی هەموو ئەوانە ئەوەیە بزانە کە پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:"أَنَّ الْخَلْقَ

كُلُّهُم لَوْ اجْتَمَعوا عَلَى أَنْ يَنْفَعُوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَنْفَعُوكَ إِلَّا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ لَكَ وَلَوْ اجْتَمَعُوا عَلَى أَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَضُرُّوكَ إِلَّا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ عَلَيْكَ"[1]،واتا: بزانه ئەگەر تەواوی مەخلوقات کۆببنەوە تاوەکو سوودێکت پێ بگەیەنن، سوودت پێ ناگەیەنن تەنیا بە ئەندازەی ئەوە نەبێ کە خوای گەورە بۆ تۆی نووسیووە، ئەگەر هەموویانیش کۆببنەوە تاوەکو بەشتێ زیانت لێ بدەن، ئەوە زیانت پێ نادەن تەنیا ئەوە نەبێ کە خوای گەورە بۆ تۆی نووسیووە زیانت پێ بگات.

خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ قُل لَّن يُصِيبَنَآ إِلَّا مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلَىٰنَا ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿٥١﴾ ﴾ **التوبة:** ٥١، واتا: ئەی موحەممەد (صلى الله عليه وسلم)بڵێ هیچمان تووش نابێت بێجگە لەوەی کە خوا نوسیویەتی بۆمان خوا پشتیوانی ئێمەیە وە بڕواداران با تەنها پشت بەخوا ببەستن.

پوختە:

لەبەرئەوەی مرۆڤ و هەر زیندوویەك کە بەئیرادەی خۆی دەجوڵێتەوە لەدەرەوەی ئیرادەی خوای گەورە نیین، بۆ مەبەستێك خولقێنراون و مەبەستێك هەیە لەوەدا و رێگەیەکیش هەیە بۆ گەیشتنە مەبەست و ویستراو و ئەوەش یارمەتیدەرە بۆ ئەو کارە، هەندێجار هۆکار لەوەدا سەرچاوە دەگرێت و هەندێجار لەدەرەوەی ئەوەو لەوەوە سەرچاوە ناگرێ، هەندێجاریش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ و لەدەرەوەیە، ئەوە

---

١ – ئەحمەد(٢٩٣/١) و ترمیزی(٢٥١٦) و ئەبو یەعلا(٢٥٥٦) گێڕاویانەتەوە لەڕێگەی حەنەش ئەلسەنعانییەوە لەڕێگەی ئیبن عەباسەوە، سەنەدەکەشی حەسەنە و ئەو فەرموودەیە کۆمەڵێ ڕێگەی گێڕانەوەی هەیە، برای بەڕێزمان محمد بن ناصر العجمي لەقسەی لەسەر نامەی ئیبن رەجەب: (نور الاقتباس في مشكاة وصية النبي(صلى الله عليه وسلم) لإبن عباس)(ص٣١–٣٣، الطبعة الثانية) هەموی هێناوەتەوە.

کەسی زیندوو بەوجۆرە دروستکراوە شتێکی مەبەست بێ و بیەوێ، پشت بەشتێکیش ببەستێ بۆ دەستخستنی شتی مەبەست.

بۆیە شتی مەبەست دوو بەشە:

یەکەم: ئەوەی مەبەستە بۆ خودی خۆی.

دووەم: ئەوەی مەبەستە بۆ غەیری خۆی.

پشت پێ بەستراویش دوو بەشە:

یەکەم: پشت بەخۆی دەبەستێ.

دووەم: پشت بەغەیری خۆی دەبەستێ.

ئەوە چوار شتە: بۆ خۆی دەیەوێ، بۆ غەیری خۆی ئەیەوێ، پشت بەخۆی دەبەستێ، پشت بەغەیری خۆی دەبەستێ.

پێویستە دڵ شتێکی بووێ لەپاڵیدا ئارام بێ، خۆشەویستیی لەپاڵدا دابنێت، دەبێ شتێکیشی هەبێ پێیەوە بەو خۆشەویستە بگات و نیازو مەبەستی پێ دەستبخات، پشت پێ بەستراویش داوا لێکراوە. پەرستش و پشت پێ بەستنیش زۆرجار پێکەوە و پێکەوەبیان پێویستە، بۆیە ئەوەی دڵ لەڕۆژی و سەرخستن و سوودا پشتی پێ دەبەستێ، بۆی دەبێتە ملکەچ و لەو رووەوە خۆشیدەوێ با لەبەر خودی خۆیشی خۆشی نەوێ، بەڵام حاڵەتەکە بەسەریدا زاڵ دەبێ تائەوەی وەهای لێ دێت لەبەر خودی خۆی خۆشیدەوێ و بیری دەچێتەوە چی شتێکی لێ ویستووە. ئەوەش هەیە هەندێجار دڵ کەسێك یان شتێکی خۆشدەوێ و نیازی دەستخستنیشی هەیە، بەڵام بۆ ئەوە پشت بەخودی کەسەکە یان شتەکە نابەستێ و پشت بەکەس و شتێکی تر دەبەستێ، وەك ئەوەی یەکێك سەروەتێك یان پۆستێك یان ژنێکی خۆشدەوێ و بۆ دەستخستنیان پشت بەشتی تر دەبەستێ، بەڵام ئەگەر زانی شت و کەسە

خۆشویستراوەکە توانای ئەوەی هەیە ئەم بتوانێ بۆ دەستخستنی پشتی پێ ببەستێ، ئەوە پشتیشی پێ دەبەستێ، بەوە خۆشویستن و پشت پێ بەستن بەو شت و کەسەی بۆ کۆدەبێتەوە.

بۆیە بەشەکان چوار دانەن:

لەبەر خودی خۆی خۆشویستراو، تەنیا پشت بەخۆی بەستراو، ئەوە بالآترین بەشەکانن و تەنیا بۆ خوای گەورەن، هەموو خۆشویستنێکی تر، پێویستە بۆ خۆشویستنی خوای گەورە ببنە پاشکۆ و بەوە پەیوەست بن و بکرێنە ئامرازو هۆکار بۆ دەستخستنی خۆشەویستیی خوای گەورە.

دووەم: ئەوەی لەبەر غەیری خۆی خۆشویستراوەو پشتی پێ بەستراوە،وەک ئەو خۆشویستراوەی کە دەتوانێ نیازی خۆشەویستەکەی بەدیبهێنێ.

سێیەم: خۆشویستراوێك بەغەیری خۆی پشتی پێ دەبەسترێت.

چوارەم: پشت پێ بەستراوێك کە لەبەر خودی خۆی خۆشویستراو نییە.

ئەگەر ئەوەی باس کرا زانراو ئاشکرا بوو، ئەوە رووندەبێتەوە کامە لەو چوار جۆرە شیاوە پەرستن بکرێت و پشتی پێ ببەسترێت، بێگومان خۆشویستنی شتێکی غەیری خواو پشت پێ بەستنی ئەگەر نەبێتە هۆکارێك بۆ پەیداکردنی خۆشویستن و پشت بەستن بەخوای گەورە، ئەوە دەبێتە زیان بۆ سەر ئەو بەندەیە، خراپەو شەڕی گەورەتر لەسوودو قازانج.

تەنیا پشت بەخوای گەورە دەبەستین و تەنیا خۆی شیاوی پشت پێ بەستنە.

***

تەوەری حەوتەم

قورئان، دەواو دەرمانی هەموو جۆرە نەخۆشییەکانی دڵی تێدا هەیە

پەروەردگار دەفەرموێت:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَتۡكُم مَّوۡعِظَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَشِفَآءٞ لِّمَا فِي ٱلصُّدُورِ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ ٥٧ ﴾ **یونس: ٥٧، واتا: ئەی خەڵکینە بێگومان بۆتان هاتووە ئامۆژگار(قورئان) لە لایەن پەروەردگارتانەوە وە شیفا و چارەیە بۆ ئەوەی لە ناو دڵ و دەروونتان دایە وە ڕێنموونیی و میهرەبانییە بۆ بڕواداران.**

هەروەها دەفەرموێت:﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلۡقُرۡءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٞ وَرَحۡمَةٞ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾ **الإسراء: ٢٨،واتا:لەم قورئانەدا دەنێرینە خوارەوە ئەوەی کە هۆی شیفا و میهرەبانی یە بۆ بڕواداران.**

ڕایبوورد باسمان لەوە کرد، کە کۆی نەخۆشییەکانی دڵ، بریتییە لەنەخۆشییەکانی گومان(شوبهە) و شەهوەت،قورئانیش شیفای بۆ هەردوو جۆر نەخۆشی، بەڵگەی ڕوون و ئاشکرای تێدایە کە حەق و ناحەق لەیەك جیادەکاتەوە و نەخۆشیی گومانی لەنێوبەری زانست و تێڕوانین و پەیبردن ناهێڵێ، وەها دەکات شتەکان بەحەقیقەتی خۆیان ببینرێن.

لەخوار هەورەکانی ئاسمانەوە کتێبێك نییە بەنمونەی قورئان، لەخۆگری بەڵگەی ڕوون و بەرزو ئاشکرا بێ لەیەکتاپەرستی و سەلماندنی سیفاتەکانی خوای گەورە و قیامەت و پەیامبەرایەتی و وەڵامدانەوەی بۆچوونە پووچ و بێ بەڵگەکان. قورئان

گرنتیکاری هەموو ئەوانەیەو بەباشترین و جوانترین شێوە لەبارەیانەوە دواوە، نزیکتر بەعەقڵ و ڕوون و ڕاشکاو و ڕەوانبێژانەتر هاتووە، شیفای دەردی گومانەکانە.

بەڵام ئەوە وەستاوەتەوە سەر تێگەیشتن و زانینی مەبەستی قورئان، جا هەرکەسێ خوای گەورە تێگەیشتن و زانینی مەبەستی قورئانی پێ بەخشیبێ، ئەوە بەرچاو ڕوون بووە بەدڵ، حەق و باتڵ لەیەک جیابکاتەوە بەنمونەی بینینی شەو و ڕۆژ، ئینجا ئەو کەسە تێدەگات کتێب و بۆچوونەکانی خەڵک، تەنیا بۆچوون و لاساییکردنەوەن و لەنێو گوماندا دەخولێنەوە، لەنێوان دوو شتدان، گومان گەلێکی درۆینەن و هیچ حەق و سوودێک ناگەیەنن، یان کاروبارگەلێکی ڕاست کە هیچ سوودێک بەدڵ ناگەیەنن، زانست گەلێکی ڕاست کە دەشتاییەکی پان و بەرینیان بۆ گرتووەتەبەر و لەسەلماندنیدا زۆر ڕۆیشتوون، لەکاتێکدا هەوڵەکەیان کەم سوودە، ((گۆشتی وشترێکە کەوتووەتەسەر چیایەکی سەخت،نە دەشتێکی لەدامێندا هەیە پێیەوە بۆی بەرزبیتەوە و نە ئەوەندە قەڵەویشە خۆی بکەوێتە خوارەوە))[1]!

باشتر لەوەی لای موتەکەلیمین و ئەوانی تر هەیە، بریتییە لەقورئان، کە گێڕانەوەکانی دروستترینن و ڕاڤەکردنەکانیشی باشترین و چاکترینە، ئەوی تر کە لەدەرەوەی قورئان دەبینرێت، زۆر لەخۆکردن و درێژەدان و ئاڵۆزکردنە، هەروەک وتراوە:

لَولا التَنافُسُ في الدُنيا لَما وُضِعَت كُتبُ القَناطِرِ لا المُغني وَلا العُمَدُ

يحللــون بــزعم مــنهم عقــدا وبالـذي وضـعوه زادت العقـد

واتا: ئەگەر کێبڕکێ و پێشبڕکێی دونیایی نەدەبوو، ئەوە کتێبەکانی وەلامدانەوەو (المُغني وَ العُمَد)ی لەکتێبەکانی پێڕی موعتەزیلە بوونیان نەدەبوو. بەحسابی خۆیان

---

١ – بەشێکە لەفەرموودەیەکی ئوم زەرع کە بوخاری گێڕاویەتییەوە(٥١٨٩) و موسلیم(٢٤٤٨).

گـرێ کوێرەکـان دەکەنـەوە، کەچـی بـەوەی دایاننـاوە و نووسـیویانەتەوە، گـرێ کوێرەکانیان تووندتر کردووەتەوە.

ئـەوان وەهـای دادەنـێن بـەو کتێبانـەی نووسـیویانەتەوە، گومانیـان لادەوە، بـەڵام کەسی بەڕێزو ژیر دەزانێ، بەو کارەی ئەوان کردوویانـە، گومانەکـە زیـاتر بووەتـەوە، ئینجا ئەستەمە شیفاو هیدایـەت و زانسـت و یـەقین لـەقورئان و سـوونەتدا بەدەسـت نەخرێ و لەقسەی ئەو کەسـە دۆشـداماوە گوماناویانـەدا بەدەسـتبخرێ، لەوانـەی کـە یەکێکیان سەبارەت بەوەی لەکۆتاییدا پێی گەیشتووە ئەڵێ[1]:

نهايــة إقــدام العقــول عقــال وأكثـر سـعي العـالمين ضـلال
وأرواحنا في وحشة من جسومنا وحاصـل دنيانـا أذى ووبـال
ولم نستفد من بحثنا طول عمرنا سوى أن جمعنا فيه قيل وقالوا

واتا: کۆتایی کاری عەقڵەکان هەر گرێ کوێرە بوو، زۆربـەی هەوڵـەکانیش گـومڕایی بـوو، وا لـەنێو جەسـتەماندا روحمـان هەسـت بەتـەنیایی و تـرس ئـەکات، دەسـتهاتی دونیاشمان هەر ئازارو مەینەتیی بوو. بەدرێژایی تەمەنمان هەر لێکۆڵینەوەمان ئەنجام داو سەرەنجامی ئەوەی کۆمان کردەوە، هەر وتراو و ئەڵێن بوو.

بێگومـان لەڕێگـەو شـێوازی کـەلام و بەرنامـە فەلسـەفییەکان رامـاوم، شـتێکم نەبینییەوە چارەی دەردی دەردەدارێك بکات و تینـوێتی کەسـێك بشـکێنێ، ئەوەشـم بینی نزیکترین رێگەیەك بۆ ئـەوە، بریتییـە لەڕێگـەی قورئـان، لەسـەلماندندا(الإثبـات)

---

١ – ئەویش فەخری رازییە لە(أقسام اللذّات) وتوویەتی، هـەروەك شـێخی ئیسـلام ئـبن تەیمییـە لـەزۆرێك کتێبیدا باسیکردووە، لەوانـە(درء تعـارض العقـل والنقـل)(١/١٦٠) و (مجمـوع الفتـاوی)(٤/٧١) و لـەکتێبی تریشدا باسیکردووە.

ئەمە دەخوێنمەوە:﴿ ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ۝٥ ﴾ طه: ٥، واتا: خوای میهرەبانە کە لەسەر عەرش وەستاوە(بەو شێوەی شیاوی بێت ئێمە چۆنێتییەکەی)نازانین.

﴿ إِلَيۡهِ يَصۡعَدُ ٱلۡكَلِمُ ٱلطَّيِّبُ وَٱلۡعَمَلُ ٱلصَّٰلِحُ يَرۡفَعُهُۥ﴾ فاطر: ١٠، واتا: وتەی پاك و چاك تەنها بۆ لای ئەو(خوا)سەردەکەوێ وە(ووتەی پاك)کردەوەی چاك بەرزی دەکاتەوە.

لەنەرێکردنیشدا ئەمە ئەخوێنمەوە:﴿ لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ ﴾ الشورى: ١١، واتا: هیچ شتێك بەوێنەی خوا نی یە.

﴿ وَلَا يُحِيطُونَ بِهِۦ عِلۡمًا ۝١١٠ ﴾ طه: ١١٠،واتا: ئەوان دەربارەی خوا هەموو شتێك نازانن.

جا هەرکەسێ نمونەی ئەم تاقیکردنەوەیەی من ئەنجام بدات، هەمان مەعریفەو شارەزایی منی بۆ دەبێ.

ئەوە قسەو شایەتی ئەو زانایەیە لەکۆتا کتێبیدا نووسیوێتییەوە، زانایەك کە بەڕەهایی باشترین زانای سەردەمی خۆی بووە لەزانستی کەلام و فەلسەفەدا. قسەی هاوشێوەکانی لەنمونەی ئەوەدا زۆر زۆرە.

لەوانە قسەی هەندێ شارەزای هاوشێوەیانە:((گومان(شوبهە)، کۆتا قسەی موتەکەلمینە، کۆتا قسەی سۆفییەکانیش بریتییە لەڕیزکردنی وشە)).

لەم بوارەدا قورئان دەتگەیەنێتە هەمان یەقین، لەهەمان بوار و مەبەستدا کە بالآترین مەبەست و ویستێکی بەندەکانە، بۆیە خوای گەورە دایبەزاندووە و

کردوویەتییە شیفای ئەوەی لەدڵ و دەروونەکاندا هەیە و گێڕاوێتی بەڕێنیشاندەری و سۆزو بەزەیی بۆ باوەڕداران.

هەرچی شیفای قورئانە بۆ نەخۆشییەکانی شەهوەت، ئەوە لەبەر ئەو حیکمەت و ئامۆژگارییە جوانانەوەیە کە تیایدایە، بەبڕەودان و بەترساندن، خەڵکیی پێ ڕێنمایی کردووە، بەدونیانەویستی و حەزو هیوا پێدانیان بۆ ئاخیرەت و بەو نمونەو چیرۆکانەی کە چەندان جۆر پەندو بەرچاوڕوونکردنی تێدایە. دڵی ساغ کە بەرچاوڕوون بوو، حەزی بۆ دروست دەکات بۆ فامیدەبوون و رقبوونەوە لەخراپەکاری. قورئان ئەو نەخۆشییانە ناهێڵێ کە ئاراستەکارن بۆ ئیرادەی خراپە، دڵ چاك و شیاو دەکات و ئیرادەی ڕێك و راست دەکاتەوەو دڵ دەگەڕێتەوە سەر ئەو فیترەتەی کە لەسەری دروست کراوە، بەوە کرداڕە سەرپشکییەکانی ڕێك دەبن، ئیتر جەستەش بەهۆی راست و ساغییەوەی دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی سروشتی، وەهای لێ دێت تەنیا حەق قبوڵ دەکات، هەروەك چۆن منداڵ تەنیا بەشیر ڕازیی دەبێت.

دڵ بەئیمان و قورئان خۆراك وەردەگرێت، بەوەی پاك و بەهێزی دەکات و پاڵپشتیی دەکات و خۆشحاڵی ئەکات، دەسەلاتی بۆ جێگیر دەکات و بۆی دەبێتە مایەی چالاککردن، بەنمونەی ئەوەی چۆن جەستە لەو شتە خۆراك وەردەگرێ کە بۆی دەبنە مایەی گەش و نما و بەهێزکردن.

هەریەك لەدڵ و جەستە پێویستییان بەوە هەیە بەخێو بکرێن و پەروەردە بکرێن، گەشە بکەن تاوەکو شیاو و لەباربن. هەروەك چۆن جەستە پێویستی بەوە هەیە بەخۆراکی شیاو و گونجاو پاك رابگیردرێت، کاتێ گەشە دەکات لەو خۆراکەی پێ بدرێت کە بۆی بەسوودن و لەو خۆراکە بەدوورىگیردرێت کە زیانی بۆ هەیە، دڵیش بەهەمان شێوەیە، ئەوەش تەنیا لەڕێگەی قورئانەوە دێتەدی و گەش و نما دەکات و

بەباری شیاوی خۆی دەگات. ئەگەر لەڕێگەی غەیری قورئانەوە بەشتێك بگات، ئەوە بەشتێکی زۆر کەم دەگات و تەواوی مەبەست بەدەستناهێنێ،بواری کشتوکاڵییش هەر بەوشێوەیەیە و بەو دوو شتە تەواو ڕێکدێت، بۆیە ئەوکات دەوترێ: کشتوکاڵییەکەی پاك کردەوە و تەواوی کرد.

ژیان و نازونیعمەتی مرۆڤ بەندە بەزەکات و پاکژکردنییەوە، لەمەی خوارەوەش لەتەوەرێکدا ئەوە ڕوون دەکەینەوە:

•

□□□□

□
□
□
□
□
□
□
□
□
□
□
□

تەوەری هەشتەم

زەکاتی دڵ

زەکات لەڕووی زمانەوانییەوە[1]:(النماء والزيادة في الصلاح وكمال الشيء)،واتا:گەش و نما و زیاتر لەباربوون و چاکی و تەواوی شت. ئەوتریّ:(زكا الشيء إذا نما)،واتا: شتەکەی پاك کردەوە کاتیّ گەش و نمای کرد، خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿ خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا ﴾ **التوبة**: ١٠٣، واتا: وەربگرە لەمالّ و دارایی یان سەدەقەیەك بەهۆیەوە پاکیان دەکەیتەوە(لەگوناە) و (دڵیان)پوخت و خاوێن دەکەیت بەو مالّ بەخشینە.

هەردوو شتی پێکەوە کۆکردووەتەوە: پاکی(الطهارة) و (پاڵفتەکردن)زەکات، چونکە هەردووکیان پێکەوە پەیوەست و تەواوکەری یەکترن.

پیسی و چەپەڵی و تاوانەکان لەدڵدا لەجێگەی ئەو پیسی و قێزەونییەدان کە لەجەستەدا هەیە، بەنمونەی درك و دااڵی نێو کشتوکاڵن، ژەنگ و پیسیی لکاو بەئاڵتوون و زیوو و مس و ئاسن. هەروەك چۆن جەستە بەشۆردن لەپیسیی رزگاری ببێ جەستە دەحەسێتەوەو پشوو دەدات و گەشە دەکات، دڵیش بەوجۆرەیە، ئەگەر بەتەوبە لەتاوانەکان رزگاری ببێ، ئەوە دڵیش هێزی خۆی و ئیرادەی بۆ چاکەکاریی دەگەڕێتەوە و لەو ماددەو شتە پیسانە رزگاری دەبێ و پشوو دەدات: پاك دەبێتەوەو

---

١ – ((القاموس المحيط))(ص١٦٦٧)، ((المصباح المنير))(ص٢٥٤)، ((الصحاح))(ص٢٧٣– مختاره).

گەشە دەکات، هێزو تینی وەردەگرێتەوە و لەسەر تەختی پادشانشینی خۆی دادەنیشێ و دەسەلآتی خۆی بەسەر ژێردەستانیدا جێبەجێ دەکات، ئەندامانی تری جەستە گوێڕایەڵیی دەکەن، بشزانە بەبێ پاککردنەوەی دڵ لەتاوان و ناشیرینییەکان، رێگەیەك بۆ گەش و نماکردنی دڵ نییە، پەروەردگار دەفەرموێت:﴿ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا۟ مِنْ أَبْصَٰرِهِمْ وَيَحْفَظُوا۟ فُرُوجَهُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾ النور: ٣٠، واتا: ئەی (موحەممەد(صلى الله عليه وسلم)) بڵێ بە پیاوانی ئیماندار چاوی خۆیان (لە سەیر کردنی نامەحرەم)داخەن و بپارێزن وە عەورەتیان(لە داوێن پیسی)بپارێزن ئەوە چاکتر و پاکترە بۆ ئەوان بێگومان خوا ئاگایە بە هەموو کردەوەیەك کە دەیکەن.

پاکڕاگرتنی خستووەتە دوای چاو داخستن و داوێن پاراستن.

ئا لەبەر ئەوەیە چاو داخستن لەئاست نامەحرەم، سێ سوودی هەرە گەورەو نرخداری پێویست و فەراهەم کردووە بۆ ئەو کەسەی لەئاست نامەحرەمدا چاوی دەپارێزێت:

یەکەم: چێژو شیرینیی ئیمان، کە خۆشترین و باشترین و بەچێژترە لەوەی ڕووت لێ وەرگێڕاوەو لەبەر خوای گەورە وازت لێهێناوە، چونکە«مَنْ تَرَكَ شَيئًا لله عَوَّضَهُ اللهُ خَيرًا مِنْهُ»[1] واتا:هەرکەسێ لەبەر خوای گەورە دەستبەرداری شتێك ببێ، ئەوە خوای گەورە لەوە باشتر قەرەبووی بۆ دەکاتەوە.

---

١ – ئەحمەد(٥/ ٣٦٣) و ئەلمروزی لە(زوائد الزهد)(٤١٢) و نەسائی لە(الكبرى) گێڕاویانەتەوە، هەروەك لە(تحفة الأشراف)(١١/١٩٩)دا هەیە، لەهاوەڵێکەوە گێڕیاونەتەوە کە وتوویەتی: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:"إنَّك لن تدع شيئا لله إلا أبدلك اللهُ به ما هو خيرٌ منه"،واتا: لەبەر خوای گەورە دەستبەرداری هەر شتێك ببی، ئەوە خوای گەورە باشتر لەوەت پێ دەدات و بەباشتر بۆت دەگۆڕێتەوە. ئەوەش بەسەنەدێکی سەحیح. لە(الإتمام)(٢٣١٢٤) ڕوونکردنەوەی زیاتر دەبینی.

دەروون تامەزرۆ و عاشقە بەڕوانینە وێنەی جوان، چاو رێبەر و چاوساغی دڵە، دڵ چاوساغی خۆی دەنێرێ تاوەکو بڕوانێ لەوێدا چی هەیە، ئەگەر چاو هەواڵی پێ بدات لەوێدا دێمەنێکی جوان و رازاوە هەیە، ئەوە دڵ تامەزرۆیانە بۆی دەکەوێتە جوڵە، زۆرجار چاوساغی خۆی ماندوو دەکات، وەک وتراوە:

وَكُنْتَ مَتَى أَرْسَلْتَ طَرْفَكَ رَائِدًا[لِقَلْبِكَ يَوْمًا أَتعبتْكَ الْمَنَاظِرُ[
رَأَيْتَ الَّذِيَ لَا كُلَّهُ أَنْتَ قَادِرٌ[عَلَيْهِ وَلَا عَنْ بَعْضِهِ أَنْتَ صَابِرُ[

واتا: هەرکاتێ چاوت بەڕێبەر و چاو ساغی دڵ ناردو بەرەڵا کرد، ئەوە ڕوانین ماندووت دەکات، ئەوانە دەبینی کە نە دەتوانی بەهەمووی بگەی و نە بەهەندێکیشی ئارام دەگریت.

جا ئەگەر چاوساغ لەدۆزینەوەو گەڕان دەستی هەڵگرت، ئەوە دڵیش لەئەرکی ویست و ئیرادە دەحەسێتەوە، بۆیە هەرکەسێ ڕوانینەکانی بەرەڵاکردو چاوی نەپاراست، ئەوە حەسرەت و خەم و خەفەتیشی بەردەوام دەبێ، چونکە ڕوانین خۆشەویستیی دروست دەکات، پەیوەندی دڵ بەبینراو دەستپێدەکات، پاشان ئەوەندە بەهێز دەبێ کە هەموو دڵ پێیەوەی گیرۆدە دەبێ و داسەپاو دەبێ، پاشان دەبێتە خۆشەویستییەک وەک عاشقێکی لێ دێت کە نەتوانێ لەدڵبەرەکەی دووربکەوێتەوە، پاشان دەبێتە عەشق کە ئەوپەڕی خۆشەویستییە، پاشان بەهێز دەبێت و دەبێتە عەشقێک پەردەی دڵ تێپەڕ دەکات، تاوەکو ئاستی پەرستن، دڵ دەبێتە بەندەی شتێک کە شیاوی ئەوە نییە بپەرستێت و بەخوا دابنرێت، هەموو ئەوەش لەتاوانی تەماشاکردنەوە پەیدا دەبێت، ئیتر دڵ دەبێتە بەند و کۆیلە دوای ئەوەی کە بۆ خۆی پادشایەک بووە و سەربەست و ئازاد بووە. بەتەماشاکردن تووشی

ستەملێکراویی دەبێت و شەکوا دەکات، بەڵام تەماشاکردن و روانین پێی ئەڵێ: من چاوساغ و نێردراوی تۆم، ئەوە تۆی منت ناردووە!

ئەوە حاڵی ئەو دڵانەن کە خاڵی و بەتاڵن لەخۆشەویستی و دڵسۆزیی بۆ خوای گەورە. پێویستە دڵ بەخۆیستراوێکەوە پەیوەست بێ، بۆیە ئەگەر هەرکەسێ الله بەتەنیا خۆشەویست و خواوەندو پەرستراوی نەبێ، بێگومان دڵی لەپەرستنی غەیری خوای گەورەدایە.

پەروەردگار لەبارەی یوسفی راستگۆوە فەرموویەتی: ﴿كَذَٰلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلْفَحْشَآءَ ۚ إِنَّهُۥ مِنْ عِبَادِنَا ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٢٤﴾﴾ **یوسف: ٢٤**، واتا: بەو جۆرە(بەڵگەمان نیشانی یوسف دا) بۆ ئەوەی خراپەو داوێن پیسی لێ دوور بخەینەوە چونکە بەڕاستی ئەو(یوسف) لە بەندە پاك و هەڵبژاردەکانی ئێمەیە.

ژنەکەی عەزیزی میسر لەبەر ئەوەی هاوبەشی پەیداکەربوو، کەوتە ئەو خۆشەویستییەی کە تووشی هات لەکاتێکدا مێردیشی هەبوو، بەڵام یوسف(سەلامی خوای گەورەی لەسەربێ) لەبەر ئەوەی دڵسۆز بوو بۆ خوای گەورە، سەرباری ئەوەی گەنج و بێ ژن و غەریب و بەکۆیلەکراویش بوو،رزگاری بوو.

سوودی دووەم: لەچاو داخستن لەئاستی نامەحرەم، رووناکی دڵ و فیراسەت و چاك بینیی راست و ڕێك هەیە، ئیبن شوجاعی ئەلکیرمانی[1] ئەڵێ:((هەرکەسێ رواڵەتی خۆی ئاوەدانکردنەوە بەشوێنکەوتنی سوونەت و ڕێبازی ئیسلام و ناخیشی بەچاودێریی بەردەوام و خۆپاراستنی لەتاوان و دەروونی بەدوورگرت لەشەهوەت و ئارەزووەکان و

---

١ – یەکێکە لەوانەی بەزوهدو دونیانەویست ناسراو بووە، ناوی(شاە)بووە، خاوەن کونیەی ابو الفوارس، هەروەك لە(الحلية)(٢٢٨/١٠) و (الرسالة القشيرية)(ص٢٩) هەیە، لەهەردوو چاپی(إغاثة اللهفان)دا ناوی بەگۆڕینەوە(تحريف)ەوە هاتووە.

چاوی پاراست لەنامەحرەم و خووی گرت بەخواردنی حەلاڵ، ئەوە فیراسەتی هەڵە ناکات و بەهەڵەیدا نابات)).

خوای گەورە چیرۆکی قەومی لوط و ئەوەی گێڕاوەتەوە کە ئەو قەومە پێیەوە تاقیکرانەوە،پاشان دوای ئەوە فەرموویەتی:﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْمُتَوَسِّمِينَ ﴿٧٥﴾ ﴾ **الحجر:** ۷۵، واتا: بەڕاستی لەمەدا بەڵگە زۆر هەیە بۆ ئەوانەی بیردەکەنەوە.

دوا بەدوای فەرمانکردنی بەباوەڕداران بەچاو داخستن و داوێن پاراستنیان، خوای گەورە ئەفەرموویّت:﴿ ۞ ٱللَّهُ نُورُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾ **النور:** ۳۵، واتا: خوای گەورە ڕووناك کەرەوەی ئاسمانەکان و زەوی یە.

نهێنی لەوەدایە،پاداشت لەڕەگەز و جۆری خودی کاری ئەنجام دراوە، بۆیە هەرکەسێك چاوی دابخات لەئاست ئەوەی خوای گەورە روانینی بۆ حەرام کردووە، ئەوە خوای گەورە لەخودی هەمان شت و بەباشتر لەوە پاداشتی دەداتەوە، هەرکەسێ ڕووناکیی چاوی لەئاست حەرامکراوەکان گرتەوە، ئەوە خوای گەورە ڕووناکیی دەخاتە دڵیەوە، ئیتر ئەو کەسە شتانێکی پێ دەبینێ، ئەو کەسە پێی نابینێ کە چاوی بەرەڵاکردووەو لەئاست حەرامکراوەکاندا چاوی نەپاراستووە.

ئەوەش کارێکە مرۆڤ لەخودی خۆیدا هەستی پێ دەکات، دڵ وەك ئاوێنەیەو هەواو ئارەزووش وەك ژەنگن تیایدا، بۆیە ئەگەر ئاوێنە لەژەنگ و تەڵخ و پیسی پاککرایەوە، ئەوە شتەکان وەك خۆیان تیایدا دەبینرێن، بەڵام ئەگەر ژەنگی گرت، ئەوە وێنەکان ناڕوون و تێکچوو دەبینرێن، ئیتر زانست و قسەی ئەو مرۆڤە بریتی دەبێ لەگومان و درۆ[1].

---

١ – بڕوانە:((تنوير الأفهام))ی مامۆستامان الشيخ محمد شقرة، (١/ ٨٧– ٩٢).

سوودی سێیەم: هێز دڵ و دامەزراوی و ئازایەتییەکەی، خوای گەورە بەو هێزەی، دەسەڵاتی سەرکەوتنی پێ دەبەخشێ، هەروەک بەڕووناکیی خۆی، دەسەڵاتی بەڵگەی پێ دەدات، بەوە هەردوو دەسەڵاتی بۆ کۆدەبێتەوەو شەیتان لێی هەڵدێت، هەروەک لەئەسەردا هاتووە:((ئەو کەسەی پێچەوانەی هەواو ئارەزووی دەکات، شەیتان لەسێبەریشی دەترسێ و رادەکات))[1].

لەو کەسەش کە شوێن هەواو ئارەزووی خۆی کەوتووە، سەرکزی و لاوازی و سەرشۆڕیی دەبینرێت، چونکە خوای گەورە ئەو سەرشۆڕی و سەرکزییەی گێڕاوە بەبەشی ئەو کەسەی سەرپێچیی فەرمانەکانی دەکات، شکۆمەندیی دەبەخشێ بەو کەسەی گوێڕایەڵیی دەکات و سەرشۆڕییش بۆ ئەو کەسەی لەفەرمانی یاخی دەبێ.

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَلَا تَهِنُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٣٩﴾ ﴾ **آل عمران:** ۱۳۹، واتا: سست و دڵ لاواز مەبن وە غەمبار مەبن هەر ئێوە بەرزو بڵندترن ئەگەر بڕوادار بن.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعِزَّةَ فَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ جَمِيعًا ﴾ **فاطر:** ۱۰، واتا: هەر کەسێ گەورەیی و سەربەرزی دەوێ(لە خوای بووێ) چونکە بەڕاستی هەموو گەورەیی و دەسەڵات هەر بۆ خوایە.

واتا خوای گەورە رازیی نییە بەوەی، سەرشۆڕی و سەرکزیی بەوانە نەدات کە سەرپێچی فەرمانی دەکەن.

هەندێ لەپێشین وتوویانە:((خەڵکی لەدەرگای پادشایان بەدوای شکۆمەندییدا دەگەڕێن، کەچی تەنیا لەگوێڕایەڵی خوای گەورەدا شکۆمەندیی دەدۆزنەوە)).

---

۱ – ئەمە لەئەسەری مەرفوعدا نەسەلماوە!

ئەلحەسەن ئەلّێ:((ئەگەر بارگیر بەڕێیان بخات و ئێستر غاریان بدات و ئەوان بێ دەسەلآت بن بەرانبەری، ئەوە بەهۆی زەلیلیی تاوانەوەیە کە لەدڵیاندایەو خوای گەورە قبوڵی نییە سەرپێچیکارانی زەلیل و سەرکز نەبن)).

هەرکەسێ گوێڕایەڵیی خوای گەورە بکات، ئەوە خوای گەورە دۆستایەتیی دەکات، خوای گەورەش دۆستەکانی خۆی زەلیل و سەرکز ناکات، هەروەك لەدوعای قنوتدا هاتووە:"إِنَّهُ لا يَذِلُّ مَنْ والَيْتَ، ولا يَعِزُّ مَنْ عادَيْتَ"[1]،واتا: ئەوەی تۆ دۆستایەتی بکەی، سەرکز و زەلیل نابێ، ئەوەشی تۆ دژایەتی بکەی، شکۆمەند و سەربەرز نابێ.

مەبەست ئەوەیە، زەکاتی دڵ، وەستاوەتەوەسەر پاك راگرتنی، هەروەك زەکاتی جەستەش وەستاوەتەوەسەر بەتاڵکردنەوەی لەخراپەو چەپەڵی، پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ أَبَدًا وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُزَكِّى مَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢١﴾﴾ النور: ٢١، واتا: ئەگەر بەهرەو میهرەبانی خوا نەبوایە بەسەرتانەوە هەرگیز کەسێ لە ئێو پوخت و پاك نەدەبۆوە بەڵآم خوا هەر کەسی بوێ(شیاویێ) پاکی دەکاتەوە وە خوا بیسەری زانایە.

خوای گەورە دوابەدوای باسی حەرامکردنی داوێنپیسی و بەناهەق تۆمەتبارکردنی ژنان و پیاوان بەداوێنپیسی و مارەکردنی ئافرەتی داوێنپیس، ئەوەی باسکردووە، ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی، خۆپاکڕاگرتن(التزكي) واتا خۆبەدوورگرتن لەو شتانە.

---

١ - بەشێکە لەفەرموودەی دوعای قنوت، ئەبو داوود(١٤٢٥) و نەسائی(٢٤٨/٣) و ترمیزی(٤٦٤) و ئیبن ماجە(١١٧٨) و دارمی(١/ ٣١١- ٣١٢) و ئەحمەد(١/ ١٩٩- ٢٠٠) و ئیبن خوزەیمە(١٥١/٢- ١٥٢) گێڕاویانەتەوە لەئەلحەسەنی کوڕی عەلی(خوای گەورە لەخۆی و باوکی رازیی بێ). فەرموودەکە سەحیحە، زۆرێك لەبارەی سەنەدەکانی ئەم فەرموودەیە قسەیان کردووەو هەمووی مەرفوعە، بۆیە بڕوانە(نصب الراية)(١٢٥/٢) و (التلخيص الجبير)(٢٤٧/١).

هەروەها فەرمایشتی خوای گەورە لەمۆڵەت خواستن لەخاوەن مالێ بۆ چوونە مـاڵی: ﴿ وَإِن قِيلَ لَكُمُ ٱرْجِعُوا۟ فَٱرْجِعُوا۟ هُوَ أَزْكَىٰ لَكُمْ ﴾ النور: ٢٨، واتـا: ئەگـەر پێتـان وترا بگەڕێنەوە ئەبێ بگەڕێنەوە ئەوە چاکتر و پاکترە بۆتان.

ئەگەر لەلایەن خاوەن ماڵـەوە فـەرموویان لـێ نـەکرا بچنە ماڵـەوە نـەوەك شتێکی نەخوازراو یان نهێنی و حاڵەتی خۆیـان بـۆ ئـەوان ئاشـکرا نـەبێ، ئـەوە گەڕانـەوە بـۆ میوانەکان پاکترو چاکترە، هەروەك چاوداخستن و نەڕوانینە نامەحرەم چاکترە بۆ ئەو کەسەی چاوی خۆی دەپارێزێ لەتەماشاکردنی نامەحرەم.

خوای گەورە لەبارەی موسا(سەلامی خوای لەسەربێ) دەگێڕێتەوە کاتێك قسـە بـۆ فیرعەون دەکـات:﴿ فَقُلْ هَل لَّكَ إِلَىٰٓ أَن تَزَكَّىٰ ﴿١٨﴾ ﴾ النازعات: ١٨، واتـا: پـێ ی بڵـێ: ئایـا دەتەوێ پاك ببیتەوە لەگوناە.

هەروەها فەرموویەتی:﴿ وَوَيْلٌ لِّلْمُشْرِكِينَ ﴿٦﴾ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ ﴾ فصلت: ٦ - ٧، واتا:سزاو لە ناوچوون بۆ هاوبەش دانەران. ئەوانەی کە زەکات نادەن.

زۆربـەی راڤـەوانانی پێشـین و دوای ئـەوانیش وتوویانـە[1]: ئـەوە یەکتاپەرسـتییە، شایەتیدانە بە لا إله إلا الله، ئەو ئیمانەیـە کـە دڵـی پـێ پـاك دەبێتـەوە، لەدڵدا جگـە لـەخوای حـەق و تاقانـە هـەموو خوایەتییـەکی تـر رەتدەکاتـەوە، ئـەوە پـاکیی دڵـە، سەلماندنی خوایە(الله)یە، ئەوەیە بنچینەی هەموو پاککردنەوەو گەش و نمایەك.

ئەگەرچی گەشو نما و زیاتری و بەرەکەت بنچینەی خۆپاکڕاگرتنە(التزكي)یە، بەلاّم بەلابردنی خراپە دێتەدی، لەبەر ئەوەیە خۆپاکڕاگرتن بووەتە مایەی کۆبوونەوەی دوو شـت، بۆیـە بنچـینەی ئـەوەی دڵ و روحـەکان پێـی پـاك دەکرێنـەوە: بریتییـە

---

١ – بڕوانە:(معالم التنزيل)(٥/٥٧) و (تفسير ابن كثير)(٤/١٣٩).

لەیەکتاپەرستی، تەزکیە و پاکڕاگرتن، ئەوەیە شتەکە پاك رابگیردرێت، لەخودی خۆیدا یان لەبیروباوەڕ و هەواڵدان لەبارەیەوە، هەروەك وتراوە: بەچاکم داناو بەخراپم دانا، جا ئەوە لەڕووی دەرەوە بێ یان لەبیروباوەڕ و هەواڵدا.

لەمەدا فەرمایشتی خوای گەورە هەیە:﴿ فَلَا تُزَكُّوٓاْ أَنفُسَكُمۡۖ ﴾ **النجم:** ٣٢، واتا: خۆتان بەچاك و پاك دامەنێن.

واتای ئەم فەرمایشتەی نییە:﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ٩ ﴾ **الشمس:** ٩، واتا: سوێند بەهەموو ئەوانە بەڕاستی ڕزگاری بوو ئەو کەسەی کە نەفسی خۆی پاك کردەوە.

واتا: هەواڵ مەدەن لەبارەی پاکیی دڵتانەوە و بڵێن: ئێمە پاك و چەکەکارو لەخواترسین، لەبەر ئەوەیە دوابەدوای ئەوە دەفەرموێت:﴿ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَنِ ٱتَّقَىٰٓ ٣٢ ﴾ **النجم:** ٣٢، واتا:خوا زاناترە بەو کەسەی پارێزکارە.

زەینەب پێشتر ناوی(بَرَّة– چاکەکار بوو)، بۆیە پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم)ناوی لێنا زەینەب و فەرمووی:"اللَّهُ أَعْلَمُ بِأَهْلِ الْبِرِّ مِنْكُمْ"[1]،واتا: خوای گەورە لەئێوە باشتر چاکەکارەکانتان دەناسێ.

هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يُزَكُّونَ أَنفُسَهُم ﴾ **النساء:** ٤٩، واتا: وەهای دادەنێن دەروون و دڵیان پاکە و لەو بارەیەشەوە ئەو هەواڵە دەدەن بەخەڵکی تر، پاشان دەفەرموێ:﴿ بَلِ ٱللَّهُ يُزَكِّي مَن يَشَآءُ ﴾ **النساء:** ٤٩، واتا: بەڵکو ئەوە خوای گەورەیە پاکی رادەگرێ و هەواڵ لەبارەی پاك و پوختی دڵەوە

---

١ – موسلیم(٢١٤٢)(١٩) ئیخراجی کردووە لەزەینەبی کچی ئەبی سەلەمەوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: "اللَّهُ أَعْلَمُ بِأَهْلِ الْبِرِّ مِنْكُمْ"،واتا: خوای گەورە لەئێوە باشتر چاکەکارەکانتان دەناسێ. ئیتر ناوی گۆڕیووە.

دەدات. پێچەوانەی فەرمایشتی: ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ۝٩ ﴾ **الشمس:** ٩، واتا: سوێند بەهەموو ئەوانە بەڕاستی ڕزگاری بوو ئەو کەسەی کە نەفسی خۆی پاک کردەوە.

لەبەشی ئەم فەرمایشتەدایە: ﴿ فَقُلۡ هَل لَّكَ إِلَىٰٓ أَن تَزَكَّىٰ ۝١٨ ﴾ **النازعات:** ١٨، واتا: پێ ی بڵێ: ئایا دەتەوێ پاک ببیتەوە لە گوناە.

نمونە بەوە، فەرمایشتی: ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ۝١٤ ﴾ **الأعلى:** ١٤، واتا: بەڕاستی سەرفراز بوو ئەوی کە خۆی پاک ڕاگرت.

فەرمایشتی: ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ۝٩ ﴾: ئەو واتا دروستەی کە کۆڕای ڕافەوانان لەسەری کۆک و یەکدەنگن[1]، ئەوەیە کە قەتادە وتوویەتی:((هەرکەسێ کارێکی چاک بکات، ئەوە بەگوێڕایەڵێکردنی خوای گەورە پاکی ڕاگرتووە)).

هەروەها وتوویەتی:((سەرفراز بووە ئەو کەسەی دەروونی خۆی بەکردەوەی چاک، پاک و پوخت کردووەتەوە)).

ئەلحەسەن ئەڵێ:((سەرفراز بووە ئەو کەسەی دەروونی خۆی پاک کردووەتەوەو چاک و لەباری کردووە و ڕایهێناوە لەسەر گوێڕایەڵیی خوای گەورە، دۆڕاویشە ئەو کەسەی بەهیلاکیدا بردووەو ڕایهێناوەو هەڵیناوە لەسەر تاوان و سەرپێچی فەرمانی خوای گەورە)).

ئیبن قوتەیبە ئەڵێ[2]:((مەبەست بە: بڕاوە بوو ئەو کەسەی دەروونی خۆی پاککردەوە، واتا گەش و نمای پێ دا و بەرزی کردەوە بەخواپەرستی و چاکەو خێرو سەدەقە و چاکە کردن. ﴿ وَقَدۡ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ۝١٠ ﴾ **الشمس:** ١٠، واتا: بەدبەخت و

---

١ – بڕوانە:(تفسير ابن كثير)(٨١٦/٤).

٢ – لە(تأويل مشكل القرآن)(ص٣٤٤– ٣٤٥).

بێ چارەبوو ئەو کەسەی دەروونی خۆی ناتەواو و ئاوا کرد بەوازهێنان لەکاری چاکەو سواربوونی کەلی شەیتان و تاوان.

مرۆڤی خراپەکار، لەکاتی چاکەو پیاوەتییدا هەمیشە شاراوەیەو شوێنی دیار نییە، کەسێتییەکی تەومژ و نەخۆشی هەیە[1]، سەرکز و زەلیلە. ئەنجامدەری تاوان، فێڵی لەدەروونی خۆی کردووەو سەرکوتی کردووەو خۆی شاردووەتەوە، بەڵام مرۆڤی چاکەکار، کەسێکە بەچاکەکارییەکانی، خۆی دەرخستووەو سەربەرز راوەستاوە.

هەندێ لەڕاڤەوانان وتوویانە: خۆی بەدبەخت کردووە ئەو کەسەی خۆی خزاندووەتە ریزی چاکەکاران و لەوانیش نییە.

ئەلواحیدی ئەوەی گێڕاوەتەوەو ئەڵێ:((واتای ئەوە، واتا خۆی لەڕیزی چاکەکاراندا حەشار داوە و لەخەڵکیی وەها تێدەگەیەنێ یەکێکە لەپیاو چاکان، بەڵام شتانێکی لەناخدا حەشار داوە کە لەچاکەکاراندا نییە)).

بەوشێوەیە ئەگەر لەڕواڵەتدا ئەوە هەڵدەگرێ، بەڵام تێبینی و روانین هەیە لەوەی لەو ئایەتەدا ئەوە مەبەست بێ، بەڵکو لەشێوەی گشتییدا تێکەڵ بەو ئایەتە دەبێت، ئەو کەسەی بەتاوان، داو بۆ دەروونی خۆی دەنێتەوەو فێڵ لەخۆی دەکات، ئەگەر تێکەڵی چاکەکارانیش بێ، تیایاندا خۆی دەشارێتەوە و بەڕواڵەت خۆی بەیەکێك لەوان پیشان دەدات. خوای گەورەش زاناترە.

***

١ – موسڵمانی راستگۆی بەرچاوڕوونی پەیڕەوکار، خاوەن کەسێتی روون و مامەڵە دیار و هەڵسوکەوت روونە، شاراوەیی و تەومژیی نییە، بەتایبەت لەگەڵ براو خۆشەویستانیدا! دووڕوو، دوو زمان نییە!!

تەوەری نۆیەم

پاککردنەوەی دڵ لە پیسی و چە پەڵییەکانی

ئەم تەوەرە ئەگەرچی تێکەڵ بەوەی پێشترە و رووونیشمان کردەوە کە بەبێ پاك و خاوێنی، زەکاتی دڵ نایەتەدی، بەڵام لێرەدا لەبەر پێویستیی زۆر و بەڵگەدانی قورئان و فەرموودە لەو بارەیەوە، ئەوە ئەم تەوەرەیەمان تەرخانکردووە بۆ رووونکردنەوەی واتای پاك و خاوێنی(تەهارەت).

خوای گەورە ئەفەرموویت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ ۝١ قُمْ فَأَنذِرْ ۝٢ وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ ۝٣ وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ ﴾ المدثر:١ - ٤، واتا: ئەی ئەو کەسەی کە خۆت پێچاوەتەوە. هەستە(خەڵکی) بێدار کەرەوە. وە پەروەردگارت بە گەورە بگرە. وە پۆشاکت بە پاك ڕابگرە.

هەروەها پەروەردگار دەفەرموویت:﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَمْ يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمْ ۚ لَهُمْ فِي ٱلدُّنْيَا خِزْيٌ ۖ وَلَهُمْ فِي ٱلْءَاخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ۝٤١ ﴾ المائدة: ٤١، واتا: ئەوانە کەسانێکن کە خوا نەی ویستووە دڵەکانیان پاك بکاتەوە لە دنیادا سەر شۆڕدەبن وە لە ڕۆژی دوایشدا ئامادەیە بۆیان سزایەکی زۆر گەورە.

کۆی راڤەوانانی پێشین و دوای ئەوانیش یەکدەنگن لەسەرئەوەی[1]، لەو ئایەتەدا بەرگ(الثیاب)، بەواتای دڵ هاتووە، مەبەست بەپاك و خاوێنیش، چاککردنی کردەوەکان و ڕەوشتە.

ئەلواحیدی ئەڵێ: ڕاڤەوانان لەبارەی واتایەوە جیاوازن:

عەتاء لەئیبن عەباسەوە(خوای گەورە لەخۆی و باوکی ڕازیی بێ) گێڕاویەتییەوە وتوویەتی:((واتا لەو تاوانانە پاکی بکەرەوە کە سەردەمی نەفامی بەڕەوای دانابوو)).

ئەمەش قسەی قەتادەو موجاهیدە وتوویانە:((دەروونت پاك و خاوێن بکەرەوە لە تاوان)).

شەعبی و ئیبراهیم و زەحاك و زوهرییش نزیك بەوەیان وتووە[2].

بەوپێیە (الثیاب) بریتییە لەدەروون، عەرەب وەك درکەو کینایە بۆ دەروون، بەرگیان بەکارهێناوە.

سەعیدی کوڕی جوبەیر ئەڵێ:((لەکۆندا ئەگەر پیاوێك غەدرو ناپاکیی بکردبایە، ئەیانووت: بەرگ پیس)).

ئەلسودی ئەڵێ:((بەپیاو چاك ئەوترا: بەرگ و پۆشاك پاك، بەپیاو خراپیش دەوترا: بەرگ و پۆشاك پیس)).

ئەلحەسەنیش ئەڵێ:((واتا: ڕەوشتت جوان و شیرین بکە))[3]. ئەوە قسەی قورتوبییشە[4].

---

١ – بڕوانە: تفسير الطبري(١٩/ ٥٩– ٦٦).

٢ – (الدر المنثور)(٨/ ٣٢٥).

٣ – لە(الجامع لأحكام القرآن)(١٩/٦٦).

٤ – (الدر المنثور)(٨/ ٣٢٥).

بۆیە:(الثياب) بریتییە لەڕەوشت، چونکە رەوشت کاروباری مرۆڤ لەخۆدەگرێ و دادەپۆشێ هەروەك بەرگ و پۆشاك لاشەی دادەپۆشێ.

هەندێکیان بۆ ڕاڤەی ئەم ئایەتە، ڕوالّەتی ئایەتەکەیان وەرگرتووە، وتوویانە: فەرمان بەپەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) کراوە بەرگەکەی لەو پیسییانە پاك بکاتەوە کە شیاو نین نوێژیان پێیەوە ئەنجام بدرێت، ئەوە قسەی ئیبن سیرین و ئیبن زەیدە.

ئەبو ئیسحاق لەبارەی(وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ) وتوویەتی:((لەبەرئەوەی کورتکردنەوەی بەرگ دوورترە لەوەی پیسیی بەر بەرگ و پۆشاك بکەوێ، ئەوە لەشۆڕکردنەوەو درێژکردنەوەی پۆشاکدا گرنتییەك نییە پیسییەك بەر پۆشاکەکە نەکەوێ)). ئەوە قسەی تاووسیشە.

ئیبن عەرەفە ئەڵێ:((واتاکەی: ژنەکانت خۆیان پاك رابگرن))، بەرگ و پۆشاك وەك درکەو کینایە بۆ ئافرەت بەکارهێنراوە، خوای پەروەردگار ئەفەرموێت: ﴿ أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ ٱلصِّيَامِ ٱلرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَآئِكُمْ هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ ﴾ البقرة: ١٨٧ واتا: ڕێتان پێ دراوە لەشەوانی ڕۆژوو(ڕەمەزان)دا دروست بوون لەگەڵ ژنەکانتان ئەوانە بۆ ئێوە پۆشاکن وە ئێوەش بۆ ئەوان پۆشاکن.

منیش ئەڵێم: ئەو ئایەتە هەمووی دەگرێتەوە و بەشێوازی ئاگادارکردنەوەو پابەندی(لزوم) بەڵگەی لەسەر داوە، ئەگەرچی لەڕووی بێژەوە ئەوەی نەخستووەتە بەرباس، بەڵام ئەوەی فەرمان کراوە جێبەجێ بکرێ ئەگەرچی پاك و خاوێنیی دڵە، ئەوە پاك و خاوێنی بەرگیشی تەواوکەری ئەوەیە، پیسیی بەرگ و پۆشاکیش شێوەیەکی پیس و بۆگەن دەداتە دڵ[1]، هەروەك چەپەڵی و پیسیی خۆراکیش ئەوە

---

١ – لەکتێبەکەمدا(تبصير الناس بأحكام اللباس) لەم بابەتەدا بەتێروتەسەل قسەم کردووە.

بۆ دڵ دروست دەکات، بۆیە پۆشینی پێستی پڵنگ و ئاژەڵە درندەکانیش لەلایەن پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم)بەنەهی لێکردن حەرام کردووە و لەچەند فەرموودەیەکی سەححدا ئەوە هاتووە[1] کە دژیەکییان نییە، لەبەرئەوەی شێوەی هاوشێوەی ئاژەڵان بۆ دڵ پەیدا دەکات، ئەوە بەرگ و رواڵەتی دیار بەناخیش دەگات، بۆیە خوای گەورە پۆشینی ئاورێشم و ئاڵتوونی بۆ نێرینەکان حەرام کردووە[2] چونکە بۆ بۆ دڵ ئەو شێوەو سروشتە پەیدا دەکات کە لەژنان و خەڵکانی خۆهەڵکێشەرو خۆبەزلزاندا هەیە.

مەبەست ئەوەیە، پاك و پوختیی بەرگ لەبەرئەوەی دەسکەوتێکی پاك و چاکە، ئەوە بەبەشێك لەپاکی و کەمالّی دڵ دادەنرێت. ئەگەرچی فەرمان کراوە بەرگ و پۆشاك پاك رابگیردرێت، بەڵام ئەوە ئامرازێکی مەبەستە بۆ شتی تر، چونکە پاك و پوختیی بەرگ لەپێشترە بەوەی فەرمان بەئەنجامدانی بکرێت. ئەگەرچی پاك و پوختیی دڵ و پاککردنەوەی دەروون شتێکە لەلایەن خوای گەورە فەرمان کراوە ئەنجام بدرێن، بەڵام بەبێ پاکیی بەرگ ئەوە نایەتەدی، بۆیە بەڵگەی قورئان لەسەر ئەمەو ئەویش روونە.

---

١ – لەوانە، ئەوەی ئەبو داوود(٤٠٣٢) و ترمیزی(١٧٧١) و نەسائی(١٧٦/٧) و تەحاوی لە(مشكل الآثار)(٤/ ٢٦٤) و حاکم(١٤٨/١) و ئەحمەد(٧٤/٥و ٧٥) لەڕێگەی ئەبی مولیحی کوڕی ئوسامە ئەویش لەباوکییەوە ئەڵێ:((پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نەهی کردووە لەوەی پێستی ئاژەڵانی درندە بکرێت بەڕاخەر))، ئەم فەرموودەیە بەهۆی ئیرسال بوونیەوە عیللەتی لەسەر دراوە، هەروەك ئەوەو وەلامی دەبینرێت لە(الإتمام)(٢٠٧٢٥) خوای گەورە لەسەر خێر ئاسانی بکات.

٢ – هەروەك لەم فەرموودەیەی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) هاتووە: "الْحَرِير وَالذَّهَب حَرَامٌ عَلَى ذُكُورِ أُمَّتِي"،واتا: پۆشینی ئاورێشم و ئاڵتوون بۆ نێرینەی ئومەتەکەم حەرامە. ترمیزی(١٧٢٠) و جگە لە ئەو گێڕاویانەتەوە، فەرموودەیەکی سەحیحە، بڕوانە(الإتمام)(١٩٣٣).

دوابـەدوای فەرمایشـتی خـوای گـەورە کـە دەفـەرموویت:﴿ سَمَّٰعُونَ لِلْكَذِبِ سَمَّٰعُونَ لِقَوْمٍ ءَاخَرِينَ لَمْ يَأْتُوكَ ۖ يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ مِنۢ بَعْدِ مَوَاضِعِهِۦ ﴾ **المائدة: ٤١،** واتا: لەوانەش کە جوولەکەن زۆر گوێ قوڵاخن بۆ درۆ زۆر گوێ لە مشتی دەستەیەکی ترن کە نەهاتوون بۆ لای تۆ وتەکانی(تەورات) دەگۆڕن.

فەرموویـەتی:﴿ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَمْ يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمْ ﴾ **المائدة: ٤١،** واتـا: ئەوانە کەسانێکن کە خوا نەی ویستووە دڵەکانیان پاک بکاتەوە.

بەڵگە دەدات لەسەرئەوەی، بەندە ئەگەر نەریتی گرت بەگوێگرتن لەباتڵ و نـاڕەواو قبوڵکردنی، ئیتر لادانی حەق لەشوێنی خۆی بۆی دەکاتە پیشـەو دەسـکەوت، ئەگـەر باتڵی قبوڵکرد، ئیتر ئەو باتڵەی خۆشدەوێ و بێی رازیی دەبێ، ئەگەر حەق لەدژی ئەو بوو، ئەگەربێتو لەتوانایدا هەبێ رەتیدەکاتـەوەو بـەدرۆی دەخاتـەوە، ئەگـەر توانـای وەڵامدانەوەو بەدرۆخستنەوەشی نەبوو، ئەوە لەنیازو مەبەستی راستەقینە لای دەدات و دەیشێوێنێ، هەروەک چۆن جەهمییەکان بەرانبەر ئایەت و فـەرموودەکانی تایبـەت بەسیفەتەکانی خوای گەورە ئەنجامی دەدەن، بەکۆمەڵێ تەئویل وەڵام دەدەنەوە کـە لەڕاسـتییدا بـەدرۆزانینی حەقیقەتـەکانی سـیفەتەکانە، ئـەوەش بەپاسـاوی ئـەوەی، گێڕانەوەی ئاحادن و دروست نییە لەبابەت ناسینی خوای گەورەو ناو و سیفەتەکانیدا پشتی پێ ببەسترێت[1].

بۆیە ئەوانەو دۆست و براکانیان، لەوانەن کە خوای گەورە نەیوویستووە دڵیان پاک و پوخت ببێتـەوە، چـونکە ئەگـەر پـاک ببووایەتـەوە، ئـەوە لەحـەق لایـان نـەدەدا و

---

١ – ئەوە فەلسەفەیەکە هەندێ کەسانی حیزبیـی ئـەم سـەردەمە وەریانگرتووە و فـووی پێدا دەکـەن و کردوویانەتـە هۆکـاری ڕەتکردنـەوەی سـوونەن و عەقائیـد، بـۆ دەرخسـتنی گومڕاییـەکانیان، بڕوانێتە:(الصواعق المرسلة)(٢/٣٣٢– ٤٤٦)ی دانەر.

لەبەرانبەر فەرمایشتی خوای گەورە و پەیامبەرەکەی، بەبۆچوونی باتڵ و ناڕەوا سەختگیرییان نەدەکرد. لادەرانی خەڵکانی ئیرادە لەبەرئەوەی دڵیان پاك نەبووەتەوە، ئەوە لەبری گۆڕگرتن لەقورئانی ئیمانیی، بەگۆڕگرتنی شەیتانیی قەرەبووی ئەوەیان کردووەتەوە.

عوسمانی کوڕی عەفان(خوای لێ رازیی بێ) ئەڵێ:((ئەگەر دڵمان پاك و پوخت بوایە، ئەوە لەقسەی خوای گەورە تێرنەدەبوون)).

دڵی پاك–بەهۆی کەمانی ژیان و رووناکی و پوخت بوونی لەپیسی و چەپەڵی– لەقورئان تێر نابێ و تەنیا بەحەقیقەتی قورئان خۆی خۆراك دەدات و بەدەوای قورئان تیماری خۆی دەکات، پێچەوانەی ئەو دڵەی کە خوای گەورە پاك و پوختی نەکردووەتەوە، چۆن دڵی پاك و پوختەنەکراو لەو خۆراکە تێر دەکرێت کە شیاوی نییە، ئەوەش بەپێی ئەو پیسی و چەپەڵییەی کە تیایدایە لەو خۆراکەی پێ دەدرێت. دڵی پیس وەك جەستەی دەردەدارو نەخۆشە، ئەو خۆراکانەی پێ گونجاو نییە کە بۆ کەسی ساغ گونجاوە.

ئایەتەکە بەڵگە دەدات لەسەرئەوەی، پاکیی دڵ وەستاوەتەوەسەر ئیرادەی خوای گەورە، لەبەرئەوەی خوای گەورە نەیویستووە دڵی ئەوانە پاك بێتەوە کە قسەی ناڕەوایان کردووە و حەق و راستییان شێواندووە، ئەوە پاکی و پوختییان بۆ نەهاتووەتەدی.

ئایەتەکە بەڵگە دەدات لەسەرئەوەی، هەرکەسێ خوای گەورە دڵی بۆ پاك و پوخت نەکردەوە، دەبێ لەدونیادا شەرمەزاری و لەئاخیرەتیشدا سزا ببینێ و بچێژێ، ئەوەش بەپێی پیسی و چەپەڵیی دڵی، لەبەرئەوەیە خوای گەورە بەهەشتی حەرام کردووە لەسەر ئەو کەسەی پیسی و چەپەڵی لەدڵیدا هەبێ، لەدوای پاکی و پوختەبوونی

دەیخاتە بەهەشتەوە، چونکە بەهەشت شوێن و ماڵی چاک و پاکەکانە، لەبەرئەوەیە لەبارەیانەوە پێیان دەوترێ: ﴿ طِبْتُمْ فَٱدْخُلُوهَا خَٰلِدِينَ ﴿٧٣﴾ ﴾ الزمر: ٧٣، واتا: بچنە بەهەشتەوە بەهۆی چاکییتانەوە، ئەو موژدەیەش لەکاتی سەرەمەرگدایەو تەنیا بەوان دەدرێت، هەروەک پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ ٱلَّذِينَ تَتَوَفَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ طَيِّبِينَ يَقُولُونَ سَلَٰمٌ عَلَيْكُمُ ٱدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾ النحل: ٣٢، واتا: ئەوانەی کە فریشتەکان(ی گیان کێشان) گیانیان دەکێشن بە پاکی(فریشتەکان) دەڵێن سەلامتان لێ بێ بچنە بەهەشتەوە بەهۆی ئەوەی کە دەتان کرد(لە دنیا)دا.

بۆیە بەهەشت، مرۆڤی پیس و چەپەڵ و ئەوانە ناچنە ناویەوە کە شتێک لەپیسی و چەپەڵییان تێدا هەیە.

هەرکەسێ لەدونیادا خۆی پاک رابگرێ و پاک و دوور لەپیسی و چەپەڵی بەخوای گەورە بگاتەوە، ئەوە بەبێ کێشەو رێگری دەچێتە بەهەشتەوە. هەرکەسێکیش لەدونیادا خۆی پاک رانەگرت و پیسی و چەپەڵییەکەی دیار بوو وەک مرۆڤی بێباوەڕ، ئەوە بەهیچ حاڵێک ناچێتە بەهەشتەوە، بەڵام ئەگەر کەسێک پیسییەکی هەبوو بەهۆی تاوانەکانییەوەو بێباوەڕیی نەبوو، ئەوە دوای پاکبوونەوەی لەو پیسییە لەدۆزەخدا، دەچێتە بەهەشتەوە و ئیتر لەبەهەشت دەرناکرێت، تەنانەت کاتێک ئیمانداران پردی سیرات تێدەپەڕێنن، لەسەر پردێک لەنێوان بەهەشت و دۆزەخدا رادەگیردرێن و دەتەکێنرێن و پاک دەکرێنەوە لەپاشماوەی ئەو تاوانەی بەسەریانەوە ماوەتەوە و

بووەتە رێگر لەچوونە بەهەشت و بڕیاریش نەدراوە بەهۆیەوە بخرێنە دۆزەخەوە، بۆیە کە پاك و پوختە کرانەوە، رێگە دەدرێن بچنە بەهەشتەوە[1].

خوای گەورە بەحیکمەتی خۆی، وەهای کردووە چوونە بەهەشت لەسەر پاك و خاوێنیی راوەستابێ، نوێژخوێن بەبێ پاك و خاوێنی ناچێتە بەهەشتەوە، تەنیا مرۆڤی پاك و چاك دەچێتە بەهەشتەوە.

بۆیە دوو پاك و خاوێنین: پاك و خاوێنی جەستەو پاك و خاوێنی دڵ،بۆیە لەفەرموودەدا بۆ کەسێك دەستنوێژ دەشوات بووە بەسوونەت بڵێ:"أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، اللهُمَّ اجْعَلْنِي مِنَ التَّوَّابِينَ وَاجْعَلْنِي مِنَ الْمُتَطَهِّرِينَ"[2]. لەو پارانەوەیەدا لەدوای شایەتومان، مرۆڤی موسڵمان لەکاتی دەستنوێژ گرتندا داوا لەخوای گەورە دەکات و ئەڵێ: خوایە گیان بمگێرە لەیەکێك لەڕیزی تەوبەکاران و خۆ پاکڕاگران.

دڵ بەتەوبە پاك دەبێتەوە، جەستەش بەئاو،بۆیە هەرکاتێ هەردوو پاك و خاوێنیی بۆ مرۆڤ کۆبوویەوە، ئەوە شیاو بووە بۆ ڕۆیشتنە بەردەم خوای گەورەو تکا لێکردنی.

لەشێخی ئیسلام ئیبن تەیمییەم پرسی لەبارەی ئەم پارانەوەیەی پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) کە دەفەرموێت:"اللَّهُمَّ طَهِّرْنِي مِن خطاياي بالماء،

---

١ – هەروەك لەسەحیحی بوخاری(٢٤٤٠)دا هاتووە لەئەبو سەعیدی خودرییەوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: «إِذَا خَلَصَ الْمُؤْمِنُونَ مِنَ النَّارِ حُبِسُوا بِقَنْطَرَةٍ بَيْنَ الْجَنَّةِ وَالنَّارِ، يَتَقَاصُّونَ مَظَالِمُ كَانَتْ بَيْنَهُمْ ، حَتَّى إِذَا هُذِّبُوا وَنُقُّوا أُذِنَ لَهُمْ بِدُخُولِ الْجَنَّةِ، وَالَّذِي نَفْسُ محمدٍ بِيَدِهِ إِنَّ أَحَدَهُمْ بِمَنْزِلِهِ فِي الْجَنَّةِ أهدلُ بِمَنْزِلِهِ الَّذِي كَانَ فِي الدُّنْيَا» ،واتا:کاتێك باوەڕداران لەدۆزەخ رزگار کران، لەسەر پردێك لەنێوان بەهەشت و دۆزەخ رادەگیردرێن و حەقی خۆیان لای یەکتر وەردەگرن، کە پاك و پوخت بوونەوە، مۆڵەت دەدرێن بچنە بەهەشتەوە، سوێند بەو کەسەی گیانی موحەممەدی بەدەستە پێگە و شوێنی هەر یەکەیان لەبەهەشت نزیکە بەپێگە و شوێنی دونیای.

٢ – موسلیم گێڕاویەتییەوە لەعوقبەی کوڕی عامرەوە(٢٣٤).

والثلج، والبَرَدِ"[1]،واتا: خوایە گیان لەتاوانەکانم پاك بکەرەوە بەئاو و بەفر و تەرزە. وتم: چۆن بەو شتانە مرۆڤ لەتاوان پاك دەبێتەوە؟ سوودی ئەو تایبەت کردنە چییە؟ لەکاتێکدا گەرمیی باشتر پاککردنەوە ئەنجام دەدات؟

ئەویش وتی: تاوانەکان، گەرمی و پیسی و لاوازیی بۆ دڵ دەهێنن، ئیتر دڵ خاو و تەمبەڵ دەبێت و ئاگری شەهوەتی تێ بەر دەبێ و پیسی دەکات، تاوانەکان بۆ دڵ لەجێی دارو چیلکەن کە سووتەمەنیی بۆ ئاگرەکە زیاتر ئەکەن، هەرکات تاوان زۆرتر بوو، ئەوە ئاگری دڵ تووندتر و بڵێسەدارتر ئەبێ، ئاویش پیسی و ژەنگ دەشۆرێتەوەو ئاگریش دەکوژێنێتەوە، جا ئەگەر ساردبوویەوە، ئەوە جەستە تووندوتۆڵ و بەهێز دەکات، ئەگەر بەفرو تەرزەشی لەگەڵدابێ، ئەوە بەهێزتر ئەبێ لەساردکردنەوە و بەهێزکردن و تووندکردنی جەستەدا و باشتر شوێنەواری تاوانەکان رادەماڵێ.

ئەوە واتای قسەکەی بوو، پێویستی بەڕوونکردنەوەو راڤەی زۆرتر هەیە.

بۆیە بزانە لێرەدا چوار شت هەیە: دوو شتی هەستی، دوو شتی مەعنەوی.

ئەو پیسییەی کە بەئاو نامێنێ و ئەوەشی کە دەیسڕێتەوە، دوو شتی هەستپێکراون. شوێنەواری تاوانیش کە بەتەوبەو پەشیمانیی نامێنن، هەردووکیان مەعنەوین.

چاکبوون و ژیان و خۆشییەکانی دڵیش بەو دوو شتەوە دێنەدی، بۆیە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هەرکات یەکێك لەو دووانەی باسکردبێ، ئەوی تریشی باسکردووە، وەك دوابەدوای دەستنوێژ شۆردن دەیفەرموو:"اللهُمَّ اجْعَلْنِي مِنَ التَّوَّابِينَ وَاجْعَلْنِي مِنَ الْمُتَطَهِّرِينَ". ئەو پارانەوەیە،ئەو چوار شتەی لەخۆگرتووە.

---

١ – موسلیم گێڕاویەتییەوە لەئیبن ئەبی ئەوفاوە(٢٠٤).

یەکێك لەکاملّیی روونکردنەوەی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) و هێنانەدی ئەوەی هەواڵی لەبارەوەو داوەو فەرمانی داوە ئەنجام بدرێت: نواندنی کاری پێویستی مەعنەوی بەکاری هەستپێکراو، ئەوەش لەزۆرێك فەرموودەیدا دەردەکەوێت، لەوانە لەو فەرموودەیەی کە عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب گێڕاویەتییەوە:"سَلِ اللهَ الهُدى والسَّدادَ، واذْكُرْ بالهُدَى هدايَتَكَ الطَّريقَ، وبالسَّدادِ سَدادَ السَّهْمِ"[1]،واتا: داوای رێنیشاندەری و بۆچوون و هەنگاوی دروست لەخوای گەورە بکەو پێشان دانی رێگەیەك رێگەی گەیشتنە خوا بێ و وەك تیر رێگەو بۆچوونت بپێکیت.

ئەوە بەهێزترین فێرکردن و ئامۆژگارییەکە، فەرمانی پێ داوە بیری بێتەوە، ئەگەر هەرکاتێ داوای لەخوای گەورە کرد، داوای رێنیشاندەرییەکی لێ بکات پێیەوە بگاتە رێگەی رەزامەندی خۆی و بەهەشتەکەی، چونکە ئەو لەدونیادا رێبوارە و رێگەی ون کردووە و نازانێ رووەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرێت، بێگومان کاروباری رێگەی ئاخیرەت بەو جۆرەیە، ئەمە نواندنێکە بەنمونەی رێگەی هەستپێکراو بۆ رێبوار، پێویستی رێبوارێك کە بەرەو لای خوای گەورە رێگە دەبڕێت و خوای گەورە ئەو رێگەیەی پیشان بدات، گەورەترە لەپێویستی رێبوارێك دەیەوێ بگاتە ولاّتی خۆی و پێویستی بەکەسێکە رێگەی ولاّتی خۆی پیشان بدات.

پێکان و دروستی(السداد)یش، واتا پێکانی مەبەست بەقسەو کردار، نمونەی تیرهاوێژە، کە تیرەکەی بەر مەبەست کەوت، ئەوە پێکاوێتی و دروستە، ئەگەرنا دەکەوێتە هەڵەوە، بۆیە مرۆڤێك کە بەقسەو کردار حەقی پێکابێ، بەنمونەی تیرهاوێژێکە تیرەکەی ئامانجی پێکابێ.

---

١ – ئەحمەد(٧٢/١) و ئەلحومەیدی(ژمارە٥٢) گێڕاویانەتەوە و نەسائیش کوڕتی کردووەتەوە(١٥٧/٨) و موسلیم نزیك بەوە(نحوە) گێڕاویەتییەوە(٢٧٢٥).

زۆرجار لەقورئانی پیرۆزدا لەپاڵ یەکتردا دێن، لەوانە فەرمایشتی: ﴿ وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقْوَىٰ ﴾ البقرة: ١٩٧، واتا: توێشوو(ی پارێزکاری) هەڵبگرن کە باشترین توێشوو لەخوا ترسانە.

فەرمانی بەحاجیان کردووە، تووێشوو بۆ سەفەرەکەیان کۆبکەنەوە و بەبێ تووێشوو سەفەر نەکەن، پاشان وریای کردوونەتەوە بۆ کۆکردنەوەی تووێشوو بۆ گەشتی ئاخیرەت، کە تەقوایە. هەروەک چۆن ڕێبوار بەبێ تووێشوو بەشوێنی مەبەست ناگات، ڕێبواری بەرەولای خوا و ئاخیرەتیش بەبێ تووێشووی تەقوا بەشوێنی مەبەست ناگات، بۆیە لەنێوان هەردوو تووێشوودا کۆی کردووەتەوە.

لەوانە، فەرمایشتی خوای گەورەیە کە دەفەرموێت: ﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ قَدۡ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكُمۡ لِبَاسٗا يُوَٰرِي سَوۡءَٰتِكُمۡ وَرِيشٗاۖ وَلِبَاسُ ٱلتَّقۡوَىٰ ذَٰلِكَ خَيۡرٞۚ ﴾ الأعراف: ٢٦، واتا: ئەی نەوەی ئادەم بێگومان پۆشاکمان بۆ ناردوون کە عەیب و عەورەتتان دادەپۆشێ وە پۆشاکی جوان و ڕازاوەیش(مان بۆ ناردوون) بەڵام پۆشاکی ترسان لە خوا و پارێزگاری چاکتر و باشترە.

لەو ئایەتەدا هەردوو جوانی و ڕازاوەیی کۆکردووەتەوە: جوانیی جەستە بەهۆی بەرگ و پۆشاکەوە، جوانیی دڵیش بەهۆی لەخواترسانەوە، جوانیی ڕواڵەت و ناخ، کاملێتی ڕواڵەت و ناخ.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشۡقَىٰ ﴿١٢٣﴾ ﴾ طه: ١٢٣، واتا: ئەوەی شوێنی ڕێنموونی من بکەوێ ئەو(لە دنیادا) گومڕا نابێ و (لە ڕۆژی دواییدا)تووشی ناخۆشی و زەحمەت نابێ.

دەبینین گومڕایی و سەرلێشێواویی بەدوور گرتووە لەو بەندەیە، کە سزاو ئازاری دڵ و ڕوحە، بەدبەختییش کە سزاو چەرمەسەریی جەستەو ڕوحە. ئەو بەندەیە بەهۆی هیدایەت و سەرفرازییەوە، نیعمەتی دڵ و جەستەی پێ دراوە.

لەوانە قسەی ژنەکەی عەزیزی میسرە لەبارەی یوسف(سەلامی خوای لەسەربێ) کاتێ هۆکاری خۆی خستەبەردەم ئەو ژنانەی بەهۆی خۆشویستنی بۆ یوسف سەرزەنشتیان دەکرد، وتی:﴿ فَذَٰلِكُنَّ ٱلَّذِى لُمْتُنَّنِى فِيهِ ﴾ **یوسف: ٣٢**، واتا: ئەمە ئەو کەسەیە کە ئێوە سەرزەنشتی منتان دەکرد لەسەری.

جوانیی ڕواڵەتی یوسفی پیشانیان دا، پاشان وتی:﴿ وَلَقَدْ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفْسِهِۦ فَٱسْتَعْصَمَ ﴾ **یوسف: ٣٢**، واتا: سوێند بەخوا بێگومان ویستم دەستم لەگەڵ تێکەڵ کات بەڵام ئەو خۆی گرتووە(نەیکرد).

هەواڵی لەبارەی جوانیی ناخی یوسف دا، کە داوێن پاکییەکەی بوو. هەواڵدان لەبارەی جوانیی ناخی و پیشاندانیان بەجوانیی ڕواڵەتی.

پەیامبەری خوا(ﷺ) بەفەرمایشتی:"اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي مِنَ التَّوَّابِينَ وَاجْعَلْنِي مِنَ الْمُتَطَهِّرِينَ"، وریایی داوە لەپێویستیی زۆری جەستەو دڵ بەو شتانەی پاکیان دەکەنەوەو ساردو بەهێزیان دەکەنەوە، بۆیە ئەو پاڕانەوەیەی هەردوو شتی لەخۆگرتووە.

خوای گەورە زاناترە.

نزیک بەمە، ئەوەیە کاتێ پەیامبەری خوا(ﷺ) لەسەرئاو دەردەچوو،ئەیفەرموو:"غُفْرَانَكَ"[1]، نهێنی ئەو کارە(خوا زاناترە) ئەوەیە کە تەنگاوی و

---

١ – ترمیزی(ژمارە٧) و ئەبو داوود(ژمارە٣٠) و ئیبن ماجە(٣٠٠) و دارمی(١٧٤/١) و ئەحمەد(١٥٥/٦) و ئیبن خوزەیمە(٤٨/١) گێڕاویانەتەوە لەڕێگەی ئەبی بوردەوە ئەویش لەباوکییەوە ئەویش لەعائیشەوە.

دەبینین گومڕایی و سەرلێشێواویی بەدوور گرتووە لەو بەندەیە، کە سزاو ئازاری دڵ و ڕوحە، بەدبەختییش کە سزاو چەرمەسەریی جەستەو ڕوحە. ئەو بەندەیە بەهۆی هیدایەت و سەرفرازییەوە، نیعمەتی دڵ و جەستەی پێ دراوە.

لەوانە قسەی ژنەکەی عەزیزی میسرە لەبارەی یوسف(سەلامی خوای لەسەربێ) کاتێ هۆکاری خۆی خستەبەردەم ئەو ژنانەی بەهۆی خۆشویستنی بۆ یوسف سەرزەنشتیان دەکرد، وتی:﴿ فَذَٰلِكُنَّ ٱلَّذِى لُمْتُنَّنِى فِيهِ ﴾ **یوسف: ٣٢**، واتا: ئەمە ئەو کەسەیە کە ئێوە سەرزەنشتی منتان دەکرد لەسەری.

جوانیی ڕواڵەتی یوسفی پیشانیان دا، پاشان وتی:﴿ وَلَقَدْ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفْسِهِۦ فَٱسْتَعْصَمَ ﴾ **یوسف: ٣٢**، واتا: سوێند بەخوا بێگومان ویستم دەستم لەگەڵ تێکەڵ کات بەڵام ئەو خۆی گرتووە(نەیکرد).

هەواڵی لەبارەی جوانیی ناخی یوسف دا، کە داوێن پاکییەکەی بوو. هەواڵدان لەبارەی جوانیی ناخی و پیشاندانیان بەجوانیی ڕواڵەتی.

پەیامبەری خوا(ﷺ) بەفەرمایشتی:"اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي مِنَ التَّوَّابِينَ وَاجْعَلْنِي مِنَ الْمُتَطَهِّرِينَ"، وریایی داوە لەپێویستیی زۆری جەستەو دڵ بەو شتانەی پاکیان دەکەنەوەو ساردو بەهێزیان دەکەنەوە، بۆیە ئەو پاڕانەوەیەی هەردوو شتی لەخۆگرتووە.

خوای گەورە زاناترە.

نزیک بەمە، ئەوەیە کاتێ پەیامبەری خوا(ﷺ) لەسەرئاو دەردەچوو،ئەیفەرموو:"غُفْرَانَكَ"[1]، نهێنی ئەو کارە(خوا زاناترە) ئەوەیە کە تەنگاوی و

---

١ – ترمیزی(ژمارە٧) و ئەبو داوود(ژمارە٣٠) و ئیبن ماجە(٣٠٠) و دارمی(١٧٤/١) و ئەحمەد(١٥٥/٦) و ئیبن خوزەیمە(٤٨/١) گێڕاویانەتەوە لەڕێگەی ئەبی بوردەوە ئەویش لەباوکییەوە ئەویش لەعائیشەوە.

پاشەڕۆ، جەستە قورس دەکات، بەگلدانەوەش ئازار بەجەستە دەگات، تاوانیش دڵ قورس دەکات و لەگلدانەوەی لەدڵدا ئازار بەدڵ دەگەیەنێ، بۆیە پیسی(پاشەڕۆ) و تاوان، ئازار بەجەستەو دڵ دەگەیەنن، بۆیە لەڕزگاربوونی لەوەی ئازاری بەجەستەی گەیاندووەو بەهۆیەوە جەستەی لەو بارگرانییە رزگاری بووە، سوپاسی خوای گەورەی کردووەو داوای کردووە، لەو ئازارەش رزگاری بکات کە لەئاخیرەتدا ڕێ بەمرۆڤ دەگرێ، داوای کردووە، بەڕزگاربوونی لەتاوانەکان، دڵی بحەسێتەوە.

نهێنی وشەو پاڕانەوەکانی پەیامبەر(ﷺ) لەسەرووی ئەوەوەن کە بەبیری مرۆڤدا دێن[1].

- **پیسیی هاوبەش بڕیاردان:**

خوای گەورە لەقورئانەکەیدا، هاوبەش بڕیاردان و داوێنپیسی و نێربازیی بەپیسی و چەپەڵیی ناوبردووە، تاوانەکانی تر ئەگەرچی هەر پیسیین، بەڵام نەیخستووەتە ریزی ئەوانەوە، خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡمُشۡرِكُونَ نَجَسٞ ﴾ **التوبة: ٢٨**، واتا: ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە بێگومان هاوبەش ڕەوا دەران پیسن.

لەبارەی نێربازییشەوە فەرموویەتی:﴿ وَلُوطًا ءَاتَيۡنَٰهُ حُكۡمٗا وَعِلۡمٗا وَنَجَّيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡقَرۡيَةِ ٱلَّتِي كَانَت تَّعۡمَلُ ٱلۡخَبَٰٓئِثَۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَوۡمَ سَوۡءٖ فَٰسِقِينَ ٧٤ ﴾ **الأنبياء: ٧٤**،

یوسفی کوڕی ئەبی بورده دوو کەس لێیەوە گێڕاویانەتەوە، ئەلعجلی و ئیبن حیبان بەمتمانەداریان داناوە، زەهەبی ئەڵێ(متمانەداره)، ئیبن حەجەر ئەڵێ: کەسێکی پەسەندکراوە(مقبول). کۆمەڵێك لەفەرمووەناسان فەرموودەکەیان بەسەحیح داناوە! خواش زاناترە.

١ – بەوەوە هەڵەی زۆرێك لەوانەمان بۆ دەردەکەوێت کە خۆیان بەشەرعناسی سەردەم کردووە و بەجۆرەها ڕێگەو شێواز بۆ هەموو بابەتێکی فیقهی، حیکمەتێکی تەشریعیی دادەهێنن و زۆر لەخۆیان دەکەن! زۆرێك قسە دەکەن کە لای ئێمە ناسراو نییە.

واتا: بەخشیمان بە لووط پێغەمبەرایەتی و زانیاری وە رزگارمان کرد لە(دەستی خەڵکی) ئەو شارەی(سەدوم) کە (خەڵکەکەی) کردەوەی پیس و دزێویان دەکرد(نێربازیان دەکرد)بەڕاستی ئەوانە گەلێکی خراپی لە فەرمان دەرچوو بوون.

نێربازەکان وتیان:﴿ أَخۡرِجُوٓاْ ءَالَ لُوطٖ مِّن قَرۡيَتِكُمۡۖ إِنَّهُمۡ أُنَاسٞ يَتَطَهَّرُونَ ٥٦ ﴾ النمل: ٥٦ واتا:وتیان لووط و خێزانی(شوێن کەوتوانی)لەشارەکەتان دەرکەن بەڕاستی ئەوان کەسانێکن خۆیان پاك ڕادەگرن(لەم کردەوەی)ئێمە.

دانیان بەوەدا نا لەگەڵ ئەوەی هاوبەش پەیداکەرو بێباوەڕن، چەپەڵترین و پیسترین خەڵکانێکیشن، ئەوە لوط و کەسوکاری لەوەدا پاکن کە نزیکی کاری ئەوانە ناکەونەوە.

خوای گەورە لەبارەی داوێنپیسانەوە ئەفەرمووێ:﴿ ٱلۡخَبِيثَٰتُ لِلۡخَبِيثِينَ وَٱلۡخَبِيثُونَ لِلۡخَبِيثَٰتِۖ ﴾ النور: ٢٦، واتا: ئافرەتانی ناپاك بۆ پیاوانی ناپاك وە پیاوە پیسەکان بۆ ئافرەتە پیسەکان.

پیسیی هاوبەش بڕیاردان دوو جۆرە: تووندو سووك.

تووند: هاوبەش بڕیاردانی گەورەیە کە خوای گەورە لەئەنجامدەری خۆش نابێ، چونکە خوای گەورە لەکەسێك خۆش نابێ هاوبەشی بۆ پەیداکردبێ.

سووك: هاوبەش پەیداکردنی بچووکە،وەك ریاییەکی کەم، ئەنجامدانی کارێك بۆ ڕاکێشانی سرنجی مەخلوق، سوێند خواردن بەمەخلوق[1] و ترس و تکاکردن لەمەخلوق.

---

١ – الشيخ محمد حامد الفقي لەقسەی لەم شوێنەدا ئەڵێ:((ئەگەر هاتوو لەبەر گەورەزانین و ترس نەبوو لەو کەسە وەك ئەوەی زۆرینەی خەڵکیی سوێند دەخۆن بەدۆستانی خواو پەیامبەران ئەگەر بیانەوێ درۆ نەکەن و سوێندەکەیان ڕاستگۆیانەیە، بەڵام بەبێ هیچ ترس و سڵکردنەوەیەکیش بەدرۆ سوێند بەخوا دەخۆن.

پیسیی دیارو بینراوی هاوبەش پەیداکردن: لەبەرئەوەیە خوای گەورە هاوبەش پەیداکردنی بەپیسیی داناوەو نەیفەرمووە: هاوبەش پەیداکەران پیسن.

بەرگ و پۆشاك ئەگەر میزیان بەربکەوێ پیس دەبێ، میز پیسە، هاوبەش پەیداکردن پیسترین پیسییەکە، هەروەك ستەمترین ستەمێکە، پیسی(النجس) لەرووی زمانەوانی و شەرعەوە، ئەو پیسییەیە کە پێویست دەکات دووربخرێتەوەو دوورەپەرێزیی لێ بکرێت، ئەوەیە کە شیاو نییە بەدەست لێدان و بۆنکردن و تەماشاکردن، ئەمە چ جای ئەوەی لەبەر بکرێ. مرۆڤی سرووشت پاك و جوان لێی هەڵدێت.

شتە پیسەکان یان ئازار بەجەستە یان بەدڵ دەگەیەنن، یان بەهەردووکیان، هەندێ پیسیی هەیە بە بۆنکردن ئازار دەگەیەنێ، هەندێجار بەدەست لێدان با بۆنی ناخۆشیشی نەبێ.

مەبەست ئەوەیە، هەندێجار پیسیی هەستپێکراو و بینراوەیە، هەندێجاریش مەعنەوی و نادیارە. پیسی و چەپەڵیی بەسەر روح و دڵدا زاڵ دەبێت، تائەوەی خاوەنی دڵی زیندوو لەروح و دڵەوە بۆنی ئەو بۆنە ناخۆشییە دەکات و ئازاری پێ دەگات هەروەك چۆن بەبۆنی شتانی هەستپێکراو ناڕەحەت دەبێت و بەزۆری لەعەرەقکردنەوەیدا دەبینێت.

ئا لەبەرئەوەیە یاوی چاك لەڕابردوودا عەرەقێکی پاکی هەبووە، پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) لەهەموو خەڵکی دیکە، عەرەقکردنەوەی پاکترین بووە.

پرسیار لەئوم سولەیم کرا لەبارەی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم)ەوە، ئەویش فەرمووی: "هو مِنْ أطيَبِ الطِّيبِ"[1]،واتا: پاکترینی بۆنی هەبوو.

دەروونی پیسی چەپەڵ، پیسی و چەپەڵیی خۆی بەهێز دەکات تاوەك لەسەر جەستە دەردەکەوێت، بەڵام دەروونی چاك پێچەوانەی ئەوە، کە لەجەستە دەرچوو، ئەبینی وەکو میسك بلاوەبێتەوە بەپووی زەویدا، بەڵام بۆنی دەروونی پیس وەك بۆنی تۆپیوێکی لێدێت و بەپووی زەویدا بلاوەبێتەوە[2].

مەبەست ئەوەیە، هاوبەش پەیداکردن لەبەر ئەوەی ستەمترین ستەمێك و قێزەونترینی نێو قێزەونەکان و ناشیرینترینی نێو کارە ناشیرینییەکانە، ئەوە بووەتە قێزەونترین شتێك لای خوای گەورەو لەهەمووی زیاتر رقی لێیەتی، کۆمەڵێ سزای دونیایی و ئاخیرەتی بۆ داناوە کە بۆ تاوانەکانی تری دانەناوە. هەواڵی داوە کە لەهاوبەش پەیداکردن خۆش نابێ، هاوبەش پەیداکەران پیس و چەپەڵن و رێگریی کردوون لەحەرەمی مالّی خۆی نزیك ببنەوە، سەربڕاو و ژن و ژنخوازیی لەگەڵیاندا حەرام کردووە، دۆستایەتی نێوان ئەوان و باوەڕدارانی لەیەك جیاکردووەتەوە و ئەوانی گێڕاوە بەدوژمنی خۆی و فریشتەو پەیامبەران و باوەڕداران، سەروەت و ژن و منداڵەکانی هاوبەش پەیداکەرانی بۆ باوەڕداران حەلاڵکردووە و رێگەی داوە بیانکەنە کۆیلەی خۆیان.

---

١ – موسلیم گێڕاویەتییەوە لەئەنەسەوە(٢٣٣١)، بڕوانە:((الأنوار في شمائل النبي المختار))(١/١٥٧–١٦٠)ی ئیمامی بەغەوی.

٢ – هەروەك ئەبو داوود(٤٧٢٧) و ئیبن ماجە(١٥٤٨) و نەسائی(٤/٧٨) و تەیالسی(٧٥٣) و ئەحمەد(٤/٢٨٧ و ٢٨٨) و حاکم(١/٣٧– ٤٠) ئیخراجیان کردووە لەبەرائی کوڕی عازبەوە بەدوورودرێژی و کورتکراوەیی، سەنەدەکەشی سەحیحە. لە(أحكام الجنائز)(١٥٦–١٥٩) باسێکی دوورودرێژی لەسەر هاتووە بەباسکردنی زیاتر.

خراپ باسکردن و سزای سەختی هاوبەش پەیداکردن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، مانی پەروەردگارێتیی تێدا لەبار دەبردرێت و دژە بەمەزنیی خوایەتی خوای گەورەو گومان بردنی خراپە بەپەروەردگار، هەروەك پەروەردگار دەفەرموێت:﴿ وَيُعَذِّبَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتِ وَٱلْمُشْرِكِينَ وَٱلْمُشْرِكَٰتِ ٱلظَّآنِّينَ بِٱللَّهِ ظَنَّ ٱلسَّوْءِ ۚ عَلَيْهِمْ دَآئِرَةُ ٱلسَّوْءِ ۖ وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ وَلَعَنَهُمْ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَهَنَّمَ ۖ وَسَآءَتْ مَصِيرًا ۝٦ ﴾ **الفتح: ٦،** واتا:تا سزای بدان پیاوان و ئافرەتانی ناپاك و پیاوان و ئافرەتانی هاوبەش پەیداکەری گومان بەرانی خراپ دەربارەی خوا ئەو خراپە(لەناو چوونەی چاوەڕوانی دەکەن بۆ ئیمانداران)هەر بەسەر خۆیاندا دێت وە خوا خەشمی لێ گرتوون و نەفرەتی لێ کردوون و دۆزەخی بۆ ئامادەکردوون ئای چ سەرئەنجامێکی خراپە.

ئەو هەڕەشەو سزاو ئەشکەنجەیەی کە لەسەر هاوبەش پەیداکەرانی کۆکردووەتەوە، لەسەر هیچ کەسێکی تری کۆنەکردووەتەوە، چونکە گومانی خراپیان پێ بردووە تاوەکو بەو حاڵە گەیشتوون هاوبەشی بۆ پەیدا بکەن. ئەگەر گومانی باشیان پێ ببردبایە، ئەوە مانی تاقانەیی و یەکتاپەرستییان پێ دەدا.

خوای گەورە لەسێ شوێنی قورئانەکەیدا لەبارەی هاوبەش پەیداکەرانەوە هەواڵ دەدات، کە ئەوان ماف و رێزی پێویستیان بەخوای گەورە نەداوە[1]، ئەی چۆن خوای گەورە رێزو قەدر دەگرێ لەکەسێك کە هاوبەشی بۆ پەیدا کردووەو هاوبەش پەیداکراوی خۆشویستووەو لێی ترساوە و ملکەچیی بۆ کردووە[2]، لەتووڕەیی ئەو هەڵدێت و رازیبوونی گرنگ دەبینێ؟

---

١ – لەسورەتی الأنعام:٩١، و سورەتی الحج:٧٤ و ، سورەتی الزمر:٦٧.

٢ – بڕوانە:(تجريد التوحيد المفيد)(ص٤٩–٥٢)ی مەقریزی و قسەی من لەسەری.

پـەروەردگار دەفـەرموویّت: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ﴾ **البقرة: ١٦٥،** واتا: کەسانی وا هەیە لە خـەڵکی کـە هاوبەشـی زۆر بـۆ خـوا پەیدا دەکەن خۆشیان دەوێن وەك خۆشەویستی(ئیمانداران بۆ)خوا.

هـەروەها دەفـەرموویّت: ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ وَٱلنُّورَ ۖ ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ ۝١ ﴾ **الأنعام: ١،** واتا:هاوتایەك بۆ خوا پەیدا دەکـەن لەپەرستش و خۆشویسـتن و مـەزن راگـرتن، ئـەوە ئـەو یەکسـانکردنەیە کـە هاوبەش پەیداکەران لەنێوان خوای گەورەو بەخواکراوەکانیاندا جـێگیری دەکـەن. جـا ئەوکاتەی لەدۆزەخدا دەبن دەزانن وەختی خۆی گومڕاو سەرلیشـێواو و لەسـەر باتـڵ بوونـە، بەخواوەنـدەکانیان کـە لەگەڵیانـدا لەدۆزەخـدان دەڵـێن: ﴿ تَٱللَّهِ إِن كُنَّا لَفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ۝٩٧ إِذْ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝٩٨ ﴾ **الشعراء: ٩٧ - ٩٨،** واتـا: سـوێند بـەخوا ئێمە لە گومڕایی یەکی ئاشکرادا بووین. کاتێك ئێوەمان دەبـردە ڕیـزی پـەروەردگاری جیهانیانەوە.

ڕوونـە کـە لـەزات و سـیفات و کـردارد لەگـەڵ خـوای گـەورەدا ئـەوانیان یەکسـان نـەکردووە، نـەیانووتووە: خواوەنـدەکانی، ئەوانـە ئاسمانـەکان و زەوییـان دروسـت کـردووە، ژیـان و مردنیـان بەدەسـتە، بـەڵکو لەخۆشەویسـتی و مـەزن راگـرتن و پەرستنیاندا لەگەڵ خوای گەورەدا ئەو بەخواکراوانەیان یەکسان کردووە، هەروەك ئەو هاوبەش پەیداکەرانەی لەڕیزی موسڵمانان بەو جۆرە دەبینی.

سەیر لەوەدایە ئەو جۆرە کەسانە، خەڵکانی یەکتاپەرست بەکەمکەرەوە لەپایەی زاناو پەیامبەران و چاکەکاران دەبینن[1]، تاکە تاوانی یەکتاپەرستان ئەوەیە ئەڵێن: ئەوانە بەندەی خوان، بۆ خۆیان و کەسانی تر زیان و سوودو مەرگ و ژیان و زیندووبوونەوەیان بەدەست نییە، هەرگیز بۆ ئەوانە تکای لێخۆشبوون ناکەن کە ئەوانیان بەخوای خۆیان کردووە، چونکە خوای گەورە تکاکردن بۆ ئەوانەی حەرام کردووە، زاناو پەیامبەران و چاکەکاران تکا ناکەن، تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە خوای گەورە مۆڵەتی تکاکردنیان پێ دەدات، بۆیە هیچ شتێکیان لەدەشت نایەت، هەموو فەرمان و کاروبارەکان لای خوای گەورەیە، تکاکردن هەمووی لای خوای گەورەیە، دۆستایەتی هەموو بۆ خوای گەورەیە. جگە لەخۆی، مەخلوقەکانی هیچ دۆست و تکاکارێکیان نییە[2].

بێگومان هاوبەش پەیداکردن و لەکارخستنی سیفاتی خوای گەورە(التعطیل)، لەسەر بەدگومانیی بەرانبەر بەخوای گەورە راوەستاوە، لەبەر ئەوە بووە ئیبراهیمی پێشەوای یەکتاپەرستان بەرانبەر بەهاوبەش پەیداکەرە رکەبەرەکانی فەرموویەتی ﴿ أَئِفْكًا ءَالِهَةً دُونَ ٱللَّهِ تُرِيدُونَ ﴿٨٦﴾ فَمَا ظَنُّكُم بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٧﴾ فَنَظَرَ نَظْرَةً فِى ٱلنُّجُومِ ﴿٨٨﴾ ﴾ **الصافات:** ٨٦ - ٨٨، واتا: چی گومانێکتان پێ بردووە تا بەوەی گەیاندوون شتی تری

---

١ – لەهەموو سەردەم و شوێنێکدا بێ بوونی رێنمایی و وێژدانێك ئەوە ئەنجام دەدەن و دووبارەی دەکەنەوە، بەپێی نوێبوونەوەی سەردەمەکان، نازناوی ئەوانەش نوێ دەبێتەوە، بەڵام یەك حەقیقەتی نەگۆڕی هەیە! ئەمڕۆ نازناوی وەهابییەت بەیەکتاپەرستان دەوترێت!! ئەڵێن وەهابییەکان، پەیامبەری خوایان خۆشناوێت(صلى الله عليه وسلم) ئەوەش بۆ ئەوەی خەڵکیی لێیان بڕەوێتەوەو دووربکەونەوە لێیان، سوێند بەخوا ئەوەی ئەوان دەرهەقیان ئەیڵێن، درۆیەکی گەورەیە.

٢ – بڕوانە:(هذه مفاهيمنا)ی بۆرای بەڕێز الشيخ صالح بن عبد العزيز آل الشيخ،هەروەها فقه المولى، هەروەها کتێبی(القول الجلي في حُكم التوسُّل بالنبي والولي) الشيخ القشيري و قسەی من لەسەری.

لەگەڵدا بپەرستن؟ چی گومانێکتان هەبووە لەبارەی ناو و سیفەت و پەروەردگارێتییەوەی و گومانی ناتەواوییتان دەرهەق هەبووە بۆیە ناچاری کردوون شتی تر بپەرستن؟!

ئەگەر واتاکەی ئەمە بێ: گومانتان چۆنە لەچی شتێك مامەڵەو پاداشتتان بداتەوە لەکاتێکدا کەسان و شتانی ترتان لەجیاتی ئەو پەرستووە و هاوبەشتان بۆ پەیداکردووە؟

لەژێر ئەو هەڕەشەیەدا ئەمە دەبینی: چی بەدگومانییەکتان بەپەروەردگارتان هەبوو تاوەکو کەسی تری لەگەڵدا بپەرستن؟ بۆیە مرۆڤی هاوبەش پەیداکەر یان گومانی وەهابووە کە خوای گەورە پێویستی بەکەسی تر هەیە جیهانی لەگەڵدا بەڕێوەببات، پێویستی بەیارمەتیدەر و پشتیوان هەبووە، ئەوەش گەورەترین کەمکردنەوەیەکە بۆ خوایەك کە بەهیچ شتێك پێویستی بەکەس نییە و ئەوە مەخلوقاتە لەبەر هەژاری و دەسکورتییان پێویستییان بەو هەیە، یان گومانی وەهابوو کە خوای گەورە بەتوانای کەسی تر،توانای خۆی کامڵ و ڕێك دەخات، یان وەها گومان دەکات کە خوای گەورە بەگەیاندنی زانیاریی نێوەندگیرو واسیتەکار لەشتەکان ئاگادار دەبێتەوە، بەبوونی واسیتەکار بەزەیی دەبێت، یان بەتەنیا ناتوانێ پێویستییەکانی بەندە بەدیبهێنێ، یان کارو ویستی بەجێناهێنێ تاوەکو واسیتەکار بۆ ئەو بەندەیە تکای لا نەکات هەروەك چۆن مەخلوق لای مەخلوق تکا دەکات، بۆیە بەندە پێویستی بەتکاکارێك دەبێ تاوەکو لای خوای گەورە تکاو داواکەی قبوڵ بکرێت، بەنمونەی حاڵی پادشایانی دونیا، ئەوەش بنچینەی هاوبەش کردنی مەخلوقاتە.

یان وەها گومان دەکات کە بەهۆی دوورییەوەی لەبەندەکان، خوای گەورە گوێبیستی داواکانیان نابێ، بۆیە واسیتەیەك پێویستە پارانەوە و داوای ئەوانی بۆ بەرز

بکاتەوە، یان وەهای دادەنێت کە مەخلوق مافی بەسەریەوە هەیە، بۆیە سوێند لەسەر خوا دەخوات بەمافی ئەو مەخلوقەی کە مافی بەسەریەوە هەیە[1]، بەو مەخلوقە تەوسول بەخوای گەورە دەکات هەروەک چۆن خەڵکیی بەکەسانی بەڕێز و خاوەن بۆچوون، لای گەورە و پادشایان تکا دەکەن، گەورەو پادشایانیش لەقسەو داوای ئەو نێوەندگیرانە دەرناچن.

هەموو ئەوانە کەمکردنەوەن لەپەروەردگارێتی و خواردنی مافی خوای گەورەیە. ئەوەی کەسی هاوبەش پەیداکەر بەو کارەی ئەنجامی دەدات، کەمکردنەوەیەتی لەخۆشویستن و ترس و ئومێدو پشت بەستنی بەخوای گەورەو گەڕانەوە لای خوای گەورە، چونکە ئەو کارانەی لەنێوان خوای گەورەو ئەوەدا دابەش کردووە کە بۆ خوای کردووەتە هاوبەش. جا بەهۆی ئەوەی زۆربەی ئەو شتانە یان هەندێکی بەخشیوەتە ئەو کەس و شتەی کردوویەتییە هاوبەش بۆ خوای گەورە، ئەوە مەزن راگرتن و خۆشویستن و ترس و ئومێدی لەخوای گەورە لەدڵدا ئاوا دەبێت یان کەم دەبێتەوە.

گومان لەوەدا نییە کە هاوبەش پەیداکردن، کەمکردنەوەیە لەپەروەردگارێتی خوای گەورە، کەسی هاوبەش پەیداکەر بیەوێ یان نەیەوێ، ئەو کارە لەپەروەرگارێتی خوای گەورە کەم دەکاتەوە.

---

١ - هەندێکیان لەو بارەیەوە فەرموودەیەک دەگێڕنەوە، ئەویش ئەمەیە: "اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ بِحَقِّ السَّائِلِيْنَ عَلَيْكَ"،واتا: خوایە گیان بەحەقی ئەوانەی داواتان لێ دەکەن، لە تۆ دەپارێمەوە. ئەوە فەرموودەیەکی لاوازەو سەحیح نییە هەروەک لەهەردوو بەشی تایبەت بە:((الكشف والتبيين لعلل حديث **اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ بِحَقِّ السَّائِلِيْنَ عَلَيْكَ**))روونکردووەتەوە، ئەگەر دروست(صحيح)یش بوایە، ئەوە هەر نەدەبووە بەڵگەی تەوسولی مەمنوع(رێگە پێ نەدراو)، چونکە ئەوانەی لەخوا دەپارێنەوە، مافی بەدەمەوەچوون وەلأمدانەوەیان هەیە. خوای گەورە یارمەتیدەرە بۆ پێکاندن و راستی.

لەبەرئەوەیە کە سوپاس و کەمالّی خوای گەورە پێویستی کردووە لەو کەسە لێخۆشبوون نەکرێت و کەسی هاوبەش پەیداکەر لەدۆزەخدا نەمر بهێلّێتەوەو بیکاتە بەدبەختترین مرۆڤ. هەر هاوبەش پەیداکەرێك ببینیتەوە، بێگومان لەمافی خوای گەورەی کەم کردووەتەوە، ئەگەرچی وەهای دابنێ خوای گەورە مەزن رادەگرێت، هەروەك هیچ بیدعەچییەك نابینیتەوە لەماف پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کەم نەکاتەوە، ئەگەرچی وەهای دادەنێ بەو بیدعەیەی ئەنجامی دەدات، پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) گەورەو مەزن رادەگرێت، ئەمە ئەگەر نەزان و لاساییکەرەوە بێ، جا ئەگەر بەرچاو روون بوو بەو بیدعەیەی ئەنجامی دەدات، ئەوە سەختگیرە بەرانبەر بەخواو پەیامبەرەکەی.

ئەوانەی کەمکەرەوەی مافن لای خواو پەیامبەرەکەی و دۆستانی خوای گەورە: هاوبەش پەیداکەر و بیدعەچییانن، بەتایبەت ئەوانەی کە ئایینی خۆیان لەسەر ئەو قەناعەتە دامەزراندووە، کە فەرمایشتەکانی خواو پەیامبەرەکەی(صلى الله عليه وسلم) بەڵگەی بێژەیین(أدلّة لفظيّة) و یەقین ناگەیەنن و خەبەری ئاحادن، هیچ یەقین و زانستێکیان تێدا نییە، ئەی هاوار بۆ موسڵمانان، ئاخۆ لەم ناتەواو و کەمکردنەوەیە چی شتێك لەدەستچووە؟!

هەروەها هەرکەسێکیش لەترسی ئەوەی بەگومانی خۆی بەشوبهاندن و بەرجەستەکردنی دەزانێ(التشبيه والتجسيم) و دێت سیفاتی کەمالی خوای گەورە رەتدەکاتەوە، ئەوە کەم کردنەوەیەکی کردووە بەرانبەر بەو وەسفە کەمالەی کە خوای گەورە خۆی پێ وەسفکردووە.

مەبەست ئەوەیە، لەڕاستیدا ئەو دوو کۆمەڵەیە خەڵکانی کەمکەرەوەن و لەخەڵکانی تر زۆرتر کەمکەرەوەن دەرهەق بەوەسفی کەمالی خوای گەورە، شەیتان لێی تێکداون

تائەوەی بەو گومانە گەیشتوون، ئەو کەمکردنەوەیەی ئەوان ئەیڵێن، کەمالە، لەبەر ئەوەیە بیدعە بووەتە هاوتا و هاوەدەمی هاوبەش پەیداکردن لەقورئانی پیرۆزدا، خوای گەورە دەفەرموویت:﴿قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَٱلْإِثْمَ وَٱلْبَغْىَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَأَن تُشْرِكُوا۟ بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَٰنًا وَأَن تَقُولُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٣٣﴾﴾ الأعراف: واتا:بڵێ بێگومان پەروەردگارم تەنها ئەو کردەوانەی حەرام کردووە کە زۆر بەد و خراپن ئەوانەی کە ئاشکران و ئەوانەش نهێنین وە گوناهی(حەرام کردووە)وە دەست درێژی بە ناهەق وە(حەرامی کردووە) شتێك بکەنە هاوبەش بۆ خوا کە بەڵگەی بۆ نەهاتووە وە(حەرامی کردووە) کە بەدەم خواوە شتانێك بڵێن کە نایزانن.

بۆیە تاوان و ستەم هاوەدەمی یەکن، هاوبەش پەیداکردن و بیدعەش هاوەدەمی یەکن.

- **پیسی و چەپەڵیی تاوان و سەرپێچیکردن:**

هەرچی تاوان و سەرپێچیکردنە، ئەوە لەڕوویەکی ترداید: مایەی کەمکردنەوە نییە لەپەروەردگارێتی و بەدگومانیی نییە بەرانبەر بەخوای گەورە، بۆیە خوای گەورە لەڕیزی ئەو سزاو ئەحکامانەدا داینەناون کە بۆ هاوبەش پەیداکردنی داناوە، شەریعەتیش ئاوەها جێگیر بووە کە لەپیسی و چەپەڵیی سووك خۆشدەبێ و تاوانبارەکە لێخۆشبوونی بۆ دەبێ، وەك پیسی لەشوێنی سەرئاوکردنەوە بەبەرد[1] و پیسی ژێرەوەی خوف و پێڵاو[2] یان میزی منداڵ(کوڕ)ی شیرەخۆر[1] و شتانی تر کە

---

١ – بوخاری(١٥٦) و موسلیم(٢٦٢) گێڕاویانەتەوە لەئیبن مەسعودەوە: کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەسێ بەرد سەرئاوی کردووە، نەهی لێکردوون بەکەمتر لەسێ بەرد، نمونە بەوە، مەسحکردنی سەر خوفە کە شوێنەوارێکی سووك بەجێ بهێڵرێت، لەبەر ئەوە چاوپۆشی و لێخۆشبوونی لێ دەکرێت.

٢ – وەك فەرموودەی:"إِذَا وَطِئَ أَحَدُكُمْ بِنَعْلِهِ الْأَذَى، فَإِنَّ التُّرَابَ لَهُ طَهُورٌ "،واتا:ئەگەر کەسێکتان پیسییەك بەنەعلەکەیەوە نووسا، ئەوە پێی بەزەویدا بخشێنێ، چونکە زەوی بۆی پاککەرەوەیە. ئەبو

تووند(المغلظة) نەبن، هەروەها لەشتانێکی بچووك كە گەورە نەبن، لێخۆشبوون هەیە. هەروەها لەتاوانی کەسانی یەکتاپەرستی پوخت کە بەهاوبەش پەیداکردن تێوەنەگلاوە، لێخۆشبوون دەکرێت.

ئەگەر کەسێکی یەکتاپەرست بەهیچ شتێك هاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیار نەدابێ، بەتاوانی پڕ بەزەوی بگەڕێتەوە لای خوای گەورە، ئەوە پڕ بەزەوی لێخۆشبوونی بۆ هەیە[2] ئەمە بۆ کەسێك روونادات کە یەکتاپەرستیی ناتەواو ببێ و بەهاوبەش پەیداکردن شێواندبێتی، بێگومان ئەو یەکتاپەرستییە پوختەی کە هاوبەش پەیداکردن نەیشێواندبێ، تاوانی لەگەڵدا نامێنێتەوە: ئەو خۆشەویستی و گەورەو مەزنڕاگرتن و ترس و ئومێدەی تەنیا لەخوای گەورە هەیە، ئەبێتە هۆکاری سڕینەوەی تاوانەکان بە بەئەندازەی زەویی بن، چونکە تاوان شتێکە دروست دەبێت و پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی بەهێزن، لەگەڵ کەسەکەدا جێگیر نابێ.

لەبەرئەوەی پیسیی داوێنپیسی و نێربازی لەپیسییەکانی تر تووندو گەورەترن لەو رووەی کە دڵ وێران و کاول دەکەن و یەکتاپەرستیی دڵ زۆر لاواز دەکەن، ئەوە زۆرترین ئەو خەڵکەی بەو تاوانانەوە تووش بین، ئەوانەیانن کە زۆرتر هاوبەش

داوود(٣٨٦) و ئیبن خوزەیمە(٢٩٢) و بەیهەقی(٤٣٠/٢) و ئەوانی تر گێڕاویانەتەوە لەعائیشەوە بەسەنەدێکی سەحیح. مەسحیش نمونەی ئەوەیە، هەر شوێنەوارێکی دەمێنێ بەر مەسحکردنەکە نەکەوێ.

١ – بوخاری(٢٢٣) و موسلیم(٢٨٧) گێڕاویانەتەوە لەئوم قەیسی کچی میحسەن، بەوەی منداڵێکی شیرەخۆری هێناوە بۆ لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کە جارێ خواردنی نەخواردووە تەنیا شیر نەبێ، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کوپە شیرەخۆرەکەی خستەباوەشی، لەباوەشی پەیامبەردا میزی کرد، پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) تەنیا ئاوی پرژاند بەشوێنەکەیدا.

٢ – ترمیزی(٣٥٣٤) و کەسانی تر گێڕاویانەتەوە لەئەنەسەوە، لەسەنەدەکەیدا لاوازییەکی کەم هەیە، بەڵام رێگەو شێوازی تری هەیەو ئەوەی لەخۆگرتووە لە(موسوعة الأحاديث القدسية)(ق٨٨) خوای گەورە تەواوکردنی ئاسان کرد، سەحیحیشە.

پەیداکەرن. هەرچکاتێ هاوبەش پەیداکردن لەبەندەدا زاڵبوو، ئەو پیسی و چەپەڵییەی زیاتر تیایدا دەبێ، هەرچکاتێکیش زیاتر یەکتاپەرستی پوخت بێ، ئەوەندە لەو تاوانانە بەدوور دەبێ، هەروەك خوای گەورە لەبارەی یوسفی راستگۆوە(سەلامی خوای لەسەربێ) فەرموویەتی:﴿ كَذَٰلِكَ لِنَصۡرِفَ عَنۡهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلۡفَحۡشَآءَۚ إِنَّهُۥ مِنۡ عِبَادِنَا ٱلۡمُخۡلَصِينَ ٢٤ ﴾ **یوسف:** ٢٤، واتا: بۆ ئەوەی خراپەو داوێن پیسی لێ دوور بخەینەوە چونکە بەڕاستی ئەو(یوسف) لە بەندە پاك و هەڵبژاردەکانی ئێمەیە.

عاشقبوون بەوێنەی حەرام، جۆرێکە لەپەرستشی ئەو وێنەیە و بەرزترین جۆری پەرستشە، بەتایبەت ئەگەر بێتو بەسەر دڵدا زاڵ بێ و بگاتە پەرستن، ئیتر کەسی عاشق دەبێتە بەندەی دڵبەرەکەی و دڵبەرەکەی دەپەرستێت، زۆرجار خۆشەویستی و یادکردن و تامەزرۆ بۆ بوونی بەسەردا زاڵ دەبێت و بۆ رازیکردنی هەوڵ دەدات. خۆشویستن و یادی ئەو و هەوڵی رازیکردنی، بەسەر خۆشویستن و یادی و هەوڵی رازیکردنی خوای گەورەدا باو دەدات و کاریگەرتری دەبینێ.

زۆرجار ئەوە لەدڵی عاشقدا نامێنێ و تەواو پەیوەست دەبێ بەدڵبەرەکەیەوە، دڵبەرەکەی لەجیاتی الله بۆی دەبێتە خوا، خۆشویستن و رازیکردنی ئەو بەسەر خۆشویستن و رازیکردنی خوای گەورەدا پێشدەخات، بەجۆرێ قوربانیی بۆ دەکات و لێی نزیکدەبێتەوە کە بۆ خوای ناکات، ئەوەندە لەڕازیکردنی ئەودا دەبەخشێ کە بۆ رازیکردنی خوای گەورەی نابەخشێ، ئەوەندە لەتووڕەکردنی ئەو خۆی بەدوور دەگرێ کە لەتووڕەکردنی خوای گەورەدا خۆی دوور ناخاتەوە، ئیتر باوی دەدات بەسەر خوادا بەخۆشەویستی و ملکەچیی و دەست لەسەر سینگ راوەستان.

لەبەر ئەوەیە عیشق و هاوبەش پەیداکردن بوونەتە دوو شتی تەواوکەر و پێویستی یەکتر، خوای گەورە لەبارەی عیشقی هاوبەش پەیداکەرانی قەومی لوط و ئافرەتەکەی

عەزیزی میسرەوە دوواوە، کە هاوبەش پەیداکەربوون. هەرکاتێ هاوبەش پەیداکردنی بەندە بەهێز بوو، بەعیشقی وێنەوە تووش دەبێ، بەڵام هەرکاتێ یەکتاپەرستیی بەهێزبوو، ئەوە نامێنێ.

داوێن پیسی و نێربازی، ئەو کاتە چێژیان تەواو رێك دەبێت کە بەعیشقەوە ئەنجام بدرێن، ئەنجامدەری ئەو دوو تاوانە لەوە بەدەر نییە، ئیتر عیشقی لەسەر یەك شوێن راگیر نابێ، وەك کۆمەڵێ تیرو بەشی لێ دێت و خۆشەویستەکانی بۆ دەبنە خواو پەرستراو.

لەنێو تاوانەکاندا، هیچ تاوانێکی نییە لەو دوو تاوانە مارّ کاولکەرتر بن بۆ سەر دڵ و ئایین، تایبەتمەندی خۆیان هەیە لەدوورخستنەوەی دڵ لەخوای گەورە، گەورەترینی پیسی و چەپەڵییەکانن. ئەگەر دڵ بەو دوو تاوانەوە رەنگی گرت، دوور دەکەوێتەوە لەهەر پاك و جوانێك، تەنیا شتی پاکیش بۆلای خوای گەورە بەرزدەبێتەوە. هەرچکاتێ پیسیی زیاتربوویەوە، دوورکەوتنەوە لەخوای گەورە زیاتر ئەبێت.

هاوبەش پەیداکەر رقی دەبێتەوە لەمرۆڤی یەکتاپەرست بەهۆی ئەوەی خۆی بۆ یەکتاپەرستیی ساغ کردووەتەوەو بەهاوبەش پەیداکردن، یەکتاپەرستییەکەی لەکەدار نەکردووە، کەسی موبتەدیعیش رقی دەبێتەوە لەو کەسەی شوێن رێبازی پەیامبەر(ﷺ) کەوتووە و فەرمایشتەکانی پەیامبەری بەنمونەی بۆچوونی پیاوانی تر وەرنەگرتووە[1]، بەهیچ شتێك پێچەوانەی ناکەن. بێگومان ئارامگرتنی شوێنکەوتەی پەیامبەری خوا(ﷺ) لەسەر ئەو رقەی هاوبەش پەیداکەرو بیدعەچییان لێیان هەیە،

---

١ – بۆیە دەبینی رقیان لێیانەو لێیان دوور دەگرن، ئەوەش بەهۆی ئەو رق و حەسوودییان کە لەبەرانبەر لەبەرانبەر شوێنکەوتەکانی سوونەتدا هەیانە.

باشتر و بەسوودترە و ئاسانترە لەڕق و تووڕەیی خوای گەورە ئەگەر بێتو بەگوێی هاوبەش پەیداکەرو بیدعەچییان بکات.

إذا لَمْ يَكُنْ بُدٌّ مِن الصَّبْرِ فاصْطَبِرْ عَلى الحَقِّ ذَاكَ الصَّبْرُ تُحْمَدُ عُقْبَاهُ

واتا: ئەگەر لەئارامگرتندا هیچ سوود و بەشێکیش نەبوو، ئەوە تۆ لەسەر حەق و راستی زۆر خۆڕاگربە، بێگومان سەرەنجامێکی چاك و ستایشکراوی هەیە.

*□□**

□
□
□
□
□
□
□
□
□
□
□

تەوەری دەیەم

نیشانەکانی نەخۆشی و ساغیی دڵ

بزانە سەختە نەخۆشیی دڵ بهێڵێ، بەندە بزانێ چی بۆ دروستکراوە لەناسینی خوای گەورەو خۆشویستن و تامەزرۆبوون بۆ دیدارو پێشخستنی بەسەر هەموو شەهوەتێکدا. ئەگەر بەندە هەموو شتێك بناسێت، بەڵام پەروەردگاری نەناسێت، وەك ئەوەیە هیچ شتێك نەزانێت و نەناسێت. ئەگەر هەموو خۆشییەکانی دونیا بەدەستبهێنێ و خۆشویستنی خوای گەورەو تامەزرۆیی بۆ دیداری و هۆگربوون پێی بەدەست نەهێنابێ، وەك ئەوەیە هیچ چێژو خۆشییەکی چنگ نەخستبێ و سوکنایییەکی نەبێ. بەڵکو ئەگەر دڵ خاڵیی بێ لەناسین و خۆشویستن و تامەزرۆیی بۆ دیداری خوای گەورە، ئەوە خۆشییەکانی دونیا بەئازارو چەرمەسەرییەوە بۆی دەگەڕێنەوە، نازونیعمەت و خۆشییەکانی بۆ دەبنە ئازار، ئەوەش لەدوو رووەوە:

لەڕووی حەسرەتی لەدەستچوونی خۆشییەکانی، لەگەڵ پەیوەستبوونی تووندی روحی بەشتی لەدەستچوو.

لەڕووی لەدەستچوونی ئەوەی باشترو سوودتر و بەردەوامترە لەوەی لەخۆشییەکانی دونیا لەدەستی چووە، خۆشویستراوی دونیای لەدەست دەچێ و خۆشەویستی گەورەتریش بەدەستناهێنێ.

بێگومان هەرکەسێك خوا بناسێ، خۆشیدەوێ، دڵسۆزانە بەندایەتی بۆ دەکات، هیچ شتێك لەوانەی خۆشویستراون پێش بەخۆشەویستیی خوای گەورە ناخات. هەرکەسێ

شتێ لەخۆشویستراوەکانی دونیا پێش خۆشەویستیی خوای گەورە بخات، ئەوە دڵی نەخۆشە. گەدە ئەگەر بەخواردنی پیسەوە خووی گرت، حەزی خواردنی پاکی نامێنێ، بەخۆشویستنی خواردنی پیسەوە قەرەبووی دەکاتەوە.

هەندێجار دڵ نەخۆش دەکەوێ و نەخۆشییەکەی لەسەر سەخت و تووند دەبێتەوە، کەسەکەش پێی نازانێت، ئەوەش بەهۆی سەرقاڵبوون و لادانی لەناسینی لەشساغی و هۆکارەکانی ساغبوونی، ئەکرێ دڵ بمرێ و کەسەکە هەست بەمردنی نەکات، نیشانە بۆ ئەوە: بڕینەکانی ناشیرینی و قێزەونی ئازاری پێ ناگەیەنن، هەست بەئازاری تاوان و ناشیرینییەکان ناکات، نەشارەزابوونی بەحەق و هەڵگرتنی بیروباوەڕی باتڵ و ناڕەوا ئازاری نادەن. بێگومان دڵ ئەگەر ژیانی تێدا هەبوو، بەئەنجامدانی تاوان ئازار دەبینێ، بەنەزانینی حەق ئازار چەشتوو ئەبێ، ئەوەش بەپێی ژیانی دڵ راوەستاوە. ئاخر بڕینی مردوو کەی ئازاری هەبووە!

ئەکرێ مرۆڤ هەست بەنەخۆشییەکەی بکات، بەڵام گرانە بچێتە ژێر باری تاڵیی دەواو دەرمان و ئارامگرتن لەسەری، بۆیە هێشتنەوەی ئازارەکە لەسەختی تیمار و دەرمان باشتر دەبینێ. دەرمانی ئەو نەخۆشییە لەوەدایە پێچەوانەی هەواو ئارەزووی بکات، ئەوەش سەختترین شتێکە بەسەر دەروونەوە، لەکاتێکدا هیچ شتێکی تر نییە لەوە بۆی بەسوودتربێ.

هەندێجار خۆی چوست و چالاك دەکات لەسەر ئارامگرتن، بەڵام زوو پێداگری و بەردەوامیی کۆتایی دێت و لەگەڵ پلانی ئارامگرتن لەبەر شەهوەتدا بەردەوام نابێ، چونکە زانین و بەرچاوڕوونی و ئارامگرتنی کەمە. نمونەی کەسێکە بچێتە ڕێگەیەکەوە ترسی هەبێ و کۆتایی ڕێگەکە ئەوپەڕی ئارامیی بێ، ئەزانێ ئەگەر لەبەردەوامبوون لەو ڕێگەیە بمێنێتەوە، ئەو ترسەی نامێنێ و بەئارامی و سەلامەتیی دەگات، کەسی

رێبوار پێویستی بەهێزی خۆڕاگری و یەقین هەیە، جا هەرچکاتێ ئارامگری و یەقینی لاواز بوویەوە، لەڕێگەکە دەگەڕێتەوەو پاشەکشە دەکات و ناتوانێ سەختییەکانی رێگەکە هەڵبگرێت، بەتایبەت ئەگەر بێ هاوڕێ و هاودەم بێ و لەتەنیایی بترسێ و بڵێ: ئەی خەڵکیی بۆ کوێ رۆیشتن؟ ئەوان پێشەنگی من بوون. ئەوە حاڵی زۆربەی مرۆڤەکانەو ئەوەیە ئەوانی بەتیاچووندا بردووە.

بزانە، مرۆڤی بەرچاوڕوونی راستگۆ لەکەمیی هاودەم ناترسێ، ناترسێ لەلەدەستدانی هاودەم ئەگەر دڵی هەست بکات لەگەڵ چین و رێبوارانی سەرەتادایە، ئەوانەی کە خوای گەورە نازو نیعمەتی بەسەردا رژاندوون لەپەیامبەران و راستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان و باشترین هاوڕێ و هاودەمێکن. بۆیە تەنیابوونی بەندە لەڕێگەی مەبەست، بەڵگەیە بۆ راستیی داواو مەبەست.

لەبارەی شتێکەوە پرسیار لەئیسحاق بن راهەوەیهی کرا، ئەویش وەڵامی دایەوە، پێیووترا: براکەت، ئەحمەدی کوڕی حەنبەلیش لەو بابەتەدا هەمان قسەی تۆ دەکات. ئەویش وتی: گومانم نەدەبرد لەوەدا هیچ کەسێ هاودەنگم بێ.

کە بۆچوون و وەڵامی دروستی بۆ دەرکەوت، نەترسا لەوەی کەسێك نەبێ هاودەنگ و هەمان بۆچوونی هەبێ، چونکە حەق کە دەرکەوت و رووبوویەوە، پێویست بەوە ناکات شایەتێك بێتو شایەتی ئەوە بدات، چونکە خۆی دەرکەوتووەو دیارە. دڵ، حەق دەبینێ هەروەك چۆن چاو، خۆر دەبینێ. ئەو کەسەی خۆر دەبینێ، پێویستی بەوە نییە کەسێك بکاتە شایەت کە راستە وا خۆر دیارەو هاودەنگی بێ.

ئەبو موحەممەد عەبدولڕەحمانی کوڕی ئیسماعیل ناسراو بەئەبو شامە چەند جوانی وتووە لەکتێبەکەیدا(الحوادث والبدع)[1]:

((فەرمان هاتووە بەپابەندبوون بەکۆمەڵ و جەماعەوە، مەبەست پێی پابەندبوونە بەحەق و شوێنکەوتنی حەق جا ئەگەر کەسانی پابەندبوو کەم بن و پێچەوانەکارانیش زۆر بن،چونکە حەق ئەوەیە کە کۆمەڵی سەرەتا پێیەوەی پابەندبوون لەسەردەمی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی، تەماشای زۆربی بیدعەچییانی دوای ئەوان ناکرێت)).

عەمری کوڕی مەیمونی ئەلئەودی ئەڵێ:((هاوڕێیەتی موعازم کرد لەیەمەن، بەجێمنەهێشت هەتاوەکو لەشامدا خۆم ناشتم و بەخاکم سپارد، پاشان لەدوای ئەو بوومە هاوڕێی شەرعناسترینی نێو خەڵک کە عبداللەی کوڕی مەسعود بوو(خوای لێ ڕازیبێ)، گوێم لێبوو ئەیووت: پابەندبن بەکۆمەڵبوونەوە، چونکە دەستی خوا لەگەڵ کۆمەڵدایە. پاشان گوێم لێبوو ڕۆژێ لەڕۆژان ئەیووت:لەداهاتوودا کۆمەڵێ کەس دەبنە والییتان و نوێژەکان دوادەخەن و لەکاتی خۆیدا ئەنجامی نادەن، بەڵام ئێوە لەکاتی خۆی دا نوێژەکانتان ئەنجام بدەن، چونکە نوێژەکان فەرزن، لەگەڵ ئەوانیشدا نوێژ بکەن، ئەو نوێژانە بۆ ئێوە دەبنە سوونەت. منیش وتم: ئەی هاوەڵانی موحەممەد! ئەوە چییە دایدەهێنن! وتی: چی؟ وتم: فەرمان بەئێمە دەکەن لەگەڵ کۆمەڵی موسڵمانانداو بین و بۆ ئەوە هانمان دەدەن دەست بەکۆمەڵ و گردبوونەوەی موسڵمانانەوە بگرین،کەچی پاشان پێمان ئەڵێن: بەتەنیا نوێژی خۆت بکە و ئەو نوێژە

---

١ – ناوی(الباعث على إنكار البدع والحوادث)ە، قسەکەش لەلاپەڕە(١٩–٢٠)ەو ئیبن ئەبی ئەلعیز ئەلحەنەفی گواستوویەتییەوە لە(شرح الطحاوية)(ص٣٦٢) و ئەبو شامە لەسالی(٦٦٥)ی کۆچی مردووە، سەربوورەی لە(تذكرة الحفاظ)(٤/١٤٦٠)دا هاتووە.

فەرزەو لەگەڵ کۆمەڵێشدا نوێژ بکەن و ئەو نوێژە سوونەتە؟ ئەویش وتی: ئەی عەمری کوڕی مەیمون، وەهام دادەنا شەرعناسترین و تێگەیشتووترینی خەڵکی ئەم دێ و شوێنە بی، ئایە دەزانی کۆمەڵ و جەماعەت چییە؟ وتم: نە. وتی:کۆی جەماعەت: ئەوانەن کە لەجەماعەت دوورکەوتوونەتەوە. جەماعەت ئەوەیە کە گونجاو بێ بەحەق ئەگەر بەتەنیا خۆشت بی[1].

لەڕێگەیەکی ترەوە:((دای بەسەر راندا و وتی: لەبار دایکت بچی! کۆی خەڵکی لەجەماعەت دوورکەوتنەوە، جەماعەت ئەوەیە گونجاو و ڕێك بێ بەگوێڕایەڵیی خوای گەورە)).

نوعەیمی کوڕی حەماد ئەڵێ:((واتا: ئەگەر کۆمەڵی موسڵمان خراپ بوو، ئەوە پابەندی ئەوە ببە کە پێش خراپبوون، کۆمەڵی موسڵمانان پابەندی بوونە، ئەگەر تەنیا خۆتیش بی، ئەوکات خۆت کۆمەڵی موسڵمانانی)).

لەحەسەنی بەسرییەوە وتوویەتی:((سوێند بەو خوایەی خوایەکی تر بەحەق بوونی نییە جگە لەخۆی، سوونەت و ڕێبازی پەیامبەر(ﷺ) لەنێوان کەسی زیادەڕۆ و خەمسارد دایە، لەسەری ئارام بگرن بەر ڕەحمەتی خوای گەورە بکەون، بێگومان لەوەی رایبوورد، ئەهلی سوونەت کەمترینی نێو خەڵك بوون، لەوەی ماوەتەوە هەر کەمترینی نێو خەڵکن: ئەوان لەگەڵ هەوەسبازان و ئەوانەدا ڕۆنەچوون کە لەدونیادا ڕۆچووبوون و خەریك خۆشگوزەرانیی بوون، لەگەڵ بیدعەکارانیشدا تێکەڵ بەبیدعەی ئەوان نەبوون، لەسەر سوونەتی خۆیان ئارامیان گرت تاوەکو بەخوای گەورە گەیشتنەوە، ئەگەر خوای گەورە ویستی، ئێوەش وەك ئەوان بکەن)).

---

١ – اللالكائي له(السنة)(رقم١٦٠) گێڕاویەتییەوە، بڕوانە کتێبەکەم:((الدعوة إلى الله....))(ص٨٩–٩٥)، فضل: الجماعة مصطلح وبيان.

موحەممەدی کوڕی ئەسلەمی توسی[1] کە یەکدەنگیی لەسەر هەیە ئیمامی سەردەمی خۆی بوو، لەخەڵکانی تری سەردەمی زۆرتر شوێنکەوتەی سوونەت بوو، وتوویەتی:(هەر سوونەتێك لەپەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم)م پێگەیشتبێ، کارم پێ کردووە، پێداگربوومە هەتا ئەوکاتەی بتوانم بەسواریی ولاخ بەدەوری کەعبەدا بسووڕێمەوە.

لەهەندێ زانای سەردەمی خۆی پرسیار کراوە لەبارەی(السَّوادِ الأعظم) کە لەم فەرموودەیەدا هاتووە:"إذا اختَلَفَ النَّاسُ،فَعَلَيْكُمْ بِالسَّوَادِ الْأَعْظَمِ"[2]،واتا:ئەگەر خەڵکیی کەوتنە دووبەرەکی و جیاوازییەوە، ئێوە لەگەڵ کۆمەڵی موسڵمانان(السَّوادِ الأعظم)دا بن. ئەوانیش وتوویانە:((موحەممەدی کوڕی ئەسلەمی تووسی، (السَّوادِ الأعظم)ە))[3].

سوێند بەخوا ئەو زانایانە راستیان کردووەو پێکاویانە، هەر سەردەمێك کەسێکی تێدا هەبوو لەوانی تر شارەزاتر بوو بەسوونەت و بانگەوازی بۆ کرد، ئەوە مەشخەڵ و کۆدەنگی و (السَّوادِ الأعظم)ە، رێگەی باوەڕدارانە ئەگەر هەرکەسێ بەجێیبهێڵێ و شوێن غەیری ئەوە کەوت،ئەوە خوای گەورە دەستبەرداری دەبێ و بەدۆزەخ و خراپترین پاشەڕۆژی دەگەیەنێ[4].

---

١ – سالّی(٢٤٢)ی کۆچی، کۆچی دوایی کردووە، سەربوردەی لە(سير أعلام النبلاء)(١٩/١٢)هاتووە.

٢ – ئیبن ماجە(٣٩٥٠) و ئیبن ئەبی عاصم(٨٤) و لالەکائی(١٥٣) گێڕاویانەتەوە لەئەنەسەوە. سەنەدەکەی زۆر لاوازە، ئەبو خەلەف ئەلمەکفوف تێدایە کە ناوی حازمی کوڕی عەتائە، کۆمەڵێ لەزانایان وازیان لێهێناوە، ئیبن موعین بەدرۆی خستووەتەوە.

٣ – (حلية الأولياء)(٩/٢٣٨–٢٣٩) و لەڕێگەی ئەویشەوە الذهبي لە(السير)(١٢/١٩٦).

٤ – هەروەك لەئایەتی ژمارە(١٥)ی سورەتی(النساء)دا ئاماژەی پێ کراوە.

مەبەست ئەوەیە، یەکێك لەنیشانەکانی نەخۆشییەکانی دڵ، لادانە لەخۆراکی سوودبەخش و پەنابردنە بۆ خۆراکی زیانبەخش، دەستبەرداربوونی دەرمانی سوودبەخش و پەنابردنە بۆ دەرمانی زیانبەخش، بۆیە لێرەدا چوار کاروبار هەیە: خۆراکی سوودبەخش، دەوای سوودبەخش، خۆراکی زیانبەخش، دەرمانی لەنێوبەر.

دڵی ساغ، شتی سوودبەخشی شیفادەر هەڵدەبژێرێ بەسەر زیانداریەکانی ئازاربەخش، دڵی نەخۆشیش پێچەوانە بەوە دەکات.

بەسوودترین خۆراکێك بریتییە لەخۆراکی ئیمان، بەسوودترین دەرمانێکیش بریتییە لەدەرمانی قورئان، هەردووکیان خۆراك و دەرمانیان تێدا هەیە.

یەکێکی تر لەنیشانەکانی ساغیی دڵ: کۆڵۆباری لەدونیا پێچابێتەوە تاوەکو بەئاخیرەت دەگات، جارێ لەدونیادایە، کەچی وەك یەکێکە لەئاخیرەتدا بووبێ، هاتووەتە دونیا و وەك غەریبێکەو پێویستییەکەی هەڵدەگرێت و ئەو شوێنە بەجێدەهێڵێ، هەروەك پەیامبەری خوا(ﷺ) بەعبداللەی کوڕی عومەری فەرموو: «يَا ابْنَ عُمَرَ، كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيبٌ أَوْ عَابِرُ سَبِيلٍ، وَعُدَّ نَفْسَكَ مِنْ أَهْلِ الْقُبُورِ»[1]،واتا: لەدونیادا بەجۆرێك بە وەك غەریبێك بی یان وەك رێبوارێك و پێیدا تێدەپەڕی، خۆت بەیەکێك لەخەڵکانی گۆڕستان بژمێرە.

فحيَّ عَلَى جَنَّاتِ عَدنٍ فإنَّها[مَنازِلَنا الْأُولَى وفِيها المُخَيَّمُ[
ولَكنَّنا سَبيُ العدُوِّ فَهَل تَرَى[نَعودُ إلَى أوطانَنا ونُسلَّمُ[2]

١ – بوخاری(١٩٩/١١) گێڕاویەتییەوە، بڕگەی دووەمی هی ئەحمەد و کەسانی تر(٤٧٦٤).

٢ – بەشێکە لەهۆنراوەیەکی ئیبن ئەلقەییمی دانەری ئەم کتێبە(بەڕەحمەت بێ).

واتا:سلاّو لەبەهەشتی رازاوە بکە، ئەوە شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتای تۆیەو دەوار لەوێدا هەڵدەدرێ، بەڵام لەئێستادا بووینەتە کۆیلەی دوژمن و نازانین ئەگەڕێینەوە شوێنی خۆمان و سەلامەت دەبین؟

هەرکاتێ دڵ لەنەخۆشییەکەی رزگاری بوو، کۆڵوبار بۆ ئاخیرەت دەپێچێتەوە و لێیەوە نزیك دەبێتەوە تاوەکو ئەبێتە یەکێك لەئەهلی ئاخیرەت، بەڵام کە دڵی نەخۆش و دەردەدار کەوت، دونیا بەگرنگتر دەبینێ و تیایدا کۆڵوبار دادەنێت تاوەکو ئەبێتە یەکێك لەئەهلی دونیا.

یەکێکی تر لەنیشانەکانی ساغیی دڵ، ئەوەیە لەخاوەنەکەی دەدات تاوەکو کەسەکە دەگەڕێتەوە لای خوای گەورەو وەك خۆشەویستێك بەخواوە پەیوەست دەبێ، بەبێ خوا ژیان و سەرفرازی و خۆشی و حەسانەوە نابینێ، ژیانی وابەئەستە ئەبێ بەڕازیبوونی خوای گەورەو ئۆقرەگرتن لەنزیکبوونی بەخوای گەورە، بەخوا دڵئارام دەبێت و سوکنایی وەردەگرێ پشت بەخوا دەبەستێ و متمانەی دەخاتەسەر و تکای ئەوی دەبێ و لەخوا دەترسێ.

یادی خوای گەورە: بۆ ئەو کەسە دەبێتە هێز و خۆراك. خۆشویستن و تامەزرۆبوون بۆ خوای گەورە: دەبێتە ژیان و نازو نیعمەت و چێژو خۆشی. لاکردنەوە بەلای غەیری خواو پەیوەست بوون بەغەیری خوا: بۆی دەبێتە دەردو نەخۆشی. گەڕانەوەی بۆلای خوای گەورە: بۆی دەبێتە دەرمان و شیفا.

ئەگەر خوای گەورە ئەوەی بۆ هێنایەدی، ئەوە خۆی دەداتە پەنای خوای گەورەو دڵئارام دەبێ و لەپەنایدا ئۆقرە دەگرێت، شڵەژان و نیگەرانییشی نامێنێ. دەرگای هەژاری و نەبوونەیی بۆ دادەخات.

لەدڵدا نەبوونەیی و هەژارییەك هەیە، بەبێ خوای گەورە هیچ شتێکی تر پڕی ناکاتەوە.

شپرزی و شێواوییەك لەدڵدا هەیە، تەنیا ڕۆیشتن بەرەو لای خوای گەورە چاکی دەکات و شپرزییەکەی ناهێڵێ.

لەدڵدا نەخۆشییەك هەیە، تەنیا دڵسۆزیی بۆ خوای گەورە و تەنیا پەرستنی خوای گەورە شیفای دەدات.

دڵ بەردەوام لەخاوەنەکەی دەدات تاوەکو ئارام دەبێت و لەپەنای خواوەندی پەرستراویدا دڵنیاو ئۆقرە دەگرێت، ئەوکات بەڕوحی ژیان دەگات و چێژ لەخۆراکی دەکات و دەبێتە خاوەن ژیانێك جیاواز لەژیانی ئەو بێئاگایانەی کە پشتیان کردووە لەو فەرمانەی مەخلوقاتی لەپێناودا دروست کراوەو بەهۆیەوە بەهەشت و دۆزەخ دروست کراوەو لەپێناویدا پەیامبەران نێردراون و کتێبەکان دابەزێنراون. ئەگەر هیچ پاداشتێك لەوەدا نەبوایە جگە لەهەناسەی بوونی، ئەوە بەس بوو بۆ ئەوەی بۆی ببێتە باشترین پاداشت، لەدەستدانی ئەوەش بەس بوو بۆی ببێتە حەسرەت و سزا.

ئەبو ئەلحەسەن ئەلوەڕاق ئەڵێ:((ژیانی دڵ لەیادکردنی ئەو خوایەدایە کە هەمیشە زیندووەو نامرێت، خۆشگوزەرانی تەنیا لەگەڵ خوای گەورەدایە نەك کەسی تر)).

لەبەرئەوەیە پێ نەگەیشتن بەلای خواناسانەوە سەختترە لەمردن، چونکە پێ نەگەیشتن واتا دابڕان لەخوای گەورە، بەڵام مردن دابڕانە لەمەخلوق،بۆیە لەنێوان ئەو دوو دابڕانەدا جیاوازییەکی زۆر هەیە.

یەکێکی تر ئەڵێ:((هەرکەسێ بەخوای گەورە ئۆقرە بگرێ، هەموان پێی ئۆقرە دەگرن، هەرکەسێ لەپەنای خوادا ئۆقرە نەگرێ و سوکنایی نەیەت، بەحەسرەتەوە دڵی لەبەرانبەر دونیادا دەپچڕێت)).

یەحیای کوڕی موعاز ئەڵێ:((هەرکەسێ بەخزمەتکردنی خوای گەورە دڵخۆش بێ، هەموو شتەکان بۆ خزمەتکردنی ئەو دڵخۆش دەبن، هەرکەسێ چاو و دڵی ئارام بێ بەخوای گەورە، هەموو چاوەکان بەتەماشاکردنی ئارام و سوکناییان دێت)).

یەکێکی تر لەنیشانەکانی ساغیی دڵ: ئەوەیە دانەبڕێ لەیادکردنی پەروەردگاری و بێزار نەبێ لەخزمەتکردنی و بەغەیری خوا هۆگر نەبێ، تەنیا بەوانە هۆگر بێ کە خواناسیی پیشان دەدەن و یادکردنەوەی خوای گەورەی یاد دەخەنەوە.

یەکێکی تر لەنیشانەکانی ساغیی دڵ: ئەوەیە ئەگەر ویردو دوعایەکی لەدەستبچێت، بەو لەدەستچوونە ئازارێک دەبینێ سەختتر لەئازاری هەڵپەکارێکی دونیایی کە سەروەتەکەی لەدەست دەچێ.

یەکێکی تر لەنیشانەکانی ساغیی دڵ: تامەزرۆیە بۆ خزمەتکردن، هەروەک چۆن کەسی برسی تامەزرۆیە بۆ خواردن و خواردنەوە.

یەکێکی تر لەنیشانەکانی ساغیی دڵ: ئەوەیە ئەگەر بچێتە نوێژەوە، خەم و خەفەتی دونیای لەبیردەچێتەوە و بەلایەوە سەختە کاتێ لەنوێژ دەبێتەوە، چونکە لەنوێژدا دڵئارامی و خۆشیی دەبینێتەوە.

یەکێکی تر لەنیشانەکانی ساغیی دڵ: ئەوەیە یەک پەژارەی هەیەو ئەو پەژارەیەش بەدەستهێنانی رەزامەندی خوای گەورەیە.

یەکێکی تر لەنیشانەکانی ساغیی دڵ: چرووکە لەبەفیڕۆچوونی کاتدا، سەختە بەلایەوە کاتەکانی لەدەستبچێ سەختتر لەو کەسەی چرووکیی بەسەروەت و سامانی خۆیەوە دەکات.

لەوانە: گرنگیدانی بەڕاستکردنەوەو چاککردنی کار گەورەترە لەخودی کار، پێداگری دەکات لەکارەکەیدا دڵسۆز بێ و بەدواداچوونی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا خوا لەسەر

خۆی دەکاتە شایەت و دان بەمنەتباریی خۆی بۆ خوای گەورەو کەمتەرخەمیی بەرانبەر بەخوای گەورە دەنێت. ئەوە شەش دیمەنە کە تەنیا مرۆڤی دڵ زیندووی دڵ ساغ دەیبینێ.

بەتێکڕایی، دڵی ساغ: ئەو دڵەیە کە تەواوی خەم و پەژارەی بۆ خوایەو تەواوی خۆشەویستیی بۆ خوای گەورەیە، تەنیا خوای مەبەستە، جەستەو کارو خەو و بەئاگایی و قسەو باسی تەنیا بۆ خواو لەبەر خوایە. باسکردنی لەبارەی خوای گەورەوە لەهەموو باس و خواستێکی تر بەلایەوە شیرینترە، هەموو فیکر و بیرێکی بەدەوری رازیکردن و خۆشویستنی خوای گەورەدا دەسووڕێتەوە.

خەڵوەتکردنی لەگەڵ خوای گەورە بەلایەوە گرنگترە لەتێکەڵیکردنی خەڵک، تەنیا ئەو تێکەڵیکردنە نەبێ کە جێی رازیبوونی خوای گەورە بێ و ئەو بەندەیە پێی دڵنارام بێ، هەرچکاتێ ببینێ دڵی بەلای غەیری خوادا لادەکاتەوە، ئەم ئایەتەی بەسەرا بخوێنێتەوە: ﴿ يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ ۝٢٧ ٱرْجِعِىٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً ۝٢٨ ﴾ **الفجر: ٢٧ - ٢٨**، واتا: لەو ڕۆژەدا بە خوا پەرست دەووترێت ئەی نەفسی بە ئارام. بگەڕێرەوە بۆ لای پەروەردگاری خۆت بە ڕەزامەندی و لێ ڕازی بوو.

ئەوەی بەسەردا دووبارە دەکاتەوە تاوەکو لەڕۆژی گەیشتنەوەی بەخوای گەورە،لەلایەن خوای گەورەوە ئەوەی بەگوێدا بدرێ و بەدڵی ئارام ناوببرێت. دڵ لەبەردەم خوای گەورەدا سرووشتی بەندایەتی و عبوودییەت وەربگرێ، بەندایەتی بۆی ببێتە سیفەت و چێژ نەک ئەرک و زۆر لەخۆکردن، بەخۆشەویستی و سۆزو خۆنزیککردنەوە لەخوای گەورە ئەنجامی بدات، هەروەک چۆن کەسێک بەخۆشەویستییەوە خزمەتی خۆشەویستی خۆی دەکات و کارەکانی بۆ رادەپەڕێنێت.

هەرکاتێ لەلایەن پەروەردگارییەوە فەرمانێك یان نەهییەکی بێتەڕێ، لەدڵێدا هەست بەبوونی شتێك دەکات کە دێتەگۆ و ئەڵێ:((لَبَّيْكَ وسَعْدَيكَ))، واتا من گوێبیستی فەرمان و نەهی تۆ بووم و گوێڕایەڵم و جێبەجێکاری فەرمانی تۆم، تۆ منەتت بەسەر منەوە هەیەو سوپاسگوزاریی ئەوەش بۆ تۆ دەگەڕێتەوە.

ئەگەر تووشی کارەسات و بەڵایەك بوو، لەدڵیدا هەست بەشتێك دەکات و دێتەگۆ و ئەڵێ: من بەندە و هەژار و بێ نەوای تۆم، من بەندەی هەژار و لاوازو دەسکورتی تۆم، تۆ پەروەردگاری بەشکۆ و بەبەزەییت، ئەگەر تۆ ئارامگرییم بێ نەدەی، من هیچ ئارامگرییەکم بۆ نابێ، هیچ هێزێکم نییە ئەگەر تۆ هێزم پێ نەبەخشی و بەهێزم نەکەی، هیچ پەناگەیەکم نییە پەناگەی تۆ نەبێ، هیچ پاڵپشتییەکم نییە تۆ نەبی، ناتوانم دەرگای تۆ بەجێبهێڵم.

بەکۆ، خۆی دەخاتە بەردەم خوای گەورە، بەهەموو جەستەو ژیانی پشت بەخوا دەبەستێ، ئەگەر ناخۆشییەکی بێتەڕێ، ئەڵێ: تۆ بەزەییت پیشانی من داوە، دەرمانێکی بەسوودە لەپزیشکێکی بەسۆزەوە. ئەگەر ئەوەشی لەسەر نەمێنێ ئەڵێ: خراپەیەك بوو لەسەر منی هەڵگرت.

كَم رُمْتُ أَمْراً خِرْتَ لي في انْصِرَافِهِ فَلاَ زِلْتَ لي مِني أَبَرَّ وأَرْحَمَا

واتا: چەندە کاری خراپم هێنایە سەر خۆم، کەچی تۆ لەسەر مت لادەبرد، تۆ هێشتا بەرانبەر بە من چاکەکارو بەسۆزی.

بەهەر خۆشی و ناخۆشییەك بێتەڕێ، ئەو بەندەیە دەیکاتە رێگەی ڕۆیشتن رووەو خوای گەورە، لێیەوە دەرگایەك رووەو خوا دەدۆزێتەوە، هەروەك وتراوە:

ما مَسَّني قَدَرٌ بِكُرْهٍ أَوْ رِضًا [إِلَّا اهْتَدَيْتُ بِهِ إِليكَ طَرِيقَا [
أَمْضِ القَضَاءَ على الرِّضَا مِنِّي بِهِ [إِنِّي وجَدْتُكَ في البَلاءِ رَفِيقَا [

واتا:هەر قەدەرێکی خۆش و ناخۆش بێتەڕێم، ڕێگەیەکم بەو خۆشی و ناخۆشییە دۆزیووەتەوە بۆ هەنگاونان ڕووەو تۆ. تۆ قەزای خۆت بڕیار بدەو منیش رازیبوونم بەردەوامە،لەبەڵا و ناخۆشییدا تۆم بەدۆست و خۆشەویستی خۆم دۆزیووەتەوەو وەرگرتووە.

ئەوە ئەو دڵانەیە کە خوای گەورە پیشانی تۆی داوە و ئەو وێژدان و گەنجینە گرانبەهایانەش کە خستوویەتییە ئەو دڵانەوە، خوای گەورە چەندە جوان نهێنی و گەورەیی ئەو دڵانەی ڕاگرتووە، بەتایبەت لەڕۆژی قیامەتدا کە ڕۆژی ئاشکرابوونی نهێنییەکانی مرۆڤە.

خوای گەورە پێیەوە زۆرێك گەورەو مەزنی بەرزکردەوە و ڕێگەی ڕاستی پێ دەرخستن و بۆیان ڕۆشن و ڕووناك بوویەوەو لەسەری دامەزراو بوون، جگە لەخوای گەورە بەدەم فەرمان و داوای هیچ کەسێکی ترەوە نەڕۆیشتن، خوایان هەڵبژاردو پەیامی خوای گەورەیان گەورەو مەزنتر بینی و شوێنی کەوتن.

**

تەوەری یانزەیەم

چارەسەری نەخۆشیی دڵ لەڕزگارکردنی لەدەست زاڵبوونی دەروون

ئەم تەوەرە وەك بناغەو بنچینەی تەوەرەکانی دواترە، چونکە هەموو نەخۆشییەکانی دڵ لەلایەنی دەروونەوە سەرچاوە دەگرن، هەموو شتە خراپەکانی دەروونە بەسەر دڵدا دەڕژێن و لەدڵیشەوە هەناردەی هەموو ئەندامەکانی تری جەستە دەکرێن، سەرەتا گورز لەدڵ دەدات، هەروەك پەیامبەری خوا(ﷺ) لەوتاری حەجی ماڵئاواییدا فەرمووی:"الحمدُ للهِ نستعينُهُ ونَستَهديهِ،ونستغفرُهُ ونعوذُ باللهِ مِن شُرورِ أنْفُسِنا وسَيِّئاتِ أعمالِنا"[1] واتا: سوپاس بۆ خوای گەورە، داوای پشت پێ بەستن و هیدایەت و لێخۆشبوونی لێ دەکەین، پەنا بەخوای گەورە دەگرین لەخراپەی دەروون و کردارەکانمان.

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پەنا بەخوای گەورە گرتووە لەتێکڕای خراپەی دەروون و ئەو کارانەی لەوەوە سەرچاوە دەگرن، لەخراپەی ئەو سزاو

---

١ – ترمیزی(١١٠٥) و نەسائی(٨٩/٦) و ئەبو داوود(٢١١٨) و سیبن ماجە(١٨٩٢) و ئەحمەد(٣٧٢١ و ٤١١٦) گێڕاویانەتەوە لەڕێگەی ئەبی ئیسحاقەوە ئەویش لەڕێگەی ئەبی ئەلئەحوەسەوە ئەویش لەڕێگەی ئیبن مەسعودەوە، سەنەدەکەشی سەحیحە، چونکە لەئەبی ئیسحاقەوە گێڕاویەتییەوە، لەوانەش ئیمامی شوعبەی کوڕی ئەلحەجاج و گێڕانەوەیەکی دەستپاکانەیە. لەم رووەوە لەهەندێ هاوەڵەوە گێڕدراوەتەوە، شێخی ئەلبانییمان باسیکردوون لەپەیامە بەسوودەکەیدا(خطبة الحاجة)، بۆی بگەڕێرەوە.

ناخۆشییانەی بەهۆی ئەوەوە دروست دەبن. پشت بەخوا بەستنی لەنێوان خراپەی دەروون و کرداره خراپەکان پێکەوە کۆکردووەتەوە.

دوو رووی تێدایە:

یەکەم: لەڕووی پاڵدانەوەی جۆر بۆ لای رەگەزی خۆی، واتا: پەنا بە تۆ دەگرم لەو جۆرە کارو کردەوانە.

دووەم: مەبەست پێی سزای ئەو کارو کردەوانەیە کە خراپە و ناخۆشیی بۆ کەسەکە دەهێنن.

لەیەکەمدا: پەنای بەخوا گرتووە لەبەرانبەر سیفەت و کرداری دەروون.

لەدووەمدا: پەنای بەخوای گەورە گرتووە لەسزاو هۆکارەکانی.

کاری خراپ تێکەڵ بەخراپەی دەروون دەبێ و بەشێکە لەخراپەی دەروون، واتا: لەوەی لەپاداشتی کارە خراپەکەم ناڕەحەتم دەکات و خراپەم بۆ دێنێت.

دەکرێت یەکەم بارسەنگ بکرێ، چونکە پەنا گرتن بەکاری خراپ لەدوای رووداوی، بریتییە لەپەناگرتن لەسزاو ئەوانەی ئەنجامدانی ئەو تاوانە دەیخاتەوەو پێویستی دەکات، ئەگینا کارەکە و ئەوەی هەیە رووی داوە.

ئەوانەی رێگەی بەرەو خوای گەورەیان گرتووەتەبەر، سەرباری جیاوازیی رێگەشیان، یەکدەنگن لەسەرئەوەی، ئەو دەروونە دەکەوێتە نێوان بەندەو خوای گەورەوەو ناهێڵێ بەندە بەپەروەردگار بگات و رێگەی لێ دەبڕێت، کاتێ مرۆڤ بەخوای گەورە دەگات، کە دەروونی مراندبێ و بەسەریدا زاڵهاتبێ و ناچاری کردبێ بەدەستبەرداربوون لەهەر شتێك پێچەوانە بەفەرمانی خوای گەورە بێ.

خەڵکیی دوو بەشن:

بەشێکیان دەروونیان بەسەریاندا زاڵبووەو ملکەچیکردوون و ناچارانە چوونەتە ژێر فەرمانەکانییەوە.

بەشێکیشیان بەسەر دەروونی خۆیاندا زاڵبوونەو سەرکوتی کردوون و ملکەچی فەرمانی ئەوان بووە.

هەندێ لەعاریفان وتوویانە: گەشتی ڕێبوارانی ڕێگەی خوا بەسەرکەوتنیان بەسەر دەروونی خۆیاندا کۆتایی هاتووە، هەرکەسێ بەسەر دەروونی خۆیدا زاڵ ببێ، سەرکەوتوو و سەرفراز بووە، هەرکەسێکیش دەروونی بەسەردا زاڵبووبێ، دۆڕاو و بەهیلاکدا چووە، خوای گەورەش دەفەرموێت:﴿ فَأَمَّا مَن طَغَىٰ ﴿٣٧﴾ وَءَاثَرَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا ﴿٣٨﴾ فَإِنَّ ٱلْجَحِيمَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴿٣٩﴾ وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ ﴿٤٠﴾ فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴿٤١﴾ ﴾ **النازعات: ٣٧ - ٤١**، واتا: لەو ڕۆژەدا چاکە و خراپە بەپێ ی کردەوە دابەش دەکرێ ئینجا ئەو کەسەی سەرکەش بووبێ. وە ژیانی دنیای هەڵبژاردبێ. ئەوە بێگومان دۆزەخ جێگایەتی. وە ئەو کەسەی کە ترسابێ لە هەڵوێستگەی بەردەم پەروەردگاری و بەرگری نەفسی خۆی کردبێ لە ئارەزووی خراپە. ئەوە بێگومان بەهەشت جێگایەتی.

دەروون داوای زۆرداری و بەکاریگەردانان و باودانی دونیا دەکات بەسەر قیامەتدا، خوای گەورەش بانگەوازی بەندەی دەکات بۆ ترسان لەخۆی و ڕێگریکردنی دەروون لەهەواو ئارەزوو، بۆیە دڵ لەنێوان دوو بانگەواز و داوادایە، جارێ بەرەو لای ئەم دەچێ و جارێ بەرەو لای ئەو.

ئەوەش جێگەی تاقیکردنەوەو ناخۆشییە، خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا بەسێ سیفەت وەسفی دەروونی کردووە: ئارام(المطمئنة)، فەرماندەر بەخراپە(الأمارة بالسوء)، سەرزەنشتکەر(اللوامة).

دەروون ئەگەر لەپاڵ خوای گەورەدا ئۆقرەی گرت و بەیادکردنی دڵنارام و تامەزرۆ بوو بۆ دیداری، ئەوە دەروونی ئارامە(المطمئنة) و ئەو جۆرە دەروونەیە کە لەکاتی سەرەمەرگدا خوای گەورە پێیدەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ ۝٢٧ ٱرْجِعِىٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً ۝٢٨ ﴾ **الفجر: ٢٧ - ٢٨**، واتا: لەو ڕۆژەدا بە خوا پەرست دەووترێت ئەی نەفسی بە ئارام. بگەڕێرەوە بۆ لای پەروەردگاری خۆت بە ڕەزامەندی و لێ ڕازی بوو.

ئیبن عەباس ئەڵێ: ﴿ يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ ﴾ **الفجر: ٢٧ - ٢٨**، واتا:بەڕاستخەرەوە.

قەتادە ئەڵێ:((ئەو باوەڕدارەیە کە دڵی ئارام ڕاگرتووە بەو بەڵێنەی لەلایەن خوای گەورەوە هاتووە.

ئەلحەسەن ئەڵێ:((دڵنارامە بەوەی خوای گەورە فەرموویەتی، بەڕاستخەرەوەی فەرمایشتی خوای گەورەیە)).

موجاهید ئەڵێ:((ئەو دەروونەیە کە بۆ لای خوا گەڕاوەتەوەو دڵنیایە بەوەی، خوای گەورە پەروەردگاری ئەوەو،ئەمیش ئۆقرەی پێ گرتووە بەجێبەجێکردنی فەرمانەکانی و دڵنیایە بەگەیشتنە دیداری خوای گەورە[1].

حەقیقەتی دڵنیایی و دڵنارامی: ئۆقرەگرتن و سەقامگیربوونە، ئەو دەروونەیە کە ئۆقرەی گرتووە بەپەروەردگارو جێبەجێکردنی فەرمان و گوێڕایەڵیکردنی خوای گەورە.

ئەگەر پێچەوانە بەو دەروونە بوو، ئەوە دەروونی فەرماندەر بەخراپەیە(الأمارة بالسوء)، حەزی لەچی شتێك بوو، دەیکاتە فەرمان بەسەر کەسەکەوە، جا شەهوەتی

---

١ – الدر المنثور(٨/٥١٣– ٥١٤).

سنوور بەزێنیی بێ یان شوێنکەوتنی باتڵ و ئەبێتە پەناگەی هەموو خراپەیەك و راپێچی دەکات بۆ ئەنجامدانی هەر ناشیرینی و تاوانێك.

خوای گەورە هەواڵی داوە بەوەی،ئەوە دەروونی فەرماندەر بەخراپەیە،بەشێوەی زیادەڕۆیی(صيغة المبالغة) هێناوێتی، چونکە ئەوە نەریت و خووی دەروونە تەنیا ئەو دەروونانە نەبێ کە خوای گەورە بەزەیی پێدا هاتووەوەو پاکی راگرتووە، ئیتر دەروونی پاك راگیراو بەچاکە فەرمان بەخاوەنەکەی دەکات، ئەوەش بەزەیی خوای گەورەیە، ئەگینا دەروون هەر لەبناغەدا بەنەفام و گومڕا دروست بووە، دادپەروەری و زانست دواتر بۆی دروست کراوە و لەلایەن پەروەردگارەوە پێی بەخشراوە، ئەو دەروونەی فامیدەیی وەرنەگرتبێ، لەسەر گومڕایی و نەفامیی خۆی دەمێنێتەوە، دەروون بەهۆی ئەو نەفامی و گومڕاییەوەیەتی کە فەرماندەر بەخراپەیە. جا ئەگەر سۆزو بەزەییەك نەدەبوو لەلایەن خوای گەورەوە بۆ باوەڕداران، ئەوە یەك دەروونیشیان پاك و پاڵفتە نەدەبوو.

ئەگەر خوای گەورە خێرو خۆشیی بۆ دەروونێك بوویێ، ئەوە شتێکی تێدا دادەنێت پێیەوە پاك و شیاوی بکاتەوە: لەئیرادەو تێڕوانینەکان، ئەگەر خێرو چاکەشی بۆی نەوێ، ئەوە لەسەر ئەو حاڵەتە نەفامی و گومڕاییەی لەسەری دروستبووە، ئەیهێڵێتەوە.

دەروون لەبنچینەدا نەفامە، خاوەن پێویستییە، بۆیە ئەگەر سۆزو فەزڵی خوای گەورە فریای نەکەوێ، ئەوە فەرماندەریی بەخراپە شتێکی پێویستە بۆی.

بەمە دەزانرێ کە پێویستیی بەندە بەپەروەردگاری، لەسەرووی هەموو پێویستییەکەوەیە، هیچ پێویستییەك نییە بەوە بەراورد بکرێت. ئەگەر خوای گەورە

بۆ چاوتروکاندنێك بەزەیی و سەرکەوتن و هیدایەتی لێ بگرێتەوە، ئەو مرۆڤە دەدۆڕێ و لەنێودەچێ.

هەرچی دەروونی سەرزەنشتکارە(اللَّوَّامة): لەبارەی داڕێژانی ئەو وشەیەوە جیاوازیی هەیە، ئاخۆ لە(التَّلَوُّم)ەوە وەرگیراوە، کە خۆگۆڕینە بەکۆمەڵێ ڕەنگ و ڕاڕابوون، یان لە(اللَّوم)ەوە وەرگیراوە؟ دەستەواژەکانی پێشین لەسەر ئەو دوو واتایە دەخولێتەوە[1].

سەعیدی کوڕی جوبەیر ئەڵێ:((بەئیبن عەباسم وت:(اللَّوَّامة) چییە؟ وتی: دەروونی سەرزەنشتکراوە.

موجاهید ئەڵێ:((ئەو دەروونەیە کە لەسەر شتی لەدەستچوو، خۆی سەرزەنشت دەکات و لەسەری سەرزەنشت دەکرێت)).

قەتادە ئەڵێ:((دەروونی خراپەکارە)).

عیکریمە ئەڵێ:((لەسەر خێرو شەڕ سەرزەنشت دەکرێت)).

عەتاء لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ:((هەموو دەروونێك لەڕۆژی قیامەتدا خۆی سەرزەنشت دەکات، کەسی چاکەکار دەروونی سەرزەنشت دەکات بۆچی چاکەی زۆرتری نەکرد، خراپەکاریش دەروونی خۆی سەرزەنشت دەکات بۆچی لەخراپییەکانی پەشیمان نەبوویەوە دەستی هەڵنەگرت)).

ئەلحەسەن ئەڵێ:((سوێند بەخوا هەمیشە مرۆڤی باوەڕدار دەبینی لەهەموو حاڵەتێکدا سەرزەنشتی خۆی دەکات، لەهەموو حاڵەتێکدا بەکەمتەرخەمی دادەنێت و پەشیمانیی دەکێشێ و سەرزەنشتی دەکات، بەڵام مرۆڤی خراپەکار لەڕۆیشتنی خۆی بەردەوامە، بەهیچ شتێك سەرزەنشتی دەروونی خۆی ناکات)). ئەوە دەستەواژەو

---

١ – الدر المنثور(٨/٣٤٣).

دەربڕینی ئەوانە بوو کە بۆ ئەوە دەچوون، (اللَّوَّامة) لە(اللَّوْم)ەوە هاتووە. هەرچی ئەوانەشە کە ئەڵێن بەهۆی لە(التَّلَوُّم)ەوە هاتووە، لەبەر زۆر ڕاڕایی و خۆ گۆڕینەوەی دەروون وەهایان وتووە،چونکە لەسەر یەک حاڵەت ڕاناوەستێت.

بۆچوونی یەکەم دیارترە: ئەگەر ئەو واتایە مەبەست بێ، ئەوە دەوترا:(المتلَوِّمَة)، خۆ سەرزەنشتکەر، وەک ڕەنگۆڕ و ڕاڕا، بەڵام لەپێویستییەکانی بۆچوونی یەکەمە، لەبەر خۆسەرزەنشتکردن و جێگیر نەبوونی، کاری تاوان ئەنجام دەدات پاشان لەسەر ئەو کارە سەرزەنشتی خۆی دەکات.

دەروون دەکرێ هەندێجار فەرماندەر بێ بەخراپەو هەندێجار سەرزەنشتکار و هەندێجاریش دڵنیاو دڵنارام، دەکرێ لەیەک ڕۆژ و تەنیا یەک کاتژمێردا هەر سێ بەش و جۆرەکەی دەروونی بەسەردا ڕووبدات، کامەیان زاڵبوو، دەسەڵات هی ئەو دەبێ.

لەبەر دڵنارام بوونەکەی، وەسفی پیاهەڵدانی بۆ دەبێت.

لەسەر فەرماندەر بەخراپییەکەی، وەسفی سەرزەنشتکردنی بۆ دەبێت.

لەبەر سەرزەنشتکردنەکەی، بەپێی حاڵەتی سەرزەنشت لەسەرکراو، پیاهەڵدان و سەرزەنشتکردنی بۆ دەبێت.

مەبەست ئەوەیە: باسکردنی نەخۆشیی دڵ بەزاڵبوونی دەروونی فەرماندەر بەخراپە و دوو جۆر چارەسەریشی بۆ هەیە: لێپرسینەوەی دەروون، پێچەوانەکردنی.

نەپرسینەوە لەدەروون و پێچەوانە نەکردنی: هۆکاری لەنێوچوونی دڵە.

ئیمامی ئەحمەد باسیکردووە[1] لەعومەری کوڕی خەتابەوە(خوای لێ ڕازیی بێ) ئەڵێ:((لەدەروونی خۆتان بپرسنەوە پێش ئەوەی لەقیامەتدا لەسەری لێپرسینەوە بکرێن، کێشی دەروونی خۆتان بکەن پێش ئەوەی کارو کردەوەتان بۆ کێشانە بکرێ،

---

١ – لە(الزهد)(٢/٣٠) هەندێکیان بەمەرفوعیی باسیان کردووە، ناچەسپێت!

ئەوەی لێپرسینەوەی بەیانییتان لەسەر سووك دەکات، ئەوەیە ئەمڕۆ لێپرسینەوەی دەروونی خۆتان بکەن و خۆتان بڕازێننەوە بۆ حەشرو خستنەڕووی گەورەترینی کارو کردەوەکان:﴿ يَوْمَئِذٍ تُعْرَضُونَ لَا تَخْفَىٰ مِنكُمْ خَافِيَةٌ ﴿١٨﴾ ﴾ **الحاقة: ١٨**، واتا:لەو ڕۆژەدا(لە بەردەمی خوادا) هەموتان نیشان دەدرێن هیچ(کردەوەیەکی)پەنانیتان بە نهێنی نامێنێتەوە.

هەر لە ئەلحەسەنەوە باس دەکرێت کە وتوویەتی:((بەهیچ باوەڕدارێك ناگەی ئیللا لێپرسینەوەی دەروونی خۆی دەکات: ئەتەویست چی بکەی؟ ئەتەویست چی بخۆی؟ ئەتەویست چی بخۆیتەوە؟ بەڵام مرۆڤی خراپەکار بەڕێگەی خۆیدا بەردەوامەو لەدەروونی خۆی ناپرسێتەوە)).

قەتادە لەبارەی ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە:﴿ وَكَانَ أَمْرُهُۥ فُرُطًا ﴿٢٨﴾ ﴾ **الكهف: ٢٨**، ئەڵێ: کەسەکە خۆی لەدەست داو دۆڕا، ئەبینی سەروەتی خۆی پاراست و ئابینەکەی لەدەست دا.

ئەلحەسەن ئەڵێ:((بەندە لەخێرو چاکەدایە هەتا ئەوەی لەدەروونی خۆیدا ڕێنماییکاری بۆ هەیە، لێپرسینەوەکردن یەکێکە لەهیممەت بەرزییەکانی)).

مەیمونی کوڕی میهران ئەڵێ:((بەندە نابێتە لەخواترس تاوەکو لەلێپرسینەوەی دەروونی خۆیدا تووندتر نەبێ لەلێپرسینەوەی هاوبەشێ لەهاوبەشی کارەکەی، لەبەر ئەوەیە وتراوە: دەروون وەك هاوبەشی خیانەتکارە، ئەگەر لێپرسینەوەی نەکەی، سەروەتەکەشت ئەبات)).

هەر مەیمونی کوڕی میهران ئەڵێ:((کەسی لەخواترس سەختتر لەلێپرسینەوەی دەسەلاتداری یاخی و هاوبەشی چرووك، لێپرسینەوەی دەروونی خۆی دەکات)).

ئەحنەف کوڕی قەیس ئەهات بۆلای چرایەکەو پەنجەی ئەخستە ناوی و ئەیووت: هەست بەئازارەکەی بکە ئەی حونەیف! ئەوە چی شتێ هانی دای فلآنە ڕۆژ فلآنە شت ئەنجام بدەی؟ ئەوە چی شتێ هانی دای فلآنە ڕۆژ فلآنە شت ئەنجام بدەی؟

عومەری کوڕی خەتاب نامەی بۆ هەندێ لەکاربەدەستانی ناوچەکان ناردو تیایدا نووسیبووی:((لەکاتی خۆشییدا لێپرسینەوەی دەروونی خۆت بکە پێش ئەوەی لەڕۆژی سەختدا لێپرسینەوە بکرێی، بێگومان هەرکەسێ لەپێش ڕۆژی سەختی قیامەت لێپرسینەوەی دەروونی خۆی بکات، ئەوە رازیبوون و بڕاوەی بۆ دەبێت، ئەوەشی کە ژیان و هەواو ئارەزووی لەخشتەی دەبەن، سەرەنجامی پەشیمانی و دۆڕان ئەبێ)).

دوو جۆر لێپرسینەوەی دەروون هەیە:

جۆرێك لەپێش کارو کردەوە، جۆرێك لەدوای کارو کردەوە:

جۆری یەکەم: ئەوەیە لەسەرەتای ویست و هەوڵدا ڕابووەستێ و دەستپێشخەری بۆ کار نەکات تاوەکو ئەوەی بۆ بارسەنگ دەبێ لەئەنجامدانی دووربکەوێتەوە.

ئەلحەسەن(بەڕەحمەت بێ) ئەڵێ:((خوای گەورە بەزەیی بەو بەندەیەدا بێتەوە کە لەسەر هیممەتی ئەنجامدانی کارێك ڕادەوەستێ و بیردەکاتەوە، ئەگەر کارەکە بۆ خوابێ، دەستی پێ دەکات و بەردەوام دەبێ لەسەری، ئەگەر بۆ غەیری خواش بوو، ئەنجامی نادات)).

هەندێ زاناو خواناس بەم جۆرە ئەو وتەیەیان شیکردووەتەوە، ئەگەر بەندە کەوتە جوڵە بۆ ئەنجامدانی کارێك، سەرەتا ڕابووەستێ و بیربکاتەوە: ئاخۆ توانای بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە هەیە یان نە؟ ئەگەر لەتوانادا نەبوو، هەنگاوی بۆ هەڵنەگرێت. ئەگەر ئەنجامدانی لەتوانادا هەبوو، ئەوە هەڵوێستەیەکی تر بکات و بیربکاتەوە: ئایە

ئەنجامدانی خێری هەیە یان ئەنجام نەدانی؟ یان بەپێچەوانەوە؟ ئەگەر ئەنجام نەدانی بۆی باش بێ، ئەوە وازی لێ بهێنێ و لێی دووربکەوێتەوە.

پاشان هەڵوێستەیەکی تر بکات و بیربکاتەوە: ئەوەی بۆ ئەو بیرکردنەوەو ئەنجام دان و ئەنجام نەدانە هانی داوە،ئیرادەیەکە مەبەست پێی ڕەزامەندی و پاداشتی خوای گەورەیە یان ناوبانگی و پیاهەڵدان و دەسکەوتی دارایی لەلایەن خەڵکەوە؟[1] ئەگەر لەبەر خەڵکیی بێ، ئەوە هەنگاوی بۆ نانێت با بەهۆیەوە بەڕەزامەندیی خوا بگات، لەبەر ئەوەی نەوەك دەروون بەهاوبەش پەیداکردنەوە نەریت و خوو بگرێت و کارکردن بۆ غەیری خوای بەلاوە سووك و ئاسایی بێت. دەروون چەندە کارکردن بۆ غەیری خوای بەلاوە ئاسایی بێ، ئەوەندە کارکردن لەپێناو خوای گەورەی لەسەر قووڕس و گران ئەبێ، تائەوەی کارکردن لەبەر خوای گەورە، بەلایەوە دەبێتە قورستڕین شتێ.

ئەگەر لەوەدا سەرکەوتوو بوو، هەڵوێستەیەکی تر دەکات و ئەڕاونێ: لەوەدا هاوکار و یارمەتیدەرێك هەیە؟ ئەگەر کارەکە پێویستی بەهاوکار هەبوو، ئایە کۆمەڵێ یارمەتیدەرو هاوکار هەیە لەپێناو خوای گەورە پشتی بگرن؟ ئەگەر هاوکاری نەبوو، ئەنجامی نادات، هەروەك پەیامبەری خوا(ﷺ)لەمەککەدا خۆی بەدوورگرت لەجیهادکردن هەتا ئەوەی پشتیوان و هێزی بۆ کۆبوویەوە[2]. ئەگەر یارمەتیدەرو

---

١ – ئەم وردکردنەوەیە لای زۆرێك لەو خەڵکە نییە کە بەپێی حیساباتی دونیاییان هەڵسوکەوت دەکەن و ژیانیان دادەمەزرێنن، نە دەڕوانن بەرهەمێکی ئاخیرەت و نەهەوڵی جوانکردنی نییەت و نیازی دڵیشیان دەدەن!

٢ – با پەند بەوە وەربگرن ئەوانەی دەروونێکی پەلەکاریان هەیە و بزانن، ئەو پەلەکردنەیان بەتیاچوونیاندا دەبات ئەگەر بێتو لەخوا نەترسن و بەپێی ڕێبازی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) مامەڵە نەکەن.

هاوکاری دۆزییەوە، با هەنگاوی بۆ هەڵبگرێ و لەلایەن خوای گەورەوە سەرکەوتوو دەبێت.

کەسێ سەرکەوتنی لەدەست دەچێ، کە تایبەتمەندییەك لەو تایبەتمەندییانەی لەدەست دابێ، ئەگینا بەبوونی ئەو تایبەتمەندییانە هیچ سەرکەوتنێك لەدەست ناچێ.

ئەوە چوار هەڵوێستەیە کە پێویستە پێش هەنگاونان بۆ ئەنجامدانی کارێك، کەسەکە لێپرسینەوەی دەروونی خۆی لەسەر بکات. مەرج نییە هەموو کارێك کە بەندە ویستی ئەنجامدانی هەبێ، بتوانێ ئەنجامی بدات، مەرجیش نییە هەموو ئەوەی بتوانێ ئەنجامی بدات، ئەنجامدانی لەئەنجام نەدانی باشتر بێ. مەرجیش نییە ئەنجامدانی هەر کارێك باشتر بێ لەئەنجام نەدان و بۆ خوای گەورە ئەنجامی بدات، هەروەها هەر شتێك لەبەر خوای گەورە ئەنجامی بدات، خوای گەورە یارمەتیدەری بێ. بۆیە ئەگەر بەندە لەپێش ئەنجامدانی کارێك لەدەروونی خۆی پرسییەوە، ئەوکات ئەوەی بۆ روونەدەبێتەوە کە هەنگاوی بۆ دەنێت و ئەوەشی کە لێی دوورەدەگرێت.

جۆری دووەم: لێپرسینەوەی دەروون لەدوای کارکردن:

سێ جۆرە:

یەکەم: لێپرسینەوەی لەسەر کارێك کە کەمتەرخەمیی تێدا هەبێ بەرانبەر بەماف خوای گەورەو بەجۆری پێویست ئەنجام نەدراوبێ. ماف خوای گەورە لەخواپەرستییدا شەش کاروبارەو پێشتر باسکراوە، کە ئەمانەن:

دڵسۆزیی لەکارکردن.

دڵسۆزی و رێنمایی لەبەر خوای گەورە لەو کارەدا.

شوێن پێهەڵگرتنی پەیامبەر(ﷺ) لەو کارەدا.

بینینی دیمەنی چاکەکاریی تیایدا.

بینینی منەتی خوای گەورە تیایدا.

لەدوای هەموو ئەوانە، بینینی کەمتەرخەمی بەرانبەر بەماڤی خوای گەورە لەو کارەدا.

ئەوکات بەندە لەدەروونی خۆی دەپرسێتەوە: ئاخۆ حەقی ئەو هەموو شتانەی داوە؟ لەو خواپەرستییەدا ئەو شەش شتەی پەیڕەو کردووە؟

دووەم: لێپرسینەوەی دەروونی خۆی بکات لەسەر هەموو کارێك کە نەکردنی باشتر بووە لەکردنی.

سێیەم: ئەوەی لێپرسینەوەی دەروونی خۆی بکات لەسەر ئەنجامدانی کارێکی رێپێدراو(موباح) یان ئاسایی: بۆچی ئەنجامی داوە؟ بەو کارە نیازی خواو ئاخیرەتی هەبووە؟ قازانجکار بووە یان نیازی دونیای هەبووە، بەوە قازانجی لەدەست دەچێ و بەسەرکەوتن و سەرفرازییش ناگات!

- **زیانی وازهێنان لەلێپرسینەوەی دەروون:**

بەزیانترین شتێك کە لەپشتگوێخستن و نەپرسینەوە لەدەروون و دواخستن و بەئاسان وەرگرتن بەرانبەر کارو کردەوەکان و بەڕێکردن دێتەدی، ئەوەیە بەتیاچوونی دەگەیەنێت. ئەوە حاڵی کەسانی لەخۆباییە کە لەئاست سەرەنجامەکاندا چاو دەنوقێنن و لەسەر کاری خۆیان بەردەوامن، لێپرسینەوەی دەروونی خۆیان و نەڕوانینە سەرەنجام لەبیر خۆیان دەبەنەوە. جا ئەگەر مرۆڤ وەهای کرد، بەلایەوە ئاسان دەبێ بکەوێتە تاوانەو بەتاوانەوە هۆگریی وەردەگرێ و بەسەریەوە سەخت دەبێ لەتاوان دووربکەوێتەوە. بێگومان ئەگەر هۆشی بێتەوە، ئەوکات دەزانێ دوورگرتنی لەو کارە باشتر و ئاسانترە لەخۆ تێوەگلاندن بەو کارەو نەریت گرتن و خووگرتن بەو تاوانەی ئەنجامی دەدات.

کۆی ئەوە: ئەوەیە سەرەتا مرۆڤ لێپرسینەوەی دەروونی خۆی بکات لەسەر فەرزەکان، ئەگەر ناتەواوییەکیان تێدا هەبوو فریای بکەوێت، ئەوەش بەگێڕانەوە(قەزا) یان بەچاك و شیاو کردن.

پاشان لێپرسینەوەی دەروونی خۆی بکات لەسەر نەهی لێکراوەکان، ئەگەر زانی کارێکی نەهی لێکراوی ئەنجام داوە، بەتەوبەو پەشیمانی و چاکەی زۆر، فریای لەکۆڵکردنەوەی ئەو کارە بکەوێ.

پاشان لێپرسینەوەی دەروونی خۆی بکات لەسەر غەفڵەت و بێ ئاگایی. ئەگەر بێ ئاگابوو بەرانبەر بەوەی لەپێناویدا دروست کراوە، بەیادکردن و رۆیشتن بەرەو لای خوای گەورە فریای نەهێشتنی ئەو بێ ئاگاییە بکەوێ.

پاشان لێپرسینەوەی دەروونی خۆی بکات لەسەر قسەکردن و هەنگاونان و بەکارهێنانی دەست و چاو و گوێی، بەوانە چی مەبەست بوو؟ لەبەر کێ ئەوانەی کرد؟ بەچی جۆرێکیش ئەنجامیانی دا؟

بۆیە پرسیاری یەکەم: پرسیارە لەبارەی دڵسۆزی(ئیخلاس).

دووەمیش: پرسیارە لەبارەی شوێنکەوتنی پەیامبەر(ﷺ).

خوای گەورە ئەفەرموویت:﴿ فَوَرَبِّكَ لَنَسْـَٔلَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٩٢﴾ عَمَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩٣﴾ ﴾ **الحجر: ٩٢ - ٩٣**، واتا: جا سوێند بە پەروەردگارت پرسیار لە هەموویان دەکەین لەوەی کە دەیانکرد(لە دنیا)دا.

هەروەها دەفەرموویت:﴿ فَلَنَسْـَٔلَنَّ ٱلَّذِينَ أُرْسِلَ إِلَيْهِمْ وَلَنَسْـَٔلَنَّ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٦﴾ فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيْهِم بِعِلْمٍ ۖ وَمَا كُنَّا غَآئِبِينَ ﴿٧﴾ ﴾ **الأعراف: ٦ - ٧**، واتا: سوێند بەخوا بەڕاستی پرسیار دەکەین لەوانەی کە پێغەمبەرانیان بۆ نێردرا(کە چۆن پێشوازییان لێکردن) وە بێگومان پرسیاریش دەکەین لە پێغەمبەرانیان کە چۆن وەڵام درانەوە.

جا سوێند بەخوا بەڕاستی(ئەوەی کردویانە) بۆیان دەگێڕینەوە لە ڕووی زانیاریەوە وە ئێمە هیچ کاتێ بێ ئاگا نەبووین لێیان.

هەروەها پەروەردگار دەفەرموێت:﴿ لِّيَسْـَٔلَ ٱلصَّٰدِقِينَ عَن صِدْقِهِمْ ﴾ **الأحزاب: ٨**، واتا:بۆ ئەوەی(خوا) پرسیار لە ڕاست گۆیان بکات دەربارەی ڕاستییان.

ئەگەر لێپرسینەوەی ڕاستگۆیان بکرێ لەسەر ڕاستگۆییان، ئەی گومانت چی دەبێ بەرانبەر بەدرۆزنان؟

موقاتیل ئەڵێ:((خوای گەورە ئەفەرموێ: پەیمان و بەڵێنمان لێ وەرگرتن تاوەکو خوای گەورە لەڕاستگۆیان–واتا: پەیامبەران– بپرسێتەوە لەبارەی گەیاندنی پەیامەکەی)).

موجاهید ئەڵێ:((لەوانە دەپرسرێتەوە کە لەپەیامبەرانەوە پەیامی خوایان بەوانی تر گەیاندووە: ئاخۆ لەپەیامبەرانەوە پەیامی خوای گەورەیان گەیاندووە، هەروەك لەپەیامبەرانیش دەپرسرێتەوە: ئایە ئەو پەیامەی لەلایەن خوای گەورەوە پێیان گەیشت، بەوانی تریان گەیاند؟

ئەنجام و لێکۆڵینەوە: ئایەتەکە هەردووکی لەخۆگرتووە، ڕاستگۆیان بریتین لەپەیامبەران و ئەوانەی لەوانەوە پەیامی خوایان گەیاندووە، لەپەیامبەران دەپرسرێتەوە لەبارەی گەیاندنی پەیام و لەوانی تریش دەپرسرێتەوە لەوەی لەپەیامبەران پێیان گەیشتبوو، بەخەڵکی تریان گەیاندووە، پاشان لەوانە دەپرسرێتەوە کە پەیامەکەیان پێگەیشتووە: بەچی وەڵامی پەیامبەرانیان داوەتەوە، هەروەك پەروەردگار دەفەرموێت:﴿ وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ مَاذَآ أَجَبْتُمُ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٦٥﴾ ﴾ **القصص: ٦٥**، واتا: ڕۆژێ کە(خوا) بانگیان دەکات و (پێیان) دەفەرموێ چیتان وەڵامی پێغەمبەرانیان دایەوە.

ئەگەر بەندە لێپرسینەوەی دەروونی خۆی کردبێ لەسەر هەموو شتێك، بەگوێ و چاو و دڵیشییەوە هەروەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا ﴿٣٦﴾ ﴾ **الإسراء: ٣٦**، واتا: بەڕاستی گوێ و چاو و دڵ هەموو ئەوانە(خاوەنیان)پرسیار لێکراوە.

ئەوە پێش ئەوەی لەقیامەتدا لێپرسینەوە بکرێ، لێپرسینەوەی دەروونی خۆی کردووە[1].

ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە، بەڵگەی داوە لەسەر ئەوەی پێویستە مرۆڤ لەدەروونی خۆی بپرسێتەوە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَلْتَنظُرْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ لِغَدٍ ﴾ **الحشر: ١٨**، واتا:ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە لە خوا بترسن وە هەموو کەسێك سەرنج بدات(بزانێ) چی پێش خۆی ناردووە بۆ پاشەڕۆژی.

خوای گەورە ئەفەرموێ: با هەریەك لەئێوە بڕوانێ چی کارێکی بۆ قیامەت پێشخستووە: ئایە لەو کارە چاکانەیە کە رزگاری دەکەن، یان لەخراپەکانە کە دەیخەنە دۆزەخەوە[2].

---

١ – ئەلفریابی و ئیبن جەریر و ئیبن ئەلمونزیر و ئیبن ئەبی حاتەم ئیخراجیان کردووە، هەروەك لە(الدر المنثور)(٥٦٨/٦) هەیە.

٢ – بوخاری(١٧٦/١) و موسلیم(٢٨٧٦) گێڕاویانەتەوە لەئیبن ئەبی مولەیکە کە وتوویەتی: عائیشە گوێبیستی شتێك نەدەبوو نەیزانێ، ئەگەر شتێکی وەهای بهاتبایەتە پێش، بەدواداچوونی دەکرد تاوەکو دەیزانی، پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرمووی:"مَنْ نُوقِشَ الْحِسَابَ عُذِّبَ"،واتا:هەرکەسێ لەقیامەتدا لێپرسینەوە بکرێ، سزا دەدرێت. عائیشە وتی: ئەی خوای گەورە نافەرموێت:﴿ فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ ﴿٧﴾ فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَابًا يَسِيرًا ﴿٨﴾ وَيَنقَلِبُ إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦ مَسْرُورًا ﴿٩﴾ ﴾ **الانشقاق: ٧ - ٩**، واتا:ئینجا ئەو کەسەی کە نامەی(کردەوەی)درایە دەستی ڕاستی. ئەوسا پرسینەوەیەکی سووك و ئاسانی لەگەڵ دەکرێ وە بەدڵ خۆشی دەگەڕێتەوە بۆ لای کەس و کاری.

قەتادە ئەڵێ:((پەروەردگارتان بەردەوامە لەنزیکخستنەوەی قیامەتدا تاوەکو نزیکی دەخاتەوە وەک بەیانیی لێ دەکات)).

مەبەست ئەوەیە: چاکی و شیاویی دڵ پەیوەستە بەلێپرسینەوەی دەروونەوە، خراپیی دڵیش پەیوەستە بەپشتگوێخستنی دەروون و بەرەڵاکردنی.

- **لەلێپرسینەوەی دەروونداکۆمەڵێ سوودو بەرژەوەندی هەیە:**

لەوانە: ئاگاداربوون بەعەیب و ناتەواوییەکانی. هەرکەسێ نەڕوانێتە عەیب و ناتەواوییەکانی دەروونی خۆی، ئەوە ناشتوانێ ئەو ناتەواوییانە لابدات، بەڵام ئەگەر ئاگاداری ئەو عەیب و ناتەواوییانە بوو، ئەوکات لەبەر خوا سەرکوتی دەکات.

ئیمامی ئەحمەد گێڕاوێتییەوە[1] لەئەبو دەردائەوە(خوای لێ ڕازیی بێ) فەرموویەتی:((مرۆڤ ناتوانێ ببێتە شەرعناس و تێگەیشتوویەکی تەواو هەتاوەکو لەبەر خوا تەواو ڕقی لەتاوان و خراپەی خەڵکیی نەبێتەوە،پاشان بگەڕێتەوە سەر دەروونی خۆی و تووندترین ڕقێکی بەرانبەر هەبێ)).

ئەیوب ئەلسەختیانی ئەڵێ:((کە باسی پیاوچاکان دەکرا، من خۆم لێیان جیادەکردەوەو گۆشەگیرییم دەکرد)).

کە سوفیانی سەوری گەیشتە سەرەمەرگ، ئەبو ئەلئەشهەب[2] و حەممادی کوڕی سەلەمە ڕۆیشتنەلای. حەمماد بەسوفیانی سەوری وت: ئەی ئەبو عبدالله! ئاخۆ

پەیامبەر(ﷺ) فەرمووی:"إنما ذلك العَرْض،ولیس أحدٌ یُحاسَب یوم القیامة إلا هَلَك"،واتا: ئەوە کاتێ پیشان دانی کردەوەکانە، هەرکەسێ لەڕۆژی قیامەتدا لێپرسینەوە بکرێ، تیادەچێ.

١ – لە(الزهد)، لەبەرگی چاپکراودا نییە.

٢ – جەعفەری کوڕی حەیانی ئەلعوتاردییە، سالّی(١٦٢)ی کۆچی، کۆچی دوایی کردووە، سەرپوورەی لە(سیر أعلام النبلاء)(٢٦٨/٧)هەیە.

سەلامەت و ئارام نیت لەوەی لێی دەترسای؟ بەرەو لای ئەو پەروەردگارە ناچی کە ئومێدت پێی هەیەو بەبەزەییترینە؟ ئەویش وتی: ئەی ئەبو سەلەمە! تەماحی ئەوەت هەیە نمونەی من لەدۆزەخ رزگاری ببێ؟ ئەویش وتی:((بەڵێ سوێند بەخوای گەورە، من ئومێدی ئەوەم بۆ تۆ هەیە)).

یونسی کوڕی عوبەید ئەڵێ:((من ئەبینم خێرو چاکە سەد تایبەتمەندیی هەیە، بەڵام نابینم لەو سەد تایبەتمەندییەدا، یەك تایبەتمەندیی لەدەروونی مندا هەبێت)).

موحەممەدی کوڕی واسیع ئەڵێ:((ئەگەر تاوان و خراپە بۆنیان هەبوایە، هیچ کەسێ نەیدەتوانی لای من دابنیشێ))[1].

لای کۆمەڵێ لەئەمیرەکان پیاهەڵدانی داوودی تائیی کرا، ئەویش وتی:((ئەگەر خەڵکیی هەندێ لەو شتانەیان دەزانی کە لەئێمەدا هەیە، ئەوە زمانێك نەدەبوو بتوانێ باسی چاکەیەکی ئێمە بکات)).

ئەبو حەفس ئەڵێ:((ئەگەر هەرکەسێ بەردەوام دەروونی خۆی تۆمەتبار نەکات و لەگشت حاڵەتێکدا پێچەوانەی نەکات و هەمیشە پێچەوانە بەخۆی بۆ پەرستش و چاکە کێشی نەکات، ئەوە کەسێکی لەخۆباییە. هەرکەسێ بەجۆرێ تەماشای بکات شتێکی بەباش ببینێ، ئەوە دەروونی بەهیلاکیدا دەبات)).

بێگومان، دەروون بانگەواز دەکات و ملی رێگەی تیاچوون دەگرێتەبەر، یارمەتیدەری دوژمنانە، حەزی بەهەموو قێزەونی و شوێنکەوتنی هەموو خراپییەك هەیە، بەسرووشت لەڕێگەو بانی سەرپێچی و تاواندا دەسووڕێتەوە.

---

١ – بەڕەحمەت بی، بڕوانە ئەوانە چەندە سەرکوتی دەروونی خۆیان دەکردو ئێمەش چەندە دەروونی خۆمان گەورە رادەگرین!

ئەو نیعمەتەی کە مەترسیی بۆ نییە: بریتییە لەدەرچوون لەژێر دەستی دەروون و خۆ رزگارکردنە لەکۆیلایەتی بۆ کردنی. دەروون گەورەترین پەردەی دابڕانی نێوان بەندە و خوای گەورەیە. شارەزاترین خەڵکیی بەدەروون، ئەوەیانە کە سەختترینە بەرانبەری و سەرکوتی دەکات.

سەرکوتکردنی دەروون لەبەر خوای گەورە، یەکێکە لەسیفەتەکانی باوەڕداران، بەندە بەهۆیەوە لەساتێکدا زیاتر بەچەندان ئەوەندەی بەکارو کردەوە لەخوا نزیك دەبێتەوە، بەسەرکوتکردنی دەروون لەخوای گەورە نزیك دەبێتەوە.

یەکێك لەسوودەکانی لێپرسینەوەی دەروون: بەو کارە مرۆڤ ئاشنا دەبێ بەمانی خوای گەورە، بێگومان هەرکەسێ مانی خوای گەورە نەناسێ، نزیکە بەوەی خواپەرستییەکەی بێ سوود بێ، سوودێکی زۆر کەمی هەیە.

باشترین شتێك سوودی بۆ دڵ هەبێ، تەماشاکردنی مانی خوایە بەسەر بەندەوە، ئەو کارە سەرکوتکردن و بەکەمگرتنی دەروون دروست دەکات و پوختی دەکاتەوەو رزگاری دەکات لەبەخۆ سەرسام بوون و گەورە تەماشاکردنی کارو کردەوە، دەرگای ملکەچی و زەلیلیی بەردەم خوای گەورەی بۆ دەکاتەوە، ئەهێڵێ لەخۆی بێ ئومێدبێ و بزانێ، ئەو رزگاربوونەی کە بۆ بێتەدی، تەنیا بەلێخۆشبوون و بەزەیی خوای گەورەیە. مانی خوای گەورە ئەوەیە گوێڕایەڵیی بکرێت و سەرپێچی نەکرێت، یاد بکرێ و لەبیر نەکرێت، سوپاس بکرێ و سپڵەیی بەرانبەر نەکرێت.

جا هەرکەسێ بڕوانێتە ئەو مافەی خوای گەورە، تەواو دڵنیا دەبێ کە وەك پێویست مانی خوای گەورەی نەگەیاندووە، ئەوەی فریای بکەوێ تەنیا لێخۆشبوون و لێبووردنی خوای گەورەیە، ئەگەر تەنیا کارو کردەوەی خۆی بکرێتە پێوەر، ئەوە تیاچووە.

ئەوە چەقی روانینی خواناسانە کە مانی خوا و کاری خۆیان دەزانن، ئەوەیە کە وەهای کردووە لەدەروونی خۆیان بێ ئومێد بن و تەواوی ئومێدی خۆیان بەلێبووردن و بەزەیی خواوە گرێ بدەن.

ئەگەر تۆش بڕوانیتە حاڵی زۆربەی خەڵک، ئەبینی پێچەوانەی ئەو بیرکردنەوەیەیان هەیە، دەڕوانن مانی خۆیان بەسەر خوای گەورەو تەماشای مانی خوا ناکەن بەسەر خۆیانەوە، ئا لەوێوە لەخوا دەپچڕێن و دڵیان دوورەدەکەوێتەوە لەناسین و خۆشویستن و تامەزرۆبوون بۆ دیداری خوای گەورەو چێژوەرگرتن بەیادکردنی، ئەوەش کۆتایی نەزانی و نەشارەزایی مرۆڤە بەپەروەردگاری و دەروونی خۆی.

لێپرسینەوە لەدەروون: واتا سەرەتا مرۆڤ بڕوانێتە مانی خوای گەورە بەسەرییەوە.

پاشا بڕوانێ: ئایە وەك ئەوەی پێویستە، مانی خوای گەورەی گەیاندووە؟

باشترین بیرکردنەوەیەك، بیرکردنەوەیە لەوە، چونکە ئەوە دڵ بەرەو لای خوای گەورە بەڕێدەخات و کزۆلانە ئەیخاتە بەردەم خوای گەورە، هەژارییەك دەخاتەبەردەمی کە لەخۆیدا دەوڵەمەندییە، زەلیلییەك کە لەڕاستییدا شکۆمەندییە. ئەگەر هەموو کارێکی چاکی کردبێ و ئەوەی نەکردبێ، وەك ئەوەیە هیچی نەکردبێ. چاکەیەکی لەدەستچووە چاکتر لەوەی ئەنجامی داوە.

- **یەکێك لەسوودەکانی روانینی بەندە بۆ مانی خوای گەورە بەسەرییەوە:**

ئەم بیرکردنەوەیە، هەرگیز ناهێڵێ مرۆڤ بەهیچ کارو کردەوەیەك ناز بکات، هەرکەسێ بەکارو کردەوەی خۆیەوە ناز بکات، هەرگیز بۆلای خوای گەورە بەرزنابێتەوە، هەروەك ئیمامی ئەحمەد لەهەندێ لەوانەی زانا بوون بەمانی خوای گەورە، دەگێڕێتەوە کە خواناسێك پێیووتووە: من کە لەنوێژەکەم هەڵدەستم ئەوەندە دەگریم، دانەوێڵە بەفرمێسکەکەم بڕوێنی. پێیووتووە: پێبکەنی و دان بەتاوانی خۆتدا

بنێی لەبەردەم خوای گەورە، باشترە لەوەی بگری و نازو خۆهەڵکێشانت هەبێ بەکارو کردەوەت، بێگومان نوێژی مرۆڤی بەناز بەسەرییەوە بەرز نابێتەوە.

پێیووتووە: ئامۆژگارییم بکە. ئەویش ئەڵێ: بەرانبەر بەدونیا زوهدت هەبێ و دونیانەویست بە و ململانێی دونیا ویستان مەکە، وەك هەنگ بە، کە خواردن بخوات، خواردنی باش دەخوات، کە پاشەڕۆژیش دابنێ، پاکترین دادەنێت، کە بەسەر چڵێکیشەوە بنیشێتەوە زیان نادات و چڵەکە ناشکێنێتەوە. وەسێتت پێ دەکەم بەدڵسۆزییت بۆ خوای گەورە، وەك دڵسۆزیی سەگ بێ بۆ خاوەنەکەی، خاوەن سەگ، سەگەکە برسی دەکات و راوی دەنێ و بەردی تێ دەگرێت، کەچی سەگەکە هەر دەگەڕێتەوە دەرگای و دڵسۆزی و وەفادارە بەرانبەری[1].

***

---

١ – ئیبن ئەلمەرزوبان کتێبێکی خۆشی هەیە بەناونیشانی(تفضیل الکلاب علی کثیر ممّن لبس الثیاب).

تەوەری دوانزەیەم

چارەسەرکردنی دەردەداربوونی دڵ بەشەیتان

ئەم تەوەرە، گرنگترین تەوەرێکی ئەم کتێبە و گەورەترین بەشێکی ئەم کتێبەیە لەڕووی سوودەوە. ئەوانەی دواییـنی ڕەفتارناس[1] گرنگییان بەباسکردنی دەروون و عەیب و نەخۆشییەکانی دەروون نەداوە، لەوەدا فراوانییان کردووەو لەم تەوەرەدا کەمتەرخەمییان کردووە.

هەرکەسێ لەقورئان و فەرموودە رابمێنێ، دەبینێ ئەو دوو سەرچاوەیە زیاتر لەباسکردنی دەروون، گرنگییان بەباسی شەیتان و فێڵ و جەنگی شەیتان داوە.

دەروونی سەرزەنشتکراو لەم فەرمایشتەدا باسکراوە:﴿ إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ ﴾ **یوسف:** ٥٣، واتا:بەڕاستی نەفس زۆر فەرمان دەرە بەخراپە.

دەروونی فەرماندەر بەخراپەش لەم ئایەتەدا هاتووە:﴿ وَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلنَّفۡسِ ٱللَّوَّامَةِ ۝٢ ﴾ **القيامة:** ٢واتا: سوێند دەخۆم بە نەفسی لۆمەکەر لەسەر خراپە.

هەروەها دەروونی سەرزەنشتکراو لەم ئایەتەشدا باسکراوە:﴿ وَنَهَى ٱلنَّفۡسَ عَنِ ٱلۡهَوَىٰ ۝٤٠ ﴾ **النازعات:** ٤٠، واتا: بەرگری نەفسی خۆی کردبێ لەئارەزووی خراپ.

هەرچی باسی شەیتانە، ئەوە لەچەند شوێنێکدا باسی هاتووە:

---

١ – سۆفییەکان، ئەوەش هۆکاری گومڕایی و سەرچاوەی لادەربوونیانە، هەروەها ئەوانەش کە بەڕێگەی ئەواندا دەچن و هاوشێوەی ئەوانن!

خوای گەورە ئەوەندە بەندەکانی لەشەیتان وریا کردووەتەوەو هۆشداریی پێیان داوە، وریایی پێیان نەداوە بەرانبەر بەدەروونی خۆیان. ئەو شتەیە کە پێویستی کاری تری پێش نەخرێت، چونکە شەڕو خراپەی دەروون لەوەسوەسەی شەیتانەوە سەرچاوە دەگرێت، دەروون شوێنی خراپەو بەگوێکردنی شەیتانە.

خوای گەورە فەرمانی داوە لەکاتی قورئان خوێندن و کاتی تردا، پەنای پێ بگیردرێت، ئەوەش بەهۆی پێویستیی زۆر بەپەنا گرتن بەخوا لەو مەخلوقە خراپەکارە، بەڵام تەنیا لەیەک شوێندا فەرمانی داوە پەنا بەدەروون بگیردرێت و لەوتاری حەجی مانّاوایيدا هاتووە"ونَعوذُ باللهِ مِن شُرورِ أنْفُسِنا وسَيِّئاتِ أعمالِنا"[1].

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەفەرموودەیەکدا کە ترمیزی گێڕاویەتییەوە لەئەبو هورەیرەو بەسەحیحی داناوە، پەنای بەخوا گرتووە لەشەیتان و دەروون، ترمیزی ئەگێڕێتەوە[2]: کە ئەبو بەکر(خوای لێ رازیی بێ) وتوویەتی: ئەی پەیامبەری خوا شتێکم فێر بکە بەیانیان و ئێواران بیڵێم، پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم)یش فەرمووی:بڵێ:«اللَّهُمَّ عَالِمَ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ،فَاطِرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ،رَبَّ كُلِّ شَيْءٍ وَمَلِيكَهُ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ،أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ نَفْسِي وَشَرِّ الشَّيْطَانِ وَشِرْكِهِ، وَأَنْ أَقْتَرِفَ عَلَى نَفْسِي سُوءًا، أَوْ أَجُرَّهُ إِلَى مُسْلِمٍ. قُلْهُ إِذَا أَصْبَحْتَ وَإِذَا أَمْسَيْتَ وَإِذَا أَخَذْتَ مَضْجَعَكَ»،واتا: خوایە گیان، خۆت زانای پەنهان و شاراوەییەکانی، بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی و پەروەردگارو پادشاو خاوەنی هەموو شتێکی، شایەتی دەدەم هیچ خوایەکی بەحەق بوونی نییە جگە لە تۆ، پەنات پێ دەگرم لەخراپەی دەروونی خۆم و خراپەو هاوبەش پەیداکردنی شەیتان، پەنات پێچ دەگرم لەوەی خراپەو

---

١ – لەپێشتردا تەخریج کراوە.

٢ – بەژمارە(٣٦٣٢)، ئەبو داوود(٥٠٦٧) و دارمی(٦٨٨/٢) ئیخراجیان کردووە بەسەنەدێکی سەحیح.

ناخۆشییەك بەسەر خۆمدا بهێنم یان دەروونم پەلکێش بکەم بۆ زیانگەیاندن بەموسڵمانێك. ئەی ئەبو بەکر لەبەیانیان و ئێواران و چوونەسەر جێگەی خەوتن، ئەوە بخوێنە.

ئەم فەرموودە پیرۆزە، پەناگرتن لەخراپەو هۆکارو ئامانجەکانی لەخۆگرتووە، چونکە خراپەو تاوان، یان لەدەروونەوە سەرچاوە دەگرن یان لەشەیتانەوە: ئامانجیشی بەو کارە ئەوەیە: کەسەکە یان زیان بەخۆی بگەیەنێ یان بەموسڵمانێ. بۆیە ئەو فەرموودەیە، هەردوو سەرچاوەکەی خراپەی لەخۆگرتووە،بەو دوو ئامانجەش کە پێیدەگەن.

- **پەناگرتن بەخوا لەشەیتان:**

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ فَإِذَا قَرَأْتَ ٱلْقُرْءَانَ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴿٩٨﴾ إِنَّهُۥ لَيْسَ لَهُۥ سُلْطَٰنٌ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٩٩﴾ إِنَّمَا سُلْطَٰنُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَوَلَّوْنَهُۥ وَٱلَّذِينَ هُم بِهِۦ مُشْرِكُونَ ﴿١٠٠﴾ ﴾ **النحل:** ٩٨ - ١٠٠،

واتا: ئەی موحەممەد(صلى الله عليه وسلم)کاتێ ویستت قورئان بخوێنی پەنا بگرە بە خوا لە شەیتانی دەرکراو لەبەزەیی خوا. بە ڕاستی ئەو(شەیتان) دەسەلآتی نی یە بەسەر ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و تەنها پشتیان بە پەروەردگاریان دەبەستن. تەنها دەسەلآتی بەسەر ئەوانەدا هەیە کە ئەو(شەیتان)دەکەنە دۆست و پشتیوانی خۆیان و ئەوانەی بە هۆیەوە بوونەتە هاوەڵ دانەر.

(فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ)، واتا: پەنا بەخوا بگرەو بیکەرە پەناگەی خۆت. (العَوْذُ)چاوگی(مصدر)ی فرمانەکەیە. بنچینەی وشەکە بۆ پەنابردن بۆ شتێك و

خۆنزیکخستنەوە لەشتێك دەگەیەنێ، لەوانە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:«لَقَدْ عُذْتِ بِمُعَاذٍ»[1]،واتا:پەنات بەپەنادەر گرت. هەروەك(عَوْذُ) بەو شتەش شتەش دەوترێ کە ئێسقانی پێوەی هەبێ. یان دەوترێ: ناقَةٌ عائِذٌ، واتا:وشترەکە بێچووەکەی پێ دەپارێزێ.

لەوانە: قورئان شیفایە بۆ ئەوەی لەسینگ و دڵی مرۆڤدا هەیە، لەوەی شەیتان لەوەسوەسەو شەهوەت و ویستی خراپ ئەیخاتە دڵەوە. قورئان شیفایە بۆ ئەوەی شەیتان فەرمانی تێدا دەدات. فەرمان بەمرۆڤ کراوە ماددەو کەرەستەی دەردو نەخۆشیی لەدڵ دەربکات و دڵ لەو دەردە خاڵیی بێ و دەرمانەکە کاری خۆی بکات و کاریگەریی تێدا بکات، هەروەك وتراوە:

أَتَانِيْ هَوَاهَا قَبْلَ أَنْ أَعْرِفَ الْهَوَى فَصَادَفَ قَلْباً خَالِياً فَتَمَكَّنَا

واتا: پێش ئەوەی هەواو ئارەزوو بناسم و فێریم، هەوا و ئارەزووی ئەوم بۆ هات، ئیتر دڵێکی خاڵی و بەتاڵی کەوتە بەردەست و بەسەریدا زاڵبوو.

دەوای شیفادەرە بۆ دڵ دێت، ئەو دڵەی کە خاڵی و بەتاڵ بووە لەناحەز و دژێك و تیایدا دەگیرسێتەوە و سوودی پێ دەگەیەنێ.

لەوانە: فریشتەکان لەقورئانخوێن نزیك دەبنەوەو گوێ لەقورئان خوێندنەگەی دەگرن، هەروەك لەفەرموودەی ئوسەیدی کوڕی حوزەیردا هاتووە کاتێ لەشەودا قورئانی خوێندووەو بەشێوەی سێبەرێك کە وەك چرا داگیرسابێ فریشتەکان لێی نزیکبوونەوە، پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرمووی:"تِلْكَ الْمَلَائِكَةُ"[2]،واتا:ئەوە فریشتە بوون. شەیتان دوژمنی فریشتەکانە.

---

١ – بوخاری(٥٢٥٥) گێڕاویەتییەوە لەعائیشەوە.

٢ – موسلیم(٧٩٦) گێڕاویەتییەوە لەئەبو سەعیدەوە، بوخاری بەموعەلەقی داناوە(٥٦/٩).

بۆیە فەرمان بەقورئانخوێن دراوە لەکاتی قورئـان خوێندنـدا پـەنا بـەخوا بگـرێ بـۆ دوورخستنەوەی دوژمنەکەی، تاوەکو فریشتە تایبەتەکانی لای ئامادە بـبن، بێگومـان ئەوە پێگەو جێگەیەکە فریشتەو شەیتان تیایدا پێکەوە کۆنابنەوە.

لەوانە: شەیتان بەهەموو ئەوەی لەتوانایدا بێ هەوڵ دەدات قورئانخوێن لەمەبەست و رامـان و تێفکـرین و داوای خـوای گـەورە لەقورئانەکەیـدا، سـەرقاڵ بکـات، نـەهێڵێ تێبگـات و وردبێتـەوە، دڵـی لەتێگەیشـتن لـەقورئان دووربخاتـەوە و سـوود لـەقورئان خوێندنەکەی ببینێ، هەر لەبەر ئەوەیە فەرمان کراوە لەکاتی قورئان خوێندنـدا(أعـوذ بالله من الشيطان الرجيم) بخوێنرێت.

لەوانە: قورئان خوێن بەقورئان خوێندنەکەی، موناجاتی خوای گەورە ئەکات،بـەڵام خوێندنەوەی شەیتان بریتییە لەشیعر و گۆرانی، بۆیە فەرمان بـەقورئان خـوێن کـراوە لەگوێگرتن لەفەرمایشتی خوای گەورە پەنا بگیردرێت لەشەیتانی نەفرەت لێکراو.

لەوانە: خوای گەورە هەر پەیامبەرێکی رەوانە کردبـێ، شـەیتان خۆزگـەی بـردووە گومانی خۆی تێکەڵی بکات.[1]

پێشین هەموویان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی، واتاکەی ئەمە دەگەیەنێ: کاتێ قورئان دەخوێنێ، شەیتان خۆی دەخاتە نێو خوێندنەوەکەیەوە.

ئەگەر ئەوە کاری شەیتان بێ لەگەڵ پەیامبەراندا(سەلامی خوایان لەسەربێ)، ئـەی کارو کردەوەی لەگەڵ ئەوانی تردا ئەبێ چۆن بێ؟!

---

١ – ئامازەیە بۆ فەرمایشتی:﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٖ وَلَا نَبِيٍّ إِلَّآ إِذَا تَمَنَّىٰٓ أَلۡقَى ٱلشَّيۡطَٰنُ فِيٓ أُمۡنِيَّتِهِۦ ﴾ الحج: ٥٢ ، واتا: ئێمە لە پێش تۆ نەمان ناردووە هیچ ڕەوانە کراو یا پێغەمبەرێك مەگەر هەر کاتێ(قورئانی)دەخوێندەوە شەیتان گومانی دەخستە ناو خوێنراوەکەیەوە.

لەبەر ئەوەیە هەندێجار لەقورئانخوێنی تێکدەدات و خوێندنەوەکەی لێ دەشێوێنێ، بەزمانی بێ یان لەبیرو دڵیدا، بۆیە باشترین شتێك بۆ ئەوەی شەیتان بەدوور بێ و نەتوانێ لەجۆری خوێندنەوەو تێگەیشتن و ئامادەیی دڵدا شێواندن و لێ تێکدان بخاتەوە، بریتییە لەپەناگرتن بەخوا.

لەوانە: شەیتان ئەوکاتە زۆر پێداگرە بۆ سەر مرۆڤ، کاتێ مرۆڤێ نیازی ئەنجامدانی چاکەیەکی هەیە یان دەستی بەئەنجامدانی کارێکی چاك کردووە، بەو کارە زۆر سەغڵەت دەبێ و هەوڵ دەدات لەو کارەی دووربخاتەوە.

لەسەحیحدا هاتووە[2] لەپەیامبەری خواوە(ﷺ): "إِنَّ شَيْطَانًا تَفَلَّتَ عَلَيَّ البَارِحَةَ، فأَرادَ أَنْ يَقْطَعَ عليَّ صَلاتي....."،واتا: دوێنێ شەیتانێ باوێشکی بۆ هێنام و ویستی نوێژەکەم لێ ببڕێت.

کارو کردەوەکە چەندە بەسوودبێ بۆ بەندەو چەندە بەلای خوای گەورەوە خۆشەویست و شیرین بێ، ڕێگریکردنی شەیتانیش بۆ ئەو بەندەیە زیاتر دەبێت.

لەموسنەدی ئیمام ئەحمەد هاتووە[3] لەفەرموودەیەکی سەبرەی کوڕی ئەبی ئەلفاکیهی کە گوێی لێبوو پەیامبەری خوا(ﷺ) ئەیفەرموو:" إِنَّ الشَّيْطَانَ قَعَدَ لِابْنِ آدَمَ بِأَطْرُقِهِ، فَقَعَدَ لَهُ بِطَرِيقِ الْإِسْلَامِ، فَقَالَ لَهُ: أَتُسْلِمُ وَتَذَرُ دِينَكَ، وَدِينَ آبَائِكَ، وَآبَاءِ أَبِيكَ؟

---

١ – لەکتێبەکەمدا(دلائل التحقيق لإبطال قصة الغرانيق) بەدوورودرێژی لەسەر ئەو بابەتە دوواوم، وەلأمی هەندێ لەزەندیقەکانی سەردەمی تێدایە، لەوانەی کە تانە دەدەن لەقورئانی مەزن و پەیامبەری بەڕێزی ئێمە(ﷺ).

٢ – بوخاری(٤٦١/١) و موسلیم(٥٤١) گێڕاویانەتەوە لەئەبو هورەیرەوە.

٣ – (٤٨٣/٣)، نەسائی(٢١/٦-٢٢) و ئیبن حیبان(١٦٠١) گێڕاویانەتەوە و سەنەدەکەشی حەسەنە. لەسەنەدەکەیدا جیاوازییەك رووی داوەو رووبمکردووەتەوە لە(الإتمام لتخريج أحاديث المسند الإمام) (١٦٠٠٠)، خوای گەورە تەواو کردنی ئاسان کرد.

" قَالَ: " فَعَصَاهُ، فَأَسْلَمَ، ثُمَّ قَعَدَ لَهُ بِطَرِيقِ الْهِجْرَةِ، فَقَالَ: أَتُهَاجِرُ وَتَذَرُ أَرْضَكَ، وَسَمَاءَكَ، وَإِنَّمَا مَثَلُ الْمُهَاجِرِ كَمَثَلِ الْفَرَسِ فِي الطِّوَلِ " قَالَ: «فَعَصَاهُ فَهَاجَرَ» قَالَ: " ثُمَّ قَعَدَ لَهُ بِطَرِيقِ الْجِهَادِ، فَقَالَ: هُوَ جَهْدُ النَّفْسِ، وَالْمَالِ، فَتُقَاتِلُ فَتُقْتَلُ، فَتُنْكَحُ الْمَرْأَةُ، وَيُقَسَّمُ الْمَالُ " قَالَ: «فَعَصَاهُ فَجَاهَدَ»"،واتا: شەیتان بەهەموو رێگەکان ڕێ بەبەنی ئادەم(مرۆڤ) دەگرێت. لەڕێگەی ئیسلام بۆی دادەنیشێ و پێی دەڵێ: ئەڕێ دەبیتە موسڵمان و دەستبەرداری ئایینی خۆت و باوباپیرانت دەبی؟ ئەگەر مرۆڤەکە بەگوێی نەکردو بووە موسڵمان، ئینجا لەڕێگەی هیجرەت بۆی دادەنیشێ و ئەڵێ: تۆ کۆچ دەکەیت و خاک و ئاسمانی خۆت بەجێدەهێڵی، بەڵام نمونەی کۆچەر وەک نمونەی ئەسپە بەرانبەر ڕەشمەکەی. مرۆڤی موسڵمانبوو بەگوێی ناکات. ئینجا لەڕێگەی جیهاددا بۆی دادەنیشێ و ئەڵێ: ئەوە مایەی لەنێوبردنی خۆت و سەروەت و سامانتە، لەشەڕدا دەکوژرێی و ژنەکەت شوو دەکاتەوەو سەروەت و سامانەکەشت دابەش دەکرێت، بەڵام مرۆڤی باوەڕدار هەر بەگوێی ناکات و دەچێتە جیهادەوە.

بێگومان لەسەر هەموو ڕێگەیەکی چاک، بۆسەی بۆ مرۆڤ داناوەتەوە.

مەنسور لەموجاهیدەوە دەگێڕێتەوە(بەڕەحمەت بێ):((هەر کاروان و کەسێک لەمەککە دەرچووبێ، ئیبلیسیش بەئەندازەی ئەوان کەسی لەگەڵدا ناردوون)). ئیبن ئەبی حاتەم لەتەفسیرەکەیدا گێڕاویەتییەوە.

شەیتان هەمیشە لەبۆسەدایە، بەتایبەت لەکاتی قورئان خوێندنەوەدا، بۆیە خوای گەورە فەرمانی داوە جەنگی ئەو دوژمنەی بکات کە ڕێگەی لێ دەگرێ، سەرەتا بەپەناگرتن بەخوای گەورە، پاشان لەڕۆیشتنی خۆیدا بەردەوام بێ، بەنمونەی ڕێبوارێ کاتێ ڕێگرێک ڕێگەی لێ دەگرێ، سەرەتا کەسی ڕێگر لەکۆڵ دەکاتەوە، پاشان لەڕۆیشتن بەردەوام دەبێ.

لەوانە: پەناگرتن بەخوا لەپێش قورئانخوێندن، ناونیشان و راگەیاندنی ئەوەیە کە ئەوەی لەدوای ئەو پەناگرتنە دێت، بریتییە لەقورئان، بۆیە بۆ جگە لەفەرمایشتی خوای گەورە، ئەو پەناگرتنە نەهاتووە، ئاگادارکردنەوەیەکە بۆ گوێگر، کە لەدوای ئەو پەناگرتنە قورئان دێت و ئامادەبێت بۆ گوێگرتن، لەبەر ئەو حیکمەتانەی پێشتر باسمان کرد، ئەگەر قورئان خوێن خۆیشی تەنیا بوو هەر پەنا بەخوا بگرێت.

ئەوەش هەندێ لەسوودەکانی پەنا گرتن بوو بەخوای گەورە.

لەموسنەدو لەترمیزییشدا[1] هاتووە لەفەرموودەیەکی ئەبو سەعیدی خودرییەوە ئەڵێ:((پەیامبەری خوا(ﷺ) کە نوێژی دادەبەست، ویردی(استفتح)ی دەخوێند، پاشان ئەیفەرموو:« أَعُوذُ بِاللَّهِ السَّمِيعِ الْعَلِيمِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ مِنْ هَمْزِهِ وَنَفْخِهِ وَنَفْثِهِ». واتا: پەنای بەخوا گرتووە لەمردنی دڵ و خۆبەزلزانین و شیعر[2].

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَقُل رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنْ هَمَزَٰتِ ٱلشَّيَٰطِينِ ﴿٩٧﴾ وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَن يَحْضُرُونِ ﴿٩٨﴾ ﴾ **المؤمنون: ٩٧ - ٩٨**، واتا: بڵێ ئەی پەروەردگارم پەنا دەگرم بە تۆ لە خەتەرە(و پاڵنەر) و وەسوەسەی شەیتانەکان. وە پەنات پێ دەگرم لەوەی(شەیتانەکان)ئامادەبن لام سەرم لێ بشێوێنن.

---

١ – ئەحمەد(٣/٥٠) و ترمیزی(٢٤٢) و ئەبو داوود(٧٧٥) و ئیبن ماجە(٨٠٤) گێڕاویانەتەوە لەڕێگەی عەلی کوڕی عەلی ئەلڕەفاعییەوە ئەویش لەڕێگەی ئەبی ئەلموتەوەکیل ئەلناجی و ئەویش لەڕێگەی ئەبو سەعیدی خودرییەوە، سەنەدەکەشی حەسەنە، لە(الإتمام)دا بەدوورودرێژی قسەی لەسەر کراوە(١١٤٩١).

٢ – تەیالسی(٩٤٧) و ئەبو داوود(٧١٤) و ئیبن ماجە(٨٠٧) گێڕاویانەتەوە لەعەمری کوڕی موڕە. ئەحمەد بەموعەلەقی داناوە(٦/١٥٦) لەئەبی سەلەمەوە بەمورسەلی دەیگێڕێتەوە بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و لەمورسەلە کەمەکانی نیو موسنەدە. بڕوانە(إرواء الغليل)ی شێخی ئەلبانییمان و (الإتمام)(٢٥٢٦٦).

بنچینەی الهمز، واتا: پاڵدان. پاڵدانێکی تایبەتە، پاڵدان و لادانی تووندی ئەو وەسوەسەو ورتە ورتانەی دەیخاتە دڵەوە.

ئیبن عەباس و ئەلحەسەن وتوویانە:((همزاتُ الشیاطین: واتا: خەیاڵی ناشیاو و وەسوەسەکانیان)).

(همزات) بەفووکردنی شەیتانەکان راڤەکراوە. ئەمە قسەی موجاهیدە. هەروەها بەخنکاندنیشیان راڤە کراوە، ئەو جۆرە مردنەیە کە هاوشێوەی شێتییە. روانّەتی فەرموودەکە ئەوەیە، الهمز جۆرێکی جیاوازە لەفووکردنە گرێدا.

ئەوترێت–کە بۆچوونی دیارترینیشە–: همزاتُ الشیاطین: ئەگەر بەتەنیا بوو،تەواوی پێکاندنیان بۆ مرۆڤ تێکەڵ بەو کارە دەبێ، ئەگەر فووکردنە گرێی لەگەڵ بووالنفخ والنفث)، ئەوە دەبێتە جۆرێکی تایبەت وەک هاوشێوەکانی تر.

پاشان خوای گەورە ئەفەرموویت:﴿ وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَن يَحْضُرُونِ ﴿٩٨﴾ ﴾ المؤمنون: ٩٨.

ئیبن زەید ئەڵێ: واتا پەنا بەپەروەردگارم دەگرم لەتەواوی کاروبارمدا.

ئەلکەلبی ئەڵێ: لەکاتی قورئان خوێندندا.

عیکریمە ئەڵێ: لەکاتی مردن و بەجێهێشتنی دونیادا، خوای گەورە فەرمانی داوە پەنای پێ بگیردرێت لەهەردوو جۆری شەڕو خراپەی شەیتانەکان لەفووکردنیان بەسەر دڵی مرۆڤەکان و نزیکبوونەوەیان لێی.

بۆیە ئەو پشت بەستنە بەخوای گەورە ئەوە لەخۆدەگرێ، شەیتانەکان دەست لەو مرۆڤە نەدەن و لێیشی نزیک نەبنەوە.

خوای گەورە دوا بەدوای ئەم ئایەتە، ئەوەی فەرمووە:﴿ ٱدْفَعْ بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ٱلسَّيِّئَةَ ۚ نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَصِفُونَ ﴿٩٦﴾ ﴾ المؤمنون: ٩٦، واتا:بە جوانترین و چاکترین

شێوە بەرگری بکە لە خراپە(کان قوڕەیش دەیکات تا باوەڕبێنن ئەمەش لە سەرەتای ئیسلامەوە بووە)ئێمە ئاگادارین بەوەی ئەوان دەیڵێن بە خۆت و ئاینەکەت.

خوای گەورە فەرمانی پێ کردووە خۆی لەخراپەی شەیتانەکانی مرۆڤ بپارێزێ، ئەوەش بەپاڵدانی خراپەکانیان کە بەرانبەری کردوویانە و بەو باشترینەی کە خۆی ئەنجامی داوە، هەروەها بەپەناگرتنیش خراپەی شەیتانەکانی جنۆکە لەسەر خۆی لابدات.

هاوشێوەی ئەوە، فەرمایشتێکی تری خوای گەورەیە لەسورەتی(الأعراف)دا کە دەفەرموێت: ﴿ خُذِ ٱلۡعَفۡوَ وَأۡمُرۡ بِٱلۡعُرۡفِ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡجَٰهِلِينَ ١٩٩ ﴾ **الأعراف: ١٩٩**، واتا:دەست بگرە بە لێبوردەیی یەوە(چاوو پۆشی بکە) فەرمانیش بدە بە چاکە و چاکە کردن و ڕوو وەرگێڕە لە نەفامان و نەزانان واتە وازیان لێ بێنە.

لەو ئایەتەدا خوای گەورە فەرمانی داوە، بەدوورگرتن لەخەڵکانی نەفام، خراپەکانیان پاڵ بدرێن و لەکۆڵ بکرێنەوە، پاشان فەرمان دەدات بەپەناگرتن لەخۆی، خراپەی شەیتانەکانیش پاڵ بدرێن و ئەفەرموێ: ﴿ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ نَزۡغٞ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ٢٠٠ ﴾ **الأعراف: ٢٠٠**، واتا:ئەگەر خەتەرە و خەیاڵ و وەسوەسەیەکت بۆ هات لەلایەنی شەیتانەوە یەکسەر پەنا بگرە بەخوا بەڕاستی هەر ئەو بیسەری زانایە.

هاوشێوەی ئەوە لەسورەتی(فُصلت)دا هاتووە و خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَا تَسۡتَوِي ٱلۡحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُۚ ٱدۡفَعۡ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِي بَيۡنَكَ وَبَيۡنَهُۥ عَدَٰوَةٞ كَأَنَّهُۥ وَلِيٌّ حَمِيمٞ ٣٤ ﴾ **فصلت: ٣٤**، واتا: چاکە و خراپە چوون یەک نین بە چاکترین

شێوە وەلآمی(خراپە)بدەرەوە ئەوسا کەسێ کە لە نێوان تۆو ئەودا دوژمنایەتی هەیە وەک دۆستێکی دڵسۆزو گیانی بە گیانی یە لێ دێت.

- **وەهمی دەسەلآتی شەیتان:**

قورئان رێی بەباوەڕداران پیشان داوە کە بەئاسانترین شێوەو رێگە، خۆیان لەو دوو خراپەو شەڕە بپارێزن:بەپەناگرتن بەخواو، دوورگرتن لەنەفامان بەچاکەکردن بەرانبەر خراپەکارییەکانیان.

هەوالّی داوە لەبارەی گەورەیی شانسی ئەو کەسەی بەو حالّەتە دەگات، بەوە خراپەی دوژمن لەکۆڵ خۆی دەکاتەوەو ئەیکاتە دۆست و هاوڕێی خۆی و خۆشەویستیی خەلّک بەدەستدەهێنێ و هەواو ئارەزووی خۆی سەرکوت دەکات و دڵی دەپارێزێ لەتووشبوون بەڕق و کینە، تەنانەت دوژمنەکانیشی لێی دڵنارام دەبن، ئەمە جگە لەوەی رازیبوونی خوای گەورەو شکۆداریی لای خوای گەورەو پاداشتی گەورەی ئەو کارە بەدەستدەهێنێ، مرۆڤی باوەڕدار تەنیا بەخۆڕاگری و ئارام گرتن بەوە دەگات، پەروەردگار دەفەرموێت:﴿ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ ﴾ فصلت: ٣٥، واتا: بەم ئاستە ناگات کەسانێ نەبێ کە خۆ ڕادەگرن و بە ئارامن. بۆیە مرۆڤی هەڵەشەو بەپەلە ناتوانێ چاوەڕوانیی و بەراورد بکات.

لەبەر ئەوەی تووڕەیی کەرەستەی گەڕاندن و سواریی شەیتانە، ئەوە دەروونی تووڕە و شەیتان پێکەوە دژ بەو دەروونە ئارامە هاوکاریی دەکەن کە دەروونێکە بەچاکە کردن وەلآمی خراپە دەداتەوە، بۆیە خوای گەورە فەرمانی داوە بەپەناگرتن بەخۆی، بەوە پەناگرتن بەخوای گەورە دەبێتە یارمەتیدەری دەروونی ئارام و دڵنیا و بەهێزی دەکات دژ بەدەروونی تووڕە، ئینجا هاوکاریی ئارامگریی دێت و بەهۆیەوە

سەرکەوتن بەدیدێت، ئینجا هاوکاریی ئیمان و پشت بەستن بەخوای گەورەو بەوە دەسەلآتی شەیتان دەپووکێتەوە، خوای گەورەش ئەفەرموێت: ﴿ إِنَّهُۥ لَيْسَ لَهُۥ سُلْطَٰنٌ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٩٩﴾ ﴾ النحل: ٩٩، واتا: بەڕاستی ئەو(شەیتان) دەسەلآتی نی یە بەسەر ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و تەنها پشتیان بە پەروەردگاریان دەبەستن.

موجاهیدو عیکریمەو رافەوانان ئەڵێن: بەڵگەو هێزی نییە بۆ سەر باوەڕدار.

دروست ئەوەیە بووترێ: هیچ ڕێگەیەکی نییە بەهۆیەوە زاڵ بێ بەسەر باوەڕداراندا، نە لەڕووی بەڵگە و حوجەتەوە و نە لەڕووی تواناوە.

خوای گەورە هەواڵی داوە، کە شەیتان دەسەلآتی بەسەر ئەو بەندە دڵسۆزانەیدا نییە کە پشتیان بەپەروەردگاریان بەستووە، بۆیە لەسورەتی(الحِجْر) ئەفەرموێت: ﴿ قَالَ رَبِّ بِمَآ أَغْوَيْتَنِى لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٣٩﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٤٠﴾ قَالَ هَٰذَا صِرَٰطٌ عَلَىَّ مُسْتَقِيمٌ ﴿٤١﴾ إِنَّ عِبَادِى لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَٰنٌ إِلَّا مَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْغَاوِينَ ﴿٤٢﴾ ﴾ الحجر: ٣٩ - ٤٢، واتا: وتی ئەی پەروەردگارم لەبەر ئەوەی گومڕات کردم بێگومان خۆشی دنیایان لە زەوی دا بۆ دەڕازێنمەوە وە بەڕاستی هەموویان گومڕا دەکەم. بەندە دڵسۆزەکانت نەبێت. خوا فەرمووی ئەمە ڕێگای هەق و ڕاستە بەرەو من. بەڕاستی بەندەکانی من تۆ هیچ دەسەلآتت نیە بەسەریاندا جگە لەو گومڕایانەی کە شوێنت کەوتوون.

لەسورەتی(النّحل)یشدا فەرموویەتی: ﴿إِنَّهُۥ لَيْسَ لَهُۥ سُلْطَٰنٌ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٩٩﴾ إِنَّمَا سُلْطَٰنُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَوَلَّوْنَهُۥ وَٱلَّذِينَ هُم بِهِۦ مُشْرِكُونَ ﴿١٠٠﴾ ﴾ النحل واتا: بە ڕاستی ئەو(شەیتان) دەسەلآتی نی یە بەسەر ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و

تەنها پشتیان بە پەروەردگاریان دەبەستن. تەنها دەسەلآتی بەسەر ئەوانەدا هەیە کە ئەو(شەیتان)دەکەنە دۆست و پشتیوانی خۆیان و ئەوانەی بە هۆیەوە بوونەتە هاوەلّدانەر.

ئەو ئایەتانە دوو کاریان لەخۆگرتووە:

یەکەم: رەتکردنەوەی دەسەلآتی شەیتان و پووچەلّکردنەوەی دەسەلآتی لەسەر یەکتاپەرستان و دلّسۆزان بەرانبەر بەخوای گەورە.

دووەم: سەلماندنی دەسەلآتی شەیتان بەسەر هاوبەش پەیداکەران و ئەوانەی دۆستی شەیتانن.

کاتێ شەیتانی دوژمنی خوا زانی دەسەلآتی بەسەر یەکتاپەرستان و دلّسۆزانی خۆای گەورەدا نییە، وتی:﴿ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٨٢﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٨٣﴾ ﴾ ص: ٨٢ - ٨٣، واتا:شەیتان وتی ئینجا سوێند بە عیزەتت هەر هەموویان گومڕا دەکەم. ئەوانەیان نەبێ کە بەندەی پاك و هەلّبژاردەی تۆن.

وەلآم ئەوەیە کە ئیبن قوتەیبە وتوویەتی: ئیبلیس کاتێ داوای لەخوای گەورە کرد هەتاوەکو کۆتایی دونیا بیهێلّێتەوە، خوای گەورەش ئەو داوایەی لێ قبولّکرد، شەیتان وتی: ئەبێ لەخشتەیان ببەم و وێلّ و سەرگەردانیان بکەم و فەرمانیان پێ بدەم بەفلآنە شت و پشکێك لە بەندەکانت ببەم. شەیتان ئەوکات دلّنیا نەبوو توانایەکی دەبێ بەرانبەر بەمرۆڤەکان، بەلّکو بەگومان ئەوەی وت، بەلآم کە مرۆڤەکان دوای کەوتن و گوێڕایەلّییان کرد، گومانەکەی بەرانبەر بەمرۆڤەکان بەڕاست کەوتەوە، خوای گەورەش فەرمووی: بۆیە دەسەلآتمان بەشەیتان دا، تاوەکو خەلّکانی باوەڕدار و گومانکاران لەیەك جیابکەینەوە و بەوپێیە پاداشت و سزا بدەین.

بۆیە دەسەلآتی شەیتان بۆ سەر ئەو کەسانەیە کە باوەڕیان بەئاخیرەت نییە و بەرانبەر بەئاخیرەت بەگومانن، دۆستایەتی شەیتانیان هەڵبژاردووەو کردوویانەتە هاوبەش بۆ خوای گەورە. ئەوەش دەسەلآتێکی جێگیرەو لەگەڵ تەواوی ئایەتەکانی تردا ڕێك و گونجاوە.

ئەگەر یەکێ بڵێ: ئەی چی دەکەی لەو ئایەتەی لەسورەتی(إبراهیم)دا هاتووەو شەیتان بەدۆزەخییەکان ئەڵێ:﴿وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُم مِّن سُلْطَٰنٍ إِلَّآ أَن دَعَوْتُكُمْ فَٱسْتَجَبْتُمْ لِي﴾ إبراهیم: ٢٢، واتا: من نەم بوو بەسەرتاندا هیچ زۆرو دەسەلآتێك تەنها ئەوە نەبێ کە بانگم کردن(بۆ گومڕایی) ئیتر ئێوەش بە دەنگمەوە هاتن(و بەگوێتان کردم).

ئەگەر ئەوە قسەی شەیتان بێ، ئەی خوای گەورە سەلماندوویەتی کە شەیتان دەسەلآتی بەسەر دۆزەخییەکاندا هەیە، ئەمە چۆن دەبێ؟

لەوەلآمدا دەوترێت: ئەمە پرسیارێکی چاکە، وەلآم بۆ ئەوە: ئەو دەسەلآتەی شەیتان لەوێدا ڕەتیدەکاتەوە، دەسەلآتی بەڵگەو بیانووە، شەیتان بەدۆزەخییەکان ئەڵێ: من لەدونیادا بەڵگەو پاساو و بیانوویەکم نەبوو تاوەکو ئێوەی پێ ڕاستە بکەم، وەك ئیبن عەباس وتوویەتی:((من لەدونیادا بەڵگەیەکم بەدەستەوە نەبوو بەسەر ئێوەیدا بسەپێنم)).

بەلآم ئەو دەسەلآتەی کە خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا سەلماندوویەتی بۆ شەیتان، دەسەلآتی لەخشتەبردن و فێڵکردنی ئەوە لەمرۆڤەکان، پاڵپشتییان دەکات بۆ بێباوەڕی و هاوبەش پەیداکردن و ناهێڵێ لێی دووربکەونەوە، هەروەك پەروەردگار دەفەرموێت:﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّآ أَرْسَلْنَا ٱلشَّيَٰطِينَ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ تَؤُزُّهُمْ أَزًّا ﴿٨٣﴾ ﴾ مریم: ٨٣،

واتا: ئایا نەت دیوە(سەرنجت نەداوە) کە بێگومان ئێمە شەیتانەکانمان زاڵ کردووە بەسەر بێ باوەڕان دا چاك هانیان دەدەن بۆ کوفر و تاوان.

دەسەلآتی ئەو بەسەر دۆستەکانی خۆی و هاوبەش پەیداکەراندا، دەسەلآتی بەڵگە نییە، هەر ئەوەندە بانگەوازی کردوون، ئەوان بەدەم بانگەوازەکەیەوە رۆیشتوون لەبەر ئەوەی رێك بووە بەهەواو ئارەزوویان، دژ بەخۆیان هاوکاریی شەیتانیان کردووە، دوژمنیان بەسەر خۆیاندا زاڵ کردووە و وەك سزایەك بەسەریاندا زاڵبووە.

ئا بەو جۆرە واتای ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە روونەدبێتەوە: ﴿ وَلَن يَجْعَلَ ٱللَّهُ لِلْكَٰفِرِينَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ سَبِيلًا ﴿١٤١﴾ ﴾ النساء: ١٤١، واتا:هەرگیز خوا(بەڵگەی) کافران بەسەر ئیمانداران(ی ڕاستەقینە)دا سەرناخات(لەم جیهان)ەدا.

ئایەتەکە بەتێکڕایی و ئەوەی دیارە روونیدەکاتەوە، باوەڕدارانیش تاوان دەکەن هەروەك چۆن بێباوەڕان تاوان و سەرپێچی دەکەن و هەریەکەو بەپێی ئەو سەرپێچییەی ئەنجامی دەدەن، ئەوە مرۆڤەکانن رێگەیان بۆ شەیتان کردووەتەوە تاوەکو لەو رێگەیەوە بەسەریاندا زاڵ بێ، هەروەك چۆن باوەڕداران لەڕۆژی ئوحود بەدەرچوون لەفەرمانی پەیامبەری خوا(ﷺ)، رێگەیان بۆ کردەوە[1].

خوای گەورە دەسەلآتی بەشەیتان نەداوە تاوەکو بەسەر مرۆڤدا زاڵببێ تاوەکو مرۆڤ بەهۆی گوێڕایەڵیکردنی بۆ شەیتان و بەهاوبەش کردنی لەگەڵ خوای گەورەدا، ئەو رێگەیەی کردەوە، ئیتر خوای گەورەش دەسەلآتی بەسەر مرۆڤەکاندا پێ دا، بۆیە هەرکەسێك چاکەی بینی، با سوپاسی خوای لەسەر بکات، هەرکەسێکیش شتی تری بینی، با تەنیا سەرزەنشتی دەرووتی خۆی بکات.

---

١ – هەروەك بوخاری گێڕاویەتییەوە لەبەرائی کوڕی عازبەوە(٣٠٣٩).

بێگومان یەکتاپەرستی و پشت بەستن بەخوای گەورە و دڵسۆزبوون بۆ خوای گەورە رێگریی دەکەن لەدەسەلآتی شەیتان، هاوبەش پەیداکردن و لقەکانێتی دەبێتە هۆکاری پەیدابوونی ئەو دەسەلآتە. جڵەوی هەموو کاروبارەکان بەقەزاو قەدەرەو هەمووی لەدەستی خوای گەورە دایە، بەڵگە و رێنمایی تەواوی هەیە، ئەگەر بیویستبایە هەموو خەڵکیی دەکردە یەك ئوممەت، بەڵآم حیکمەت و سوپاس و دەسەلآتی خوای گەورە ئەوەی دەویست کە هەیە. ﴿ فَلِلَّهِ ٱلْحَمْدُ رَبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَرَبِّ ٱلْأَرْضِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٣٦﴾ وَلَهُ ٱلْكِبْرِيَآءُ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٣٧﴾ ﴾ **الجاثية: ٣٦ – ٣٧** واتا: جا هەموو سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و پەروەردگاری جیهانیان. وە دەسەلآت و گەورەیی تەنها بۆ ئەوە لە هەموو ئاسمانەکان و زەوی دا وە هەر ئەو زاڵی کارسازە.

***

تەوەری سیانزەیەم[1]

ئەو فێڵ و تەڵەکانەی شەیتان کە بەرانبەر مرۆڤەکان بەکاری دەهێنێ و دەیا نخاتە تەڵەوە

پەروەردگار هەواڵێك دەگێڕێتەوە لەبارەی ئیبلیسی دوژمنی خۆیەوە، لەبارەی ئەوەی لاساریی کردو نەچووە کڕنۆش بۆ ئادەم و،پاساوی هێنایەوە بەوەی لەئادەم باشترەو دواتر لەبەهەشت دەرکراو داوای کرد هەتاوەکو کۆتایی دونیا بهێڵرێتەوەو نەمرێنرێت، خوای گەورەش داواکەی قبوڵکرد، پاشان دوژمنی خوا وتی: ﴿ قَالَ فَبِمَآ أَغۡوَيۡتَنِي لَأَقۡعُدَنَّ لَهُمۡ صِرَٰطَكَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ١٦ ثُمَّ لَأٓتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ وَعَنۡ أَيۡمَٰنِهِمۡ وَعَن شَمَآئِلِهِمۡۖ وَلَا تَجِدُ أَكۡثَرَهُمۡ شَٰكِرِينَ ١٧ ﴾ **الأعراف:** ١٥ - ١٧، واتا: ئەی پەروەردگار بەهۆی ئەوەوە کە گومڕات کردم بێگومان بۆیان(ئادەم و نەوەکانی)دادەنیشم لەڕێگە ڕاستەکەی تۆدا. خوا فەرمووی: دەرچۆ تێیدا بە لۆمەکراوی و دەرکراوی سوێند بێ بێگومان هەرکەس شوێنی تۆ کەوتبێ لەوان ئەوە بێگومان دۆزەخ پڕ دەکەم لە ئێوە هەمووتان.

واتا: لەسەر ڕێگەکەت بۆیان دادەنیشم. وەك ئەوەی بڵێ: بۆسەیان بۆ دادەنێم و لار و چەوتیان دەکەم و ئەو شتانە.

---

١ – دانەر وتوویەتی: ئەمە ئەو تەوەرەیە کە بەهۆیەوە ئەم کتێبە نووسراوەتەوە، کۆمەڵێ بەشی زۆر سوودبەخش و مەبەست جوانی تێدا هەیە.

ئیبن عەباس ئەڵێ:((ئایینی ڕوون و ئاشکرات)).

ئیبن مەسعود ئەڵێ:((ئەوە کتێبی خوایە)).

جابر ئەڵێ:((ئیسلامە)).

موجاهید ئەڵێ:((ئەوە حەقە))[1].

هەموو دەستەواژەو دەربڕینەکان لەبارەی یەک واتاوەن، ئەویش ئەو ڕێگەیەیە کە مرۆڤ بەخوای گەورە دەگەیەنێت. پێشتریش باسمان لەبارەی ئەو فەرموودەیە کرد کە سەبرەی کوڕی ئەلفاکیهیی گێڕاویەتییەوە، شەیتان لەسەر هەموو ڕێگەکانی چاکەکاریی بۆ مرۆڤ دادەنیشێ تاوەکو ئەو ڕێگایانەی لێ بگرێت.

﴿ ثُمَّ لَآتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ وَعَنۡ أَيۡمَٰنِهِمۡ وَعَن شَمَآئِلِهِمۡۖ وَلَا تَجِدُ أَكۡثَرَهُمۡ شَٰكِرِينَ ١٧ ﴾ **الأعراف:** ١٥ - ١٧، ئەلحەسەن ئەڵێ:((لەلایەنی ئاخیرەتەوە، بەدرۆزانینی زیندووبوونەوە و بەهەشت و دۆزەخ)).

موجاهید ئەڵێ:((مِّنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ)): لەو لایەنەوەی کە دەیبینن.

((وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ)) ئیبن عەباس ئەڵێ:((ئارەزوو و حەزی دونیایان پێ دەدەم)).

ئەلحەسەن ئەڵێ:((لەلایەنی دونیایانەوە، دونیایان بۆ جوان دەکەم و ئارەزووی دونیایان پێ دەدەم)).

گێڕانەوەیەکی تر لەئیبن عەباسەوە:((لەلایەنی ئاخیرەتەوە)).

ئەبو سالح ئەڵێ:((لەبارەی ئاخیرەتەوە گومانیان بۆ دروست دەکەم و ئاخیرەتیان لێ دوورەدەخەمەوە)).

هەر موجاهید ئەڵێ:((لەو ڕووەی نەبینن)).

---

١ - بڕوانە:((تفسیر ابن کثیر))(٢/٣٢٨).

((وَعَنْ أَيْمَانِهِمْ)) ئیبن عەباس ئەڵێ:((کاروباری ئایینەکەیان لێ دەشێوێنم)).

ئەبو سالح ئەڵێ:((بەرانبەر بەحەق بەدگومانیان دەکەم)).

ئیبن عەباس ئەڵێ:((لەڕووی چاکەکانیانەوە)).

دیسان ئەبو سالح ئەڵێ:((حەز و تامەزرۆیی دونیایان پێ دەدەم)).

ئەلحەسەن ئەڵێ:((وَعَن شَمَآئِلِهِمْ)): خراپەکارییەکان کە فەرمانی ئەنجامدانیان پێ دەدات و بۆ ئەوە هانیان دەدات و لەبەر چاویان دەیڕازێنێتەوە)).

دروست[1] لەئیبن عەباسەوە هاتووە(خوای لێ رازیی بێ) کە وتوویەتی:((شەیتان نەیووتووە لەسەرووبانەوە، چونکە زانیوێتی خوای گەورە لەسەروی هەموویانەوەیە)).

ئەلشەعبی ئەڵێ:((خوای گەورە لەسەرووبانەوە بەزەیی دابەزاندووە)).

قەتادە ئەڵێ:((ئەی نەوەی ئادەم، شەیتان لەهەموو رووبەکەوە بۆ تۆ هاتووە تەنیا لەڕووی سەرەوەتەوە نەبێ، چونکە نەیتوانیووە تۆ و بەزەیی خوا لەیەک دابڕێت)).

ئەلواحیدی ئەڵێ:((قسەی ئەوەی ئەڵێ:(أیمان) کینایە و درکەیە بۆ چاکەکارییەکان و (الشمائل)یش درکەیە بۆ خراپەکارییەکان، قسەیەکی جوانە،چونکە عەرەب ئەڵێ:

---

١ – اللالكائي له((شرح أصول السنة))(٦٦١) بەسەنەدێکی حەسەن گێڕاویەتییەوە. ئەم هەواڵە یەکێکە لەو بەڵگە زۆر و موتەواتیرانەی کە بەڵگە دەدات لەسەر بالآیی و بەرزیی خوای گەورە بەسەر مەخلوقاتییەوە، نەک ئەوەی پووچەڵکارە لادەرەو شێوێنەرەکان بانگەشەی دەکەن بەوەی خوای گەورە نە لەسەرەوەیە و نە لەخوارەوەو نە ڕاست و نە چەپ و نە ڕۆژهەڵآت و نە ڕۆژئاوا و نە لەناو جیهاندایەو نە لەدەرەوەی وەک ئەوانەی عەقڵیان نییە وەها ئەڵێن! ! لەقسەم لەسەر کتێبی(نصيحة الإخوان)ی ابن الشيخ الحزَّامين بەدوورو درێژی لەسەر ئەوە قسەم کردووە بەهۆی ئەوەی لای نووسەرانی ئەم سەردەمە تێکەڵوپێکەڵ بووە!

بمکەرە دەستە راستی خۆت و مەمخەرە دەستە چەپی خۆت، مەبەستی بەمە ئەوەیە: بمگێڕە بەیەکێك لەوانەی لای خۆت لەپێشەوەن نەك ئەوانەی لەپاشەوەن)).

شەقیق ئەڵێ:((هەموو بەیانیبوونەوەیەك شەیتان لەچوار شوێن دادەنیشێ و بۆسە دادەنێت: لەپێشم، لەپاشم، لەڕاستم، لەچەپم و پێم ئەڵێ: کورە مەترسێ خوا لێخۆشبووی بەبەزەییە، منیش ئەم ئایەتە دەخوێنمەوە:﴿ وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ثُمَّ ٱهْتَدَىٰ ﴿٨٢﴾ ﴾ طه: ٨٢، واتا: بەڕاستی من زۆر لێبوردوم لەو کەسەی تەوبەی کردبێ و باوەڕی هێنابێ و کردەوەی چاکی کردبێت پاشان بەردەوام بووبێ لەسەر ئەو ڕێبازە.

لەچەپەوە هەوڵی ترساندنم دەدات بەبرسیبوون و لەنێوچوونی ژن و منداڵم لەدوای خۆم، منیش ئەم ئایەتە دەخوێنمەوە:﴿ ۞ وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزْقُهَا ﴾ هود: ٦، واتا: هیچ گیان لەبەرێك نی یە لەزەوی دا مەگەر لەسەر خوایە ڕزق و ڕۆزیەکەی.

لەلای راستەوە لەڕووی ئافرەتانەوە دێتەلام، منیش ئەم ئایەتە دەخوێنمەوە:

﴿ وَٱلْعَٰقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ ﴿١٢٨﴾ ﴾ الأعراف: ١٢٨، واتا:سەرئەنجامی چاك بۆ خواناسانە.

لەلای چەپەوە لەڕووی شەهوەتەکانەوە بۆم دێت، منیش ئەم ئایەتە دەخوێنمەوە:

﴿ وَحِيلَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ مَا يَشْتَهُونَ ﴾ سبأ: ٥٤، واتا: بەربەست دەخرێتە نێوان ئەوان و ئەوەی ئارەزووی دەکەن(کە بڕوا هێنان و تەوبە کردنە).

منیش ئەڵێم: ئەو ڕێگەیانەی کە مرۆڤ دەیانگرێتەبەر هەر چوار دانەیە، جارێ بەلای ڕاست و جارێ لای چەپ دەگرێت و جارێك ڕووەو دواوە دەگەڕێتەوە، جا هەر ڕێگەیەك بگرێتەبەر، دەبینێ شەیتان لەوێدا بۆسەی بۆ ناوەتەوە، کاتێ ڕێگەی خواپەرستیی

دەگرێتەبەر، شەیتان تەمبەڵ و خەوالّوی دەکات، رێگرییەکی بۆ دروست دەکات، بەڵام کاتێ ئەو مرۆڤە بۆ تاوانێ پێ هەڵدەگرێ، دەبینی شەیتان هاوکاریی دەکات و بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە بۆی دەبێتە خزمەتکار و یارمەتیدەر.

ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە قسەی پێشین بەڕاست دەخاتەوە:﴿ ۞ وَقَيَّضْنَا لَهُمْ قُرَنَآءَ فَزَيَّنُوا۟ لَهُم مَّا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ﴿٢٥﴾ ﴾ فصلت: ٢٥،واتا: چەند دۆست (هاودەم)مان لە دنیادا بۆ دانان کە خراپەکردنی دنیاو(بێ بڕوایی)پۆژی دوایی بۆ ڕازاندنەوە.

ئەلکەلبی ئەڵێ: لەشەیتانەکان دۆست و هاودەممان بۆ دانان.

موقاتیل ئەڵێ: لەشەیتانەکان دۆست و هاودەممان بۆیان سازاند.

ئیبن عەباس ئەڵێ:((ئەوەی لەبەردەستیانە لەکاری دونیا و ئەوەی لەپشتیانە لەکاروباری ئاخیرەت)).

واتا: دونیایان بۆیان ڕازاندەوە تائەوەی دونیایان بەگرنگتر بینی و بانگەوازیانیان کرد بۆ بەدرۆزانینی ئاخیرەت و پشت هەڵکردن لەئاخیرەت.

ئەو قسەیەی دوژمنی خوا کە وتوویەتی:﴿ثُمَّ لَآتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ﴾،دونیاو ئاخیرەت لەخۆدەگرێت.

هەروەها:﴿ وَعَنْ أَيْمَـٰنِهِمْ وَعَن شَمَآئِلِهِمْ ﴾ئەوە فریشتەی نووسینەوەی چاکەکان کە لەسەر شانی ڕاستە، مرۆڤەکە هان دەدات بۆ ئەنجامدانی کاری چاکە، بۆیە شەیتان لەم ڕووەوە بۆی دێت و تەمبەڵ و خەوالّوی دەکات لەبەرانبەر ئەو کارە چاکەیەدا، فریشتەی شانی چەپیش کە خراپەکارییەکانی مرۆڤ تۆمار دەکات، ڕێگری لەمرۆڤەکە دەکات تاوەکو تاوان و خراپە ئەنجام نەدات، شەیتانیش لەم لایەنەوە دێت و مرۆڤەکە بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە هان دەدات.

ئەم قسەیەی کە وتوویەتی، تێکڕای هەموو ئەوانە ورد دەکاتەوە: ﴿ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٨٢﴾ ﴾ ص: ٨٢، واتا: شەیتان وتی ئینجا سوێند بە عیزەتت هەر هەموویان گومڕا دەکەم.

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ إِن يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ إِنَٰثًا وَإِن يَدْعُونَ إِلَّا شَيْطَٰنًا مَّرِيدًا ﴿١١٧﴾ لَّعَنَهُ ٱللَّهُ وَقَالَ لَأَتَّخِذَنَّ مِنْ عِبَادِكَ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا ﴿١١٨﴾ وَلَأُضِلَّنَّهُمْ وَلَأُمَنِّيَنَّهُمْ وَلَءَامُرَنَّهُمْ فَلَيُبَتِّكُنَّ ءَاذَانَ ٱلْأَنْعَٰمِ وَلَءَامُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ ٱللَّهِ ۚ وَمَن يَتَّخِذِ ٱلشَّيْطَٰنَ وَلِيًّا مِّن دُونِ ٱللَّهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَانًا مُّبِينًا ﴿١١٩﴾ يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ ۖ وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ إِلَّا غُرُورًا ﴿١٢٠﴾ ﴾

النساء: ١١٧ - ١٢٠، واتا: جگە لەخوا هاوار ناکەن(ناپەرستن جگە لەخوا) تەنها لە چەند(بتێکی ناو لێنراوی)مێینەیە نەبێت وە ناپەرستن جگە لە شەیتانی یاخی و سەرکەش نەبێ. کە خوا نەفرینی لێ کردووە، وە(شەیتان)وتویەتی سوێند بێت هەڵ دەبژێرم(بە بەندەی خۆم)لە بەندەکانت دا بەشێکی دیاری کراو. سوێند بێت گومڕایان دەکەم و بە ئاوات و خەیاڵی درۆینە سەرگەرمیان دەکەم وە فەرمانیان پێ دەدەم جا بێگومان ئەوانیش گوێچکەی ئاژەڵەکان دەبڕن وە فەرمانیان پێ دەدەم ئەوسا ئەوانیش دروست کراوی خوا دەگۆڕن وە هەر کەسێك شەیتان بکات بە دۆستی خۆی بێجگە لەخوا ئەوە بێگومان زیانی لێ کەوتووە بە زیانێکی دیار و ئاشکرا. شەیتان بەڵێنیان پێ دەدات و ئاوات و ئومێدیان دەخاتە بەر دڵنیابن شەیتان هیچ بەڵێنێکیان پێ نادات جگە لە خەڵەتاندن نەبێت.

ئەلزەحاك ئەڵێ:((مَّفْرُوضًا))واتا: دیار و زانراو)).

ئەلزەجاج ئەڵێ:((واتا: پشکێك بەسەر خۆمدا سەپاندوومە و گریمانەم کردووە)).

ئەلفەڕاء ئەڵێ:((واتا هەموو ئەوەی بۆی دانراوە بەزاڵبوون و گەیشتن بەخەڵك، وەك فەرزو سەپێنراوە)).

منیش ئەڵێم: حەقیقەتی فەرز بریتییە لەخەملاندن و ئەندازەکردن.

واتا: هەرکەسێ شوێنی شەیتان بکەوێ و گوێڕایەڵیی بکات، ئەوە پشکی پێویستی خۆی و شانسی دابەشکراوێتی، بۆیە هەرکەسێك گوێڕایەڵی دوژمنی خوا بکات، ئەوە لەپشکی ئەوە، خەڵکییش دوو بەشن: بەش و پشکی دابڕوای شەیتان، دۆستانی خواو تایبەتەکانی خوای گەورە.

((وَلَأٓمُرَنَّهُمۡ فَلَيُبَتِّكُنَّ ءَاذَانَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ))، البَتْكُ: واتا:(القَطْعُ): بڕین، لێرەدا بڕینی گوێی وشتری(البَحِيرَةِ)یە بەلای تەواوی ڕاڤەوانانەوە، ئەو وشترەی کە پێنج سکی کردبێ، گوێی شەق دەکرێت.

لەبەرئەوەیە کۆڕای زانایان، کونکردنی گوێی منداڵ بۆ گواڕە حەرام(مکروە)داناوە، هەندێکیان تەنیا بۆ کچان ڕێگەیان داوە نەك بۆ کوڕان[1] چونکە کچان پێویستییان بەخشڵ هەیە، بەڵگەیان هێناوەتەوە بەفەرموودەکەی ئوم زەرع کە تیایدا هاتووە:"أناسَ مِنْ حُلِيِّ أُذُنَيَّ"[2]،واتا:ئەوەندە خشڵی خستە گوێم، دەلەرییەوەو دەنگی دەهات. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:"كُنْتُ لَكِ كَأَبِي زَرْعٍ لِأُمِّ زَرْعٍ"،واتا: من بۆ تۆ، وەك ئەبو زەرعم بۆ ئوم زەرع.

ئەحمەدیش دەڵێ داوە لەسەر جائیز بوونی کونکردنی گوێ بۆ کچان و کەراهەتی بۆ کوڕان.

---

١ – لە(تحفة المودود) (ق١٣٠– ١٣١)ی دانەر باسی تێروتەسەل لەو بارەیەوە هاتووە، بڕوانە ئەوەی قسەی منی لەسەرە.

٢ – بوخاری(٩/٢٢٠) و موسلیم(٢٤٤٨) گێڕاویانەتەوە لەعائیشەوە.

((وَلَآمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ ٱللَّهِ))،ئیبن عەباس ئەڵێ:((مەبەستی ئەوەیە ئایینی خوایان بۆ دەگۆڕێت)). ئەوە قسەی ئیبراهیم و موجاهیدو ئەلحەسەن و ئەلزەحاك و قەتادەو ئەلسودی و سەعیدی کوڕی موسەیب و سەعیدی کوڕی جوبەیرە.

واتای ئەوە: خوای گەورە لەسەر خۆرسکی ساغ و ڕێك، بەندەکانی هێناوەتە دونیاوە، کە میللەتی ئیسلامە، هەروەك پەروەردگار دەفەرموێت:﴿ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا ۚ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ مُنِيبِينَ إِلَيْهِ وَٱتَّقُوهُ ﴾ الروم: ٣٠ - ٣١، واتا: کەواتە ڕووی خۆت ڕێك بکەرە ئایینی ئیسلام پاك و ڕاست بۆ خوا(شوێنی ئایینی)داهێنراوی خوا بکەوە کە خەڵکی لەسەر دروست کردووە داهێنراوی خوا هیچ جۆر گۆڕانی بۆ نی یە ئەو(ئایینەی باسکرا) هەر ئەوە ئایینی ڕێك و ڕاست بەڵام زۆربەی ئادەمی نازانن. شوێن ئایین بکەون بە تۆبە کارانە بۆ لای خوا بگەڕێنەوە و لەو بترسن و بەچاکی نوێژەکانتان بکەن و لە هاوبەش ڕەوادەران مەبن.

لەبەرئەوەیە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:«ما مِنْ مولودٍ إلا يولَدُ على الفطرةِ، فأبواهُ يُهَوِّدانهِ أو يُنَصِّرانِهِ أو يُمَجِّسانِهِ، كما تُنْتَجُ البهيمةُ بهيمةً جمعاءَ، هل تُحِسُّون فيها من جَدْعاءَ؟» ثم قرأ أبو هُريرةَ:﴿ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِ ۚ ﴾ ﴿الروم: ٣٠﴾[1] واتا: هەر منداڵێك دێتە دونیاوە،

---

١ – بوخاری(١٧٦/٣) و موسلیم(٢٦٥٨) گێڕاویانەتەوە. ئیبن ئەلئەثیر لە(جامع الأصول)(٢٧١/١) ئەڵێ: منداڵ لەسەر جۆرێك لەسرووشت لەو فیتەرەتە دێتە دونیاوە کە خوای گەورە بەو جۆرەی دروست کردووە، لەبەرئەوەی لەڕووی سرووشت و خۆکردەییەوە ڕەخساوە بۆ قبوڵکردنی حەقیقەت، ئەگەر

لەسەر فیترەت دێتە دونیاوە، ئەوە دایك و باوكن منداڵەكەیان ئەكەنە جولەكە یان گاور یان مەجوسی،هەروەك ئاژەڵ بێچووەكەی بەپەل و پۆ ساغ دەهێنێتە دونیاوەو ئێوە دەست و قاچیان شەل دەكەن. پاشان ئەبو هورەیرە ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا﴾.

پەیامبەری خوا(ﷺ) دوو شتی كۆكردووەتەوە:

گۆڕینی فیترەت لەڕێگەی بەجولەكەكردن و بەگاورکردن.

گۆڕینی شێوازی دروستبوون بەگوێ لەتکردن.

ئەوە دوو شتە كە ئیبلیس هەواڵی داوە پێویستە بیانگۆڕێ.

فیترەتی گۆڕی بەبێباوەڕی، بەگۆڕینی ئەو شێوازە دروستبوونەی مرۆڤی لەسەر دروست كراوە، ئەویش بەكونكردن و بڕین و لەق و پۆ شكاندن و گۆڕینی شێوەی دروستبوون، ئینجا فیترەتیشی گۆڕی بۆ هاوبەش پەیداكردن كە گۆڕینی شێوازی دروستبوونی روحە.

پاشان ئەڵێ:((يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ))، بەڵێنی شەیتان ئەوەیە: بگاتە دڵی مرۆڤ، وەك ئەوەی بڵێ: تەمەنت درێژ دەبێت، چێژی خۆت لەدونیا وەردەگری، بەسەر هاوتەمەنەكانتدا بەرزتر دەبیتەوە، بەسەر دوژمنانتدا زاڵ دەبی، دونیا بۆ تۆ دەبێ هەروەك چۆن بۆ خەڵكانی تر بووە، ئومێدو خەون و خەیاڵی درێژ دەكاتەوە، لەسەر هاوبەش پەیداكردن و تاوانەكانی بەڵێنی رازاوەی پێ دەدات. بەشێوەی جیاواز ئومێدی درۆینەی پێ دەدات.

شەیتانەكانی مرۆڤ و جنۆكە دەستی لێ هەڵبگرن و بهێڵن رێگەی خۆی هەڵبژێرێ، ئەوە تەنیا ئەو حەقیقەتە وەردەگرێ.

جیاوازیی نێوان بەڵێن و ئومێد بۆ دروستکردنی، ئەوەیە بەبەتاڵ و درۆ بەڵێنی پێ دەدات و بۆ شتی ئەستەم ئومێدەواری دەکات. جا ئەو دەروونە سەرکزەی وا کەوتووەتە بەردەمی، بەبەڵێن و ئومێدی شەیتانەوە خۆراك وەردەگرێ، وەك دەوترێ:

مُنى إنْ تَكُنْ أحْسَنَ المُنى وإلاّ فَقَدْ عِشْنَا بِها زَمَناً رَغْداً

واتا: ئومێدێکی جوان دەردەکەوت، سەردەمێك خۆش بەو ئومێدەوە ژیاین.

دەروونی پووچی سووك بەئومێدو بەڵێنی درۆینە چێژ وەردەگرێت، خۆشحاڵیی پێی دەردەبڕێت وەك خۆشحاڵیی ژن و منداڵ و بۆی دەکەونە سەما. بێگومان شەیتان و ئومێدەکانی، سەرچاوەی قسەی پووچ و بێ ناوەڕۆکن. شەیتان ئومێد بەشوێنکەوتەکانی دەدات کە بەحەق و راستیی دەگەن، بەڵام گەیشتنێك کە بەڕێگەو شێوازی ئەو نییە، بۆیە هەموو پووچەڵ و باتڵخوازێك لەم قسەیەی پشکی بۆ دەبێ کە:((يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ ۖ وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ إِلَّا غُرُورًا))، واتا: شەیتان بەڵێنیان پێ دەدات و ئاوات و ئومێدیان دەخاتە بەر دڵنیابن شەیتان هیچ بەڵێنێکیان پێ نادات جگە لە خەڵەتاندن نەبێت.

پەروەردگار دەفەرموێت:﴿ ٱلشَّيْطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُم بِٱلْفَحْشَآءِ ۖ وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلًا ﴾ البقرة: ٢٦٨، واتا: شەیتان دەتان ترسێنێ بە هەژاری وەفەرمانتان پێدەدات بە خراپە وە خوا بەڵێنی لێخۆشبوون و چاکەتان پێدەدات خوا فراوان میهرەبانی زانایە.

((يَعِدُكُمُ ٱلْفَقْرَ)): واتا ئێوە دەترسێنی بەهەژاریی و ئەڵێ: ئەگەر لەسەروەت و سامانتان ببەخشن، ئەوە هەژار دەکەون، ((وَيَأْمُرُكُم بِٱلْفَحْشَآءِ)) ئەڵێن: فەرمانیان پێ دەدات بەچرووکی، بەتایبەت لەم شوێنەدا.

لەموقاتیل و ئەلکەلبیشەوە باس دەکرێت:((هەموو وشەی (فحشاء) لەقورئاندا واتای داوێن پیسیی دەدەن، تەنیا لەم شوێنەدا نەبێ کە چرووکیی دەگەیەنێ)).

دروست: هەموو ناشیرینی و قێزەونییەك(فحشاء) بەشێواز و جۆری خۆیەتی، هەموو تاوان و شتێکی قێزەون دەگرێتەوە، یەکێك لەو کردارە ناشیرین و قێزەونانەش بریتییە لەچرووکی، خوای گەورەش کارو بەڵێن و فەرمانی شەیتانی باس کردووە: بەخراپە فەرمانیان پێ دەکات و لەکاری خێرو چاکەش دەیانترسێنێت، ئەو دووانەش کۆی هەموو ئەو شتانەیە کە شەیتان لەمرۆڤی دەوێ. کە لەکاری خێرو چاکە بیترسێنێ، مرۆڤەکە دەستبەرداری ئەو کارە دەبێت، کە فەرمان بەچرووکی و قێزەونیی پێ دەدات و بۆی جوان دەکاتەوە. ئەو کاتی چاوەڕوانییەی کە شەیتان بەمرۆڤی داوە، خوای گەورە ناویبردووە بەترساندن، هەروەك چۆن بەڵێنی شتێ بەکەسێکی بەڵێن پێدراو دەدرێ و لەسەرەنجامەکەی دەترسێ، پاشان خوای گەورە باس لەبەڵێنی خۆی دەکات بۆ ئەوانەی گوێڕایەڵیی دەکەن و فەرمان و نەهییەکانی وەك خۆی بەجێدەگەیەنن، ئەویش بەڵێنی لێخۆشبوون و فەزڵ پێ بەخشین و پارێزگاریکردنی ئەو کەسەیە لەخراپەو نەهامەتی.

- **لەمێشکیدا خەیاڵی بۆ دروست دەکات و خراپەی بۆ دەکات بەچاکە:**

یەکێك لەفێڵ و تەڵەکەبازییەکانی شەیتان بەرانبەر بەمرۆڤ، لەبارەی هەندێ شتەوە خەیاڵی بۆ دروست دەکات و وەهای لەمێشکدا بۆ دروست دەکات کە لەسوودی ئەودایە، سەرچاوەکانی نەهامەتی و ماندوویەتیی پیشان دەدات، کاتێ مرۆڤەکە کەوتە

گێژاوەوە، دەستبەرداریی لێ دەکات و ئەهێڵێ بیرو وزەی تێکشکاوبێ و رادەستی دەکات و پێی پێدەکەنێ، ئینجا فەرمانی پێ دەکات بەدزی و داوێنپیسی و کوشتن، پاشان کارەکەی بۆ خەڵك ئاشکرا دەکات و ریسواو شەرمەزاری دەکات، پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ وَإِذْ زَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَعْمَٰلَهُمْ وَقَالَ لَا غَالِبَ لَكُمُ ٱلْيَوْمَ مِنَ ٱلنَّاسِ وَإِنِّى جَارٌ لَّكُمْ ۖ فَلَمَّا تَرَٰٓءَتِ ٱلْفِئَتَانِ نَكَصَ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ وَقَالَ إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّنكُمْ إِنِّىٓ أَرَىٰ مَا لَا تَرَوْنَ إِنِّىٓ أَخَافُ ٱللَّهَ ۚ وَٱللَّهُ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٤٨﴾ ﴾ الأنفال: ٤٨،

واتا: بیر بکەرەوە کاتێك کە شەیتان کردەوەکانیانی بۆ ڕازاندەوە وە وتی: ئەمڕۆ هیچ کەس بەسەرتاندا زاڵ نابێ و بێگومان من پەنادەر(و پارێزەر)ی ئێوەم ئینجا کاتێ هەردوو دەستەکە ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە(شەیتان)پاشەوپاش بەدوای خۆی دا گەڕایەوە وتی: بەڕاستی من بەریم لە ئێوە چونکە بەڕاستی ئەوەی من دەیبینم ئێوە نایبینن بەڕاستی من لەخوا دەترسم و خوا زۆر تۆڵەی بەتین و سەختە.

هەروەك حەسسان ئەڵێ:

دَلَّاهُمُ بِغُرُورٍ ثُمَّ أَسْلَمَهُمْ إِنَّ الخَبِيثَ لِمَنْ والاهُ غرَّارُ

واتا: شەیتان، لەخۆباییان پیشان دەدات و پاشان رادەستیان دەکات، شەیتانی چەپەڵ بۆ ئەو کەسەی دۆستایەتی دەکات، لەخشتەبەرە.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ كَمَثَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ إِذْ قَالَ لِلْإِنسَٰنِ ٱكْفُرْ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّنكَ إِنِّىٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦﴾ ﴾ الحشر: ١٦،

واتا:نمونەی ئەم ناپاکانە وەك شەیتان وایە کە بە مرۆڤی وت: بێ بڕوابە جا کاتێ بێ

بڕوا بوو(شەیتان)وتی: بەڕاستی من بەریم لە تۆ بێگومان من لە خوای پەروەردگاری جیهانیان دەترسم.

ئەم باسە تایبەت نییە بەو کەسەی ئەم چیرۆکەی لەبارەوە باسکراوە[1]، بەڵکو گشتییە بۆ هەر کەسێ گوێڕایەڵی شەیتان بێ لەفەرمانکردنی بەبێباوەڕیی و بەڵێن دان بەسەرکەوتن و جێبەجێکردنی پێویستییەکانی، بەڵام لێی دوورەدەکەوێتەوەو رادەستی دەکات، پاشان لەدۆزەخدا بەتێکڕایی لەدۆستەکانی خۆی بەریی دەکات و پێیان ئەڵێ: ﴿إِنِّي كَفَرْتُ بِمَآ أَشْرَكْتُمُونِ مِن قَبْلُ﴾ **إبراهيم: ٢٢**، واتا:بەڕاستی من بڕوام نەبوو بەوەی کە پێشتر(لە دنیادا) منتان کرد بوو بە هاوبەش بۆ خوا.

ئەیانگەیەنێتە ناخۆشترین و سەختترین جێگەو بەتەواوەتی دەستبەرداریان دەبێت.

کۆمەڵێك لەبارەی قسەی دوژمنی خوا قسەیان کردووە کە ئەڵێ:((إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ))، واتا: من لە خوای پەروەردگاری جیهانیان دەترسم.

قەتادەو ئیبن ئیسحاق ئەڵێ:((دوژمنی خوا راستگۆ بوو لەوتنی((إِنِّيٓ أَرَىٰ مَا لَا تَرَوْنَ)) و درۆی کردووە لەوتنی:((إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ))، سوێند بەخوا هیچ ترسێکی بەرانبەر بەخوای گەورە نییە، بەڵام دەزانێ هیچ هێزێکی نییە و هیچی لەدەست نایەت، بۆیە ئەیانخاتە ئەو تاوانانەوە و رادەستیان دەکات، ئەوەش نەریتی ئەو دوژمنەی خوای گەورەیە بەرانبەر بەهەرکەسێك گوێڕایەڵیی بکات و بەقسەی بکات)).

کۆمەڵێك ئەڵێن:((شەیتان لەدونیادا لەتۆڵەو زەبری خوا ترساوە بەرانبەری بەکاریبهێنێ، هەروەك چۆن کەسێ بێباوەڕو خراپەکار لەکوشتن و سزادان دەترسێن، ئەوە ناگەیەنێ شەیتان لەسزای ئاخیرەت ترسابێ)).

---

١ – بەرەسیسی خواپەرست، چیرۆکەکەی یەکێکە لەچیرۆکەکانی بەنو ئیسرائیل و لەتۆرەیەی تەفسیرەکاندا هاتووە، راست نییە و ناسەلمێ!

ئەمە راستترە، ئەو ترسەی شەیتان هیچ ئیمان و رزگاربوونێك پێویست ناکات.

عەتاء ئەڵێ:((واتا: منیش دەترسێم خوای گەورە لەنێوم ببات وەك ئەوەی ئەوانە لەنێو دەبات))، ئەوە ترسی لەنێوچوونی دونیایەو هیچ سوودێکی پێ ناگەیەنێ.

- **ترساندنی باوەڕداران:**

یەکێکی تر لەفێڵەکانی دوژمنی خوا،ئەوەیە هەوڵ دەدات بەسەربازو دۆستەکانی خۆی، باوەڕداران بترسێنێت، هەوڵ دەدات بیانترسێ کە شەڕ لەگەڵ دۆستەکانیدا نەکەن و فەرمانیان پێ نەدەن بەچاکەو رێگرییان لێ نەکەن لەخراپە، بێگومان ئەوە گەورەترین فێڵێتی بەرانبەر بەئیمانداران، خوای گەورەش لەو بارەیەوە هەواڵمان پێ دەدات و دەفەرموێت:﴿ إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ يُخَوِّفُ أَوۡلِيَآءَهُۥ فَلَا تَخَافُوهُمۡ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿١٧٥﴾ ﴾ آل عمران: ١٧٥، واتا:بە ڕاستی ئەوەی ئێوە(سارد دەکاتەوە) تەنها شەیتانە کە دۆست و (برادەرانی)خۆی دەترسێنێ جا ئێوە لێیان مەترسن وە لە من بترسن ئەگەر ئێوە بڕوادارن.

واتای ئەو هەڕەشەیەی لای تەواوی ڕاڤەوانان، ئەوەیە: بەدۆستەکانی خۆی، ئێوە دەترسێنێ.

قەتادە ئەڵێ:((لەدڵی ئێوەدا، ئەوان گەورە دەکاتەوە، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت:﴿فَلَا تَخَافُوهُمۡ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ﴾، ئیمان لەدڵی بەندەی باوەڕداردا چەندە بەهێز بوو، ترسی لەدۆستەکانی شەیتان نامێنێ، هەرچەندە بیکەیش ئیمانی لاوازبوو، ترسی لەدۆستەکانی شەیتان بەهێزتر ئەبێ)).

یەکێکی تر لەفێڵ و تەڵەکەبازییەکانی، ئەوەیە هەمیشە سیحر لەعەقڵ دەکات تاوەکو ئەیخاتە تەڵەی خۆیەوە. هیچ کەسێك لەسیحرو جادوویەکەی رزگاری نابێ

تەنیا ئەو کەسە نەبێ کە خوای گەورە ویستی رزگاربوونی بۆ هەیە. کرداری زیانبەخش بۆ ئەو مرۆڤە دەڕازێنێتەوە و خەیاڵی ئەوەی بۆ دەکات کە بەسوودترین شتێکە بۆ ئەو مرۆڤە، لەو کارەی دووردەخاتەوە کە بەسوودترین شتێکە بۆی و لەمێشکیدا ئەو خەیاڵەی بۆ دروست دەکات، کردارو شتی بەسوود، خراپترین و بەزیانترین شتێکە بۆ ئەو.

لا إلە إلا الله چەندە مرۆڤ هەبوون و هەن بەم سیحرو جادووە فەوتاون و دڵی مرۆڤەکانی لەئیسلام و ئیمان و ئیحسان دوورخستووەتەوە؟

چەندە باتڵ و ناڕەوای لەوێنەی جوان و چاکدا دیارخستووە و حەق و راستییشی لەوێنەیەکی ناشیرینیدا پیشان داوە؟ چەندە ڕەخنەگرتن لەئیسلامی رازاندووەتەوە و ناشیرینیشیی خستووەتەسەر خواناسان؟

ئەوە شەیتانە سیحر و جادووی لەعەقڵەکان کردووە و بەجۆرەها ڕێگەی جیاوازدا بردوونی و وێڵ و سەرگەردانی کردوون، پەرستنی بت و نەگەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی و کوشتنی کچان و ماڕەکردنی دایکانی بۆ رازاندوونەتەوە، بەبێباوەڕی و خراپەو تاوانەوە موژدەی بەهەشت و خۆشیی پێ داون، لەوێنەی گەورە ڕاگرتندا هاوبەش پەیداکردنی بۆ جوان کردوون، هەر لەو ڕێگەیەشەوە بێباوەڕییکردن بەسیفەت و مەزنیی خوای گەورەو قسەکانی لەکتێبەکانیدا ئەوەی بۆ جوان کردوون، هەروەها وازهێنان لەفەرمان کردن بەچاکەو ڕێگریکردن لەخراپەی لەوێنەی خۆ خۆشویستکردن لای خەڵک پیشان داون، بەوەی پیشان داون کە ئەوە نیشانەی ڕەوشت جوانی و شیرینیی ئەو کەسە لەگەڵ خەڵکییدا کە ناچێ بەلای فەرمان کردن بەچاکەو

رێگریکردنیان لەخراپە و کارکردن بە[1]: ﴿ عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ ﴾ **المائدة:** ١٠٥ واتا: هۆشتان بەخۆتانەوە بێت.

پشت کردن لەوەی پەیامبەر(ﷺ) هێناوێتی لەژێر بیانووی ئەوەی تەقلیدو لاساییکردنەوەیەو، ئەوەندە بەسە بۆچوونی شارەزاتر لەباوەڕداران وەربگرێ.

شەیتان هاوڕێی دایك و باوکی مرۆڤایەتی بوو لەکاتی دەرکردنیان لەبەهەشت، هاوڕێی قابیل[2] بوو کاتێ براکەی خۆی کوشت، هاوڕێیەتی قەومی نوحی کرد هەتاوەکو ئەوکاتەی خنکان و لەلافاودا نقوم بوون، هەروەها قەومی عاد کاتێك بەڕەشەبای سەخت لەنێوچوون، هاوڕێیەتی قەومی سالحی کرد کاتێك بەدەنگێکی گەورە لەنێوچوون، هاوڕێیەتی قەومی لوطی کرد کاتێ خوای گەورە بەناخی زەویدا بردنی و بەدوایاندا بەردبارانی کردن، هاوڕێیەتی فیرعەون و قەومەکەی کرد هەتا ئەوکاتەی خوای گەورە تۆڵەی سەختی لێیان کردەوە، هاوڕێیەتی گوێرەکە پەرستانی کرد هەتا ئەوکاتەی ئەوەیان بەسەردا هات کە بەسەریاندا هات، هاوڕێیەتی قوریشی کرد هەتا گەیاندنییە بەدر، هاوڕێیەتی هەموو تیاچوو و لەخشتەبراوێکی کردووەو ئەکات.

---

١ – ئەبو داوود(٢٣٣٨) و ترمیزی(٢١٦٩) و ئیبن ماجە(٤٠٠٥) و نەسائی لە(الکبری) هەروەك لە(تحفة الأشراف)(٣٠٣/٥) هاتووەو ئەحمەد(٢/١ و ٥ و ٧ و ٩) و ئەبو یەعلا(١٢٨) و ئیبن حیبان(١٨٣٧) و ئەلمروزی لە(مسند أبي بکر)(ژمارە٨٦) لەڕێگەی ئیسماعیلی کوڕی ئەبی خالید ئەویش لەقەیسی کوڕی ئەبی حازم و ئەویش لەئەبی بەکرەوە لەچیرۆکێکی لەگەڵیدا وێنەی راستی ئەم ئایەتە رووندەبێتەوە، سەنەدەکەشی سەحیحە.

٢ – لە(المنتقی النفیس)(ص٢٨) لەسەر ئەو ناوە قسەم کردووە کە نە لەقورئان و نە لەفەرمودە سەحیحەکاندا نەهاتووە، بەڵکو لەئیسرائیلییاتەکاندا هاتووە.

- **فێڵی شەیتان لەئادەم و حەوا:**

یەکەمین فێڵ و تەڵەکەبازیی شەیتان: ئەوە بوو بەسوێندی درۆ فێڵی لەدایك و باوکی مرۆڤایەتیی کرد، سوێندی خوارد دڵسۆزەو راستگۆیانە ئامۆژگارییان ئەکات و ئەیەوێ بەنەمریی لەبەهەشتدا بمێننەوە، پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ فَوَسْوَسَ لَهُمَا ٱلشَّيْطَٰنُ لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُۥرِيَ عَنْهُمَا مِن سَوْءَٰتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَىٰكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةِ إِلَّآ أَن تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ ٱلْخَٰلِدِينَ ۝٢٠ وَقَاسَمَهُمَآ إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ ٱلنَّٰصِحِينَ ۝٢١ فَدَلَّىٰهُمَا بِغُرُورٍ ﴾ **الأعراف: ٢٠ - ٢٢،**

واتا: ئینجا شەیتان خەیاڵ و خەتەرەی خراپی خستە دڵیان بۆ ئەوەی دەرخات بۆیان ئەو عەیبەو عەورەتەی کەشاردبوویەوە لێیان(و بەدەرەوە نەبووە)وە پێ ی وتن: پەروەردگارتان(لەبەر هیچ هۆیەك)بەرگری ئەو درەختەی لێ نەکردون مەگەر لەبەر ئەوەی کە نەبنە دوو فریشتە یان(لە بەهەشت دا)بمێننەوە بە هەمیشەیی.

وەسوەسە: چپەو ورتەو ورت و دەنگێکی سووکە، بۆیە دەنگی خڕخاڵ و خشڵ پێیدەوترێت(وسواس). دەروون لەگەڵ مرۆڤەکەدا دەدوێت، خوای گەورەش دەفەرموێت:﴿ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِۦ نَفْسُهُۥ ﴾ ق: ١٦، واتا: چاك ئاگادارین بەو خەیاڵ و خەتەرانەی دێن بەدڵ و دەروونیدا.

ئەو دوژمنەی خوا زانی بەوەی، ئەگەر ئادەم و حەوا لەبەری ئەو درەختەی بەهەشت بخۆن، عەورەتیان بەدەردەکەوێ و ئەوەش تاوانە، تاوانیش پەردەی نێوان خواو بەندە ناهێڵێ، بۆیە کاتێ ئەو تاوانەیان کرد، بەرگ و پۆشاکیان لەبەردا نەماو عەورەتیان بەدەرکەوت. تاوان پەردەی عەورەتی دیار و نادیار ئاشکرا دەکات، لەبەر

ئەوەیە پەیامبەری خوا(ﷺ) لەوێنەی ڕووت و قووتدا، لەخەودا داوێنپیسانی ژن و پیاوی بینی[1].

بۆیە ئەگەر پیاوێ یان ژنێ لەخەویدا خۆی بەعەورەت ڕووت بینی، ئەوە بەڵگەیە لەخراپبوونی لەڕووی ئاییندارییەوە[2] شاعیریش ئەڵێ:

إني كأنّي أرَى مَنْ لاَ حَيَاءَ لَهُ وَلاَ أَمَانَةَ بين النَّاسِ عُرْيانا

واتا: خۆم دەبینم وەك کەسێکی بێ شەرم و نا ئەمین و لەنێو خەڵکییدا ڕووت و قووتم.

خوای گەورە دوو بەرگی دابەزاند: بەرگێکی دیار کە عەورەت و جەستەی مرۆڤ دادەپۆشێ، بەرگێکی ناخیش کە تەقوایە، بەندە جوان دەکات و دایدەپۆشێ، جا ئەگەر بەندە بەرگی دیار و ڕواڵەتی نەما، عەورەتی ناخیشی دەردەکەوێت.

پاشان شەیتان وتی: ﴿مَا نَهَىٰكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةِ إِلَّآ أَن تَكُونَا مَلَكَيْنِ﴾، واتا: پێ ی وتن: پەروەردگارتان(لەبەر هیچ هۆیەك)بەرگری ئەو درەختەی لێ نەکردون مەگەر لەبەر ئەوەی کە نەبنە دوو فریشتە یان(لە بەهەشت دا)بمێننەوە بە هەمیشەیی.

ئا لەم ڕێگەیەوە خۆی گەیاندە لایان کاتێ زانی کە ئادەم و حەوا حەزیان بەنەمریی هەیە، ئەوەش ئەو دەرگا گەورەیەی کە لێیەوە دێتەلای نەوەی ئادەم، لەڕێی دەماری

---

١ – بوخاری(٣٨٥/١٢) گێڕاویەتییەوە لەسەمرەی کوڕی جوندوب.

٢ – بۆ ناسینی وردو درشتی بابەتەکانی لێکدانەوەی خەو، بڕوانە کتێبەکەم(تحقيق المرام في الرؤى والأحلام).

خوێنەوە دێتە لای[1] و تێکەڵ بەدەروونی دەبێ و لەبارەی ئەو شتانەوە پرسیاری لێ دەکات کە خۆشیدەوێن و کاریگەری دەبینێ.

دوژمنی خوا بۆنی دایك و باوکی مرۆڤایەتی کردو هەستی کرد لەدڵەوە حەز بەمانەوەی نەمریی دەکەن لەبەهەشتدا، زانی تەنیا دەتوانێ لەو دەرگایەوە پێیان بگات، بۆیە بەخوا سوێندی بۆ هەردووکیان خوارد کە دڵسۆزە لەو ئامۆژگارییەی بۆیانی دەکات و وتی:﴿ مَا نَهَىٰكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةِ إِلَّآ أَن تَكُونَا مَلَكَيْنِ ﴾، واتا: پێ ی وتن: پەروەردگارتان(لەبەر هیچ هۆیەك)بەرگری ئەو درەختەی لێ نەکردون مەگەر لەبەر ئەوەی کە نەبنە دوو فریشتە یان(لە بەهەشت دا)بمێننەوە بە هەمیشەیی

ئیبن عەباس بە(مَلَكَيْنِ)[2] خوێندووەتەوە، ئەڵێ:((ئادەم و حەوا تەماحی ئەوەیان نەبوو ببنە فریشتە، بەڵکو حەزیان کرد ببنە پادشا، بۆیە شەیتانیش لەڕێگەی دەسەلآت و پادشایەتییەوە هاتەلایان)).

بەم ئایەتە، بەڵگەی بۆ ئەو خوێندنەوەیەی خۆی هێناوەتەوە:﴿ قَالَ يَٰٓـَٔادَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَىٰ شَجَرَةِ ٱلْخُلْدِ وَمُلْكٍ لَّا يَبْلَىٰ ﴿١٢٠﴾ ﴾ طه: ١٢٠، واتا: ئینجا شەیتان نیازی خراپی خستە دڵیەوە وتی ئەی ئادەم ئایا نیشانت بدەم درەختی نەمری(هەر کەس لێی بخوات هەرگیز نامرێ) و موڵك و دەسەلآتی هەر دوایی نەیەت.

---

١ – بوخاری(٤/٢٤٠) و موسلیم(٢١٧٥) لەسەفییەوە گێڕاویانەتەوە لەنێو چیرۆکێکدا کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:"إِنَّ الشَّيْطَانَ يَجْرِي مِنِ ابْنِ آدَمَ مَجْرَى الدَّمِ"،واتا: شەیتان بەدەماری خوێنی مرۆڤدا هاتووچۆ دەکات.

٢ – ئەوە خوێندنەوەی یەحیای کوڕی ئەبی کەسیر و زەحاکە، هەروەك لە(تفسير الطبري)(١٧٨/٧)دا هاتووە.

هەرچی بەخوێندنەوەی دیار و بەناوبانگە، هاتووە: چۆن شەیتانی دوژمنی خوا تەماحی ئەوەی خستووەتەبەردەم ئادەم(سەلامی خوای لەسەربێ) کە بەخواردن لەو درەختە دەبێتە یەکێك لەفریشتەکان، لەکاتێکدا ئادەم ئەیبینی کە فریشتەکان نە دەخۆن و نە دەخۆنەوە و خواو خۆی و فریشتەشی ناسیووەو زاناتر بووە لەوەی بەخواردنی بەرووبوومێکی درەختێ تەماح بکات ببێتە یەکێك لەفریشتەکان، بەتایبەت بەری درەختێکی قەدەغەکراو؟

وەلآم بۆ ئەوە: هەرگیز ئادەم و حەوا تەماحی ئەوەیان نەکردووە ببنە فریشتە، بەڵکو شەیتانی دوژمنی خوا درۆی لەگەڵدا کردن و لەخشتەی بردن کاتێك ئەو درەختەی بەدرەختی نەمریی ناوبرد، ئەوەش یەکەم فێڵ و تەڵەکەی بوو، لەوەوە بۆ شوێنکەوتەکانی ماوەتەوە کە هەندێ ناو لەشتە حەرامکراوەکان بنێن کە دەروونەکان حەز بەو ناوانە دەکەن، بۆیە ناوی(أم الأفراح – دایکی خۆشییەکان)[1] یان لەعەرەق ناوە، سوو(ریبا) ناو دەبەن بەمامەڵە[2]، گومرك ناودەبەن بەماف دەسەلآتداریتی، یان ناوی پیس و چەپەڵ بەشەرعی دێوەخان و رەتکردنەوەی سیفاتی خوای گەورەیەو مەجلیسەکانی تاوان و خراپەکارییان ناو لێناوە بەمەجلیسەکانی قسەی خۆشی و چاك.

کە ناوی ئەو درەختەی برد بەدرەختی نەمری، وتی: خوای گەورە لەبەر ئەوە نەهی لێکردن لەبەر ئەو دارە بخۆن، تاوەکو لەبەهەشتدا نەمر نەبن و بمێننەوە وەك ئەو

---

١ – لەئەمڕۆدا ناوی زۆریان بۆ شتە حەرامکراوەکان هەیەو خەڵکیی پێیانەوە سەرقاڵ دەکەن: ﴿يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَمَا يَخۡدَعُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمۡ﴾ **البقرة:** ٩، واتا:بەڵای خۆیانەوە خواو ئەو کەسانە دەخەڵەتێنن کە بڕوایان هێناوە ! کەس ناخەڵەتێنن تەنها خۆیان نەبێت.

٢ – سەیر و بەراوردی قسەم بکە لەسەر(تشبيه الخسيس)(ص٤٣)ی ئیمامی زەهەبی.

فریشتانەی کە نامرن. ئادەم نەیدەزانێ ئەمرێ، ئارەزووی نەمریی دەکرد لەبەهەشتدا، بۆیە لەقسەی ئەو دوژمنەی خواو سوێند خواردنی بەوەی راست دەڵێ، شوبهەو گومانی بۆ دروست بوو، بەوە گومان و شەهوەت کۆبوویەوەو خەوی غەفڵەتیان بەسەرداهات و ئەو دوژمنە بۆیان هەڵسایە سەر پێ.

ئەو دوژمنەی خوا ئەو فێڵ و تەڵەکەیەی بۆ دۆستەکانی خۆی کردە میرات لەکاتی هەڵخەڵەتاندنی باوەڕداراندا، هەروەك دووڕووان لەکاتی رۆیشتن بۆ لای پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) پێیان دەوت:﴿ نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِ ﴾ **المنافقون: ١**، واتا: شایەتی دەدەین کە بەڕاستی تۆ پێغەمبەری خوایت.

بەبەکارهێنانی(إن) و (لامی تەئکید) جەختیان دەکردەوە کە ئەو پەیامبەری خوایە، هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَيَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ إِنَّهُمْ لَمِنكُمْ وَمَا هُم مِّنكُمْ ﴾ **التوبة: ٥٦**، واتا:سوێند دەخۆن بەخوا کە بەڕاستی ئەوان لە ئێوەن کەچی لە ئێوە نین.

پاشان خوای گەورە ئەفەرموێت:﴿ فَدَلَّىٰهُمَا بِغُرُورٍ ۚ ﴿٢٢﴾ ﴾ **الأعراف: ٢٢**، واتا: سەرئەنجام بە خەڵەتاندن هانی دان.

ئەبو عوبەیدە ئەڵێ: پشتی تێکردن و بەجێهێشتن، تَدْلِيةِ الدَّلْوِ، واتا شۆڕکردنەوەی بۆ ناو بیر.

موترەف کوڕی عبدالله ئەڵێ:((بەهەردووکیانی وت: من لەپێش ئێوە دروستکراوم، بۆیە لەئێوە زاناترم، ئێوە دوای من بکەون من ڕێگەتان پیشان دەدەم، سوێنی بۆیان خواردن، بەڵام ئەوە هەیە مرۆڤی باوەڕدار بەسوێندخواردن بەخوای گەورە دەخەڵەتێت)).

قەتادە ئەڵێ:((هەندێ لەزانایان ئەیانووت: هەرکەسێ بەسوێند خواردن بەخوا هەوڵی خەڵەتاندنمانی دابێ،هەڵخەڵەتاوین))، ((باوەڕدار خەڵەتێنراوی بەڕێزە، خراپەکاریش بۆسە و فێڵی شاراوەیە))[1].

لەسەحیدا هاتووە[2]:((عیسا(سەلامی خوای لەسەربێ) بینی پیاوێك دزی دەکات، بۆیە وتی: ئەوە دزیت کرد؟ کابرا وتی: نە سوێند بەو کەسەی هیچ خوایەکی بەحەق بوونی نییە جگە لەخۆی دزیم نەکردووە. مەسیحیش وتی: باوەڕم بەخوای گەورە هێنا و چاوم درۆی کرد)).

هەندێکیان وەهایان لێکداوەتەوە بەوەی،کابرا سوێندی بۆ خواردووە کە لەسەروەتی خۆی هەڵگرتووە و مەسیح وەهای گومان کردووە دزی کردبێ!

ئەمە زۆر لەخۆکردنە، بەڵکو خوای گەورە لەدڵی مەسیحدا گەورەتر و نرخدارترە لەوەی کەسێك بەدرۆوە سوێندی پێ بخوات، جا کە کابرای دز سوێندی بۆ خوارد، کارەکە کەوتە نێوان ئەوەی یان تۆمەتباری بکات، یان بینایی خۆی تۆمەتبار بکات، بۆیە لەبەر سوێندەکەی ئەو، بینایی و چاوی خۆی تۆمەتبار کرد. هەروەك ئادەم، ئیبلیسی بەڕاست زانی کاتێك ئیبلیس سوێندی بەخوا خوارد بۆی و وتی: وەها گومان نابەم کەسێك هەبێت و بەدرۆ بەخوا سوێند بخوات!

---

١ – بوخاری لە(الأدب المفرد)(٤١٨) و ئەبو داوود(٤٧٩٠) و ترمیزی(١٩٦٤) و حاکم(٤٣/١) ئیخراجیان کردووە لەڕێگەی بیشری کوڕی رافیعەوە ئەویش لەیەحیای کوڕی ئەبی کەسیرەوە ئەویش لەسەلەمەوە ئەویش لەئەبو هورەیرەوە، بیشر کەسێکی لاوازە، بەڵام موتابەعەی بەدوادا هاتووە هەروەك لە(الإتمام)(٩١٠٧) ڕاڤەم کردووە، فەرموودەکە حەسەنە.

٢ – بوخاری(٣٤٤٤) و موسلیم(٢٣٦٨) ئیخراجیان کردووە لەئەبو هورەیرەوە.

- **لەنێوان زیادەڕۆیی و شلپەوی:**

یەکێك لەفێڵە سەیرەکانی شەیتان، ئەوەیە دەروون تاقی دەکاتەوە تاوەکو بزانێ کام لەم دوو هێزەی بەسەردا زاڵە: هێزی پێهەڵگرتن و ئازایەتی، یان هێزی لاوازی و سەرشۆڕی؟

ئەگەر سەرشۆڕی و کزیی بەسەر دەروودا زاڵبوو، دەست دەکاتە تەمبەڵکردن و لاوازکردنی هیممەت و ویستی لەبەرانبەر جێبەجێکردنی ئەو شتەی فەرمان کراوە ئەنجامی بدات، لەسەری قورسی دەکاتەوە، بۆی ئاسان دەکات دەستی لێ هەڵبگرێ تائەوەی بەتێکڕا دەستبەرداری دەبێ یان کەمتەرخەمیی تێدا دەکات و سووك دەیگرێت.

بەڵام ئەگەر بینی هێزی پێهەڵگرتن و ئازایەتیی تێدا زاڵبوو، هیممەت بەرز بوو، دەس دەکاتە ئەوەی شتی فەرمان پێکراوی بەلاوە کەم بێت، وەهای بۆ گومان دەگات کە ئەوەی بەس نییەو کەمە، پێویستە بەزیادەو زیادەڕۆییە، ئەوەی یەکەم بەکەم دەزانێ و بۆ زیاترکردن هەنگاو هەڵدەگرێت، هەروەك هەندێ لەپێشین وتوویانە:((خوای گەورە فەرمانی بەهەر شتێك کردبێ، شەیتان دوو شتی تێدا دەکات: یان زیادەڕۆیی یان شلپەوی و بێ باکە بەکام لەو دوو شتە دەگات)).

کەمێك لەخەڵکی لەو دوو دۆڵە لەدەستی شەیتان رزگاریان بووە: دۆڵی کەمتەرخەمی، دۆڵی زیادەڕۆیی. کەم لەخەڵکیی هەبوون لەسەر ئەو ڕێگەیە دامەزراوبوونە کە پەیامبەری خوا(ﷺ) و هاوەڵانی لەسەری بوونە.

شەیتان، کۆمەڵێکی بەوە گەیاند دووربگرن لەئەرك و واجیباتی تەهارەت و پاك و پوختەیی، کۆمەڵێکی تریشی بەوە گەیاند، هەموو ئەو شتانەی هەیانبوو لەدەستیان دەربهێنێ و ببنە ئەرك بەسەر خەڵکییەوە و چاویان لەدەستی ئەوانی تر بێ!

کۆمەڵێکی بەوە گەیاند دەستهەڵبگرن لەخواردن و خواردنەوەو بەرگ و پۆشاک تائەوەی زیانیان بەجەستەو دڵی خۆیان گەیاند، لەبەرانبەردا کۆمەڵێکی بەوە گەیاند لەسەرووی پێویستیی خۆیان وەربگرن و زیان بەدڵ و جەستەی خۆیان بگەیەنن.

کۆمەڵێکی بەوە گەیاند کەمتەرخەم بن بەرانبەر بەماف پەیامبەران و میراتبەرانیان تائەوە لێیان دەکوشت، بەڵام کۆمەڵێکی تری بەزیادەڕۆییەک گەیاند پەیامبەران و میراتبەرانیان بپەرستن.

کۆمەڵێکی کەمتەرخەم کرد لەخەڵکیی دوورخستنەوە لەجومعەو جەماعەت و جیهاد و فێربوونی زانستیشدا، کەچی کۆمەڵێکی تری بەزیادەڕۆییەک گەیاند لەتێکەڵیکردندا، لەستەم و تاوان و خراپەکارییدا تێکەڵی ئەوانی تریش بن.

کۆمەڵێکی کەمتەرخەم کرد بەجۆرێ دوورخستنەوە لەو زانستەی کە سوودیان پێ دەگەیەنێ، لەبەرانبەردا کۆمەڵێکی تری بەزیادەڕۆییەک گەیاند لەزانستدا، کە تەنیا ئامانجیان وەرگرتنی زانست بێ بەبێ کارپێکردن[1].

کۆمەڵێکی بەوە گەیاند لەگژو گیایەک بخۆن کە خۆراکی مرۆڤ نییە، لەبەرانبەردا کۆمەڵێکی تری بەزیادەڕۆییەک گەیاند حەرامی ئاشکرا بخۆن.

کۆمەڵێکی بەکەمتەرخەمی و شڵەژییەک گەیاند بەلایانەوە جوان بێ دەستبەرداری سوونەتی پەیامبەری خوابن(ﷺ) لەهاوسەرگیرییدا، وەهای لێکردن تەواو پشت لەو پرۆسەیە بکەن، کەچی ئەوانی تری بەزیادەڕۆییەک گەیاند بەئەنجامدانی تاوان و حەرام بگەن.

---

١ – خوایە گیان داوای سەلامەتییت لێ دەکەین، سەلامەتیی.

کۆمەڵێکی بەشڵپەوی و کەمتەرخەمیی گەیاند تائەوەی سووک بڕوانێنە زانایانی ئایینداروو چاک و پشتیان تێ بکەن و مافیان نەدەن، کەچی کۆمەڵێکی تری بەزیادەڕۆییەک گەیاند زانایان لەگەڵ خوای گەورەدا بپەرستن.

کۆمەڵێکی لێ کەمتەرخەم و شڵپەو کرد تائەوەی ڕێگری لێیان کرد قسەی زانایان قبوڵ بکەن و بەتێکڕایی لای بەلادا بکەنەوە، لەبەرانبەردا ئەوانی تری بەزیادەڕۆیی گەیاند تائەوەی ئەوەی ئەوان حەڵاڵیان کردبوو بەحەرامی بزانن و ئەوەی بەحەرامیان دانابوو بەحەڵاڵی بزانن، قسەی خۆیانیان خستەپێش فەرموودە ڕاست و ڕاشکاوەکانی پەیامبەری خوا(ﷺ)[1].

کۆمەڵێکی شڵپەو و کەمتەرخەم کرد تائەوەی بڵێن: خوای گەورە توانای بەسەر کردەوەی بەندەکانیدا نییە و ویستی لێیان نییە، بەندەکان بەبێ توانا ویست و مەشیئەتی خوای گەورە کار دەکەن، لەبەرانبەردا کۆمەڵێکی بەزیادەڕۆیی گەیاند و بڵێن: بەندەکان هیچ کارێک ناکەن، ئەوە خوای گەورەیە کارەکانی ئەوان هەڵدەسوڕێنێت و بکەری ڕاستەقینەی کردارەکانی ئەوانە، بەندەکانن هیچ توانا و کارێکیان بەدەست نییە.

کۆمەڵێکی بەکەمتەرخەمی و شڵپەوییەک گەیاند بڵێن: پەروەردگاری جیهانیان لەنێو گەردوونی خۆی و مەخلوقاتییدا نییە، نە لەسەرووبانەوەیە نە لەخوارەوەو نە لەپشتەوەو نە لەپێشیانەوە، لەبەرانبەردا کۆمەڵێکی تری بەزیادەڕۆیی گەیاندووە

---

١ – حەق لەنێوان ئەو دووانەدایە: بێگومان قسەی زانایان ئامرازو هۆکارێکە بۆ تێگەیشتنی دەقەکانی قورئان و فەرموودە. ئەگەر کارێکیان هەبوو پێچەوانە بوو بەیەکێک لەو دوو سەرچاوەکەی وەحی، ئەوە پێوەری کارکردن دەگەڕێتەوە بۆ: قورئان و فەرموودە.

بڵێن: خوای گەورە لەهەموو شوێن و جێگەیەکدایە، وەک هەوا کە لەهەموو شوێنێکدا هەیە[1].

کۆمەڵێکی بەشڵپەوی و کەمتەرخەمیی گەیاند تائەوەی بڵێن: خوای گەورە یەک وشەی نەفەرمووە، لەبەرانبەردا کۆمەڵێکی تری بەزیادەڕۆیی گەیاندووە بڵێن: لەئەزەل و هەتاوەکو ئێستاو بۆ هەمیشە فەرموویەتی:﴿ قَالَ يَٰٓإِبۡلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسۡجُدَ لِمَا خَلَقۡتُ بِيَدَيَّۖ ﴾ ص: ٧٥، واتا:خوا فەرمووی ئەی ئیبلیس چی شتێك بەرگری کردی(لەوەی) کە سوژدە ببەیت بۆ کەسێ کە من(بەدەستی) خۆم دروستم کردووە.

بەموساشی فەرمو:﴿ ٱذۡهَبۡ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴿٢٤﴾ ﴾ طه: ٢٤، واتا:بڕۆ بۆ لای فیرعەون چونکە بەڕاستی لە سنوور دەرچووە و یاخی بووە.

ئەم دواندنە، بەخۆی بەردەوامەو لێی دەبیسترێ، بەنمونەی ئەوەی سیفەتی ژیان بەخۆیەوە راوەستاوە.

کۆمەڵێکی تری بەشڵپەوی و کەمتەرخەمییەك گەیاندووە بڵێن: خوای گەورە تکاو شەفاعەتی هیچ کەسێك بۆ کەسێکی تر قبوڵ ناکات، بەتکای هیچ کەسێك بەزەیی بەهیچ کەسێکدا نایەتەوە، بەڵام کۆمەڵێکی تری بەزیادەڕۆییەك گەیاندووە بڵێن: بەبێ مۆڵەتی خۆی، بەندەکان تکای لا دەکەن، هەروەك چۆن کەسانی بەناوبانگ لای پادشا و دەسەڵاتداران تکاو پاڕانەوە بۆ کەسانی تر دەکەن.

کۆمەڵێکی بەکەمتەرخەمی و شڵپەوییەك گەیاندووە بڵێن: ئیمانی خراپترین و ستەمکارترین مرۆڤێك بەنمونەی ئیمانی جبریل و میکائیلە، سەرباری ئەبو بەکرو

---

١ – راست و بێ پێچ و پەناو گومانێك، خوای گەورە لەئاسمانداید لەسەرووی عەرشی خۆی و لەسەرووی مەخلوقاتی خۆیەوەیەتی.

عومەر، لەبەرانبەردا کۆمەڵێکی بەسنوور بەزاندن و زیادەڕییەک گەیاندووە بڵێن: مرۆڤ بەیەک تاوانی گەورە، لەئیسلام دەچێتە دەرەوە[1].

کۆمەڵێکی بەکەمتەرخەمی و شڵپەوییی گەیاندووە تاوەکو حەقیقەتی ناو و سیفەتە بەرزەکانی خوا رەتبکەنەوە و لەکاریبخەن، لەبەرانبەردا کۆمەڵێکی تری بەزیادەڕۆیی گەیاندووە تائەوەی خوای گەورە بەمەخلوقاتی خۆی بشوبهێنن.

کۆمەڵێکی بەکەمتەرخەمی و شڵپەوییەک گەیاند تاوەکو شەپۆی ئالوبەیتی پەیامبەری خوا(ﷺ) بکەن و بیانکوژن، پیرۆزییەکانیان حەلاڵ کرد، لەبەرانبەردا کۆمەڵێکی تری بەزیادەڕۆییەک گەیاند کە تایبەتمەندی پەیامبەرایەتییان پێ بدەن لەپاڕێزراو بوون لەهەڵە و هەندێکیان تایبەتمەندی خوایەتییان پێ دەدەن[2].

جولەکەی کەمتەرخەم و شڵپەو کرد بەرانبەر مەسیح هەتا ئەوەی بەدرۆیانخستەوەو خۆی و دایکیان تۆمەتبار کرد تاوەکو خوای گەورە هەردووکیانی لەو تۆمەتانە ئەستۆ پاک کرد، لەبەرانبەردا گاورەکانی بەزیادەڕۆییەک گەیاند کە کردیانە کوڕی خوا و لەگەڵ خوای گەورەدا بیپەرستن.

کۆمەڵێکی شڵپەو و کەمتەرخەم کرد هەتا ئەوەی هۆکارو هێزو سرووشت و غەریزەکان رەتبکەنەوە، لەبەرانبەردا کۆمەڵێکی تری زیادەڕۆ کرد و ئەوانەیان کردە کارێکی پێویست کە نەکرێ گۆڕانکاریی بەسەردا بهێنرێت، هەندێکیان کردیانە کاریگەر سەربەخۆ.

---

١ – نمونەی کۆمەڵەی(التكفير و الهجرة) لەسەردەمی نوێدا، کە کۆمەڵێکی نەفام و نەزانن و کۆمەڵێ وشەیان لەبەر کردووەو وەک تووتی و بەبێ تێگەیشتن و هۆشیارییەوە دووبارەی دەکەنەوە، خوای گەورە هەندێ لەدڵسۆزەکانیانی رزگار کرد و گەڕانەوە سەر بۆچوونی راست.

٢ – هەندێ گرووپی رافیزە خراپتر لەوە ئەڵێن!

کۆمەڵێکی کەمتەرخەم و شلۆپەو کرد هەتائەوەی پیسییەکان بپەرستن، کە گاور و هاوشێوەکانیانن، لەبەرانبەردا کۆمەڵێکی تری بەزیادەڕۆییەك گەیاند وەسوەسە بیانگەیەنێتە قوورس و سەختگیر، کە هاوشێوەی جولەکانن.

کۆمەڵێکی کەمتەرخەم و شلۆپەو کرد کۆمەڵێ کارو پەرستش بۆ خەڵکیی بڕازێننەوە کە لەسەری ستایش نەکرێن، لەبەرانبەردا کۆمەڵێکی بەزیادەڕۆیی گەیاند، کرداره ناشیرینەکان پیشانی خەڵك بدەن کە گەورەیی خۆیانیان لەبەرچاو بخەن و ناوی خۆیانیان نا بە(الملامَتِیَّة)[1].

کۆمەڵێکی بەکەمتەرخەمی و شلۆپەوییەك گەیاند تائەوەی کردەوەکانی دڵ پشتگوێبخەن و لای بەلادا نەکەنەوەو بەشتێکی زیادەی بزانن، لەبەرانبەرد کۆمەڵێکی تری بەزیادەڕۆییەك گەیاند کە تەواوی کارو روانینیان خستەسەر دڵ و زۆرێك لا نەکەنەوە بەلای کارو کرداری جەستەدا.

ئەمە بوار و تەوەرێکی زۆر بەرفراوانە، ئەگەر لەسەری برۆین بەکۆتایی ناگەین، بۆیە تەنیا ئاماژەیەکی کەممان پێ دا.

- **بۆچوون و هەواو ئارەزوو:**

یەکێکی تر لەفێڵ و تەڵەکەبازییەکانی شەیتان: قسەی باتڵ و بۆچوونی بێ کەڵك و خەیاڵی دژە کە زبڵدانی بیر و لاوازیی مێشکە، ئەو کەف و پووش و پەڵاشەیە کە دڵە تاریکە دۆشداماوکەرکان فڕێی دەدەنە دەرەوە، کە حەق بەرانبەر ناحەق و راست بەرانبەر بەهەڵە یەکسان دەکەن.

زۆرێك شەپۆلی گومان و خەیاڵیان لێ دروست کردووە و وتی وتی و گومان و گومان دروستکردن و زۆر مشتومڕیان تێدا وەك کەشتی و بەلەم لێکردووە، هیچیان مرۆڤ

---

١ – گرووپێکی سۆفیی باتنییە.

بەیەقینێك ناگەیەنێ متمانەی بخرێتەسەر و بۆچوونێکی گونجاو و رێك بەحەقی تێدا دروست نابێ مرۆڤ بۆی بگەڕێتەوە. بۆ یەکتری، قسەی باق و بریق و رازاوە دەکەن و یەکتر لەخشتە دەبەن و ئەو قسانەیان کردووەتە جێگەی ئەو قورئانەی کە پشتیان تێکردووە، قسەی رازاوەی درۆ و دوور لەڕاستی ئەڵێنەوە و لەگومانی خۆیاندا کوێرو سەرگەردان بوونە، قورئانی خوایان پەراوێز خستووە وەك ئەوەی نەزانن. شوێن ئەو بۆچوونانە دەکەون کە شەیتان خستوویەتییە سەر زمانی ئەوانەی پێش خۆیان و ئەو بۆچوونانە ئەکەنە دادوەرو بڕیاردەری خۆیان. دەستبەرداری بەڵگە بوون و شوێن هەواو ئارەزووی قەومێك کەوتن کە پێش ئەوان، وێڵ و گومڕابوون و ئەمانیش خراپتر وێڵ و سەرگەردان ئەبن.

- **پشت بەستن بەعەقڵ:**

یەکێکی تر لەفێڵی شەیتان بەرانبەریان و خەیاڵ بۆ دروستکردنیان تاوەکو لەزانست و ئایین دەریان بکات: ئەوەیە شتانێکی خستووەتەسەر زمانیان، بەوەی قسەی خواو پەیامبەرەکەی تەنیا رواڵەتی لەفزیین و یەقین ناگەیەنن و لەبەرانبەردا عەقڵ و بەڵگەی یەقینی لەفەلسەفە و شێوازی کەلام پێ داون، لەهەڵێنجاندنی هیدایەت و یەقینی چراو مەشخەڵی قورئان دووریخستنەوەو رەوانەی لۆژیکی یۆنان و ئەو بانگەشە درۆینە دوور لەبەڵگانەی ئەوانی کردن و پێی وتن:ئەوە کۆمەڵێ زانستی کۆنە، کە عەقڵ و بیرەکان پێیگەیشتوون و کۆمەڵێ سەدەو سەردەمیان بەسەردا تێپەڕبووە !

تۆش بڕوانە، بەفێڵ و تەڵەکەی خۆی، چەندە نەرم بۆیان چووەتە پێش تائەوەی لەئیمان دەریکردوون بەنمونەی دەرکردنی موویەك لەنێو هەویردا.

- **قسەی بێ سەرو بەر و بێ بنەمای سۆفییەکان:**

یەکێکی تر لەفێڵەکانی شەیتان: ئەوەیە شتی پڕوپووچ و وڕینەی خستووەتە بەردەم نەزانەکانی تەسەوف، لەوێنەی دەرخستنی خەیاڵدا بۆیانی خستووەتەڕوو، تێکەڵ بەجۆرەها ناڕەوایی و شتی پڕووپووچی کردوون، دەرگای زۆرێك بانگەشەی بۆ کردووەنەتەوە و پێی گەیاندوون: لەپشت ئەو زانستە رێگەیەك هەیە، ئەگەر ئەو رێگەیە بگرنەبەر، ئەوە شتە نادیارەکانیان بۆ ئاشکرا دەبێ، وەهای لێکردوون پێویستیان بەوە نەبێ بەقورئان و سوونەتەوە پەیوەست بن!

وەرزش و پوختەکردنی دەروون و پاککردنەوەی ڕەوشت و دوورکەوتنەوە لەوەی خەڵکانی دونیا و دەسەلاتداران و شەرعناسان بۆچوونیان لەسەر هەیە و پێیان دروستە، لەبەرچاویانی جوان کردووە. تەنیا کارکردن بۆ خاڵیکردنەوەی دڵ لەهەموو شتێك تاوەکو بەبێ هیچ زانستێك حەقی تێدا دەرکەوێ! جا کاتێ وێنەی ئەو زانستەی تێدا نەما کە پەیامبەری خوا(ﷺ) هێناوێتی، ئەوە شەیتان بەپێی ئامادەیی ئەو کەسە، جۆرەها باتڵ و ناڕەوای لەدڵدا بۆ دەنەخشێنێ و لەدەروونیدا بۆی دروستی دەکات وەك ئەوەی بەچاو بڕوانێتە شتی بینراو، جا کاتێ میراتبەرانی پەیامبەران لەوەدا وەلامیان بدەنەوە، پێیان ئەڵێن: زانستی ڕواڵەتیی بۆ خۆتان و دەرخستنی ناخ و شاراوەش بۆ خۆمان، ئێوە ڕواڵەتی شەریعەتتان هەیە، ئێمەش ناوەوەی حەقیقەت، ئێوە تۆپکڵتان هەیەو ئێمەش کاکڵە.

جا کاتێ ئەمە لەدڵیاندا جێگەی گرت و بەتوانا بوو، دڵیان لەقورئان و سوونەت و شوێنەواری هاوەڵان جیادەکاتەوەو ڕادەماڵێ وەك ڕامالینی شەو لەبەرانبەر ڕۆژ، پاشان هەڵسوکەوتیان ڕەوانەی ئەو خەیاڵانە دەکات و گومانیان بۆ دروست دەکات،

كه ئەوه يەكێكه لەبەڵگە بینراوەكان و لەلایەن خوای گەورەوە هاتوون، ئیتر ناچن بەراوردی بكەن بەقورئان و فەرموودە، یەكسەر قبوڵی دەكەن و ملكەچی دەبن.

ئەوانەی شەیتانەكان لەخەیاڵ و شتی پڕووپووچ و جۆرەها وڕینەوە بۆیان دەخرێتەسەر پشت، بۆ غەیری خوایە نەك بۆ خوای گەورە.

چەندە لەقورئان و ئەوەی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) هێناوێتی دووربكەنەوەو پشتی تێبكەن، كرانەوەی دەرگای شەیتان بۆ دڵیان گەورەتر دەبێتەوە.

- **جوانكردنی تاوان:**

یەكێكی تر لەجۆرەكانی فێڵ و تەڵەكەی شەیتان: بەهەڵسوكەوتی جوان و بزەیەوە بانگەوازی بەندە دەكات بۆ جۆرەها تاوانی قێزەون و بێ ڕەوشتی، كەسێك نابینێتەوە رزگاری بكات و هەمووی لێی هەڵدێت. ئەو دوژمنە بەبزەو كەیف خۆشییەوە تاوانی بۆ جوان دەكات هەتاوەكو دڵی پێیەوە پەیوەست دەكات و لەگەڵیدا دەبێ هەتاوەكو گیرۆدەی دەكات.

ئا لێرەوەیە پزیشكانی دڵ ئامۆژگاری و ڕێنمایی دەدەن بەدوورکەوتنەوە لەبیدعەچیان و سەلامیان لێ نەكرێت و ڕووی خۆشیان پیشان نەدرێت و، بەڕووگرژی و پشت تێكردنەوە مامەڵە بكرێن.

هەروەها ئامۆژگاریی دەدەن لەگەیشتن بەو كەسەی لەفیتنەی دەترسێی، وەك بەیەككەیشتن و بینینت بۆ ژنان و منالآن مامەڵەی بكە، وتوویانە: ئەگەر بزەو ڕوو خۆشییت بۆ ژن و منداڵ دەربخەی، ئەوانیش ناخی خۆیانت بۆ دەردەخەن و بەناز دەتگرن، بەڵام ئەگەر بەڕووی گرژ پێیان گەیشتی، لەخراپەیان پارێزراو دەبی.

یەكێكی تر لەفێڵ و تەڵەكەبازییەكانی شەیتان ئەوەیە، فەرمانت پێ دەكات بەڕوویەكی گرژ و مۆنەوە بەكەسانی هەژارو خاوەن پێداویستیی بگەی، بزەو

رووخۆشییتیان پیشان نەدەی، چونکە ئەگەر بزەو رووخۆشییت پیشانیان دا، تەماحت تێ دەکەن و بوێرییت بەرانبەر دەنوێنن و لەدڵیاندا شکۆ و گەورەییت نامێنێ، ئیتر لە تۆ ناپارێنەوە و مەیلی دڵیان بۆ تۆ نابێ و خۆشەویستییان بۆ تۆ لەدەست دەدەن. بۆیە فەرمانت پێ دەکات بەڕەوشتی ناشیرین و رووخۆش نەبوون لەگەڵ ئەوانی تر، لەو رێگەیەوە دەرگای خراپەت بۆ دەکاتەوەو دەرگای خێرو خۆشییت لێ دادەخات.

- **بەخۆ شانازییکردن:**

یەکێکی تر لەفێڵەکانی شەیتان، ئەوەیە فەرمانت پێ دەکات دەروونی خۆت بەرز و شکۆدار رابگری لەکاتێکدا رازیبوونی پەروەردگار لەوەدایە کزو زەلیلی بکەی، نمونەی جیهادی بێباوەڕان و دووڕووان و فەرمان دان بەستەمکار و خراپەکاران بەچاکەو رێگریکردنیان لەخراپە. لەمێشکتدا وەهات بۆ دروست دەکات کە ئەو کارە ئەتاتە جێگەی خۆ ریسواکردن و زاڵکردنی دوژمنان بەسەرتا و تانەدانیان لە تۆ و بەوە ناوبانگییتَ نامێنێ، خەیاڵی وەهات بۆ دروست دەکات کارێکت بەسەردا دێت ئیتر هیچت لێ قبوڵ ناکرێت و گوێبیستت نابن.

فەرمانت پێ دەکات بەڕیسواکردنی دەروونت لەکاتێکدا بەرژەوەندی لەشکۆدارکردن و پاراستنیدایە، فەرمانت پێ دەکات بۆ دەسەلاتداران سەر کز بکەی و بۆیان خۆت زەلیل و ریسوا بکەی. خەیاڵی ئەوەت بۆ دروست دەکات،شکۆداریی تۆ بەوانەوە بەندە، بەرزبوون و پایەداربوونت بەوەیە زەلیلییان بۆ بنوێنی، ئەم قسەیەی شاعیرت بیردەهێنێتەوە کە ئەڵێ:

أهِيْنُ لَهُمْ نَفْسِي لأرْفَعَها لَهُمْ ولَنْ تُكْرَمَ النَّفْسُ الّتي لا تُهينُها

واتا: دەروونی خۆمیان بۆ زەلیل و سووك دەكەم تاوەكو پێیانەوە بەرز ببمەوە، ئەو دەروونە رێزدار نابێ كە خۆی ریسوا ناكات.

شاعیر لێی تێكچووەو تێكەڵ و پێكەڵی كردووە، بەڵكو خۆ زەلیلكردن تەنیا بۆ خوای گەورە شیاوە نەك بۆ كەسی تر، بەندە چەندە خۆی نزم رابگرێ لەئاستیدا، خوای گەورە رێزدارو شكۆداری دەكات، پێچەوانەی مەخلوق، چەندە خۆت بۆ مەخلوق سەركز و كزۆڵ دەربخەی، ئەوەندە لای خوای گەورەو دۆستەكانی ریسوا دەبی[1].

- **كەنارگیری و گۆشەگیریكردن لەخەڵك:**

یەكێكی تر لەفێڵ و تەڵەكەبازییەكانی شەیتان: ئەوەیە فەرمان بەكەسێك دەكات لەمزگەوت یان مااڵ و گۆشەو شوێنێك خۆی گۆشەگیر بكات و رێگریی لێ دەكات دەربچێت و پێی ئەڵێ: هەركە دەربچی، لەبەرچاوی خەڵك سووك و ریسوا دەبی و شكۆ و گەورەییت لەدڵیاندا نامێنێ و رەنگە شتێكی ناخۆش لەڕێگەت هەبێ، دوژمن لەوەدا مەبەستێكی شاراوەی هەیەو كۆمەڵێ شتی لێ دەوێ:لەوانە: خۆبەزلزانی و سووك تەماشاكردنی خەڵك و پاراستنی پیرۆزیی یاسا و رێسا و دروستبوونی سەرۆكایەتی، بەتێكەڵیكردنی خەڵك تیادەچێ. وەهای دەوێ خەڵك سەردانی بكەن و ئەو سەردانی كەس نەكات، خەڵك رووی تێبكەن و ئەو روو لەخەڵك نەكات، دڵخۆش بێ ئەمیرەكان بێنە سەردانی و خەڵكیی لای كۆببنەوەو دەستی ماچ بكەن، بەوە واجیبات و سوونەت و ئەو كارانە واز لێدەهێنێ كە لەخوای گەورەی نزیك دەخەنەوە و لەبری ئەوە خەڵكیی لێی نزیك دەبنەوە و بەلەخۆبایی خۆیان رازیی دەبن.

---

١ – با لەو گەوهەرە بڕوانن ئەوانەی كە تووشهاتوون بەخۆشەویستیی دونیاو جوانی و پۆست و تەخت و ناوبانگییەكانی دونیا، لەكاتێكدا خۆیان هەڵدەخەڵەتێنن كە لەبەر ئایین ئەو كارانە دەكەن....وەهای دادەنێن و بەحسابی خۆیان!!! فلا قوَّة إلا بالله.

ئەبو بەکر(خوای لێ رازیی بێ) دەردەچوو بۆ بازاڕ و بەرگ و پۆشاکی لەشان هەڵدەگرت و کڕین و فرۆشتنی دەکرد.

عبداللەی کوڕی سەلام(خوای لێ رازیی بێ) کۆڵی داری خستبووە سەر سەری، پێیووترا: چی شتێك وەهای لێت کرد ئەمە هەڵبگری لەکاتێکدا خوای گەورە تۆی دەوڵەمەند کردووە؟ ئەویش وتی: ویستم بەم کارە خۆبەلزانینیی لەسەر خۆم لابدەم، من گوێم لەپەیامبەری خوابوو(ﷺ) ئەیفەرموو:"لا يدْخُلُ الجَنَّةَ عبدٌ في قلبِهِ مِثْقالُ ذَرَّةٍ مِن الكِبْرِ" [1]،واتا: هیچ بەندەیەك ناچێتە بەهەشتەوە تۆزقاڵێك خۆبەزلزانیی لەدڵدا هەبێ.

ئەبو هورەیرە(خوای لێ رازیی بێ) کۆڵە دارو پێداویستییەکانی خۆی ئەخستەسەر شان لەکاتێکدا ئەمیری مەدینە بوو و ئەیووت:((ڕێگە بۆ ئەمیرەکەتان بکەنەوە، ڕێگە بۆ ئەمیرەکەتان بکەنەوە)).

عومەری کوڕی خەتاب کە خەلیفە بوو، ڕۆژێك بەپێ دەرچوو بۆ جێبەجێکردنی پێویستییەکی، لەڕێگەدا ماندوو بوو، بینی تازە لاوێك بەسەر گوێدرێژێکەوەیە، وتی: ئەی تازە لاو! هەڵمبگرە ماندووبووم. تازە لاو لەسەر گوێدرێژەکە دابەزی و وتی: سەرکەوە ئەی ئەمیری ئیمانداران! وتی: نە، تۆ سەرکەوەو منیش لەپشتەوە سەردەکەوم، لەپشت تازە لاوەوە سوار گوێدرێژەکە بوو تاوەکو چووە مەدینەوە و خەڵکییش دەیانبینی.

---

١ – تەبەرانی لە(الكبير) گێڕاویەتییەوە و ئیسنادەکەشی حەسەنە، هەیسەمی لە(المجمع)(٩٩/١) وتوویەتی.

بڕوانە(المستدرك)ی(٤١٦/٣). لەم بەش و بوارەدا لەزۆرێك هاوەڵەوە بەمەرفوعیی هاتووە، بڕوانە:((الإتمام))(١٧٢٤٥).

- **گەورە راگرتنی خود:**

یەکێکی تر لەفێڵ و تەڵەکەبازییەکانی شەیتان: ئەوەیە خەڵکیی لەخشتە دەبات تاوەکو دەستی کەسەکە ماچ بکەن و دەستی پێدابهێنن و پیاهەڵدانی بکەن، داوای پارانەوەو ئەو شتانەی لێ بکەن، هەتا ئەوەی کەسەکە بەخۆی سەرسام دەبێ. ئەگەر پێی بووترێت: تۆ کۆڵەکەیەکی لەکۆڵەکەکانی زەوی[1] و بەڵاّت پێ لادەچێ، ئەگەر وەهاشی پێی بووترێت گومان دەکات بەڵێ قسەیەکی راستە. رەنگە ئەگەر پێی بووترێ: پێیەوە بۆلای خوای گەورە تەوەسول دەکرێ و دەکرێ بەناوی ئەو و پیرۆزیی ئەوەوە تکا لەخوا بکرێت، خوای گەورە پێداویستی و تکای کەسی داواکار بەدیبهێنێ! ئەوە بکەوێتە دڵییەوەو بەڕاستی بزانێ، بێگومان ئەوەش تیاچوونە. ئەگەر ببینێ کەسێك گەورەی رانەگرێت یان کەم ملکەچیی بۆ بنوێنێت، لێی بێزار دەبێت و لەناخەوە رقی لێ دەبێتەوە.

ئەوەش خراپەیەکی کەسانی ئەنجامدەری تاوانە گەورەکانە کە لەسەری پێداگرن.

- **جوانکردنی گومان بردن بەخود:**

یەکێکی تر لەفێڵەکانی شەیتان: ئەوەیە لای کەسانی زاهیدو وەرزشی روحی، هەستی خۆیانیان لا جوان و شیرین دەکرێ، بەبێ ئەوە بگەڕێنەوە بۆ حوکمی شەرع و ئەڵێن: ئەگەر دڵ لەگەڵ خوادا بوو، پاڕێزراو بوو، ئەوە هەست و ختورەکانیشی لەهەڵە پاڕێزراون، ئەوەش ئەوپەڕی فێڵی دوژمنە بەرانبەریان.

ختورەو هەستەکان سێ جۆرن: رەحمانی، شەیتانی، دەروونی، نمونەی خەو، ئەگەر بەندە بەپلەیەکی بەرزی دونیا نەویستی و پەرستشیش بگات، ئەوە هەتاوەکو

---

١ – یەکێکە لەبێژەو وشەکانی سۆفییەکان نمونەی ابدال و ئەقتاب و شتانی تر، وشە گەلێکن کە هیچ بنەمایەکی شەرعییان نییە.

مردن شەیتان بەجێی ناهێڵێ. شەیتان بەنێو دەماری خوێندا هاتووچۆ دەکات، ئەوە تەنیا پەیامبەرانن(سەلامی خوایان لەسەربێ) لەهەڵەو تاوان بەدوورن، کە نێوەندی نێوان خواو مەخلوقاتی خوای گەورەن لەگەیاندنی فەرمان و نەهییەکانی خوای گەورەو بەڵێن و هەڕەشەکانی. بەدەر لەپەیامبەران، ئەوانی تر دەپێکن و هەڵەش دەکەن.

گەورەی فەرموودەناسە ئیلهام پێدراوەکان: عومەری کوڕی خەتاب(خوای لێ رازیی بێ) شتێکی وت، کەسێکی لەخۆی نزمتر وەلامی دایەوە، هەڵەی بۆ روون کردەوە، عومەر لەقسەی خۆی پاشگەزبوویەوەو بۆچوونی ئەو کەسەی پەسەند کرد[1].

ختورە و چپەی دەروونی خۆی ئەخاتەپێش قورئان و فەرموودەو لایان بەلادا ناکاتەوەو نایانکاتە بڕیاردەرو کاریان پێ ناکات. یەکێ لەو نەفامانە دەبینرێت و ختورە و چپەی دەروونی خۆی ئەخاتەپێش قورئان و فەرموودەو لایان بەلادا ناکاتەوەو ئەڵێ: دڵم لەبارەی پەروەردگارمەوە قسەی بۆ کردم، ئێمە لەو زیندووەی کە نامرێ و خوایە پەیاممان وەرگرتووەو ئێوەش لەنێوەندگیرەوە وەرتان گرتووە، ئێمە حەقیقەتەکانمان وەرگرتووەو ئێوەش شوێن وێنە کەوتوون!

نمونەی ئەو قسانە بێباوەڕی و ئیلحادە، مەگەر کەسێك بیانووی هەبێ لەو کارەو بیانووەکەشی نەزانیی بێ[2]، تەنانەت بەهەندێ لەوانە وتراوە: بۆچی ناچی گوێبیستی

---

١ – سەبارەت بەچیرۆکی ئەو ئافرەتەی لەبارەی مارەبییەوە رەخنەی لەعومەر گرت، عومەر پێیووت:((هەموو خەڵکی لەعومەر شەرعناسترن))، ئەوە چیرۆکێکی لاوازە و ناسەلمێ ئەگەرچی هەندێ لەزانایانیش بەسەحیحیان داناوە! برامان نزار عەرعور نامەیەکی تایبەتی هەیە لەڕوونکردنەوەی لاوازیی ئەو چیرۆکەدا و بەم نزیکانە چاپ بووە.

٢ – ئەوە راستییە، بەڵام لەتاوانی کەمتەرخەمی لەوەرگرتنی زانست و ناسینی حەق نابەخشرێت.

فەرموودە بی لای عەبدولڕەزاق؟ لەوەڵامدا وتوویەتی: کەسێك گوێبگرێ لەپادشای مەخلوقات چی پێویستییەکی بەگوێگرتن لەعەبدولڕەزاق هەیە؟!

ئەوە ئەوپەڕی نەفامییە، چونکە ئەوەی گوێبیستی پادشای مەخلوقات بووبێ، موسای کوڕی عیمران بووە، بەڵام نمونەی ئەو جۆرە کەسانەی وەها بانگەشەیەك دەکەن، ئەوەی لەگەڵیاندا قسەی کردووە، یان شەیتان بووە یان دەروونی نەفامی خۆی، یان هەردووکیان پێکەوە یان بەتەنیا!

هەرکەسێ گومان بکات پێویستی بەوە نییە کە پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) پێی هاتووەو گوێبیستی ختورەو خەیاڵی خۆی بێ، گەورەترین کوفری کردووە.

ئەوەی دەکەوێتە دڵەوە هیچ گرنگی و پەندێکی پێ وەرناگیردرێت ئەگەر بەراورد نەکرێ بەوەی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) هێناوێتی و رێك نەبێ بەو پەیامە، ئەگەرنا ئەوە لەفڕێدانی دەروون و شەیتانەوەیە.

لەعبداللەی کوڕی مەسعود پرسیار کرا لەبارەی ئەو کەسەی حوکمی مارەیی بۆ مانگێك پشتگوێ دەخات[1]، دوای مانگێك وتی: بەبۆچوونی خۆم قسە دەکەم لەو بارەیەوە، ئەگەر پێکام ئەوە لەلایەن خواوەیە، ئەگەریش هەڵەم کرد، ئەوە لەخۆم و لەشەیتانەوەیە و خواو پەیامبەرەکەی لێی بەدوورن)).

نووسەرێکی بەردەستی عومەر نووسی:((ئەمە ئەو بۆچوونەیە کە خوای گەورە پیشانی عومەری دا، عومەر وتی: نە، ئەوە بسڕەوە، بنووسە: ئەوە بۆچوونی عومەرە)).

---

١ – ئەبو داوود(٢١١٤ و ٢١١٥ و ٢١١٦) گێڕاویەتییەوە لەمەسروقەوە بەکۆمەڵێ ئیسنادی سەحیح. (المُفوِّضة): ئەوەیە کە حوکمی مارەیی پشتگوێخستووە.(المصباح المنير)(ص٤٨٣).

زۆر و بەناوبانگە کە هاوەڵان،بەچاوی تۆمەتەوە ئەیانڕوانیە بۆچوونی خۆیان لەکاتێکدا پاکترین دڵ و قوواڵترین زانست و دوورترین بوون لەشەیتانەوە، لەتەواوی ئۆممەت پەیڕەوکارتر بوون بۆ سوونەت، تووندتربوون لەتۆمەتبارکردنی بۆچوونی خۆیان و دژ بوون بەوە.

لایان نەدەکردەوە بەلای ختورەی دڵ و بۆچوونی خۆیان و بەبێ دوو شایەت، هیچ شتێکیان وەرنەدەگرت.

جونەید ئەڵێ:((ئەبو سولەیمانی دارانی ئەڵێ: رەنگە ڕۆژێك قسەی خۆشی ئەوان بکەوێتە دڵمەوە، قبوڵی ناکەم بەبێ بەڕانبەرکردنی بەدوو شایەتی ڕاستگۆی قورئان و سوونەت))[1].

سری ئەلسەقتیی ئەڵێ:((هەرکەسێ بانگەشەی ناخ و ناوەوەی زانستێك کرد پێچەوانەی ڕواڵەتی حوکمێك بوو، ئەوە تێکەڵوپێکەڵی کردووە)).

جونەید ئەڵێ:((ئەم مەزهەبەی ئێمە پەیوەستە بەقورئان و سوونەتەوە، هەرکەسێ قورئان لەبەر نەکات و فەرموودە نەنووسێتەوەو لێی تێنەگات، چاوی لێ ناکرێت)).

ئەبو بەکر ئەلدەقاق ئەڵێ:((هەرکەسێ سنووری فەرمان و نەهی لەڕواڵەت و ئاشکرادا لەدەست بدات، لەبینینی دڵ لەناخدا بێ بەش دەبێ)).

ئەبو ئەلحسێن ئەلنوری ئەڵێ:((هەرکەسێکت بینی لەگەڵ دۆستایەتی خوای گەورەدا بانگەشەی حاڵەتێکی دەکرد لەسنووری زانستی شەرعیی دەریدەکرد، لێی نزیك مەبەرەوە و لەئاییندارییدا تۆمەتبار بیبینە)).

---

١ – ((سير أعلام النبلاء))(١٠/١٨٣)، و((طبقات الصوفية))(ص٧٧).

ئەبو حەفسی پایەبەرز(الكبير الشأن) ئەڵێ:((هەرکەسێ دۆخ و کرداری بەقورئان و سوونەت نەپێوا و ختورەو بۆچوونی خۆی بەگومان و تۆمەتبار نەبینی، لەڕیزی پیاواندا مەیژمێرە)).

چەندە جوانە ئەوەی ئەبو ئەحمەد ئەلشیرازی وتوویەتی:((سۆفێیەکان گاڵتە بەشەیتان دەکەن لەکاتێکدا شەیتان گاڵتە بەئەوان دەکات).

- **بەگرووپکردنی خەڵکی:**

یەکێکی تر لەفێڵ و تەڵەکەبازییەکانی شەیتان: ئەوەیە فەرمانیان پێ دەدات یەک بەرگ لەبەر بکەن و بەیەک شێوازی دیاریکراو بەڕێوە بڕۆن و پەیڕەوی یەک زاناو ڕێگەیەکی داهێنراو بکەن و وەک فەرزەکان ئەوەیان بەسەردا دەسەپێنێ، ئەوانیش لێی لانادەن و سەرزەنشت و عەیبداری ئەو کەسانە دەکەن لێی دەردەچن، کەسی وەهایان هەیە یەک شوێنی تایبەت کردووە بۆ نوێژ، لەکاتێکدا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نەهی کردووە کەسێک یەک شوێن تایبەت بکات بۆ نوێژ وەک ئەوەی وشترێ لەشوێنێکی تایبەت بمێنێتەوە[1].

هەروەها ئەبینی، کەسانێکیان لەسەر ڕاخەر نەبێ نوێژ ناکەن لەکاتێکدا پەیامبەر(ﷺ) ئەوەی نەکردووە و ڕاخەری لەبەردەمدا دانەنراوە، بەڵکو لەسەر گڵ کڕنۆشی بردووە، هەندێجاریش لەسەر حەسیر[2] ئەگەر شتیشی لەژێر نەبووایە، لەسەر زەوییەکە نوێژی دەکرد.

---

١ – فەرمودەیەکی سەحیحەو لە(الإتمام) (٨٣٣٢) تەخریجم کردووە لەکۆمەڵێ هاوەڵەوە.

٢ – هەموو ئەوانە فەرمودەی مەشهور و بەناوبانگن.

سەرقاڵبوون بەلەبەرکردنی وێنە لەجیاتی سەرقاڵبوون بەشەریعەت و حەقیقەتـەوە، بەوە لەگەڵ وێنە داهێنراوەکاندا رێکهاتن کە نە ئەهلی فیقهو شارەزایی شەرعیی بوون و نە ئەهلی حەقیقەتەکان.

کەسی خاوەن حەقیقەت سەختە بەلایـەوە پەیوەسـت بـێ بەوێنـەی داهێنـراوەوە، چونکە دڵی دوورەخاتەوە لەخوای گەورە، هەرچکاتێ بـەوەوە پەیوەسـت بـێ، دڵـی لەهـەنگاونان رادەگرێـت، سـووکترین و ناخۆشـترین کـاتی، ئـەو کاتەیـە کـە لەگەڵیـدا رادەوەستێ. لەهەنگاوناندا راوەستان نییـە، یـان بـەرەو پێشـەوە دەچـی یـان بـەرەو دواوە، هـەروەک پـەروەردگار دەفـەرموویت: ﴿ لِمَن شَآءَ مِنكُمۡ أَن يَتَقَدَّمَ أَوۡ يَتَأَخَّرَ ٣٧ ﴾ المدثر: ٣٧، واتا: بۆ ئەو کەسەتان کە دەیەوێ پێش بکەوێت(لە چاکەدا)یا دواکەوێ.

بۆیە لەڕێگەدا وەستان نییە، یان ڕۆیشتن و پێشکەوتنە، یان گەڕانەوەو دواکەوتن.

هەرکەسێ لەپێشەنگیی پەیامبـەری خـوا(ﷺ) و سـەربووردەی بڕوانـێ و رابمـێنێ، دەبـینێ پێچـەوانەی ئەوانـە بـووە، هەنـدێ جـار قەمیسـی لەبـەر کـردووە، هەنـدێجار سەرجل و هەندێجار کەواو و جوبەو هەنـدێجار عـەبا و سـواری ووڵاخ دەبـوو، هەنـدێجار لەسـەر زەوی دادەنیشـت و هەنـدێجار لەسـەر حەسـیر و هەنـدێجار لەسـەر ڕاخـەر، هەندێجار بەتەنیا بەڕێوە دەڕۆیشت و هەندێجار لەگەڵ هاوەڵانیدا[1].

یەکێک لەڕێنیشاندەرییەکانی پەیامبەر(ﷺ)، ئەوە بـووە زۆری لـەخۆی نـەکردووەو پەیوەست نەبووە بەشتێکەوە کە پەروەردگاری فەرمانی پـێ نـەکردبێ، بۆیـە لـەنێوان ڕێنیشاندەریی پەیامبەر(ﷺ) و قسەو کرداری ئەوانەدا جیاوازییەکی زۆر هەیە.

---

١ – هەموو ئەوانە سەحیحن و لەکتێبەکانی سیرەدا هاتوون.

- **وەسواسی لەتەهارەتگرتندا:**

یەکێکی تر لەفێڵەکانی شەیتان کە نەزانەکانی پێ بەدەردێکی سەخت گەیاندووە: ئەو وەسوەسەو ناخۆشییەیە کە دوابەدوای نییەت لەکاری تەهارەت و نوێژدا بۆیان دروست دەبێ و ئەیانخاتە بێشەلآن و داو و کۆت و بەندەوە، دەریان دەهێنێ لەشوێنکەوتنی ڕێبازی پەیامبەر(ﷺ)، خەیاڵ بۆ هەندێکیان دروست دەکات بەوەی، ئەوەی پەیامبەر(ﷺ) هێناوێتی بەس نییە ئەگەر شتی تری نەخرێتەپاڵ، بۆیە ئەو گومانە، پووچی و ماندوویەتی و بەتاڵبوونەوەی پاداشت یان کەموونەوەی پاداشتی کاریان بۆ کۆدەکاتەوە.

بێگومان ئەوە شەیتانە وەسوەسە دروست دەکات و بانگەوازی بۆ دەکات، بۆیە شوێنکەوتەکانیشی بەدەم بانگەوازەکەیەوە دەڕۆن و پەیڕەوی فەرمانی دەکەن و نیازیان نامێنێ بەشوێنکەوتنی پەیامبەری خوا(ﷺ) و گرتنەبەری ڕێگەو ڕیبازی، هەتا بەوە دەگات هەندێکیان وەهای دەبینێ، ئەگەر دەستنوێژی پەیامبەر(ﷺ) بشوات یان خۆشۆردنی ئەو ئەنجام بدات، دەستنوێژەکەی نەگرتووە و پاك نەبووەتەوە!

ئەگەر عوزر و بیانووی نەزانیی نەبێ، ئەوە سەرسەختی کردن دەبوو بەرانبەر بەپەیامبەر(ﷺ)، چونکە پەیامبەر(ﷺ) بەمودێ ئاو دەستنوێژی دەشۆرد کە نزیکە بەسێ ڕەتڵی دیمەشقی و بەساعێ خۆی دەشۆرد[1] کە نزیکەی ڕەتڵێك و یەك لەسەر سێ ڕەتڵە.

کەسی وەسواس وەها گومان دەکات، ئەو ئاوە بەشی ئەوەندەی ناکات تەنیا دەستەکانی پێ بشوات. کەسێکی خراپەکاری ستەمکارە، ئاخۆ چۆن لەخوا نزیك دەبێتەوە لەکاتێکدا خراپەکارە بەرانبەر بەخواو سنوورەکەی دەبەزێنێ؟

---

١ – بوخاری(٢٦٣/١) و موسلیم(٣٢٥) ئیخراجیان کردووە لەئەنەسەوە.

راست لەپەیامبەری خواوە(ﷺ) هاتووە، کە خۆی و عائیشە لەئاوی نێو تەشتێ(قوسعەیە) خۆیان شۆردووە کە شوێنەواری هەویری پێوە هەبووە[1].

ئەگەر کەسی خاوەن وەسوەسە یەکێ ببینێ وەها بکات، تووند رەتیدەکاتەوە و ئەڵێ: ئەو ئەندازە ئاوە بەس نییە بۆ خۆشۆردنی دوو کەس. چۆن بەهەوێرەوە بووە لەکاتێکدا ئاوەکە دەگۆڕێت؟ بۆیە دروست نییە بۆ پاکبوونەوە بەکاربهێنرێت.

لەسەحیحدا سەلماوە[2] لەئیبن عومەرەوە(خوای گەورە لەخۆی و باوکی رازیی بێ) کە وتوویەتی:((ئافرەتان و پیاوان لەسەردەمی پەیامبەری خوادا(ﷺ) لەیەک دەفردا دەستنوێژیان دەشۆرد)).

ئەو تەشت و مەنجەڵەی پەیامبەری خوا(ﷺ) و خێزانەکانی و هاوەڵانی و خێزانەکانی هاوەڵانی تیایدا خۆیان دەشۆرد، گەورە نەبوو، بەلوعەی پێوە نەبوو، لافاوی ئاویان بۆ نەهێنابوو وەک ئەوەی نەزانەکانی ئێستا ئەنجامی دەدەن و ئاو لەلێواری تەشتەوە دەڕژێت و ئەو نەزانانەش کە لەنێو حەوزی نێو گەرماودا خۆیان بەوەسوەسە گیرۆدە کردووە.

رێنیشاندەریی و هیدایەتی پەیامبەری خوا(ﷺ) کە هەرکەسی نەیەوێ، سوونەتی ئەوەی نەویستووە: رێگە دراوە لەدەفر و تەشتێ خۆشۆردن ئەنجام بدرێ، جا

---

١ – نەسائی(٤٧/١) و ئیبن ماجە(٣٧٨) و ئیبن حیبان(٢٢٧) و ئەحمەد(٣٤٢/٦) ئیخراجیان کردووە لەڕێگەی موجاهیدەوە ئەویش لەئوم هانیئیەوە کە ئەو چیرۆکە لەگەڵ مەیمونەدا بووە، سەنەدەکەشی سەحیحە. ئەو فەرموودەیە عیلەیەکی بۆ هێنراوەتەوە کە کێشەی بۆ دروست ناکات! وەک ئەوەو وەلاەکەشی دەبینی لە(الإتمام)(٢٦٩٤٠) خوای گەورە تەواوکردنی ئاسان کرد. هەرچی فەرموودەی خۆشۆردنی پەیامبەری خوایە(صلى الله عليه وسلم) لەگەڵ عائیشە، ئەوە باسی قوسعەی تێدا نییە، بوخاری(٢٩٩) و موسلیم(٣١٩) گێڕاویانەتەوە.

٢ – بوخاری(١٩٣) ئیخراجی کردووە لەئیبن عومەرەوە.

تەشتەکە پڕ ئاو بوو یان کەم، بەڵام ئەو کەسەی چاوەڕێ دەکات تاوەکو حەوزە ئاوەکە پڕبێ و پاشان تەنیا تایبەتی بکات بۆ خۆشۆردنی خۆی و لەو ئاوەدا کەسی تری لەگەڵدا بەشدار نەبێ، ئەوە بیدعەچی و پێچەوانەی شەریعەتی کردووە.

شێخ و مامۆستامان ئەڵێ: ئەو کەسە پێویستی بەوەیە تەمبێیەکی تووند بکرێت تاوەکو خۆی و هاوشێوەکانی دووربکەونەوە و دەستهەڵبگرن لەداهێنانی شتێك لەئایینداا نییە و خوای گەورە فەرمانی وەهای نەکردووە، بەداهێنان خوا بپەرستن نەك بەشوێنکەوتن.

ئەو سوونەتە سەحیحانە بەڵگە دەدەن لەسەرئەوەی، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی زۆر ئاویان نەڕژاندووە، تابیعینی چاکیش لەسەر ئەوە بەردەوام بوون.

سەعیدی کوڕی موسەیب ئەڵێ: من لەگۆزەی لەبەر هەڵگۆڵراو سەرئاو دەکەم و دەستنوێژ دەشۆرم و بۆ ماڵەوەشی تیادا دەهێڵمەوە)).

ئیمام ئەحمەد ئەڵێ: یەکێك لەنیشانەکانی تێگەیشتنی پیاو، کەم تامەزرۆبوونێتی بۆ ڕژانی ئاو)).

ئەلمروزی ئەڵێ:((بۆ ئەبو عبدالله لەنێو سەربازگەدا دەستنوێژم شۆرد، لەبەرچاوی خەڵك نەمکرد نەوەك بڵێن: بەهۆی کەم ڕژانی ئاوەوە دەستنوێژێکی باشی نەشۆرد)).

ئەحمەد کە دەستنوێژی دەشۆرد، ئەوەندە کەم ئاوی بەکاردەهێنا وەخت بوو زەوی بەردەمی تەڕ نەکات.

لەپەیامبەری خواوە(ﷺ)لەسەحیحدا سەلماوە: "أَنَّهُ تَوَضَّأَ مِنْ إِنَاءٍ فَأَدْخَلَ يَدَهُ فِيهِ ثُمَّ تَمَضْمَضَ وَاُسْتَنْشَقَ"[1]،واتا: لەدەفرێکدا دەستنوێژی شۆرد، دەستی خستە ناویەوەو پاشان ئاوی لەدەم و لووتی وەردەدا.

لەخۆشۆردنیشدا ئاوەها بووە، دەستی خستوەتە نێو تەشت و دەفرەکەوە و ئاویشی لێ خواردووەتەوە، بەڵام کەسی وەسواس ئەوەی پێ جائیز نییە، وەک ئەوەی حوکمی پیسیی ئەو ئاوە بدات و پاکیی لێ دابماڵێ.

بەتێکڕایی، نمونەی ئەمە خۆی ملکەچ دەکات شوێن پەیامبەری خوا بکەوێ(ﷺ) و پەیامبەری خوا(ﷺ)چۆنی کردبێ ئاوەها بکات، چۆن کەسی وەسواس رازیی دەبێ خۆی و ژنی لەتەشتێکدا خۆیان بشۆرن کە نزیکەی پێنج رەتڵ دیمەشقیی ئاو لەخۆدەگرێت؟ و دەستیان تێدا بشۆرن؟

کەسی وەسواس بەوە قێز دەکات و بێزار دەبێ هەروەک چۆن کەسی هاوبەش پەیداکەر بەباسکردنی تەنیا خوای گەورە بێزار دەبێ.

- **گومانەکانی خەڵکانی وەسواس:**

خەڵکانی وەسواس و گوماناویی ئەڵێن: بۆ وریاییکردن لەئاییەنەکەمان ئەوە دەکەین، هەروەها بەکارکردن بەفەرمایشتی پەیامبەری خوا(ﷺ) کە دەفەرموێت:«دَعْ ما يُرِيبُكَ إلى ما لا يُرِيبُكَ»[2]،واتا:دەستبەرداری ئەوە ببە کە گومانت بۆ دروست دەکات و گوماناوییە و ئەوە بکە کە جێی گومان نییە.

---

١ – بوخاری(١٥٩) و موسلیم(٢٢٦) گێڕاویانەتەوە لەعوسمانەوە.

٢ – ترمیزی(٢٥٢٠) و نەسائی(٨/٣٢٧) و ئەحمەد(١/٢٠٠) گێڕاویانەتەوە لەحەسەنی کوڕی عەلییەوە بەسەنەدێکی سەحیح.

هەروەها فەرموودەی: "مَن اتَّقى الشُّبُهاتِ استَبْرَأَ لدينِه وعِرْضِه" [1]،واتا: هەرکەسێ خۆی لەگومان بپارێزێ، ئایین و ناموسی خۆی پاراستووە. هەروەها فەرمایشتی:"الْإِثْمُ مَا حَاكَ فِي صَدْرِكَ"[2]،واتا: تاوان ئەو شتەیە کە لەدڵتدا نائارامییت بۆ دروست دەکات.

یەکێك لەپێشین وتوویەتی[3]: تاوان، لەو شتانەیە کە ئازار بەدڵ دەگەیەنێ.

پەیامبەری خوا(ﷺ) دەنکە خورمایەکی دۆزییەوە فەرمووی: «لَوْلَا أَنِّي أَخْشَى أَنْ تَكُونَ مِنَ الصَّدَقَةِ لَأَكَلْتُهَا» [4]،واتا:لەترسی ئەوە نەبێ خورمایەکی سەدەقە بێ، ئەوە دەمخوارد.

ئاخۆ نابینی وەك ئەگەرکردنێك ئەو دەنکە خورمایەی نەخواردووە؟

ئەمە بوارێکە هەتا لەدوای بچی درێژە دەکێشێ.

ئەگەر و وریاییکردن لەشەرعدا خراپ نییە، ئەگەر ئێوە بەشوبهاندنتان ناوی لێبنێن وەسواسی.

عبداللەی کوڕی عومەر لەخۆشۆردندا ناو چاویشی دەشۆرد هەتا کوێر بوو[5].

ئەبو هورەیرە کە دەستنوێژی دەشۆرد هەتاوەکو بازووی تەڕ دەکرد، قاچیشی هەتاوەکو ئەژنۆی.

---

١ – بوخاری(١١٧/١) و موسلیم(١٥٩٩) گێڕاویانەتەوە لەموعمانی کوڕی بەشیرەوە.

٢ – موسلیم(٢٥٥٣) گێڕاویەتییەوە لەنەواسی کوڕی سەمعانەوە.

٣ – ئیبن مەسعود، تەبەرانی لە(الکبیر)(٨٧٤٨) لێیەوە گێڕاویەتییەوە. ئەلعەدەنی و کەسانی تریش گێڕاویانەتەوە، بەمەرفوعیی ناسەلمێ. بڕوانە:((تخریج أحادیث الإحیاء))(رقم٨٠) و (مجمع الزوائد)(١٧٦/١).

٤ – بوخاری(٢٥١/٤) و موسلیم(١٠٧١) گێڕاویانەتەوە لەئەنەسەوە.

٥ – بڕوانە:((سنن البیهقي))(١٧٧/١) و ((مصنف عبد الرزاق))(٩٩١).

ئێمەش ئەگەر بۆ خۆمان ئەگەر وەربگرین و کار بەیەقین بکەین و دەستبەرداری گومان ببین و لەبەر یەقینی دیار دەستبەرداری شتێك بین کە گومانی تێدا هەیە و لەشوێنی گومان خۆمان بەدوورگرت، ئەوە لەشەریعەت لامان نەداوە و نەکەوتووینەتە بیدعەوە، ئاخۆ ئەوە لەئاسانگرتن باشتر نییە؟ هەتا ئەوەی بەندە خەمی ئایینی خۆی نەبێ و ئەگەر وەرنەگرێ، تەنیا شتەکان لەسەر خۆی ئاسان بگرێ و هەر بەڕێی بکات و خەمی نەبێ چۆن دەستنوێژ دەشوات؟ خەمی شوێنی نوێژی نەبێ؟خەمی نەبێ ئاوی دەستنوێژەکەی چۆنە؟ خەمی نەبێ بەرگ و شەڕواڵی چۆنە و چی پێوەیە؟ تەنیا گومانی خۆی دەڕازێنێتەوەو ئایینی خۆی پشتگوێ دەخات و شتەکان پاك وەردەگرێ لەکاتێکدا دەکرێ پیسترین شتێك بن، بەگومانەوە تێکەڵی نوێژ دەبێت و بەگومانیشەوە لێی دەردەچێت، ئاخۆ ئەوە لەکوێی ئەوانەدایە کە فەرمان کراوە ئەنجام بدرێن؟

وتوویانە: کۆی ئەوەی لەبەرانبەر ئێمە رەتکراوەتەوە، یان ئەگەر وەرگرتنە لەئەنجامدانی فەرمانێك یان ئەگەر وەرگرتنە لەدوورگرتن لەنەهی لێکراوێك، ئەوەش باشتر و سەرەنجام ڕێك و خێردارترە لەسەرەنجامی بەئاسانگرتنی ئەو دوو شتە کە زۆر جار ئاسانگرتن دەبێتە هۆکاری ناتەواویی لەواجیبێك و تێکەڵبوون بەحەرامێك!

جا ئەگەر کێشەی ئەمەو کێشەی وەسواسیی پێکەوە بەراورد بکەین، ئەوە کێشەی وەسواسیی کەمترە ئەگەر یارمەتییتان بدەین بۆ ئەوەی ناوی وەسواسیی لێ بنێن، بەڵام ئێمە ناوی لێدەنین ئەگەروەرگرتن و دەرخستن، بۆیە ئێوە لەئێمە خۆشحاڵتر نابن بەسوونەت، ئەوە ئێمەین بەدەوری سوونەتداین و پەیڕەوکردن و کاملبوونی سوونەتمان دەوێت!

- **کێش و تەرازووی پەیڕەوکارانی سوونەت:**

پەیڕەوکارانی سوونەت وتوویانە: خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُوا اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ ﴾ **الأحزاب: ٢١،** واتا: سوێند بەخوا بەڕاستی لە پێغەمبەری خوادا(ﷺ) بۆ ئێوە هەیە سەر مەشقی و پێشەوایەتی چاك بۆ کەسێ بەهیوای خواو(پاداشتی)ڕۆژی دوایی بە وە زۆر یادی خوا دەکات.

هەروەها فەرموویەتی:﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ ﴾**آل عمران: ٣١** واتا:ئەی موحەممەد(ﷺ) بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت کەواتە دوای من بکەون تا خواش ئێوەی خۆش بوێت.

هەروەها فەرموویەتی:﴿ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٥٨﴾ ﴾ **الأعراف: ١٥٨،** واتا:شوێنی بکەون و پەیڕەوی بکەن تا بکەونە سەر ڕێگای ڕاست و ڕێنموون.

هەروەها دەفەرموێت:﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾ ﴾ **الأنعام: ١٥٣،** واتا: بێگومان ئەمە ڕێگای ڕاستی منە کە ڕاست و دروستە کەواتە شوێنی بکەون و شوێنی ڕێچکەکانی تر مەکەون چونکە دوورتان دەخەنەوە و لاتان دەدەن لە ڕێگەی خوا، خوا ئەو شتانەی بەئێوە ڕاسپاردووە بۆ ئەوەی پارێزکار بن.

ئەو ڕێگە ڕاستەی کە ڕێنمایی پێداوین شوێنی بکەوین و پەیڕەوی بکەین، ئەو ڕێگەیەیە کە پەیامبەری خوا(ﷺ) و هاوەڵانی لەسەری بوونە و ڕێگەی مەبەستە، هەرکەسێ لێی لابدات ڕێگەی وێڵ کردووە. لادانی گەورە ئەوەیە لەو ڕێگەیە لابدەیت، ئەکرێ لادانێکی ئاسان بێ، بەڵام پلەکانی زۆرن و تەنیا خوای گەورە ژمارەیان

دەزانێ، ئەمەو وەك رێگەی هەستپێکراو، رێبوار هەیە لەڕێگە لادەدات و دووری و زۆریی لادانەکە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە.

بۆیە تاکە تەرازووی کێشکردن لەمانەوەو سەقامگیریی لەسەر ئەو رێگەیەو لادان لێی، ئەوەیە کە پەیامبەری خوا(ﷺ) و هاوەلانی لەسەری بوونە، ئەوەی لێی لادەدات یان زیادەڕۆیەکی ستەمکارە، یان موجتەهیدێکە تەئویلی کردووە، یان لاساییکەرەوەیەکی نەزانە، هەندێکیان شایستەن بەسزاو هەندێکی تریان لێخۆشبوونیان بۆ دەبێ، هەندێکیان یەك پاداشتیان هەیە، ئەوەش هەریەکەو بەپێی نیازو مەبەست و هەوڵیان لەگوێڕایەڵیکردنی خواو پەیامبەردا(ﷺ) یان لەخەمساردی و کەمتەرخەمییان.

ئێمەش هیدایەتی پەیامبەری خوا(ﷺ) و هاوەلانی دەهێنینەوە تاوەکو روونبێتەوە شیاوە دوای کام لەو دوو کۆمەڵە بکەوین، پاشان پشت بەخوا بەڵگەکانیان دەهێنینەوە.

پێش ئەوە باس لەنەهیکردن لەزیادەڕۆیی و بەزاندنی حدود و زیادەڕۆیی دەکەین، بێگومان چەقی سوڕانەوەی ئایین بەپابەندبوون و دەستگرتن بەسوونەتەوە دێتەی:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ ﴾ **النساء: ١٧١،**

واتا:ئەی خاوەن پەڕاوە ئاسمانی یەکان زیادە ڕەوی مەکەن لە ئایینەکەتاندا.

هەروەها دەفەرموێت:﴿وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ١٤١﴾ **الأنعام: ١٤١،**

واتا:زیادە ڕەوی مەکەن بێگومان خوا زیادەڕەوانی خۆش ناوێ.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ تِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَعۡتَدُوهَاۚ ﴾ **البقرة: ٢٢٩،**

واتا:ئەوانە سنووری خوان لێیان دەرمەچن.

هەروەها دەفەرموویت: ﴿ وَلَا تَعْتَدُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿١٩٠﴾ ﴾ البقرة: ١٩٠، واتا: دەست درێژی مەکەن بەڕاستی خودا دەست درێژی کەرانی خۆش ناوێت.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ ٱدْعُواْ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٥٥﴾ ﴾ الأعراف: ٥٥، واتا: دوعا و نزا لەپەروەردگارتان بکەن بە زەلیلی(و کڕوزانەوە) و بە نهێنی بێگومان خوا دەست درێژی کارانی خۆش ناوی.

ئیبن عەباس(خوای گەورە لەخۆی و باوکی رازیی بێ) ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)لەعەقەبەو لەشوێنی رەجمدا لەسەر وشترەکەی بوو فەرمووی:"کۆمەڵێ وردە بەردم پێ بدە"، منیش حەوت وردە بەردم پێ دا، ئەویش لەنێو دەستیدا ئەمدیوو و ئەودیووی پێ دەکردن و ئەیفەرموو:نمونەی ئەمانە بهاوێژن. پاشان فەرمووی: "أَيُّها النَّاسُ! إيَّاكُمْ وَالْغُلُوَّ في الدِّين، فَإِنَّمَا هَلَكَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُم بِالْغُلُوِّ في الدِّين"،واتا: ئەی خەڵکینە! ئاممان وریای زیادەڕۆیی بن لەئایینداا، زیادەڕۆیی لەئایینداا ئەوانەی پێش ئێوەی لەنێو برد"، ئەحمەد و نەسائی گێڕاویانەتەوە[1].

پەیامبەری خوا(ﷺ) نەهی کردووە لەتوندڕەوی لەئایینداا، ئەوەش بەزیادەڕەویکردن لەوەی ڕێگە دراوە ئەنجام بدرێت، هەواڵی داوە کە تووندگیریی بەندە بەسەر دەروونی خۆیدا، هۆکارە لەوەی خوای گەورە لەسەری تووند بگێڕێ، ئەوەش یان بەقەدەر یان بەشەرع.

تووندگیریی بەشەرع، وەک ئەوەی لەڕێگەی نەزری قورسەوە بارگرانیی بۆ خۆی دروست بکات و ئیتر ناچاربێ بەو نەزرەوە پابەند بێ و بەجێی بگەیەنێ.

---

١ – ئەحمەد(١٨٥١ و ٣٢٤٨) و نەسائی(٢٦٨/٥) و ئیبن ماجە(٣٠٢٩) و ئیبن حیبان(١٠١١) و تەبەرانی لە(الكبير)(١٢٧٤٧) گێڕاویانەتەوە لەڕێگەی ئەبی ئەلعالیە ئەویش لەئیبن عەباسەوە بەسەنەدێکی سەحیح.

بەقەدەریش، وەك كارو كردەوەی خەڵكانی بەدگومان و وەسواس، ئەوەندە لەسەر خۆیان تووندی دەكەن بۆیە قەدەریش لەسەریان تووندی كردووە و وەهای لێدێت بۆیان دەبێتە سیفەتێكی پێویست.

بوخاری ئەڵێ[1]:((زانایان كەراهەتیان داناوە لەدەستنوێژدا زیادەڕۆیی بكرێت و زیاتر لەكرداری پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەنجام بدەن)).

ئیبن عومەر ئەڵێ:دەستنوێژگرتنی جوان، واتا: خاوێنكردنەوە.

بۆیە ئەوپەڕی تێگەیشتن، بریتییە لەمامناوەندبوون لەئایین و پابەندبوون و دەستگرتن بەسوونەتەوە.

ئوبەی كوڕی كەعب ئەڵێ:((پابەندبن بەڕێگە و سوونەتی پەیامبەرەوە، هەر بەندەیەك لەسەر ڕێگەو ڕێباز بێت و یادی خوای گەورە بكات و تەزوو بەگیانیدا بێت لەترسی خوای گەورە، تاوانی لێ هەڵدەوەرێ هەروەك چۆن گەڵا لەدار دەوەرێ و دەكەوێتە خوارەوە، كاری كەم و پابەندبوون بەسوونەت باشترە لەهەوڵ و ئیجتیهادێك پێچەوانەی ڕێبازو سوونەت بێ، بۆیە پێداگربن كارەكانتان مامناوەندو بەپێی بەرنامەو ڕێبازی پەیامبەران بێت)).

شێخ ئەبو موحەممەد ئەلمەقدیسی لەكتێبەكەیدا((ذَمِّ الوِسْواسِ) ئەڵێ:

سوپاس بۆ خوای گەورە كە بەنیعمەتی خۆی هیدایەتی داین و بەموحەممەد(ﷺ) و پەیامی خۆی شەرەفمەندی كردین، سەركەوتووی كردین لەپابەندبوون بەسوونەتەكەی و كردنی بەپێشەنگ و پێشەوای خۆمان، منەتی خستەسەرمان كە شوێنی بكەوین و كردیە نیشانە و مەشخەڵی خۆشویستن و لێبووردنی خۆی و هۆكارێك بۆ نووسینەوەی ڕەحمەتی خۆی و دەستخستنی هیدایەت و ڕێنیشاندەریی خۆی،

---

١ – لەسەحیحەكەیدا(٢٣٢/١).

پـەروەردگار فەرموویـەتی: ﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ﴾ آل عمران: ٣١، واتا: ئەی موحەممەد(ﷺ) بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت کەواتە دوای من بکەون تا خواش ئێوەی خۆش بوێت.

هـەروەها فەرموویـەتی: ﴿ وَرَحْمَتِى وَسِعَتْ كُلَّ شَىْءٍ فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلَّذِينَ هُم بِـَٔايَـٰتِنَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٥٦﴾ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِىَّ ٱلْأُمِّىَّ ﴾ الأعراف: ١٥٦ - ١٥٧، واتا: بەزەیی و ڕەحمەتیشم هەموو شتێکی گرتۆتەوە جا لەدوایی دا ئەو(بەزەیی یەم) دەنووسم بۆ ئەوانەی پارێزکارو لە خوا ترسن و زەکات دەدەن ئەوانەش کە بڕوا بەبەڵگەو نیشانەکانی ئێمە دێنن. ئەوانەی کە شوێن پێغەمبەر و نێردراوی نەخوێندەوار دەکەون(کە لە لایەن پەروەردگارەوە هاتووە).

پاشـان فەرموویـەتی: ﴿فَـَٔامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِ ٱلنَّبِىِّ ٱلْأُمِّىِّ ٱلَّذِى يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَكَلِمَـٰتِهِۦ وَٱتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٥٨﴾ ﴾ الأعراف: ١٥٨، واتا: بڕوا بە خواو پێغەمبەرەکەی بهێنن کە نێراوێکی نەخوێندەوارە ئەویش باوەڕی بەخواو بە وتەکانی هەیە ئێوەش شوێنی بکەون و پەیڕەوی بکەن تا بکەونە سەر ڕێگای ڕاست و ڕێنموون.

پاشان:

خوای گەورە شەیتانی کردووەتە دوژمنی مرۆڤ، شەیتان لەسەر ڕێگەی راست بۆسە بۆ مرۆڤ دادەنێت و لەهەموو ڕێگەو شوێنێکەوە بۆی دێت، هەروەك پەروەردگار لەبارەیەوە هەواڵی داوەو ئەفەرموویت: ﴿لَأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَٰطَكَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ﴿١٦﴾ ثُمَّ لَـَٔاتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ وَعَنْ أَيْمَـٰنِهِمْ وَعَن شَمَآئِلِهِمْ ۖ وَلَا تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ شَـٰكِرِينَ ﴿١٧﴾ ﴾ الأعراف: ١٦ - ١٧، واتا: وتی ئەی پەروەردگار بەهۆی ئەوەوە کە گومڕات کردم بێگومان

بۆیان(ئادەم و نەوەکانی)دادەنیشم لەڕێگە ڕاستەکەی تۆدا. خوا فەرمووی: دەرچۆ تێیدا بە لۆمەکراوی و دەرکراوی سوێند بێ بێگومان هەرکەس شوێنی تۆ کەوتبێ لەوان ئەوە بێگومان دۆزەخ پڕ دەکەم لە ئێوە هەموتان.

خوای گەورە وریامان دەکاتەوە لەوەی شوێنی شەیتان بکەوین، فەرمانمان پێ دەکات بەدوژمنایەتیکردن و پێچەوانەکردنی و ئەفەرمووی:﴿ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لَكُمۡ عَدُوّٞ فَٱتَّخِذُوهُ عَدُوًّا﴾ **فاطر:** ٦، واتا:بەڕاستی شەیتان دوژمنی ئێوەیە دەی کەواتە ئێوەش بە دوژمنی خۆتانی دابنێن.

هەروەها فەرموویەتی:﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ لَا يَفۡتِنَنَّكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ كَمَآ أَخۡرَجَ أَبَوَيۡكُم مِّنَ ٱلۡجَنَّةِ ﴾ **الأعراف:** ٢٧، واتا:ئەی نەوەی ئادەم با شەیتان فریوتان نەدات و نەتانخەڵەتێنێ هەرچۆنێ باوك و دایکتانی لە بەهەشت دەرکرد.

بەوریاکردنەوەمان لەگوێڕایەڵێکردنی، هەواڵی پێداوین کە شەیتان چی بەسەر ئادەم و حەوای باوك و دایکماندا هێناوە، ئەوەی بۆ گێڕاوینەتەوە تاوەکو هۆشیاربین و بیانوومان لەدەست نەمێنێ و، فەرمانیشی پێداوین شوێن ڕێبازی ڕاستی خۆی بکەوین، نەهی لێکردووین ڕێچکەو ڕیبازەکانی تر بگرینەبەر و ئەفەرمووێ:﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ﴾ **الأنعام:** ١٥٣ واتا: فەرمانی داوە کە بێگومان ئەمە ڕێگای ڕاستی منە کە ڕاست و دروستە کەواتە شوێنی بکەون و شوێنی ڕێچکەکانی تر مەکەون چونکە دوورتان دەخەنەوە و لاتان دەدەن لە ڕێگەی خوا، خوا ئەو شتانەی بەئێوە ڕاسپاردووە بۆ ئەوەی پارێزکار بن.

ڕێگەی ڕاستی خوا بریتییە لە: ئەوەی کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی لەسەرین، بەبەڵگەی فەرمایشتی خوای گەورە:﴿ يسٓ ۝١ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡحَكِيمِ

﴿ إِنَّكَ لَمِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ۝٣ عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ۝٤ ﴾ **یس:** ١ - ٤، واتا:بـه(یا، سـین) دەخوێنرێتەوە، سوێند بە قورئانی پڕ لە دانایی، بەڕاستی تۆ(ئـەی موحەممەد(صـلی الله علیه وسلم)) لە پێغەمبەرانی خوای. لەسەر ڕێبازی ڕاستی.

هەروەها فەرمایشتی:﴿ إِنَّكَ لَعَلَىٰ هُدًى مُّسْتَقِيمٍ ۝٦٧ ﴾ **الحج:** ٦٧، واتا:بێگومان تۆ لەسەر ئایینێکی ڕاستی.

هـــەروەها فەرموویـــەتی:﴿ وَإِنَّكَ لَتَهْدِىٓ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ۝٥٢ ﴾ **الشـوری:** ٥٢، واتا:بەڕاستی تۆ(خەڵک) ڕێنموونی دەکەیت بۆ ڕێگای ڕاست.

هەرکەسێ شوێن پەیامبەری خوا(ﷺ) بکـەوێ لـەگوفتار و کردارێـدا، ئـەوە لەسـەر ڕێگـەی ڕاسـتە، ئەوەیـە کـە خـوای گـەورە خۆشـیدەوێ و لـەتاوانی خۆشـدەبێت، هەرکەسێکیش لـەگوفتار و کردارێـدا پێچـەوانەی بکـات، بیدعەچـێیە و شـوێن ڕێگـەی شـەیتان کـەوتووە، ناچـێتە ڕیـزی ئەوانـەی کـە خـوای گـەورە بـەڵێنی بەهەشـت و لێخۆشبوون و چاکە لەگەڵ کردنی پێ داون.

- **گوێڕایەڵی وەسواسەکان بۆ شەیتان:**

گرووپێك لەوەسواسەکان گوێڕایەڵیکردنی شەیتانیان تێدا بەدیهاتووە تاوەکو ئەوەی وەسوەسـەی شـەیتان بۆیـان بووەتـە وەسـف و قسـەی شـەیتانیان قبـوڵ کـردووەو کەوتوونەتـە گوێڕایـەڵیکردنی، حـەزیان بەشـوێنکەوتنی پەیامبـەر(ﷺ) و هـاوەڵانی نەماوە، کە یەکێك ببینن هەمان دەستنوێژی پەیامبەر(ﷺ) دەشـۆرێ و هـەمان نوێـژ دەکـات، بەدەسـتنوێژێکی بـەتاڵ و نوێـژێکی ناتـەواوی دەبیـنن، خـۆراکی موسـڵمان بەپیس دەبینن، دەست و دەمی خۆیان لەئاستیدا پاك دەکەنەوە وەك ئـەوەی سـەگ زمانی تێ دابێ یان پشیلە میزی بەسەردا کردبێ ئاوەها بەقێزەوە بۆی دەڕوانن.

پاشان باڵادەستبوونی شەیتان بەسەریانەوە بەئاستێ گەیشتووە بەنمونەی شێتیی بەدەم داواو ویستی شەیتانەوە رۆیشتوون و نزیك بەمەزهەبی سۆفستائییەکان[1] کە حەقیقەتی مەوجودات(بوونەوەران) و کارە هەستییەکانیش رەتدەکەنەوە.

زانینی مرۆڤ بەحاڵی خۆی، یەکێکە لەکاروبارە پێویست و یەقینییەکان، هەریەك لەوانە ئەندامی خۆی بەجۆرێ دەشۆرێ، دەیبینی تەکبیرە ئەکات و بەزمانی خۆی دەخوێنێتەوە بەجۆرێ گوێی لێ دەبێ و بەدڵ دەیزانێ، نەك هەر ئەوە، بەڵکو کەسی تریش لێیەوە دەیزانێ و دڵنیای دەکاتەوە، کەچی دواتر گومانی بۆ دروست دەبێ ئایە ئەوەی کردووە یان نە؟ شەیتانیش لەو نیازو نییەتە بەگومانی دەکات کە بەیەقین لەدەروونی خۆیەوە دەیزانێ ئەنجامی داوەو بەنیشانەو بەڵگەی بینراویش ئەوانەی دەوروبەری شایەتیی بۆ دەدەن، کەچی شەیتان لەوەدا دەیخاتە گومانەوە!

بۆ خۆبەزلزانین لەبەرچاوی ئەوانی تر و رەتکردنەوەی ئەو یەقینەی لەدەروونی خۆیدا هەیە، قسەی شەیتان قبوڵ دەکات،کە ئەو نییەتی نوێژی نەهێناوەو نیازیشی نەبووە نوێژ ئەنجام بدات، هەتا ئەوەی دەیبینی راڕاو دۆشداماوە، وەك ئەوەی بیەوێ شتێك لەکۆڵ خۆی بکاتەوە یان شتێك لەناخی خۆیدا فڕێ بداتە دەرەوە!

هەموو ئەوانەش لەئەنجامی زیادەڕۆییکردن لەگوێڕایەڵی شەیتان دێتەدی، لەگوێڕایەڵی شەیتان و قبوڵکردنی وەسوەسەو چپەکانی، جا هەرکەسێ لەگوێڕایەڵیکردنی بۆ شەیتان بەم ئاستە گەیشتبێ، ئەوە لەگوێڕایەڵییدا بەوپەڕی گەیشتووە.

---

١ – فارابی لە(إحصاء العلوم)(ص٢٤) ئەڵێ:ئەم ناوە ناوی ئەو پیشەیەیە کە مرۆڤ پێیەوە خەملاندن دەکرێت لەسەر تێکەڵکردن و ئاوەژووکردنی قسە و ئاماژە.

بڕوانە:(الصفدية)(١/ ٩٧– ٩٨) و (درء تعارض العقل والنقل)(١٥/٢)ی شیخ الإسلام ابن تیمیة، تحقیق الدکتور محمد رشاد سالم، و((المنتقى النفيس من تلبيس إبليس)(ص٦٥) بەپێنووسی خۆم.

پاشان قسەی مرۆڤی وەسواس قبوڵ دەکرێ لەسزادانی خۆی و گوێڕایەڵێکردنی لەئازارگەیاندن بەجەستەی خۆی، جارێك بەڕۆچوون لەئاوی ساردو جارێك بەزۆر بەکارهێنانی ئاو و دەستهێنان بەنێو ئەندامەکانی جەستە، هەتا ئەوەی رەنگە بەوە بگات نێو چاویش بەئاو بشۆرێ تاوەکو زیانی پێ بگات، رەنگە بەوە بگات عەورەتی پیشانی خەڵك بدات و بەحاڵێ بگات کە منداڵ و هەرزەکاران پێی پێ بکەنن و ئەوانەی بەو حاڵەوە دەیبینن، گاڵتەی پێ بکەن.

منیش ئەڵێم: ئەبو ئەلفەرەج بن ئەلجەوزی باسیکردووە[1] لەئەبی ئەلوەفائی کوڕی عەقیلەوە: کە پیاوێك پێیووتووە: زۆرجار خۆم لەئاودا نوقم دەکەم و هەر گومانم هەیە: ئایە غوسڵەکەم تەواوە یان نە، بۆچوون و قسەی تۆ چییە لەو بارەیەوە؟

شێخ پێی ئەڵێ:برۆ تۆ نوێژت لەسەر نییە. کابرا وتی: چۆن؟ وتی: لەبەر ئەوەی پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی:"رُفِعَ القلمُ عن ثلاثةٍ: المجنونِ حتَّى يُفيقَ، والنَّائِمُ حتى يستَيقِظَ، والصبيِّ حتَّى يَبْلُغَ"[2]،واتا: قەڵەمی تاوان لەسەر سێ کەس هەڵگیراوە: شێتێ هەتاوەکو عەقڵی بۆ دەگەڕێتەوە، کەسێك خەوتووە هەتاوەکو لەخەو هەڵدەستێ، منداڵێك هەتاوەکو دەگاتە تەمەنی باڵغبوون.

هەرکەسێ چەند جارێك خۆی لەئاودا نوقم بگات و گومانی هەبێ غوسڵی دەرکردووە یان نە، کەسێکی شێتە.

ئیبن قودامە ئەڵێ:رەنگە وەسوەسە ئەوەندە سەرقاڵی بکات، نوێژی بەکۆمەڵی پێ لەدەست بدات یان ئەوەندە لەنیەتیدا گومانی بۆ دروست بکات تەکبیرەی یەکەمی

---

١ – لە((تلبيس إبليس))(ص١٦٦–١٦٧، المنتقى النفيس).

٢ – فەرموودەیەکی سەحیحە، بڕوانە تەخریجکردنی لە((المنتقى النفيس))(ص١٦٧).

چوونە نێو نوێژی لەبیر ببات‌ەوە، یان رەنگە رکاتێ یان زۆرتری پێ لەدەست بدات، هەیانە سوێند دەخوات کە لەوە زیاتر ناکات، پاشان درۆ دەکات!

منیش ئەڵێم: کەسێکی متمانەدار بۆی باسکردم لەبارەی وەسواسێکی گەورەوە کە چەند جارێك نییەت دووبارە دەکاتەوە، بەوە ئەرکێکی ناخۆش و سەختی خستووەتە دوای ئەوانەی نوێژی لەپشتەوە دەکەن، ناچار پێی وترابوە تەڵاق بخوات ئیتر رکاتی زیاتر نەکات بەهۆی بەدگومانبوونییەوە و، تەڵاقی خواردووە، بەڵام شەیتان وازی لێ نەهێناوە هەتاوەکو رکاتی زیاتر کردووە و بەو هۆیەوە ژنەکەی لێ جیاکراوەتەوە، بەو هۆیەوە تووشی خەفەتێکی گەورە بووە و سەردەمێك خۆی و ژنی بەجیا ژیاون، پاشان ئەو ژنە مێردی بەپیاوێکی تر کردووە و کوڕێکی لێ بووە، پاشان پیاوی دووەمیش سوێندێ خواردووەو لەیەك جیاکراونەتەوە و دوای ئەوە گەڕاوەتەوە لای مێردی یەکەم کە بەهۆی دوورکەوتنەوەی لەو ژنە، وەخت بوو تیابچێ.

لەبارەی کەسێکی تریشەوە پێمگەیشتووە کە سەخت و گیر بووە لەوتنی نییەت و رۆژێك تەواو ماندووبووە ئەوەندە وتوویەتی: نوێژ دەکەم نوێژ دەکەم نوێژ دەکەم نوێژی فلانە فەرز و ویستوویەتی(أداء لله)[1]بڵێ،واتا: بۆ خوای بەجێدەهێنم. وتوویەتی:(أداءً لله)،واتا: وەك ئازاردانێك بۆ خوا. کابرایەك لەپاڵیدا نوێژەکەی دەبڕێت و ئەڵێ: بۆ پەیامبەرەکەی و فریشتان و نوێژخوێنانیش!!

ئەڵێ: لەوانە هەیە لەکۆتا پێتدا وەسوەسەی بۆ دروست دەبێت و چەند جارێك دووبارەی دەکاتەوە.

---

١ – هەموو ئەو وشانەی خەڵکی ئەیڵێن لە(ئەدا) و (ئیقتیدا) و (رووەو قیبلە) کۆمەڵێ وشەن و هیچ بنەمایەکیان نییە، نییەت واتا پێداگری دڵ لەسەر ئەنجامدانی کارێك و ئەوە کاری زمان نییە، دانەر لەم لاپەڕانەی دادێت باسی دەکات.

ئەڵێ:لەوانەم بینیووە وتوویەتی: الله أككبر!

ئەڵێ: یەکێك لەو مرۆڤە وەسواسانە پێی وتم: توانام نییە بڵێم(السلام علیکم)، منیش پێمووت: ئەوە بڵێ کە ئێستا وتت ئیتر ئەو گومانەت لەکۆڵ دەبێتەوەو ئارام دەبی!

شەیتان بەجۆرێك بەسەریاندا زاڵبووە، لەدونیادا پێش ئاخیرەت سزای داون، دووریخستوونەتەوە لەشوێنکەوتنی پەیامبەری خوا(ﷺ) و خستوونێتییە ریزی خەڵکانی زۆر لەخۆکەرو زیادەڕۆ.

وەها دەزانن کارێکی چاك و جوان دەکەن.

هەرکەسێ بیەوێ لەم نەگبەتی و سەرئێشەیە رزگاری بێ، با هەست بکات کە حەق و راستی ئەوەیە شوێن پەیامبەری خوا(ﷺ) بکەوێ لەقسەو کرداریدا، پێداگریی بکات بۆ هەڵسوکەوت کردن بەشێوازی ئەو پەیامبەرە، بەپێداگریی ئەو کەسەی گومان لەوە ناکات ئەو پەیامبەرە لەسەر ڕێگەی راست و ڕەوانە، پێچەوانە بەوەش وەسوەسەو کاری ئیبلیسە، دڵنیاش بێ کە ئەوە دوژمنێکەو بۆ خێرو چاکە بانگەوازی ناکات: ﴿إِنَّمَا يَدْعُواْ حِزْبَهُۥ لِيَكُونُواْ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ۝٦﴾ فاطر: ٦واتا: بەڕاستی شەیتان دوژمنی ئێوەیە دەی کەواتە ئێوەش بە دوژمنی خۆتانی دابنێن.

با واز لەخوارو خێچیی هەرکەسێ بهێنین کە پێچەوانەی ڕێگەی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) بکات، جا ئەو کەسە هەرکەسێ بێ، بێگومان بۆ خۆی گومانی ئەوە ناکات کە پەیامبەری خوا(ﷺ) لەسەر ڕێگەی راست بووە، چونکە هەرکەسێ گومانی لەو جۆرە بکات، موسڵمان نییە.

ئاخۆ کێ پەیامبەری فێر کردووە؟ ئەی لادان لەڕێبازی ئەو سەرەنجامی بەرەو کوێ دەبێ؟

بەندە جگە لەڕێگەی پەیامبەر(ﷺ) روو لەچی ڕێگەیەکی تر بکات؟

لەدەروونی خۆیدا ئەڵێ: ئایە نازانی کە ڕێگەی پەیامبەر(ﷺ) ڕێگەی راست و دروستە؟

ئەگەر دەروونی وتی: بەڵێ چۆن نازانم.

با پێی بڵێ: ئاخۆ ئەو هەمان کاری تۆی دەکرد؟

بێگومان ئەڵێ: نە.

بۆیە بەدەروونت بڵێ: لەدوای حەق و راستی، ئەوی تر گومڕایی نییە؟

لەدوای ڕێگەی بەهەشت، ڕێگەی دۆزەخ نایەت؟

لەدوای ڕێگە و ڕێبازی خواو پەیامبەرەکەی، ڕێگەی شەیتان نییە؟

بزانە ئەگەر ڕێگەی شەیتانت گرتەبەر، ئەوە دەبێتە هاوڕێ و هاوەمی ئەو و لەقیامەتدا ئەڵێی: ﴿ يَٰلَيۡتَ بَيۡنِي وَبَيۡنَكَ بُعۡدَ ٱلۡمَشۡرِقَيۡنِ فَبِئۡسَ ٱلۡقَرِينُ ٣٨ ﴾ **الزخرف:** ٣٨، واتا: خۆزگە نێوانی من و تۆ بەقەدەر نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا بوایە ئای چ هاوڕێ یەکی خراپ بووبت.

با بڕوانێتە حاڵی پێشین لەشوێنکەوتنیان بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و ئەوان بکاتە پێشەنگی خۆی و ڕێگەی ئەوان بگرێتەبەر، لەهەندێکیانەوە بۆ ئێمە گێڕدراوەتەوە وتوویانە:((قەومێ پێش من کەوتن، ئەگەر بەهۆی دەستنوێژەوە نەدەبوو، ئەوە من پێش ئەوان دەکەوتم)).

ئەڵێم: ئەوەی ئەوەی وتووە، ئیبراهیمی نەخەعیی بووە.

زەین ئەلعابین ڕۆژێك بەکوڕەکەی ئەڵێ:((کوڕی شیرینم! بەرگێکم بۆ دابین بکە لەکاتی سەرئاوکردندا لەبەری بکەم، ئەبینم مێش لەسەر پیسایی دەنیشێتەوەو دواتر دەنیشێتەوە سەر بەرگ و پۆشاکم، پاشان وریا دەبمەوەو ئەڵێم: پەیامبەری خوا(ﷺ)

و هـاوەڵانی تـەنیا یـەك بـەرگ و پۆشـاكیان هـەبووە، بـەوە وازی لـەو داوایـەی هێنـا لەكوڕەكەی)).

عومەری كوڕی خەتاب(خوای لێ رازیی بێ) هـەركاتێ نییـەتی ئەنجامـدانی كـارێكی هەبووایە و پێی بووترایە: ئەو كارە لەلایەن پەیامبەری خواوە(ﷺ) ئەنجام نـەدراوە، وازی لێ دەهێنا، هەتا ئەوەی وتراوە: هەتا ئەوەی وتم لەبەركردنی ئەم بەرگەش نەهی كراوە، چونكە پێمگەیشتووە لەمیزی پیرەژن دروست رەنگ دەكرێت!

ئوبەی پێی وتم: ناتوانی نەهی لێ بكـەی، بێگومـان پەیامبـەری خـوا(ﷺ) لەبـەری كردووە و لەسەردەمی ئەویشدا لەبەر كراوە، ئەگـەر خـوای گـەورە بیزانیایـە حەرامـە لەبەر بكرێ، ئەوە بۆ پەیامبەرەكەی روون دەكردەوە.

عومەریش وتی: راستت كرد[1].

پاشان با ئەو جۆرە مرۆڤە بزانـێ، كـە لـەپیزی هاوەڵانـدا كەسـی وەسـواس بـوونی نەبووە، جا ئەگەر وەسوەسە گەورەیی بووایە، ئەوە خوای گەورە، پەیامبەرەكـەی و هاوەڵانی لێ بێ بەش نەدەكرد كـە باشـترین و بـەڕێزترینی مـەخلوقات بـوون. ئەگـەر هەبووایە و رووی دابایە پەیامبەری خوا(ﷺ) كەسانی وەسواسی ببینایە، لێیان تووڕە دەبوو، ئەگەر عومەریش بەسەردەمی ئەوان بگەیشـتبایە، لێـدانی دەكـردن و تـەمبێی دەكردن، ئەگەر بەسەردەمی هاوەڵانیش بگەیشتبانایە، ئـەوە بەموبتـەدیعیان هـەژمار دەكرد.

بۆیە لێرەدا بەوەی خوای گەورە ئاسانی كردووە، هـەموو ئـەو شـتانە كـە لـەبارەی جیاوازی و ناكۆكیی مەزهەبەكەیانەوە هاتووە، بەدوورودرێژی باس دەكەم:

---

١ - ئەحمـەد(١٤٣/٥) و عەبـدولرەزاق(١٤٩٥) بەسـەنەدێكی پچـراو(منقطـع) گێڕاویانەتـەوە وەك الهیثمـي وتوویەتی(١٢٨/٥).

١) نییەت لەدەستنوێژ گرتن(تەهارەت) و نوێژدا

نییەت: واتا مەبەست و پێداگری بۆ کردنی کارێك. دڵ شوێنی نییەتە، هەرگیز پەیوەندی بەزمانەوە نییە، بۆیە نە لەپەیامبەری خواوە(ﷺ) و نە لەهاوەڵانەوە شتێك نەگوازراوەتەوە باس لەوە بکات بەزمان نییەت بهێنرێت، لێیشیانەوە شتی لەو جۆرە نەگوازراوەتەوە.

ئەو دەستەواژەو وشانەی کە لەکاتی تەهارەت و نوێژدا داهێنراون، شەیتان کردوونی بەداو بۆ وەسواسەکان و بەوە ئازاریان دەدات و بەچاککردنەوەی ئەو شێوازە، ئازار و ئەشکەنجەیان دەدات، ئەبینی یەکێ لەوانە هەر دووبارەی دەکاتەوەو خۆی ماندوو دەکات ئەوەندە ئەو وشەیە دووبارە دەکاتەوە، دووبارەکردنەوەی وشەیەك بەشێك نییە لەنوێژەکەی.

نییەت واتا مەبەست بۆ ئەنجامدانی کارێك، کەسێك بیەوێ و پێداگربێ بۆ ئەنجامدانی کارێك، واتا نییەتی لێ هێناوە ئەو کارە بکات و بێ نیاز نییە لێی، ئەوە حەقیقەتی نیەتەکەیە، ناکرێ لەکاتی پێداگریی کارێکدا نییەت ئامادەیی نەبێت. هەرکەسێ دابنیشێ بۆ دەستنوێژ شۆردن، واتا نییەتی دەستنوێژی هەیە. هەرکەسێ هەڵسێ بۆ نوێژ ئەنجامدان، واتا نییەتی نوێژی هەیە، ناگونجێ و رووناداتمرۆڤێکی عاقڵ بەبێ نییەت هیچ خواپەرستی و کارێکی تر ئەنجام بدات.

بۆیە نییەت کارێکی پێویستی کردارە مەبەستدارەکانی مرۆڤە، مرۆڤ پێویستی بەخۆماندووکردن نییە لەوتنەوەیدا. مرۆڤ ناتوانێ کردارە سەرپشك و ئازادانەکانی لەنییەت جیابکاتەوە. ئەگەر بهاتبایە خوای گەورە نوێژو دەستنوێژی بێ نییەتی لەسەر پێویست بکردبایە، ئەوە کاری بەدەر لەتوانای بەسەردا دەسەپاند و لەتوانای مرۆڤ نەدەبوو.

رووی ماندوێتی لەهێنانەدییدا دەبێ چی بێ؟! مرۆڤ ئەگەر گومان لەهاتنەدی نییەت بکات لەو کاتەدا، ئەوە جۆرێکە لەشێتی. ئەگەر ئاگایی و زانینی مرۆڤ بەحاڵی خۆی شتێکی یەقینی و دڵنیایی بێ، چۆن مرۆڤی عاقڵ لەدەروونی خۆیدا گومان لەوە دەکات؟ مرۆڤێ هەڵسێ تاوەکو لەپشت ئیمامێکەوە نوێژی نیوەڕۆ ئەنجام بدات، چۆن گومان لەو نوێژە دەکات؟

ئەگەر لەو کاتەدا کەسێك بانگی بکات بۆ کارێك، لەوەڵامدا ئەڵێ: من سەرقاڵم و ئەمەوێ نوێژی نیوەڕۆ ئەنجام بدەم!

ئەگەر لەوەختی دەرچوونی بۆ نوێژ کەسێك لێی بپرسێ:بەرەو کوێ دەچێ؟ لەوەڵامدا ئەڵێ: ئەمەوێ لەگەڵ ئیمامدا نوێژی نیوەڕۆ ئەنجام بدەم.

ئاخۆ کەسێکی عاقڵ کە ئەو یەقینەی هەیە، چۆن وەها گومانێکی بۆ دروست دەبێ بەرانبەر نوێژەکەی؟

لەوە سەیرتر، ئەوەیە کەسی تر بەکۆمەڵێ بەڵگەو نیشانە دەزانێ کابرا نیەتی ئەنجامدانی ئەو نوێژەی هەبووە، بۆ نمونە ئەگەر ببینێ کەسێك لەڕیزی نوێژخوێنانداا لەکاتی نوێژدا دانیشتووە و خەڵکییش کۆبووەتەوە، ئێ دەزانێ ئەو کابرایە چاوەڕێی نوێژە. ئەگەر لەکاتی قامەت و هەڵسان بۆ نوێژ هەڵساو رووەو پێشەوەی نوێژخوێنان رۆیشت، دەزانێ ئەیەوێ ئیمامەتییان بکات، ئەگەر لەڕیزی نوێژخوێنانداا بینرا، دەزانرێ وەك ئەوانی تر لەدوای ئیمامەوە نوێژ دەکات.

ئەڵێ: ئەگەر کەسێکی تر بەو نیشانانە بزانێ کابرا نییەت و نیازی چی هەیە، ئەی ئەو کەسە چۆن بەرانبەر بەخۆی گومان دەکات لەکاتێکدا ئاگاداڕە بەناخی خۆی؟ بەقبوڵکردنی ئەو گومانەی شەیتان،حەقیقەت و یەقینی خۆی بەگومانی شەیتان ڕەتکردووەتەوە و پێچەوانەی شەرع و پشت دەکات لەسوونەت و ڕێگەی هاوەڵان.

پاشان نییەتێك كە هەیە بەدەستناخرێت و شتێك كە بوونی هەبێ نادۆزرێتەوەو بەدیناهێنرێت، چونكە یەكێك لەمەرجەكانی هێنانەدی شتێك، ئەوەیە شتەكە خۆی نەبێ و بهێنرێتەدی، بەڵام نییەتەكە خۆی هەیە، ئەستەمە شتێك كە بوونی هەبێ بوونی بۆ دروست بكرێت!

ئەڵێ: یەكێك لەسەیر و سەمەرەكان ئەوەیە، لەكاتی هەڵسان بەئەنجامدانی نوێژ وەسوەسەو گومان دەكات هەتا ئەوەی ئیمام دەچێتە ركوعیش، كە ترسی لەدەستچونی ركوعی هەبێ، خێرا تەكبیرە ئەكات و فریای دەكەوێ. كەسێك لەكاتی وەستانی دووروودرێژی نوێژدا فریای دەستخستن و هێنانەدی نییەت نەكەوێ، لەكاتی تەنگی سەرقاڵ و خێرای چوونە ركوعدا چۆن فریای دەكەوێ؟!

پاشان ئەوەی ئەو نوێژخوێنە نیازی هەیە ئەنجامی بدات، یان ئاسانە یان گران؟

ئەگەر ئاسان بێ، چۆن گرانی دەكاتەوە؟

ئەگەر گرانیش بێ چۆن لەكاتی چوونە كڕنۆشی ئیمامدا ئەو شتە گرانە ئاسان دەكاتەوە؟

ئەی چۆن ئەوە لەپەیامبەر(ﷺ) و تەواوی هاوەڵانی و تابعین و دوای ئەوان شتی لەوە جۆرە شاراوە بوو؟

ئەی چۆن تەنیا ئەوانە هەستیان پێكردووە كە شەیتان گەمارۆی داون، ئاخۆ كەسێكی نەزان چۆن گومان دەكات شەیتان بەوە دڵسۆزیی بۆ دەنوێنێ؟

ئاخۆ ئەو كەسە نازانێ كە بانگەوازكردن بۆ هیدایەت و خێرو چاكە لەكاری شەیتان نییە؟

چۆن لەنوێژی پەیامبەر(ﷺ) و تەواوی ئەو موسڵمانانەدا ئەوە دەكات كە ئەوان ئەو وەسوەسەیان ئەنجام نەداوە؟

ئاخۆ شتێکی ناتەواو لای ئەو بەچاکە دەژمێردرێت؟

یان نوێژێکی تەواو و رێکەو شەیتان بانگەوازی کردوون بۆ پێچەوانەکردنی نوێژ و ڕێبازی پەیامبەر(ﷺ) و تەواوی موسڵمانان؟

ئەگەر بڵێ: ئەمەی من دەیکەم نەخۆشییەکەو پێیەوەی گیرۆدە هاتووم!

ئەڵێین: بەڵێ، هۆکاری ئەو نەخۆشییەت، ئەوەیە ئەو گومانەت لەشەیتان قبوڵکردووە بۆیە بەم دەردەی بردووی، خوای گەورە لەوەدا بیانووی بەکەس نەداوە، ئادەم و حەوا نابینی کاتێ شەیتان وەسوەسەی بۆیان دروست کردو ئەوانیش قبوڵیان کرد، بەو هۆیەوە لەبەهەشت دەرکران، گوێت لێبووە چییان پێ وتراوە لەکاتێکدا نزیکتربوون بەعوزر و بیانوو، بەڵام تۆ خوای گەورە وریای کردوویتەوە لەفیتنەی شەیتان و دوژمنایەتی ئەوی بۆ تۆ روونکردووەتەوە، روونترین رێگەی بۆ روونکردوویتەوە، بۆیە هیچ عوزر و بیانوویەکت نییە لەدەستبەرداریکردن لەسوونەت و قبوڵکردنی ئەوە لەلایەن شەیتانەوە.

منیش ئەڵێم: شێخ و مامۆستامان ئەڵێ: یەکێك لەوانە دەبینی کە دە بیدعە دەهێنێ و پەیامبەر(ﷺ) و هیچ هاوەڵێك هیچ یەك لەوانەی ئەنجام نەداوە، بۆیە ئەڵێ:

أعوذُ باللهِ من الشيطانِ الرَّجيم، نییەتمە نوێژی نیوەڕۆ ئەنجام ئەدەم، نوێژی فەرز و بۆ خوای گەورەی ئەدا و ئەنجام دەدەم، بەئیمامی یان مەئمومی، چوار رکات، رووەو قیبلە. پاشان ئەندامەکانی لاشەی وەڕەسی دەکەن و نێوچەوانی دەچەمێنێتەوەو دەمارەکانی قوڕگی رەق دەبن و تەکبیرە ئەکات وەك ئەوەی بەرانبەر بەدوژمن تەکبیرە بکات!

ئەگەر هەریەك لەوانە تەمەنی نوح(سەلامی خوای لەسەربێ) پێی بدرێت، هەر ئەپرسێ: ئاخۆ پەیامبەر(ﷺ) و هیچ هاوەڵێك کاری لەو جۆرەی ئەنجام داوە کە ئەو

پێیگەیشتووە، لەوەدا پشتی درۆ دەگرێت. ئەگەر خێرو چاکەیەك لەوەدا هەبووایە، ئەوە ئەوان پێشتر پێیدەگەیشتن و ئێمەیان بۆ ئەوە رێنمایی دەکرد، بەڵام کە ئەمە رێنمایی و رێنیشاندەریی پەیامبەر(ﷺ) و هاوەڵانە، ئەوە خاوەن وەسوەسەو گومانکارەکان لێی وێڵ و سەرگەردان بوونە، لەدوای حەق و راستییش تەنیا وێڵی و سەرگەردانیی هەیە!

ئەڵێ: یەکێك لەو جۆرە وەسوەسەیەی کە نوێژ بەتاڵدەکاتەوە، دووبارەکردنەوەی هەندێ وشەیە، وەك ئەوەی لەوشەی (التحیات)دا بووترێت: اتّ، اتّ، التحيّ، التحيّ، هەروەها السَّلام بووترێت: أسّ، أسّ. هەروەها لە(الله أكبر) بووترێت: أكّكْكْبر...و شێوەکانی تر!

ئەوەی دیارە، بەو شتانە نوێژ بەتاڵ دەبێتەوە، رەنگە ئەگەر ئیمامی نوێژ بێ، نوێژی ئەوانەی دوای خۆیشی بەتاڵبکاتەوە. بەوە ئەو نوێژەی کە گەورەترینی نێو بەندایەتییەکانە، دەبێتە گەورەترین دوورخستنەوەیەکی بەندە لەخوای گەورە، ئەوەش یەکێکە لەتاوانە گەورەکان. ئەوەشی نوێژی پێ بەتاڵ نەبێتەوە مەکروهو لادانە لەسوونەتی پەیامبەری خوا(ﷺ) و حەز نەبوونە بەڕێگەی پەیامبەری خوا(ﷺ) و هیدایەت و ئەوەی هاوەڵان لەسەری بوونە.

ئەکرێ بەوە دەنگ بەرزبکاتەوەو دەوروبەریشی بێزار بکات و خەڵکیی هان بدات قسەی پێ بڵێن، ئیتر بەوە گوێڕایەڵی شەیتان و پێچەوانەکردنی سوونەت و ئەنجامدانی خراپترین کارو داهێنرا و ئازاردانی خۆی بەسەر خۆیدا کۆدەکاتەوە، کات لەدەست دەدات و بەشتانێکەوە سەرقاڵ دەبێ کە لەپاداشتی کەم دەکەنەوە و شتی بەسوودتری پێ لەدەست دەدات، خۆی دەخاتەبەردەم تانەو نەفرەتی خەڵك، نەفامەکان هان دەدات چاوی لێ بکەن و بڵێن: ئەگەر ئەو کارە سوودی نەبووایە، ئەوە

فلآنه کەس ئەوەی نەدەکرد. گومانی خراپ دەبات بەوەی سوونەت هێناوێتی و وەک ئەوەی تەنیا ئەوە بەس نەبێ. ئیتر دەروون هەڵدەچێ و بەرانبەر شەیتان لاواز دەبێت، هەتا ئەوەی تەماحی شەیتان تیایدا تووند دەبێ و سزای قەدەر بەسەر خۆیدا دەهێنێ بەهۆی نەزانی و نەفامی و رازیبوونی بەکۆت و بەندکردنی عەقڵ.

ئەوە نزیکەی پانزە خراپەو نەهامەتییە لەکەسی وەسواسدا! خراپەو نەهامەتییەکانیشی زۆر لەوە گەورەترن.

موسلیم لەسەحیحەکەیدا[1] گێڕاویەتییەوە لەفەرموودەیەکی عوسمانی کوڕی ئەبی ئەلعاصەوە ئەڵێ: وتم: ئەی پەیامبەری خوا(ﷺ)! شەیتان کەوتووەتە نێوان خۆم و نوێژەکەم و لێمی دەشێوێنێ. پەیامبەر(ﷺ)یش فەرمووی:"ذَاكَ شَيْطَانٌ يُقَالُ لَهُ خِنْزَبُ. فَإِذَا أَحْسَسْتَهُ فَتَعَوَّذْ بِاللَّهِ مِنْهُ، وَاتْفُلْ عَنْ يَسَارِكَ ثَلَاثًا» قَالَ: فَفَعَلْتُ ذَلِكَ فَأَذْهَبَهُ اللَّهُ عَنِّي:،واتا:ئەوە شەیتانێکە پێیدەوترێت خینزەب، ئەگەر هەستت پێکرد پەنا بەخوا بگرەو سێ تف بکەرە لای چەپت. ئەڵێ: منیش وەهام کرد ئیتر خوای گەورە لێمی دوورخستەوە.

بۆیە کەسانی خاوەن وەسوەسە گلێنەی چاو و دۆستی خینزەبن، پەنا بەخوا دەگرین لەو شەیتانە.

- **زیادەڕۆییکردن لەبەکارهێنانی ئاودا:**

یەکێک لەوانە، زیادەڕۆییکردنە لەئاوی دەستنوێژ و غوسڵ دەرکردن:

ئەحمەد لەموسنەدەکەیدا گێڕاویەتییەوە[2] لەفەرموودەی عبداللەی کوڕی عەمر:((پەیامبەری خوا(ﷺ) بەلای سەعددا تێپەڕی کە دەستنوێژی دەشۆرد،

---

١ – لەژمارە(٢٢٠٣).

٢ – بەژمارە(٧٠٦٥) و سەنەدەکەی حەسەنە هەروەک لە((المنتقى النفيس))(ص١٦٣) روونمکردووەتەوە.

پێیفەرموو: زیادەڕۆیی و ئیسراف مەکە لەئاوی دەستنوێژ شۆردنت. ئەویش وتی: ئەی پەیامبەری خوا! لەئاوی دەستنوێژ شۆردنیشدا زیادەڕۆیی هەیە؟ فەرمووی: بەڵێ، ئەگەر لەسەر جۆگەو رووبارێکی ئاو لەبەر ڕۆیشتووش بووی زیادەڕۆیی مەکە.

لەموسنەد و لەسوونەندا هاتووە[1] لەفەرموودەیەکی عەمری کوڕی شوعەیب ئەویش لەباوکییەوە ئەویش لەباپیرەیەوە ئەڵێ: ئەعرابییەك هات بۆلای پەیامبەری خوا(ﷺ) و لەبارەی دەستنوێژەوە پرسیاری لێکرد، ئازیزیش سێ جار شۆردنی ئەندامەکانی دەستنوێژی پیشان داو فەرمووی:"هذا الوضوءُ فمَنْ زادَ علی هذا فقدْ أساءَ وتَعَدَّی وظَلَمَ"،واتا: ئەمە دەستنوێژ شۆردنە، هەرکەسێ زیاتر لەمەی کرد، ئەوە خراپی کردووەو ستەمی کردووە.

ئیمام ئەحمەد لەموسنەدەکەیدا گێڕاویەتییەوە[2] لەجابرەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: «يُجزِئُ مِن الغُسْلِ الصَّاعُ، ومِن الوُضوءِ المُدُّ»،واتا: ئەندازەی ساعێ ئاو غوسڵی پێ دەردەکرێ و لەمودێکیش دەستنوێژ دەشۆردرێت.

لەسەحیحی موسلیمدا هاتووە[3] لەعائیشەوە(خوای لێ ڕازیی بێ) ئەڵێ:((خۆی و پەیامبەری خوا(ﷺ) لەمەنجەڵێکدا خۆیان شۆردووە ئەندازەی سێ مود یان نزیك بەوە فراوان و گەورە بووە)).

---

١ – ئەبو داوود(١٣٥) و ئەحمەد(٢/١٨٠) و کەسانی تریش گێڕاویانەتەوە بەسەنەدێکی حەسەن.

٢ – سەنەدەکەی سەحیحە و بەدووروودرێژی هاتووە لە((الإتمام لتخريج أحاديث المسند الإمام))(١٥٠١٨).

٣ – بەژمارە(٣٢١)(٤٤).

عەبدولڕەحمانی کوڕی عەتاء ئەڵێ: گوێم لێبوو سەعیدی کوڕی موسەیب ئەیووت:((شێوە دەفرێکی پێست یان پەرداخێکم هەیە تەنیا نیو مود یان نزیک بەوە لەخۆدەگرێت، میز دەکەم و پێی دەستنوێژ دەشۆرم و لێیشی دەهێڵمەوە)).

عەبدولڕەحمان ئەڵێ: ئەوەم بۆ سولەیمانی کوڕی یەسار باسکرد، ئەویش وتی:((منیش وەک ئەوە بەشم دەکات)).

عەبدولڕەحمان ئەڵێ: ئەوەم بۆ ئەبو عوبەیدەی کوڕی موحەممەدی کوڕی عەماری کوڕی یەسار کرد، ئەویش وتی:((ئێمەش ئەوەمان گوێ لێ بووە لەهاوەڵانی پەیامبەری خوا(ﷺ)). ئەلئەسرەم ئەوەی لەسوونەکەیدا گێڕاوەتەوە.

ئیبراهیمی نەخەعی ئەڵێ:((هاوەڵان لەئێوە زیاتر ئاویان کەم بەکاردەهێنا، ئەیانبینی کە لەچارەکە مودێ دەستنوێژ دەشۆردرێت)).

ئەمە زیادەڕۆییەکی گەورەیە، چونکە چارەکە مودێک ناکاتە ئوقیەو نیوێ دیمەشقی.

لەسەحیحەیندا هاتووە[1] لەئەنەسەوە ئەڵێ:((پەیامبەری خوا(ﷺ) بەمودێ دەستنوێژی دەشۆرد، بەساعێ بۆ پێنج مود غوسڵی دەردەکرد)).

ئەلقاسمی کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەبو بەکری سدیق بەئەندازەی مودێ یان کەمێ زیاتر دەستنوێژی دەشۆرد.

موحەممەدی کوڕی عەجلان ئەڵێ:((تێگەیشتن لەئایینی خوا، واتا دەستنوێژێکی جوان و کەم ڕژاندنی ئاو)).

ئیمام ئەحمەد ئەڵێ:((ئەوترا: یەکێک لەنیشانەکانی کەمیی تێگەیشتنی پیاو، حەزکردنە بەڕژاندنی ئاو)).

---

١ - بوخاری(٢٦٣/١) و موسلیم(٣٢٥) گێڕاویانەتەوە.

ئەلمەیمونیی ئەڵێ:((بەئاوێکی زۆر دەستنوێژم دەشۆرد، ئەحمەد پێیووتم: ئەی ئەبا ئەلحەسەن! ئایە رازییت ئاوەها بی؟ منیش وازم لەو خووە هێنا)).

ئەبو داوود لەسووننەکەیدا گێڕاویەتییەوە[1] لەفەرموودەیەکی عبداللەی کوڕی موغەفەلەوە ئەڵێ: گوێم لێبوو پەیامبەری خوا(ﷺ) ئەیفەرموو:"سیکونُ في هذه الأمَّةِ قومٌ یعتدونَ في الطّهورِ والدُّعاءِ"،واتا:لەم ئوممەتەدا کۆمەڵێك پەیدا دەبن لەدەستنوێژو پاك و خاوێنی و پاڕانەوەدا ستەمکار و زیادەڕۆ دەبن.

جا ئەگەر ئەم فەرموودەیەت بەراورد کرد بەفەرمایشتی خوای گەورە:﴿ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٥٥﴾ ﴾ الأعراف: ٥٥، واتا: بێگومان خوا دەست درێژی کارانی خۆش ناوی.

ئەوکات دەزانی کە خوای گەورە حەزی بەپەرستنی خۆیەتی و لەوەدا بۆت روونەدەبێتەوە کە دەستنوێژی کەسی وەسواس پەرستنێك نییە خوای گەورە قبوڵی بکات. ئەگەر فەرزەکەشی لەسەر شان نەمێنێ، ئەوە بەهۆی دەستنوێژەکەیەوە هەشت دەرگاکەی بەهەشتی بۆ ناکرێتەوە کە بەهۆی دەستنوێژەوە بیەوێ لەکام دەرگاوە بچێتە ژوورەوە، بچێتە بەهەشتەوە[2].

یەکێك لەخراپییەکانی کەسی وەسواس: ئەوەیە زیاد لەپێویست خۆی سەرقاڵ دەکات، ئەگەر ئاوەکە هی کەسی تر بوو نمونەی ئاوی گەرماو، ئەوە لەسەر بەکارهێنانی زیاتری ئەو ئاوە، قەرزی دەکەوێتە سەر کە لەبەرزەخ و لەڕۆژی قیامەتدا زیانی پێ دەگات.

---

١ – بەژمارە(٩٦)، فەرموودەیەکی سەحیحە، لە((المنتقى النفيس))(ص١٦٣)ئیخراجم کردووە.

٢ – هەروەك موسلیم(٢٣٤) گێڕاویەتییەوە لەعوقبەی کوڕی عامرەوە.

- **وەسوەسەی بەتاڵبوونەوەی دەستنوێژ:**

لەنمونەی کەسی وەسواس و بەگومان لەبەتاڵبوونەوەی دەستنوێژ کە لای بەلادا ناکرێتەوە:

لەسەحیحی موسلیمدا هاتووە[1] لەئەبو هرویرەوە(خوای لێ رازیی بێ) ئەڵێ: پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرمووی:«إِذَا وَجَدَ أَحَدُكُمْ فِي بَطْنِهِ شَيْئًا فَأَشْكَلَ خَرَجَ مِنْهُ شَيْءٌ أَوْ لَمْ يَخْرُجْ فَلَا يَخْرُجَنَّ حَتَّى يَسْمَعَ صَوْتًا أَوْ يَجِدَ رِيحًا»،واتا: ئەگەر هەرکەسێ هەستی بەناڕەحەتی و تەنگاوییەك کرد لەسکییدا و کەوتە گومانەوە: ئایە هیچ شتێکی لێیەوە دەرچووە یان نە؟ با لەمزگەوت دەرنەچێ هەتاوەکو گوێی لەدەنگێك دەبێ یان بۆنێك دەکات کە لەسکیدا دەردەچێ.

شێخ ئەبو موحەممەد[2] ئەڵێ:((سوونەتە(موستەحەبە) مرۆڤ ئەگەر میزی کرد، ئاو بەداوێن و شەرواڵەکەیدا بپرژێنێت تاوەکو وەسوەسە لەدەروونی خۆی لابدات، ئینجا ئەگەر تەرایییەکی بینی بڵێت: ئەمە شوێنەواری ئەو ئاوەیە کە بەشەرواڵەکەمدا پرژاندم. ئەوەش لەبەرئەوەی ئەبو داوود بەئیسنادی خۆی لەسوفیانی کوڕی ئەلحەکەمی سەقەفییەوە یان ئەلحەکەمی کوڕی سوفیانەوە ئەڵێ:((پەیامبەری خوا(ﷺ) کە میزی بکردبایە، دەستنوێژی دەشۆرد و ئاوی دەپرژاند)).

لەگێڕانەوەیەکیشدا هاتووە:((پەیامبەری خوا(ﷺ)م بینی میزی کرد، پاشان ئاوی بەداوێنی خۆیدا پرژاند)).

ئیبن عومەر ئاوی بەداوێنیدا دەپرژاند هەتا ئەوەی شەرواڵەکەی تەڕ دەبوو.

---

١ – بەژمارە(٣٦٢).

٢ – ئەلمەقدیسییە خاوەن(ذم الوسواس) کە پێشتر باسکرا و هەتاوەکو ئێستا قسەی ئەوە دەگێڕدرێتەوە.

قوتابییەکی ئیمام ئەحمەد لای ئیمام ئەحمەد شەکوای ئەوەی کرد کە لەدوای دەستوێژ شۆردن، دەبینێ شەڕوالّەکەی تەڕە، ئەویش فەرمانی پێکرد گەر میزی کرد، ئاو بەداوێنیدا بپرژێنێ. وتی: ئەوە مەکەرە خەمی خۆت و پێی بێزار مەبە.

لەنمونەی ئەوە لەئەلحەسەن یان کەسی تر پرسیار کرا، ئەویش وتی:((پێی بێزار مەبە))، جارێکی تر هەمان پرسیاری لێ کردەوە، ئەویش وتی: دیسان لات کردەوە بەلایدا باوکت بمرێ، پێی بێزار مەبە و گوێی پێ مەدە)).

- **وەسوەسەی دوای میزکردن:**

نمونەی ئەوە،ئەوەیە کە زۆرێك کەسانی وەسواس لەدوای میزکردن پێیەوەی گیرۆدە دەبن، ئەوەش دە شتە:

راکێشان و تووندکردنی دەماری زەکەر چۆڕاندن، کۆکە کۆك، رۆیشتن، هەڵبەز و دابەز و راکێشان بەپەت و زەکەر گرتن و ئاوکردن بەکونی زەکەر و ئەو شتانەی تر کە کەسی وەسواس لەدوای میزکردن ئەنجامی دەدات.

شێخ و مامۆستامان ئەڵێ: هەموو ئەوانە وەسوەسەو بیدعەیە، هیچ فەرمودەیەك لەو بارەیەوە بەدروست نەسەلماوە. میز وەك شیرە لەگوانی ئاژەڵدا، وازی لێبهێنی دەرناچێ و بیدۆشی لەدوای دێت.

هەرکەسێ ئەو جۆرە کردارانە بکاتە خووی خۆی، ئەوە گیرۆدە دەبێ بەشتێك کە پێویست نییە خۆی پێیەوەی گیرۆدە بکات.

ئەڵێ:ئەگەر ئەوە بەشێك بووایە لەسوونەت، ئەوە پەیامبەر(ﷺ) لەپێشترین خەڵکیی دەبوو بەو کارە، کابرای جولەکە بەسەلمانی وت:((ئەم پەیامبەرەتان هەموو

شتێکی فێرکردوون تەنانەت سەرئاوکردنیش. سەلمانیش وتی:بەڵێ بێگومان))[1]. ئایە لەکوێدا پەیامبەری خوا(ﷺ) ئەو کارە یان شتێك لەو جۆرەی پێ فێرکردووین؟!

- **تووندگیریی وەسواسەکان:**

لەوانە، شت گەلێك هەیە پەیامبەری نێردراوی بەپەیامی یەکتاپەرستیی لێبووردەو ئاسانکار[2]، ئاسانی کردووەتەوە، کەچی ئەو جۆرە کەسانە تووندیان کردووەتەوە:

لەوانە: بەپێی پەتی بەڕێگەو بانەکاندا دەڕۆیشت، پاشان نوێژی دەکردو قاچی نەدەشۆرد.

عبداللەی کوڕی مەسعود ئەڵێ:((ئێمە کە پێمان بەپیساییدا دەچەقی، دەستنوێژمان نەدەگرتەوە))[3].

لەعەلییەوە(خوای لێ رازیی بێ) ئەڵێ: پێی چەقیووە بەقوڕدا، چووەتە مزگەوت و نوێژی کردووەو قاچیشی نەشۆردووە.

لەئیبن عەباس(خوای گەورە لەخۆی و باوکی رازیی بێ) پرسیار کرا لەبارەی کەسێکەوە پێی ناوە بەپیساییدا؟ ئەویش وتوویەتی: ئەگەر پیساییەکە وشك بوو، هیچی لەسەر نییە، ئەگەر تەڕبوو، تەنیا ئەو شوێنە بشۆرێت کە پێیدا چەقیووە)).

ئەبو ئەلشەعساء ئەڵێ:((ئیبن عومەر لەمینادا بەپێی پەتی بەنێو ڕیخ و پیسایی و خوێندا تێدەپەڕی پاشان دەهاتە مزگەوتەوەو نوێژی دەکرد بێ ئەوەی هەردوو قاچی بشۆرێ)).

---

١ – موسلیم گێڕاویەتییەوە(٢٦٢).

٢ – هەروەك پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: «بُعِثْتُ بِالْحَنِيفِيَّةِ السَّمْحَةِ»،واتا:بەپەیامی یەکتاپەرستانەی لێبووردنەوە ڕەوانە کراوم. فەرموودەیەکی حەسەنە و چەند ڕێگەیەکی هەیە لە((الآتمام))(٢٤٨٩٩) باسمکردووە.

٣ – ئەبو داوود(٢٠٤) گێڕاویەتییەوە بەسەنەدێکی سەحیح.

عاصم ئەلئەحوەل ئەڵێ: هاتینە لای ئەبا ئەلعالییەو داوامان کرد دەستنوێژ بشۆرین، وتی: ئەوە چیتانە، ئەی مەگەر دەستنوێژتان نییە؟ وتم: بەڵێ بۆ نا، بەڵام ئێمە بەنێو ئەو پیساییەدا تێپەڕبووین!

ئەویش وتی: بەسەر پیساییەکی تەڕدا تێپەڕبوون بەپێتانەوە نووسابێ؟

وتمان: نە.

وتی: ئەی چی دەکەن لەو پیساییەی کە وشک دەبێتەوەو دەبێتە تەپو تۆزو بەسەرو ریشتانەوە دەنووسێ؟)).

- **پیسایی نووساو بەپێڵاو چۆن لادەچێ؟**

ئەگەر خوف(گۆرەوی) پیساییەك بەژێرییەوە بنووسێ، بەسڕینی بەزەویدا رەهایانە پاك دەبێتەوە، بەسوونەتی جێگیریش جائیزە نوێژی پێوە بکرێت، بەبەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ئەبو هورەیرە(خوای لێ رازیی بێ) دەیگێڕێتەوە کە پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی:"إذا وَطِئَ أحدُكُم بنَعْلِهِ الأذَى فإنَّ التُّرابَ لهُ طَهورٌ"،واتا:ئەگەر هەرکەسێ لەئێو پیسایی بەنەعلەکەیەوە نووسا، ئەوە خۆڵ بۆی دەبێتە پاککەرەوە لەو پیساییە.

لەلەفزێکی تردا هاتووە:"إذا وَطِئَ أحدُكُم الأذى بخُفَّيهْ فطَهُورُهما التُّرابُ"[1]،واتا: ئەگەر هەرکەسێ لەئێوە خوفەکەی بەپیسایی بوو، ئەوە بەخۆڵ پاکیان بکاتەوە. هەردوو فەرموودەکە، ئەبو داوود گێڕاویەتیەوە.

---

١ – ئەبو داوود(٣٨٧) و ئیبن خوزەیمە(٢٩٢) و بەغەوی(٣٠٠) و حاکم(١/١٦٦) و بەیهەقی(٢/٤٣٠) گێڕاویانەتەوە لەهەندێ ڕێگەوە لەسەعیدی ئەلمەقوبری ئەویش لەباوکییەوە ئەویش لەئەبو هورەیرەوە و سەنەدەکەشی سەحیحە. بڕوانە:(نصب الراية)(١/٢٨٠).

ئەبو سەعیدی خودری گێڕاویەتییەوە بەوەی پەیامبەری خوا(ﷺ) نوێژی کرد، نەعلەکانی داکەند، خەڵکییش بەدوایدا نەعلەکانیان داکەند، کە لێبوویەوە فەرمووی: بۆچی نەعلەکانتان داکەند؟ وتیان: ئەی پەیامبەری خوا، بینیمان نەعلەکانت داکەند، ئێمەش نەعلەکانمان داکەند. ئەویش فەرمووی:"إِنَّ جِبْرِيلَ أَتَانِي فَأَخْبَرَنِي أَنَّ بِهِمَا خَبَثًا فَإِذَا جَاءَ أَحَدُكُمُ الْمَسْجِدَ، فَلْيَقْلِبْ نَعْلَهُ، فَلْيَنْظُرْ فِيهَا، فَإِنْ رَأَى بِهَا خَبَثًا فَلْيُمِسَّهُ بِالْأَرْضِ، ثُمَّ لِيُصَلِّ فِيهِمَا"،واتا: جبریل هات بۆلام و هەواڵی پێدام کە پیساییەك بەنەعلەکانماوەیە، بۆیە ئەگەر هەریەکێ لەئێوە هات بۆ مزگەوت با نەعلەکانی هەڵگێڕێتەوە و تەماشایەکیان بکات، ئەگەر پیساییەکیان پێوە بوو، با بەزەوییەکە بیسڕێ و پاشان نوێژیان پێوە بکات. ئەحمەد گێڕاویەتییەوە[1].

تەئویل و لێکدانەوە بۆ ئەوە، دروست نییە چنراو و رستنراو و شتە پاکەکان بەپیس دابنرێن، ئەوەش لەچەند رووبەکەوە:

یەکەم: ئەوە بەپیس ناونابرێت.

دووەم: فەرمان نەدراوە لەکاتی نوێژدا مەسح بکرێن.

سێیەم: لەنوێژدا لەبەر ئەو پیسییە نەعل داناکەندرێت، چونکە کارێکی ناپێویستە، کەمترین حاڵەتی ئەو کارە بریتییە لەکەراهەت.

چونکە حاڵەت و شوێنێکە زۆرجار تووشی پیسی دێیت، بەشتی وشك لادەچێت بەنمونەی سەرئاوکردنەوە بەبەرد، ئەوەش لەپێشترە، لەبەرئەوەی لەشوێنی سەرئاو کردنەوە بەبەرد، مرۆڤ زۆڕی دووجار یان سێجار دەچێتە ئەو شوێنە.

---

١ – لەموسنەدەکەیدا(٣/ ٢٠ و ٩٢)، ئەبو داوود ئیخراجی کردووە(٦٥٠) و لەویشەوە بەیهەقی(٢/٤٣١) و دارمی و ئەوانی تریش بەسەنەدێکی سەحیح. بڕوانە تەخریج کردن و قسە لەسەرکردنی لە(الإتمام)(١١١٦٩).

- **پاك و خاوێنیی بەرگی ئافرەت:**

هەروەها بەدروست پارچەی شۆڕەوەبووی بەرگی ئافرەت، ئافرەتێك بەئوم سەلەمە ئەڵێ:((من پاژنەی کراس و بەرگم شۆڕ دەکەم و بەشوێنی پیسدا دەڕۆم. ئەویش وتی: پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: «يُطَهِّرُهُ مَا بَعْدَهُ»،واتا: ئەو شوێنەی دواتر پێیدا دەچی، ئەوە پاك دەکاتەوە. ئەحمەد و ئەبو داوود گێڕاویانەتەوە[1].

پەیامبەری خوا(ﷺ) ڕێگەو ڕوخسەتی داوە ئافرەت یەك بست لەکراسەکەی شۆڕ بکاتەوە[2]، ڕوونە ئەوەش پیسیی بەردەکەوێ، فەرمانی بەئافرەت نەداوە ئەو بەشە بشۆرێت، بەڵکو فەتوای بۆیان داوە کە زەویی پاکی دەکاتەوە.

- **حوکمی نوێژکردن بەنەعلەوە[3]:**

یەکێك لەوانەی دڵی کەسە وەسواسەکان ئاوی پێ ناخواتەوە و دڵنیارام نابن پێی، نوێژکردنە بەنەعلەوە، لەکاتێکدا سوونەتێکی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانێتی و بەکردار ئەنجامی داوەو فەرمانیشی پێ کردووە.

ئەنەسی کوڕی مالیك(خوای لێ ڕازیی بێ) ئەگێڕێتەوە کە پەیامبەری خوا(ﷺ):"بەنەعلەوە نوێژی دەکرد"،فەرموودەیەکی(متفق عليه)ە[4].

---

١ – ئەبو داوود(٢٨٣) و ترمیزی(١٤٣) و ئیبن ماجە(٥٣١) و ئەحمەد(٦/٢٩٠) گێڕاویانەتەوە، لەسەنەدەکەیدا نەناسراو(جهالة)هەیە، بەڵام شاهیدو هاوشێوەی هەیە لای ئەبو داوود(٣٨٤) کە ڕاستی دەخاتەوە.

٢ – هەروەك مالیك(٢/٩١٥) و ئەبو داوود(٤١١٧) و ئیبن حیبان(١٤٥١) و نەسائی(٣٩٩) بەسەنەدی سەحیح گێڕاویانەتەوە، کۆمەڵێ ڕێگەی تری هەیە و بەکۆ بەرچاوت دەکەوێ لە(الصحيحة)(١٨٦٤).

٣ – برای بەڕێزمان شێخ موقبیل بن هادی ئەلوادعی نامەیەکی لەو بارەیەوە هەیە.

٤ – بوخاری(١/٤١٥) و موسلیم(٥٥٥) گێڕاویانەتەوە.

لەشەددادی کوڕی ئەوسەوە کە پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرمووی:"خَالِفوا اليهودَ، فإنَّهُم لا يُصلُّونَ فِي خِفافِهِم ولا نِعالِهِم"،واتا: پێچەوانەی جولەکە بکەن، ئەوان بە خوف و نەعلەوە نوێژەکانیان ئەنجام نادەن. ئەبو داوود گێڕاویەتییەوە[1].

بەئیمامی ئەحمەد وترا: ئەکرێ بەنەعلەوە نوێژ بکرێ؟ وتی: بەڵێ ئەرێ واللە.

خەڵکانی وەسواس دەبینی ئەگەر بکەوێتە حاڵەتێکەوە بەنەعلەوە نوێژی مردوو بکات، بەجۆرێ تێکدەچێ وەک ئەوەی لەسەر پشکۆ راوەستابێ و نوێژیان پێوە ناکات!

- **وشکیی زەوی پاکە:**

لەوانە،خەڵکیی لەسەردەمی هاوەڵان و تابیعین و دوای تابیعین، لەکاتی قوڕاو و کاتی تریشدا بەپێی پەتی دەهاتن بۆ مزگەوت.

یەحیای کوڕی وەسساب ئەڵێ:((بەئیبن عەباسم وتی: ئەکرێ پیاوێک دەستنوێژ بشوات و بەپێی پەتی بێت بۆ مزگەوت؟ وتی: کێشەی نییە)).

کومەیلی کوڕی زیاد ئەڵێ:((بینیم عەلی(خوای لێ ڕازیی بێ) چووە نێو قوڕی بارانەوە، پاشان چووە مزگەوت و نوێژی کرد بێ ئەوەی هەردوو قاچی بشۆرێ)).

ئیبراهیمی نەخەعی ئەڵێ:((لەڕۆیشتن بۆ مزگەوت، بەنێو قوڕو قوڕاودا دەڕۆیشتن و نوێژیان دەکرد)). سەعیدی کوڕی مەنسور گێڕاویەتییەوە لەسوونەکەیدا.

ئیبن ئەلمونیزیر ئەڵێ:((ئیبن عومەر لەمینادا بەپێی پەتی بەنێو ئاو و قوڕدا ڕۆیشت، پاشان نوێژی کرد بێ ئەوەی دەستنوێژ بگرێتەوە)).

---

١ – ئەبو داوود(٦٣٨) و حاکم(١/٢٦٠) و تەبەرانی لە(الکبیر)(٧١٦٤) گێڕاویانەتەوە لەڕێگەی شەددادی کوڕی ئەوسەوە بەسەنەدێکی حەسەن.

ئەڵێ: ئەوانەی ئەوەیان بینیووەو ئەو بۆچوونەیان هەبووە، ئەمانەن: عەلقەمە و ئەلئەسوەد و عبداللەی کوڕی موغەففەل و سەعیدی کوڕی موسەیب و شەعبی و ئیمام ئەحمەد و ئەبو حەنیفەو مالیك و یەکێك لەدوو بۆچوونەکەی شافیعییەکان، ئەوە قسەی تەواوی زانایانە، چونکە لەپیس دانانی ئەوەدا بارگرانییەکی سەخت هەیەو بەشەرع ئەو ئەرکە لابراوە، هەروەك ئەوە لەخواردن و بەرگی بێباوەڕان و خراپەکاراندا هەیە.

ئەبو ئەلبەرەکات ئیبن تەیمییە ئەڵێ:((هەموو ئەو بەڵگانە،ئەوە بەهێز دەکەن کە بەوشکبوونەوە، زەوی پاك دابێتەوە و پاکە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ بەزۆر لەڕێگەی رۆیشتن بۆ بازاڕ و مزگەوت و شوێنانی تردا پیسایی دەبینێ، ئەگەر وشکبوونەوە شوێنەواری ئەوە نەهێڵن، کەسەکە ناچار دەبێ بەو شوێنانەدا تێنەپەڕێ، بەوەش رێگە نەدەدرا بەپێی پەتی هاتووچۆ بکات، بێگومان شتێکی زانراو و دیارە کە پێشینی چاك ئەوەیان گران و سەخت وەرنەگرتووە)).

پاڵپشت و بەهێزکەر بۆ ئەوە، فەرمانی پەیامبەری خوایە(ﷺ) بەو کەسەی کە دێتە مزگەوت و پیسییەك دەبینێ بەنەعلەکەیەوە نووساوە، نەعلەکەی بەزەویدا بهێنێ. جا ئەگەر زەوییەکە بەو پیسییە پیس ببوایەو بەوشکبوونەوە پاك نەبووایەتەوە، ئەوە فەرمانی دەدا رێگەی مزگەوت لەپیسیی دووربخرێتەوە، لەبەر ئەوەی خەڵکی بەپێی پەتی پێیدا هاتووچۆ دەکەن)).

ئەبو قیلابە ئەڵێ:((وشکیی زەوی، مایەی پاککەرەوەی زەوییە)).

منیش ئەڵێم: ئەمە هەڵبژاردەی شێخ و مامۆستای ئێمەشە(بەڕەحمەت بێ).

- ئەوەی کە باسمان کرد، کەمێکە لەبەڵگەیەکی زۆری سوونەت، ئەوەشی شارەزایی هەبێ بەحاڵ و ژیانی پەیامبەری خوا(ﷺ) و ئەوەی هاوەڵانی لەسەری بوون، حەقیقەتی ئەو حاڵەتەی لا شاراوە نابێ.

ئیمامی ئەحمەد لەموسنەدەکەیدا گێڕاویەتییەوە لەپەیامبەری خواوە(ﷺ) کە فەرموویەتی«بُعِثْتُ بِالْحَنِيفِيَّةِ السَّمْحَةِ»[1]،واتا:بەپەیامی یەکتاپەرستانەی لێبووردنەوە رەوانە کراوم.

ئەوەی کۆکردووەتەوە کە ئیسلام ئایینێکی یەکتاپەرستییەو لەبەرانبەریشدا نەرم و لێبووردەییە، یەکتاپەرستییە لەڕووی بیروباوەڕ و لەکارو کردەوەشدا نەرم و لێبووردەیە، پێچەوانە بەو دوو شتە، بریتییە لەهاوبەش پەیداکردن و حەرامکردنی حەلاڵ، ئەوە ئەو دوو شتەیە کە پەیامبەری خوا(ﷺ) لەپەروەردگاریەوە دەیگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:"إِنِّي خَلَقْتُ عِبادِي حُنَفاءَ وإِنَّهُم أَتَتْهمُ الشَّياطينُ، فاجْتالَتْهُم عن دِينِهم، وحَرَّمَتْ عليهِمْ ما أَحْلَلْتُ لهُم، وأَمَرَتْهُم أَنْ يُشْرِكوا بي ما لم أُنَزِّلْ به سُلطاناً"[2]،واتا:من بەندەکانی خۆم بەیەکتاپەرستانە خولقاندووە، شەیتانەکان هاتوونەتە لایان و لەئایینی خۆیانیان ترازاندوون، ئەوەیان لەسەریان حەرام کردووە کە من حەلاڵمکردووە بۆیان، فەرمانی پێداون هاوبەشم بۆ پەیدا بکەن.

هاوبەش پەیداکردن و حەرامکردنی حەلاڵ دوو هاوتای یەکن، کە خوای گەورە لەقورئانەکەیدا بەعەیبی گرتووە لەسەر هاوبەش پەیداکەران.

پەیامبەری خوا(ﷺ) سەرزەنشتی ئەوانەی کردووە کە رۆچوون و بارگرانیی لەئایینداندا دروست دەکەن و هەواڵی داوە بەتیاچوونیان و ئەفەرموویێت:«أَلَا هَلَكَ

---

١ – پێشتر تەخریج کراوە.

٢ – موسلیم(٢٨٦٥) گێڕایەتییەوە لەعیازی کوڕی حیمار ئەلموجاشعی.

الْمُتَنَطِّعُونَ. أَلَا هَلَكَ الْمُتَنَطِّعُونَ. أَلَا هَلَكَ الْمُتَنَطِّعُونَ»[1]،واتا:تیاچوون ئەوانەی رۆدەچن و بارگرانیی دروست دەکەن، تیاچوون ئەوانەی رۆدەچن و بارگرانیی دروست دەکەن، تیاچوون ئەوانەی رۆدەچن و بارگرانیی دروست دەکەن.

ئیبن ئەبی شەیبە ئەڵێ: ئەبو ئوسامە بۆی باسکردین لەمسعەرەوە وتوویەتی:((مەعنی کوڕی عەبدولڕەحمان نووسراوی بۆ من دەرهێنا، سوێندی خوارد کە خەتی باوکێتی،تیایدا هاتبوو: عبدالله وتی: سوێند بەو کەسەی هیچ خوایەکی بەحەق بوونی نییە جگە لەخۆی، هیچ کەسێکم نەبینیووە لەپەیامبەری خوا(ﷺ) تووندتربێ بەرانبەر ئەوانەی بارگرانیی دروست دەکەن و زۆر رۆدەچن، لەدوای ئەویش هیچ کەسێکم نەبینیووە لەئەبو بەکر زیاتر لێیان بترسێ، وەهاش گومان دەبەم عومەر(خوای لێ رازیی بێ) لەخەڵکانی تر زۆرتر ترسی لەسەریان هەبوو))[2].

پەیامبەری خوا(ﷺ) رقی دەبووەوە لەوانەی شتەکان قوڵ و گران دەکەنەوە، تەنانەت کاتێ درێژەی بەڕۆژووبوونیش دا لەدوای خۆرئاوابوون و فەرمووی:" لَوْ تَأَخَّرَ الْهِلَالُ لَوَاصَلْتُ وِصَالًا يَدَعُ الْمُتَعَمِّقُونَ تَعَمُّقَهُمْ، كَالْمُنَكِّلِ بِهِمْ "[3]،واتا:ئەگەر مانگ دەرکەوتن دوا دەکەوت، وەک سزایەک درێژەم بەبەردەوامبوونی رۆژوو دەدا تاوەکو رۆچووانم ناچار دەکرد دەستبەرداری ئەو رۆچوونەیان بن.

هاوەڵان کەمترینی ئوممەتن ئەرکیان زۆر کردبێ، ئەوەش بەپشت بەستن و چاوکردن لەپەیامبەرەکەیان(ﷺ).

---

١ موسلیم(٢٦٧٠) گێڕاویەتییەوە لەئیبن مەسعودەوە.

٢ – فەرموودەیەکی سەحیحە، بڕوانە تەخریجکردنی لە:((المنتقى النفيس))(ص١٦٨).

٣ – بوخاری(٧٢٩٩) و موسلیم(١١٠٣) گێڕاویانەتەوە لەئەبو هورەیرەوە.

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ قُلْ مَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُتَكَلِّفِينَ ﴿٨٦﴾ ﴾ ص: ٨٦ واتا: ئەی موحەممەد(ﷺ) بڵێ من هیچ کرێ و پاداشتێك لەسەر گەیاندنی ئەم ئایینە لە ئێوە داواناکەم و من لەو کەسانەش نیم کە درۆ هەڵبەستم و زۆر لەخۆم بکەم.

عبدالله‌ی کوڕی مەسعود(خوای لێ رازیی بێ) ئەڵێ: ئەگەر هەریەکێ لەئێوە ویستی چاو لەکەسێ بکات، با چاو لەوە بکات کە مردووە، کەسی زیندوو لەفیتنە پارێزراو نییە، ئەوانە هاوەڵانی موحەممەدن، باشترینی ئەم ئوممەتە بوون، باشترین دڵ و کەمترین زۆر لەخۆکردنێکیان هەبوو، خوای گەورە ئەوانی هەڵبژارد بۆ هاوەڵێتیکردنی پەیامبەرکەی و بەرقەرارکردنی ئایینەکەی، بۆیە فەزڵی ئەوان بزانن و بناسن و شوێن شوێنەوار و سەربووردەیان بکەون، بێگومان لەسەر هیدایەت و پەیامی راست بوون)) [1].

ئەنەس(خوای لێ رازیی بێ) ئەڵێ:((ئێمە لای عومەر بووین(خوای لێ رازیی بێ) گوێم لێبوو ئەیووت: نەهیمان لێکراوە لەزۆر لەخۆکردن)) [2].

مالیك ئەڵێ: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز وتی:((پەیامبەری خوا(ﷺ) سوونەتێکی داهێنا، دەسەڵاتدارانی موسڵمانانی دوای ئەویش سوونەت و رێگەیان داهێنا، وەرگرتنی ئەو سوونەتانە راستخستنەوەی کتێبی خواو تەواوێتییە بۆ گوێڕایەڵیکردنی خوای گەورەو هێزە بۆ ئایینی خوا، بۆ هیچ کەسێ نییە ئەوە بگۆڕێ و لابدات و پێچەوانەی وەربگرێ، هەرکەسێ پشتی پێ ببەستێ رێنمایی کراوە، هەرکەسێ پشتی

---

١ – ئەبو نوعەیم لە(الحلية)(١/١٥٩) گێڕاویەتییەوەو کەسانی تریش گێڕاویانەتەوە، لەسەنەدەکەیدا پچڕان هەیە هەروەك لە(الكشف الصريح)(ژمارە٤١) روونمکردووەتەوە.

٢ – بوخاری(٧٢٩٣) گێڕاویەتییەوە، بڕوانە:((تخريج الأربعين السُّلَمية))(ص١٣٠)ی السخاوي بەلێکۆڵینەوەی خۆم.

پێ ببەستێ بۆ سەرکەوتن، سەرکەوتووە، هەرکەسێکیش پێچەوانەی بکات و رێگەی جگە لەڕێگە و رێبازی ئیمانداران بگرێتەبەر، ئەوە خوای گەورە دەستبەرداری دەبێ و بەدۆزەخ و خراپترین پاشەڕۆژی دەگەیەنێ)).

مالیک ئەڵێ: پێمگەیشتووە کە عومەری کوڕی خەتاب ئەیووت:((کۆمەڵێ سوونەتتان بۆ دانراوەو کۆمەڵێ فەرزتان بەسەردا فەرز کراوە، لەسەر پەیامی ڕوون و ئاشکرا بەجێهێڵراون، وا مەکەن خەڵکیی بەلای ڕاست و چەپدا سەر لێبشێوێنن)).

پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی:"يَحمِلُ هَذَا العِلْمَ مِنْ كلِّ خَلَفٍ عُدُولُهُ، يَنْفُونَ عَنْهُ تَحْرِيفَ الغَالِينَ، وانْتِحَالَ المُبْطِلِينَ، وتَأْوِيلَ الجَاهِلِينَ"[1]،واتا: چاکەکانی خەڵکانی دوای ئێوە ئەم زانست و ئایینە هەڵدەگرن و دەیگەیەنن، شێواندنی زیادەڕۆان و داهێنانی پووچەڵخوازان و لێکدانەوەی نەزانانی لێ دوور دەخەنەوە.

هەواڵی داوە بەوەی زیادەڕەوان ئەو پەیامە دەشێوێنن کە ئەو هێناوێتی، پووچەڵکارانیش بەپووچەڵییەکانیان، شتانێك دادەهێنن پێچەوانەی ئەوەی ئەو لەسەرێتی، نەفامەکانیش پێچەوانەی خۆی لێکدانەوەی دەکەن، لەسەر دەستی ئەو سێ کۆمەڵەیە ئیسلام دەشێوێنرێت.

بێگومان ئەگەر خوای گەورە کەسانێکی نەدەهێنایە دونیاوە تاوەکو ئەو شتانە لەئایینەکەی دووربخەنەوەو ئایینەکەی بەرقەرار بکەن، ئەوە ئیسلامیش وەك ئایینەکانی پەیامبەرانی پێشتری بەسەردا دەهات.

---

١ – فەرموودەیەکی حەسەنە، کۆمەڵێ ڕێگەی هەیەو هەموویم کۆکردووەتەوە لە(إفادة ذوي الشرف في طرق حديث:((يحمل هذا العِلْمَ من كل خَلَف)) کە خوای گەورە تەواوکردنی ئاسان کرد، هەروەها بڕوانە قسەم لەسەر(الحِطّة)ی صديق حسن خان.

- **وەسوەسەی شوێنی دەرچوونی پیتەکان(مخارج الحروف):**

یەکێکی تر لەوەسوەسەکان، وەسوەسەیە لەشوێنی دەرچوونی پیتەکان. ئەبو ئەلفەرەجی ئیبن ئەلجەوزی ئەڵێ[1]:((شەیتان لەشوێنی دەرچوونی پیتەکاندا سەری لەهەندێ نوێژخوێن تێکداوە، ئەبینی ئەڵێ: الحمدُ...الحمدُ..بەدووبارەکردنەوەی وشە لەیاسای ئەدەبی نوێژ لادەدات)).

ئەڵێ:((کەسی وەهام بینیووە لەدەرکردنی پیتی(الضَّاد)بەهۆی تووندکردنی ئەو پیتە، تف لەدەمییەوە دەرچووە)).

شەیتان ئەو جۆرە کەسانە بەو زیادەڕۆییە لەمەبەست دوورەدەخاتەوەو ناهێڵێ لەخوێندنەوەکە تێبگەن. هەموو ئەوانەش لەوەسوەسەی شەیتانەوەیە.

موحەممەدی کوڕی قوتەیبە لە(مشكِل القرآن)دا ئەڵێ[2]:((خەڵکیی بەزمانی خۆیان قورئانیان دەخوێندەوە، پاشان لەدوای ئەوان کەسانێك مانەوە لەخەڵکی شار و نەوەی عەجەم و سرووشتی ئەو زمانەیان نەبوو، زانستی ئەرکی پیتەکانیان نەبوو، بۆیە زۆرێك لەپیتەکانیان بەجۆرێکی تر دەردەکرد و شتەکەیان شێواند)).

مەبەست ئەوەیە، پێشەوایان بەکەراهەتیان زانیووە لەدەرکردنی پیتەکاندا زۆر لەخۆکردن و زیادەڕۆیی بکرێت.

جا هەرکەسێ لەڕێنیشاندەری و هیدایەتی پەیامبەری خوا(ﷺ) رابمێنێ و بیربکاتەوە و دان بەسرووشتی خەڵکانی خاوەن زماندا بنێ لەچۆنێتی خوێندنەوەیان، ئەوکات بۆی دەردەکەوێ کە زۆر لەخۆکردن و چەناگە و مەلاشو لەیەك گیرکردن و وەسوەسەی دەرکردنی پیتەکان، لەسوونەت و ڕێنمایی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم)دا نەبووە.

***

---

١ – ((تلبيس إبليس))(ص١٧١، المنتقى النفيس).

٢ – چاپکراوە بەلێکۆڵینەوەی السيد أحمد صقر(بەڕەحمەت بێ).

٢) وەلآمدانەوەی ئەوەی خەڵکانی وەسواس وە بەڵگەیان وەرگرتووە

- **ئەوەی ئەڵێن: ئەوەی ئێمە ئەنجامی دەدەین ئەگەر وەرگرتنە(احتیاط) نەک وەسوەسە!**

ئێمەش ئەڵێین: چۆنتان ویست ئاوەهای ناو لێبنێن، بەڵآم لەئێوە دەپرسین: ئایە ئەو کارەی ئێوە دەیکەن، گونجاوە بەکار و فەرمانی پەیامبەر(ﷺ) و هاوەڵانی یان پێچەوانەیە؟

ئەگەر وەهای دابنێن ڕێك و گونجاوە، ئەوە درۆیەکی گەورەو ئاشکرایە، کەوابوو دەبێ دانیپێدا بنێن پێچەوانەیە، بۆیە هیچ سوودێکتان پێ ناگەیەنێ ناوی لێبنێن ئەگەروەرگرتن، هاوشێوەی ئەوەیە کەسێك تاوان و کارێکی قەدەغەی ئەنجام دابێ و ناوێکی تری لەو کارەی نابێ، وەك ئەوەی عەرەق بەناوی ترەوە ناو دەبرێت، سوو(ربیا)ش بەمامەڵە ناودەبرێت، ئەو مارە بەجاشەی ژنی سێ تەلآقدراوەی کەوتوو(التحلیل) کە بێ مێردکردنێکی تر و دوای تەلآقدان و بەسەرچوونی عیددەیەکی تر بۆ مێردی یەکەمی حەلآڵ نابێتەوە ناوی لێ دەنرێت هاوسەرگیری و مارەکردنەوە[1]، هەروەها دەنوك لەزەویدانی ئەو نوێژەی کە پەیامبەری خوا(ﷺ) بەو کەسەی فەرموو کە نوێژی دەکردو نوێژەکەی ڕێك نەبوو، تۆ نوێژت نەکرد[2]، نوێژەکەی سوودی پێ ناگەیەنێ و خوای گەورەش قبوڵی ناکات.

بەوجۆرە زیادەڕۆیی لەئایین و قورسگرتن ناو نراوە ئەگەر وەرگرتن.

---

١ - هەروەك لەم فەرمایشتەدا هاتووە:" لَعَنَ اللَّهُ الْمُحَلِّلَ وَالْمُحَلَّلَ لَه"،واتا: نەفرەتی خوا لەو کەسەی ئافرەت بۆ مێردی یەکەم حەلآڵ ئەکات و ئەوەشی ژنی تەلآقدراوی بۆ حەلآڵ دەکرێتەوە. فەرموودەیەکی سەحیحە، کۆمەڵێ ڕێگەی تری هەیە، بڕوانە:(التلخیص الجبیر)(١٧٠/٣) و (إرواء الغلیل)(١٨٩٧) و (نصب الرایة)(٣/ ٢٣٨) و بەتێڕو تەسەلی لەدواتردا باس دەکرێت.

٢ - بوخاری(٢٢٩/٢) و موسلیم(٣٩٧) گێڕاویانەتەوە لەئەبو هورەیرەوە.

پێویستە مرۆڤ بزانێ ئەو ئەگەرەی کە سوود بەکەسەکە دەگەیەنێ و خوای گەورە بەهۆیەوە ستایشی کەسەکە دەکات:

ئەگەرێکی ڕێك و گونجاوە بەسوونەت و وازهێنان لەشتێك پێچەوانە بەسوونەت بێ، ئەگەر وەرگرتن لەوەدایە، ئەگەرنا ئەو کەسە کەی ئەگەری بۆ خۆی وەرگرتووە کە لەسوونەت لادەدات و پێچەوانەی دەکات[1].

شێخ و مامۆستامان ئەڵێ:((ئەگەر وەرگرتن شتێکی چاکە هەتا ئەوەی کەسەکە بەحاڵەتێك نەگەیەنێ پێچەوانە بێ بەسوونەت، ئەگەر بەو حاڵەتەی گەیاند، ئەوە وازهێنان لەو ئەگەر وەرگرتنە خۆی لەخۆیدا ئەگەر وەرگرتنە)).

ئەم فەرمایشتانەی پەیامبەری خوا(ﷺ) وەلأمی بەڵگە و بیانووی ئەوانە، ئازیز دەفەرموویت:"مَن تَرَكَ الشُّبُهاتِ استَبْرَأَ لدينِه وعِرْضِه"،واتا: هەرکەسێ خۆی لەگومان بپارێزێ، ئایین و ناموسی خۆی پاراستووە. هەروەها فەرموویەتی:«دَعْ ما يُرِيبُكَ إلى ما لا يُرِيْبُكَ»،واتا:دەستبەرداری شتێك ببە بەگومانت دەگەیەنێ و شتی ڕوون و دوور لەگومان کار پێ بکە. هەروەها فەرمایشتی:"الْإِثْمُ مَا حَاكَ فِي صَدْرِكَ"[2]،واتا: تاوان ئەو شتەیە کە لەدڵتدا ناڕاماییت بۆ دروست دەکات.

هەموو ئەو فەرموودانە لەبەهێزترین بەڵگەکانی باتڵبوون و پووچیی وەسوەسەن. شوبهەو گومان ئەوانەن کە حەق و باتڵ تیایدا لەیەك دەچن، حەڵاڵ وەك حەرام، ئەوەش بەجۆرێك بەڵگەی ساغکردنەوەی لایەکی تێدا نییە یان لای کەسەکە ڕوون نین و لەبۆچوونیدا لایەکی بارسەنگ نابێ، بۆیە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)

---

١ – بابەتی ئەگەر وەرگرتن و ئەحکامی ئەو بابەتانەش کە پێیەوەی پەیوەستن، لەو بابەتە گرنگانەن کە پێویستە وێنەکانیان دەربخرێن و حەقیقەتەکانیان ڕوونبکرێتەوە، ئەگەرنا بەتەڵخ و لێڵ دەمێنێتەوە و هەر کەسێك وەربگرێ هەموو شتێکی لێ تێدەگات! قسەی دانەریش شتێك لەو جۆرەی تێدایە.

٢ – هەموو ئەو فەرموودانە لەپێشتردا تەخریج کراون.

رێنمایی ئەو کەسە دەکات واز لەگومان و لێتێکچوون بهێنێت و رووبکاتە ئەوەی روون و دیارە.

روونە ئامانج لەوەسوەسە، ئەوەیە لەکەسەکە بشێوێ: ئایە ئەو کارە خواپەرستی و نزیکبوونەوەیە لەخوای گەورە یان تاوان و بیدعەیە؟ بەڵام روون و دیار ئەوەیە شوێن رێگەی پەیامبەر(ﷺ) بکەوی و ئەوەی بەگوفتار و کردار بۆ ئوممەتەکەی کردوویەتییە رێباز و سوونەت. بۆیە ئەگەر کەسێ بیەوێ دەستبەرداری گومانەکان ببێ، ئەوە لەگومان لادەدات رووەو ئەو رون و ئاشکرایە، ئاخۆ ئەوە چۆن دەبێ؟ سوپاس بۆ خوای گەورە لەوەدا گومانێک بوونی نییە. لەسوونەتدا سەلماوە، گومان، زۆر لەخۆکردن و زیادەڕۆییە، سەرەنجامی بەردەوامبوون لەو کارە، بریتییە لەدەستبەرداربوون لەسوونەت و کار کردن بەبیدعە، دەستبەرداربوونە لەو شتەی کە خوای گەورە خۆشیدەوێ و پێی رازییە، شتێك وەردەگرێ کە خوای گەورە حەزی پێ ناکات و رقی لێ دەبێتەوە و پێیەوە قەت لەخوا نزیك نابێتەوە، لەکاتێکدا مرۆڤ بەو شتانە لەخوا نزیك دەبێتەوە کە خوای گەورە دایپێژاوە نەك بەوەی بەندە بەخۆی حەزی لێ هەیەو لەخۆیەوە دایدەهێنێ و ئەنجامی دەدات، ئا ئەوە ئەو شتەیە کە دەروون نائارام دەکات و لەناخەوە مرۆڤ بێ حەوسەڵە ئەکات.

هەرچی ئەو دەنکە خورمایەیە کە پەیامبەری خوا(ﷺ) نەیخوارد و فەرمووی:«أَخْشَى أَنْ تَكُونَ مِنَ الصَّدَقَةِ لَأَكَلْتُهَا»،واتا: ئەترسم خورمای سەدەقە بێ. لەڕووی خۆیارێزییەوە بوو لەگومانەکان، دەستبەرداربوونی بوو لەگومانی تێکەڵبوونی حەلاڵ و حەرام. ئەو خورمایەی لەنێو ماڵی خۆیدا دۆزییەوە، خورمای سەدەقەی بۆ دەهێنراو ئەویش بەسەر ئەوانەدا دابەشی دەکرد کە سەدەقەیان پێ ڕەوا بوو، خورمای جگە لەسەدەقەش لەماڵیدا هەبوو، کە ئەو دەنکە خورمایەی دۆزییەوە،

نەیزانی لەخورمای سەدەقەیە یان ئەوەی مالّی خۆی، بۆیە خۆی بەدوورگرت لەوەی بیخوات.

ئەو فەرموودەیە بنەمایە لەخۆپارێزی و وەرع و دوورگرتن لەگومان، ئاخۆ کەسانی وەسواس لەکوێ و پەیامبەری ئازیز لەکوێ؟

- هەرچی ئەوەی ئێوە باستان کردووە لەئیبن عومەر و ئەبو هورەیرەوە(خوای گەورەیان لێ رازیی بێ)، ئەوە شتێکە تەنیا هەردووکیان باسیان کردووە و تایبەت بەهەردووکیان بووە نەک هاوەلآن، هیچ هاوەلێك لەوەدا گونجاو بەئیبن عومەر نەبووە، ئیبن عومەر(خوای گەورە لەخۆی و باوکی رازیی بێ) ئەیووت:((من وەسواسییەکم تێدا هەیە، بۆیە چاو لە من مەکەن))!

لەزاهیری مەزهەبی شافیعی و ئەحمەددا ئەوەیە، موستەحەب نییە لەدەستنوێژدا ناوەوەی چاو بشۆردرێت ئەگەر ترسی زیانیش لەئارادا نەبوو، چونکە هەرگیز کاری لەو جۆرە لەپەیامبەری خوا(ﷺ)ەوە نەگوازراوەتەوە و فەرمانێکیشی بەکاری لەو جۆرەی نەکردووە. کۆمەلێك هاوەلّ شێوازی دەستنوێژەکەیان گواستووەتەوەو نەیانووتووە ناوەوەی چاوی شۆردبێ، لەوانە: عوسمان و عەلی و عبداللەی کوڕی یەزید و رەبیعی کچی موعەویز و ئەوانی تر.

جا هەرچی ئەوەیە کە ئەبو هورەیرە(خوای لێ رازیی بێ) ئەنجامی داوە، شتێکە بەخۆی تەئویل و لێکدانەوەی کردووە و ئەوانی تر لەوەدا پێچەوانە بەویان کردووە و رەتیان کردووەتەوە. ئەم بابەتە ناوزەد دەکرێت بەدرێژکردنەوەی سپیاییەتی شوێنی دەستنوێژ لەقیامەتدا، ئەگەرچی ئەوە تایبەتە لەڕوومەتدا.

شەرعناسان لەوەدا جیاوازن، تیایدا دوو گێڕانەوە لەئیمام ئەحمەدەوە هاتووە:

یەکەم: موستەحەبە شۆێنی سپیایی دەستنوێژ درێژ بکرێتەوە، ئەبو حەنیفەو شافیعییش ئەوەیان وتووە و ئەبو ئەلبەرەکات ئیبن تەیمییەو کەسانی تر ئەوەیان هەڵبژاردووە.

دووەم: موستەحەب نییە،ئەوە بۆچوونی مەزهەبی مالیك و هەڵبژاردەی شێخ و مامۆستامان ئەبی ئەلعەباسە.

ئەوانەی بەسوونەتیان داناوە، بەڵگەیان هێناوەتەوە بەفەرموودەیەکی ئەبو هورەیرە(خوای لێ رازیی بێ) ئەڵێ: پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: «أَنْتُمُ الْغُرُّ الْمُحَجَّلُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ أَثَرِ الْوُضُوءِ، فَمَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ فَلْيُطِلْ غُرَّتَهُ وَتَحْجِيلَهُ» "[1]،واتا: ئێوە لەڕۆژی قیامەتدا شۆێنەواری دەستنوێژەکانتان سپی دەکاتەوە، جا هەرکەس لەئێوە توانی شوێنی سپیایی دەستنوێژی زۆرتر بکاتەوە و فراوان تربێ، با بیکات.

شۆێنی دەستنوێژ بەکوێ گەیشت، هەتاوەکو ئەو شۆێنە لەباوەڕداردا جوان دەکات.

ئەوانەی کە ڕەتیدەکەنەوە ئەوە بەشێك بێ لەسوونەت، ئەڵێن: خوای گەورە سنووری مەچەك و پاژنە پێی دیاریی کردووە، نابێ ئەو سنوورە تێپەڕێنرێت. هیچ شتێك لەپەیامبەری خواوە(ﷺ) نەگێڕدراوەتەوە لەو ئاستە لای دابێت، لادان لەو سنوورە بنچینەو کەرەستەی وەسوەسەیە، کەسەکە وەك نزیکبوونەوە لەخوای گەورە و پەرستن ئەوە ئەنجام دەدات، خواپەرستییش لەسەر شۆێنکەوتنی پەیامبەر(ﷺ) دامەزراوە، تێپەڕاندنی سنووری دەستنوێژ، ئەبێتە پاساوێك بۆ شۆردنی ران و شانیش!

---

١ – بوخاری(١٣٦) و موسلیم(٢٤٦) گێڕاویانەتەوە، دواتر بڕوانە قسەی دانەر و قسەی من لەسەری.

ئەوەی دەزانرێ ئەوەیە، کە پەیامبەری خوا(ﷺ) و هاوەڵانیشی تەنیا بۆ جارێکیش ئەوەیان نەکردووە، چونکە زیادەڕۆییە، پەیامبەر(ﷺ)یش فەرموویەتی:"إِيَّاكُمْ وَالْغُلُوَّ فِي الدِّين"[1]،واتا:ئاممان وریای زیادەڕۆیی بن لەئاییندا.

ئەوە قوولّبوونەوەیە بۆیە نەهی لێکراوە، لەبەر ئەوەیە ئەندامێکە لەو ئەندامانەی لەدەستنوێژدا دەشۆردرێن، مەکروە دانراوە بەنمونەی دەموچاو سنووری ببەزینرێت.

گێڕەرەوەی ئەو فەرموودەیە لەئەبو هورەیرەوە(خوای لێ رازیی بێ)، نوعەیم ئەلموجمیرە ئەڵێ: نازانم ئەوەی لەنێو فەرموودەکەدا هاتووە" فَمَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ فَلْيُطِلْ غُرَّتَهُ وَتَحْجِيلَهُ" فەرمایشتی پەیامبەری خوایە(ﷺ) یان قسەی ئەبو هورەیرەیە(خوای لێ رازیی بێ). ئیمام ئەحمەد لەموسنەددا ئەوەی لێیەوە گواستووەتەوە[2].

- هەرچی قسەی ئێوەیە: وەسەوەسە باشترە لەو حاڵەتەی خەڵکانی کەمتەرخەم و شلپەو و بەڕێکردن و هەتا دوایی.

سوێند بەخوا ئەوە دوو ڕێگەی زیادەڕۆیی و شلپەوین، زیاتر و کەمتر، خوای گەورەش لەزیاتر لەشوێنێك نەهی لەو دوو شتە کردووە:

وەك دەفەرموێت:﴿ وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ ٱلْبَسْطِ ﴿٢٩﴾ ﴾ الإسراء: ٢٩، واتا: دەستت مەکە کۆت بەگەردنتا و کراوە و بەڕەڵاشی مەکە بەتەواوەتی تا نەبیتە کەسێکی لۆمەکراوی هیچ بەدەستەوە نەماو.

---

١ – پێشتر تەخریج کرا.

٢ – لە(٢/٣٣٤ و ٥٢٣)ی ئەو سەرچاوەیە، تۆش بڕوانە تەواوی تەخریجکردنی لە(الإتمام)(٨٣٩٤) و لە(السلسلة الضعيفة)(١٠٣٠) ئەلبانی شێخ و مامۆستامان کە لێکۆڵینەوەیەکی تەواوی هەیە لەسەلماندنی تێهەڵکێشکردن(إدراج)، با تەماشای ئەوە بکرێت. هەرچی هەوڵی ئەوانەیە ئەو تێهەڵکێشکردنە ڕەتبکەنەوە، بەبادا ڕۆیشتووە!!

هەروەها دەفەرموویت:﴿ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَنفَقُواْ لَمۡ يُسۡرِفُواْ وَلَمۡ يَقۡتُرُواْ وَكَانَ بَيۡنَ ذَٰلِكَ قَوَامٗا ٦٧ ﴾ **الفرقان:** ٦٧، واتا:کەسانێکن کاتێ مالّ و سامان خەرج دەکەن(بۆ خۆیان و خێزانەکانیان) نە زیادە ڕەوی و نە ڕەزیلی و دەست نوقاوی(تێدا) ناکەن(بەڵکو) مام ناوەندیە لەو نێوانەدا.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموویت:﴿ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ٣١ ﴾ **الأعراف:** ٣١، واتا:بخۆن و بخۆنەوە(لەوەی کە حەڵاڵە بۆتان) و زیادە ڕەوی مەکەن بێگومان خوا زیادە ڕەوانی خۆش ناوێ.

ئایینی خوا لەنێوان زیادەڕۆ و کەمتەرخەم و پشت لێکردنەوەدایە، باشترینی خەڵکی، ئەوانەن کە لەنێوان زیادەڕۆیی و شڵپەوییدان و مامناوەندن، نە شڵپەو و کەمتەرخەمن، نە تووندڕەو و قورس کەرەوەن، خوای گەورەش ئەم ئوممەتەی بەمامناوەند گێڕاوە، بژاردەی دادپەروەرییە تاوەکو بکەوێتە نێوان دوو چین و تۆیژی سەرزەنشتکراوەوە. داد نێوەندی نێوان لایەنی سنووربەزێنی و شڵپەوییە.

دەردو بەڵاکان ڕوو دەکاتە لاکان، ناوەندەکان بە لاشانەکان و دەورووبەریان پارێزراون، بۆیە باشترین شتەکان، مامناوەندەکانن[1].

شاعیریش وتوویەتی:

كَانَتْ هِيَ الْوَسَطَ الْمَحْمِيَّ فَاكْتَنَفَتْ بِهَا الْحَوَادِثُ حَتَّى أَصْبَحَتْ طَرَفَا

واتا: ناوەندی پارێزراو بوو، ڕووداوەکان پێی نەدەگەیشتن هەتا ئەو کاتەی خۆی کردە لایەک و لەناوەندیی نەما.

---

١ – ئەو فەرموودەیەی لەم بارەیەوە هاتووە لاوازە، السخاوي لە(المقاصد)(٤٥٥) ڕوونیکردووەتەوە، بەڵام سەحیحێکی پچڕاوە لەقسەی وەهبی کوڕی مونبیهەوە، هەروەک لای ئەبی یەعلا هەیە لە(المسند)(٦١١٥).

٣) تووشبوون بەفیتنەی گۆڕ

یەکێك لەگەورەترین فێڵەکانی شەیتان کە بەکارهێناوە بۆ لەخشتەبردنی زۆربەی خەڵکیی و تەنیا ئەوانەی لێ رزگاربووە کە خوای گەورە ویستی هەبووە بەو فیتنەیە تووش نەبن: ئەوەیە لەکۆن و نوێدا شەیتان لایەنگران و دۆستانی خۆی تووشی فیتنەی گۆڕ کردووە و بەو حاڵەی گەیاندوون مردووی خاوەن گۆڕ بپەرستن لەجیاتی خواو دەستبدەنە گۆڕ پەرستی و هێنانە کایەی بتپەرستی، لەسەر گۆڕەکان پەرستگاو کۆشك دروست بکەن و کۆمەڵێ وێنەی خاوەن گۆڕی تێدا دابنێن، پاشان ئەو وێنانەیان کردووەتە پەیکەر و لەگەڵ خوادا دەیپەرستن.

یەکەمین ئەو دەردو بەڵا گەورەیە لەقەومی نوحدا بوو، هەروەك خوای گەورە لەبارەیانەوە لەقورئانەکەیدا فەرموویەتی: ﴿ قَالَ نُوحٌ رَّبِّ إِنَّهُمْ عَصَوْنِي وَٱتَّبَعُواْ مَن لَّمْ يَزِدْهُ مَالُهُۥ وَوَلَدُهُۥٓ إِلَّا خَسَارًا ﴿٢١﴾ وَمَكَرُواْ مَكْرًا كُبَّارًا ﴿٢٢﴾ وَقَالُواْ لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا ﴿٢٣﴾ وَقَدْ أَضَلُّواْ كَثِيرًا وَلَا تَزِدِ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا ضَلَٰلًا ﴿٢٤﴾ ﴾ نوح: ٢١ - ٢٤، واتا: نووح وتی: ئەی پەروەردگارم بێگومان گەلەکەم بێ فەرمانیان کردم وە شوێن کەسانێ کەوتن کە مالّ و منداڵی قازانجی پێ نەگەیاندووە زیان نەبێ. وە پیلان و فڕو فێڵی زۆر گەورەیان کرد. وە وتیان: دەست هەڵ نەگرن لە بت و خواکانتان وە دەست هەڵ نەگرن لە(پەرستنی)ود و سواع و یەغووث و یەعوق و نەسر . وە بەڕاستی ئەوانە زۆر(خەڵك)یان گومڕا کرد(خوایە)ئەم ستەمکارانە لە گومڕایی زیاتر هیچی تریان بۆ زۆر کەمە.

ئیبن جەریر ئەڵێ[1]:((وەك ئەوەی بەئێمە گەیشتووە، یەکێك لەمەوالّی ئەوانە، ئەوەیە کە ئیبن حومەید بۆی باسکردووین: میهران بۆی باسکردین لەسوفیانەوە ئەویش لەموساوە ئەویش لەموحەممەدی کوڕی قەیسەوە: کە یەغوس و یەعوق و نەسر کەسانی چاکەکاری نەوەی ئادەم بوون، شوێنکەوتەیان هەبوو، کە مردن، شوێنکەوتەکانیان وتیان: ئەگەر وێنەی ئەوانمان بکێشایە، تامەزرۆتر دەبووین بۆ خواپەرستی، چونکە ئەوانمان بیردەکەوتەوە، بۆیە هەڵسان وێنەیانیان کێشا، کە ئەوانیش مردن و خەڵکانی تر هاتن و ئیبلیس بەوەی گەیاندن بڵێن: ئەوانەی پێش ئێمە ئەو خواپەرستانەیان دەپەرست، بەهۆی ئەوانەوە باران دادەباری، بۆیە دەستیان دایە پەرستنیان)).

بوخاری ئەڵێ[2]: ئیبراهیمی کوڕی موسا بۆی باسکردین: هیشام بۆی باسکردین لەئیبن جورەیجەوە وتی: عەتاء وتی لەئیبن عەباسەوە:((ئەو بتانەی کە لەنێو قەومی نوحدا بوون، دواتر کەوتنە لای عەرەب، هەرچی بتی وەددە، ئەوە هی کەلب بوو لەدەومەتوئەلجەندەل، سواع بتی هوزەیل بوو، یەغوس بتی موراد بوو پاشان کەوتە لای غوتەیف لەجورف لای سەبەء، یەعوقیش بتی هەمەدان بوو، نەسریش بتی ئال زی کەلاع بوو. ئەو بتانە کۆمەڵە ناوێکی پیاوچاکانی قەومی نوح بوون، کە مردن، شەیتان قەومەکەیانی خستەسەر رێی ئەوەی: لەو مەجلیسانەی ئەوان دادەنیشتن، بت و پەیکەریان بۆ دروست بکرێت و ئەو بتانەیان بەناوی ئەوانەوە ناوبرد، بەگوێی شەیتانیان کرد، ئەو بتانە پەرستن نەکران هەتاوەکو ئەو خەڵکە مردن و کەسانی تر لەدوایان هاتن، کە زانست لەبیرچوویەوە، دەستکرا بەپەرستنیان)).

---

١ – لە(مجمع البيان)(٢٩/٩٨).

٢ – لەسەحیحەکەیدا(٤٩٢٠)، وەك پێویست بڕوانە(فتح الباري)(٨/٦٦٧).

زیاتر لەیەکێکی پێشین وتوویانە[1]:((ئەوانە کۆمەڵە پیاوچاکێکی قەومی نوح بوون(سەلامی خوای لەسەربێ)، کە مردن، خەڵکەکە لەسەر گۆڕەکانیان مانەوە، پاشان پەیکەریان بۆیان داتاشی، پاشان سەردەمانێك تێپەڕی و دەستیان کردە پەرستنیان)).

ئەوانە دوو فیتنەیان بۆ خۆیان کۆکردەوە: فیتنەی گۆڕ و فیتنەی پەیکەرەکان، ئەوانە ئەو دوو فیتنەیەن کە پەیامبەری خوا(ﷺ) ئاماژەی پێکردوون لەو فەرموودەیەی کە یەکدەنگی لەسەر سەحیحبوونی هەیە(متفق علیە)[2]، لە عائیشەوە(خوای لێ رازیی بێ) کە:((ئوم سەلەمە(خوای لێ رازیی بێ) بۆ پەیامبەری خوا(ﷺ) باسی کڵێسایەکی کرد کە لەخاکی حەبەشە بینیبووی، کڵێسایەك پێیدەوترا ماریە، کۆمەڵێ وێنەی تێدا هەبووە، پەیامبەری خواش(ﷺ) فەرمووی: ئەوانە ئەگەر بەندەیەکی چاك یان پیاوچاکێکیان لێ بمرێ، لەسەر گۆڕەکەی پەرستگایەك دروست دەکەن و ئەو وێنانەیان تێدا دادەنێن، ئەوانە خراپترین مرۆڤ و مەخلوقێکن لای خوای گەورە)).

لەو فەرموودەیەدا پەیکەر و گۆڕی پێکەوە کۆکردووەتەوە، ئەوەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی لات بپەرسترێت. تۆیش بینیت کە هۆکاری پەرستنی وەدد و یەغوس و یەعوق و نەسر و لات هەر لەبەر ئەوە بوو گۆڕەکانیان مەزن راگیرا، پاشان پەیکەریان بۆیان داتاشی و ئەوانیان پەرست، هەروەك پەیامبەری خوا(ﷺ) ئاماژەی پێ داوە.

---

١ – بڕوانە:(الدر المنثور)(٦/٢٦٩).

٢ – بوخاری(٤٣٤) و موسلیم(٥٢٨) گێڕایانەتەوە.

شێخ و مامۆستامان ئەڵێ[1]: ئەو عیللەت و هۆکارەی کە بەهۆیەوە خوای گەورە نەهیکردووە مزگەوتەکان لەسەر ئەو گۆڕانە دروست بکرێن کە زۆرێك ئوممەت تووشی ئەو بەڵایە بووە، یان لەبەر هاوبەش پەیداکردنی گەورەیە یان کەمتر لەوە. دەروونەکان بەپەیکەری ئەو کەسە پیاوچاکانە هاوبەشیان پەیداکرد، کۆمەڵێ پەیکەربوون و وەهایان زانی کە بۆ ئەستێرەکان و شتانی تر کۆمەڵێ تەلیسمن.

بێگومان هاوبەش پەیداکردن بەگۆڕی پیاوچاکێك کە گومانی چاکبوونی لێ دەکرێت، لەدەروونەوە نزیکترە لەوەی دار و بەردێك بکرێتە هاوبەش، لەبەرئەوەیە دەبینین هاوبەش پەیداکەران لای گۆڕەکان دەکڕوزێنەوەو دەپارێنەوە، ملکەچیی دەنوێنن و بەدڵێك دەیپەرستن کە لەماڵەکانی خوای گەورە و لەکاتی بەربەیاندا ئەوە ناکەن. زۆربەیان ئەوەندە لای ئەو تکای بەرەکەتی نوێژ و پاڕانەوە دەکەن، لەمزگەوتەکاندا ئومێدی ناکەن.

لەبەر ئەو خراپییەیە پەیامبەری خوا(ﷺ) ڕێگەکەی دابڕیووە، تەنانەت ڕەهایانە نەهی کردووە لەگۆڕستاندا نوێژ ئەنجام بدرێت[2]، ئەگەرچی ئەو کەسە بەو نوێژەی ئەنجامی دەدات، مەبەستی ئەوە نەبێ ئەو شوێنە بەرەکەتدارە وەك ئەوەی لەمزگەوتدا بەرەکەتی مزگەوتەکەی مەبەستە، هەروەك نەهی کردووە لەنوێژکردن لەکاتی خۆرهەڵاتن و خۆرئاوابووندا[3]، چونکە ئەو کاتانەیە کە هاوبەش پەیداکەران بۆ

---

١ – بڕوانە:(اقتضاء الصراط المستقيم)(٢/٦٧٣– ٦٧٥)ی ئیبن تەیمیە(بەڕەحمەت بێ).

٢ – هەروەك پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی:«الْأَرْضُ كُلُّهَا مَسْجِدٌ إِلَّا الْمَقْبَرَةُ وَالْحَمَّامُ»،واتا: زەوی هەمووی شوێنی نوێژە جگە لەگۆڕستان و گەرماو. ئەبو داوود(٤٩٢) و ترمیزی(٣١٧) و ئیبن ماجە(٧٤٥) و ئەوانی تر گێڕاویانەتەوە بەسەنەدێکی سەحیح، بڕوانە:(الإتمام)(١١٨٠١) بۆ سوودبینین لەتەخریجکردن و قسە لەسەرکردنی.

٣ – بڕوانە:(تجريد التوحيد المفيد)(ص٣٥)ی مەقریزی و قسەی من لەسەری.

خۆر دەچنە کڕنۆش و پەرستن، لەبەرئەوەیە نەهی کردووە لەئوممەتەکەی، ئەوەی بۆ نەهێشتنی بیانوو(سد الذريعة)یە ئەگەرچی نوێژخوێنی موسڵمان ئەو مەبەستەی هاوبەش پەیداکەرانیشی نەبێ.

ئەڵێ: بەڵام ئەگەر ئەو کەسەی لای گۆڕ نوێژ دەکات، مەبەستی ئەوە بێ بەنوێژکردنی لەو شوێنەدا بەرەکەت وەربگرێ، ئەوە خودی دوژمنایەتی خواو پەیامبەر و پێچەوانەکردنی ئایینی خوایە، داهێنانی ئایینێکە کە خوای گەورە رێگەو مۆڵەتی ئەوەی نەداوە، چونکە موسڵمانان وەک ئەوەی دەیزانن و فێری بوونە لەئایینی پەیامبەری خوا(ﷺ)، ئەوەیە، نەهی کراوە لای گۆڕ نوێژ بکرێت[1]، نەفرەتی کردووە لەو کەسەی گۆڕ دەکاتە مزگەوت[2].

بۆیە یەکێک لەگەورەترین داهێنراوەکان و هۆکارەکانی هاوبەش پەیداکردن: نوێژکردنە لای گۆڕ و کردنی گۆڕە بەمزگەوت و دروستکردنی مزگەوتە لەسەر گۆڕ.

دەقی زۆر و موتەواتیر لەپەیامبەری خواوە(ﷺ) هاتووە لەنەهیکردن لەو کارە و تووند لەسەری دواوە.

تێکڕای تایەفەکان بەشوێنکەوتن و پەیڕەوکردنی فەرموودەی سەحیح، راشکاوانە نەهیان کردووە لەدروستکردنی مزگەوت لەسەر گۆڕ، هاوەڵانی ئەحمەدو ئەوانی تری مالیك و شافیعی راشکاوانە حەرامێتیی ئەو کارەیان راگەیاندووە، تایەفەیەکی تریش وتوویانە کەراهەتی هەیە، مەبەست کەراهەتی تەحریمە.

---

١ – باسی دوورووەدرێژ هەیە لە(تحذير الساجد من اتّخاذ القبور مساجد)ی شێخ و مامۆستای عەلامەمان شێخ ئەلبانی، با تەماشای ئەو سەرچاوەیە بکرێت.

٢ – دواتر بەدوورووەدرێژی باسی ئەو فەرموودەیە و تەخریجکردنی دێت.

لەسەحیحی موسلیمدا هاتووە[1] لەجوندوبی کوڕی عبداللەی ئەلبەجەلییەوە ئەڵێ: گوێم لێبوو پەیامبەری خوا(ﷺ) پێش کۆچی دوایی کردنی بەپێنج رۆژ ئەیفەرموو:"إِنِّي أَبْرَأُ إِلى اللهِ أَنْ يَكونَ لي مِنكُم خَليلٌ، فإنَّ اللهَ تَعَالَى قَدِ اتَّخَذَنِي خَليلًا، كما اتَّخَذَ إبْرَاهِيمَ خَليلًا، ولو كُنْتُ مُتَّخِذًا مِن أُمَّتي خَليلًا لَاتَّخَذْتُ أبَا بَكْرٍ خَليلًا، ألَا وإنَّ مَن كانَ قَبْلَكُمْ كَانُوا يَتَّخِذُونَ قُبُورَ أنْبِيَائِهِمْ وصَالِحِيهِمْ مَسَاجِدَ، ألَا فلا تَتَّخِذُوا القُبُورَ مَسَاجِدَ، إنِّي أنْهَاكُمْ عن ذلكَ"،واتا: من لای خوای گەورە تەبەڕا دەکەم و خۆم ئەستۆ پاك رادەگرم لەبارەی ئێوەوە ئەگەر دۆست و خۆشەویستێکم(خلیل) هەبێ، من خوای گەورە بەدۆستی خۆی هەڵبژاردووم هەروەك ئیبراهیمی بەدۆستی خۆی هەڵبژاردووە، ئەگەر لەئوممەتەکەمدا کەسێکم بەخۆشەویست وەربگرتبایە، ئەوە ئەبو بەکرم بەخۆشەویستی خۆم هەڵدەبژارد، بزانن لەپێش ئێوە خەڵکانێك هەبوون گۆڕی پەیامبەرانیان دەکردە مزگەوت و شوێنی پەرستن، نەکەن گۆڕەکان بەشوێنی نوێژ و پەرستن بکەن، بزانن من لەوەدا نەهییتان لێ دەکەم.

لەعائیشەو عبداللەی کوڕی عەباسەوە وتوویانە:((پەیامبەری خوا(ﷺ))کە کەوتە سەرەمەرگ، پارچە پەڕۆیەك درا بەسەر دەموچاویدا، دەبوورایەوە،کە بەئاگا دەهاتەوە خۆی پارچە پەڕۆیەکەی لادەبرد و بەوشێوە بوو ئەیفەرموو:"لَعْنَةُ اللهِ عَلَى اليَهُوْدِ وَالنَّصَارَى" اتَّخَذُوا قُبُوْرَ أنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ، يُحَذِّرُ مَا صَنَعُوا"،واتا:نەفرەتی خوا لەجولەکە و گاورەکان بێ گۆڕی پەیامبەرانیان کردووەتە شوێنی پەرستن و وریایی دەدا لەوەی ئەوان ئەنجامیان داوە))متفق علیه[2].

---

١ – بەژمارە(٥٣٢).

٢– بوخاری(٤٣٥) و موسلیم(٥٣١) گێڕاویانەتەوە.

لەسەحیحەیندا هاتووە[1] لەئەبو هورەیرەوە(خوای لێ رازیی بێ) کە پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی:"قَاتَلَ اللهُ اليَهُوْدَ وَالنَّصَارَى" اتَّخَذُوا قُبُوْرَ أَنْبِيَائِهِم مَسَاجِدَ"، واتا: خوای گەورە جولەکەو گاورەکان بکوژێ، ئەوان گۆڕی پەیامبەرانیان کردە مزگەوت.

لەگێڕانەوەیەکی موسلیمدا هاتووە:«لَعَنَ اللَّهُ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى، اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ»،واتا:خوای گەورە نەفرەتی لەجولەکەو گاورەکان کرد، ئەوان گۆڕی پەیامبەرانیان کردە مزگەوت.

لەکۆتا ژیانی خۆیدا نەهی کردووە گۆڕەکان بکرێنە مزگەوت، لەسەرەمەرگیشدا نەفرەتی کردووە لەو ئەهلی کیتابانەی ئەو کارەیان کردووە، ئەمە تاوەکو ئوممەتەکەی وریابکاتەوە لەوەها کارێك.

عائیشە(خوای لێ رازیی بێ) ئەڵێ: پەیامبەری خوا(ﷺ) لەو نەخۆشییەی کە تیایدا کۆچی دوایی کرد، فەرمووی:"لعنَ اللَّهُ اليهودَ والنصارى اتخذوا قبورَ أنبيائِهم مساجدَ، ولولا ذلك، لأبرز قبره، غير أنه خُشِيَ أن يتخذ مسجداً"[2]،واتا:نەفرەتی خوا لەجولەکەو گاورەکان بێ گۆڕی پەیامبەرانیان کردە پەرستگا، ئەگەر ئەوە نەدەبوو، ئەوە گۆڕەکەی دیار دەخرا، بەڵام ترسا هەبوو لەوەی بکرێتە شوێنی خواپەرستی.

ئیمامی ئەحمەد لەموسنەدەکەیدا گێڕاویەتییەوە[3] بەئیسنادێکی چاك لەعبداللەی کوڕی مەسعودەوە(خوای لێ رازیی بێ) کە پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی:"إِنَّ مِنْ شِرَارِ النَّاسِ مَنْ تُدْرِكُهُمُ السَّاعَةُ وَهُمْ أَحْيَاءٌ، وَالَّذِيْنَ يَتَّخِذُوْنَ القُبُوْرَ

---

١ – بوخاری(٤٣٧) و موسلیم(٥٣٠) گێڕاویانەتەوە.

٢ – بوخاری(١٣٣٠) و موسلیم(٥٢٩) گێڕاویانەتەوە.

٣ – (٤٣٥/١). هەروەها ئیبن ئەبی شەیبە(٣٤٥/٣) و ئیبن خوزەیمە(٧٨٩) و ئیبن حیبان(٣٤٠ و ٣٤١) گێڕاویانەتەوە بەسەنەدێکی حەسەن.

مَسَاجِدَ"،واتا:کۆمەڵێك لەخراپترین خەڵکێك لەقیامەتدا پێیان دەگەیت و ئێستا زیندوون، ئەوانەن کە گۆڕەکان ئەکەنە شوێنی مزگەوت و خواپەرستی.

لەسەحیحی بوخاریدا هاتووە[1] کە عومەری کوڕی خەتاب(خوای لێ رازیی بێ) بینی ئەنەسی کوڕی مالیك لای گۆڕێك نوێژ دەکات، وتی:((ئەرێ ئەو گۆڕە لەوێدایە، گۆڕ).

ئەمە بەڵگە دەدات لەسەرئەوەی لای هاوەڵان شتێکی جێگیر بووە کە پەیامبەری خوا(ﷺ) نەهی لێکردوون لای گۆڕ نوێژ بکەن، ئەوەشی ئەنەس(خوای لێ رازیی بێ) کردوویەتی، واتای ئەوە نییە پێی ئاسایی بووبێ لای گۆڕ نوێژ بکات، بەڵکو ئەکرێ ئەو گۆڕەی نەبینیبێ، یان نەیزانیبێ ئەوە گۆڕە، کە عومەر(خوای لێ رازیی بێ) وریای کردووەتەوە، ئاگاداربووەتەوە.

بەهێزتر لەوە: ئەوەیە نەهی کردووە لەنوێژکردن لای گۆڕ، نابێ گۆڕ بکەوێتە نێوان نوێژخوێن و قیبلەوە.

موسلیم لەسەحیحەکەیدا گێڕاویەتییەوە[2] لەئەبی مەرسەدی ئەلغەنەوییەوە (بەڕەحمەت بێ) کە پەیامبەری خوای بینیووە(ﷺ) فەرموویەتی:«لا تَجْلِسُوا عَلَى الْقُبُورِ وَلَا تُصَلُّوا إِلَيْهَا»،واتا: لەسەر گۆڕەکان دامەنیشن و رووەو گۆڕ نوێژ مەکەن.

ئەمە قسەی ئەوانە پووچەڵ دەکاتەوە کە نەهیکردن لەنوێژکردن لەگۆڕستان، بەهۆکاری پیسیی لێکدەدەنەوە، ئەوە دوورترین شتێکە لەمەبەستی پەیامبەری خوا(ﷺ)، لەچەند رووبەکەوە بۆچوونێکی بەتاڵە:

---

١ – بەموعەلەقی(٥٢٣/١)، عەبدولڕەزاق گەیاندوویەتی(وصلە)(٤٠٤/١) و بەیهەقی(٤٣٥/٢) لەدوو ڕێگەوە لەئەنەسەوە.

٢ – بەژمارە(٩٧٢).

لەوانە: تەواوی فەرموودەکان جیاوازییان نەکردووە لەنێوان گۆڕستانی نوێ و گۆڕستانی کۆن و هەڵدراوەدا وەک ئەوەی ئەوانە باسیدەکەن کە پیسییان کردووەتە هۆکار.

لەوانە: پەیامبەری خوا(ﷺ) نەفرەتی کردووە لەجولەکەو گاورەکان لەسەر ئەوەی گۆڕی پەیامبەرانیان کردووەتە مزگەوت و شوێنی خواپەرستی، ڕوون و ئاشکرایەو گومانی تێدا نییە ئەو نەفرەتکردنە لەبەر پیسیی نییە، ئەوەش تایبەت نییە بەگۆڕی پەیامبەرانەوە، لەبەرئەوەی گۆڕی پەیامبەران پاکترین شوێنێکە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە هیچ کات مەبەست پیسیی نییە، خوای گەورە حەرامی کردووە لەسەر زەوی،جەستەی پەیامبەران بخوات[1]، ئەوان لەگۆڕی خۆیاندا جەستەیەکی ساغیان هەیە.

لەوانە: نەهیکردووە لەنوێژکردن ڕووەو گۆڕ.

لەوانە: هەواڵی داوە کە تەواوی زەوی مزگەوت و شوێنی کڕنۆشە تەنیا گۆڕستان و گەرماو نەبێ، جا ئەگەر نەهییەکە لەبەر پیسیی بوایە، ئەوە باسکردنی شوێنی فڕێدانی ریخۆڵەو قەسابخانەکان لەپێشتر بوو پێش گۆڕستان باس بکردایە.

لەوانە: فیتنەی هاوبەش پەیداکردن بەنوێژکردن لەگۆڕستان و هاوشێوەکردنی پەرستنی بتپەرستان زۆر گەورەترە لەتاوانی نوێژ لەدوای عەسر و نوێژی بەیانی. ئەگەر نەهی کرابێ لەنوێژکردنی دوای عەسر و خۆرهەڵاتن تاوەکو لێکچووی شتێك نەبێ کە بەخەیاڵی نوێژخوێندا نەهاتووە، ئەی چی بەو بیانووەی کە زۆر نزیکە

---

١ – هەروەک ئەبو داوود(١٠٤٧ و ١٥٣١) و نەسائی(٣/٩١–٩٢) و ئیبن ماجە(١٦٣٦) و ئەوانی تر گێڕاویانەتەوە بەسەنەدێکی سەحیح. عیلەتێك بۆ فەرموودەکە هەیە کە کێشەی بۆ دروست ناکات،بۆ ڕوونکردنەوە بڕوانە(الإتمام)(١٦٢٠٧).

کەسەکە بگەیەنێتە هاوبەش پەیداکردن و پاڕانەوە لەمردوو و هاوارکردن و پەنابردن بۆیان تاوەکو پێویستییەکانی کەسی تکاکار بەجێبگەیەنن! هەروەها باوەڕبوون بەوەی نوێژکردن لای گۆڕی ئەوان، باشترە لەنوێژکردن لەمزگەوت، تاوەکو ئەو شتانەی تر کە دژایەتی ئاشکرای خواو پەیامبەرەکەی تێدایە، ئاخۆ هۆکارهێنانەوە بەپیسیی شوێنەکە لەکوێی ئەو تاوان و خراپەکارییەدایە؟

ئەمە بەڵگە دەدات لەسەرئەوەی، پەیامبەری خوا(ﷺ) ویستوویەتی ئوممەتەکەی رێگریی بکات لەتووشبوونی بەفیتنەی گۆڕ هەروەک چۆن قەومی نوح و دواتریان بەو فیتنەیە تووشهاتن.

لەوانە: نەفرەتی کردووە لەوانەی مزگەوت و شوێنی خواپەرستییان لەسەر دروست دەکەن، جا ئەگەر لەبەر پیسیی بوایە، ئەوە دەکرا بەتێکردنی خۆڵی پاك، بکرابایەتە مزگەوت و شوێنی خواپەرستی و بەوەش نەفرەتەکە نەدەما، بۆیە دەبینین بۆچوونەکەیان بەتەواوەتی باتڵە.

لەوانە: پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی:"اللَّهُمَّ لَا تَجْعَلْ قَبْرِي وَثَنًا يُعْبَدُ" اشْتَدَّ غَضَبُ اللهِ عَلَىَ قَوْمٍ اتَّخَذُوا قُبُوْرَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ"[1]،واتا: خوایە گیان وەها نەکەی گۆڕەکەم بکرێتە بتێك و بپەرسترێت. تووڕەیی خوا بەسەر قەومێکدا تووند هاتووەتەوە بەهۆی ئەوەی گۆڕی پەیامبەرانیان کردووەتە شوێنی خواپەرستی.

بەوە وریایی بەموسڵمانان داوە، کە ئەگەر گۆڕی ئەو بکەنە شوێنی خواپەرستی، ئەوە نەفرەتیان بەردەکەوێت.

---

١ – ئەحمەد(٢/٢٤٦) و ئەلحومەیدی(١٠٢٥) و ئەبو نوعەیم(٦/٢٨٣) گێڕاویانەتەوە بەسەنەدێکی حەسەن لەئەبو هورەیرەوە.

بەتێکڕا، هەرکەسێ شارەزایی هەبێ بەهاوبەش پەیداکردن و هۆکار و پاساوەکانی و لەمەبەستەکانی پەیامبەر(ﷺ) تێگەیشتبێ، تەواو دڵنیادەبێتەوە کە تووندو زیادەڕۆیی لەنەفرەتکردنەکە بەشێوازی(لا تفعَلوا – إنِّي أنهاكُم) لەبەر پیسیی نییە، بەڵکو لەبەر پیسی و چەپەڵیی هاوبەش پەیداکردنە کە تووشی ئەوانە دەبێ لەقسەی دەردەچن و نەهی لێکراوەکان ئەنجام دەدەن و شوێن هەواو ئارەزووی خۆیان دەکەون و لەپەروەردگاری خۆیان ناترسێن، پشکی کەمیان هەیە یان نییانە لەهێنانەدی شایەتیدان بە(أنْ لا إلهَ إلاَّ اللهُ).

نمونەی ئەوانە لەپەیامبەری خواوە(ﷺ) بۆ پاراستنی یەکتاپەرستییە تاوەکو کەسەکە تووشی هاوبەش پەیداکردن نەیەت و لەخوابترسێ و بۆ خوا یەکلابێتەوە. تووڕە بێ لەوەی لەپەنای خوا دەربچێ و خۆی بەپەنایەکی تر بگەیەنێ. ئەوە هاوبەش پەیداکەرانن تەنیا دەرچوون لەفەرمانی خوای گەورەیان دەوێ، ئەیانەوێ نەهی کراوەکانی ئەنجام بدەن و شەیتان لەخشتەی بردوون، ئەوان ئەڵێن: ئەمە تەنیا گەورەڕاگرتنی گۆڕی مشایەخ و پیاوچاکانە. جا لەبەرئەوەی ئەو کەسانە زۆریان گەورە راگرتبوون و زیادەڕۆیی زۆریان لەبارەوە کردبوو، ئەوە لەپەنایاندا زۆر خۆشحاڵتر و دوورتربوون لەدوژمنایەتیکردنی ئەو حاڵەتە!

سوێند بەخوا هەمان دەرگا بوو لێیەوە تێکەڵ بەوانە بوو کە یەغوس و یەعوق و نەسریان دەپەرست، لەهەمان دەرگاوە شەیتان رۆیشتە لای بتپەرستان و هەتاوەکو رۆژی قیامەت هەر لەو دەرگایەوە دەچێتەلایان.

هاوبەش پەیداکەران زیادەڕۆییان لەبت و پەرستراوەکانیان و تانەدان لەڕێگەکانیان کۆکردووەتەوە. بەڵام خوای گەورە هیدایەتی یەکتاپەرستانی داوە کە ڕێگەی خۆیان بگرنەبەر و لەو ڕێگەیە لانەدەن، کە خوای گەورە بۆی دیاریی کردوون و تایبەتمەندی

خوایەتییان بەپەیامبەران و پیاوچاکان نەداوە، ئەوەش ئەوپەڕی مەزن ڕاگرتن و گوێڕایەڵییانە.

- **کردنی گۆڕەکان بەشوێنی جەژن و خۆشی:**

لەوانە، کردنی گۆڕستان بەشوێنی جەژن.

جەژن: ئەوەیە کە نەریت بەهاتنییەوە وەرگیراوە و لەڕووی کات و شوێنەوە ڕووی تێدەکرێت.

هەرچی تایبەتە بەکاتەوە، نمونەی فەرمایشتی پەیامبەری خوایە(ﷺ) کە فەرموویەتی:"يَوْمُ عَرَفَةَ وَيَوْمُ النَّحْرِ وَأَيَّامُ مِنًى عِيدُنَا أَهْلَ الْإِسْلَامِ"[1]،واتا: ڕۆژی عەرەفە و ڕۆژی قوربانییکردن و ڕۆژەکانی مینا، جەژنی ئێمەی ئەهلی ئیسلامە.

هەرچی شوێنە، وەک فەرموودەی:"لَا تَجْعَلوا قَبْرِيْ عِيْدًا"[2]،واتا: گۆڕەکەم مەکەنە شوێنی جەژن.

جەژن(العيد) لەدووبارەبوونەوە(المُعاوَدَة و الاعتياد) وەرگیراوە،نەریت گرتن و دووبارەبوونەوە، ئەگەر ناو بێ بۆ شوێن، ئەوە ئەو شوێنەیە کە نیازی کۆبوونەوەی تێدا هەیە و تایبەت دەکرێت بەپەرستش و شتانی تر، نمونەی مزگەوتی حەرام و مینا و موزەدەلیفە و عەرەفە و مەشاعیر کە خوای گەورە گێڕاوێتی بەجەژن بۆ یەکتاپەرستان، هەروەک ڕۆژانی خواپەرستیی تێدا گێڕاوە بەجەژن.

هاوبەش پەیداکەران کۆمەڵێ جەژنی شوێن و کاتیان هەبوو، کە ئیسلام هات، هەموو ئەوانەی هەڵوەشاندەوە، یەکتاپەرستانی قەرەبووکردەوە بەجەژنی ڕەمەزان و قوربان

---

١ – ترمیزی(٧٧٣) و ئەبو داوود(٢٤١٩) و کەسانی تر گێڕاویانەتەوە بەسەنەدێکی حەسەن. بڕوانە:((الإتمام))(١٧٤١٧) بۆ بینینی زیاتری تەخریجکردنی.

٢ – دواتر کاتی تەخریجکردنی دێت.

و رۆژانی مینا، هەروەها جەژنی شوێنانی بتپەرستانی قەرەبووکردەوە بەکەعبەی مالّی پیرۆزی خۆی و عەرەفە و مینا و مەشاعیر.

کردنی گۆڕ بەشوێنی جەژن و خۆشی، یەکێکە لەجەژنەکانی هاوبەش پەیداکەران کە پێش ئیسلام ئەنجامیان دەدا و پەیامبەری خوا(ﷺ) نەهی لێکردو وریایی دا لەو کارە.

ئەبو داوود ئەڵێ[1]: ئەحمەدی کوڕی سالّح بۆی باسکردین و وتی: بۆ عبداللەی کوڕی نافیع خوێندمەوە: ئیبن ئەبی زیئب هەوالّی پێدام لەسەعید ئەلمەقبوریيەوە ئەویش لەئەبو هورەیرەوە(خوای لێ رازیی بێ) ئەڵێ: پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرمووی:"لَا تَجْعَلُوا بُيُوْتَكُمْ قُبُوْرًا، وَلَا تَجْعَلُوا قَبْرِيْ عِيْدًا، وَصَلُّوا عَلَيَّ فَإِنَّ صَلَاتَكُمْ تَبْلُغُنِي حَيْثُ كُنْتُمْ"،واتا: مالّەکانتان مەکەنە گۆڕ، گۆڕی من مەکەنە شوێنی جەژن، سەلاّوام لەسەر بدەن، لەکوێ بوون سەلاّواتی ئێوەم پێ دەگات. صلّى اللهُ عليهِ وآلهِ وسلّمَ.

ئەمە ئیسنادێکی حەسەنە، گێڕەوانی ئەم فەرموودەیە هەموویان متمانەدار و بەناوبانگن.

سەعید ئەڵێ[2]: عەبدولعەزیزی کوڕی موحەممەد بۆی باسکردین: سوهەیلی کوڕی ئەبی سەهیل هەوالّی پێداین و وتی: ئەلحەسەنی کوڕی ئەلحەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تالّیب لای گۆڕی پەیامبەر(ﷺ) بینیمی، بانگی لێکردم و وتی: ئەوە چییە دەبینم لای ئەو گۆڕەی؟ وتم: سەلامم لەپەیامبەری خوا کرد(ﷺ)، ئەویش وتی: کە چوویتە مزگەوتەوە سەلام بکە. پاشان وتی: پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی:"لا

---

١ – ژمارە(٢٠٤٢)، ئەحمەد(٢/٣٦٧) و بەیهەقی لە(حياة الأنبياء)(ص١٢) گێڕاویانەتەوە.

٢ – ئیبن مەنسور، خاوەن کتێبی(السنن)، بروانە تەخریجی ئەو گێڕانەوەیە و ئەوانی تر لەقسەم لەسەر(معارج الألباب في مناهج الحقّ والصواب)(ص١٣٧–١٣٨)ی النُّعمي، نشر مكتبة المعارف، الرياض.

تَتَّخِذوا بَيْتي عِيداً، ولا تَتَّخِذوا بيوتَكُمْ مَقابِرَ،لَعَنَ اللهُ اليَهودَ والنَّصارى، اتَّخِذوا قُبورَ أنبيائِهِمْ مَساجِدَ، وصَلُّوا عَلَيَّ فإنَّ صلاتَكُمْ تَبْلُغُني حيثُما كنْتُم"،واتا: مالّەکەم مەکەنە شوێنی جەژن، مالّەکانی خۆتان مەکەنە گۆڕستان، نەفرەتی خوا لەجولەکە و گاورەکان بێ کە گۆڕی پەیامبەرانیان کردووەتە شوێنی پەرستن، ئێوە سەلاّواتم بۆ بنێرن و لەهەرکوێ بوون سەلاّواتی ئێوەم پێ دەگات.

شێخی ئیسلام(خوای گەورە روحی پیرۆز بکات) ئەڵێ: ڕووی بەڵگە ئەوەیە: گۆڕی پەیامبەری خوا(ﷺ) باشترین گۆڕێکە لەسەر ڕووی زەوی، کەچی نەهی کردووە بکرێتە شوێنی جەژن و خۆشی، کەوابوو لەپێشترە گۆڕەکانی تر گۆڕی هەرکەسێك بن، نەکرێنە شوێنی جەژن و خۆشی، پاشان فەرموویەتی: مالّەکانتان مەکەنە گۆڕستان، واتا وەها مەکەن نوێژ لەمالّەکانتاندا نەکەن و تیایدا نەپارێنەوەو قورئان نەخوێنن، ئەگەر وەهاتان کرد، ئەوە مالّەکانتان کردووەتە گۆڕستان، بۆیە فەرمانی داوە نوێژە سوونەتەکان لەماڵدا بکرێن و نەهیکردووە لای گۆڕەکان پەرستن بکرێت، ئا لەبەر ئەوە دژە بەوەی هاوبەش پەیداکەرانی گاور و هاوشێوەکانیان ئەنجامیان داوە و کاری لەسەر دەکەن، پاشان دوابەدوای نەهیکردن لەوەی لای گۆڕەکەی نەکرێتە جەژن، ڕوونیدەکاتەوە سەلام و سەلاّواتی ئێوەم پێ دەگات جا لەگۆڕەکەمەوە نزیك بن یان دوور، بۆیە پێویست ناکات لای گۆڕەکەم کۆببنەوەو بیکەنە شوێنی جەژن.

ئەوانەی کە هاوشێوەیەك لەگاورەکانیان وەرگرتووە لەهاوبەش پەیداکردن و هاوشێوە بەجولەکە لەشێواندن و بەلاڕێدابردن،هاتوون ئەو فەرموودانەیان شێواندووەو ئەڵێن: ئەمە پەیوەستە بەپەیوەستبوون بەگۆڕەکەی و مانەوە بەدیارییەوەو بەمەبەست بکرێتە شوێنی جەژن، نەهیکردووە وەك جەژنی لێ بکرێت، چونکە جەژن

لەسالێکدا یەک جار یان دوو جارە، وەک ئەوەیە فەرموویێتی: وەهای لێ مەکەن وەک جەژن بێ کە سالێ یەک جارە، بەڵکو هەموو کاتژمێر و کاتێک سەردانی بکەن.

ئەوە دژایەتیکردنی خواو پێچەوانەکردنی ئەوەیە کە پەیامبەری خوا(ﷺ) مەبەستی بووە، هەڵگێڕانەوەی حەقیقەتە، خوای گەورە ئەهلی باتڵ لەنێو بردات بۆ ئەو هەڵبەستنەی هەڵیانبەستووە[1].

ئەوانەی ئەو لێکدانەوەیان کردووە، دژ بەڕوون و ئاشکرایی ئەو فەرمایشتەی پەیامبەری خوا(ﷺ) ئەو قسەیەیان کردووە، نمونەی کەسانێکن دەردی دڵی خۆیان بخەنە سەر پشتیوانانی پەیامبەری خوا(ﷺ) و دواتر خۆیان وەک بێتاوان دەربخەن. گومان لەوەدا نییە لەدوای هاوبەش پەیداکردن، ئەنجامدانی هەموو تاوانێکی گەورەتر کارێکی ئاسانترە، بۆیە بەو جۆرە ئایینی پەیامبەران گۆڕاون، بێگومان ئەگەر خوای گەورە کۆمەڵێ پشتیوانی بۆ ئەم ئایینەی خۆی نەهێنایەتە بوون تاوەکو بەرگری لێ بکەن، ئەوە ئەوەی بەسەردا دەهات کە بەسەر ئایینەکانی تردا هاتووە.

ئەگەر پەیامبەری خوا(ﷺ) ئەوەی نیاز بووایە کە ئەو گومڕایانە ئەیڵێن، ئەوە نەهی نەدەکرد لەوەی گۆڕی پەیامبەران بەمزگەوت و شوێنی خواپەرستیی بکرێت و نەفرەتی لەبکەری ئەو کارە نەدەکرد. ئەو کە نەفرەتی کردووە لەو کەسانەی ئەو شوێنە دەکەنە جێگەی خواپەرستی و خوای تێدا دەپەرستن، ئەی چۆن فەرمان دەدات هەمیشە لەوێدا بن و تیایدا بمێننەوەو سەردانیی بکرێت و وەک جەژنی لێ نەکرێت ساڵ بۆ سالێ بێ؟

چۆن لەخوا دەپارێتەوە گۆڕەکەی نەکرێتە بتێک و بپەرسترێت؟

---

١ – نمونەی ئەو شتواندنانە و خراپتر لەوانە، ئەوەیە کە الکبیر أحمد لە(إحیاء القبور) و الصغیر عبدالله لە(إعلام الراکع والساجد...) نووسیویانە لەپشتگیریکردنی ئاساییبوونی دروستکردنی مزگەوت لەسەر گۆڕ.

چۆن دەفەرموێ:((گۆڕەکەم مەکەنە جێگەی جەژن و سەلاواتم بۆ بنێرن لەهەرکوێدا بوون؟)).

ئاخۆ چۆن هاوەلان و کەسوکاری ئەوە تێنەگەیشتن کە ئەو گومڕاکارانە تێگەیشتوون وا هاوبەش پەیداکردن و شێواندنیان پێکەوە بۆ خۆیان کۆکردووەتەوە؟

- **ئەو خراپەییانەی لەئەنجامی کردنی گۆڕ بەشوێنی جەژن و خۆشیی دروست دەبن:**

بەکردنی گۆڕ بەجێگەی جەژن و خۆشی، کۆمەڵێ لەو خراپیە گەورانە دروست دەبن کە تەنیا خوای گەورە دەیزانێ چەندە گەورەن و هەرکەسێك رێزی خوای گەورەی لەدڵدا هەبێ و غیرەتی بۆ یەکتاپەرستیی هەبێ و هاوبەش پەیداکردن سووك بزانێ، لەسەری تووڕە دەبێ، بەڵام کەسی مردوو کەی هەست بەئازار ئەکات.

لەو خراپەییانەی لەو کارەدا پەیدا دەبن: نوێژکردنە رووەو گۆڕ، سووڕانەوە بەدەوریدا، ماچکردنی، ملکەچی بۆ نواندنی، دەموچاو گەوزاندن لەخۆڵ و گڵی، پەرستنی خاوەن گۆڕ و هاوار پێکردنیان و داوای سەرکەوتن و ڕۆزی و لەشساغی و دانەوەی قەرز و لابردنی ناخۆشی و تکاو کڕوزانەوە لێیان، هەتا جۆرەکانی تری تکا و داواکاری کە بتپەرستان لەبت و بەخواکراوەکانیان داوای دەکەن.

ئەگەر دەبینی خەڵکانی ستەمکار چی دەکەن کە ئەو گۆڕانەیان کردووەتە شوێنی جەژن و بەولاخ لەشوێنی دوورەوە گەشتی بۆ دەکەن و زەوی ماچ دەکەن و خۆیان کزۆڵ و شڕەت دەکەن و هاواریان لێ بەرزدەبێتەوە و دەنگی گریانیان لێ بەرزدەبێتەوە، هاوار دەکەن لەیەکێ بۆ خۆیشی هیچی پێ ناکرێت، لەپاڵ گۆڕەکەدا دوو رکات نوێژ دەکەن و وەها دەزانن پاداشتی خۆیان وەرگرتووە، لەکاتێکدا ئەو کەسە پاداشت وەرناگرێ کە رووەو دوو قیبلە نوێژ دەکات. ئەیانبینی لەپاڵ گۆڕدا

دەچنە کڕنۆش و داوای چاکە و رازیبوون لەو مردووە دەکەن، لەکاتێکدا بێ ئومێدی و دۆڕان بۆ خۆیان دەچننەوە!

هەموو ئەوانە لەغەیری خوا تکا دەکرێ و بۆ غەیری خوا و بۆ شەیتان ئەنجام دەدرێت!

پاشان بەدەوری گۆڕدا دەسووڕێنەوە هاوشێوەی سووڕانەوە بەدەور کەعبەدا کە خوای گەورە گێڕاوێتی بەپێرۆز و هیدایەت بۆ هەموو جیهانیان، پاشان دەستدەکەنە ماچکردن و سەلام لێکردنی وەک ئەوەی لای بەردە رەشەکەی کەعبە سەردانیکارانی مالّی خوا ئەنجامی دەدەن، ئەوان بۆ ئەو گۆڕانە ئەنجامی دەدەن، پاشان شان و سەریان بەجۆرێ ئەخەنە خۆڵ و دەکڕوزێنەوە کە لەبەردەم خوای گەورەدا بەو جۆرە ئەنجامی نادەن.

لەوەی باسمان کرد، زیادەڕۆییمان نەکرد لەبارەیانەوە، هەموو ئەو بیدعە و گومڕاییانەشیان نییە، بەڵکو لەسەرووی خەیاڵەوە شتی سەیر و سەمەرەیان هەیە. وەک لەپێشتردا باسمان کرد، ئەوە سەرەتای پەرستنی بت بوو لەقەومی نوحدا.

هەرکەسێ کەمترین بۆنێکی زانست و تێگەیشتنی هەبێ، دەزانێ گرنگترین کارێک، ئەوەیە رێگری بکرێ لەشتێ سەربکێشێ بۆ کاری تاوان، خاوەن شەرعیش زاناترە بەسزاو سەرەنجامی ئەو شتەی نەهی لێکردووە، بۆیە خێر و خۆشی لەوەدایە شوێنی بکەوی و بەگوێی بکەی، خراپە و وێڵ و سەرگەردانییش لەوەدایە سەرپێچی بکەی و بکەویتە تاوانەوە.

بینیوومە ئەبو ئەلوەفاء بەشێکی جوانی لەو بارەیەوە نووسیووە، منیش بەجۆری خۆی باسمکردووە[1]، ئەڵێ:(کە ئەرك لەسەر نەفام و نەزانەکان قورسهاتەوە، لەدۆخی شەرع لایان دا بۆ گەورە راگرتنی دۆخێك کە خۆیان بۆ خۆیان دایانهێناوە، ئەوەیان بەسەردا سووك بوو، چونکە لەڕێگەی فەرمانی کەسانی ترەوە نەچوونە ژێر باری ئەو حاڵەتە. ئەڵێ: ئەوان بەڵای منەوە بەو بارودۆخانەدا بێباوەڕن، نمونەی گەورەڕاگرتنی گۆڕ و ڕێزگرتن لەگۆڕ بەجۆرێ کە شەرع نەهی لێکردووە، هەروەها لەداگیرسانی ئاگر و ڕووناکی و ماچکردن و گوڵاوڕێژکردنی، داواکردنی پێویستی لەمردوو، نووسینی نووشتەو پارانەوە کە تیایدا دەنووسن: ئەی گەورەم(یا مولاي!) ئەوەو ئەوەم بۆ بکە، هەروەها بردنی خۆڵ و گڵی بۆ تەبەڕوك و بۆن رشتن بەسەر گۆڕ و کۆڵ و بار پێچەوانە بۆ سەردانیکردنی و پەت بەستن بەدار و درەخت و پشت بەستن و چاوکردن لەوانەی لات و عوزایان دەپەرست. بەڵای ئەوانەوە، لەنێوچوون بۆ ئەو کەسانەی دیمەنی دەستهەڵگرتن نەبینێ و دەست نەهێنێ بەخشت و دیواری مزگەوتی مەئموونییە لەڕۆژی چوارشەممەدا!)).

هەرکەسێ بەراوردێ بکات لەنێوان ڕێبازی پەیامبەر(ﷺ) لەبابەت گۆڕ و ئەوەی فەرمان و نەهی لەبارەوە کردووەو ئەوەی هاوەڵان لەسەری بوونە لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ زۆربەی خەڵکیی لەسەرین، دەبینێ ئەوەی پەیامبەر و هاوەڵان لەگەڵ ئەوەی خەڵکیی ئەنجامی دەدەن دژ بەیەکن و هەرگیز پێکەوە کۆنابنەوە.

پەیامبەری خوا(ﷺ) نەهی کردووە ڕووەو گۆڕ نوێژ بکرێت، کەچی ئەوانە لای گۆڕەکان نوێژ دەکەن.

---

١ – ئبن ئەلجەوزی خوێندکاری ئەوەی لێیەوە گواستووەتەوە لە(تلبيس إبليس)(ص٥٥٣–٥٥٤، المنتقى النفيس).

نەهی کردووە گۆڕ بکرێتە مزگەوت و شوێنی خواپەرستی، کەچی ئەوانە لەسەر گۆڕەکان مزگەوت دروست دەکەن و بەناوگەلێکەوە ناوی لێ دەنێن هاوتا و هاوشانن بەمالأنی خوای گەورە.

نەهی کردووە ئەو شوێنانە بکرێنە شوێنی جەژن و خۆشی، کەچی ئەوانە ئەیکەنە شوێنی جەژن و بۆنەی خواپەرستی، وەک جەژنەکان و زیاتر لای کۆدەبنەوە.

فەرمانی داوە گۆڕ تەختی زەوی بکرێت هەروەک موسلیم لەسەحیحەکەیدا هاتووە[1] لەئەبی ئەلهەییاجی ئەلئەسەدییەوە، ئەڵێ: عەلی کوڕی ئەبو تالێب(خوای لێ رازیی بێ) وتی:((ئایە رەوانەت بکەم بەوەی کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) منی پێ رەوانە کرد: بەهیچ پەیکەرێک نەگەم ئیللا دەبێ بیڕوخێنم و بەهەر گۆڕێک گەیشتم تەختی زەویی بکەم)).

هەر لەسەحیحەکەیدا[2] لەسومامەی کوڕی شوفەییەوە ئەڵێ:((لەگەڵ فوزالّەی کوڕی عوبەید بووین لەخاکی ڕۆم لەبرودس، هاوڕێیەکمان مرد، فوزالّە فەرمانی کرد گۆڕەکەی تەخت بکرێ، تەخت کرا، پاشان وتی: گوێم لێبوو پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرمانی کرد بەتەختکردنی گۆڕ)).

ئەوانە زیادەڕۆیی دەکەن لەپێچەوانەکردنی ئەو دوو فەرموودەیە، وەک مالّ گۆڕەکان بەرز دەکەنەوە و گومەزی دەخەنەسەر.

نەهی کردووە لەگەچکردنی گۆڕ و دروستکردنی خانوو لەسەری، هەروەک موسلیم لەسەحیحەکەیدا دەگێڕێتەوە[3] لەجابرەوە ئەڵێ:((پەیامبەری خوا(ﷺ) نەهیکردن

---

١ – بەژمارە(٩٦٩).

٢ – بەژمارە٩٦٨.

٣ – بەژمارە٩٧٠.

لەگەچکردنی گۆڕ(هەڵواسین و کێڵدانان) و دانیشتن لەسەری و دروستکردنی دیوار لەسەری)).

عومەری کوڕی عبدالعزیز نەهیکرد بەخشتی سوورەوەکراو گۆڕ لێ بدرێت، وەسێتیشی کرد لەگەڵ گۆڕی ئەودا ئەوە نەکرێت)).

ئەسوەدی کوڕی یەزید وەسێتیکرد: خشتی سوورەوە کراو کێل لەسەر گۆڕەکەم دانەنێن.

ئیبراهیمی نەخەعی ئەڵێ:((ئەوان رەتیان دەکردەوە خشتی سوورەوە کراو و کێل لەسەر گۆڕەکانیان دابنرێت)).

ئەبو هورەیرە لەسەرەمەرگدا وەسێتی کرد کە: هیچ کەپر و دەوار و دیوارێك لەسەر گۆڕەکەی دانەنرێت.

ئیمامی ئەحمەد رەتیکردەوە لەسەر گۆڕ خێوەت هەڵبدرێت.

مەبەست ئەوەیە، ئەوانەی گۆڕ گەورەو مەزن رادەگرن و دەیکەنە شوێنی جەژن و چرا و مۆمی تێدا دادەگیرسێنن و مزگەوت و گومەزی لەسەر دروست دەکەن، پێچەوانە و دژکارن بەوەی پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرمانی داوە ئەنجام بدرێت، دژن بەڕێنماییەکانی، گەورەتر لەوەش، کردنی گۆڕە بەمزگەوت و داگیرسانی چرایە تیایدا کە یەکێکە لەتاوانە گەورەکان، شەرعناسانی هاوەڵانی ئەحمەدو ئەوانی تر، راشکاوانە حەرامیان کردووە.

ئەبو موحەممەد ئەلمەقدیسی ئەڵێ[1]:((.....لەبەرئەوەی بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانە لەشتی بێ سوود و زیادەڕۆییە لەگەورە راگرتنی گۆڕدا، لێکچووترە بەگەورە راگرتنی بتەکان)).

---

١ – لە(المغني)(٢/٣٨٨).

ئـەڵێ:((لەبـەر ئـەو هەواڵـە، جـائیز نییـە لەسـەر گـۆڕ مزگـەوت دروسـت بکرێـت، لەبەرئەوەی پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی:"لَعَنَ اللهِ اليَهُوْدَ وَالنَّصَارَى اتَّخَذُوا قُبُوْرَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ، يُحَذِّرُ مَا صَنَعُوا"،واتا:نەفرەتی خوا لەجولەکە و گاورەکان بێ گـۆڕی پەیامبـەرانیان کردووەتـە شـوێنی پەرسـتن و وریـایی دەدا لـەوەی ئـەوان ئـەنجامیان داوە))متفق علیه[1].

عائیشـەش(خوای لـێ رازیـی بـێ) وتوویـەتی:((گـۆڕی پەیامبـەری خـوا(ﷺ) بەرزنەکرایەوە نەوەک بکرێتە مزگەوت و شوێنی پەرستن))، لەبەرئەوەی تایبـەتکردنی گۆڕ بەنوێژکردن لای ئەو گۆڕە، لێکچووی گەورە راگرتنی بتەکانە بەکرنۆش بـردن بـۆ ئەو بتانەو قوربانیکردن بۆیان و خۆ نزیکخستنەوە لێیان.

بۆمان گێڕدراوەتەوە کە سەرەتای پەرستنی بتـەکان، بەگـەورە راگرتنـی مـردووان دەستیپێکردووە کە وێنەیان دانراوە و دەستی پێدا هێنراوە و نوێژیان لا کراوە.

دۆخ و حاڵەتەکە، ئەو کەسە گومڕایانەی هاوبەش پەیداکەران بەوە گەیاند، بەڵگـەو بیـانوو بـۆ گۆڕەکـان بهێننـەوە و بۆنـە و بەندایـەتی بـۆ دابڕێـژن، هـەتا ئـەوەی لەڕێدەرچووە گەورەکانیان[2] لەو بارەیەوە کتێب بنووسنەوەو ناوی لێبنێن(مناسك الحج الحج المشاهد)، وەك هاوتـاکردنی گۆڕەکـان بـەماڵی پـیرۆزی خـوا، ئـەوەش شـتێکی شاراوە نییە کە دەرچوونە لەئایینی ئیسلام و تێکەڵبوونە بەئایینی بتپەرستان.

تۆش بڕوانـە ئـەو جیاوازییـە گەورەیـەی نێـوان ئـەوەی کـە پـەیامبـەری خـوا(ﷺ) کردوویەتییە بەرنامە و ئەو مەبەستەش کە بەهۆیەوە نەهی لێکردووە لەوانەی لەبابەت

١- بوخاری(٥٣٢/١) و موسلیم(٥٣١) گێڕاویانەتەوە.

٢ - لەشیعەی رافیزە، بڕوانە(منهاج السنة النبوية)(٤٧٦/١)ی شێخی ئیسلام ئـبن تەیمیـە، دانـەری ئـەو کتێبەی شیعە، ئـبن ئەلنوعمانـە کـە لای خۆیـان ناسـراوە بـە ئەلموفیـد، سـاڵی(٤١٣)ی کۆچـی مـردووە، سەبوورەی هەیە لە(شذرات الذهب)(١٩٩/٣).

گۆڕدا لەپێشتر باسکرا، هەروەها بڕوانە ئەوەی ئەو کەسانە بۆ خۆیان دایانڕێژاوە و مەبەستیانە، گومان لەوەدا نییە لەو کارەی ئەو کەسانەدا ئەوەندە خراپە و تاوان هەیە، مرۆڤ ناتوانێ هەموویان بژمێرێت.

لەوانە: مەزنڕاگرتنی گۆڕ، مرۆڤ تووشی بەفیتنەچوون دەکات.

لەوانە: کردنی بەشوێنی جەژن و بۆنە.

لەوانە: گەشتکردن بۆلای ئەو گۆڕانە.

لەوانە: هاوشێوە بوون بەبتپەرستان بەو مانەوەیەی لای گۆڕ ئەنجام دەدرێت و هەڵپاچین و دەرگاوان بۆ دانان و گەڕان و سووڕانەوە بەدەوریدا، کەسەکان سووڕانەوە بەدەور ئەو گۆڕەدا باشتر دەبینن بەسووڕانەوە بەدەور کەعبەدا، خزمەتکردنی ئەو شوێنانە بەباشتر لەخزمەتکردنی مزگەوت دەبینن. بەڵایانەوە کارەساتە ئەگەر شەوێك چرای ئەو مەرقەدە بکوژێتەوە !

لەوانە: نەزرکردن بۆی.

لەوانە: باوەڕکردنی هاوبەش پەیداکەران بەوەی بەڵا و کارەسات هەڵدەگرێت و سەرکەوتن بەسەر دوژمن دەهێنێ و باران و فریاکەوتنی ئاسمان دادەبارێنێ، پێویستییەکان بەجێدەگەیەنێ و ستەملێکراو سەردەخات و دادڵەی ترساو دەدات هەتاوەکو شتەکانی تر.

لەوانە: بەشداربوون بەنەفرەتی خوا بەوەی بکرێنە شوێنی خواپەرستی و مزگەوت و داگیرسانی چرا و مۆم تیایدا.

لەوانە: ئەو هاوبەش پەیداکردنە گەورەیەی لای گۆڕ ئەنجام دەدرێت.

لەوانە: ئازاردانی ئەو مردووە بەو کارانەی هاوبەش پەیداکەران لای گۆڕەکەی ئەنجامی دەدەن، زۆر بێزار و ئازاری دەدەن، هەروەك مەسیح رقی دەبێتەوە لەوەی

گاورەکان لای گۆڕەکەی ئەنجامی دەدەن، ئەوانی تری پەیامبەران و پیاوچاکانیش رقیان دەبێتەوە لەو کردارانەی هاوشێوەکانی گاوران لای گۆڕەکانیان ئەنجامی دەدەن، لەڕۆژی قیامەتدا خۆیانیان لێ تەبەڕاو بەریی دەکەن، هەروەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَقُولُ ءَأَنتُمْ أَضْلَلْتُمْ عِبَادِى هَٰٓؤُلَآءِ أَمْ هُمْ ضَلُّوا۟ ٱلسَّبِيلَ ﴿١٧﴾ قَالُوا۟ سُبْحَٰنَكَ مَا كَانَ يَنۢبَغِى لَنَآ أَن نَّتَّخِذَ مِن دُونِكَ مِنْ أَوْلِيَآءَ وَلَٰكِن مَّتَّعْتَهُمْ وَءَابَآءَهُمْ حَتَّىٰ نَسُوا۟ ٱلذِّكْرَ وَكَانُوا۟ قَوْمًۢا بُورًا ﴿١٨﴾ ﴾ **الفرقان: ١٧ - ١٨،** واتا:لەو ڕۆژەدا خوا ئەو(بت پەرست)انە کۆدەکاتەوە لەگەڵ ئەو پەرستراوانەی کە پەرستوونیان جگە لە خوا ئینجا خوا(بە پەرستراوەکان)دەڵێ ئایا ئێوە ئەو بەندانەی منتان گومڕا کرد یا خۆیان ڕێگای(ڕاستیان)ون کرد و گومڕا بوون. پەرستراوەکان دەڵێن پاك و بێگەردی بۆ تۆ بۆ ئێمە شایستە نەبووە کە بێجگە لە تۆ پەرستراوێك بۆ خۆمان دا بنێین بەڵام نازو نیعمەتت دا بە ئەوان و باوو باپیرانیان هەتاا(وایان لێهات) یادی تۆیان لەبیرچوو وە ئەوانە کۆمەڵێکی تیاچووی بێ خێر بوون.

خوای گەورە بەهاوبەش پەیداکەران ئەفەرموێت: ﴿ فَقَدْ كَذَّبُوكُم بِمَا تَقُولُونَ فَمَا تَسْتَطِيعُونَ صَرْفًا وَلَا نَصْرًا ﴾ **الفرقان: ١٩،** واتا: خوا(بەبت پەرستەکان دەڵێ)جا بێگومان پەرستراوەکانتان ئێوەیان بەدرۆ خستەوە لەو قسانەی کە دەتان کرد ئینجا نە دەتوانن(سزای خوا)لە خۆتان لادەن نە دەتوانن یارمەتی(خوا)بەدەس بێنن.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ يَقُولُ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ أَهَٰٓؤُلَآءِ إِيَّاكُمْ كَانُوا۟ يَعْبُدُونَ ﴿٤٠﴾ قَالُوا۟ سُبْحَٰنَكَ أَنتَ وَلِيُّنَا مِن دُونِهِم ۖ بَلْ كَانُوا۟ يَعْبُدُونَ ٱلْجِنَّ ۖ

أَكْثَرُهُم بِهِم مُّؤْمِنُونَ ﴿٤١﴾ ﴾ سبأ: ٤٠ - ٤١، واتا: پۆژێ(خوا)هەموویان کۆدەکاتەوە پاشان بە فریشتەکان دەفەرموێ ئایا ئەوانە(لە دنیا)ئێوەیان دەپەرست. فریشتەکان دەڵێن پاك و بێگەردی بۆ تۆ تەنیا تۆ گەورەی ئێمەی نەك ئەوان بەڵکو ئەوان جنۆکەیان دەپەرست زۆربەیان باوەڕیان بەوان(جنۆکە)هەبوو.

لەوانە: هاوشێوەکردنی جولەکەو گاورەکان بەکردنی گۆڕ بەمزگەوت و داگیرسانی چرا و مۆم تیایدا.

لەوانە: دژایەتیکردنی خوا و پەیامبەرەکەی و پێچەوانەکردنی شەرعی خوا لەو بارەیەوە.

لەوانە: ماندوویەتییەکی گەورە و هەڵگرتنی تاوانێکی زۆری ئەوانی تر.

لەوانە: مراندنی سوونەت و زیندووکردنەوەی بیدعە.

لەوانە: بەڕێزدانانی بەسەر باشترین شوێن و خۆشەویستترین شوێن بەلای خوای گەورەوە، بێگومان گۆڕپەرستان گەورەیی و ڕێز و ملکەچی و دڵنەرمی و مانەوەیەکی پەرۆشدارانە بەو مردووە دەدەن کە لەمزگەوتەکاندا ئەوە ناکەن، هاوشێوەی ئەوەو نزیك بەوە لەهیچ شوێنێکی تردا ئەنجام نادەن.

لەوانە: ئاوەدانکردنەوەی گۆڕ و کاولکردنی مزگەوتە، ئایینی خواش کە بەهۆیەوە پەیامبەر ڕەوانە کراوە، دژە بەوە،ئا لەبەر ئەوەیە ڕافیزەکان دوورترین خەڵکیین لەزانست و ئایینەوە، گۆڕەکان ئاوەدان دەکەنەوەو مزگەوتەکان کاول دەکەن.

لەوانە: ئەوەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەکاتی سەردانیکردنی گۆڕدا دایڕێژاوە: بریتییە لەیادکردنەوەی ئاخیرەت[1] و چاکەکردن لەگەڵ مردووەکەدا بەپارانەوە بۆی و داوای بەزەیی و لێخۆشبوونی خوایی و سەرفرازیی لەخوای گەورە

---

١ – کەمێکی تر دانەر ئەوە باس دەکات.

بۆ ئەو مردووەی تۆ سەردانت کردووە. بەو کارە، سەردانیکار چاکەی بۆ خۆی و مردووەکەش کردووە، بەڵام هاوبەش پەیداکەران ئەو رێبازو رێنماییەیان هەڵگێڕاوەتەوە، ئایینیان پێچەوانە کردووەتەوە، ئەوەی مەبەستیانە لەو سەردانییەدا، هاوبەش پەیداکردنە بەو کردووە، پاڕانەوەیە لەو مردووە و تکای بەجێهێنانی پێویستی و داواکاریی و بەرەکەت پێ وەرگرتنی لێ دەکرێت. داوای سەرکەوتن بەسەر دوژمنانی لێ دەکرێت هەتاوەکو شتانی تر، بەوە خراپە بەرانبەر خۆیان و مردووەکەش دەکەن، ئەگەر بەبێ بەشکردنی مردووکەش بێ لەو بەرەکەتەی خوای گەورە داینناوە لەپاڕانەوە بۆ مردوو، داوای بەزەیی و لێخۆشبوونی خوایی بۆی.

جا ئێستا گوێ بگرە لەو سەردانییەی ئیمانداران کە خوای گەورە لەسەر زمانی پەیامبەرەکەی(ﷺ) بۆ ئێمەی داڕێژاوەو پاشان بەراوردی بکە لەگەڵ سەردانیی هاوبەش پەیداکەران کە شەیتان بۆ ئەوانی داڕێژاوە، پاشان بۆ خۆت یەکێک لەو دووانە هەڵبژێرە.

عائیشە(خوای لێ رازیی بێ) ئەڵێ:((پەیامبەری خوا(ﷺ) لەشەوانی نۆبەتی ئەودا لەدرەنگانێکی شەودا دەردەچوو بۆ بەقیع و ئەیفەرموو:

«السَّلَامُ عَلَيْكُمْ دَارَ قَوْمٍ مُؤْمِنِينَ، وَأَتَاكُمْ مَا تُوعَدُونَ غَدًا مُؤَجَّلُونَ، وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ بِكُمْ لَاحِقُونَ، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِأَهْلِ بَقِيعِ الْغَرْقَدِ»، موسلیم گێڕاویەتییەوە[1].

لەبورەیدەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرمووی:"كُنْتُ نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيارَةِ القُبورِ، فَمَنْ أرادَ أنْ يَزورَ فَلْيَزُرْ ولا تَقُولوا هُجْراً"،واتا: من رێگریی ئێوەم کرد لەسەردانیکردنی

---

١ - بەژمارە(٩٧٤).

گۆڕستان، هەرکەسێ ئەیەوێ سەردانیی بکات، با سەردان بکەن و خراپ نەڵێن. ئەحمەد و نەسائی گێڕاویانەتەوە[1].

پەیامبەری خوا(ﷺ) نەهیکرد پیاوان سەردانی گۆڕستان بکەن لەبەر ڕێگەگرتن و خزان بۆ هاوبەشی پەیداکردن، بەڵام کاتێ یەکتاپەرستیی لەدڵیاندا جێگیر بوو، ڕێگەی دا بەسەردانیکردنی گۆڕستان بەو جۆرەی خوای گەورە داینناوە. ڕێگری کردن خراپ بڵێن، بۆیە هەرکەسێك پێچەوانەی ڕێگە دراو کە خواو پەیامبەرەکەی پێیان خۆش و شیرینە سەردانی گۆڕستان بکات، ئەوە سەردانییەکی ڕێگە پێنەدراوە.

یەکێك لەگەورەترین خراپەیەك: هاوبەش پەیداکردنە لای گۆڕ بەقسە و کردار.

لەسەحیحی موسلیمدا هاتووە[2] لەئەبو هورەیرەوە(خوای لێ ڕازیی بێ) ئەڵێ: پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرمووی:"زُوروا القُبورَ،فإنَّها تُذَكِّرُ الموتَ"،واتا: سەردانی گۆڕستان بکەن، مردنتان بیردەخاتەوە.

ئایە ئەو سەردانییەی کە پەیامبەری خوا(ﷺ) بۆ ئوممەتەکەی داڕێژاوەو فێری کردوون، شتێکی تێدایە لەوەی هاوبەش پەیداکەران و بیدعەچییەکان پشتی پێ دەبەستن؟ یان لەهەموو ڕوویەکەوە دژە بەوە؟

چەندە جوانە ئەوەی مالیکی کوڕی ئەنەس(بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:((کۆتایی ئەم ئوممەتە چاك و لەبار نابێ هەتا بەوە نەبێ کە سەرەتاکەی پێ چاك و لەبار بووە))، بەڵام ئەوە هەیە، هەرکاتێ پابەندێتی ئوممەتەکان بەپەیمانی پەیامبەرانیانەوە لاواز بوویەوە و ئیمانیان کەمیکرد، بەبیدعە و هاوبەش پەیداکردن ئەوە قەرەبوو دەکەنەوە.

---

١ – لە(الإتمام)(٢٣٠٠٨) هەیە و لەبنچینەدا لە(صحيح مسلم)(٩٧٧)دایە.

٢ – بەژمارە(٩٧٦)(١٠٨).

پێشینی چاك، یەکتاپەرستییان پوخت وەرگرت، پاراستیان، تەنانەت ئەگەر کەسێکیان بیویستبایە سەلام لەپەیامبەری خوا بکات(ﷺ) و پاشان نیازی پاڕانەوەی هەبووایە، رووبەکردە قیبلەو پشتی دەکردە دیواری گۆڕەکە پاشان لەخوا دەپاڕایەوە.

سەلەمەی کوڕی وەردان ئەڵێ:((بینیم ئەنەسی کوڕی مالیك(خوای لێ رازیی بێ) سەلامی لەپەیامبەری خوا کرد(ﷺ)، پاشان پشتی نووساند بەدیواری گۆڕەکەوە پاشان پاڕایەوە.

هەرچوار پێشەواکەش وتوویانە: لەکاتی پاڕانەوەدا روودەکرێتە قیبلە تاوەکو پاڕانەوەکە لای گۆڕەکە نەبێ، چونکە پاڕانەوە عیبادەتە.

لەترمیزی و کەسانی تردا بەمەرفوعیی هاتووە:"الدُّعَاءُ هُوَ العِبَادَةُ"[1]،واتا:پاڕانەوە عیبادەت و پەرستنە.

پێشین، پەرستنیان تەنیا بۆ خوا یەکلاکردبووەوە، لای گۆڕ شتێکیان نەکردووە تەنیا ئەوە نەبێ کە پەیامبەری خوا(ﷺ) ڕێگەی داون: لەسەلامکردن لەمردووەکە، داوای لێخۆشبوون و بەزەیی خوا بۆ ئەو مردووە.

بەتێکڕا، مردوو کاری دونیای لەدوا نەماوە، پێویستی بەکەسێکە بۆی بپاڕێتەوە و تکای بۆ بکات، لەبەر ئەوەیە خوای گەورە لەشەرعی خۆیدا دایڕشتووە، لەنوێژکردن لەسەر مردووە پاڕانەوەی بۆ بکرێت بەجۆری واجیب و سوونەت کە لەنمونەی ئەودا بۆ کەسی زیندوو ئەوە ناکرێت.

عەوفی کوڕی مالیك ئەڵێ:((پەیامبەری خوا(ﷺ) نوێژی لەسەر تەرمێك کرد، ئەو پاڕانەوەیەی ئەوم لەبەر کرد کە بۆ ئەو مردووە خوێندی و ئەیفەرموو: «اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ،

---

١ – فەرموودەیەکی سەحیحە، لەقسەم لەسەر(معارج الألباب)(ص٢٤٢) تەخریجم کردووە.

وَارْحَمْهُ، وَعَافِهِ، وَاعْفُ عَنْهُ، وَأَكْرِمْ نُزُلَهُ وَوَسِّعْ مُدْخَلَهُ، وَاغْسِلْهُ بِالْمَاءِ وَالثَّلْجِ وَالْبَرَدِ، وَنَقِّهِ مِنَ الْخَطَايَا كَمَا نَقَّيْتَ الثَّوْبَ الأَبْيَضَ مِنَ الدَّنَسِ، وَأَبْدِلْهُ دَارًا خَيْرًا مِنْ دَارِهِ، وَأَهْلًا خَيْرًا مِنْ أَهْلِهِ، وَزَوْجًا خَيْرًا مِنْ زَوْجِهِ، وَأَدْخِلْهُ الْجَنَّةَ، وَأَعِذْهُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، أَوْ مِنْ عَذَابِ النَّارِ». هەتا ئەوەی خۆزگەم برد ئەو مردووە من ببووایەم بەهۆی ئەو پاڕانەوەیەی پەیامبەری خوا(ﷺ) بۆ ئەو مردووە. موسلیم گێڕاویەتییەوە[1].

لەئیبن عەباسەوە(خوای گەرە لەخۆی و باوکی رازیی بێ) ئەڵێ: گوێم لێبوو پەیامبەری خوا(ﷺ) ئەیفەرموو:«مَا مِنْ رَجُلٍ مُسْلِمٍ يَمُوتُ، فَيَقُومُ عَلَى جَنَازَتِهِ أَرْبَعُونَ رَجُلًا، لَا يُشْرِكُونَ بِاللهِ شَيْئًا، إِلَّا شَفَّعَهُمُ اللهُ فِيهِ»،واتا: هەر موسڵمانێك بمرێ و چل کەس لەسەر تەرمەکەی نوێژ بکەن کە بەهیچ شتێك هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیار نەدەن، تکای ئەوان سەبارەت بەو مردووە لای خوای گەورە قبوڵکراوە. موسلیم گێڕاویەتییەوە[2].

ئەوە مەبەستە لەنوێژکردن لەسەر مردوو[3] کە بریتییە لەپاڕانەوەو داوای لێخۆشبوون بۆ مردوو، تکای لێخۆشبوون بۆ مردووەکە دەکرێ.

پەیامبەری خوا(ﷺ) لەدوای ناشتنی مردوو، لەسەر گۆڕەکە رادەوەستاو ئەیفەرموو:"سَلُوا اللهَ لَهُ التَّثْبِيتَ فَإِنَّهُ الآنَ يُسْأَلُ"[4]،واتا: داوای دامەزراویی بۆ بکەن، ئەو ئێستا پرسیاری لێ دەکرێت.

دەزانرێ،مردوو لەدوای ناشتن ئەوپەڕی پێویستی بەپاڕانەوە هەیە، ئەگەر لەسەر تەرمەکەی بووین، بۆی دەپارێینەوە نەك لێی بپارێینەوە، تکای بۆ دەکەین نەك تکای

---

١ – بەژمارە(٩٦٣).

٢ – بەژمارە٩٤٨.

٣ – بڕوانە:(الحوادث والبدع)(ص١٧٨) و قسەی من لەسەری.

٤ – ئەبو داوود(٣٢٢) و حاکم(٣٧٠/١) و بەیهەقی(٥٦/٤) بەسەنەدێك گێڕاویانەتەوە ئیمام نەوەوی لە(المجموع)(٢٩٢/٥) پوختی کردووە.

لێ بکەین، ئەمە حاڵی پێش ناشتن بێ، ئەبێ دوای ناشتن پێویستی زیاتری بەوە هەبێ.

بیدعەچی و هاوبەش پەیداکەران ئەو قسەیەیان گۆڕی کە پێیان وتراوە، لەجیاتی ئەوەی بۆی بپارێنەوە، کەچی لێی دەپارێنەوە، لەجیاتی ئەوەی تکای بۆ بکەن، ئەیکەنە تکاکار. ئەو سەردانییەی کە پەیامبەری خوا(ﷺ) رێگەی داوەو شێوازەکەی دیاریی کردووە کە چاکەکردنە لەگەڵ کەسی سەردانیکار و مردووش،هۆکارە بۆ بیرهاتنەوەی ئاخیرەت، کردوویانەتە شوێنی داواکردن لەمردوو، سوێند خواردن پێی بەسەر خوای گەورەوە، تایبەت کردنی ئەو شوێنە بۆ پارانەوە لەکاتێکدا پارانەوە پەرستنە، ئامادەیی دڵ لای ئەو گۆڕە و کزۆڵی دەرخستنێکی گەورەتر لەکزۆڵی دەرخستن و خشوع لەمزگەوت و کاتەکانی بەربەیان.

بۆیە ئەستەمە و نابێ پارانەوە لەمردوو کارێکی رەوا و چاك بووبێ و خەڵکانی سێ سەدەی چاکی سەرەتا بەدەق لەپەیامبەری خواوە(ﷺ) دەستبەرداری بووبن، پاشان بەناز و نیعمەت ئەو کارە بەوانەی دواتر بەخشرابێ کە شتانێك ئەڵێن نایکەنە کردار و کردارێك ئەکەن فەرمانی وەهایان پێ نەدراوە.

بۆ ماوەی بیست و شتێ ساڵ هەتا کۆچی دوایی کرد، ئەوە سوونەتی پەیامبەری خوابوو(ﷺ)لەبارەی گۆڕ و مردووەوە، سوننەتی خەلیفە راشیدییەکانیش هەمان شت بوو، ئەوە رێگەی تەواوی هاوەڵان و تابیعی و ئەوانەیە کە بەچاکە شوێنی ئەوان کەوتن. ئاخۆ هیچ کەسێك هەیە لەڕووی زەویدا بتوانێ لەوانەوە گواستنەوەیەکی سەحیح یان حەسەن یان لاواز یان پچڕاو بهێنێ کە ئەوان: ئەگەر پێویستی و ناچارییەکیان هەبووایە رووبان کردبێتە گۆڕەکان و لای ئەو گۆڕانە بپارابێتنەوە و دەستیان پێیاندا هێنابێ، لایان نوێژیان کردبێ و بەوانەوە لەخوا پارابێنەوە؟ ئەگەر

کەسێك هەیە بڵێ هەبووە، با شوێنەوار و بەڵگەیەکمان پیشان بدات. بەڵێ دەتوانێ لای خەڵکانی زۆر دواتر هەندێ شت بهێنن کە هی پەیامبەری خوا(ﷺ) نەبووە، هەروەها نە هیچ خەلیفەیەکی راشیدی و نە هیچ هاوەڵێکی تر بەپێتێك قسەی ئەوان بەڕاست ناخەنەوە.

شوێنەواری قسەو کرداری هاوەڵان ئەوەندە زۆرە لەژمارە نایەت لەڕەتکردنەوەی بۆچوونی خەڵکانی وێڵ و گومڕادا، وتمان عومەر(خوای لێ رازیی بێ) چوو بەگژ ئەنەسەدا(خوای لێ رازیی بێ) کاتێ لای گۆڕ نوێژی کردو وتی:((ئەرێ ئەو گۆڕە لەوێدایە، گۆڕ)).

ئەگەر پارانەوە لای گۆڕ و نوێژکردن و تەبەرەوك پێ وەرگرتنی گەورەیی یان سوونەت یان موباح بووایە، ئەوە کۆچەران و پشتیوانان لەسەر گۆڕەکان خێوەت و ئالآیان هەڵدەدا و لایان دەپارانەوە و بۆ ئەوانەی دوای خۆیان دەیانکردە رێباز و سوونەت، بەڵام ئەوان شارەزاتربوون بەناسینی خواو پەیامبەرەکەی و ئایینەکەی لەوانەی زۆر لەدوای ئەوان هاتن.

تابیعینیش لەسەر رێچکەو رێبازی هاوەڵان رۆیشتن، ئەوان گۆڕی هاوەڵانی پەیامبەرانی خوایان لابوو(ﷺ) لەزۆرێك شاردا، هاوەڵان زۆربوون، کەچی هیچ کەسێك لای گۆڕی هیچ هاوەڵێك نەپارایەوەو پەنای بۆیان نەبرد و تکاو هاوارێکیان نەکرد، داوای شیفا و سەرکەوتنیان بەوان نەکرد لەخوای گەورە.

ئەگەر شتی وەها و کەمتر لەوە هەبووایە، ئەوە پاڵنەری گواستنەوەی دەبوو.

ئەمە یان پارانەوە لای گۆڕ باشترە لەهەر شوێنێکی تر، یان بەپێچەوانەوە، ئەگەر باشتر بووایە، بۆچی ئەمە لای هاوەڵان و تابیعین و تابیعی تابیعین شاراوە بووەو پێیان نەزانیووە؟ ئەی چۆن خەڵکانی سێ سەدەی گەورە و رێزدار بەم فەزڵە گەورەیە

نەشارەزا و بێ ئاگابوونە و خەڵکانێکی زۆرێك دواتر بەزانست و کردار بەدەستخستنی ئەو فەزڵە براوە بوون؟ ناکرێ بەو هەموو پێداگرییەیان بۆ هەموو خێرو چاکەیەك ئەوەیان زانیبێت و پێویستییان پێ نەبووبێت، بەتایبەت بەپاڕانەوە، چونکە کەسی ناچار و خاوەن پێویستی و فریاکەوتن، چنگ بەهەموو هۆکارێکەوە دەگرێت. ئەی چۆن زۆرجار پێویستییان بەپاڕانەوە هەبووەو فەزڵی پاڕانەوەی لای گۆڕیان زانیووە و پەنایان بۆ ئەوە نەبردووە؟ بێگومان بەسرووشت و شەرع شتێکی ئەستەم و مەحاڵە.

بەڵام ئەوی تر سەلماوە، هیچ فەزڵێك لەپاڕانەوەی لای گۆڕ نییە و رەواش نییە کاری لەو جۆرە، بەو مەبەستە تایبەتە رێگە نەدراوە سەردانی گۆڕ بکرێ،بێگومان تایبەتکردنی پاڕانەوە لای گۆڕ، دەبێتە هۆکار و پاساو بۆ ئەو خراپیانەی پێشتر باسکرا.

ئەمە ئەو شتەیە کە خواو پەیامبەرەکەی بەهیچ جۆرێك دایاننەڕێژاوە، بێ بەڵگە هێنراوەتە بوون. هاوەڵان کرداری زۆر لەوە کەمتر و نزمتریان رەتکردووەتەوە.

زیاتر لەکەسێك لەئەلمەعروری کوڕی سویدەوە گێڕاویانەتەوە وتوویەتی:((لەگەڵ عومەری کوڕی خەتابدا(خوای لێ رازیی بێ) نوێژی بەیانیم کرد لەپێگەی مەککە، لەنوێژەکەدا ئەمەی خوێندەوە:﴿ أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَٰبِ ٱلْفِيلِ ۝١ ﴾ **الفيل:** ١، واتا:ئایە نەت بینی کە پەروەردگارت چی کرد بە خاوەن فیلەکان؟

هەروەها:﴿ لِإِيلَٰفِ قُرَيْشٍ ۝١ ﴾ **قريش:** ١، واتا: لەشکری ئەبرەهەی لە ناو برد لەبەر هۆگری قورەیش.

پاشان بینی خەڵکیی بەش بەش دەبن، بۆیە وتی: ئەوانە بۆ کوێ دەچن؟ وتیان: ئەی ئەمیری ئیمانداران! ئەچن بۆ مزگەوتی پەیامبەری خوا(ﷺ)، لەوێ نوێژ ئەکەن. ئەویش وتی: خەڵکانی پێش ئێوە بەنمونەی ئەم کارە تیاچوون، ئەوان شوێن

شوێنەواری پەیامبەرانیان کەوتن و کردیانە کلّیسا، هەریەك لەئێوە لەهەر مزگەوتێکدا بوو لەکاتی نوێژدا، بـا لـەو مزگەوتـە نوێژەکـەی ئـەنجام بـدات، ئەگـەرنا بـا بـڕوات و رووبەکاتە مزگەوتی پەیامبەر(ﷺ) لەبەجێهێشتنی ئەو مزگەوتەی تیایدایە))[1].

هەروەها عومەر(خوای لێ رازیی بێ) کەسانێکی نارد بـۆ بڕینـەوەی ئـەو دارەی کـە هاوەلاّنی پەیامبەری خوا(ﷺ) لەژێریدا بەیعەتیان دا[2].

پەیامبەری خوا(ﷺ) بەڕێـەرچی هاوەلاّنی دایەوە کاتێك داوایان کـرد درەختێکیـان بۆ تایبەت بکات چەك و خۆراك و پێداویستییەکانیان هەلّبواسن:

بوخاری لەسەحیحەکەیدا[3] گێڕاویەتییەوە لەئەبی واقیدی لەیسییەوە ئـەلّێ:((ڕووەو حونەین لەگەلّ پەیامبەری خوا(ﷺ) دەڕچووین، تـازە لـەبێباوەڕیی دەڕچـووبووین و ببووینە موسلّمان، هاوبەش پەیداکەران سیدرەیەکیان هـەبوو بەدەوریـدا دەمانـەوە و چـەکەکانیانپێدا هەلّدەواسـی کـە پێیـدەوترا(ذاتُ أنـواط)، ئێمـە بـەلای سـیدرەدا تێپەڕبووین و وتمان: ئەی پەیامبەری خـوا! بـۆ (ذاتُ أنـواط)یّکمـان بـۆ دانـانێی وەك ئەوەی ئەوان هەیانە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: الله أكبر، ئەمـە هـەمان ئـەو قسـەیەیە کـە بـەنو ئیسـرائیل کردیـان: ﴿ ٱجۡعَل لَّنَآ إِلَٰهًا كَمَا لَهُمۡ ءَالِهَةٞۚ قَالَ إِنَّكُمۡ قَوۡمٞ تَجۡهَلُونَ ١٣٨ ﴾ **الأعراف: ١٣٨**، واتا: وتیان: ئەی مووسا هـەروەك

---

١ – سەعیدی کوڕی مەنسور لەسوونەنەکەیدا گێڕاویەتییـەوە، هـەروەك لـە(الاقتضـا)(٢/٧٤٤) هەیـەو لای ئیبن وەزاحیش لـە(البدع والنهي عنها)(ص٤١–٤٢)بەسـەنەدێکی سـەحیح، هـەروەك شـێخی ئیسـلامیش وتوویەتی لە(التوسل والوسيلة)(ص١٠٢).

٢ – بڕوانـە:(الحـوادث والبـدع)(ص٣٨)ی الطرطوشـي– خـۆم قسـەم لەسـەری کـردووە– نشـر دار ابـن الجوزي،الدمام.

٣ – بوخـاری نەیگێڕاوەتـەوە! بـەلّێ فەرموودەکـە سـەحیحە، بڕوانـە تـەخریجکردنی لـە(معـارج الألباب)(ص١٤٢).

ئەو پەرستراوانەی ئەوان تۆیش پەرستراوێکمان بۆ دابنێ مووسا فەرمووی: بەڕاستی ئێوە هۆزێکی نەفامن.

ڕێگە و ڕێچکەی ئوممەتانی پێش خۆتان دەگرنەبەر)).

ئەگەر، کردنی ئەو درەختە بەشوێنی هەڵواسینی چەك و مانەوە بەدەوریدا بەکردنی خواوەندبێ لەگەڵ خوای گەورەدا لەکاتێکدا نەیانپەرستووە و تکای هیچیان لەو درەختە نەکردووە، ئەی گومانت چۆن دەبێ بەمانەوە بەدەور گۆڕ و پارانەوە پێی و تکاو پارانەوە لای؟!

ئاخۆ نیسبەت و ڕێژەی فیتنە بەو درەختە لەکوێی نیسبەتی تووشبوون بەفیتنەی گۆڕە؟ ئەگەر هاوبەش پەیداکەران و بیدعەکاران بیانزایبایە.

زانایەکی شوێنکەوتەی مالیك ئەڵێ[1]: ڕەحمەتی خواتان لێ بێ لەهەرکوێدا سیدرەیەك یان درەختێکتان بینی و خەڵکیی ڕوویان تێ دەکرد و گەورەیان ڕادەگرت و تکای چاکبوونەوەیان لێ دەکرد و بخوردیان بۆ دادەگیرساند، ئەوە(ذاتُ أنواط)ە و بیبڕنەوە.

هەرکەسێ شارەزایی هەبێ بەوەی کە خوای گەورە، پەیامبەری پێیەوە ڕەوانە کردووە و ئەوەی هاوبەش پەیداکەران و بیدعەکارانی ئەمڕۆ لەم بابەتە و شتانی تردا تێیکەوتوون، ئەزانێ دووڕایی نێوان پێشین و ئەوانە دوورترە لەدووڕایی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئەوان لەسەر شتێکن و پێشینیش لەسەر شتێکی تر، وەك وتراوە:

سَارَتْ مُشَرِّقَةً وَسِرْتُ مُغَرِّبًا شَتَّانَ بَيْنَ مُشَرِّقٍ وَمُغَرِّبِ

واتا: ئەو بەلای ڕۆژئاوادا بەڕێکەوت و منیش بەڕەو ڕۆژئاوا، ئای نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا چەندە دوورە.

---

١ – ئیمامی (الطرطوشي)ە لە(الحوادث والبدع)(ص٣٨–٣٩) بەقسەی لەسەرکردنی خۆم.

سوێند بەخوا کارەکە لەوە گەورەترە.

بوخاری لەسەحیحەکەیدا[1] باسی کردووە لە ئوم دەردائەوە(خوای لێ رازیی بێ) وتوویەتی:((ئەبو دەرداء بەتووڕەییەوە هاتەژوورەوە بۆلام، پێمووت: ئەوە چیتە؟ وتی: سوێند بەخوا هیچ شتێکیان تێدا نابینم لەکار و فەرمانی موحەممەد(ﷺ) بێ جگە لەوەی هەموویان نوێژ دەکەن)).

زوهری ئەڵێ:((چوومە لای ئەنەسی کوڕی مالیك لەدیمەشق دەگریا، پێمووت: چی شتێك تۆی خستووەتە گریان؟ وتی: لەوەی پەیم پێ بردبێ هەر ئەم نوێژەیە، ئەم نوێژەش لەدەستچوو)). بوخاری باسیکردووە[2].

ئەمە ئەو فیتنە گەورەیەیە کە عبداللەی کوڕی مەسعود(خوای لێ رازیی بێ) لەبارەیەوە وتوویەتی:((ئەوکاتە چۆن دەبن و حاڵتان چۆن دەبێ کە فیتنەیەك لەبەر بکەن تیایدا مرۆڤی بەتەمەن پەککەوتە ببێ و تەمەن منداڵ پێ بگات، لای خەڵکیی سادە بێتەوەو بیکەنە سوونەت و رێباز، کە گۆڕدرا، وترا: سوونەت و رێباز گۆڕدرا یان ئەمە مونکەر و تاوانە))[3].

ئەمە بەڵگە دەدات لەسەرئەوەی، هەر کارێك پێچەوانەی سوونەت و رێبازی پەیامبەری خوا بوو(ﷺ)، ئەوە هیچ گرنگییەکی نابێ و بەلایدا لا ناکرێتەوە، هەر لەسەردەمی ئەبو دەردائو ئەنەسەوە پێچەوانەی سوونەت کارکردن دەستیپێکرد[4].

---

١ - (١١٥/٢).

٢ - (ژمارە٥٣٠) و لە(نکت الظراف)(٣٨٥/١) گێڕانەوەیەکی خۆش لەو بارەیەوە هەیە.

٣ - ئەلدارمی(٦٤/١) و حاکم(٥١٤/٤) گێڕاویانەتەوە، بۆ تەواوی تەخریجکردنی بڕوانرێتە(أربعي الشخصية الإسلامية)(رقم٤٠) بەپێنووس و تەخریجی خۆم.

٤ - وەك دەوترێت، پێویستە ئەو قسەیە بەئاوی ئاڵتوون بنووسرێتەوە.

ئەبو ئەلعەباس ئەحمەدی کوڕی یەحیا ئەڵێ: موحەممەدی کوڕی عوبەیدی کوڕی مەیمون بۆی باسکردم، کە عبداللەی کوڕی ئیسحاقی ئەلجەعفەریی بۆی باسکردم و وتی:((عبداللەی کوڕی ئەلحەسەن زۆر لای ڕەبیعە دادەنیشت. وتی: ڕۆژێکیان باسی سوونەتیان کرد، پیاوێك لەمەجلیسەکە بوو وتی: کارکردن بەسوونەت بەم جۆرە نییە، بۆیە عبداللە وتی: ئەبینی نەزان و نەفامەکان ئەوەندە زۆربوونەتەوە تائەوەی بوونەتە فەرمانڕەوا و بوونەتە بەڵگە بەسەر سوونەتەوە؟![1] ڕەبیعە وتی: شایەتی دەدەم ئەمە قسەی ڕۆڵەو کوڕانی پەیامبەران بووە)).

- **بت و داری گرتنەوەی بەخت یەکێکی ترە لەفێڵەکانی شەیتان:**

یەکێکی تر لەگەورەترین فێڵ و تەڵەکەبازییەکانی شەیتان: بت و داری گرتنەوەی بەخت و بوون و نەبوون و ئەبێ و نەبێی کارێك، کارێکە لەکارەکانی شەیتان، خوای گەورە فەرمانی داوە لەو کارە دوورەپەرێزیی بکرێت، سەرفرازی و بەختەوەریی بەدوورکەوتنەوە لەو کارە، گرێ داوە و فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَٰمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَٱجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٩٠﴾ ﴾ **المائدة: ٩٠** واتا: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە بێگومان ئارەق و قومار و ئەو بەردانەی کە کراون بە بت و ئەو پارچە دارانەی(کە بەکارئەهێنرێن بۆ دیاری کردنی بەش و چارەنووس) ئەوانە پیسن و لە کردەوەی شەیتانن کەواتە دوور کەونەوە لێ ی تا ڕزگاربن.

---

١ – با دڵی ئەهلی سوونەت سوکنایی بێت و ئۆقرە بگرن، ئەگەرچی کەمینەش بن، بەڵام لەسەر بەڵگەی ڕوون و ئاشکراو ڕێگەی ڕاستن.

الأنصاب: هەر گۆڕ و دار و بتێکە لەجیاتی خوای گەورە بپەرسترێت، وشەیەکی کۆیە، نُصُبٌ تاکە[1].

ئیبن عەباس ئەڵێ:((ئەو بتانەیە کە لەجیاتی خوا دەیپەرستن)).

زەجاج ئەڵێ:((بەردێك بوو لەکۆندا دەیانپەرست)).

فەراء ئەڵێ:((ئەو خواوەندەیە کە لەدار و شتانی تر بوو پێشتر دەپەرستران)).

بنچینەی وشەکە: ئەو شتە داچەقێنراو و دانراوەیە کە کەسی بینەر رووی تێدەکات و نیازی پێ هەیە، لەوانە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَوْمَ يَخْرُجُونَ مِنَ ٱلْأَجْدَاثِ سِرَاعًا كَأَنَّهُمْ إِلَىٰ نُصُبٍ يُوفِضُونَ ﴿٤٣﴾ ﴾ المعارج: ٤٣، واتا: ئەو رۆژەی کە بەپەلە لە گۆڕەکانیان دێنە دەرەوە دەڵێی بۆ لای بتەکانیان ڕادەکەن.

ئەلحەسەن ئەڵێ:((واتا بۆ شتە داچەقێنراوەکەیان کە سەرەتا کامەیان دەستی لێ دەدات و وەریدەگرێت)).

ئەوە قسەی زۆربەی ڕاڤەوانانە[2].

مەبەست ئەوەیە(النُصُب) چەقاندنی هەر شتێکە بەزەویدا، جا دار بێ یان بەرد یان ئالا.

الإيفاضُ: واتا خێراکردن.

الأزلام: ئیبن عەباس(خوای گەورە لەخۆی و باوکی رازیی بێ) ئەڵێ:((جام و پەرداخێك بوو، تەماشایان دەکرد و کاروبارەکانیان پێیەوەی لێکدەدایەوە و تەماشای شانسی خۆیانیان پێ دەکرد)).

---

١ – بڕوانە:(جامع البيان)(٣٢/٧).

٢ – بڕوانە:(تفسير ابن كثير)(٦٦٢/٤).

سەعیدی کوڕی جوبەیر ئەڵێ:((هەندێ بەردی بچووکیان هەبوو، ئەگەر کەسێکیان نیازی شەڕ یان دانیشتنی هەبووایە، ئەو بەردانەی دەگرتەوە تاوەکو بزانێ ئەنجامی چۆن دەبێ)).

ئەوترێ: الاستقسامُ: واتا خۆیان پابەند دەکرد بەوەی لەجام و پەرداخ گرتنەوەکەدا بۆیان دەردەچوو، وەك پابەندبوون بەسوێندەوە.

ئەلئەزهەری ئەڵێ: ﴿ وَأَن تَسْتَقْسِمُواْ بِٱلْأَزْلَٰمِ ﴾ المائدة: ٣، واتا: لەڕووی بەردو پەرداخگرتنەوە خۆتان پابەند بکەن بەوەی بۆ ئێوە دەرچووە، کارەکە ئەنجام بدەن یان نە.

ئەبو ئیسحاق ئەلزەجاج و کەسانی تر وتوویانە:((ئەو کارە حەرامە)).

لەنێوان ئەو کارەو کاری ئەوانەدا جیاوازیی نییە کە بورجەکان لێکدەدەنەوە و ئەڵێن: ئەمڕۆ دەرمەچۆ بەهۆی فلانە ئەستێرەوە، کە فلانە ئەستێرە دەرکەوت تۆ دەربچۆ، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَمَا تَدْرِى نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَدًا ﴾ لقمان: ٣٤، واتا:هیچ کەس نازانێ سبەینێ(لە داهاتوودا) چی دەکات.

ئەوە دەچێتە خانەی زانستی خوای گەورەوە، غەیب و نادیارە لەبەرانبەر ئێمەدا[1] ئەو کارەش حەرامە وەك(الأزلام) کە خوای گەورە باسیکردووە.

مەبەست ئەوەیە، خەڵکیی تاقیکراونەتەوە و تووشهاتوون بەچەقاندنی بت و وەرگرتن و زانینی بەخت بەڵێکدانەوە و هەڵدانی بەرد، دانانی بت بۆ هاوبەش پەیداکردن و پەرستن و فاڵگرتنەوە و داوای زانستێك کە تەنیا لای خوای گەورەیە، یەکێکیان بۆ زانین و ئەوی تریان بۆ کردار، لەکاتێکدا ئایینی خوا دژ بەو دوو شتەیە،

---

١ – القاضي ابن العربي المالكي لە(أحكام القرآن)(٢٢٥/١) وتەیەکی باشی هەیە لەتەفسیرکردنی ئەو ئایەتە و زانینی ئەحکامەکانیدا، با تەماشا بکرێت.

ئەوەش پەیامبەری خوا(ﷺ) هێناوێتی بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو دوو شتەیە، بۆ شکاندنی بت و داری چەقێنراو و فاڵگرتنەوە.

واجیب، تێکشکاندنی هەموو ئەو بت و دارە بەپێرۆز راگیراوانە و نەهێشتنی شوێنەواریانە، هەروەك پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرمانی داوە بەنەهێشتنی ئەو گۆڕانەی گەورە رادەگیردرێن و تەختیان بکات[1] هەروەك موسلیم لەسەحیحەکەیدا هاتووە[2] لەئەبی ئەلهەییاجی ئەلئەسەدییەوە، ئەڵێ: عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب(خوای لێ رازیی بێ) وتی:((ئایە بت نێرم بەوەی کە پەیامبەری خوا(ﷺ) منی پێ ڕەوانە کرد: بەهیچ پەیکەرێك نەگەم ئیللا دەبێ بیڕوخێنم و بەهەر گۆڕێك گەیشتم تەختی زەویی بکەم)).

کە هەواڵ بەعومەر گەیشت(خوای لێ رازیی بێ) بەوەی خەڵکی دەچنە سەردانی ئەو درەختەی لەژێریدا هاوەڵان بەیعەتیان بەپەیامبەر(ﷺ)دا، کەسانێکی نارد و بڕییانەوە[3].

ئەگەر ئەوە کاری عومەر بێ(خوای لێ رازیی بێ) بەرانبەر ئەو دارەی کە خوای گەورە لەقورئاندا باسیکردووە[4] و هاوەڵان لەژێریدا بەیعەتیان بەپەیامبەری خوا داوە(ﷺ)، ئاخۆ حوکمی ئەو چۆن بێ بەرانبەر ئەو شتە داچەقێنرا و بتانەی تر کە

---

١ – الشيخ محمد حامد الفقي لەسەر ئەوە دەڵێ:((یەکێك لەسەیرترین فێڵ و تەڵەکەبازییەکانی شەیتان ئەوەیە، عەلی(خوای لێ رازیی بێ) کە بەفەرمانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەو گۆڕانەی تەخت کردووە، کەچی کەسانێك هاتوون بەناوی عەلی و کوڕانی عەلییەوە کە سوێند بەخوا ئەوان لەو کارە بەدوورن، هاتوون دووبارە ئەو گۆڕ و مەرقەدانەیان وەك تەحەدایەکی خوا و پەیامبەرەکەی دروست کردووەتەوە.

٢ – پێشتر تەخریج کرا.

٣ – پێشتر قسەی لەسەر کرا.

٤ – لەسورەتی فەتح:١٨.

تووشبوون بەفیتنە، پێیەوە گەورە بووەتەوە و بەلاّو نەهامەتییەکانی پێ سەخت و گران هاتووەتەوە؟

گرنگتر لەوە، ئەوەیە پەیامبەری خوا(ﷺ) مزگەوتی(الضِّرار)ی رووخاند[1].

ئەمە بەڵگەیە لەسەر رووخاندنی شتێك خراپە و نەهامەتیی گەورەتر لەوەی هەیە، وەك ئەو مزگەوتانەی لەسەر گۆڕ دروستکراون، چونکە حوکمی ئیسلام لەو بارەیەوە ئەوەیە: هەموو ئەوانە بڕووخێنرێن و تەختی زەویی بکرێن، ئەوانە لەمزگەوتی(الضِّرار) لەپێشترن بەڕووخاندن، هەروەها رووخاندنی ئەو گومەزانەی لەسەر گۆڕەکان دانراون و دەبێ هەموویان بڕووخێنرێن، چونکە لەسەر پێچەوانە و یاخیبوون لەفەرمانی پەیامبەری خوا(ﷺ) دروستکراون، فەرمانی ئەو، نەهیکردنە لەدروستکردنی هەر شتێك لەسەر گۆڕ، هەر شتێکیش پێچەوانەی فەرمان و نەهی ئەو بوو، جێگەی رێزلێگرتن نین و رووخاندنی ئەو شوێنە، لەپێشترە بەڕووخاندنی خانوویەك لەسەر زەوییەکی داگیرکراو دروست کرابێ.

پێشتر باسمان کرد، کە پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرمانی داوە بەڕووخاندنی هەر گۆڕێك گەورە و بەرێز دابنرێن.

رووخاندنی هەر گومەز و خانوو و مزگەوتێك لەسەر گۆڕ دروست کرابێ، لەپێشتر و پێویستترە، چونکە نەفرەتی کردووە لەو کەسەی لەسەر گۆڕ مزگەوت دروست دەکات، بۆیە پێویستە دەستپێشخەریی بکرێت و یارمەتیی بدرێت بۆ روخاندنی هەر شتێك کە پەیامبەری خوا(ﷺ) نەفرەتی لەبکەر و ئەنجامدەری کردووە و نەهی لەو کارە کردووە. بێگومان خوای گەورە کەسانێك دێنێتەبوون کە ئایینی خۆی و رێبازی پەیامبەرەکەی سەربخات و بەرگرییان لێ بکات.

---

١ – لەسورەتی التوبة:١٠٧ باسکراوە. لەو بارەیەوە بڕوانە قسەی دانەر لە(زاد المعاد)(٣/٢٢).

هەروەها پێویستە هەر چراو مۆمێك لەسەر گۆڕ هەبوو، لابدرێن و بکوژێنرێنەوە.

ئیمام ئەبو بەکر ئەلتەرتوشی ئەڵێ[1]: رەحمەتی خواتان لێ بێ لەهەرکوێدا سیدرەیەك یان درەختێکتان بینی و خەڵکیی رووبان تێ دەکرد و گەورەیان رادەگرت و تکای چاکبوونەوەیان لێ دەکرد و بخوردیان بۆ دادەگیرساند، ئەوە(ذاتُ أنواط)ە و بیبڕنەوە.

ئەلحافیز ئەبو موحەممەد عەبدولڕەحمانی کوڕی ئیسماعیلی ناسراو بەئەبی شامە لەکتێبی(الحوادث والبدع[2]) ئەڵێ: یەکێکی تر لەم جۆرە کە تاقیکردنەوەو بەڵایەکی گشتگیرە و شەیتان بۆ خەڵکی گشتیی جوانی کردووەتەوە، دروستکردنی دیوار و کۆڵەکەو پایە و ڕووناککردنەوەی شەوانەی هەندێ شوێنی تایبەتی هەموو ولاتێکە، بۆیان دەگێڕێتەوە کە لەخەودا یەکێك لەوانەی لەوێدا بینیووە کە بەناوبانگ بوونە بەپیاوچاك و دۆستایەتی خوای گەورە، ئیتر ئەوانیش ئەو کارە دەکەن و پارێزگاریی لێ دەکەن و دەستبەرداری فەرز و سوونەتەکانی خوا دەبن، وەها گومان دەکەن بەو کارەیان لەخوا نزیك دەبنەوە، پاشان زیادەڕۆیی دەکەن و لەدڵیاندا ئەو شوێنانە مەزن دەبێتەوە و تکای چاکبوونەوەی نەخۆش و بەجێهێنانی پێویستییەکانیان لێ دەکەن و نەزریان بۆ دەکەن. لەوانە هەیە چاوگە ئاوە و هەیە درەخت و هەیە دیوار و بەردە، لەشاری دیمەشق لەو شوێنانە زۆرە[3] وەك چاوگەی الحمی لەدەرەوەی باب توما، پایە

---

١ – لە(الحوادث والبدع)(ص٣٨).

٢ – ناودەبرێت بە(الباعث)(ص٢٥–٢٦).

٣ – الشيخ محمد حامد الفقي لەسەر ئەوە دەڵێ:((لەمیسر و شوێنانی تری ولاتی ئیسلامدا نمونەی ئەوەی لەدیمەشق و زۆرتریش هەیە، سەرچاوەی ئەو بەڵاو نەهامەتییانە عوبەیدییە لەئایین دەرچووەکان بوون، ئەوانەی بانگەشەی درۆیان کردو بەدرۆوە رشتەی خۆیانیان گەیاندەوە بۆ فاتیمە(خوای لێ ڕازیی بێ)، کە فاتیمە لەخۆیان و کارو کردەوەشیان بەری و بێ تاوانە. ئەوان یەکەمین کەسێك بوون قاهیرەو شوێنانێکی

و ستووونی ئەلموخەللەق لەناو دەرگای الصغیر، درەختی وشکی نەفرەتیی دەرەوەی باب النصر کە خوای گەورە بڕینەوەو هەڵکێشانی ئاسان کردو لێکچووی(ذات أنواط)ی ئەم سەردەمە بوو)).

پێشتر فەرموودەکەی ئەبی واقیدمان باسکرد کە وتی:((رووەو حونەین لەگەڵ پەیامبەری خوا(ﷺ) دەرچووین، تازە لەبێباوەڕیی دەرچووبووین و ببووینە موسڵمان، هاوبەش پەیداکەران درەختێکی سەوزی گەورەیان هەبوو بەدەوریدا دەمانەوە و چەکەکانیان پێدا هەڵدەواسی کە پێیدەوترا(ذاتُ أنواط)، ئێمە بەلای سیدرەدا تێپەڕبووین و وتمان: ئەی پەیامبەری خوا! بۆ (ذاتُ أنواط)ێکمان بۆ دانانێی وەك ئەوەی ئەوان هەیانە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: الله أكبر، ئەمە هەمان ئەو قسەیەیە کە بەنو ئیسرائیل کردیان: ﴿ ٱجْعَل لَّنَآ إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ ءَالِهَةٌ ۚ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ ﴿١٣٨﴾ ﴾ **الأعراف: ١٣٨**، واتا: ئەی موسا هەروەك ئەو پەرستراوانەی ئەوان تۆیش پەرستراوێکمان بۆ دابنێ موسا فەرمووی: بەڕاستی ئێوە هۆزێکی نەفامن.

رێگە و رێچکەی ئوممەتانی پێش خۆتان دەگرنەبەر)). ترمیزی ئەڵێ: ئەم فەرموودەیە حەسەن و سەحیحە[1].

پاشان ئەوە دەگێڕێتەوە کە زانایەك چی شتێکی کردووە لەوڵاتی ئەفریقیادا: لەپاڵیدا چاوگە ئاوێك هەبوو پێیدەوترا(عين العافية)، خەڵکی گشتیی پێیەوەی تووشی فیتنە هاتبوون و لەشوێنەکانەوە رووبان تێ دەکرد، هەرکەسێ مێردو ژنی بۆ نەبووایە

تریان بوونیاتنا و بەشمشێر و زێڕ بەرگرییان لێ کرد. خوای گەورەو خۆیان و پشتیوانیان و ئەوانەش شەرمەزار و ریسوا بکات کە بەرگری لەبێباوەڕی و ستەمکارەکانیان دەکەن.

١ – پێشتر باسکراو تەخریجیش کرا.

یان مندالّی نەبووایە ئەیووت: بمبەن بۆ لای (عین العافیة)، ئەو زانایە زانی ئەوە فیتنەیە و ناسییەوە،بۆیە لەبەرەبەیاندا بۆی دەرچوو رووخاندی، پاشان بەسەرییەوە بانگی بەیانیی دا و وتی: خوایە گیان من لەبەر تۆ وا رووخاندم، ئیتر سەری بەرز مەکەرەوە. ئیتر هەتا ئێستا بەرز نەکرایەوە.

لەدیمەشقدا زۆرێك لەو شتانە بوونی هەبوو، خوای گەورە ئاسانی کرد لەسەردەستی شێخ ئیسلام و یەکتاپەرستانی حیزبی خوا کاولکران، نمونەی ستوونی ئەلموخەللەق و ئەوەی لەمزگەوتی النارنج لای شوێنی نوێژ دانرابوو کەسانی نەفام دەیانپەرست و ئەوەی گۆڕستانی گاورەکان کە خەڵکیی تەبەرۆکیان پێ دەکرد. وێنەی بتێك لەڕووباری ئەلقلوتدا هەبووە نەزریان بۆ کردووە و هاوبەش پەیداکەران تەبەرۆکیان پێ وەرگرتووە، ستوونێکی درێژ بووە و سەری شێوەی تۆپ بووە، لای مزگەوتی درب الحجر شتێکی لەو شێوەیە هەبووە مزگەوتێکی بچووکی لەسەر دروستکراوە و هاوبەش پەیداکەران پەرستوویانە، خوای گەورە رووخاندنی ئاسان کردووە.

هاوبەش پەیداکەران چەند بەپەلەو خێران بۆ کردنی بت و پەیکەر و پەرستنیان لەجیاتی خوای گەورە!

پێشین رەتیان کردووەتەوە دەست بەبەردی مەقامدا بهێنرێت کە خوای گەورە فەرمانی داوە بکرێتە شوێنی نوێژ، هەروەك ئەلئەزرەقی لەکتێبی(تاریخ مکة)باسیکردووە[1] لەقەتادەوە لەبارەی ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿وَٱتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبۡرَٰهِـۧمَ مُصَلًّى﴾ البقرة: ١٢٥، ئەڵێ:((فەرمان دراوە لای نوێژ بکەن نەك دەستی پێدا بهێنن، بەڵام ئەم ئوممەتە شتێك بەسەر خۆیەوە ئەکاتە ئەرك کە ئوممەتانی تر بۆ خۆیانیان سازاندبوو. شتێکی بۆ گێڕاینەوە لەوەی

---

١ -(٢٩/٢).

شوێنەوار و پەنجەکانی بینیبوویان، ئەم ئوممەتە هەر دەستی پێدا هێنا بەئومێدی هاتنەدیی نیان)).

گەورەترین تووشبوون بەفیتنەیەک بەو داچەقێنراو و شتە دانراوانە: شەیتان، گۆڕی گەورەیەک کە خەڵکیی بەگەورەی دەزانن، بۆ هاوبەش پەیداکەران دادەنێت و دروست دەکات، پاشان دەیکاتە بتخانەیەک لەجیاتی خوا دەپەرستریت، پاشان بەدۆست و لایەنگرانی خۆی دەگەیەنێ کە کەسێک هەیە رەتیدەکاتەوەو دژە بەوەی بکرێتە شوێنی جەژن و بپەرستریت و لەماڤ ئەم گەورەیە کەم دەکاتەوە، بۆیە نەفامەکانی هاوبەش پەیداکەران هەڵدەچن و خێرا دەکەن بۆ کوشتن و سزادانی ئەو کەسە. تاوانی ئەو کەسە لای هاوبەش پەیداکەران، ئەوەیە ئەو کەسە فەرمانی داوە بەوەی خواو پەیامبەرەکەی فەرمانیان داوە، نەهی کردووە لەو شتانەی کە خواو پەیامبەرەکەی نەهیان لێکردووە لەکردنی گۆڕ بەشوێنی پەرستن و جەژن و داگیرسانی چرا و مۆم تیایدا و دروستکردنی مزگەوت و گومەز لەسەری و بەرزکردنەوە و ماچکردن و سەلام لێکردن و پاڕانەوە لای یان پێیەوە لەخوا بپارێیتەوە یان گەشتی بۆ بکرێت یان لەجیاتی خوا تکاو هاواری بۆ ببردرێت، یان هەر شتێک لەوانەی لەئایینی ئیسلامدا زیانی روونەو دژە بەوەی خوای گەورە پەیامبەری خۆی پێیەوەی رەوانە کردووە، کە دەبێ یەکتاپەرستانە اللە بپەرستریت.

جا ئەگەر کەسی یەکتاپەرست نەهی بکات لەو کارە، هاوبەش پەیداکەران تووڕەو بێزار دەبن و ئەڵێن: ئەمە لەپایەی کەسانی پایەدار کەم دەکاتەوە. وەها دەزانن ڕێز و گەورەییان نییە!

ئەوە لەدەروونی نەفام و نەزانەکان و زۆرێک لەوانەدا دروست بووە کە دەدرێنەوە پاڵ زانست و ئایین هەتا ئەوەی کەوتوونەتە دوژمنایەتیکردنی یەکتاپەرستان و،

بەتاوانی گەورە،ناشیرینیان دەکەن و خەڵکییان لێ دەتارێنن، لایەنگری هاوبەش پەیداکەران دەکەن و گەورەیان دەکەنەوە و وەها دادەنێن ئەوانە دۆستی خواو پشتیوانی ئایینی خوا و پەیامبەرەکەین، بەڵام خوای گەورە ئەو قسەیەی ئەوان رەتدەکاتەوە، ئەوان کەی دۆستی خوان! دۆستەکانی خوا ئەوانەن کە پەیڕەوی لێ دەکەن و بەپێی شەرعەکەی دەجوڵێنەوە و شارەزا و زانان بەو پەیامەی رەوانەی کردووە، نەك ئەوانەی بەرگی درۆ و ساختەیان لەبەر کردووە و بەر بەخەڵکیی دەگرن لەئەنجامدانی سوونەت و رێیازی پەیامبەرەکەیان و، لاری و چەوتییان دەوێ و وەها دەزانن کارێکی چاك و جوان دەکەن.

- **پاڵدانی گوناح:**

ئەی ئەو کەسەی خوای گەورە نیعمەتی ئەوەی پێت داوە، شوێن رێگەی راستی خۆی بگریت، رێگەی نیعمەت و بەزەیی و رێز و بەخشندەیی خوای گەورە، وەها مەزانە و وەهای دامەنێ کە نەهیکردن لەوەی گۆڕەکان بکرێنە شوێنی بتخانە و پەرستن و مزگەوت یان دروستکردنی مزگەوت لەسەریان و داگیرسانی چرا و مۆم لەسەریان و گەشتکردن بۆلایان و نەزرکردن بۆیان و چەمینەوە و ماچکردن و بخورد داگیرسان تیایدا: سووکایەتی بێ بەرانبەر مردووەکە و کەمکردنەوە بێ لەو، وەك ئەوەی هاوبەش پەیداکەران و گومڕایان وەهای گومان ئەکەن، بەڵکو رێزگرتنە لەو مردووانە، بەگەورەزانینیانە، شوێنکەوتنیانە بەو جۆرەی حەز دەکەن شوێنیان بکەوین،دوورکەوتنەوەیە لەو شتەی حەزی پێ ناکەن.

سوێند بەخوا تۆ دۆست و خۆشەویست و سەرخەری رێگە و رێبازی ئەوانی، لەسەر هیدایەت و بەرنامەی پەیامبەران و پیاوچاکانی، بەڵام هاوبەش پەیداکەران لەخەڵکانی تر یاخی ترن بەرانبەریان و دوورترین کەسێکن لەهیدایەت و شوێنکەوتەییان بۆ ئەوان،

نمونەی گاورەکان لەگەڵ مەسیح و جولەکە لەگەڵ موسا(سەلامی خوایان لەسەربێ)، هەروەها رافیزەکان لەگەڵ عەلی(خوای لێ رازیی بێ).

حەقخوازان لەناڕەواخوازان لەپێشترن بۆ حەقخوازان، باوەڕدارانی ژن و پیاو دۆست و پشتیوانی یەکترن، دووڕووانیش پشتیوانی یەکترن.

بزانە ئەگەر دڵ بەبیدعەوە سەرقاڵبوو، پشت لەسوونnەتەکان دەکات، بۆیە دەبینی زۆربەی ئەوانەی سەرقاڵی گۆڕ و بەگەورەزانینی مردووانن، لەڕێگەو ڕێبازی ئەو مردووانە بەدوورن، لەجیاتی ئەوەی بەفەرمان و بانگەوازی مردووەکەوە سەرقاڵ بن، بەگۆڕەکەوە سەرقاڵن.

گەورە زانینی پەیامبەران و پیاوچاکان و خۆشویستنیان، بەوەیە پەیڕەوی ئەوە بکرێ کە بانگەوازیان بۆ کردووە لەزانستی بەسوود و کرداری چاك و شوێن پێهەڵگرتنیان نەك پەرستنی گۆڕەکانیان و مانەوە بەدیار گۆڕەکانیانەوە و کردنیان بەشوێنی جەژن. هەرکەسێ شوێن پێی ئەوانی هەڵگرتبێ، ئەوە بەشوێنکەوتنی بۆ ئەوان و بانگەوازکردنی خەڵکیی بۆ ڕێگەی ئەوان، لەپاداشتیانی زۆرتر کردووەتەوە، بەڵام ئەگەر پشتی هەڵکرد لەوەی ئەوان بانگەوازیان بۆ کردووە و بەکاری دژ بەبەرنامە و بانگەوازی ئەوان جوڵایەوە، ئەوە خۆی و ئەوانیش لەو پاداشتە بێ بەش دەکات، ئاخۆ لەو بێ بەشکردنەدا چی گەورە ڕاگرتن و ڕێزێکی بۆ ئەوان هەیە؟

زۆرێك خەڵکی، بەجۆر گەلێکی ئەو پەرستشە بیدعەییانەوە سەرقاڵن کە خواو پەیامبەرەکەی ڕقیان لێ دەبێتەوە، ئەوەش بەهۆی پشت هەڵکردنیان لەکار و کردەوەی ڕەوایان بەشێکی. ئەگەرچی بەوێنەی دیار و ڕواڵەتیشیەوە سەرقاڵبن، بەڵام مەبەستی ڕاستەقینەیان لەدەست داوە. ئەگەرنا کەسێك بەجەستە و دڵ پێنج نوێژە فەرزەکە ئەنجام بدات و شارەزا و زانابێ بەو قسە و کرداڕە جوانانەی تیایدایە و

تەواو گرنگیی پێ بدات، ئەوە پێویستی بەهاوبەش پەیداکردن نییە، بەڵام هەرکەسێ لەوەدا یان لەهەندێکیدا کەمتەرخەمی و ناتەواویی هەبوو، بەپێی ئەوە هاوبەش پەیداکردنی تێدا دەبینی.

هەرکەسێ بەدڵ گوێ بۆ وتە و فەرمایشتی خوا بگرێ و لێی رابمێنێ و لێی تێبگات، پێویستی بەگوێبیستی شەیتانیی نابێ[1] کە مرۆڤ رێگری دەکات لەیادی خوا و نوێژ و دووپوویی لەدڵدا دەچێنێ.

هەرکەسێکیش بەتەواوەتی گوێ بگرێ لەفەرمایشتی خواو فەرموودەی پەیامبەر(ﷺ) و دەروونی رابهێنێ بەوەرگرتن و هەڵهێنجاندنی هیدایەت و زانست لەقورئان و فەرموودە نەك لەشتی تر، ئەوە پێویستی نابێ بەبیدعە و بۆچوونی لابەلا و خەیاڵکردنەوە، کە بەرهەمی وەسوەسە و خەیاڵی دەروونن.

هەرکەسێ لەفەرمایشتی خوا و پەیامبەر(ﷺ) بەدووربوو، پێویست دەکات ئەو بۆشاییە بەشتی بێ سوودەوە پڕ بکاتەوە، بەڵام ئەگەر کەسێك دڵی پڕ بوو بەخۆشویستن و ترس و یاد و پشت بەستن و گەڕانەوەی بۆلای خوای گەورە، ئەوە پێویستی بەخۆشویستن و ترس و پشت بەستن بەکەسی تر نابێ، پێویستی نابێ بەعەشقی وێنە، بەڵام ئەگەر ئەوەی نەبوو، دەبێتە بەندەی هەوا و ئارەزووی خۆی، ئەبێتە بەندە و مولکی ئەو شتەی ئەم بەباشی دەزانێ.

ئەو کەسەی پشت لەیەکتاپەرستیی دەکات، بیەوێ یان نەیەوێ کەسێکی هاوبەش پەیداکەرە، کەسێ پشت لەسوونەتی پەیامبەر(ﷺ) بکات، بیەوێ یان نەیەوێ

---

١ – مەبەستی گۆرانی و موسیقایە هەروەك دانەرمان(بەڕەحمەت بێ) لەدواتردا بەدوورودرێژی لەسەری دەدوێ.

موبتەدیعە، کەسێکیش پشت لەخۆشویستن و یادی خوا بکات، بیەوێ یان نەیەوێ بەندەی وێنەیە.

هەر پشت بەخوا دەبەستێت و ولا حَوْلَ ولا قُوَّةَ إِلاَّ باللهِ العليِّ العظيمِ.

- **هۆکارەکانی تووشبوون بەفیتنەی گۆڕ:**

ئەگەر وترا: ئەوە چی شتێکە گۆڕپەرستانی بەو فیتنەیە گەیاندووە لەکاتێکدا دەزانرێ ئەوەی لەنێو گۆڕەکەدایە کەسێکی مردووە، مردووەکانیش هیچ قازانج و زیانێکیان بەدەست نییە، نە ژیان و نە مردن و نە زیندووکردنەوە؟

لەوەلآمدا ئەوترێ: چەند شتێك ئەوانی بەو حالّەتە گەیاندووە:

لەوانە: نەزانی و نەفامی بەحەقیقەتی ئەوەی خوای گەورە بەهۆیەوە پەیامبەری خۆی ناردووە، بەڵکو بەو حەقیقەتەی کە تەواوی پەیامبەرانی بەهۆیەوە ناردووە، لەهێنانەدی یەکتاپەرستی و بڕینی هۆکارەکانی هاوبەش پەیداکردن، بۆیە ئەوان لەوەدا پشکێکی زۆر کەمیان هەیە. شەیتان بانگەوازی کردوون بۆ ئەو فیتنەیە، ئەوانیش ئەو زانستەیان نەبووە بانگەوازی ئەو پووچەڵ بکاتەوە، بۆیە بەپێی ئەو نەفامی و نەزانییەیان بەدەم بانگەوازی شەیتانەوە ڕۆیشتوون و، بەئەندازەی ئەو زانستەش کە هەیانبووە لێی پارێزراو بوونە.

لەوانە: کۆمەڵێ بەناو فەرموودەی هەڵبەستراو و درۆینە، لێکچووەکانی بتپەرستان هەڵیانبەستووە بەدەم پەیامبەری خواوە(ﷺ) کە دژە بەئایینەکە و ئەوەی هێناوێتی،ئەوانەش گۆڕپەرستەکانن ئەو شتانەیان هەڵبەستووە، لەنمونەی

فەرموودەی:"إذا أعيَتْكُم الأمورُ، فعليكُم بأصحابِ القُبورِ"[1]،واتا: ئەگەر کاروبارەکانتان لێ تێکچوو، پەنابەنە بەر مردووەکان.

هەروەها فەرموودەی:"لو أحسنَ أحدُكُم ظنَّهُ بحَجَرٍ نَفَعَهُ"[2]،واتا: ئەگەر یەکێ لەئێوە گومانی باش بەبەردێك ببات، بەردەکە سوودی پێ دەگەیەنێ. نمونەی ئەو فەرموودانەی کە دژ و پێچەوانەن بەئایینی ئیسلام، ئەوە هاوبەش پەیداکەران هەڵیانبەستووە و لای نەفام و نەزانەکانی هاوشێوەی خۆیان برەویان وەرگرتووە. خوای گەورە پەیامبەری خۆی رەوانە کردووە بۆ کوشتنی هەرکەسێ گومانی باش بەدار و بەرد ببات و بەهەموو جۆر و رێگەیەکیش ئۆممەتەکەی لەتووشبوون بەفیتنەی گۆڕ دووربخاتەوە.

لەوانە: کۆمەڵێ حیکایەت و گێڕانەوە کە لەبارەی ئەو گۆڕانەوە بۆیان هەڵبەستراو و چنراوە، بەوەی فلانەکەس لەسەختی و تەنگانەیەکدا هاواری بەفلانە مردوو کردووە، لەو ناخۆشی و تەنگانەیە رزگاری کردووە!

---

١ – شێخی ئیسلام لە(التوسُّل)(ص٢٩٧) ئەڵێ:((ئەم فەرموودەیە درۆیەکی روون و ئاشکرایە بەدەم پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) بەتێکڕای ئەوانەی شارەزان بەفەرموودەکانی، هیچ زانایەك ئەوەی لەپەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) نەگواستووەتەوە، لەکتێبە گەورەو متمانە پێکراوەکانی فەرموودەدا شتی لەو جۆرە نەهاتووە)): ئەلعجلونی هێناوێتییەوە لە(کشف الخفاء)(ژمارە٢١٣) پاشان ئەڵێ:((هەروەها لە(الأربعين)ی ئیبن کەمال پاشا! ئاخۆ ئیبن کەمال چی بووە؟! خۆ لەپیزی زانایانی فەرموودەدا نەبووە!!

٢ – السخاوي لە(المقاصد الحسنة)(ژمارە٨٨٣) لەشێخی ئیسلامەوە ئەیگوازێتەوە کە(درۆیە)، لەمامۆستای خۆیشیەوە ئەلحافیز ئیبن حەجەرەوە ئەگوازێتەوە وتوویەتی((هیچ بنەمایەکی نییە))! بڕوانە:((تذكرة الموضوعات))(ص٢٨٦)ی الفتَّني الهندي و (تنزيه الشريعة)(٣١٦/٢) و (الأسرار المرفوعة)(٤٩٦).

فلانـه کـەس لەتەنگانەیەکدا هـاواری بـۆ خـوا بـردووە لەبـەر فلانەکـەس چـارەی کێشەکەی بکات، کێشەکەی بۆ چارەسەر بووە !

فلانە کەس ناخۆشی و مەینەتییەکی بەسەردا هاتووە، هـاواری بردووەتەبـەر فلانـە گۆڕ، مەینەتییەکی نەماوە !

لەبارەی گۆڕ و مەرقەد و ئەو شتانەوە چیرۆك و حیکایەتی زۆر هەیە، ئەوانەی ئـەو حیکایەتانە باس دەکەن، درۆزنترین مەخلوقی خوان بەسەر مردووان و زیندووانەوە.

دەروونەکان تامەزرۆن پێویستییەکانیان بەجێبگـەینرێت و کـۆڵی قورسـیان لەسـەر شان نەمێنێ، کە گوێی لێ دەبێ گۆڕی فلانە کەس تلیاکێکی تاقیکراوەیە ! شەیتانیش لەبانگەوازکردنیـدا بۆیـان نـەرم و خـۆش دەکـات، سـەرەتا بانگـەوازیان دەکـات لای گۆڕەکـە بپارێنـەوە، پاشـان داوایـان لـێ دەکـات لای گۆڕەکـە بـەکوڵ بپارێنـەوە و ملکەچیی بنووێنن، لەبەر ئەوەی بەدڵ دەپارێنەوە خوای گەورە کارەکەیان بۆ ئەنجام دەدات نەك لەبەر گۆڕکە، ئەگەر لەیانەی خواردنـەوە و گـەرماو و بازاڕیشدا بـەو دڵـە بپارێتەوە، بەدەم داوایەوە دەڕوات، بۆیە کەسی نەفام وەهـا گومـان دەبـات کـە ئـەو گۆڕە کاریگەریی هەبووە لەوەی داواکەی جێبەجێ ببێ، بەڵام ئەوە هەیە خوای گەورە بەدەم داواو تکای کەسی ناچار و کۆست کەوتووەوە دەچێ ئەگەر بێبـاوەڕیش بێـت، خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿ كُلًّا نُّمِدُّ هَٰٓؤُلَآءِ وَهَٰٓؤُلَآءِ مِنْ عَطَآءِ رَبِّكَۚ وَمَا كَانَ عَطَآءُ رَبِّكَ مَحْظُورًا ۝٢٠ ﴾ الإسراء: ٢٠، واتا: دەبەخشین بە هـەموان ئەوانـەی (کـە هـەر دنیایـان دەوێ) و ئەوانـەی(پۆژی دواییـان دەوێ) لـە بەخششـی پەروەردگارت(لـەم دنیایەدا)بێگومان پۆزی و بەخشراوی پەروەردگارت هەرگیز قەدەغە کراو نەبووە.

ئیبراهیمی خۆشەویستیش وتوویەتی:﴿ وَٱرۡزُقۡ أَهۡلَهُۥ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ مَنۡ ءَامَنَ مِنۡهُم بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۖ ﴾ البقرة: ١٢٦، واتا: پۆزی دانیشتوانی بدە لەمیوەهات ئەوانەیان کە بڕوایان بەخواو بەڕۆژی دوایی هەیە.

خوای گەورەش فەرمووی:﴿ وَمَن كَفَرَ فَأُمَتِّعُهُۥ قَلِيلًا ثُمَّ أَضۡطَرُّهُۥٓ إِلَىٰ عَذَابِ ٱلنَّارِۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ١٢٦ ﴾ البقرة: ١٢٦، واتا:ئەوەش بێ بڕوابێ پۆزی پێ ئەدەم بۆ چەند پۆژێکی کەم لەپاشان ناچاری دەکەم بەسزای ئاگری دۆزەخ کە خراپترین سەرئەنجامە.

مەرج نییە هەرکەسێ داوا و تکای قبوڵکراو بێ، خوای گەورە لێی رازیی بێ، یان خۆشی بوێ، بێگومان خوای گەورە بەدەم داوای چاکەکار و خراپەکارەوە دەچێت، داوای باوەڕدار و بێ باوەڕ قبوڵ دەکات. زۆرێك خەڵکیی هەیە لەپاڕانەوەیاندا ستەم دەکەن یان مەرج بەسەر خوای گەورەوە دادەنێن یان داوای شتێك دەکەن جائیز نییە داوا بکرێت، بەڵام ئەو داوایەیان یان هەندێ لەداواکانیان قبوڵ دەکرێت، بەڵام ئەو کەسانە وەها گومان دەکەن کە کارو کردەوەیان چاك و جێی رەزامەندیی خوای گەورەن، بەڵام لەجێگەی ئەو کەسەدایە کە خوای گەورە مۆڵەتی دەدات و بەسەروەت و سامان و منداڵ دەوڵەمەندی دەکات، کەچی ئەو کەسە وەها دەزانێ خوای گەورە خێرا خێر و خۆشی بەسەردا دەڕژێنێ، خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِۦ فَتَحۡنَا عَلَيۡهِمۡ أَبۡوَٰبَ كُلِّ شَيۡءٍ ﴾ الأنعام: ٤٤، واتا:جا کاتێ لە بیریان چوبەوە ئەوەی کە پێ ی ئامۆژگاری کران دەرگای هەموو شتێکمان لەسەر کردنەوە.

مەبەست ئەوەیە، شەیتان بەفێڵی نەرم و ناسکی خۆی، پاڕانەوەی لای گۆڕ جوان و شیرین دەکات، بەلای کەسەکەوە وەهای جوان دەکات، پاڕانەوەی لای گۆڕی پێ

باشتر دەبێ لەپارانەوەی نێو مالّی خۆی و مزگەوت و کاتەکانی بەربەیان. جا ئەگەر کەسەکە پارانەوەی لای گۆڕی بەلاوە پەسەند و سەقامگیر بوو، شەیتان دەیگوازێتەوە پلەیەکی تر: لەپارانەوە لای گۆڕ بۆ پارانەوە بەگۆڕ و سوێند خواردن بەخوا کە لەبەر ئەو گۆڕە دەبێ داواو تکای قبولّ بکات، بۆیە ئەمە گەورەترە لەوەی پێشتر، بێگومان خوای گەورە گەورەترە لەوەی سوێندی لەسەر بخوردرێت یان بەیەکێك لەمەخلوقاتی داوای لێ بکرێت، پێشەوایانی ئیسلام ئەو کارەیان رەتکردووەتەوە.

ئەبو ئەلحوسەین ئەلقودوری[1] لەشیکردنەوەی(كتاب الكرخي) ئەلّێ: بیشری کوڕی وەلید وتی: گوێم لەئەبو یوسف بوو ئەیووت: ئەبو حەنیفە وتی:((بۆ هیچ کەسێك رێگە پێدراو نییە بەهیچ کەس و شتێ داوا لەخوا بکات جگە بەخودی خوای گەورە خۆی نەبێ. رەتیدەکەمەوە بلّێ: داوات لێ دەکەم بەعەرشی خۆت، یان بەحەقی فلاّنە کەس، یان بەحەقی پەیامبەرانت، یان بەحەقی مالّی پیرۆزی خۆت)).

ئەبو ئەلحوسەین ئەلّێ:((داواکردن بەغەیری خوا بەلایانەوە رەتکراوەتەوەو ناشیرینە، چونکە هیچ کەسێك حەقی بەسەر خوای گەورەوە نییە، ئەوە خوای گەورەیە حەقی بەسەر مەخلوقاتەوە هەیە))، هەرچی پارانەوەیە بەوتنی(مَعْقِد العزِّ من عرشك)، ئەبو حەنیفە رەتیکردووەوە و ئەبو یوسف رێگەی داوە.

ئەلّێ:گێڕدراوەتەوە کە پەیامبەری خوا(ﷺ) بە(مَعْقِد العزِّ من عرشك) لەخوای گەورە پاڕاوەتەوە[2]، ئەلّێ: لەبەرئەوەی بە(مَعْقِد العزِّ من عرشك) مەبەست ئەو

---

١ – بڕوانە:(رد المختار)(٦٣٠/٢)ی ابن عابدين.

٢ – ئەمە فەرمودەیەکی هەڵبەستراوە(موضوع)، هەروەك دەیبینی لە(نصب الراية)(٢٧٢/٤) و (الموضوعات)(١٤٢/٢) و (التوسُّل)(ص٤٩)ی ئەلبانی شێخ و مامۆستامان.

توانایەیە کە خوای گەورە عەرشی گەورەی پێ دروست کردووە، وەك ئەوەیە بەوەسفەکانی خوای گەورە بپارێیتەوە.

ئیبن بەلدەجی لە(شرح المختار)[1] ئەڵێ:((رێگە نەدراوە بەجگە لەخوای گەورە لەخوای گەورە پاڕانەوە بکرێت، ناوترێ: داوات لێ دەکەم بەحەقی فلانە کەس، یان فریشتەکانت، یان پەیامبەرانت و هاوشێوەکانی تر، چونکە مەخلوق هیچ حەقێکی بەسەر خوای گەورەوە نییە، یان ناوترێ داوات لێ دەکەم بە(مَعْقِدِ العزِّ من عرشك)، ئەوترێ ئەبو یوسف رێگەی ئەوەی داوە)).

ئەوەی ئەبو حەنیفە و قوتابییەکانی وتوویانە(أكرهُ كذا- ئەوە مەکروهە دادەنێم)، بەلای موحەممەدەوە واتا حەرامە، بەلای ئەبو حەنیفە و ئەبو یوسفەوە لەحەرامەوە نزیکترە، لایەنی حەرامییەکەی بەسەردا زاڵترە[2].

لەفەتاوادا[3] هاتووە لەئەبی موحەممەدی کوڕی عەبدولسەلامەوە: جائیز و رێگە پێدراو نییە بەهیچ شتێکی مەخلوقات داوا و تکا لەخوای گەورە بکرێت، نە بەهیچ مەخلوق و نە بەهیچ پەیامبەر و کەس و شتێك، لەبارەی پەیامبەرمانەوە(ﷺ) وەستاوە، بەو باوەڕەی لەفەرموودەیەکدا ئەوە هاتووە، بەڵام نەیزانیووە تاچەندە فەرموودەکە سەحیحە یان نە[4].

---

١ - بەراورد بکە بە(الفتاوى الهندية)(٥/٢٨٠).

٢ - (إتحاف السادة المتقين)(٢/٢٨٥)ی الزَّبيدي.

٣ - (ص١٢٧).

٤ - فەرموودەی تەوەسوڵی نابینایە(توسل الضرير)، بڕوانە دەق و تەخریجکردنی کە فراوانە لەنامەکەمدا(كشف المتواري من تلبيسات الغُماري) کە لەسەر ئەوە بوونیات نراوە، نشر دار ابن الجوزي، الدمام.

ئەگەر شەیتان ئەو باوەڕەی لا جێگیر کرد کە سوێندخواردنی بەمەخلوق بەسەر خوای گەورە، یان پارانەوە بەمەخلوق لای خوای گەرە باشترین گەور راگرتن و رێزگرتنێکە لەخوای گەورە و باشتر داوا و پێویستییەکانی جێبەجێ دەکرێت، بۆ پلەیەکی تر دەیگوازێتەوە کە لەجیاتی پارانەوە لەخوا، لەو گۆڕە دەپارێتەوە، ئینجا دەیگوازێتەوە پلەی بەخواکردنی ئەو گۆڕە و بەدەوریدا دەسووڕێتەوە و دەمێنێتەوە و چرای لەسەر دادەگیرسێنێت و پەڕۆی پێدا هەڵدەواسێ و مزگەوتی لەسەر دروست دەکات و بەکڕنۆش بۆ بردن و سوڕانەوەو ماچکردن و ملکەچ بۆ کردنی دەیپەرستێ، هەروەها بەگەشتکردن بۆلای و سەربڕین لای ئەو گۆڕە. پاشان دەیگوازێتەوە قۆناغێکی تر، ئەویش ئەوەیە خەڵکیی بانگەواز دەکات بۆ ئەوەی بیپەرستن و بیکەنە شوێنی جەژن و پەرستن و ئەوەیان بۆ دەڕازێنێتەوە کە باشترین کارێکە لەدونیاو قیامەتدا سوودیان پێ دەگەیەنێ.

شێخ و مامۆستای ئێمە(خوای گەورە روحی پیرۆز بکات) ئەڵێ: ئەو شتە داهێنراوانەی لای گۆڕەکان کۆمەڵێ پلەیان هەیە، ئەوەیان لەشەرعەوە دوورترینە، ئەوەیە: داوای پێویستیی خۆت لەکەسی مردوو بکەیت و هاوار و تکای فریاکەوتن ببەیتە لای ئەو، وەك ئەوەی زۆربەی خەڵکیی ئەوە دەکەن. ئەڵێ:ئەوانە لەجۆری بتپەرستانن، بۆیە هەندێجار شەیتان لەوێنەی کەسی مردوودا خۆیان بۆ دەنوێنێت هەروەك بۆ بتپەرستان خۆی دەنوێنێت و هەندێجار شتی نادیاریان بۆ روون دەکاتەوە، هەروەها کڕنۆش بردن بۆ گۆڕ و دەستپێداهێنان و ماچکردنی.

پلەی دووەم: ئەوەیە بەو گۆڕە داوا لەخوا بکرێت، ئەو کارەیە کە زۆرێك لەخەڵکانی دوایین ئەنجامی دەدەن، بەکۆدەنگیی موسڵمانان، کارێکی بیدعە و داهێنراوە.

سێیەم: ئەوەیە تکا و داوا لەخودی گۆڕ بکرێت.

چوارەم: وەها گومان ببات پاڕانەوە لای گۆڕ، کارێکی موستەحەب و سوونەتە، یان وەها بزانێ کە پاڕانەوە لای گۆڕ باشترە لەپاڕانەوە لەنێو مزگەوت، بۆیە دەچێتە سەردانی و نوێژی لا دەکات تاوەکو پێویستییەکانی بەجێبگەینرێت. بەکۆدەنگیی موسڵمانان، ئەمەش یەکێکە لەکارە ناشیرینەکان، حەرامە. لەنێو پێشەوایانی ئایینداا ناکۆکییەکم نەبینیووەتەوە لەسەر حەرامێتی ئەو کارە، ئەگەرچی زۆربەی خەڵکانی دوایی ئەوە دەکەن و هەندێکیان ئەڵێن: گۆڕی فلانە کەس تلیاکێکی تاقیکراوەیە!

ئەو حیکایەتەی لەبارەی شافیعییەوە گوازراوەتەوە کە نیازی پاڕانەوەی هەبووە لای گۆڕی ئەبو حەنیفە، درۆیەکی دیار و ئاشکرایە[1].

٤) جیاوازیی نێوان سەردانیی کەسانی یەکتاپەرست و هاوبەش پەیداکەران بۆ گۆڕستان

یەکتاپەرستان بۆ سێ شت سەردانی گۆڕستان دەکەن:

یەکەم: بیرکەوتنەوەی ئاخیرەت، پەند و ئامۆژگاری وەرگرتن، پەیامبەری خوا(ﷺ) ئاماژەی بەوە داوە کە فەرموویەتی:"زُوروا القُبورَ،فإنَّها تُذَكِّرُ الآخِرَةَ"[2]،واتا: سەردانی گۆڕستان بکەن، ئاخیرەتتان بیردەخاتەوە.

دووەم: چاکەکردن لەگەڵ مردوو، دوای مردنی لەبیر ناکرێت، دڵخۆش دەکرێت، هەروەك چۆن بۆ ماوەیەك سەردانی کەسێکی زیندوو ناکەیت و لەبیری دەکەیت، کە سەردانی دەکەیت دڵخۆش دەبێت بەو سەردانییەت، کەسی مردوو لەپێشترە بەو

---

١ – ئەلخەتیب لە(تاریخ)ەکەیدا(١/ ١٢٣) گێڕاویەتییەوە، ئەلکەوسەرییش لە(مقالات)ەکەیدا(ص٣٨) وەهای داناوە سەنەدێکی سەحیحی هەیە!! گومانێکی پووچ و باتڵە، بڕوانە ناتەواویی ئەوە لە(سلسلة الأحاديث الضعيفة)(٣١/١) و (اقتضاء الصراط المستقيم)(ص١٦٥).

٢ – پێشتر تەخریج کرا.

سەردانییە، چونکە کەوتووەتە جیهانێکەوە کەس و کار و خۆشەویستان و ناسیاوانی لەدەست داوە، کە سەردانی دەکەی و پارانەوەیەك یان سەدەقەیەك یان قوربانییەکی بۆ دەکەیتە دیاریی، زیاتر خۆشحاڵتر دەبێت هەروەك چۆن کەسی زیندوو خۆشحاڵ دەبێ کاتێك یەکێك سەردانی دەکات و دیارییەکی بۆ دەهێنێت.

لەبەرئەوەیە پەیامبەری خوا(ﷺ) ڕێنمایی داوەتە سەردانیکارانی گۆڕستان، بەوەی بۆ مردووەکان تەنیا داوای لێخۆشبوون و سەفرازیی بکەن[1]، ڕێنمایی پێیان نەداوە لەمردووەکان بپارێنەوە یان بەوان داوا لەخوا بکەن و نوێژیان لا بکەن.

سێیەم: کەسی سەردانیکار چاکە بەرانبەر بەخودی خۆی دەکات کاتێك شوێنێ سوونەتی پەیامبەری خوا(ﷺ) دەکەوێت و سنووری شەریعەتی پەیامبەری خوا(ﷺ) نابەزێنێت[2]، بەوە بەرانبەر بەخۆی و مردووی سەردانیکراو چاکە دەکات.

هەرچی سەردانی هاوبەشی پەیداکارانەیە، ئەوە لەبنچینەدا لەبتپەرستانەوە وەرگیراوە!

وتوویانە: کەسی مردوو کەسێکی گەورەیە، ڕوحی ئەو کەسە لای خوای گەورە نزیکی و پێگە و تایبەتمەندیی هەیە، لەسۆزی خوای گەورەوە سۆز و گەورەیی بەردەوامی بۆ دێت، خێر و خۆشی بەسەر ڕوحیدا دادەبارێت، جا ئەگەر ڕوح و دڵی

---

١ – لەوانە، ئەو فەرموودەیەیە کە موسلیم لەسەحیحەکەیدا(٩٧٤)(١٠٣) گێڕاویەتییەوە بەوەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەو بارەیەوە ئەم پارانەوەیەی فێری خاتوو عائیشە کردووە(خوای لێ ڕازیی بێ):"السَّلَامُ عَلَى أَهْلِ الدِّيَارِ مِنَ الْمُؤْمِنِيْنَ وَالمُسْلِمِيْنَ، وَيَرْحَمُ اللهُ المُسْتَقْدِمِيْنَ مِنَّا وَالمُسْتَأْخِرِيْنَ، وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللهُ بِكُمْ لَاحِقُوْنَ". پارانەوەی تریش هەیە، بۆیە بڕوانە(أحكام الجنائز)(ل١٨٣ و دواتری).

٢ – زۆربەی ئەوانەی لەسەر گۆڕەکان دەنووسرێن و ئەوەی زۆربەی سەردانیکاران ئەنجامی دەدەن لەخوێندنی سورەتی فاتیحا و ئەوانی تر، هیچیان نە لەپەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) و نە لەهاوەڵانەوە نەهاتووە.

کەسی سەردانیکەر پێیەوەی هۆگر بێ، لەو سۆز و گەورەییەی مردووەکە تێکەڵ بەڕوحی ئەمیش دەبێت، نمونەی تیشکی ئاوێنەیەکی پاك یان ئاوێك چۆن بۆ کەسی بەرانبەر رەنگدانەوە دەدات!

ئەڵێن: سەردانیی تەواو، ئەوەیە کەسی سەردانیکار بەڕوح و دڵی رووبکاتە مردووەکە، بەهیممەت و پەژارەی خۆی لای بگیرسێتەوە و لا نەکاتەوە بەلای غەیری ئەودا، دڵ و هیممەتی چەندە لای ئەو مردووە بێ، ئەوەندە سوودی لێ دەکات!

ئیبن سینا و فارابی و کەسانی تر باسی ئەو جۆرە سەردانییەیان کردووە[1] ئەستێرە پەرستان باسیان لەپەرستنی کردووە و وتوویانە: ئەگەر دەروونی بەگژهاتوو بەڕوحە بالاکانەوە پەیوەست بوو، ئەوە لەو نور و رووناکییەی بەش دەبێ!!

بەهۆی ئەو نهێنییەوە ئەستێرەکان پەرستراون و پەیکەر و تەلاریان بۆ دروستکراوە و جۆرەها داوا و تکاو بتیان بۆ دانراوە.

هەر هەمان شتە گۆڕپەرستانی بەوە گەیاندووە بیکەنە جێگەی جەژن و بۆنە و پەڕۆی پێوە هەڵبواسن و چرای تێدا دابگیرسێنن و مزگەوتی لەسەر دروست بکەن، ئەوە خودی ئەو شتەیە کە پەیامبەری خوا(ﷺ) نیازی پووچەڵکردنەوە و سڕینەوەی تەواوی شوێنەواری هەبووە و، هەموو رێگەیەکی حەرام کردووە کە مرۆڤ بەوە بگەیەنێ، بۆیە هاوبەش پەیداکەران رێگەیان پێگرت و دژی وەستانەوە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەلایەك و ئەوانیش لەلایەکی تر بوون.

---

١ – لەو فەیلەسوفانەن کە لەقورئان و سوونەت دەرچوون، پێچەوانەی ئەوەی زۆربەی کەسانی نوێخواز گەورەو شانازییان پێ دەدەن!

ئەوە ئەو شتەیە کە هاوبەش پەیداکەران لەسەردانیکردنی گۆڕستاندا باسیان کردووە: مەبەستیان ئەو شەفاعەتە، بەگومانی خۆیان خواوەندەکانیان بەوە سوودیان پێ دەگەیەنن و ئەوان لای خوا شەفاعەتیان بۆ دەکەن.

ئەڵێن: ئەگەر بەندە روحی خۆی بەڕوحی مردووی ڕێزگیراو لای خوای گەورە گرێ بدات و هەڵبواسێ، بەهیممەتەوە رووی تێ بکات و بەدڵ پەنای بۆ ببات، ئەوە پەیوەندییەکیان لەنێواندا دروست دەبێ و لەپشکی ڕێزو گەورەیی خوا بۆ کەسی مردوو، پشك وەردەگرێت.

ئەوەیان شوبهاندووە بەکەسێك خزمەتی کەسێکی بەناوبانگ بکات، ئەگەر کەسە بەناوبانگەکە لای دەسەلاتدار هەر دیاری و ڕێزێك وەربگرێ، خزمەتکارەکەش پشکێك وەردەگرێ.

ئەوە نهێنی بتپەرستانە، ئەوەیە کە خوای گەورە بەهۆیەوە پەیامبەرانی خۆی ڕەوانە کردووە و کتێبەکانی دابەزاندووە بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو بیرکردنەوەیەو بێباوەڕدانانی ئەوانەی ئەو بیروباوەڕەیان هەیە، خوێن و ماڵیان حەڵاڵکردووە، ڕێگەی داوە نەوەو ژنەکانیان بەکۆیلەو کەنیزەك بکرێن.

قورئانی پیرۆز لەسەرەتاوە هەتاوەکو کۆتایی پڕە بەوەڵامدانەوەی ئەو کەسانە و پووچەڵکردنەوەی مەزهەب و ڕێچکەیان، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَمِ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَ ۚ قُلْ أَوَلَوْ كَانُوا۟ لَا يَمْلِكُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَعْقِلُونَ ﴿٤٣﴾﴾ الزمر: ٤٣، واتا: ئاخۆ جگە لە خوا تکا کارانێکیان بۆ خۆیان داناوە بڵێ گەرچی ئەوانە نە هیچ شتێکیان بەدەستتە وە نە تێش دەگەن.

خوای گەورە هەواڵی داوە، تکاو شەفاعەت بۆ ئەو کەسەیە کە موڵکی ئاسمانەکان و زەوی لەدەستە، ئەویش تەنیا خوای گەورەیە، ئەوەیە بەخۆی لای خۆی شەفاعەت

دەکات بۆ ئەوەی بەزەیی بەبەندەی خۆیدا بێتەوە، ئەوە خۆیەتی رێگە دەدات بۆ هەر کەسێ شەفاعەت و تکای لێ بکات.

بۆیە لەحەقیقەتدا شەفاعەت هی خوای گەورەیە، ئەوەی شەفاعەت و تکای لا دەکات، بەمۆڵەتی خۆی رێگەی ئەو شەفاعەتە دراوە، ئیرادەیەکی خۆیەتی بەزەیی بەبەندەیدا بێتەوە.

ئەمە دژە بەو شەفاعەت و تکا هاوبەش پەیداکەرانەی کە ئەو هاوبەش پەیداکەرانەو هاودەنگەکانیان بۆ خۆیان سەلماندوویانە، ئەمە ئەوەیە کە خوای گەورە لەقورئانەکەیدا پووچەڵیکردووەتەوەو فەرموویەتی: ﴿ وَٱتَّقُواْ يَوۡمٗا لَّا تَجۡزِي نَفۡسٌ عَن نَّفۡسٖ شَيۡـٔٗا وَلَا يُقۡبَلُ مِنۡهَا عَدۡلٞ وَلَا تَنفَعُهَا شَفَٰعَةٞ ﴾ **البقرة: ١٢٣**، واتا: خۆتان بپارێزن لەڕۆژێك کە کەس لەبری کەس تۆڵەو پاداشت نادرێتەوە وە بارمتەی لێ وەرناگیرێت وە هیچ تکایەك کەڵکی ناگرێ.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰكُم مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ يَوۡمٞ لَّا بَيۡعٞ فِيهِ وَلَا خُلَّةٞ وَلَا شَفَٰعَةٞۗ ﴾ **البقرة: ٢٥٤**، واتا: ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە ببەخشن لەو ڕۆزی یەی کە پێمان داوون پێش ئەوەی کە ڕۆژێ بێ کە نە کڕین و فرۆشتنی تێدایە و نە دۆستایەتی و ئاشنایەتی تێدایە وە نە تکای تێدایە(تا پزگارتان کات لە سزا).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَأَنذِرۡ بِهِ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحۡشَرُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ لَيۡسَ لَهُم مِّن دُونِهِۦ وَلِيّٞ وَلَا شَفِيعٞ لَّعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ ٥١ ﴾ **الأنعام: ٥١**، واتا: بەم قورئانە بترسێنە ئەوانەی دەترسن(لەوەی کە)کۆ بکرێنەوە لای پەروەردگاریان لە کاتێکدا بێجگە لە خوا هیچ یارمەتیدەر و تکا کارێکیان نی یە بەڵکو بترسن و خۆیان بپارێزن.

هەروەها دەفەرموویت: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ۖ مَا لَكُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَلِىٍّ وَلَا شَفِيعٍ ﴾ السجدة: ٤، واتا: خوا زاتێکە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە بەدی هێناوە لە شەش ڕۆژدا پاشان چووە سەر عەرش(ئیمانمان پێیەتی و چۆنیەتیەکەی نازانین) بێجگە لەو(خوا)هیچ پشتیوان و تکا کارێکتان نی یە دەی بۆ بیرناکەنەوە و پەند وەرناگرن.

خوای گەورە هەواڵی داوە بەوەی، بەبێ خۆی، بەندەکانی هیچ شەفاعەت و تکایەکیان بۆ نییە، بەڵکو ئەوە خوای گەورەیە ئەگەر بیەوێ بەزەیی بەبەندەیەکیدا بێتەوە، مۆڵەت دەدات کەسێك بکاتە تکاکار، هەروەك پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿ مَا مِن شَفِيعٍ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ إِذْنِهِۦ ﴾ يونس: ٣، واتا: هیچ تکاکارێك نی یە (بۆ کەس) مەگەر لەپاش ڕێگەدانی ئەو(خوا).

پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿ مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ ﴾ البقرة: ٢٥٥، واتا: ئەو کەسەی لەو ڕۆژەدا بتوانێ تکای لەلا بکات مەگەر بە ڕێ پێدانی خۆی.

بۆیە شەفاعەت و تکارکاریی بەمۆڵەت و ڕێگەدانی خۆی دەبێ نەك کەسی تر.

جیاوازیی نێوان هەردوو تکاکار، وەك جیاوازیی نێوان هاوبەش و بەندەی فەرمان پێکراوە.

ئەو شەفاعەت و تکاکارییەی کە خوای گەورە پووچەڵی داناوە: شەفاعەتی هاوبەشداریە(شیرك)، بێگومان خوای گەورە هیچ هاوبەشێکی نییە، ئەو شەفاعەتەی کە سەلماندوویەتی، بریتییە لەشەفاعەتی بەندەی فەرمان پێکراو، ئەوەیە بەمۆڵەتی خوای گەورە لەبەردەم خوای گەورەدا تکا دەکات و ئەڵێ: خوایە گیان بەزەییت بێتەوە بەفلانە کەسدا، ئا لەبەر ئەوەیە یەکتاپەرستان بەختەوەرترین شەفاعەتکارانن

لەڕۆژی قیامەتدا، ئەوانەن کە یەکتاپەرستییان پوخت پاراستووە و بەدووریان گرتووە لەهاوبەش پەیداکردن و شێواندن، ئەوانەن کە خوای گەورە لێیان رازیی بووە.

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرْتَضَىٰ ﴾ **الأنبياء: ٢٨**، واتا: تکا ناکەن تەنها بۆ ئەو کەسە نەبێ(خوا)پازی بێ(تکای بۆ بکرێ).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ يَوْمَئِذٍ لَّا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ وَرَضِيَ لَهُۥ قَوْلًا ﴿١٠٩﴾ ﴾ **طه: ١٠٩**، واتا: ئا لەو رۆژەدا تکا کردن سوودی نیە مەگەر کەسێ خوای میهرەبان ڕێگای بدات و لەو وتەکەشی ڕازی بێ.

خوای گەورە هەواڵی داوە بەوەی، لەو رۆژەدا هیچ تکایەك بوونی نییە سوودی هەبێ، تەنیا دوای رازیبوونی نەبێ لەقسەی ئەو کەسەی تکای بۆ دەکرێت، هەروەها بەمۆڵەتدان بەتکاکار، بەڵام کەسی هاوبەش پەیداکەر، ئەوە خوای گەورە لەخۆی و قسەشی رازیی نییە، ڕێگە بەتکاکاران نادات تکای بۆ بکەن. خوای گەورە ئەوەی بەدوو شتەوە گرێ داوە: رازیبوونی لەو کەسەی تکای بۆ دەکرێت، مۆڵەتدانی بەتکاکار، جا ئەگەر ئەو دوو شتە پێکەوە کۆنەبوویەوە، ئەوە تکاکردنێك بوونی نییە.

نهێنی ئەوە،ئەوەیە هەموو شتێك لەدەست خوای گەورەدایە، هیچ کەسێك هیچ دەسەلاتێکی لەوەدا نییە، بەرزترین و بەڕێزترینی مەخلوقەکان لای خوای گەورە، پەیامبەران و فریشتە نزیکەکانن، ئەوانیش هەر بەندیەکن و بەقسە و هیچ کردارێك پێش خوای گەورە ناکەون، تەنیا بەمۆڵەت و فەرمانی خۆی دەجوڵێنەوە. بەتایبەت لەو رۆژەی کە هیچ بوونەوەرێك هیچ شتێکی بەدەست نییە، بەندە و ملکەچی پەروەردگارن، بۆیە ئەگەر کەسێك ئەوان بکات بەهاوبەش بۆ خوای گەورە بەو گومانەی لای خوای گەورە تکای بۆ دەکەن، ئەوە نەفامترین خەڵکییە بەرانبەر بەماف خوای گەورە، کارێکی کردووە وەك شوبهاندنی خوای گەورەیە بەپادشا و

دەسەلاتداران، كە خەڵكانى دەربار و نزيك بەخۆيان دەكەن بەتكاكار بۆ گەيشتن بەشتێك.

ئا بەو پێوانە خراپە، بتەكان پەرستراون و هاوبەش پەيداكەران تكاكار و دۆستيان لەجياتى خوا وەرگرتووە.

بێگومان جياوازيى نێوانيان، جياوازيى نێوان مەخلوق و خوايە، جياوازيى نێوان گەورە و كۆيلە، دەوڵەمەند و هەژار، ئەوەى كە لەهيچ رووپەكەوە پێويستى بەكەس نييە، ئەو كەسەش كە لەهەموو رووپەكەوە پێويستى بەكەسى تر هەيە.

تكاكارانى لاى مەخلوق، هاوبەشەكانيانن، بەرژەوەندييان بەوانەوە بەندە، پشتيوان و سەرخەريانن، ئەوانەن كە كارى پادشا و گەورەكان بەوانەوە رادەپەڕێت، ئەگەر ئەوان نەبن، دەسەلآت و قسەيان لەنێو خەڵكدا هێزى نەدەبوو، لەبەر ئەوەى پێويستيان بەو هاوبەش و يارمەتيدەرانە هەيە، ئەوە تكاكانيشيان قبوڵ دەكەن ئەگەر لەتكاكاريش رازيى نەبن و مۆڵەتى تكاش نەدەن، چونكە دەترسێن ئەگەر تكاكانيان رەتبكەنەوە، ئەوە ئەوانيش لەبەرانبەريان ياخيى دەبن و رووەكەنە لاى پادشا و دەسەلآتدارانى تر، بۆيە ناچارن بيانەوێ يان نەيانەوێ، تكاكانيان قبوڵ بكەن.

بەڵآم بۆ خوايەك كە دەوڵەمەندو بێ پێويستييەو ئەوەش يەكێكە لەپێويستييەكانى زاتى خۆى و ئەوانى تر هەموو پێويستييان بەوە، هەموو ئەوەى لەئاسمان و زەويدايە بەندەى ئەون و لەژێر فەرمان و دەسەلآتى ئەودان و بەويستى ئەو بەڕێوەدەچن. ئەگەر هەموويانيش لەنێوبدات، بەئەندازەى تۆزقاڵێك لەشكۆ و دەسەلآت و پەروەردگارێتى و خوايەتيى ئەو كەم نابێتەوە.

خواى گەورە دەفەرموێت: ﴿ لَّقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ مَرْيَمَ ۚ قُلْ فَمَن يَمْلِكُ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا إِنْ أَرَادَ أَن يُهْلِكَ ٱلْمَسِيحَ

ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَأُمُّهُۥ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗاۗ وَلِلَّهِ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَاۚ يَخۡلُقُ مَا يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿١٧﴾

المائدة: ١٧، واتا: سوێند بەخوا بەڕاستی بێ باوەڕ بوون ئەوانەی کە وتیان بەڕاستی خوا هەر مەسیحی(عیسا)کوڕی مەریەمە(ئەی موحەممەد(ﷺ))بڵێ ئەوە کێ دەتوانێ ڕێ ی هیچ شتێ بگرێ لەخوا ئەگەر بیەوێ مەسیحی کوڕی مەریەم لەناو بەرێ هەروەها دایکی و هەرچی کەسیش لە زەوی دا هەیە وە هەر بۆ خوایە خاوەن داریێتی ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی وا لە نێوانیاندایە دروست ئەکاو دایئەهێنێ هەرچی بیەوێ وە خوا بەسەر هەموو شتێکدا بە توانایە.

لەئایەتی ئەلکورسی گەورەی(سید)[1] ئایەتی قورئاندا هاتووە:﴿ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ ﴾ البقرة: ٢٥٥، واتا:هی ئەوە هەر چی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەوی دایە ئەو کەسەی لەو ڕۆژەدا بتوانێ تکای لەلا بکات مەگەر بە ڕێ پێدانی خۆی.

هەروەها دەفەرموێت:﴿ قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعٗاۖ لَّهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ ﴾ الزمر: ٤٤،واتا: بڵێ: تکا هەمووی هەر بۆ خوایە مولکی ئاسمانەکان و زەوی هەر بۆ ئەوە.

خوای گەورە هەواڵی داوە، کە دەسەلاتداربوون و مولکدارێتیی ئەو بۆ ئاسمانەکان و زەوی، پێویستی کردووە هەموو تکاکارییەکیش بۆ ئەو بێ، هیچ کەسێ بەبێ مۆڵەتی

---

١ – ئەم وشەیە دراوەتەوە پاڵ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) وەك ئەلحومەیدی(٤٣٧/٢) و ترمیزی(١٥٧/٥) و عەبدولڕەزاق(٣٧٦/٣) گێڕاویانەتەوە لەئەبو هورەیرەوە. لەسەنەدەکەیدا حەکیمی کوڕی جوبەیر هەیە و فەرموودە لاوازە. بەڵام بەوەی گەورەترین ئایەتێکی قورئانە، ئەوە لەچەند ڕێگەیەکەوە گێڕدراوەتەوە، بڕوانە:(الإتمام)(٢١٣١٥).

خۆی، لای ئەو تکا ناکات، مـرۆڤ و بوونـەوەران هاوبەشـی خـوای گـەورە نـین، بـەڵکو بەندەیەکی تەواون، پێچەوانەی ئەوەی خەڵکی دونیا لەیەکتر تکا دەکەن.

بۆیە رووبنوویەوە ئەو تکاکارییەی کە خـوای گـەورە لەقورئانـدا رەتیکردووەتـەوە، ئەو تکاکارییە هاوبەش پەیداکردنەیە کە خەڵکی دەیزانـێ و لەگـەڵ یـەکتردا ئـەنجامی دەدەن، لەبەرئەوە جارێك تەواو رەتیدەکاتەوە بەپشت بەستن بەوەی دیـار و زانـراوە لای خەڵکی، جارێکی تریش سنووردارى دەکات بەوەی لەدوای مۆڵەتی خۆی، تکایـەك هەیە سوود بگەیەنێ.

لەڕاستییدا شەفاعەت لەخوا و بەمۆڵـەتی خـۆی دەبـێ، شـەفاعەت قبـوڵ دەکـات و لەتکا بۆ کراو رازیی دەبێ، بۆ کارێك سـەرکەوتووی کـردووە کـە بەهۆیـەوە شایستە بەشەفاعەت بێ.

ئەوەی لەدونیادا تکاکارێك وەردەگرێت، هاوبـەش پەیداکـەرە، نـە شـەفاعەتەکەی سوودی پێ دەگەیەنێ و نەتکای بۆ دەکرێت، بەڵام ئەوەی تەنیا خوای گەورە بەخوا و تاکە پەرستراوی خۆی وەردەگرێ و خۆشەویستی و ترسی هەر تەنیا بۆ خوایە و تەنیا خۆی لەخوا نزیك دەخاتەوەو بەدوای رازیبوونی خواوەیەو لەتووڕەیی خوا خـۆی دوور دەخاتەوە، ئەوە ئەو کەسـەیە کـە خـوای گـەورە مۆڵـەت بـەتکاکار دەدات تکـای بـۆ لەبارەوە بکات.

خوای گـەورە دەفـەرموویێت: ﴿أَمِ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَ ۚ قُلْ أَوَلَوْ كَانُوا۟ لَا يَمْلِكُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَعْقِلُونَ ﴿٤٣﴾ قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعًا ۖ﴾ الزمـر: ٤٣ - ٤٤، واتا: ئاخۆ جگە لە خوا تکا کارانێکیان بۆ خۆیان داناوە بڵـێ گەرچـی ئەوانـە نـە هـیچ شتێکیان بەدەستە وە نە تێ دەگەن. بڵێ: تکا هەمووی هەر بۆ خوایە.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموویێت:

﴿ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِۚ قُلْ أَتُنَبِّـُٔونَ ٱللَّهَ بِمَا لَا يَعْلَمُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلْأَرْضِۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿١٨﴾ ﴾ **یونس:** ۱۸،

واتا: ئەوانە بێجگە لە خوا شتانێك دەپەرستن کە نەزیانیان پێ دەگەیەنن نەسوود و نەقازانج وە دەڵێن ئەو بتانە تکاکارمانن لای خوا (ئەی موحەمەد (ﷺ)) بەوانە بڵێ ئایا ئێوە هەواڵ دەدن بەخوا بەشتێك کەبێ ئاگایە لێ ی لەئاسمانەکان و زەوی دا خوا پاك و بێگەردو بڵندە لەوەی کەدەکەنە هاوبەشی.

خوای گەورە رووندەکردووەتەوە، ئەوانەی تکاکاریان بۆ خۆیان وەرگرتووە، هاوبەش پەیداکەرن، تکاکاریی بەوەی ئەوان نایەتەدی کە ئەوانیان بەتکاکار وەرگرتووە، بەڵکو بەوە دەبێ کە خوای گەورە خۆی مۆڵەت بەتکاکار بدات و لەتکا بۆ کراویش رازیی بێ.

جا هەرکەسێ خوای گەورە سەرکەوتووی بکات بۆ تێگەیشتن و زانینی ئەو بابەتە، ئەوە حەقیقەتی یەکتاپەرستی و هاوبەش پەیداکردنی بۆ روون دەبێتەوە، هەروەها جیاوازیی نێوان ئەو تکاکارییەی کە خوای گەورە سەلماندوویەتی و ئەوەشی رەتیکردووەتەوەو پووچەڵیکردووەتەوە، بۆی روونەدەبێتەوە. ﴿ وَمَن لَّمْ يَجْعَلِ ٱللَّهُ لَهُۥ نُورًا فَمَا لَهُۥ مِن نُّورٍ ﴿٤٠﴾ ﴾ **النور:** ٤٠، واتا: هەر کەس خوا نووری(ئیمانی) پێ نەبەخشیبێ ئەوەی پووناکی بێت نییەتی.

***

٥) گۆرانی و مۆسیقا

یەکێکی تر لەفێڵ و تەڵەکەبازییەکانی شەیتانی دوژمنی خوا، کە پێیەوە زۆرێک کەسی گیرۆدە کردووە لەوانەی پشکی کەمیان لەزانست و ئایین هەیە و دڵی نەفام و پووچەڵکارانی پێیەوە راو کردووە: بریتییە لەگوێگرتن لەچەپڵە و فیکە و گۆرانی بەئامێرە حەرامکراوەکان کە دڵەکان لەقورئان دوورەخاتەوە، وەهایان لێ دەکات بەدەوری خراپەکاری و تاوانەوە بمێننەوە. دەنگ و ئاوازی شەیتان و پەردەی چڕو تووندە بەڕووی بەندەدا بۆ دوورخستنەوەی لەپەروەردگار و وێردی نێربازِ و داوێنپیسانە، پێیەوە عاشقی خراپەکار دەستی بەدڵبەری خۆی دەگات. شەیتان بەوە، دەروونی پووچەڵکارانی راوکردووە و بەفێڵ و لەخشتەبردنەوە بۆی جوان کردووە، گومانی پووچەڵی بۆ جوانکردنی ئەو ئامێرانەی پێ داوە، ئەویش گومانەکەی قبوڵ کردووە و بەهۆیەوە پشتی لەقورئان کردووە.

ئەگەر لەکاتی گوێگرتندا ئەیانبینی چۆن دەنگەکە کاریگەریی لێکردوون و کڕو کپ دانیشتوون و جولەیان لێ بڕاوە و، تەواوی دڵیان کەوتووەتە لای و وەک سەرخۆش هۆشی بردوون و وەک سەمای ژنان سەمای بۆ دەکەن؟!

حەقیانە وەها بکەن، چونکە سەرخۆشیی ئەو دەنگانە تێکەڵ بەو دەروونانە بووە، خراپتر لەپەرداخی شەراب سەرخۆشی کردوون، ئەوە بۆ غەیری خوا، بەڵکو بۆ شەیتان وەهایان بەسەر هاتووە، لەوێدا دڵ گەلێکی پارچە پارچە بوو، بەرگ گەلێکی دڕاو و سەروەتێکی خەرجکراو بۆ گوێڕایەڵیی غەیری خوا ئەنجام دراوە، هەتا ئەوەی ماددەی سەرخۆشکەر کاری خۆی تیاياندا کردووە، شەیتان لەواندا بەئومێد و هەوڵی خۆی گەیشتووە، بەدەنگ و فێڵی خۆی ئەوانی بەدۆڕان گەیاندووە، وەک گوێدرێژی لێکردوون و سواریان بووەو بەدەور ئاخوڕدا دەیانسووڕێنێتەوە، هەندێجاریش بەوڵاتدا

سەمایان پێ دەکات. خوایە بەزەیی بەبنمێچ و زەویدا بێتەوە لەلێدانی ئەو قاچانە بەزەویدا، ئای چەند خراپ و ناشیرینن ئەوانەی خۆیان دەکەنە هاوشێوەی کەر و ولاخ.

ئای دوژمنانی ئیسلام چەندە بەوانە دڵخۆشن کە خۆیان بەکەسە تایبەتەکانی ئیسلام دادەنێن[1]، ژیانی خۆیانیان بەگۆرانی و خۆشی بەسەر بردووە و ئایینەکەیان کردووەتە گۆرانی و گاڵتەجاڕی.

گوێگرتن لەدەنگ و ئاوازەکانی شەیتانیان بەلاوە خۆشتر و شیرینترە لەگوێگرتن لەقورئان، ئەگەر یەکێکیان گوێ لەقورئان بگرێ لەسەرەتایەوە تاوەکو کۆتایی، دانانیشێ بەبێدەنگی گوێی لێ بگرێ و کڕو کپ بێ، شوێنەوارێکی تیادا بەجێناهێڵێ و تامەزرۆیی بۆ خوای تێدا دروست نابێ، بەڵام کە گوێ لەدەنگەکانی شەیتان دەگرێ، دڵی دێتە جۆش و فرمێسک بەچاویدا دادەبارێ و بۆی دەکەوێتە سەما و چەپڵەو رێزان، تەواوی جەستەی دەکەوێتە جوڵە و هەناسەی سوار دەبێ و گڕ دەگرێت.

ئای ئەی کەسی تووشهاتوو بەفیتنە و فرۆشەری پشکی خوا بەپشکی شەیتان، چی مامەڵەیەکی دۆڕاوانەت ئەنجام داوە، ئاخۆ بۆ لەگوێگرتنت بۆ قورئان ئەو هەست و جۆش و خرۆشییەت بۆ دروست نابێ؟ بۆ لەکاتی گوێگرتن لەقورئانی پیرۆزدا فرمێسک بەچاوتدا نایەتە خوار؟

---

١ – الشيخ محمد حامد الفقي لەسەر ئەمە ئەڵێ:((شێخ و مامۆستا مەبەستی سۆفییەکانە کە ئەڵقەیەک دەبەستن و تیایدا سەما و هەڵبەز و دابەز دەکەن و گۆرانی و مۆسیقا بەکاردەهێنن و هاوار دەکەن و خۆیان دەلەرزێننەوە و پێی دەڵێن زیکر، لەکاتێکدا خراپەکاری و تاوانە ئەوەی ئەوان ئەنجامی دەدەن، یادکردنەوەی شەیتانە، خوای گەورە هیدایەتیان بدات و ئەوان و ئیسلامیش پاک بکاتەوە لەو تاوان و خراپەکاریانە)).

بەڵام ئەوە هەیە، هەموو مرۆڤێك مەیلی بەلای ئەو شتەدا هەیە کە پێی گونجاوە، عەقڵ و سرووشتیش ئەوە دەسەلمێنێ، ئەگەر بەبەهێزترین هۆکارەوە بەشەیتانەوە پەیوەست نەبووایە، ئەوە ئەو برایەتی و هاوەمییەی نێوان ئەو جۆرە مرۆڤانە دروست نەدەبوو!

ئاخۆ ئەو بەرژەوەندییە لەکوێدایە کە پەیوەستەی ئیمانی هەڵوەشاندووەتەوەو ناتەواویی خستووە پەیمان دان بەپەروەردگارەوە: ﴿ أَفَتَتَّخِذُونَهُۥ وَذُرِّيَّتَهُۥٓ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِى وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌۢ ۚ بِئْسَ لِلظَّٰلِمِينَ بَدَلًا ﴿٥٠﴾ ﴾ **الكهف:** ٥٠، واتا: ئایا ئێوە(ئەی ئادەمیزادەکان)ئەوو نەوەی دەکەنە دۆست و پشتیوانی خۆتان لە جیاتی من لە کاتێکدا کە ئەوان دوژمنی ئێوەن ئای چ گۆڕینەوەیەکی خراپە بۆ ستەمکاران.

شاعیر جوانی وتووە:

تُلِي الكتابُ فأطرقُوا لا خِيْفةً ... لكنه إطراقُ ساهٍ لاهِي

وأتَى الغناءُ فكالدِّباب تَراقصُوا ... والله ما رَقصُوا لأجلِ الله

دفٌّ ومزمارٌ ونَغْمةُ شاهِدٍ ... فمتَى رأيتَ عبادةً بملاهِي

ثُقُلَ الكتابُ عليهمُ لمَّا رأوا ... تقييدَه بأوامرٍ ونواهي

سمعوا له رعدا وبرقا إذ حوى ... زجرا وتخويفا بفعل مناهي

ورأوه أعظم قاطع للنفس عن ... شهواتها يا ذبحها المتناهي

وأتى السماع موافقا أغراضها ... فلأجل ذاك غدا عظيم الجاه

أين المساعد للهوى من قاطع ... أسبابه, عند الجهول الساهي

إن لم يكن خمر الجسوم فإنه ... خمر العقول مماثل ومضاهي

فانظر إلى النشوان عند شرابه ... وانظر إلى النسوان عند ملاهي

وانظر إلى تمزيق ذا أثوابه ... من بعد تمزيق الفؤاد اللاهي

واحكم فأي الخمرتين أحق بالت ... حريم والتأثيم عند الله؟

شاعیرێکی تر ئەڵێ:

بَرِئْنَا إِلَى اللَّهِ مِنْ مَعْشَرٍ[بِهِمْ مَرَضٌ مِنْ سَمَاعِ الْغِنَا[
فَكَمْ قُلْت يَا قَوْمُ أَنْتُمْ عَلَى[شَفَا جُرُفٍ مَا بِهِ مِنْ بِنَا[
شَفَا جُرُفٍ تَحْتَهُ هُوَّةٌ[إِلَى دَرَكٍ كَمْ بِهِ مِنْ عَنَا[
وَتَكْرَارُ ذَا النُّصْحِ مِنَّا لَهُمْ[لِنُعْذَرَ فِيهِمْ إِلَى رَبِّنَا[
فَلَمَّا اسْتَهَانُوا بِتَنْبِيهِنَا[رَجَعْنَا إِلَى اللَّهِ فِي أَمْرِنَا[
فَعِشْنَا عَلَى سُنَّةِ الْمُصْطَفَى[وَمَاتُوا عَلَى تِنٍّ تَنَا تِنْ تِنَا[

واتا:لای خوا تەبەڕامان کرد و خۆمان بەدوورگرت لەکۆمەڵێك کە نەخۆشیی گوێگرتن لەگۆرانییان هەیە. ئاخۆ چەندە وتم: ئەی قەوم ئێوە لەسەر لێوارێکی تیاچوون و ئێمە پێویستمان بەوە نییە. لێوارێك دەمانگەیەنێتە دۆزەخ؟ زۆرجار ئەو ئامۆژگارییەیان بۆ دووبارە دەکەینەوە تاوەکو لای پەروەردگارمان عوزر و بیانووی خۆمانمان هەبێ کە ئێمە ئامۆژگاریی ئەوانمان کردووە. بەڵام کە ئەوان گاڵتە و لاقرتێیان بەئامۆژگارییەکانی ئێمە کرد، لەو کارەمان بۆلای پەروەردگارمان گەڕاینەوە. ئێمە لەسەر ڕێبازی پەیامبەری خوا(ﷺ) ژیاین و ئەوانیش لەسەر بەزمی خۆیان مردن.

هەتاوەکو ئێستا پشتیوانانی ئیسلام و پێشەوایانی ئوممەت، لەهەموو شوێنێکدا هاوار دەکەنە ئەو جۆرە کەسانە، لەو ڕێگەیەیان هۆشداریان پێ دەدەن و وریایان دەکەنەوە لەو کارە و شوێن پێ هەڵگرتنی کەسانی ئوممەتانی تر.

ئیمام ئەبو بەکر ئەلتەرتوشی لەپێشەکی کتێبەکەیدا(تحريم السَّماع)ئەڵێ:

سوپاس و ستایش تەنیا بۆ خوای گەورە، سەرەنجامی چاك و گەورە بۆ لەخواترساوان و سەرشۆڕی و دۆڕان تەنیا بۆ ستەمکاران، داوا لەخوای گەورە دەکەین حەق و ڕاستییمان پیشان بدات و دوای بکەوین، باتڵیشمان پیشان بدات و دووری لێ

بگـرین. لـەڕابردوودا ئەگـەر کەسـێ تووشـی تـاوانێ ببووایە،بەشـاراوەیی تاوانەکـەی ئەنجام دەدا،پاشان پەشیمان دەبوویەوەو داوای لێخۆشبوونی لەخوای گەورە ئـەکرد، پاشان نەفامیی زۆر بوویەوەو زانستیش کـەم بوویـەوە، کارەکـە پێچـەوانە بوویـەوە، هەتا ئەوەی لەخەڵکییدا هەیە بەئاشکرا تاوان دەکات و حاڵەتەکە زۆرتـر بـەرەو دواوە دەڕوات، پێمـان گەیشـتووە کـە لـەبرایانی موسـڵمانمان هەیـە(خوای گـەورە ئـەوان و ئێمـەش ڕێنمـایی بکـات) شـەیتان لەخشـتەی بـردوون و عـەقڵی پـێ لەدەسـت داون بەگۆرانی و مۆسیقا و دەنگی تەپڵ و کوتان، وەهای تێگـەیانوون ئـەو کـارە بەشـێکە لەئایین و لەخوایان نزیك دەخاتەوە، کۆمەڵێکی موسڵمانان ئەو کارە ئاشـکرا دەکـەن، بەڵام ڕێگەی موسڵمانان سەخت و گران بووەتەوە و پێچەوانەی شەرعناسان و زانایـان و هـەڵگرانی ئایینـە: ﴿ وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ١١٥ ﴾ **النساء: ١١٥، واتا:** هەر کەسێك دژایەتی پێغەمبەر(ﷺ) بکات پاش ئەوەی کـە ڕێبـازی ڕاسـتی بـۆ ڕوون بوویەوەو شوێنی ڕێگایەکی تر بکەوێ بێجگە لە ڕێگەی بڕواداران ڕووی وەردەگێڕین بۆ ئەو ڕێبازەی کە هەڵی بژاردووە و دەیخەینە دۆزەخ ئای چ پاشە ڕۆژێکی خراپە.

بۆیـە بەباشـم بینـی، حـەق ڕوونبکەمـەوە و گومـانی پووچـەڵکاران هـەڵبماڵم بـەو بەڵگانـەی لـەقورئانی خـواو فـەرمووەکانی پەیامبـەری خـوادا هەیە(صـلی الله علیـه وسلم)، سەرەتا قسەی ئەو زانایانەش بهێنمەوە کە لەوپـەڕی زەوی و نزیکـدا فـەتوای ئەوان کاری پێ دەکرێت، هەتا ئەو کۆمەڵە تێبگەن و بزانن کە بەو بیدعـە و کارەیـان، پێچـەوانەی زانایـانی موسـڵمانانیان کـردووە، خـوای گـەورە خـۆی سـەرخەر و یارمەتیدەرە.

پاشان ئەڵێ: هەرچی ئیمام مالیکە، ئەوە نەهیکردووە لەوتنی گۆرانی و گوێگرتنی و ئەڵێ:((ئەگەر کەسێ جاریەیەکی کڕی و بینی گۆرانیبێژە، ئەو کەسە دەتوانێ وەک عەیب و ناتەواوییەک بیگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی)).

پرسیار لەمالیک کرا(خوای لێ رازیی بێ) بەچی کەسێکی خەڵکی مەدینە مۆڵەتی گۆرانی دەدرێت؟ وتی:((لای ئێمە، خراپەکاران(فاسیقەکان) ئەنجامی دەدەن))[1].

ئەڵێ: هەرچی ئەبو حەنیفەیە، ئەوە رقی لەگۆرانیی بووەتەوەو بەتاوان داینناوە[2].

هەروەها مەزهەبی خەڵکی کوفەش: سوفیان و حەمماد و ئیبراهیم و شەعبی و ئەوانی تریش کە جیاوازییان تیادا نییە لەو بارەیەوە، لەنێو خەڵکی بەسرەشدا هیچ جیاوازییەک لەو بارەیەوە نابینرێت.

منیش ئەڵێم: مەزهەبی ئەبو حەنیفە لەتەواوی مەزهەبەکانی تر تووندترە لەو بارەیەوە، هاوەڵ و شوێنکەوتەکانی، گوێگرتن لەتەواوی ئامێرەکانی گۆرانی بەحەرام دەزانن، وەک دەف و شمشاڵ و تەپڵ و لێدان لەهەر شتێک دەنگ دەربکات، وتوویانە تاوانە و فاسیقیی دەهێنێ و شایەتی پێ وەرناگیرێت. تووندتر لەوە وتوویانە: گوێگرتن لەگۆرانی و ئەو دەنگانە فاسیقییە، چێژبینین پێی بێباوەڕییە. ئەوە قسەی ئەوانە، لەوەدا فەرموودەیەکیان هێناوەتەوە بەرزکردنەوە(رفعە)ی سەحیح نییە[3].

---

١ –بڕوانە:(علل أحمد)(٢٣٨/١) و (الأمر بالمعروف)(١٦٥)ی الخلاّل،و(المنتقى النفيس)(ص٣٠٠) و (الكافي)(٢٠٥/٢)ی ابن عبد البر،و(شرح مختصر خليل)(١٥٣/٦)ی الحطّاب.

٢ – (المنتقى النفيس)(ص٣٠٠) و (الدر المختار)(٣٥٤/٢) و (روح المعاني)(٦٨/٢١)ی ئالوسی و (شرح كنز الحقائق)(١٢٠/٤)ی ئەلزەیلەعی.

٣ – فەرموودەکە ئەمەیە:((استماع الملاهي معصيةٌ، والجلوسُ عليها فسْقٌ، والتلذُّذُ بها كُفرٌ))، واتا: گوێگرتن لەگۆرانی و ئامێرەکانی تاوانە ، دانیشتن بۆی فاسیقییە، چێژبینین پێی بێباوەڕییە. زیاتر لەکەسێک گێڕاویانەتەوە، نمونەی دانەری کتێبی(الفتاوى البزازية)(٦/ ٢٥٩) و کەسانی تریش. الزبيدی لە(إتحاف السادة المتقين)(٤٢٧/٦) هێناوێتییەوە لە(العراقي)ەوە، داوێتییە پاڵ أبي الشيخ

وتوویانه: ئەبێ لەتێپەڕین بەلای گۆرانی و مۆسیقادا،یان گەر لەپاڵیدابوو، کەسەکە هەوڵبدات هیچ نەبیستێ.

ئەبو یوسف لەبارەی ماڵێکەوە کە دەنگی گۆرانی و مۆسیقای تێدا دەهات وتی:((بچۆرە سەریان بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت، چونکە نەهیکردن لەخراپە فەرزە، ئەگەر بەبێ مۆڵەت چوونە ژوورەوە جائیز نەبێ، خەڵکیی ناهێڵن فەرز جێبەجێ بکرێت)).

وتوویانه: ئەگەر دەنگی گۆرانی و مۆسیقا لەماڵی کەسێك بیسترا، پێشەوا دەچێ ئاگاداری بکاتەوە، ئەگەر وازی نەهێنا بەند دەکرێ یان قامچی لێ دەدرێت، ئەگەر بیەوێ دەتوانێ لەماڵی خۆیدا بێزاری دەکات.

هەرچی شافیعییە، ئەوە لەکتێبی(أدب القضاء)[1] ئەڵێ:((گۆرانی لەهوێکی مەکروهە، لێکچووی باتڵ و مەحاڵە، هەرکەسێ زۆری لەسەر رۆیشت، کەسێکی گێل و گەمژەیە و شایەتیی رەتدەکرێتەوە.

شوێنەکەوتەکانی کە شارەزان بەمەزهەبەکەی، راشکاوانە وتوویانە گۆرانی و مۆسیقا حەرامە، قسەی ئەوانە رەتدەکەنەوە کە حەلاڵبوونی دەدەنەوە پاڵ شافیعی، نمونەی القاضي أبي الطَّيِّب الطبري، و الشيخ أبو إسحاق و ابن الصَّبَّاغ.

لەفەرمودەکەی مەکحول بەمورسەلی، کەسێکی لاوازە. ئەبو یەعقوب ئەلنیسابوری لە(المناهي وعقوبات المعاصي)(ق٢٢٣/ أ) گێڕاویەتییەوە لەڕێگەی بەقییەوە ئەویش لەڕێگەی عەبدولڕەحمانی کوڕی عبداللەوە ئەویش لەمەکحولەوە بەمورسەلی! لەسەر ئیرسالبوونەکەی لاوازە. براماں عبدالله بن یوسف لە(أحاديث ذم الغناء)(ص١٣٩) لەسەری نەوەستاوەو هەڵوێستەی نەکردووە.

١ – بڕوانە(الأم)(٦/٢١٤)ی ئیمام شافیعی. بڕوانە(الزواجر)(٢/٢٧٨)ی الهيتمي، و (سنن البيهقي)(١٠/٢٢٣) و (نزهة الاسماع)(ص٧١)ی ابن رجب.

شێخ ئەبو ئیسحاق لە(التَّنبیه)دا ئەڵێ: بەکرێدان بۆ شتی حەرام جائیز نییە، وەك گۆرانی و ئامێری مۆسیقا و هەڵگرتنی عەرەق، لەو بارەیەوە هیچ جیاوازی و ناکۆکییەك باس نەکراوە.

لە(المهذَّب)دا ئەڵێ: کرێ لەسەر شتە حەرامکراوەکان جائیز نییە، چونکە حەرامن، نابێ لەبری شت وەربگیردرێت، نمونەی خۆین و شتی مردارەوە بوو.

قسەی ئەو زانایە چەند شتێك لەخۆ دەگرێت:

یەکەم: سوود و پارەی وتنی گۆرانی، سوودێکی حەرامە.

دووەم: کارکردن و بەکرێدانی ئامێرەکان باتڵە.

سێیەم: خواردن و وەرگرتنی پارەیەك بەگۆرانی، خواردنی سەروەتێکە بەناڕەوایی، نمونەی کەسێکە پارەی فرۆشتنی مردارەو بوو و خوێن بخوات.

چوارەم: جائیز نییە هیچ کەسێك لەسەروەت و سامانی خۆی بداتە گۆرانیبێژ، ئەوەی لەسەر حەرامە، چونکە لەبەرانبەر حەرامدا لەپارەی خۆی بەخشیووە، وەك ئەوەیە پارەی لەبری خوێن و مردارەوەبوو دابێ.

پێنجەم:شمشاڵ حەرامە. بچووکترین ئامێرێکی مۆسیقایە، ئەگەر بچووکترین ئامێرێك حەرام بێ، ئەی حوکمی گەورەترینیان چییە لەنمونەی دووزەلە و تەپڵ!

کەسێك کە بۆنی زانستی کردبێ، نابێ لەسەر حەرامکردنی گۆرانی و مۆسیقا هەڵوێستە بکات و دوودڵ بێ، چونکە کەمترین شتێك لەو کارەدا هەبێ، ئەوەیە دروشمی خراپەکاران و عەرەقخۆرانە[1].

---

١ – نزیك بەم بابەتە، بابەتی تەسبیحە کە بۆ زیکر کردن دادەنرێت، سەرباری ئەوەی ئەو فەرموودانەی تایبەت بەوە هاتوون، کۆمەڵێ فەرمودەی لاوازن و دروست پێشین رەتیانکردووەتەوە، کەچی هەندێ زانستخواز دەبینین بەکاریدەهێنن و لەدەستیاندا نیشانی خەڵکی دەدەن! و ئەڵێن: بۆچوونمان جیاوازە!

ئیمامی نەوەویش لە(روضة)ەکەیدا وەها ئەڵێ[1]:

بەشی دووەم: بەهەندێ ئامێری گۆرانی گۆرانیی بچڕێت، بەوەی دروشمی عەرەقخۆرانە، وەک تەپڵ و عود و سەنج و تەواوی ئامێرەکان، بەکارهینانیان و گوێگرتن لییانیش حەرامە.

ئەڵێ: لەبارەی دووزەلە(یراع) دوو بۆچوون هەیە، بەغەوی حەرامکردنی دروست خستووەتەوە.

پاشان لەغەزالییەوە[2] باسی جائیزبوونی کردووە.

ئەڵێ: دروست، یراع حەرامە،زۆرنایە.

ئەبو ئەلقاسم ئەلدەولەعی[3] کتێبێکی داناوە لەبارەی حەرامێتی زورناوە.

ئەبو عەمر ئیبن سەلاح گێڕاویەتییەوە کە کۆدەنگیی هەیە لەسەر حەرامێتی گوێگرتن،کە دەف و زورنا و گۆرانی پێکەوە کۆکرانەوە، لەفەتاواکەیدا ئەڵێ[4]:((سەبارەت بەحەلاڵکردنی ئەو گوێگرتنە، دەبێ بزانرێت کە دەف و زورناو گۆرانی ئەگەر کۆکرانەوە، گوێگرتن لێیان حەرامە بەلای پێشەوایانی مەزهەبەکان و

بەڵێ گونجاوە بۆ کەسێ ئەهلی خیلاف بێ، ئەگەر لێرەدا بڕوانێتە قسەی دانەر و بیربکاتەوە لەبابەتی دروشمەکاندا،بیری دەکەوێتەوە کە تەسبیح هەڵگرتن بۆ زیکر دروشمی سۆفییەکان و بیدعەچییان و گومڕایانە، ئەوە پشت بەخوا خێرا دەکات بۆ دەستهەڵگرتن لەو کارە و خەڵکییشی لێ دوورەدەخاتەوە. بۆ زیاتر شارەزابوون لەو بارەیەوە، بڕوانرێتە کتێبەکەم(إحكام المباني في نقض وصول التهاني) نشر مكتبة المعارف– الرياض.

١ –(روضة الطالبين)، بڕوانە(٢٢٨/١١)ی ئەو سەرچاوەیە.

٢ – بڕوانە:(إحياء علوم الدين)ی غەزالی(٢٢٧/٢).

٣ – (ضياء الدين)ە، عەبدولمەلیکی کوڕی زەیدی ئەلتەغەلوبی، کۆچکردووی(٥٩٨)ی کۆچی، سەربووردەی هەیە لە(طبقات السبكي)(١٨٧/٧) و (تاريخ ابن كثير)(٣٣/١٣) و بەم نزیکانە کتێبەکەی چاپ کرا.

٤ – (٤٩٨/٢).

زانایانی تری موسڵمانان. نەسەلماوە لەهیچ زانایەك لەوانەی لەکۆڕایی و جیاوازییدا پشت بەقسەیان دەبەستێت، ئەو گوێگرتنەی بەحەڵاڵ زانیبێ.

ئەو جیاوازییەی لەهەندێ شوێنکەوتەی شافیعییەوە گوازراوەتەوە، جیاوازییە لەبارەی لێدانی تەنیا لەزۆرنا و لێدانی دەف بەتەنیا، جا ئەگەر کەسێك بیر نەکاتەوە یان بەئەنجام نەگەیشتبێ، رەنگە وەها تێبگات لای شافیعییەکان جیاوازی و ناکۆکییەك هەیە لەگوێگرتن لەکۆی ئەو ئامێرانە کە پێکەوە لەیەك کاتدا بەکاربهێنرێن، بێگومان ئەوە وەهم و لێتێکچوونێکی ئاشکرایە بۆ ئەو کەسەی بەو قەناعەتە گەیشتووە، لەکاتێکدا بەڵگەی شەرع و عەقڵ پێچەوانەی ئەو قەناعەتەی ئەون.

لەگەڵ ئەوەشدا هەموو خیلاف و ناکۆکییەك پشتی پێ نابەستێت، هەرکەسێ دوای شتێك بکەوێ کە پێچەوانەی زانایان بێ و لەنێو قسەکانیاندا بەدوای روخسەت و مۆڵەتەوە بگەڕێ، ئەوە زەندیقیی کردووە یان نزیك بەوە بووەتەوە[1].

ئەڵێ: قسەی ئەوان لەبارەی گوێگرتنی باسکراوەوە: کە یەکێکە لەو کارانەی بەهۆیەوە لەخوا نزیك دەبنەوەو خواپەرستییە، قسەیەکی پێچەوانەی کۆدەنگیی موسڵمانانە، هەرکەسێکیش پێچەوانەی کۆدەنگیی ئەوان بێ، ئەکەوێتە نێو ئەو هەڕەشەیەی لەم ئایەتەدا هاتووە: ﴿وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ١١٥﴾ **النساء:** ١١٥، واتا: هەر کەسێك دژایەتی پێغەمبەر(ﷺ) بکات پاش ئەوەی کە ڕێبازی ڕاستی بۆ ڕوون بووبەوەو شوێنی ڕێگایەکی تر بکەوێ بێجگە لە ڕێگەی بڕوادارانی ڕووی

---

١ – سوڵەیمانی تەمیمی ئەڵێ:((ئەگەر روخسەتی هەموو زانایەك یان خزان و هەڵەی هەر زانایەك وەربگری، ئەوە هەموو خراپەیەکت تیادا کۆبووەتەوە))، الخلاّل گێڕاویەتییەوە لە(الأمر بالمعروف)(١٦٨ و ١٦٩).

وەردەگێڕین بۆ ئەو ڕێبازەی کە هەڵی بژاردووە و دەیخەینە دۆزەخ ئای چ پاشە ڕۆژێکی خراپە.

درێژەی بەقسە داوە لەسەر ئەو دوو تایەفەیەی کە بەڵاو نەهامەتیین: ئەوانیش ئەوانەن: ئەوانەی حەرامەکانی خوا حەڵاڵ دەکەن، ئەوانەن هەوڵی خۆ نزیکخستنەوە دەدەن لەخوای گەورە بەو شتانەی لەخوایان دوورەخاتەوە.

شافیعی و هاوەڵ و شوێنکەوتە کۆنەکانی و ئەوانەی شارەزان بەمەزهەبەکەی، تووندترینی خەڵکیین لەو بارەیەوە.

لەشافیعییەوە بەدەماودەم(متواتر) هاتووە وتوویەتی:((لەبەغدا شتێکی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە کە زەندیقەکان دایانهێناوە، ناویان لێناوە(التَّغْبیر) و بەهۆیەوە خەڵکیی لەقورئان دوورەخەنەوە))[1].

ئەگەر ئەوە قسەی ئەو بێ لەبارەی(التَّغْبیر) و هۆکارەکەی ئەوە بێ خەڵکیی لەقورئان دوورەخاتەوە، لەکاتێکدا شیعرێك بووە دونیا نەویستیی تێدا بووەو گۆرانییبێژێك بەگۆرانییەوە وتوویەتی و بەپێی ئاوازەکەی هەندێ کەس بەچڵ و قامیشێك داویانە لەپێست و چەرمێ، ئاخۆ لەسەر ئەو شتانە چی بڵێ کە (التَّغْبیر) لەبەرانبەریدا وەك دڵۆپێکە لەدەریایەك[2] و هەموو خراپییەکی تێدایە و کۆی هەموو حەرامکراوەکانە.

سوفیانی کوڕی عویەینە ئەڵێ:((لەکۆندا ئەوترا: وریابن لەفیتنەی زانای خراپەکار و بەندەی نەفام، چونکە فیتنەی ئەوان فیتنەیە بۆ هەموو لەخشتەبراوێك)).

---

١ – بڕوانە:(جزء اتباع السنن واجتناب البدع)ی الضیاء المقدسي و قسەی من لەسەر ئەو کتێبە.

٢ – ئەی چی دەڵێن لەبارەی سردووەکانی گەنجانی سەردەم کە پێی دەڵێن سروودی ئیسلامی و دەف لەگەڵدایە و هەندێجاریش تەپڵ؟! فلا قوة إلا بالله. لەکتێبەکەمدا(الجواب السدید لمن سأل عن حکم الدفوف والأناشید) بەدوورودرێژی باس لەوە هاتووە.

ئەگەر هەرکەسێك لەو خراپییەی نێو ئوممەت بڕوانێ و بیربکاتەوە، دەبینێ لەو دوو چینە بەفیتنە تووشهاتووانەدایە.

هەرچی مەزهەبی ئیمام ئەحمەدە[1]، ئەوە عبداللەی کوڕی ئیمام ئەحمەد ئەڵێ:((لەبارەی گۆرانییەوە پرسیارم لەباوکم کرد؟ ئەویش وتی: گۆرانی، دووڕوویی لەدڵدا دروست دەکات، پێی سەرسام نییم)).

پاشان قسەی مالیك دەهێنێتەوە:((تەنیا خراپەکاران(فاسیقەکان) ئەنجامی دەدەن)).

عبدالله ئەڵێ:((گوێم لێبوو باوکم ئەیووت: گوێم لەیەحیای کوڕی ئەلقەتتان بوو ئەیووت: گەر کەسێك بەهەموو روخسەت و مۆڵەتێك کاری کرد، بەبۆچوونی خەڵکی کوفە لەبارەی(النبیذ) و خەڵکی مەدینە لەبارەی گوێگرتن و لەخەڵکی مەکە لەبارەی موتعەوە، ئەوە کەسێکی فاسیقە))[2].

- **گوێگرتنی گۆرانی لەئافرەت یان لووسکە:**

گوێگرتن لەگۆرانیی ئافرەتی بێگانە یان لووسکە لەگەورەترین حەرامەکان و خراپترین خراپییەکە بۆ ئایین[3].

شافیعی(بەڕەحمەت بێ) ئەڵێ:((خاوەن جاریە ئەگەر خەڵکیی کۆکردەوە بۆ گوێگرتن لەگۆرانیی جاریەکەی، ئەوە کەسێکی سووکە و شایەتیدانی ڕەتدەکرێتەوە)).

---

١ – بڕوانە:(علل أحمد)(٢٣٨/١) و (المنتقى النفيس)(ص٢٩٧) و (مسائل عبد الله)(٤٤٩) و (الاستقامة)(٣٨٥/١)ی شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە.

٢ – الخلاّل گێڕاویەتییەوە لە(الأمر بالمعروف)(١٧).

٣ – بڕوانە:(إتحاف السادة المتقين)(٥٠١/٦)ی الزَّبيدي و (فصل الخطاب)(١٦٣)ی الشيخ التويجري.

تووندترین قسەیەك لەو بارەیەوە ئەوەیە: ئەڵێ:((ئەوە گەوادیە، هەرکەسێ ئەو کارە بکات گەوادە)).

القاضي أبو الطيب ئەڵێ:ئەو کەسەی بەسووك و پووچ داناوە، چونکە خەڵکیی بانگەواز کردووە بۆ باتڵ، هەرکەسێکیش خەڵکیی بانگ بکات بۆ باتڵ، سووك و خراپەکارە.

ئەڵێ:((عود و تەپڵ و تەواوی ئامێرەکانی گۆرانی حەرامن، گوێگریان فاسیقە، شوێنکەوتنی کۆمەڵ باشترە لەشوێنکەوتنی دوو پیاوی تانە لێدراو)).

منیش ئەڵێك: مەبەستی ئیبراهیمی کوڕی سەعد و عوبەیدوواللەی کوڕی ئەلحەسەنە، چونکە وتوویانە: لەگۆرانییدا تەنیا دوو کەس جیاواز بوونە، ئەوانیش: ئیبراهیمی کوڕی سەعد،کە ئەلساجی[1] لەبارەیەوە گێڕاویەتییەوە کە بەکێشەی نەبینیووە، دووەمیش عوبەیدوواللەی کوڕی ئەلحەسەنە، قازیی بەسرە، لەوەدا تانەی لێ دراوە)).

ئەبو بەکر ئەلتەرتوشی ئەڵێ:((ئەو کۆمەڵەیە پێچەوانەی کۆمەڵی موسڵمانانن، چونکە گۆرانییان بەئایین و خواپەرستیی وەرگرتووە، بەئاساییان بینیووە لەمزگەوتیشدا ئەوە ئەنجام بدرێت، لەئوممەتدا نەبووە کەسێك بۆچوونی ئەوانەی هەبێ.

ئیقرارکردنی ئەو تایەفە لەوەدا تاوانێکە(فسق) و تانە دەدات لە لەباریی و عەدالەتیان.

چەندە جوانە شیعری ئەو زانایەی لەبارەی ئەو کردارانەیان وتوویەتی[2]:

---

١ – لە(اختلاف العلماء)، هەروەك لە(نزهة الأسماع)(ص٦٩).

٢ – شیعری ئەبو ئیسحاقە، ئیبراهیمی کوڕی نەسری ئەلموسلێ، کۆچکردووی ساڵی(٦١٠)ی کۆچی، لەنێو سەربووردەیدا ئەو شیعرەی باسکراوە لەلایەن: ابن كثير لە(البداية والنهاية)(٦٦/١٣).

أَلا قُلْ لَهُمْ قَوْلَ عَبْدٍ نَصُوحٍ وَحَقُّ النَّصِيحَةِ أَنْ تُسْتَمَعْ
مَتَى عَلِمَ النَاسُ فِى دِينِنَا بِأَنَّ الغِنَا سُنَّةٌ تُتَّبَعْ
وأَنْ يأكلَ المَرْءُ أَكْلَ الحِمارِ وَيَرْقُصَ فِى الجَمْعِ حَتَّى يقَعْ
وقَالُوا: سَكِرْنَا بِحُبِّ الإِلهِ وَمَا أَسْكَرَ القَوْمَ إلا القِصَعْ
كَذَاكَ البَهَائِمِ إِنْ أُشْبِعَت يُرَقِّصُهَا رِيُّهَا والشِّبَعْ
وَيَسْكَرُهُ النَّاىُ، ثُمَّ الغِنَا ويس لَوْ تُلِيَتْ ما انْصَدَعْ
فيَا لَلْعقُولِ، وَيَا لِلنُّهَى أَلا مُنْكِرٌ مِنْكُم لِلبِدَعْ
تُهَانُ مَسَاجِدُنَا بَالسَّماعِ وَتُكْرَمُ عَنْ مِثْلِ ذَاكَ البِيَعْ

واتا: گوێی لێ بگیردرێت. ئەوە لەکەیەوە خەڵکیی زانیویانە گۆرانیی بووەتە بەشێك لەسوونەتی ئیسلام؟ گۆشتی گوێدرێژ بخۆن و لەنێو گردبوونەوەدا سەما بکەن و خۆیان بگەوزێنن، کەچی ئەڵێن: ئێمە وا لەخۆشەوشەویستییمان بۆ خوای گەورە سەرخۆش بووینە، لەکاتێکدا سووکی و نەفامیی ئەوانی بەو حاڵە گەیاندووە نەك خواویستی. ئاژەڵانیش کە تێر بوون دەست دەدەنە هەڵبەز و دابەز و خۆگەوزاندن، ئاخۆ عەقڵێك نییە رێگری ئەو کارەیان لێ بکات و بەهۆشیان بهێنێتەوە؟

مزگەوتەکان بەگۆرانیی ئیهانەیان پێ دەکرێت، کەچی شوێنی کڕین و فرۆشتن لەنمونەی ئەو بەزمە بەدوور دەگیردرێت و ئەو بێ رێزییەی بەرانبەر ناکرێت.

یەکێکی تریش جوان وتوویەتی[1]:

---

١ – الشيخ محمد حامد الفقى ئەڵێ:((گومانم لەوەدا نییە کە پێشەوای لێکۆڵەری خواپەرست و راستگۆ ئیبن ئەلقەیمی دانەری ئەم کتێبە خاوەن ئەو شیعرەیە، ئەوە هەناسەی ئەوە لەو شیعرەدا و شکاتی ئەوە لەخەڵکانی سەردەمی خۆی، خوای گەورە بەزەیی پێدا بێتەوەو باشترین پاداشتی بداتەوە)).

ذَهَبَ الرِّجَالُ وحال دُونَ مجَالِهِمْ زُمَرٌ مِنَ الأوْبَاشِ وَالأنْذَالِ
ذَهَبَ الرِّجَالُ وحال دُونَ مجَالهمْ زُمَرٌ مِنَ الأوْبَاشِ وَالأنْذَالِ
زَعَمُوا بِأنَّهُمُ عَلَى آثَارِهِمْ سَارُوا ولكِنْ سِيَرَةَ البَطَّالِ
قَطَعُوا طَرِيقَ السَّالِكِينَ وَغَوَّرُوا سُبُلَ الْهُدَى بجَهَالَةٍ وَضَلالِ
عَمَرُوا ظَوَاهِرَهُمْ بِأثْوَابِ التُّقَى وَحَشَوْا بَوَاطِنَهُمْ مِنَ الأدْغَالِ
إنْ قُلْتَ قَالَ اللهُ قَالَ رَسُولُهُ هَمزُوكَ هَمْزَ المُنْكِرِ المُتَعَالِي
أوْ قُلْتَ قَدْ قَالَ الصَّحَابَةُ والأُلى تَبِعُوهُمُ في القَوْلِ وَالأعْمَالِ
أوْ قُلْتَ قَالَ الآلُ آلُ المُصْطَفى صَلَّى عَلَيهِ اللهُ أفْضَلُ آلِ
أوْ قُلْتَ قَالَ الشَّافِعِيُّ وأحْمَدٌ وأبو حَنِيفَةَ وَالإمَامُ العَالِي
أوْ قُلْتَ قَالَ صِحَابُهُمْ مِنْ بَعْدِهِمْ فَالكُلُّ عِنْدَهُمُ كَشِبْهِ خَيَالِ
وَيَقُولُ قَلْبِي قَالَ لِي عَنْ سِرِّهِ عَنْ سِرِّ سِرِّي عَنْ صَفَا أحْوَالِي
عَنْ حَضْرَتِي عَنْ فِكْرَتِي عَنْ خَلْوَتِي عَنْ شَاهِدِي عَنْ وَارِدِي عَنْ حَالِي
عَنْ صَفْوِ وَقْتِي عَنْ حَقِيقَةِ مَشْهدِي عَنْ سِرِّ ذاتِي عَنْ صِفَاتِ فِعَالِي
دَعْوَى إذَا حَقَّقْتَهَا ألْفَيْتَهَا ألْقَابَ زُورٍ لُفِّقَتْ بِمُحَالِ
تَرَكُوا الحَقَائِقَ وَالشَّرَائِعَ وَاقْتَدَوْا بِظَوَاهِرِ الجُهَّالِ وَالضُّلالِ
جَعَلُوا المِرا فَتْحًا وألْفَاظَ الخطا شَطْحًا وَصَالُوا صَوْلَةَ الإذلال
نَبَذُوا كِتَابَ اللهِ خَلْفَ ظُهُورِهِمْ نَبْذَ المُسَافِرِ فَضْلَةَ الأكَّالِ
جَعَلُوا السَّمَاعَ مَطِيَّةً لهَوَاهُمُ وغَلَوْا فَقَالُوا فيهِ كُلُّ مُحَالِ
هُوَ طَاعَةٌ هُوَ قُرْبَةٌ هُوَ سُنَّةٌ صَدَقُوا لِذَاكَ الشَّيْخِ ذِي الإضلالِ
شَيْخٌ قَدِيمٌ صَادَهُمْ بِتَحَيُّلٍ حَتَّى أجَابُوا دَعوةَ المُحْتَالِ
هَجَرُوا لَهُ القُرْآنَ وَالأخْبَارَ وَالْـ آثَارَ إذ شَهِدَتْ لهمْ بِضَلالِ
وَرَأوْا سَمَاعَ الشِّعْرِ أنْفَعَ للفَتَى مِنْ أوْجُهٍ سَبْعٍ لهُمْ بِتَوالِي

تَـاللهِ مَـا ظَفِـرَ العَـدُوُّ بِمِثْلِهَـا ... مِـنْ مِثْلِـهِمْ وَاخَيْبَـةَ الآمَـالِ

نَصَبَ الحِبَال لهُـمْ فَلَـمْ يَقَعُوا بِهَا ... فأتى بِذَا الشّرَكِ المُحِيطِ العالِي

فإذا بِهِمْ وَسَطَ العَرِينِ مُمَزَّقِي الْـ ... أثْـوابِ والأدْيَـانِ والأحْـوَالِ

لا يَسْـمَعُونَ سِوَى الـذي يهوَونـهُ ... شُـغْلاً بِـهِ عـنْ سائرِ الأشْـغَالِ

ودُعُـوا إلى ذاتِ الْـيَمين فأعْرَضـوا ... عَنْهَـا وسَـارَ القَـوْمُ ذاتَ شِـمَالِ

خَـرُّوا عَلـى القُـرْآنِ عِنْـدَ سماعـه ... صُـمًّا وعُميَانًـا ذَوِي إهمَـالِ

وإذَا تـلاَ القَـارِي عَلَـيْهِمْ سُـورَةً ... فأطَالهَـا عَـدُوُّهُ فِي الأثْقَـالِ

وَيَقُـولُ قَـائِلُهُمْ أطَلْـتَ، ولَـيسَ ذَا ... عَشْـرًا، فَخَفِّـفْ أنْـتَ ذُو إمـلالِ

هـذَا وكَـمْ لَغْـوٍ وكـم صَـخَبٍ وكَـمْ ... ضَـحِكٍ بِـلاَ أدَبٍ وَلا إجْمَـالِ

حَتَّـى إذَا قَـامَ السَّـمَاعُ لَـدَيْهِمُ ... خَشَعَتْ لهُ الأصْـواتُ بـالإجْلالِ

وَامْتَدَّتِ الأعْنَـاقُ تَسْـمعُ وَحْـيَ ذَا ... كَ الشّـيخِ مِـنْ مُتَـرَنِّمٍ قَـوَّالِ

وَتحَرَّكَـتْ تِلْـكَ الـرُّؤوسُ وهَزَّهَـا ... طَـرَبٌ وأشْـوَاقٌ لِنيـلِ وِصَـالِ

فَهُنَالِـكَ الأشْـوَاقُ وَالأشْـجَانُ والْـ ... أحـوَالُ لا أهـلاً بِـذِي الأحـوَالِ

تَـاللهِ لـو كـانوا صُـحاةً أبْصَـرُوا ... مَـاذا دَهَـاهُمْ مِـنْ قَبِـيحِ فِعَـالِ

لَكِنَّمَـا سُـكْرُ السَّـمَاعِ أشَـدُّ مِـنْ ... سُـكرِ المُـدامِ وذَا بِلَـا إشْـكَالِ

فـإذا هُمَـا اجتمعَـا لِـنَفْسٍ مَـرَّةً ... نَالَتْ مِـنَ الخُسْـرَانِ كُـلَّ مَنَـالِ

يَـا أُمَّـةً لَعِبـتْ بِـدِينِ نَبِيِّهَـا ... كَتَلاعُـبِ الصِّبْيَانِ فِي الأوْحَـالِ

أشْـمتُّمُ أهْـلَ الكتـابِ بـدينكمْ ... والله لـن يَرضَـوا بـذي الأفعـالِ

كَـم ذا نُعَيِّـر مِـنهمُ بفـريقكم ... سِـرًّا وجهـرًا عنـدَ كـل جـدالِ

قـالوا لنـا ديـنٌ عبـادةُ أهلـه ... هذا السَّماع، فذاك دينُ محالِ

بـل لا تجـيءُ شـريعةٌ بجـوازِه ... فسَلُوا الشَّرائع تَكْتفُوا بسؤالِ

لـو قُلـتمُ فِسـقٌ ومعصـيةٌ وتـزْ ... يـنٌ مِـن الشـيطان للأنـذالِ

ليصُدَّ عـن وحـي الإلـهِ ودينـهِ ... وينـالَ فيـهِ حيلـةَ المحتـالِ
كُنَّـا شـهدنا أنَّ ذا دِيـنٌ أتَـى ... بـالحقِّ دينُ الرُّسلِ لا بضـلالِ
واللهِ مـنهُم قَـدْ سمعنـا ذَا إلى الْـ ... ـآذانِ مِـنْ أفـوَاهِهِمْ بمَقَـالِ
وَتمـامُ ذَاكَ الْقَـوْلِ بالحيَـلِ الـتي ... فَسَخَتْ عقُودَ الدينِ فَسْخَ فِصَالِ
جَعَلَتْـه كـالثَّوْبِ المُهَلْهَـلِ نَسْـجُهُ ... فيـهِ تُفَصِّـلُهُ مِـنْ الأوصَـالِ
مَا شئت مِنْ مَكْرٍ وَمِنْ خِـدَعٍ وَمِـنْ ... حِيَـلٍ وَتَلْبِـيسٍ بِـلاَ إقْـلالِ
فَاحْتَلْ عَلـىَ إسْـقَاطِ كُـلِّ فريضـةٍ ... وَعَلَـى حَـرَامِ اللهِ بِـالإِحْلالِ
واحتَلْ عَلَىَ المَظْلُوم يُقْلَبُ ظالمًا ... وَعَلَىَ الظَّلومِ بِضدِّ تِلكَ الحَالِ
وَاقلِـبْ وَحَـوِّلْ فَالتَّحَيُّـلُ كُلُّـهُ ... فِي الْقَلْبِ وَالتَّحْوِيـلُ ذُو إعمـالِ
إنْ كُنْتَ تَفْهَمُ ذَا ظَفِـرْتَ بِكُـلِّ مَـا ... تَبْغِـي مِـنَ الأفْعَـالِ وَالأقْـوَالِ
فاحتَلْ على شُربِ المُـدام وسَمِّها ... غيرَ اسْـمِها واللفـظُ ذو إجمـالِ
وَاحْتَلْ عَلَىَ أكْلِ الربَا واهْجُرْ شَـنا ... عَةَ لَفْظِـهِ وَاحْتَـلْ عَلَـىَ الإبْـدالِ
وَاحْتَلْ عَلَىَ الْوَطْءِ الحَرَامِ وَلا تَقُلْ ... هـذَا زِنًـى وَانْكِـحْ رَخِـيَّ البَـالِ
وَاحْتَلْ عَلَىَ حَلِّ العقُـودِ وفَسْـخِهَا ... بَعْـدَ اللـزُّوم وَذَاكَ ذُو إشْـكَالِ
إلا عَلَـىَ المُحْتَـالِ فَهْـوَ طَبِيبُهَـا ... يَـا مِحْنَـةَ الأدْيَـانِ بِالمُحْتَـالِ
وَاحْتَلْ عَلَىَ نَقْضِ الْوُقُوفِ وَعَوْدِهَا ... طِلْقًـا ولا تَسْـتَحْي مِـنْ إبطَـالِ
فكِّـرْ وقَـدِّرْ ثُـمَّ فَصِّـلْ بَعـدَ ذَا ... فـإِذَا غُلِبْـتَ فَلَـجٌّ فِي الإِشْـكالِ
واحتَلْ على الميراث فانزعْه من الْـ ... ـوُرَّاث ثـم ابْلَـغْ جَمِيـعَ المَـالِ
قـد أثبتـوا نسبًا وحَصْـرًا فـيكم ... حتـى تحـوزوا الإرث للأمـوالِ
واعْمِدْ إلى تلك الشهادةِ واجعلِ الْـ ... إبطـالَ همَّـك تحـظَ بالإبطـالِ
فالحصـر إثبـاتٌ ونفـيٌ غـيرُ مَعْـ ... ـلومٍ وهـذا موضـعُ الإشـكالِ
واحْتَـلْ عَلَـىَ مَـالِ اليَتـيمِ فإنـهُ ... رِزْقٌ هَنِـيٌّ مِـنْ ضَـعِيفِ الحـالِ

لا سَوْطَهُ تَخْشَى وَلا مِنْ سَيْفه ... والقَولُ قولُكَ في نَفَاذِ المالِ
وَاحْتَلْ عَلَى أكْلِ الوُقُوفِ فإنهَا ... مِثْلُ السَّوَائِبِ رَبَّةِ الإهمالِ
فَأبُو حَنِيفَةَ عِنْدَهُ هي بَاطِلٌ ... في الأصَلِ لم تَحْتَجْ إلى إبْطَالِ
فالمَالُ مَالٌ ضَائِعٌ أرْبابُهُ ... هَلَكُوا فَخُذْ مِنْهُ بِلا مِكْيَالِ
وإذَا تَصِحُّ بحُكْمِ قَاضٍ عَادِلٍ ... فَشُرُوطُهَا صارَتْ إلى اضْمِحْلالِ
قد عَطَّلَ النَّاسُ الشُّرُوطَ وَأهْملوا ... مَقْصُودَهَا فَالكُلُّ في إهْمالِ
وَتَمَامُ ذَاكَ قُضَاتُنَا وشُهُودُنا ... فَاسْأَلْ بِهِمْ ذَا خِبْرَةٍ بالحَالِ
أمَّا الشُهودُ فَهُمْ عُدُولٌ عن طريـ ... ـقِ العَدْلِ في الأقوَالِ والأفعالِ
زُورًا وتتميمًا وكِتْمَانًا وَتَلْـ ... ـبيسًا وَإسْرَافًا بِأخْذِ نَوَالِ
يَنْسَى شَهَادَتَهُ وَيحلِفُ أنهُ ... ناسٍ لهَا والقَلْبُ ذو إغْفالِ
فإذَا رَأى المنقُوشَ قال ذَكَرْتها ... يَا لَلمُذَكِّرِ جِئْتَ بالآمالِ
ويقُول قَائِلُهُمْ أخوضُ النَّارَ في ... نَزْرٍ يَسِيرٍ ذاكَ عَيْنُ خَبَالِ
ثَقِلْ لي الميزَانَ إنِّي خَائِضٌ ... لِلمُنْكِبَيْنِ أجَرُّ بالأغْلالِ
أمَّا القُضَاةُ فَقَدْ تَوَاتَرَ عَنْهُمُ ... مَا قَدْ سَمِعْتَ فَلا تَفُهْ بمَقَالِ
ماذا تقول لمن يقول حكمتُ أنـ ... ـك فاسقٌ أو كافرٌ في الحالِ
فإذَا اسْتَغَثْتَ أُغِثْتَ بالجَلْدِ الذي ... قَدْ طَرَّقُوهُ كَمِثْلِ طَرْقِ نِعَالِ
فَيَقُولُ طَقْ، فتقُولُ قَطْ فتعَارَضَا ... وَيكُونُ قَوْلُ الجَلدِ ذَا إعْمالِ
فأجَارَكَ الرَّحْمنُ مِنْ ضَرْبٍ وَمِنْ ... عَرْضٍ وَمِنْ كَذِبٍ وَسُوءِ مَقَالِ
هَذَا وَنِسْبَةُ ذَاكَ أجْمَعِهِ إلى ... دِينِ الرَّسولِ وَذَا مِنَ الأهْوَالِ
حَاشَا رَسُولُ اللهِ يَحْكُمُ بالهوَى ... والْجَهْلِ، تِلْكَ حُكُومَةُ الضُّلالِ
وَاللهِ لَوْ عُرِضَتْ عَلَيْهِ كُلُّهَا ... لاجْتَثَّهَا بالنَّقْضِ وَالإبطَالِ
إلا الَّتِي مِنْهَا يُوافِقُ حُكْمَهُ ... فَهُوَ الَّذِي يَلقَاهُ بالإقبالِ

أَحْكَامُــه عَــدْلٌ وحَــقٌّ كُلُّهَــا ... فــى رَحْمَــةٍ ومَصــالِحٍ وجَــلالِ
شَـهِدَتْ عُقُولُ الْخَلْـقِ قاطبـةً بَمـا ... فـى حُكْمِـهِ مِـنْ صِحَّةٍ وكَمـالِ
فــإِذَا أَتَــتْ أَحْكَامُــهُ أَلْفَيْتَهَــا ... وَفْـقَ العقـولِ تُزِيـلُ كُـلَّ عِقَـالِ
حَتَّــى يَقُــولَ السَّــامِعُونَ لِحُكْمِــه ... مَا بَعْدَ هـذَا الحَقِّ غَيْـرُ ضَـلالِ
للهِ أَحْكَــامُ الرَّسُــولِ وَعَــدْلُهَا ... بَـيْنَ العِبَـادِ وَنُورُهَـا المُـتَلالِى
كَانَتْ بهم فى الأَرْضِ أَعْظَمُ رَحمَةٍ ... والنَّاسُ فـى سَعْرٍ وَفـى إِقبَـالِ
أَحْكامُهُمْ تجْرِى عَلَـى وَجْـهِ السَّدَا ... دِ وَحَالُهُمْ فى ذَاكَ أَحْسَنُ حَـالِ
أَمْنـاً وعِـزًّا فـى هُـدًى وَتَـرَاحُمٍ ... وَتَوَاصُــلٍ وَمَحَبَّــةٍ وَجَــلالِ
فَتَغَيَّـرَتْ أَوْضَـاعُهَا حَتَّـى غَـدَتْ ... مَنْكُــورَةً مســلُوبَةَ الأَعمــالِ
فَتَغَيَّــرَتْ أَعمــالُهُمْ وَتَبــدَّلَتْ ... أَحْـوَالُهُمْ بـالنَّقْصِ بَعْـدَ كمَـالِ
لَـوْ كـانَ دِيـنُ اللهِ فـيهِمْ قائمـاً ... لَـرَأَيْتَهُمْ فـى أَحْسَـنِ الأَحْـوَالِ
وإِذا مُمُـوا/ حَكَمُـوا بحُكْـمٍ جَـائرٍ ... حَكَمُـوا لمُنْكِـرِهِ بِكُـلِّ وَبَـالِ
قُـالوا أَتُنْكِـرُ حُكـمَ شَـرْعِ مُحَمـدٍ ... حَاشَا لِذَا الشَّرْعِ الشَّرِيفِ العَالِي
عَجَّتْ فُـرُوجُ النَّـاسِ ثُـمَّ حُقُـوقُهُم ... للهِ بِــــالبُكُرَاتِ والآصَــــالِ
كَـمْ تُسْـتَحَلُّ بكـل حُكْـمٍ بَاطِـلٍ ... لا يَرْتَضِـيهِ رَبُّنَـا المُتَعَـالِي
والكلُّ فى قَعْرِ الجَحِيمِ سِوَى الَّذِى ... يَقْضِــى بِــدِينِ اللهِ لا لِنَــوَالِ
أَوَ مَـا سَـمِعْتَ بـأَنَّ ثُلْثَـيْهِمْ غَـدا ... فى النَّارِ فى ذَاكَ الزَّمَانِ الخَالِي
وَزَمَانُنَــا هــذَا قَرِيــبٌ عَــالِمٌ ... هَلْ فيهِ ذَاكَ الثُّلْثُ أَمْ هُوَ خَالِي
يـا بَـاغِىَ الإِحْسَـانِ يَطْلُـبُ رَبَّـهُ ... لِيَفُــوزَ مِنْــهُ بِغَايَــةِ الآمَــالِ
انْظُـرْ إِلى هـدْيِ الصَّـحَابَةِ وَالَّـذِى ... كانُوا عَلَيْهِ فى الزَّمَـانِ الخَـالِي
واسْلُكْ طَرِيـقَ القَـوْمِ أَيْـنَ تَيَمَّمُـوا ... خُذْ يَمْنَةً ما الدَّرْبُ ذَاتَ شِـمَالِ
تَاللهِ مَـا اخْتَـارُوا لأَنْفُسِـهِمْ سِـوَى ... سُبُلِ الهُدَى فى القَوْلِ وَالأَفعالِ

دَرَجُوا عَلَى نَهْجِ الرَّسُولِ وَهَدْيِه وَبِهِ اقْتَدَوْا فى سَائِرِ الأحوالِ
نِعْمَ الرَّفِيقُ لِطَالِبٍ يَبْغِى الْهُدى فمَالُهُ فى الْحَشْرِ خَيْرُ مَالِ
القَانِتِينَ المُخْبِتِينَ لِرَبِهِمْ النَّاطِقِينَ بأَصْدَقِ الأقوَالِ
التَّارِكِينَ لكل فِعْلٍ سَيِّئٍ وَالعَامِلِينَ بأَحْسَنِ الأعمَالِ
أهوَاؤُهُمْ تَبَعٌ لِدينِ نَبِيِّهِمْ وَسِوَاهُمُ بِالضِّدِّ فى ذِى الحَالِ
مَا شَابَهُمْ فى دِينِهِمْ نَقْصٌ وَلا فى قَوْلِهِمْ شَطْحُ الْجُهُولِ الْغالِي
عَمِلُوا بِمَا عَلِمُوا وَلم يَتَكَلَّفُوا فَلِذَاكَ مَا شَابُوا الْهُدَى بِضَلالِ
وَسِوَاهم بالضِدِّ حتَّى إنَّهم تَرَكُوا الْهُدَى وَدَعَوْا إلى الإضْلالِ
فَهُمُ الأدِلَّةُ لِلْحَيَارَى مَنْ يَسِرْ بِهُدَاهُمُ لَمْ يَخْشَ مِنْ إضْلالِ
وَهُمُ النُّجُومُ هِدَايَةً وإضَاءَةً وعُلُوٌّ مَنْزِلَةٍ وبُعْدَ مَنَالِ
يمْشُونَ بَيْنَ النَّاسِ هَوْناً نُطْقُهمْ بِالْحَقِّ لا بجَهَالَةِ الْجُهَّالِ
حِلماً وَعِلْمًا مَعْ تُقًى وَتَوَاضُعٍ ونَصِيحَةٍ مْعَ رُتبةِ الإفضَالِ
يُحْيُونَ لَيْلَهُمُ بِطَاعَةِ رَبِهِمْ بِتِلاوَةٍ وَتَضَرُّعٍ وَسُؤَالِ
وعُيُونُهُمْ تجْرِى بِفَيْضِ دُمُوعِهِمْ مِثْلِ انْهِمَالِ الوَابِلِ الهَطَّالِ
فى اللَّيْلِ رُهبَانٌ وَعِنْدَ جِهَادِهِمْ لِعَدُوهِمْ مِنْ أشْجَعِ الأبطَالِ
وَإِذَا بَدَا عَلَمُ الرِّهَانِ رأيتَهُمْ يَتَسَابَقُونَ بِصَالِحِ الأعمَالِ
بِوُجُوهِهِمْ أثَرُ السُّجُودِ لِرَبِهِمْ وَبِهَا أشِعَّةُ نُورِهِ المُتَلالِي

واتا: پیاوانی مەرد دونیایان بەجێهێشت و کەسانی هیچ و نەزان جێگەی ئەوانیان گرتەوە، بەحسابی خۆیان شوێن پێی ئەو مەردانەیان گرتووە، کەچی رێگەی پووچەڵکارانیان گرتەبەر و بەنەفامی و نەزانیی رێگەی هیدایەتیان وێڵ کرد. رواڵەتیان بەتەقوا جوان کرد و ناخیشیان پڕ کرد پووش و پەڵاش. ئەگەر بڵێ پەیامبەری خوا(ﷺ) وەهای فەرموو، لووتبەرزانە گاڵتەو لاقرتێت پێ دەکەن. یان ئەگەر بڵێی

هاوەلآن و تابیعیین ئاوەها و ئاوەهایان وت و کرد یان ئالوبەیت وەهایان وت، یان شافیعی یان ئەحمەد و ئەبو حەنیفە و پێشەوای پایەبەرز وەهایان وتووە، گاڵتەیان پێ دێت و وەک خەیاڵ دەیبینن، ئەڵێن: دڵمان بەنهێنی وەهای پێوتین، لەخەڵوەت و بیرکردنەوەو بینینی خەیاڵماندا ئاوەهای بۆ دەرخستین. قسە گەلێك دەکەن پڕە بەپووچی و درۆ، دەستبەرداری حەقیقەت و شەریعەت دەبن بەپواڵەتی نەفامی و نەزانیی خۆیان. قورئانی خۆیان فڕێ داوەتە پشتی خۆیان بەنمونەی ئەو ڕێبوارەی شتە زیادەکانی کاروانی ئەخاتە پشتەوەی کاروانەکەی، هەواو ئارەزووی خۆیان پەیڕەو دەکەن و بەقسەی نەفامێ هەڵسوکەوت دەکەن. بۆ گوێگرتن لەشێخ و کەسێکی کۆن و نەزان، دەستبەرداری قورئان و شوێنەواری هاوەلآن بوون. گوێگرتن لەشیعر بۆ گەنجێ باشتر دەبینن لەگوێگرتن لەقورئان. سوێند بەخوا شەیتانی دوژمن بەنمونەی ئەوان ڕاوکراوی نەبووە، تۆڕ و داوای بۆ ناونەوە و پێیەوە نەبوون، هات داوی هاوبەش پەیداکردنی بۆیان نایەوە، بەبەرگ درِاوی و بێ ئاییِنی و حاڵ شپرزییەوە کەوتنە داویەوە. ئیتر وەهایان لێهات تەنیا گوێ لەهەواو ئارەزووی خۆیان بگرن و بەهیچی تر ەوە سەرقاڵ نەبن. کەڕو لاڵ و نابینا و بێ گرنگی دان دەستیان برد بۆ تەماشاکردنی قورئان. ئەگەر قورئانخوێنێ ئایەتێکیان بەسەردا بخوێنێ، شەیتانی دوژمن زۆر قورسی دەکاتەوە بەسەریاندا و یەکێکیان هەڵدەستێ و ئەڵێ: ئەرێ زۆر درێژەت پێ داو کەمی بکەرەوە، بەڵآم بۆ قسەی پڕووپووچ و پێکەنینی بێ سوود ئەو بێ حەوسەڵەییان نییە، بۆ شێخەکەیان سەر دەلەقێننەوە و دەکەونە جوڵە و حاڵیان لێ دێت و گڕ دەگرن. سوێند بەخوا ئەگەر بەهۆش خۆیان بێنەوە، دەبینن چی کردەیەکی ناشیرین دەورەی لێ داون، بەڵآم ئەوە هەیە بێ هۆشیی لەئاست گوێگرتن، خراپترە لەسەرخۆشی.

ئەی ئەو ئوممەتەی کە یاریی بەئاییني پەیامبەرەکەی دەکات وەك چۆن منداڵ لەقوڕو قوڕاودا یاریی دەکات، ئێوە قسە بەئەهلی کیتاب ئەڵێن، سوێند بەخوا ئەوان بەم کردەوەیەی ئێوە دەیکەن رازیی نابن. ئێوە بەتاوان و خراپەی خۆتان بۆ شەیتان خۆتان ریسوا و زەلیل کردووە. هەندێکیان پەنا بۆ جۆرێ فێڵ دەبەن کە ئاییني مرۆڤ هەڵدەوەشێنێتەوە. فێڵ و حیلە دەکەن بۆ لەکارخستنی فەرز و حەڵاڵکردنی حەرامی خوا. ستەملێکراو ئەکەنە ستەمکار و ستەمکاریش بەستەملێکراو. سوو و داوێن پیسی و حەرامکراوەکان لەڕێگەی گۆڕینی ناوەکانیانەوە حەڵاڵ دەکەن، میرات دەخۆن و بەفێڵ مااڵی هەتیوان دەخۆن، گاڵتەیان بەزانایان و ئەبو حەنیفە دێت و مەبەستەکانی شەریعەت کەنار دەخەن و دەستبەرداری مەرجەکان بوون. شایەتەکان لەحەق لادەدەن و پەنا بۆ درۆ و بوختان دەبەن، بەدرۆ سوێند دەخۆن کە حاڵەتەکەیان لەبیر نەماوە.

حاشا ئەگەر پەیامبەری خوا(ﷺ) بەهەواو ئارەزوو بڕیاری دابێ، ئەگەر هەموو ئەو بڕیارانەی ئەوانە دەیدەن و ئەو کارانەی ئەوانە دەیکەن بەفەرمایشت و کرداری پەیامبەری خوا(ﷺ) بەرانبەر و بەراورد بکرێ، ئەوە هەمووی ناتەواو و پووچەڵ دەردەچێ. من عەقڵی هەموو ئەو مەخلوقاتانەم بینیووە، هیچ دروستی و کەماڵێکیان تێدا نییە کاتێ بەفەرمایشتی ئەو بەرانبەری دەکەی.

ئەوانەی کە گوێبیستی حوکمی دەبن ئەڵێن: لەدوای حەق و راستی، گومڕایی هەیە. اللە بۆ حوکم و دادپەروەریی پەیامبەری خوا(ﷺ) لەنێو بەندەکاندا چی رووناکییەکی دەرەوەشاوەی هەبوو، بۆیان رەحمەت بوو، خەڵکیی لەخۆشی و هەنگاونان رووەو شەریعەتەکەی بوون. حوکمەکانی پڕ بەبێست و شوێن خۆ گربوون، ئارامی و شکۆداریی لەهیدایەتی ئەودا هەبوو بۆ ئەوان، بەاڵم دواتر هەموو شتێکیان سەرو ژوور

کرد، کارەکانی خۆیانیان گۆڕی و ناتەواوییان بەسەر خۆیاندا هێنا. ئەگەر لەنێویاندا ئایینی خوا کاری پێ دەکرا، ئەتبینی لەباشترین حاڵدا دەبوون. کە بیانەوێ بڕیارێ بدەن، بڕیارێکی ستەمکارانە دەدەن و ئەگەر ئەوەیان بەڕوودا رەتبکرێتەوە ئەڵێن: ئەرێ شەرعی موحەممەد رەتدەکەیتەوە، بەڵام حاشا ئەگەر ئەوە شەرعی باڵای پەیامبەرێ(ﷺ). ئاخۆ ئەوان چەندە بەناڕەوا حوکمێکی پووچ حەاڵڵ دەکەن کە خوای باڵادەست پێی رازیی نابێ.

هەموو لەدۆڵ و بنی دۆزەخدایە جگە لەو کەسەی بەئایینی خوا بڕیار دەدات نەک بەئارەزوو و بۆ بەرژەوەندیی خۆی. گوێت لێ نەبووە کە دوو لەسەر سێیان لەدۆزەخدان، ئاخۆ سەردەمی ئێمە یەک لەسەر سێی ماوەتەوە شیاوی بەهەشت بێ!

ئەی ئەو کەسەی چاکە دەکەیت و رازیبوونی خوات و سەرفرازیی قیامەتت مەبەستە، بڕوانە هیدایەتی هاوەاڵن، ڕێگەی ئەوان بگرەبەر و لێی المەدە، سوێند بەخوا ئەوەی ئەوان هەڵیانبژاردووە، ڕێگەی هیدایەت بووە لەقسەو کرداردا. ڕێبازی پەیامبەری خوا(ﷺ)یان گرتەبەر و لەتەواوی حاڵوباردا چاویان لەو کرد. ئەوە باشترین هاوڕێیەکە بۆ کەسێك هیدایەتی بووێ و لەحەشردا باشترین سەروەت و سەرەنجامێکی هەیە، ئەوانەی لەخوا ترسن و راست دەڵێن و دەستبەرداری هەموو کردەوەیەکی خراپ بوونە و باشترین کردەوەیەك دەکەن. حەزیان شوێن ئایینی پەیامبەرەکەیان کەوتووە و لەڕێنماییەکانی النادەن. قسەی پڕووپووچ و هەڵەق و بەڵەق ناکەن، وەك هاوەاڵن دەکەن و کردەوە و ئەرکی قورس ناخەنە سەر خۆیان و هیدایەت بەگومڕایی ناگۆڕنەوە، بەاڵم خەڵکانی تر پێچەوانە دەکەن و دەستبەرداری هیدایەت بوون و بانگەواز بۆ گومڕایی دەکەن.

بزانە هاوەلان و ئەوانەی شوێنی ئەوان دەکەون، ئەستێرەی رێنیشاندەرین و پێگە بەرزن. لەنێو خەڵکییدا دێن و دەچن و حەق ئەڵێن و لەسەر خۆن و نەفامیی نالێن. نەرمونیان و خاوەن زانست و تەقوا و سادەبین، ئامۆژگارییان هەیە و پلەی بەرزی خواییان هەیە. بەخواپەرستیی شەوان زیندوو دەکەنەوە. لەشەودا خواپەرست و لەڕۆژیشدا لەجیهاددا پاڵەوانن. ئەیانبینی لەکردەوە چاکەکاندا پێشبڕکێ دەکەن و شوێنەواری کڕنۆش بردنیان بۆ پەروەردگار لەنێوچاوانیانەوە دیارە و تیشکی رووناکیی دەرەوەشاوەیان هەیە.

- **ناوەکانی گۆرانی:**

ئەم گۆڕگرتن و دەنگە شەیتانییە کە دڕە بەدەنگی خوایی، دە ناو و شتێکی هەیە: (اللّهو، اللّغو، الباطل، الزُّور، المُكاءُ، التَّصديَة، رقيةُ الزِّنا، چێنەری دووڕوویی لەدڵ، دەنگی گەمژە، دەنگی خراپەکار، دەنگی شەیتان، میزماری شەیتان، السمود)).

أسماؤهُ دلّتْ على أوصافِهِ تَبّاً لِذي الأسماءِ والأوصافِ

واتا: ناوەکانی بەڵگە دەدەن لەسەر وەسف و تایبەتەمەندییەکانی، لەنێوبچێ ئەو ناو و وەسفانە.

شەرمەزارییەکانی ئەم ناوانە و قسەی خواو پەیامبەر(ﷺ)یان لەبارەوە باس دەکەم، تاوەکو عاشقان و هەوادارانی گۆرانی و مۆسیقا بزانن بەو کارەیان چی شتێکیان دەستخستووەو چی بازرگانییەکی پڕ قازانجیان دۆڕاندووە.

فدع صاحِبَ المِزْمارِ والغِنا وما اختارَهُ عن طاعة اللهِ مذهبا
ودعه يعش في غيه وضلاله على تاتنا يحيى ويبعث أشيبا

واتـا: واز لەعاشـق و هـاودەمی گـۆرانی و مۆسـیقا بهێنـه و ئـەوەی کردوویەتییـه مەزهەبی خۆی، بهێڵە لەسەرگەردانی و نەزانیی خۆیدا لەسەر دەنگ و هـەرای گـۆرانی بژی.

- **ناوی یەکەم: اللّهو، لهو الحديث:**

پـەروەردگار دەفـەرموویت: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشۡتَرِي لَهۡوَ ٱلۡحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ۝٦ وَإِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ ءَايَٰتُنَا وَلَّىٰ مُسۡتَكۡبِرٗا كَأَن لَّمۡ يَسۡمَعۡهَا كَأَنَّ فِيٓ أُذُنَيۡهِ وَقۡرٗاۖ فَبَشِّرۡهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ۝٧ ﴾ **لقمان: ٦ - ٧،**

واتا:هەندێ لە خەڵکی هەیە قسە و باسی بێهودە دەکرێ(وەک ئەفسانە و گۆرانی و مۆسیقا) بۆ ئەوەی بە نەزانی خەڵک لە رێگای خوا گومڕا بکات وە رێگای خوا دەکاتـە جێگای گاڵتەو لاقرتـێ ئەوانـە سزای ڕیسواکەریان هەیـە. وە هـەر کـاتێ ئایەتـەکانی ئێمەی بەسەردا بخوێنرێتەوە ڕوو وەردەگێڕێ بە خـۆ بەگـەورە زانـی یـەوە هـەر وەک نەیبیسـتبێ، یـان هـەروەک لـە هـەردوو گوێچـکەیدا کـەڕی بـبێ دەی(ئـەی موحەممەد(ﷺ))مژدەی بدەرێ بە سزایەکی سەخت.

واحیدی و کەسانی تریش وتوویانە: زۆربەی ڕاڤەوانان لەسـەر ئـەو بۆچـوونەن، کـە مەبەست بە(لَهۡوَ ٱلۡحَدِيثِ) واتا گۆرانی، ئیبن عـەباس وەهـای وتـووە لەگێڕانەوەیـەکی سـەعیدی کـوڕی جوبـەیر لێیـەوە، عبداللـەی کـوڕی مەسـعودیش وەهـای وتـووە لەگێڕانەوەیەکدا کە ئەبو ئەلسەبهاء لێیەوە گێڕاویەتییەوە.

قسەی موجاهید و عیکریمەشە[1].

---

١ – ئەسەرێکی حەسەنە لێیانەوە، بڕوانە تەخریجکردنی لە(المنتقى النفيس)(ص٣٠٣).

ئەڵێ: زۆربەی ئەوەی لەتەفسیردا هاتووە ئەوەیە، (لَهْوَ ٱلْحَدِيثِ)لێرەدا بریتییە لەگۆرانی، چونکە مرۆڤ لەیادی خوا دوورەدەخاتەوە.

ئەلواحیدی ئەڵێ: زانایانی ئەلمەعانی ئەڵێن: هەموو ئەوانەی بەسەر قورئاندا هەڵدەبڕێردرێن و پێشجەخرێن لەهو و گۆرانی و مۆسیقا و شمشاڵ، دەچنە خانەی(لَهْوَ ٱلْحَدِيثِ)ەوە، ئەگەرچی وشەکە بەکڕین هاتووە، بەڵام ئەو وشەیە لەبابەت گۆڕینەوە و هەڵبژاردنەوە دەدوێت، ئەوەش لەقورئاندا زۆرە، بەڵگە بۆ ئەوە، قسەی قەتادەیە لەبارەی ئەو ئایەتەوە کە ئەڵێ:((رەنگە بۆ ئەوە بێ سەروەت و پارەیەک خەرج نەکات)).

ئەڵێ:((مرۆڤ بەپێی ئەندازەی گۆمڕایی خۆی، باتڵ بەسەر گێڕانەوەو فەرمایشتی حەقدا هەڵبژێرێ)).

ئەلواحیدی ئەڵێ:((ئەم ئایەتە و بەم تەفسیرە، بەڵگە دەدات لەسەر حەرامێتی گۆرانی)).

ئەلحاکم ئەبو عبداللە لەبارەی زانستی تەفسیر لەکتێبی(المُسْتَدْرِك)[1] ئەڵێ:((با زانستخوازی ئەم زانستە بزانێ، تەفسیری ئەو هاوەڵەی کە دیمەنی وەحی و دابەزینی وەحی بینیووە، بەڵای شەیخەینەوە: گێڕانەوەو فەرموودەیەکی موسنەدە)).

ئەمە و ئەگەرچی روانین و هەڵوێستەکردنی تێدا هەیە، بەڵام گومان لەوەدا نییە بۆ وەرگرتنی بۆچوون و تێگەیشتن لە(لَهْوَ ٱلْحَدِيثِ)،تەفسیری ئەوان لەتەفسیرکردنی خەڵکانی دوای خۆیان لەپێشترە، ئەوان زاناترینی ئوممەتن بەمەبەستی خوای گەورە لەقورئانەکەیدا، چونکە بەسەر ئەواندا دابەزیووە، ئەوان لەوانی تری ئوممەت یەکەم

---

١ - (٢/٢٥٨).

کەس بوون بەو دواندنەی خوای گەورە. بەزانست و کردار تەفسیرکردنەوەیان لەپەیامبەر(ﷺ) بینیووە، ئەوان عەرەبی رەوانبێژبوون.

ئەگەر ئەوە بزانرێ، ئەوە رووندەبێتەوە کە گۆرانیبێژان و خەڵکانی دۆست و عاشقی گۆرانی لەو سەرزەنشتکردنەدا پشکیان هەیە، ئەوەش بەپێی سەرقاڵبوونیان بەگۆرانی و دوورگرتنیان لەقورئان. ئەگەر تەواوی سەرزەنشتییەکەش نەیانگرێتەوە، بەڵام ئەوە هەیە ئەو ئایەتانە سەرزەنشتی هەموو ئەوانە دەکات کە قورئان بەقسەی پڕوپووچ دەگۆڕنەوە تاوەکو بەبێ زانست لەڕێگەی خوا لابدەن، ئەیکەنە گاڵتەجاڕی، کە قورئان بخوێنرێت خۆبەزلزانانە پشت هەڵدەکەن وەک ئەوەی نابیستن و قوڕوقۆشمیان لەگوێ کراوە– کە گوێ گرانی و کەڕبوونە– ئەگەر شتێکیشی لێ بزانن، بەگاڵتەجاڕیی وەریدەگرن.

بەو ئایەتە ئەگەر کۆی هەموو ئەو هەڵسوکەوتانەم مەبەست بێ، ئەوە تەنیا بۆ کەسانێك کۆدەبێتەوە کە گەورەترین بێباوەڕییان هەیە، جا ئەگەر هەندێ لەو کارانە بۆ گۆرانیبێژان و گوێگرانیان رووبدات، ئەوە پشکێکی ئەو سەرزەنشت کردن و نابووتکردنەیان هەیە.

رووندەکاتەوە،کەسێك نابینیتەوە گرنگی بەگۆرانی و گوێگرتن بەئامێرەکانی بدات،لەڕووی زانست و کردارەوە گومڕاییەکی تێدا نەبێ لەڕێگەی هیدایەت لای بدات، حەزێکی تێدا نەبێ بۆ دەستبەرداربوون لەگوێگرتن بەقورئان و پڕکردنەوەی بەگوێگرتن لەگۆرانی، بەجۆرێك ئەگەر گوێگرتنی گۆرانی و گوێگرتن لەقورئانی بخرێتە بەردەم، گوێگرتن لەگۆرانی هەڵدەبژێرێ و دەستبەرداری گوێگرتن لەقورئان دەبێ، رەنگە وەهای لێبێ قورئان خوێن بێدەنگ بکات تاوەکو گوێی لەگۆرانیبێژەکە بێ، کاتی گۆرانییەکە زیاتر ئەکات و کاتی قورئانخوێندنەکە کەم دەکاتەوە. کەمترین

شتێك لەوەدا، ئەوەیە پشكێكی زۆری ئەو سەرزەنشتكردنەی تووش دەبێ ئەگەر شانسی هەموویشی نەبێ.

ئەم قسەیە بۆ كەسێكە ئەگەر لەدڵیدا هەندێ ژیان هەبێ هەستی پێ بكات، بەڵام ئەوەی كە دڵی مردووە و فیتنەكەی گەورە بووەتەوە، كەسێكە رێگەی ئامۆژگاری و سەرفرازیی بەڕووی خۆیدا داخستووە:﴿ وَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ فِتۡنَتَهُۥ فَلَن تَمۡلِكَ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـٔٗاۚ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَمۡ يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمۡۚ لَهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا خِزۡيٞۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴿٤١﴾ ﴾ **المائدة: ٤١**، واتا:هەر كەسێك خوا بیەوێ كافر و گومڕای بكات ئەوە تۆ لە بەرامبەر خوادا هیچت پێ ناكرێ بۆیە ئەوانە كەسانێكن كە خوا نەی ویستووە دڵەكانیان پاك بكاتەوە لە دنیادا سەر شۆڕدەبن وە لە ڕۆژی دوایشدا ئامادەیە بۆیان سزایەكی زۆر گەورە.

- **ناوی دووەم و سێیەم: درۆ و لەغو(الزُّورُ واللَّغْوُ):**

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَٱلَّذِينَ لَا يَشۡهَدُونَ ٱلزُّورَ وَإِذَا مَرُّواْ بِٱللَّغۡوِ مَرُّواْ كِرَامٗا ﴿٧٢﴾ ﴾ **الفرقان: ٧٢**، واتا: (بەندەكانی خوا) كەسانێكن كە شایەتی درۆ نادەن و كاتێ تێپەڕ بن بەلای شتی بێ سوودا(ئەنجام بدرێ لەلایەن نەفامانەوە)تێپەڕ دەكەن بەڕێزەوە(بێ گوێدانە نەفام)ان.

محمد ابن الحنفیة ئەڵێ:((الزور لێرەدا بریتییە لەگۆرانی)). لەبس لەموجاهیدەوە وەهای وتووە.

اللغو لەزمانەوانییدا: هەرشتێكە پڕووپووچانە لەدەم دەردەچێ و فڕێ دەدرێت.

واتا: ئامادەی دانیشتنە پرووپووچەکان نابن، بەڵام کە بەڵای هەر قسە و کردارێکی فرێدراودا دەچن، بەوە ڕێز لەخۆیان دەگرن کە بۆی ڕانەوەستن وەڕیبگرن و لای بەڵادا بکەنەوە.

جەژن و بۆنەکانی هاوبەش پەیداکەرانیش دەچنە ئەو خانەیەوە وەک ئەوەی پێشین پێی ڕاڤەی کردووە، هەروەها گۆرانی و تەواوی جۆرەکانی بەتاڵ.

ئەلزەجاج ئەڵێ:((لەگەڵ تاوانباراندا دانانیشن و لەوەدا هاوکاریان نابن، ڕۆیشتنی کەسانی بەڕێز دەکەن کە بەلەغو و پرووپووچیی ڕازی نابن، چونکە ڕێز لەخۆیان دەگرن لەوەی خۆیان تێکەڵ بەوەها کارێك بکەن و تێکەڵ بەو کەسە بن)).

خوای گەورە ستایشی ئەوانەی کردووە کە خۆیان لەلەغو و پرووپووچیی دەپارێزن کاتێ گوێیان لێ دەبێ و ئەفەرموو: ﴿ وَإِذَا سَمِعُواْ ٱللَّغۡوَ أَعۡرَضُواْ عَنۡهُ وَقَالُواْ لَنَآ أَعۡمَٰلُنَا وَلَكُمۡ أَعۡمَٰلُكُمۡ ﴾ القصص: ٥٥، واتا: کاتێ قسەی ناپەسەند و هیچ و پووچ ببیستن پشتی تێ دەکەن و دەڵێن(بە نەفامان ئەنجامی)کردەوەکانمان بۆ خۆمانەو کردەوەکانی ئێوەش بۆ خۆتانە.

ئەم ئایەتە ئەگەرچی هۆکارێکی تایبەت هەبووە بووەتە هۆکاری دابەزینی[1]، بەڵام واتایەکی گشتیی هەیە[2] هەموو ئەوانە دەگرێتەوە گوێبیستی شتێکی پرووپووچ و بێ

---

١ – بڕوانە:(الدر المنثور)(٦/٤٢٧).

٢ – زانایان وتوویانە:((العبرة بعموم اللفظ، لا بخصوص السبب))،واتا: پەند و وانە لەکۆی وشە و بێژەدایە نەك تایبەتێتی هۆکار. لەکتێبی(حکم الدین فی اللحیه والتدخین)مدا قسەم لەسەر کردووە. (ص٤١).

کەڵك دەبن و پشتی تێ دەکەن، بەزمان بێ یان بەدڵ بەوانی تر ئەڵێن:((کار و کردەوەی خۆمان بۆ خۆمان و کار و کردەوەی خۆتان بۆ خۆتان))[1].

- **ناوی چوارەم: ناڕەوا و باتڵ(الباطِل):**

الباطِل: دژە بەحەق، مەبەست پێی ئەو نەبووەیە کە بوونی نییە، ئەو بوونداڕەیە کە زیانی لەسوودی زۆرترە.

لەیەکەمدا: قسەی کەسی یەکتاپەرستە: هەموو خوایەك جگە لە(الله)، باتڵ و نەبووە.

لەدووەمدا: سیحر و جادوو باتڵە، بێباوەڕیی باتڵە.

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَقُلْ جَآءَ ٱلْحَقُّ وَزَهَقَ ٱلْبَٰطِلُۚ إِنَّ ٱلْبَٰطِلَ كَانَ زَهُوقًا ﴿٨١﴾ ﴾ الإسراء: ٨١، واتا: بڵێ ئایینی ڕاست هات وە ئایینی ناحەق و بەتاڵ نەماو ڕۆیشت بەڕاستی بەتاڵ هەمیشە لەناو چووە.

باتڵ یان نەبووەو بوونی نییە، یان بوونی هەیەو بێ سوود و بێ کەڵکە،بۆیە بێباوەڕی و یاخیبوون و تاوان و سیحر و گۆڕانی و گۆێگرتن لەشتە بێ کەڵکەکان،هەموویان لەجۆری دووەمن، بوونیان هەیە، بەڵام بێ سوودن.

پیاوێك بەئیبن عەباسی وت(خوای گەورە لەخۆی و باوکی ڕازیی بێ): لەبارەی گۆرانییەوە چی دەڵێی، حەڵاڵە یان حەرام؟

ئەویش وتی: شتێك لەکتێبی خوادا حەرام نەبێ، نایڵێم حەرامە.

وتی: کەوابوو حەڵاڵە؟

---

١ – ئەمە بەیەکێك لەگرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئایینی خوا دادەنرێت کە جیاکردنەوەو جیابوونەوەیە، با ئەهلی سوونەت و خاوەن حەق لەمە ڕوون و بەئاگابێ تاوەکو چەمك و تێگەیشتنەکان تێکەڵ نەبن!

وتی: من ئەوە نالێم.

پاشان پێی وت: باشە ئەگەر لەڕۆژی قیامەتدا حەق و باتڵ بێن، گۆرانیی لای کامیان دەبێ؟

پیاوەکە وتی:لەگەڵ باتڵدا دەبێ.

ئیبن عەباسیش وتی: بڕۆ، تۆ وەلأمی خۆتت دایەوە.

ئەمە وەلأمی ئیبن عەباس بوو(خوای گەورە لەخۆی و باوکی رازیی بێ) لەبارەی گۆرانیی ئەعرابەکانەوە، کە وەسفی عەرەق و داوێنپیسی و نێربازی و ڕۆژگاری لاوێتی و ئافرەتی بێگانە و مۆسیقا و ئامێرەکانی گۆرانیی تێدا نەبوو.

گۆرانیی ئەعرابەکان ئەوانەی تێدا نەبوو وەهای وت، ئەگەر گۆرانیی ئەمانەی تر ببینن گەورەتر لەوە چی ئەڵێن،کە زیان و خراپیی ئەم گۆرانیانە گەورەترە لەزیانی عەرەقخواردنەوە و فیتنەی عەرەخواردن.

گەورەترین پڕووپووچی و باتڵییەکە شەریعەتێك ئەوە بەحەلأڵ دابنێت، جا ئەگەر کەسێ ئەم گۆرانییە بەگۆرانیی ئەعرابەکە قیاس و پێوانە بکات، ئەوە وەك پیاوانە کردنی سووە بەمامەڵە، مردارەوە بوو بەئاژەڵی سەربڕاو، مارە بەجاشی نەفرەت لێکراو بەو هاوسەرگیرییەی کە پەیامبەری خوا(ﷺ) بەسوونەتی داناوە و بەباشتر لەئەنجامدانی خواپەرستییە سوونەتەکان، بۆیە ئەگەر لەشەرعدا مارە بەجاش حەلأڵ بووایە، ئەوە باشتر دەبوو لەشەونوێژ و ڕۆژی سوونەت نەوەك بکەرەکەی نەفرەت بکرێت.

- **هەرچی ناوی فیکە و چەپڵەیە(المُكاء والتَّصْدِية):**

خوای گەورە لەبارەی بێباوەڕانەوە فەرموویەتی: ﴿ وَمَا كَانَ صَلَاتُهُمْ عِندَ ٱلْبَيْتِ إِلَّا مُكَآءً وَتَصْدِيَةً ﴾ **الأنفال:** ٣٥، واتا: نوێژی ئەوان(بت پەرستان) لە مالّی

خوادا هیچ نی یە جگە لە فیکە کردن و چەپڵە لێدان نەبێت دەی بچەژن سزای سەخت(لە بەدردا)بەهۆی بڕوا نەهێنانتانەوە.

ئیبن عەباس و ئیبن عومەر و موجاهید و زەحاك و ئەلحەسەن و قەتادە وتوویانە: المُكاء،واتا:فیکە، والتَّصْدِية واتا:چەپڵە لێدان.

حەسسانی کوڕی سابت، هاوبەش پەیداکەران عەیبدار دەکات بەو فیکەو چەپڵە لێدانانەیان و ئەڵێ:

إذا قَامَ المَلائِكَةُ انْبَعَثْتُم صَلاَتُكُمُ التَّصَدِّي والمُكاءُ

واتا: کە فریشتەکان قامەت دەکەن و هەڵدەستنەوە بۆ نوێژ، ئەوە نوێژەکەی ئێوە چەپڵە لێدان و فیکە کێشانە.

هاوشێوەکانیش هەروەها[1]، موسڵمانان لەنوێژی فەرز و سوونەتدان، ئەوانیش لەفیکە کێشان و چەپڵە لێداندان.

ئیبن عەباس ئەڵێ:((قورەیش بەدەور کەعبەدا بەڕووتیی دەسوڕانەوە و فیکەیان دەکێشا و چەپڵەیان لێ دەدا)).

ئیبن عەرەفە و ئیبن ئەلئەنباری وتوویانە:((فیکە کێشان و چەپڵە لێدان بەشێك نین لەنوێژ[2]، بەڵام خوای گەورە هەواڵ دەدات، ئەوان لەجێگەی ئەو نوێژەی کە فەرمانیان

---

١ – واتا: هاوشێوەی هاوبەش پەیداکەران.

٢ – الشيخ محمد حامد الفقي لەسەر ئەمە ئەڵێ: بەڵای خوای گەورەوە نوێژ نین، خوای گەورە ناوی بردوون بەنوێژ، چونکە نوێژەکەیان لەسەر جوڵەی ڕێك و گونجاو بەچەپڵە لێدان و فیکە کێشان ئەنجام داوە و بەنیازی خۆ نزیك کردنەوە لەخوای گەورە، خوای گەورە لەوەدا عەیبداریان دەکات و سەرزەنشتیان دەکات، ڕوونیکردووەتەوە کە ئە کارەی خۆش ناوێ و حەزی پێ ناکات و بەسزای سەخت پاداشتیان دەکات.

پێ دراوە ئەنجامی بدەن، فیکەیان کێشاوە و چەپڵەیان لێ داوە، لەوەدا گەورەترین تاوانیان کەوتووەتە سەر شان)).

مەبەست ئەوەیە: ئەوانەی چەپڵە لێدەدەن و فیکە دەکێشن یان شمشاڵ و هاوشێوەکانیان، لێکچوویەکی ئەوانەن، ئەگەرچی تەنیا لێکچووی دیار هەیە، بەڵام بەشێك لەو سەرزەنشتی و نابووتکردنەیان بەردەکەوێ بەپێی هاوشێوەیی و لێکچوونیان پێیان، با لەهەموو فیکە کێشان و چەپڵە لێدانیشدا هاوشێوەیان نەبن.

خوای گەورە رێگەی نەداوە لەکاتی نوێژ و بەبوونی پێویستییەك، پیاوان چەپڵە لێ بدەن، بەڵکو فەرمانی داوە تەسبیحات بکەن تاوەکو بەچەپڵە لێدان هاوشێوەی ژنان نەبن، ئەمە لەکاتی پێویست، ئەی چۆن بۆ کاتی ناپێویست چۆن ئەوانە ئەنجامی دەدەن و جۆرەها تاوانی کردار و گوفتاریان پێیەوە لکاندووە؟

- **ناوبردنی بەنوشتەی داوێنپیسی(رُقْيَةَ الزِّنى):**

ناوێکە گونجاوە بەناولێنراو، ناوێکی پڕ پێستی خۆیەتی، ئەو ناولێنانە لەفوزەیلی کوڕی عیازەوە ناسراو بووەو وتوویەتی:((گۆرانی، نوشتە و دەستپێکی داوێنپیسییە)).

یەزیدی کوڕی وەلید ئەڵێ:((ئەی بەنی ئوممەیە! ئامماں وریای گۆرانیی بن، گۆرانیی شەرم کەم دەکات و پیاوەتیی کاول دەکات، نوێنەری عەرەقخۆرییە، ئەوە بەمرۆڤ دەکات کە عەرەق دەیکات، ئەگەر هەر ناچاربوون ئەوە بکەن، ئەوە ژنان

نمونەی ئەوە، ئەڵقەی سۆفییەکانە لەسەردەمی ئێمەدا، سەما و هەڵبەز و دابەز بەپێی ئاوازی فیکە کێشان و چەپڵە لێدان، هەوا و ئارەزووی زاڵی خۆیان و جنۆکەو مرۆڤە شەیتانەکان ئەوەیان بۆ رازاندوونەتەوە کە ئەوە یاد و پەرستنی خوایە! بەڵام خوای گەورە زۆر لەوە بەرز و بالاترە)).

لەوێدا دووربخەنەوە و لەژنانی بەدووربگرن، چونکە گۆرانی نوشتە و دەستپێکی داوێنپیسییە)).

لەموحەممەدی کوڕی فەزڵی ئەزدییەوە ئەڵێ: حوتەیئە دابەزییە لای پیاوێکی عەرەب، موڵەیکەی کچیشی لەگەڵدابوو، کە شەو داهات گوێی لەگۆرانیی بوو، بەخاوەن ماڵی وت: ئەم گۆرانییەم لەسەر هەڵبگرە. کابرای خاوەن ماڵ وتی: بۆ رقت لەگۆرانییە؟ کابرا وتی: گۆرانیی دەڵاڵێکە لەدەڵاڵەکانی تاوانەکاری، حەزناکەم کچەکەم گوێی لەوە بێ، یان وازی لێبهێنە یان لەماڵەکەت دەردەچم.

ئەو شاعیرە زمان بەبەڵایەی کە عەرەب لەداشۆرینیدا تووڕەو هار بوون، لەسەرەنجامی گۆرانیی ترسابێ و تۆقیبێ ناشیرینییەکەی بەکچەکەی بگات، ئەبێ گومانی کەسی تر چۆن بێ؟!

گومان لەوەدا نییە، هەموو کەسێکی بەغیرەت، ئافرەتانی دەروبەری بەدوور دەگرێ لەگوێگرتن لەگۆرانی، هەروەك چۆن لەهۆکارەکانی گومان بەدووریان دەگرێت. ئەگەر هەرکەسێك سەری لەقاند بۆ ئافرەتانی دەروبەری تاوەکو گوێبیستی گۆرانیی بن کە دەستپێك و رێگە خۆشکەری داوێنپیسییە، ئەوە زاناترە بەو تاوانەی کە شایستەیەتی.

سوێند بەخوا زۆرێك ئافرەتی سەربەست هەبوو بەهۆی گۆرانییەوە بوونە بەدڕەوشت! زۆرێك پیاوی سەربەست هەبوو بەهۆی گۆرانییەوە بوونە بەندەی منداڵ و هەرزەکاران!

ئای چەند کەسی بەغیرەت هەبوون بەهۆی گۆرانییەوە بوونە ناوێکی ناشیرین لەنێو ڕووت و بەرەڵاکاندا!

چەندە دەولّەمەند و خاوەن سەروەت و سامان هەبوون و پڕ دەوریان خەلّك و خزمەتكار بوو، بەهۆی گۆرانییەوە مایە پووچ بوون و كەوتنە سەر زەوی!

چەندە لەش ساغ هەبوو بەهۆی گۆرانییەوە جۆرەها دەردو بەلاّیان بەسەردا باری!

گۆرانیی زۆریّك خەم و خەفەتی بەعاشقانی خۆی دا، لەو دیارییەدا چارەی دەرد و خەمی خۆیانیان نەكرد!

چەندە نازو نیعمەتی لەنێو بردو نەهامەتی و بەلاّی هێنا و ئەوەش یەكێك بوو لەدیارییەكانی!

چەندە ئازار و ئەشكەنجەی چاوەڕوانكراو و خەفەتی چاوەڕوانكراوی داهاتووی بۆ گۆرانیبێژان و گوێگرانی خۆی شاردووەتەوە!

فَسَلْ ذا خِبْرَةٍ يُنْبِيكَ عَنْهُ لِتَعْلَم كَمْ خَبَايا فى الزَّوَايَا
وَحاذِرْ إذا شُغِفْت بِهِ سِهَاماً مُرَيشَةً بِأَمْدَابِ المَنَايَا
إذا مَا خَالَطَتْ قَلْباً كَئِيباً يقلب بَينَ أطباقِ الرَّزَايَا
وَيُصبِحُ بَعْدَ أن قَدْ كانَ حُرا عَفِيفَ الفَرْجِ: عَبْداً لِلصّبَايَا

واتا: لەشارەزایەك پرسیار بكە لەبارەیەوە هەواڵت پێ بدات، تاوەكو بزانی لەگۆشەكاندا چی شاراوەیەك هەیە، وریابە بەناوی دیارییەوە تیری خۆیت لەدڵ بدات. ئەگەر ئەو تیرە بەر دڵێكی خەماویی كەوت، لەنێو سووكی و نەهامەتییە زۆرەكاندا پارچە پارچەی دەكات، ئیتر وەهای لێ دەكات دوای ئەوەی كە كەسێكی سەربەست و داوێن پاك بوو، ببێتە كۆیلەی منداڵ و هەرزەكاران.

- **ناوبردنی بەشوێنی روانی دووڕوویی:**

ئیبن مەسعود(خوای لێ رازیی بێ) وتوویەتی:((گۆرانی، لەدڵدا دووڕوویی دەڕوێنێ و دەچێنێ هەروەك چۆن ئاو، گژو گیا دەڕوێنێ و سەوز دەكات)).

شوعبە ئەڵێ: ئەلحەکەم بۆی باسکردین لەحەمادەوە ئەویش لەئیبراهیمەوە وتی: عبداللەی کوڕی مەسعود وتی:((گۆرانی، لەدڵدا دووڕوویی دەڕوێنێ و سەوز دەکات))[1].

ئەوەی ئیبن مەسعود سەحیحە و بەمەرفوعیی لێیەوە گێڕدراوەتەوە[2].

لەسەر زانایەکی نادیار راوەستاوە، گومان لەسەر رەفع بوونی هەیە، دروست مەوقوفە.

ئەگەر بووترێت: بۆچی لەنێو تەواوی تاوانەکاندا گۆرانی و ئامێرەکانی مۆسیقا، دووڕووی لەدڵدا دەچێنێ و سەوز دەکات؟

لەوەڵامدا دەوترێت: ئەمە بەڵگەدارترین شتێکە بۆ تێگەیشتنی هاوەڵان بەکاروباری دڵ، شارەزاییان بەدەرد و دەرمانەکانی دڵ، ئەوان پزیشکی دڵان بوو نەک ئەوانەی کە لەڕێگەی ئەوان لایان داوە و بەدەردی سەختتر هەوڵی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی دڵانیان داوە، وەک ئەو تیمارکارەی بەژەهری بکوژ تیماری نەخۆش و بریندار بکات.

بەڵێ، سوێند بەخوا ئا بەو جۆرە چارەسەری دەردی دڵی خەڵکییان کردووە، بەوە نەخۆشیی زۆر بوویەوەو نەخۆشی گەلێکی درێژخایەن هاتەبوون کە لەپێشیندا نەبووە، لایان دا لەدەرمانی بەسوود کە خواو پەیامبەرەکەی دەستنیشانیان کردووە، بەوە دەرد و مەینەتییەکانیان سەختتر و دۆخەکەیان ئاڵۆزتر کرد، کۆڵان و گەڕەک و

---

١ – بەیهەقی ئیخراجی کردووە لە(السنن)(٢٢٣/١٠). ئەوەیە کە دواتر دانەر ئەڵێ. گێڕانەوەی ئیبراهیمە لەئیبن مەسعودەوە بە(ئەڵێ–قال) گۆێگرتنی ئەوە لەزیاتر لەکەسێك، هەروەك لە(تهذیب التهذیب)(١٧٧/٩–١٧٨)دا هەیە. حەماد: ئیبن ئەبی سولەیمانە، لاوازیی تێدا هەیە، بەڵام(متابع)ە وەك لە(السنن)دا هەیە بەسەنەدێکی پچڕاو(منقطع)، کۆمەڵێ ڕێگەی دیکەی پچڕاوی هەیە. ئیبن ڕەجەب لە(نزهة الأسماع)(ص٤٢) ئەڵێ: بەمەوقوف لێکچووترە.

٢ – ئەبو داوود(٤٩٢٧) و بەیهەقی(٢٢٣/١٠) گێڕاویانەتەوە، سەحیح نییە.

ڕێگە و بان و بازاڕەکانیان پڕ کرد بەنەخۆش و، هەموو نەفام و نەزانێك لەخەڵکیی خۆی کردە پزیشك[1].

بزانە کە گۆرانی، کۆمەڵێ تایبەتمەندیی هەیە کاریگەرییان هەیە لەڕەنگڕێژکردنی دڵ بەدووڕوویی و چاندنی دووڕوویی لەدڵدا وەك چۆن ڕۆك بەئاو دەڕوێت.

یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی: دڵ هەوەسباز دەکات و ڕێگریی لێ دەکات لەتێگەیشتن و ڕامان لەقورئان و کارکردن بەوەی لەقورئاندا هاتووە. قورئان و گۆرانی هەرگیز هەردووکیان لەیەك دڵدا پێکەوە کۆنابنەوە، چونکە دژ بەیەکن، قورئان نەهی دەکات لەشوێنکەوتنی هەواو ئارەزوو، فەرمان دەکات بەداوێن پاکی و دوورگرتن لەشەهوەتەکانی دەروون و هۆکارەکانی خراپەکاری و داوێنپیسی و هەڵگرتنی هەنگاوەکانی شەیتان، بەڵام گۆرانی دژ بەوە فەرمان دەکات، هەموو ئەوانە جوان دەکات کە قورئان ناشیرینیان دەکات، ڕووەو هەموو ناشیرینی و قێزەونییەك، دڵ دەخاتە جوڵە.

ئەبینی کەسێك تایبەتمەندی ڕێزداری و جوانیی عەقڵ و ئیمانی هەیە، چێژی قورئان و ڕێزی ئیسلامی هەیە، کەچی کاتێ گوێ لەگۆرانی دەگرێت و پێی مەیلدار دەبێ، عەقڵی ناتەواو دەبێت، شەرم و ڕێزی کەم دەبێتەوەو جوامێری و پیاوەتیی نامێنێت، شەیتان پێی دڵخۆش دەبێ و ئیمانەکەی لای خوا شکاتی لێ دەکات، قورئان خوێندنی بەسەرەوە قورس دەبێت و قورئان ئەڵێ: ئەی پەروەردگارا! من و دەنگی دوژمنەکەت لەیەك دڵدا کۆمەکەرەوە. ئەو دەنگەی شەیتانی لا شیرین دەبێ کە پێشتر تاڵ و قێزەونی دادەنا، ئەوەی نێو دڵی ئاشکرا دەکات کە پێشتر دەیشاردەوە، لەڕێز و

---

١ – ئەمڕۆش هەمان شتە، کۆمەڵێك کەس خۆیان کردە بانگەوازکاری ئیسلام بەئامانجی گەیشتنە سەرۆکایەتی و پۆست و پایە و حەزی ناوبانگی و باسکردن!

ئارامییەوە دەگۆڕێت بۆ فرەوێژی و درۆ و فیز نواندن و وەك خولانەوەی گوێدرێژ بەدەوری کاداندا دەخولێتەوەو دەسووڕێتەوە، وەك ژن چەپڵە لێ دەدات و وەك گا بۆڕەی دێ، جاری وەهاش هەیە خەفەت دایدەگرێ و رەنگ و شێوەی شێت دەگرێت.

هەندێ خواناس وتوویانە: گوێگرتن لەگۆرانی، دووڕووی لەقەومێکدا دەچێنێ، هەروەها سەرسەختی لەقەومێك و درۆ لەقەومێك و خراپەکاری لەقەومێك و هەڵەشەیی و بێ عەقڵیی لەقەومێکدا دەچێنێ و ئەیکاتە بۆماوەیی.

زۆرترین شتێك بەجێبهێڵێ، عەشقی وێنە و بەجوان بینینی خراپەکارییەکان و راهاتن بەقورس و گرانبوونی گوێگرتن لەقورئان و حەز ناکات بەتایبەت گوێی لێ بگرێت، ئاخر ئەگەر ئەوە دووڕوویی نەبێ، دووڕوویی راستەقینە کامەیە؟!

نهێنی بابەتەکە لەوەدایە، بناغەی دووڕوویی، ئەوەیە روالەت پێچەوانەی ناخ بێ، گۆرانیبێژ و عاشقی گۆرانی لەنێوان دوو شتدایە:

یان پەردەی شەرم دەدرێت و ئەبێتە داوێنپیس، یان خواپەرستیی دەردەخات و بەوەش دەبێتە دووڕوو.

حەز و خۆشەویستیی خواو ئاخیرەت دەردەخات و دڵیشی بەشەهوەت دەکوڵێت، دڵی بۆ شتێك گڕ دەگرێ کە خواو پەیامبەر(ﷺ) رقیان لێ دەبێتەوە، لەدەنگی گۆرانی و مۆسیقا و ئەوەی گۆرانی داوا و بانگەوازی بۆ دەکات، دڵی بەوانەوە ئاوەدانە، بیابانێکی بەرفراوان لەنێوان ئەو کەسەو خۆشویستنی ئەو شتەوەیە کە خواو پەیامبەرکەی خۆشیاندەوێ و ئەوەی ئەوان رقیان لێی دەبێتەوە.

ئەوە کرۆك و پوختەی دووڕوویە.

ئیمان، کردار و گوفتارە(قول و عمل)، کارکردن بەخواپەرستی، ئەمەش بەزیکر و قورئان خوێندن پەیدا دەبێ، بەلأم دووڕوویی، قسەی ناخ و کرداری خراپ و داوێنپیسییە، ئەمەش لەسەر رەگی گۆرانیی دروست دەبێ.

لەنیشانەکانی دووڕوویی ئەمانەن: کەمیی یادکردنەوەی خوای گەورە، تەمبەڵیی لەهەڵسان بۆ نوێژ کردن، لووتدان لەزەوی لەنوێژدا. کەم کەس دەبینی بەگۆرانیی تووشی فیتنە هاتبێ و ئەو وەسفەی نەبێ.

هەروەها دووڕوویی لەسەر درۆ دروست بووە، گۆرانیی درۆترین شیعرە، ناشیرین جوان دەکات و دەیڕازێنێتەوە، فەرمان بەئەنجامدانی دەکات، جوان ناشیرین دەکات و مرۆڤی لێ دوورەدخاتەوە، ئەوەش خودی دووڕوویە.

دووڕوویی فێڵ و تەڵەکەیە، گۆرانی لەسەر ئەوانە دامەزراوە.

عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بۆ مامۆستا و پەروەردکاری منداڵەکەی نووسی:(((با یەکەمین شتێك لە تۆوە فێربن، رقبوونەوە بێ لەشتی پڕووپووچ کە لەشەیتانەوە سەرچاوە دەگرێت و سەرەنجامەکەشی تووڕەیی خوای گەورەیە، بزانە لەزانایانی متمانەدارەوە پێمگەیشتووە، کە دەنگی گۆرانی و ئامێرەکانی و خۆشحاڵبوون پێی و گڕگرتن پێی، لەدڵدا دووڕوویی سەوز دەکات هەروەك چۆن ئاو، گژو گیا سەوز دەکات))[1].

گۆرانیی دڵ خراپ دەکات، کە دڵ خراپ بوو، دووڕوویی تیایدا پەلامار دەدات و کاولی دەکات.

---

١ – ئاجوریی بەسەنەدی حەسەن گێڕاویەتییەوە لە(سیرة عمر بن عبد العزیز)(٦٢).

بەتێکڕا، ئەگەر کەسی بەرچاوڕوون بڕوانێتە حاڵی گۆرانییبێژان و ئەهلی گۆرانی و حاڵی ئەهلی زیکر و قورئان، وریایی و لێهاتوویی هاوەڵانی بۆ دەردەکەوێ لەشارەزایی و لێزانینیان بەدەردو دەرمانی دڵان.

خوای گەورە خۆی پشتیوان و سەرخەرە.

- **هەرچی ناوبردنێتی بەدەنگی گەمژە و دەنگی خراپەکار(الصوت الأحمق والصوت الفاجر):**

ئەوە ناوبردنی پەیامبەری راستگۆی بەڕاستخراوە(ﷺ)، کە لەخۆوە هیچ شتێکی نەفەرموو‌ە.

ترمیزی[1] گێڕاویەتییەوە لەفەرموودەیەکی ئەبی لەیلا لەعەتائی کوڕی جابرەوە(خوای لێ ڕازیی بێ) ئەڵێ:((پەیامبەری خوا(ﷺ) لەگەڵ عەبدوڵڕەحمانی کوڕی عەوف دەرچوو بۆ (النخل)،خۆی تەرمی ئیبراهیمی کوڕی هەڵگرتبوو، لەنێو گۆڕەکەدا دایناو فرمێسك بەچاویدا هاتە خوارەوە، عەبدوڵڕەحمان وتی: ئەگری لەکاتێکدا نەهی لەخەڵك دەکەی؟ پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"إِنِّي لَمْ أَنْهَ عَنِ الْبُكَاءِ، وَإِنمَا نَهَيْتُ عَنْ صَوْتَيْنِ أَحْمقَيْنِ فَاجِرَيْنِ: صَوْتٍ عِنْدَ نَغْمَةٍ: لَهْوٍ وَلَعِبٍ وَمَزَامِيرَ شَيْطَانٍ، وَصَوْتٍ عِنْدَ مُصِيبَةٍ: خَمْشِ وُجُوهٍ، وَشَقَّ جُيُوبٍ، وَرَنَّةٍ وَهذَا هُوَ رَحْمَةٌ، وَمَنْ لا يَرْحَمُ لا يرحم لَوْلا أَنَّهُ أَمْرٌ حَق، وَوَعْدٌ صِدْقٌ، وَأَنّ آخِرَنَا سَيَلْحَقُ أَوَّلَنَا، لَحَزِنَّا عَلَيْكَ حُزْناً هُوَ أَشَدُّ مِنْ هذَا، وَإِنَّا بِكَ لمَحْزُونُونَ، تَبْكِي الْعَيْنُ وَيَحزَنُ الْقَلْبُ، وَلا نَقُولُ مَا يُسْخِطُ الرَّبَّ"،واتا: من نەهیم نەکردووە لەگریان، بەڵکو نەهیم کردووە لەدوو دەنگی گەمژەی خراپەکار: دەنگێکی کاتی خۆشی: لەهو و گاڵتە و گەپ و مەزامیری شەیتان،

---

١ – بەژمارە(١٠٠٥)، فەرموودەیەکی حەسەنە، بڕوانە: تەخریجکردن و شەواهیدەکانی بەفراوانی لەقسەکردنم لەسەر(أربعي الآجُرِّي)(ژمارە٣٦)، نشر دار عمار.

دەنگێکیش لەکاتی ناخۆشی و کۆست و بەلاّ: دەموچاو رنینەوە، سنگ دادڕین و سنگ رنین، بەلاّم ئەم گریانە بەزەییە، هەرکەسێ بەزەیی نەبێ، خوای گەورە بەزەیی پێدا نایەتەوە، ئەگەر ئەم مردنە حەق نەبووایە و بەڵێنێکی راستگۆیانە لەئارادا نەبووایە و هەموومان بەیەک نەگەیشتنایەتەوە، ئەوە خەفەتێکمان دەخوارد زۆر لەمە سەختتر بوایە، ئێمە بۆ تۆ خەفەتبارین، چاو دەگرێ و دڵ خەفەتبارە، شتێك نالێین پەروەردگار تووڕە بکات)).

تۆش بڕوانە ئەو نەهییە دووپاتکراوەی بەخۆی ناوی گۆرانی ناوە دەنگێکی گەمژە، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو بەخراپەکار و فجور وەسفی کردووە، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو بەمەزامیری شەیتانیش ناوی بردووە.

پەیامبەری خوا(ﷺ)، ئەبو بەرکری سدیقی راهێناوە کە گۆرانی بەمەزامیری شەیتان ناو ببات، ئەوەش لەفەرموودەی سەحیحدا هاتووە و دواتر باسی دەکەین، جا ئەگەر مرۆڤێك لەو حەرامکردنە تێنەگات و شتێك وەرنەگرێت، ئەوە لەو نەهییە هیچ سوودێك ناکات.

جیاوازی هەیە لەنێوان ئەم دوو فەرمایشتەدا:((لا تَفْعَلْ)) و ((نُهِيْتُ عن كذا))، واتا:(وەها مەکە) و (نەهیم لێ کراوە لەئەنجامدانی فلاّنە شت) ئاخۆ کام لەو دووانە لەحەرامکردندا بەهێزن؟

ئەو وەلاّمەی گومان هەلّنەگرێت ئەوەیە:شێوازی دەربڕینی(نُهِيْتُ) لەحەرامکردندا بەهێزترە، چونکە(لا تَفْعَلْ) ئەگەری نەهی و شتی تریش هەلّدەگرێت، پێچەوانەی فرمانی راشکاو و روون[1].

---

١ – بڕوانە:(بدائع الفوائد)(٤/ ٤–٥)ی دانەر، سوودێکی زیاتری تێدا دەبینی.

ئاخۆ کەسی شارەزا و خواناس چۆن شتێك حەلاڵ دەکات کە پەیامبەری خوا(ﷺ) نەهی لێکردووە و بەگەمژەی خراپەکار و مەزامیری شەیتان ناوی بردووە، لەگەڵ ئەو قیژەو شیوەنەی کە شیوەنکەر بەهۆیەوە نەفرەتی بەردەکەوێ، بەبرا داینناوە؟

پەیامبەری خوا(ﷺ) بەیەك نەهی، نەهی لەو دوو کارە کرووە، یەك وەسفی بۆ هەردووکیان داناوە کە گەمژە و خراپەکارییە.

- **هەرچی ناوبردنێتی بەدەنگی شەیتان:**

ئەوە خوای گەورە بەشەیتان و کۆمەڵەکەی فەرمووە: ﴿ قَالَ ٱذۡهَبۡ فَمَن تَبِعَكَ مِنۡهُمۡ فَإِنَّ جَهَنَّمَ جَزَآؤُكُمۡ جَزَآءٗ مَّوۡفُورٗا ﴿٦٣﴾ وَٱسۡتَفۡزِزۡ مَنِ ٱسۡتَطَعۡتَ مِنۡهُم بِصَوۡتِكَ وَأَجۡلِبۡ عَلَيۡهِم بِخَيۡلِكَ وَرَجِلِكَ وَشَارِكۡهُمۡ فِي ٱلۡأَمۡوَٰلِ وَٱلۡأَوۡلَٰدِ وَعِدۡهُمۡۚ وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ إِلَّا غُرُورًا ﴿٦٤﴾ الإسراء: ٦٣ - ٦٤، واتا: خوا بە شەیتانی فەرموو بڕۆ سا هەر کەس لەوان شوێنی تۆ کەوت ئەوە بەڕاستی تۆڵەی هەمووتان دۆزەخە کە تۆڵەیەکی پڕ بەپڕە. وە هەر کەس لەوانە کە دەتوانی گومڕای بکە بەدەنگت(بە گۆرانیت) و بدە بەسەریانداو تێ یان خوڕە بەسوارو پیادەی لەشکرەکەتەوە و هاوبەشییان بکە لە مالْ و سامان و منداڵیاندا بەڵێنیشیان پێ بدە بەڵام شەیتان بەڵێنیان پێ نادات تەنها خەڵەتاندن نەبێت.

ئیبن عەباس وتوویەتی: ﴿وَٱسۡتَفۡزِزۡ مَنِ ٱسۡتَطَعۡتَ مِنۡهُم بِصَوۡتِكَ﴾، هەرشتێك بانگەواز بکات بۆ تاوان و سەرپێچی(مەعسییەت).

روونە کە گۆرانی، گەورەترین پاڵنەر و بانگەوازکارێکە بۆ تاوان، لەبەر ئەوەیە دەنگی شەیتان راڤەکراوە بەگۆرانی.

لەموجاهیـدەوە، ﴿وَٱسۡتَفۡزِزۡ مَنِ ٱسۡتَطَعۡتَ مِنۡهُم بِصَوۡتِكَ﴾، بـەوەی لەتواناتـدا هەیە، لێیان سووك و ریسوا بكە.

ئەڵێ:((دەنگی شەیتان، واتا: گۆرانی و باتڵ)).

لەحەسەنی بەسرییەوە ئەڵێ:((دەنگی شەیتان، واتا:دەف)).

- **هەرچی ناوبردنێتی بەمەزامیری شەیتان:**

ئەوە لەسەحیحەیندا هاتووە[1] لەعائیشەوە(خوای لێ رازیی بێ) ئـەڵێ:((پەیامبـەری خوا(ﷺ) هاتە ژوورەوە بۆلام و دوو جاریەم لا بوو گۆرانیی بواعسیان[2] بـۆ دەچـڕیم، پەیامبـەری خـوا(ﷺ) لەسـەر جێگەکـە پـاڵی دایـەوە و رووی خـۆی وەرگێـڕا، ئـەبو بـەکر(خوای لـێ رازیـی بـێ) هاتـە ژوورەوەو چـوو بەگژمـدا و وتـی: لای پەیامبـەری خوا(ﷺ) مەزامیری شەیتان لێ بدرێت؟! پەیامبەری خوا(ﷺ) بـەرەو رووی هەڵسـاو فەرمووی:((وازیان لێ بهێنە))[3]، کە ئەبو بەکر سەرقاڵبوو،ئاماژەم بەهەردوو جاریەکـە کردو چوونە دەرەوە.

پەیامبەری خوا(ﷺ) بەرپەرچی قسەی ئەبو بەکری نەدایـەوە کـاتێ گۆرانییەکـەی بەمـەزامیری شـەیتان نـاوبرد، بـەڵکو ئـەوەی سـەلماند، کـە ئـەو دوو جاریـە ئـەرکی شـەرعییان نەکـەوتبووە سـەر و گۆرانییـەکی ئـەعرابیان دەوت، کـە لـەڕۆژی شـەڕی بوعاسدا لەبارەی پاڵەوانێتی و شەڕەوە وترابووەوە و ئەو رۆژەش رۆژی جەژن بووە.

کۆمـەڵ و پێـڕی شـەیتان ئـەوەیان فـراوان کردووەتـەوە، پەلیکیشـاوە بـۆ دەنگـی ئافرەتێکی جوانی بێگانە یان مێرد منداڵێکی لووسکە کـە دەنگـی فیتنەیـە، شـێوەی

---

١ – بڕوانە:(المنتقى النفيس)(ص٢٩٣) و قسەی من لەسەری.

٢ – بڕوانە:(معجم البلدان)(٤٥١/١) و کتێبەکەم(أحكام العيدين)(ص٨–٩).

٣ – لەگێڕانەوەیەکدا هاتووە فەرموویەتی:((فإن هذا عيدنا)) ،واتا: ئەمە رۆژی جەژنی ئێمەیە.

فیتنەیە، لەگۆرانییەکەدا بانگەواز دەکەن بۆ داوێنپیسی و خراپەکاری و عەرەقخواردنەوە، ئەمە سەرباری بوونی ئەو ئامێرە مۆسیقایانەی کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەچەند فەرموودەیەکدا نەهی لێکردووە، لەگەڵ بوونی چەپڵە و سەما و ئەو شێوە بەرگ و مامەڵە ناشیرینەی کە هیچ کەسێکی ئایینەکان قبوڵی ناکات چ جای کەسی خاوەن زانست و ئیمان.

بەڵگە دەهێننەوە بەگۆرانیی دوو جاریەی منداڵ کە سروودی ئەعرابیان وتووەتەوەو باسی ئازایەتی و ئەو شتانە بووە، لەڕۆژی جەژندا بووە بێ ئەوەی دەف و تەپڵ و چەپڵە و سەمای لەگەڵ بووبێ. واز لەحوکمێکی روون و راشکاو دەهێنن لەبەر ئەو لێکچوونە، ئەوەش کاری هەموو مرۆڤێکی پووچەڵکارو باتڵە.

بەڵێ، ئێمەش نمونەی ئەوەی لەمانّی پەیامبەری خوادا کراوە(ﷺ) بەو جۆر و شێوازە حەرام ناکەین و رەتی ناکەینەوە[1]، بەڵکو ئێمە و تەواوی خاوەن زانستەکان و ئیمان، گوێگرتن لەپێچەوانەی ئەوە حەرام دەکەین. سەرفرازییش لەخوای گەورەوەیە.

- **هەرچی ناوبردنێتی بە(السُّمُود):**

خوای پەروەردگار فەرموویەتی:﴿ أَفَمِنْ هَٰذَا ٱلْحَدِيثِ تَعْجَبُونَ ۝٥٩ وَتَضْحَكُونَ وَلَا تَبْكُونَ ۝٦٠ وَأَنتُمْ سَٰمِدُونَ ۝٦١ ﴾ **النجم:** ٥٩ - ٦١، واتا: جا ئایا لەم وتە کە قورئانە سەرتان سووڕ دەمێنێ؟. وە پێدەکەنن و ناگرین. وە ئێوە سەرگەرم و بێ ئاگان.

عیکریمە لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ:(((السُّمُود) واتا: گۆرانی لەزمانی حیمیەردا)).

ئەوتریّ:(اسمُدي لنا): واتا: گۆرانییمان بۆ بچرە.

ئەبو زەبید ئەڵێ:

---

١ - بڕوانە:(فتح الباري)(٧/٧٧).

وكَأَنَّ العَزْيْفَ فِيها غِنَاءٌ للنَّدَامَى مِنْ شَارِبِ مَسْمُودِ

ئەبو عوبەیدە ئەڵێ:((المسمود: ئەو کەسەیە کە گۆرانیی بۆ دەچڕن)).

عیکریمە ئەڵێ:((ئەوان کە گوێبیستی قورئان دەبوون، دەستیان دەدایە گۆرانیی چڕین، بۆیە ئەم ئایەتە دابەزی)).

ئەوەش دژ نییە بەوەی لەبارەی ئەم ئایەتەوە وتراوە، بەوەی(السُّمود) بێ ئاگایی و لەبیرچوونەوەیە بەرانبەر شتێك.

ئەلموبەڕید ئەڵێ: سەرقاڵبوونەوە بەشتێکەوە لەحاڵێکی خەماوی یان خۆشییدا، لەبارەیەوە وتراوە:

رَمَى الحَدَثَانُ نِسْوَةَ آلِ حَرْبٍ بِمِقْدَارِ سَمَدْنَ لَهُ سُمُودا

ئیبن ئەلئەنباری ئەڵێ:((السَّامِدُ) واتا: لەهو و قەشمەر باز، لەبیرکەر، خۆبەزلزان، راوەستاو)).

ئیبن عەباس لەبارەی ئەو ئایەتەوە ئەڵێ:((واتا: ئێوە خۆبەزلزانن)).

ئەلزەحاك ئەڵێ:((بێ شەرمانی لەخۆبایین).

موجاهید ئەڵێ:((کەسانی تڕۆی بێ شەرم)).

کەسانی تر وتوویانە:((قەشمەر و بێ ئاگاو پشت هەڵکردوون)).

بۆیە گۆرانیی هەموو ئەوانە کۆدەکاتەوەو پێویستی دەکات. ئەوەش چواردە ناو بوو جگە لەخودی ناوی گۆرانی.

- **حەرامکردنی ئامێرەکانی مۆسیقا:**

لەڕوونکردنەوەی حەرامکردنی ڕوون و ڕاشکاوی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ ئامێرەکانی مۆسیقا و لەهو، هێنانەوەی ئەم فەرموودانەش لەو بارەیەوە:

لەعەبدولڕەحمانی کوڕی غەنم ئەڵێ: ئەبو عامر یان ئەبو مالیکی ئەشعەری(خوای لێ ڕازیی بێ) بۆی باسکردم کە گوێی لەپەیامبەری خوا بووە(ﷺ) فەرموویەتی:"لَيَكُونَنَّ مِنْ أُمَّتِي قَوْمٌ يَسْتَحِلُّونَ الحِرَ والحَرِيرَ والخَمْرَ والمَعازِفَ"،واتا: کۆمەڵێ لەئوممەتەکەم پەیدا دەبن، داوێن پیسی و حەریر و عەرەقخواردنەوەو مۆسیقا حەڵاڵ دەکەن. ئەمە فەرموودەیەکی سەحیحە[1] بوخاری لەسەحیحەکەیدا ئیخراجی کردووە و کردوویەتییە بەڵگە و بەتەعلیقێکی مەجزوم موعەللەقی کردووە[2] و ئەڵێ:((تەوەری ئەوەی هاتووە لەبارەی ئەو کەسەی عەرەق حەڵاڵ دەکات و بەناوی تڕەوە ناوی لێ دەنێت))، هیشامی کوڕی عەممار ئەڵێ:سەدەقەی کوڕی خالید بۆی باسکردین: عەبدولڕەحمانی کوڕی یەزیدی کوڕی جابر بۆی باسکردین: عەتیەی کوڕی قەیسی کیلابی بۆی باسکردین: عەبدولڕەحمانی کوڕی غەنمی ئەشعەری بۆی باسکردین، وتی: ئەبو عامر یان ئەبو مالیکی ئەشعەری بۆی باسکردم–سوێند بەخوا درۆی لەگەڵ نەکردم– کە گوێی لەپەیامبەری خوا بووە(ﷺ) فەرموویەتی:"لَيَكُونَنَّ مِنْ أُمَّتِي أقوامٌ يَسْتَحِلُّونَ الحِرَ والحريرَ والخَمْرَ والمعازِفَ، ولَيَنْزِلَنَّ أقوامٌ إلى جَنْبِ عَلَم، يَروحُ عليهِمْ بسارِحَةٍ لهُم، يأتيهِمْ لحاجةٍ، فيقولوا: ارْجِعْ إلينا غَدًا فيُبَيِّتُهُم اللهُ تعالى، ويَضَعُ العَلَمَ، ويَمْسَخُ آخَرينَ قِرَدَةً وخَنازِيرَ إلى يومِ القيامَةِ"،واتا: لەنێو ئوممەتەکەمدا کۆمەڵە قەومێك پەیدا دەبن، داوێن پیسی و حەریر و عەرەق و مۆسیقا حەڵاڵ دەکەن، لەپاڵ چیایەکدا دەگیرسێنەوە و دەوڵەمەند دەبن و دەکەونە خۆشگوزەرانییەوە، ڕێبوارێکی هەژار دێتە لایان و داوای هاوکارییان لێ دەکات، ئەوانیش ئەڵێن بڕۆ بەیانی وەرەوە، بەڵام

---

١ – بەتێر و تەسەلی و بەتەنیا قسەم لەسەری کرووە لەبەشێکی سەربەخۆدا بەناونیشانی:((الكاشف في تصحيح رواية البخاري لحديث المعازف والرد على ابن حزم المخالف ومقلِّده المُجازِف))، لەبڵاوکراوەکانی: دار ابن الجوزي، الدمام.

٢ – لەو بەشەی پێشتر ئاماژەمان پێکرد (ص٣٠–٣٢) سەلماندوومە کە ئەنەکەی موتەسلیلە.

خـوای گـەورە لەشـەودا سـزایان بەسـەردا دەهـێنێ، بەچـیاکە وێرانیـان دەکـات، ئەوانەشیان کە دەمێننەوە و نامرن، شێوەیان دەگۆڕێ بۆ مـەیون و بـەراز هـەتاوەکو رۆژی قیامەت.

ئەوەی تانەی لەدروستیی ئەم فەرموودەیە داوە، هیچ شتێکی نـەکردووە، نمونـەی ئەبو حەزم، ئەویش لەبەر سەرخستنی مەزهەبی باتڵی خۆیان لەحەلاڵکردنی ئەو شـتە پڕوو پووچـانە، وەهـای دانـاوە کـە رشـتەی گێڕانـەوە پچـڕاوە و بوخـاری رشـتەکەی نەگەیاندووە !

لەچەند رووبەکەوە وەلامی ئەو گومانە دەدرێتەوە:

یەکـەم: بوخـاری بەهیشـامی کـوڕی عـەممار گەیشـتووە و گوێبیسـتی بـووە، کـە ئەڵێ:((هیشام وتی))، وەك ئەوەیە بڵێ:((لەهیشامەوە)).

دووەم: ئەگـەر گوێبیسـتی نەبووایـە، ئـەوە پێـداگریی نـەدەکرد و جـەختی لەسـەر نەدەکردەوە، بەڵام دروست لەوەوە هاتووە، ئەوەش زۆرجار ئـەوەی کـردووە، لەبـەر زۆریی گێڕانەوەی لەو زانایەو بەناوبانگیی ئەو زانایە، ئەگینا بوخاری زۆرترین کەسێکە لەتەدلیس و لێشێواندن بەدوورە.

سێیەم: لەبەر بوونی بەڵگە و بەهێزبوون و بەڵگـە هێنانـەوەی پێـی، خسـتوویەتییە نێو کتێبی(الصحیح)ەوە، ئەگەر دروست نەبووایە، ئەوەی نەدەکرد.

چـوارەم: بەشـێوازی جـەخت لەسـەر کردنـەوەو جـەزم موعەللـەقی دانـاوە نـەك بەشێوازی رەوانەکردن(تمریض)، ئەگەر لەسەر فەرموودەکە هەڵوێستەی بکردبایە یان لەسـەر مـەرجی خـۆی نەبووایـە، ئـەوە دەیـووت:((دەگێڕدرێتـەوە لەپەیامبـەری خواوە(ﷺ)) یان ((لێیەوە باس دەکرێت)) و هاوشـێوەی ئەوانـەی دەوت، بـەڵام کـە

وتوویەتی:((پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی))، ئەوە دڵنیابووەتەوەو یەکلای کردووەتەوە کە فەرمایشتی پەیامبەری خوایەو گومانی تێدا نییە[1].

پێنجەم: ئەگەر هاتوو هەموو ئەوانەشمان خستەلاوە، ئەوە لای کەسانی تریش ئەو فەرموودەیە سەحیح و موتەصیلیشە(واتا پچڕان لەڕشتەی گێڕانەوەدا نییە).

ئەبو داوود لەکتێبی(اللِّباس)دا ئەڵێ[2]:((عەبدولوەهابی کوڕی نەجدە بۆی باسکردین: بیشری کوڕی بەکر بۆی باسکردین لەعەبدولڕەحمانی کوڕی یەزیدی کوڕی جابرەوە: عەتییەی کوڕی قەیس بۆی باسکردین، وتی: گوێم لەعەبدولڕەحمانی کوڕی غەنمی ئەشعەریی بوو وتی: ئەبو عامر یان ئەبو مالیك بۆی باسکردین: بەکورتی باسیکرد.

ئەبو بەکر ئەلئیسماعیلیی لەکتێبی(الصحیح)یدا بەموسنەدیی گێڕاویەتییەوە و ئەڵێ:((ئەبو عامر)) و، گومانی نەبووە.

ڕووی بەڵگەی لەوەدا ئەوەیە، المعازف تەواوی ئامێرەکانی مۆسیقا و رابواردنە و لەنێوان زمانەوانەکاندا هیچ جیاوازی و ناکۆکییەك نییە لەو بارەیەوە نییە، جا ئەگەر حەڵاڵ بوایە، ئەوە بۆ لەسەر حەڵاڵکردنی سەرزەنشت دەکران و حەڵاڵکردنی ئەو کارە، ئەخرایە ریزی حەڵاڵکردنی عەرەق و حەریرەوە؟

پێشتر باسمان کرد کە گۆرانیبێژان و ئەوانەی بەفیتنەی گوێگرتن بەگۆرانیی تووشهاتوون، ئەوانی شوبهاندووە بەگوێبیستنی دەنگی شەیتان و لەکتێبە گەورەکەماندا(السَّماع)[3] و جیاوازیی ئەوەمان باسکردووە لەنێوان ئەوەی گوێبیستنی دێڕە شیعرەکان گوێی مرۆڤ ئەخاتە جوڵە و ئەوەی گوێبیستنی قورئان گوێی مرۆڤ

---

١ – بڕوانە:(فتح الباري)(١/١٧٤ و ٢/٢٠٥ و ١٠/ ٥٣).

٢ – بەژمارە(٤٠٣٩)، بڕوانە:(الكاشف)(ص٤١).

٣ – لەم نزیکانەدا لەبەرگێکی جواندا چاپکرا لە دار العاصمة، الرياض، بەلێکۆڵینەوەی: راشد بن عبد العزيز الحمد.

ئەخاتە جولّە، ئەو هاوشێوەیی و لێتێکچوونەشمان باس کردووە کە بەندەکان تەنانەت دوژمنەکەشی لەنزیکیدا پێی کاریگەر دەبێ.

هەرکەسێ ویستی و حەزی کرد لەسەر ئەوە هەڵوێستە بکات، ئەوە لەو کتێبەدا تێروتەسەل باسکراوە، لێرەدا لەبەر ئەوەی یەکێکە لەفێڵ و تەڵەکەبازییەکانی شەیتان، ئەوە بەپوختەیەکی کەم ئاماژەمان بۆ کردووە[1]، خوای گەورە پشتیوانە.

***

٦) سابرێنی بەکرێگیراو

یەکێك لەو فێڵ و تەلەکانەی شەیتان کە لەڕێگەیەوە بەمەبەستی خۆی گەیشتووە، فێڵی مارە بەجاشە، کە پەیامبەری خوا(ﷺ) نەفرەتی کردووە لەو کەسەی ئەنجامی دەدات و بەسابرێنی بەکرێگیراو و بەئەمانەت هێنراوی شوبهاندووە، بەهۆیەوە شەرمەزاری و ریسوایی گەورەتر بووەتەوە و بەهۆیەوە بێباوەڕان عەیبەیان لەموسڵمانانی گرتووە. بەهۆی ئەو کارەوە خراپەکارییەك رووی داوە کە تەنیا خوای گەورە قەبارە و رێژەی دەزانێت. بۆ ئەم کارە، کۆمەڵێ پیاو بەنمونەی سابرێنی را دراو کۆکراونەتەوە، پەیامبەری خوا(ﷺ) ناوی لێناوە سابرێنی بەکرێگیراو(التَّیْس المُستَعار)، پێشینیش ناویان لێناوە(بزمار و مێخی دۆزەخ).

ئەگەر دەبینی ئافرەتانی سەربەستی داوێن پاك لەبەردەم دوکانی ئەواندا سەرکز وەستاون کە ژن لەمێردی یەکەم مارە دەکەنەوە و دەڕوانن ئەو پیاوانە وەك چۆن مەڕ بڕوانێتە چەقۆی سەربڕ و قەسابەکەی و ئەڵێ: خۆزگە پێش ئەمە دەمردم.

---

١ – لەم پوختەیەدا ئەو سوودو وشانە دەبینیتەوە کە لەو کتێبە گەورەیەدا نایبینیتەوە، بۆیە پێداگربە لەسەر قسەی زانایان با جیاوازیش بن، با هیچ شتێکت لەدەست نەچێت.

هەردوولا رێك دەكەون لەسەر شتێك كە نەفرەت و تووڕەیی خوا دەهێنێ، كابرا دەچێ و ئافرەتیش دوای دەكەوێت بەبێ شایی و راگەیاندنی هاوسەرگیری، بەڵكو بەشێوەی شاراوەو نهێنی ئەنجام دەدرێت، نە مااڵێ نە كەلوپەلێكی بوكێنی و نە ماڵێكی مێردایەتیی،هیچ لەوانە بوونی نییە، نە كەسوكار و نزیكانێك دیارییەك پێشكەش بكەن، نە مارەییەكی پێش وەختە دراو و نە مارەییەكی پاشەكی، نە خەرجی و نە بەرگێك، نە رازاندنەوەی خوان بۆ میوانانی گواستنەوە و نە دەفێك[1] نە باسكردنێ بۆ خەڵك و نە ئاشكراكردنێك، مێرد مارەیی دەدات و كابرای بەسابرێن شوبهێنراویش لەسەر جووتبوونی لەگەڵ ژنەی كابرا، پاداشتێك وەردەگرێت.

كە كابرای بەسابرێن شوبهێنراو لەگەڵ ژنەدا دەچنە ژوورەوەو دەرگا لەسەر خۆیان دادەخەن، مێرد و كەسێكی سەرپەرشتیاری ژنە لەبەردەم دەرگاكە رادەوەستن، تاوەكو كابرای بەسابرێن شوبهێنراو بەئاوی جووتبوونی خۆی، ژنە لەپیسیی حەرام پاك بكاتەوە و بەنەفرەتی خواو پەیامبەرەكەی(ﷺ) گوڵاوبەخشی بكات.

كە گواستنەوەی مارە بەجاش تەواو بكەن كە ئەو خۆشەویستی و بەزەییەیان لەنێواندا نییە كە خوای گەورە لەكتێبەكەیدا باسیكردووە، ئەگەر كابرا پێش وەختە پارەی پێ درابێ باشە، ئەگەرنا بەندی دەكات و ئامادەی تەاڵقدانی نابێ هەتاوەكو پارە و كرێی خۆی وەرنەگرێ. كە پارەی وەرگرت و بەقسە و گومانی خۆی لەحەرامبوونی لەمێردی یەكەمی پاكی كردەوە، پێی ئەڵێ: دانی پێدا بنێ چی لەنێوانماندا رووی دا تاوەكو تەاڵقت بەسەردا جێبەجێ ببێ و خۆت و مێردەكەت بگەڕێنەوە لای یەك و خۆشەویستییتان بكەوێتە نێوانەوە، شایەتەكان ئامادە دەبن و

---

١ – لەقسەم لەسەر(المنتقى)(ص٢٩٢) رووننكردووەتەوە كە تەنیا لەجەژن و مارەبڕیندا رێگە دەدرێ دەف بەكاربهێنرێت، ئەوەش تەنیا بۆ ئافرەتان.

لێی دەپرسن: ئاخۆ ئاوەها بوو، پێکەوە جووتبوون؟ ئەویش ناتوانێ رەتیبکاتەوە، پاداشت و کرێیەك لەتەلاقدەر وەردەگرن و ئەیدەنە کابرای بەسابرێن شوبهێنراو.

زۆرجار پیاوانی بەسابرێن شوبهێنراو لەدوو گرێبەستدا دەبنە مێردی دایك و کچ، ئاوی پیاوەتیی دەرژێننە داوێنێ دایك و کچ و دوو خوشك، جا هەرکەسێ ئەوە کارو کردەوەی بێ، شایستەیە بەو نەفرەتەی کە عبداللەی کوڕی مەسعود(خوای لێ رازیی بێ) ئەیگێڕێتەوەو ئەڵێ:"لَعَنَ اللهُ المحلِّلَ والمحلَّلَ لهُ"واتا: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو کەسەی ئافرەتێك مارە دەکات تاوەکو حەلاڵی بکات بۆ یەکێکی ترو ئەو کەسەش ئەوەی بۆ حەلاڵ دەکرێت. حاکم لە(الصحیح)دا گێڕاویەتییەوە[1]، هەروەها ترمیزییش، ئەڵێ: فەرموودەیەکی حەسەن و سەحیحە.

ئەڵێ: لای زانایان کاری پێ دەکرێت، لەوانە عومەری کوڕی خەتاب و عوسمانی کوڕی عەفان و عبداللەی کوڕی عومەر(خوای گەورەیان لێ رازیی بێت)، بۆچوون و قسەی شەرعناسانی تابیعینیشە.

لەعەلی کوڕی ئەبو تاڵیبەوە(خوای لێ رازیی بێ) ئەویش لەپەیامبەری خواوە(ﷺ): "أنَّه لَعَنَ المحلِّلَ والمحلَّلَ لهُ"،واتا:نەفرەتی کردووە لەو کەسەی ئافرەتێك مارە دەکات تاوەکو حەلاڵی بکات بۆ یەکێکی ترو ئەو کەسەش ئەوەی بۆ حەلاڵ دەکرێت. ئیمامی ئەحمەد و خاوەنەکانی(السنن)هەموویان گێڕاویانەتەوە جگە لەنەسائی[2].

---

١ – واتا لە(المستدرك) تیایدا نییە، هیچ یەك لەتەخریجکارانیش لەوانەی من بینیوومن، نەیانداوەتەوە پاڵی. بڕوانە: قسەی دانەر لەئاسانکاریی الحاکم لە(الفروسیة)(ص٤٦). ترمیزی(١١٢٠) و نەسائی(١٤٩/٦) و دارمی(١٥٨/٢) و ئیبن ئەبی شەیبە(١٩٠/١٤) گێڕاویانەتەوەو سەنەدەکەشی سەحیحە.

٢ – ئەحمەد(٨٣/١ و ٨٧ و ٨٨) و ئەبو داوود(٢٠٧٦ و ١١١٩) و ئیبن ماجە(١٩٣٥) و بەیهەقی(٢٠٨/٧) و ئیبن ئەلجەوزی لە(الواهیات)(١٠٧٣) گێڕاویانەتەوە.

لەئەبو هورەیرەوە(خوای لێ رازیی بێ) وتوویەتی: پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: "لَعَنَ اللهُ المحلِّلَ والمحلَّلَ لهُ"،واتا: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو کەسەی ئافرەتێك مارە دەکات تاوەکو حەلاڵی بکات بۆ یەکێکی ترو ئەو کەسەش ئەوەی بۆ حەلاڵ دەکرێت. ئەحمەد بەئیسناد گێڕاویەتییەوە، پیاوانی گێڕەرەوە هەموویان متمانەدارن، ئیبن موعین و کەسانی تریش هەموویانیان بەمتمانەدار بینیووە[1].

ترمیزی لەکتێبی(العلل) ئەڵێ[2]: لەبارەی ئەم فەرموودەیەوە لەئەبو عبدالله موحەممەدی کوڕی ئیسماعیلی بوخارییم پرسی، ئەویش وتی: فەرموودەیەکی حەسەنە، عبدالله‌ی کوڕی جەعفەری مەخزومی راستگۆ و متمانەدارە، عوسمانی کوڕی موحەممەدی ئەخنەسییش متمانەدارە.

لەعوقبەی کوڕی عامرەوە(خوای لێ رازیی بێ) ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: "أَلَا أُخْبِرُكُمْ بِالتَّيْسِ المُستعارِ؟ قالوا: بلى يا رسول صلّى الله عليه وسلم، قَالَ:«هُوَ الْمُحَلِّلُ، لَعَنَ اللَّهُ الْمُحَلِّلَ وَالْمُحَلَّلَ لَه"واتا: ئایە هەوالّتان پێ بدەم لەبارەی سابرێنی بەکرێگیراوەوە؟ وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا. فەرمووی: ئەو کەسەیە کە مارە بەجاش ئەکات تاوەکو ژن بۆ مێردی یەکەم حەلاڵ بکات، پاشان فەرمووی: نەفرەتی خوا لەو کەسەی ئافرەت بۆ مێردی یەکەم حەلاڵ ئەکات و

---

١ – ئەحمەد(٣/٣٢٣) و بەیهەقی(٧/٢٠٨) و ئیبن ئەلجارود(٦٨٤) و ئەلبەزار(١٤٤٢) گێڕاویانەتەوە بەسەنەدێکی سەحیح.

٢ – (العلل الكبير)(١/٤٣٧). ئەلزەیلەعی لە(نصب الراية)(٢/١٩٨) نیسبەتی داوەتەوە پاڵ ئەبی یەعلا و ئیسحاق بن راهوەیهی.

ئەوەشی ژنی تەلاقدراوی بۆ حەلاڵ دەکرێتەوە. ئیبن ماجە بەئیسنادێك گێڕاویەتییەوە پیاوانی گێڕانەوەکە هەموویان متمانەدارن و تانە لەهیچ کەسێکیان نەدراوە[1].

هەروەها فەرموودەیەکی نافیع لەئیبن عومەرەوە(خوای گەورە لەخۆی و باوکی رازیی بێ) کە: پیاوێك پێیووت: ئافرەتێکم ماڕە کردووە تاوەکو بۆ مێردەکەی حەلاڵی بکەمەوە لەدوای خۆم، ئەو پیاوە نە فەرمانی ئەوەی پێ کردووم نە ئەشزانێ ئەوەم نیازە؟ وتی: نە، تەنیا دەبێ هاوسەرگیرییەکی ئارەزوومەندانە بێ. ئەگەر ئەو ئافرەتەت ویست، لای خۆت بیهێڵەرەوە، ئەگەر حەزیشت پێ نەبوو، ئەوە تەلاقی بدە. ئێمە لەسەردەمی پەیامبەری خوادا(ﷺ) ئەمەمان بەداوێنپیسی(سفاح) دادەنا))[2].

هەرچی ئەسەر و بۆچوونی هاوەڵان و تابیعین و ئەوانی دواترە، ئەوە لەو بارەیەوە قسەی زۆریان هەیە.

لەکتێبی(المصنَّف)ی ئیبن ئەبی شەیبە و (سُنَنِ الأثرم) و (الأوسط)ی ئیبن ئەلمونزیر ژمارەیەکی زۆری بۆچوون و قسەی ئەوان هاتووە.

---

١ - ئیبن ماجە(١٩٣٦) و حاکم(١٩٨/٢) و بەیهەقی(٢٠٨/٧) و تەبەرانی لە(الکبیر)(٢٥٨/١٧)(رقم٨٢٥) و دارەقوتنی(٢٥١/٣) و ئیبن ئەلجەوزی لە(الواهیات)(١٠٧٢) گێڕاویانەتەوە لەڕێگەی لەیس ئەویش لەمیشرەحی کوڕی هاعان ئەویش لەعوقبەی کوڕی عامرەوە. شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە بەتێرو تەسەلی قسەی کردووە لەبارەی ئەم فەرموودەیە لە(إقامة الدلیل)(١٥٥-١٥٦) پاشان ئەڵێ:((سەلماوە ئەم فەرموودەیە باشە(جید) و ئیسنادەکەشی حەسەنە)).

ئیبن ئەبی حاتەم بەعیللەتێك عیللەداری کردووە کە زانایان ڕەتیان کردووەتەوە، بڕوانە:(نصب الرایة)(٢٣٩/٣-٢٤٠).

٢ - حاکم(١٩٩/٢) و بەیهەقی(٢٠٨/٧) و تەبەرانی لە(الأوسط) هەروەك لە(المجمع)(٢٦٧/٤) گێڕاویانەتەوە لەڕێگەی موحەممەدی کوڕی موتەریف ئەویش لەڕێگەی عومەری کوڕی نافیعەوە ئەویش لەباوکییەوە ئەویش لەئیبن عومەرەوە، سەنەدەکەشی سەحیحە.

- یەکێك لەشتە سەیر و سەمەرەکان، دژایەتیکردنی ئەو فەرمووده و ئەسەرانەی هاوەڵانە بەم فەرمایشتەی خوای گەورە: ﴿فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُۥ مِنۢ بَعۡدُ حَتَّىٰ تَنكِحَ زَوۡجًا غَيۡرَهُۥۗ﴾ البقرة: ٢٣٠، واتا: ئینجا ئەگەر تەڵاقی(سێیەمی)دا ئیتر ئەو ژنە بۆ ئەو پیاوە دروست نیە هەتا شوونەکات بە مێردێکی تر(بە ئێجگاری).

ئەو کەسەی ئەو ئایەتەی بەسەردا دابەزیووە، هەر ئەو کەسەیە کە نەفرەتی کردووە لەو کەسەی ژنی تەڵاقدراو حەڵاڵ دەکاتەوە و ئەو کەسەش کە ژنی تەڵاقدراوی بۆ حەڵاڵ دەکرێتەوە، بێگومان هاوەڵانیشی لەهەموو خەڵکیی تر شارەزاترن بەقورئان، ئەوان ئەو جۆرە پیاوەیان بەمێرد بۆ ئەو ئافرەتە تەڵاقدراوە نەزانیووە و مارەبڕینی لەو جۆرەیان هەڵوەشاندووەتەوە و نەفرەتیان لێ کردووە.

سەیرتر لەوە قسەی هەندێکیانە: ئێمە ئەوە دەکەینە بەڵگە بۆ کاری خۆمان کە ناوی لێناوە(حەڵاڵکەر)، ئەگەر حەڵاڵبوونی ئەو کارەی نەسەلماندبێ، ئەوە ناوی لێ نەدەنا حەڵاڵکەر.

لەوەڵامدا ئەوترێ: ئەوە یەکێکە لەقسە هەرە گەورەو تاوانەکان، ئەوە لەخۆدەگرێت کە پەیامبەری خوا(ﷺ) نەفرەتی کردووە لەو کەسەی پەیڕەوی سوونەت و رێبازی ئەوی کردووە، نەفرەت کەسێك کە کارێکی جائیز و راستی کردووە لەشەریعەتەکەیدا، دەبێ بزانرێت کە ناوی لێناوە حەڵاڵکەر، چونکە حەرامی خوای حەڵاڵکردووە بۆیە شایستەی نەفرەتە، خوای گەورە لەسەر تەڵاقدەر ئەو ئافرەتەی حەرام کردووە تاوەکو کەسێکی تر مارەی دەکات.

مارەکردن(النكاح) ناوێکە لەقورئان و سوونەت بۆ ئەو هاوسەرگیرییەی کە لەنێو خەڵکییدا ناسراوە و ئەزانرێت و لای خەڵك ئاشکرایە و خەڵك دەزانێ ئەم پیاوە ئەو ئافرەتەی مارە کردووە، دەف لێ دەدرێت و خواردن بەخەڵك دەدرێت و شوێنی

نیشتەجێبوونێ دیاریی دەکرێت و خوای گەورە ئەیکاتە مایەی خۆشەویستی و بەزەیی، نەریتی ئەو هاوسەرگیرییە شەرعییە پێچەوانەی نەریتی مارە بەجاشە.

کەسێك کە لەمارەبەجاشدا رۆڵی مێرد دەگێڕێت، هیچ خەرجی و بەرگ و شوێنێکی نیشتەجێبوون ناگرێتە ئەستۆ، هیچ مارەیی و دیارییەك نادات، هیچ رەچەڵەك و خزمایەتییەك رووندادات، نیازی مانەوەی لەگەڵ هاوسەردا نییە، بەڵکو لەبری پارەیەك دەچێتە لای ئەو ژنە، نمونەی سابرێنێکە بەئەمانەت بۆ پەڕین دەبردرێت، هەر لەبەر ئەوەیە پەیامبەری خوا(ﷺ) بەسابرێنی شوبهاندووە و نەفرەتیشی لێ کردووە.

بەجۆرێك کە گومانی تێدا نییە ئەزانرێت و روونە، کە ئەو مێردە نییە وا لەقورئاندا باسکراوە، ئەو هاوسەرگیری و مارەییەش نییە کە لەقورئاندا باسکراوە.

خوای گەورە دڵی خەڵکیی لەسەر ئەوە سرووشتدار کردووە کە ئەوە هاوسەرگیریی نییە، حەلاڵکەریش مێرد نییە، کارێکی ناشیرین و قێزەونە،مایەی عەیبدارکردنی ژن و مێرد و ژنی بۆ حەلاڵکراو و کەسوکاری ژنە. ئەمە چۆن دەچێتە خانەی ئەو هاوسەرگیرییەی کە خواو پەیامبەرەکەی دایانڕێژاوە و خۆشیاندەوێ، پەیامبەر(ﷺ)یش هەواڵی داوە کە ئەوە بەشێکە لەسوونەتی ئەو، هەرکەسێ پشت لەسوونەتی بکات لەو نییە[1].

ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە، کەسی حەلاڵکەر لەمارە بەجاش لەڕەگەزی دووڕووە، مرۆڤی دووڕوو لەڕواڵەتدا وەهای دەردەخات کە لەڕواڵەت و ناخدا پابەندە بەئیسلامەوە، بەڵام لەناخدا وەها نییە، کەسی حەلاڵکەریش لەڕواڵەتدا وەهای دەردەخات کە مێردی ئەو ژنەیە و هاوسەرگیریی مەبەستە و کارەکە ناودەنێت بەمارەبڕین، شایەتیی دەدات لەسەر رازیبوونی ئەو ئافرەتە، بەڵام لەناخدا شتێکی

---

١ – بڕوانە: ئەو فەرموودەیەی لەو بارەوە هاتووە و تەخریجکردنی لە(المنتقى النفيس)(ص٣٥).

پێچەوانە هەیە، نە نیازی هەیە ببێتە مێردی ئەو ئافرەتە و نە مارەییەك دەدات و نە مافی ژن و مێردایەتییش بەجێدەگەیەنێ، ناخ و روالەت پێچەوانە بەیەکن و خواش ئاگاداره بەناخ و روالەت، خودی ئامادەبووان و ئافرەتەکەش ئەو حەقیقەتە دەزانن.

یەکێکی تر لەبەلگەکانی باتڵبوون و پووچەڵیی ئەو کارە، ئەوەیە لەهاوسەرگیری خەڵکانی سەردەمی نەفامی و هاوسەرگیریی ئەهلی ئیسلام نییە، خەڵکانی سەردەمی نەفامی لەهاوسەرگیرییدا شتانی ناشەرعییان ئەنجام دەدا، بەڵام بەهاوسەرگیریی مارە بەجاش رازیی نەدەبوون و ئەوەیان ئەنجام نەدەدا.

لەسەحیحی بوخاریدا[1] هاتووە لەعوروەی کوڕی زوبەیرەوە بەوەی عائیشە(خوای لێ رازیی بێ) هەواڵی پێداوە: "کە هاوسەرگیریی لەسەردەمی نەفامییدا چوار جۆر بووە: جۆرێکی ئەوەیە کە خەڵکیی ئەمڕۆ ئافرەتانی مەحرەمی یان کچی خۆی لەپیاوێك مارە دەکات بەوەرگرتنی مارەییەك بۆ ئافرەتەکەو ئافرەتەکە دەبێتە خێزانی پیاوەکە، جۆرێکی تری مارە کردنیش ئەوە بووە، پیاو کە ژنەکەی لەسووڕی مانگانە پاکبووایەتەوە دەیووت: بڕۆ بۆلای فلانە پیاو و لەگەڵیدا جووت ببەو تۆو بخاتە منداڵدانتەوە، ئیتر خۆی نزیکی ژنەکەی نەدەکەوتەوە تاوەکو دڵنیادەبوویەوە لەو پیاوە سکی پڕ بووە، ئەو کارە بۆیە دەکرا، تاوەکو کوڕ بخاتەوە و پێیدەوترا هاوسەرگیریی سکپڕکردن(نکاح الاستبضاع)، جۆرێکی تری هاوسەرگیری هەبوو کەمتر لە دە پیاو کۆدەبوونەوەو دەچوونە لای ئافرەتەکەو لەگەڵیدا جووت دەبوون، کە سکی بۆ دروستبووایە، لەدوای هاتنە دونیای منداڵەکە ئەو پیاوانەی کۆدەکردەوەو بۆ هیچ کەسێکیان نەبووە ئامادە نەبێ، پێیدەوتن: خۆ دەزانن لەگەڵمدا جووت بوونە و منیش لەئەنجامی ئەو کارەدا ئەم منداڵەم هێناوەتە دونیاوە، ئەم منداڵە لە تۆ دەکات

---

١ – ژمارە(٥١٢٧).

ئەی فلآنە کەس، چی ناوێکت پێ خۆشە لێی بنێ، ئیتر ناوی ئەو کابرایەی هەڵدەگرت و بەکوڕی ئەو بانگ دەکرا و پیاوەکە نەیدەتوانی خۆی لێ بەدوور بگرێ، جۆری چوارەمی هاوسەرگیری، کۆمەڵێ خەڵکی زۆر کۆدەبوونەوەو دەچوونە لای ئافرەتێك و لەگەڵیدا جووت دەبوون، ئافرەتەکە رێگری لەکەس نەدەکردو داوێنپیس بوون، لەسەر دەرگاکانیان ئالآیان هەڵکردبوو، نیشانەیەك بوو هەرکەس بیویستبایە دەچوو لەگەڵیاندا جووت دەبوو، کە سکی پڕبووایە و منداڵەکەی بهێنابایەتە دونیاوە، ئەو خەڵکە لای کۆدەبوونەوەو شێوەی لەکامیان بچووایە دەبووە منداڵی ئەو، بەڵام کە موحەممەد(ﷺ) بەپێغەمبەرایەتیی راستەوە هات، هاوسەرگیری جاهیلیی تێکوپێکشکاند و تەنیا ئەو جۆرە هاوسەرگیرییەی هێشتەوە کە ئەمڕۆ هەیە".

رووبە: هاوسەرگیری مارە بەجاش لەو هاوسەرگیرییە نییە کە عائیشە(خوای لێ رازیی بێ) ئامازەی پێ داوە بەوەی، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) جێگیری کردووە و هەڵیەوەشاندووەتەوە. مارە بەجاش خەڵکی سەردەمی نەفامییش پێی رازیی نەبوونە و بەشێك نەبووە لەهاوسەرگیریی ئەوان، بێگومان فێترەت و ئوممەتانیش پێیان ناشیرینە و ئەنجامدەری پێی عەیبدار دەکەن.

- **فێڵی نەکەوتنی تەلآق:**

سەرپێچیکردنی فەرمانی خوا و پەیامبەر(ﷺ) هۆکاری هەموو ئەو کێشەیەن، هەروەها گوێڕایەڵیکردنی شەیتانیش هۆکارە بۆ کەوتنە ئەو تەلآقەی کە بەو جۆرە نییە خوای گەورە دایڕێژاوە.

لەسەحیحی موسلیمدا هاتووە[1] لەجابری کوڕی عبداللەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:"إِنَّ إِبْلِيسَ يَضَعُ عَرْشَهُ عَلَى الْمَاءِ، ثُمَّ يَبْعَثُ

---

١ - بەژمارە(٢٩٢٥).

سَرَايَاهُ، فَأَدْنَاهُمْ مِنْهُ مَنْزِلَةً أَعْظَمُهُمْ فِتْنَةً، يَجِيءُ أَحَدُهُمْ، فَيَقُولُ: فَعَلْتُ كَذَا وَكَذَا، فَيَقُولُ: مَا صَنَعْتَ شَيْئًا، قَالَ: وَيَجِيءُ أَحَدُهُمْ، فَيَقُولُ: مَا تَرَكْتُهُ حَتَّى فَرَّقْتُ بَيْنَهُ وَبَيْنَ أَهْلِهِ، قَالَ: فَيُدْنِيهِ مِنْهُ – أَوْ قَالَ: فَيَلْتَزِمُهُ – وَيَقُولُ: نِعْمَ أَنْتَ أَنْتَ"،واتا: ئیبلیس تەختی دەسەلاتی خۆی لەسەر ئاو دادەنێت، پاشان سەربازانی خۆی بلاوە پێ دەکاتەوە، کامەیان فیتنەی گەورەترین بێ، ئەوەیان لایان پێگەی بەرز و گەورەی هەیە، یەکێکیان دێت و ئەڵێ: ئەوەو ئەوەم کرد، ئیبلیس ئەڵێ: هیچت نەکردووە. یەکێکی تریان دێت و ئەڵێ: وازم لەپیاوێك نەهێنا هەتاوەکو خۆی و ژنەکەیم لەیەك جیاکردەوە. ئیبلیس ئەوەیان لەخۆی نزیك دەخاتەوەو لای خۆی دووری ناخاتەوەو ئەڵێ: بەڵێ ئەوە کارە کە تۆ کردووتە.

بێگومان شەیتان و حیزب و پێڕەکەی سەرسامن بەڕوودانی تەلاق و جیابوونەوەی نێوان ژن و مێرد. زۆرجار مێردی تەلاقدەر پەشیمانیی دەکێشێ و لەدووریی ژنەکەی ئۆقرەی لێ دەبڕدرێت و ئۆقرەش ناگرێ چاوەڕوانیی بکات تاوەکو ژنەکەی مێرد بکاتەوە بەکەسێك و حەزی مانەوەی لەگەڵدا هەبێ هەتا ئەو کاتەی مێردی نوێ دەمرێت یان تەلاقی دەدات، ئینجا لەدوای عیددە مارەی بکاتەوە، ئارام ناگرێت و بێ ئۆقرە دەبێ بۆیە پەنا دەباتەبەر مارە بەجاش، ئەوە فێڵێکە و بۆ خەڵکیی ناویانەتەوە!

***

٧) جیابوونەوەی شەرعی

بزانە، هەرکەسێ لەتەلاقداندا لەخوا بترسێ و تەلاقدانی بەو جۆرە بێ کە خوای گەورەو پەیامبەرکەی و شەریعەتەکەی فەرمانیان پێ داوە، هەرگیز پێویستی بەمارە بەجاش نابێ، لەبەر ئەوەیە خوای گەورە لەدوای باسکردنی حوکمی تەلاقدانی ڕەوا،

فەرموویەتی:﴿ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا ۝٢ ﴾ الطلاق: ٢، واتا:هەر کەسێ خواناس بێ خوا دەروی لێ دەکاتەوە.

ئەگەر تەواوی ژنانی تەلاقدەر لەخوابترسابایەن، ئەوە پێویستیان بەفێڵ و تەڵەکەبازی و پەنابردنە بەر تاوان نەدەبوو، ئەو تەلاقەی کە خوای گەورە داینـاوە، ئەوەیە: مێرد لەکاتی پاکبوونەوەی ئافرەتەکە لەحەیز و جووت نەبووندا تەلاقی بدات، یەک تەلاقیشی بدات و بهێڵێ هەتاوەکو عیددەی بەسەردەچێ، ئەگەر ویستی بیگێڕێتەوە، لەعیددەدا بیهێڵێتەوە، ئەگەر نەچووەلای تاوەکو عیددەی بەسەربچێ، دەتوانێ بەگرێبەستێکی تر بەبێ مێردکردنی بەکەسێکی تر بیگێڕێتەوە لای خۆی، بەڵام ئەگەر هیچ نیازێکی نەبوو لەگێڕانەوەی، ئەوە هیچ کێشەیەک نییە لەوەی مێرد بەپیاوێکی تر بکات.

هەرکەسێ بەو هەنگاوانە کار بکات، پەشیمانیی ناکێشێ و پەنا ناباتەبەر فێڵ و تەڵەکەبازی و مارە بەجاش.

خوای گەورە تەلاقی قۆناغ و جار لەدوای جار داناوەو هەمووی لەبنەڕەتەدا نەخستووەتە یەک کاتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِۖ ﴾ البقرة: ٢٢٩، واتا: تەلاقێک کە بردنەوەی لە دواوە بێت دوو جارە.

(المرَّتان– دووجار) لەزمانی عەرەب و تەواوی خەڵکییدا، جار لەدوای جارە، قورئان لەسەرەتایەوە تاوەکو کۆتایی و سوونەتی پەیامبەر(ﷺ) و قسەی تەواوی عەرەب بۆ ئەوە شایەتیی دەدەن، نمونەی فەرمایشتی خوای گەورە:﴿ سَنُعَذِّبُهُم مَّرَّتَيۡنِ ﴾ التوبة: ١٠١، واتا:لە ئایندەدا دووجار سزایان دەدەین.

هـــەروەها فەرمایشـــتی: ﴿ أَوَلَا يَرَوْنَ أَنَّهُمْ يُفْتَنُونَ فِي كُلِّ عَامٍ مَّرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ ثُمَّ لَا يَتُوبُونَ وَلَا هُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴿١٢٦﴾ ﴾ **التوبة: ١٢٦،** واتا:ئایا ئەوانە نازانن و نابینن بێگومان ئەوان تاقی دەکرێنەوە لە هەموو ساڵێکدا جارێ یان دووجار پاشان ئەوان ناگەڕێنەوە و تۆبە ناکەن و پەند وەرناگرن.

هەروەها دەفەرموویت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِيَسْتَـْٔذِنكُمُ ٱلَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ وَٱلَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُواْ ٱلْحُلُمَ مِنكُمْ ثَلَٰثَ مَرَّٰتٍ ۚ مِّن قَبْلِ صَلَوٰةِ ٱلْفَجْرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ ٱلظَّهِيرَةِ وَمِنۢ بَعْدِ صَلَوٰةِ ٱلْعِشَآءِ ۚ ثَلَٰثُ عَوْرَٰتٍ لَّكُمْ ﴾ **النور: ٥٨**

واتا:ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە دەبێ مۆڵەتتان لێ وەرگرن ئەو کەسانەی بەندەی ئێوەن(بەندەکانتان) هەروەها منداڵەکانتان کە هێشتا باڵغ نەبوون لە سێ کاتدا(بۆ چوونە ژووری نوستنی ژن و مێرد) لە پێش نوێژی بەیانی وە کاتێ پۆشاکتان دادەنێن(لا دەبەن لەبەرتان دا)لە کاتی نیوەڕواندا و لەپاش نوێژی عیشا(خەوتنان)ئەم سێ کاتە کاتی خۆ دەرخستنە بۆتان دروستە.

نمونەی ئەوانە ئەوەندە زۆرە لەژمارە نایەت. پاشان خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُۥ مِنۢ بَعْدُ حَتَّىٰ تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُۥ ﴾ **البقرة: ٢٣٠،** واتا: ئینجا ئەگەر تەلاقی(سێهەمی)دا ئیتر ئەو ژنە بۆ ئەو پیاوە دروست نیە هەتا شوونەکات بە مێردێکی تر(بە ئێجگاری).

ئەوە ئەو تەلاقە شەرعییەیە کە خوای گەورە دایڕێژاوە و جار لەدوای جارە. لەپووی ژمارەوە ئەوە شەریعەتی ئەوە.

هەرچی تەشریعی خوای گەورەیە لەپووی کاتەوە، ئەوە بەپێی عیددە داینـاوە، پەیامبـەری خـوا(ﷺ) شـیکردووەتەوە بـەوەی، لەپاکبوونـەوە لەحـەیز و بـەبێ

ئەنجامدانی جووتبوون تەلاقی بدات، سێ تەلاقەی پێکەوە کۆنەکردووەتەوە، هەروەها دوو تەلاقی ئەو سێ تەلاقەی نەخستووەتە یەک کاتەوە، لەحەیز و لەپاکبوونەوەیەک کە جووتبوونی تێدا ئەنجام درابێ، تەلاقدانی دانەڕێژاوە.

پیاوێک کە ژنی تەلاق دابێ لەسەردەمی پەیامبەری خوادا(ﷺ) و تەواوی سەردەمی ئەبو بەکر و سەرەتای خیلافەتی عومەر(خوای گەورە لەخۆی و ئەبو بەکر رازیی بێ)، سێ تەلاقە بەیەکجار حەساب کراوە، لەوەشدا دوو فەرموودەی سەحیح هاتووە، یەکێکیان موسلیم لەسەحیحەکەیدا گێڕاویەتییەوە و دووەمیش ئیمام ئەحمەد لەموسنەدەکەیدا.

هەرچی فەرموودەکەی موسلیمە[1]، ئەوە گێڕاویەتییەوە لەڕێگەی ئیبن تاووس ئەویش لەباوکییەوە ئەویش لەئیبن عەباسەوە(خوای گەورە لەخۆی و باوکی رازیی بێ)، ئەڵێ:((تەلاق لەسەردەمی پەیامبەری خوا(ﷺ) و ئەبو بەکر و دوو سالّی سەرەتای خیلافەتەکەی عومەر: سێ تەلاقە بەیەک تەلاق دادەنرا، ئینجا عومەر(خوای لێ رازیی بێ) وتی: خەڵکیی لەکارێکدا پەلە و خێرایان کرد کە لەسەرخۆییان تیادا بۆ دانرابوو، چی دەبێ ئەگەر بەو جۆرەی بکەین کە خۆیان دەیانەوێ؟ ئیتر بەو جۆرەی بۆ کردن)).

لەسەحیحەکەیدا[2] هەر لەتاووسەوە کە ئەبا ئەلسەبهاء بەئیبن عەباسی وت:((هەندێ لەزانیاریی بچووکی خۆتمان پێ بدە: ئاخۆ تەلاق لەسەردەمی پەیامبەری خوا(ﷺ) و ئەبو بەکر یەک تەلاقە نەبوو؟ وتی: بەڵێ یەک دانە بوو، بەڵام لەسەردەمی عومەردا خەڵکیی پەلەیان تێدا کرد، بۆیە ئەویش رێگەی ئەوەی پێدان)).

---

١ – بەژمارە(١٤٧٢) (١٥).

٢ – بەژمارە(١٤٧٢) (١٧).

لەلەفزێکی ئەبو داوودا[1]:((پیاوێك پێیدەوترا: ئەبو ئەلسەبهاء کە زۆر پرسیاری لەئیبن عەباس دەکرد، وتی: ئایە ئەزانی لەسەردەمی پەیامبەری خوادا(ﷺ) و ئەبو بەکر و سەرەتای ئیمارەتی عومەردا(خوایان لێ رازیی بێ) پیاوێك ئەگەر ژنەکەی خۆی تەلاقدابێ پێش ئەوەی لەگەڵیدا جووت بووبێ، سێ تەلاقەکەی بەیەك تەلاقە دانراوە؟ وتی: بەڵێ دەزانم، هەر پیاوێك پێش ئەوەی لەگەڵ ژنەکەی جووتبووبێ، ژنەکەی بەسێ تەلاقە تەلاق دابێت، بەیەك تەلاق دانراوە، ئەمە لەسەردەمی پەیامبەری

---

١ - بەژمارە(٢٢٠٠)، لەویشەوە بەیهەقی(٧/٣٣٨-٣٣٩) لەڕێگەی موحەممەدی کوڕی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروانەوە: ئەبو ئەلنوعمان بۆی باسکردین: حەمادی کوڕی زەید بۆی باسکردین لەئەیوب ئەویش لەتاووسەوە.

ئەبو ئەلنوعمان ناوی: موحەممەدی کوڕی ئەلفەزڵی ئەلسەدوسییە، متمانەدارە و تێکەڵی کردووە.

گێڕانەوەی ئیبن مەروان لەوەوە، تۆکمە نییە، بارسەنگە بەڕەتکردنەوە:

پێچەوانەی کراوە:

ئەمانە گێڕاویانەتەوە: موسلیم(١٤٧٢)(١٧) و بەیهەقی(٧/٣٣٦) لەڕێگەی سولەیمانی کوڕی حەرب ئەویش لەحەمادی کوڕی ئەیووب ئەویش لەمەیسەرە ئەویش لەتاووسەوە. ئەم زیادەیە باس نەکراوە:((پێش ئەوەی لەگەڵیدا جووت ببێ)).

ئیبن ئەبی شەیبە گێڕاویەتییەوە(٥/٢٦) لەڕێگەی عەفانی کوڕی موسلیم ئەویش لەحەمادی کوڕی زەیدەوە.

دارەقوتنی گێڕاویەتییەوە(٤/٦٤) لەڕێگەی موحەممەدی کوڕی ئەبی نوعەیم ئەویش لەحەمادی کوڕی زەیدەوە.

خەڵکیی تریش شوێن ئیبراهیمی کوڕی مەیسەرە کەوتوون و هێناویانەتەوە بەبێ باسکردنی ئەو زیاترە:

ئیخراج کراوە لەلایەن: موسلیم(١٤٧٢)(١٦) و نەسائی(٢/٩٦) و تەحاوی(٢/٣١) و ئەحمەد(١/٣١٤) لەڕێگەی عبداللەی کوڕی تاووس ئەویش لەباوکییەوە هێناویەتییەوە.

بۆیە هەموو ئەوانە بەڵگە دەدەن لەسەر ئەوەی، ئەزبەردەیەکی تەواو نەکراوە، ئەوەی کە بۆی زیاتر کراوە، قبوڵکراو نییە، هەروەك دانەر بەڕەحمەت بێ لێرەدا ئاماژەی پێ داوە.

خوا(ﷺ) و ئەبو بەکر و سەرەتای سەردەمی عومەر(خوای گەورە لەهەردووکیان رازیی بێ)، کە خەڵکیی پەلەیان کرد لەوەدا، عومەریش ڕێگەی دان)).

لەو گێڕانەوەیەدا بەو شێوەیەیە:((پێش ئەوەی لەگەڵیدا جووت ببێ))، ئیسحاق بن راهویەو کۆمەڵێکی پێشین کاریان پێ کردووە و سێ تەلاقەی ئافرەتێک کە مێردەکەی لەدوای پاکبوونەوە نەچووبێتە لای، بەیەک تەلاقیان داناوە، تەواوی گێڕانەوە سەحیحەکانی تر((پێش جووتبوون لەگەڵی))یان باس نەکردووە، لەبەر ئەوەیە موسلیم هیچ لەو شتانەی باس نەکردووە.

هەرچی فەرمودەکەی تیرە، ئەوە ئەبو داوود لەسوونەنەکەیدا ئەڵێ[1]: ئەحمەدی کوڕی سالح بۆی باسکردین: عەبدولڕەزاق بۆی باسکردین: ئیبن جورەیج هەواڵی پێداین و وتی: یەکێك لەنەوەی ئەبی رافیعی خزمەتکاری پەیامبەری خوا(ﷺ) بۆی باسکردین لەعیکریمەوە ئەویش لەئیبن عەباسەوە وتی:((عەبد یەزید(ئەبو روکانە و براکانی)، ئوم روکانەی تەلاق دا، ئافرەتێکی موزینەی مارە کرد، ئافرەتەکە هات بۆلای پەیامبەر(ﷺ) و وتی: بەهۆی لاوازی و بێتوانایی ئەبو روکانەوە، بەقەد تاڵە مووێەکی سەرم سوودم لێ نەبینیووە، کەچی لێ جیابوویەوە، پەیامبەری خوا(ﷺ) تووڕە بوو، بانگیکردە روکانە و براکانی، پاشان بەوانەی لەمەجلیسەکەیدا دانیشتبوو فەرمووی: ئایە وەهای دەبینن فلانەکەس لەفلانە شت و فلانە شت لێکچووی ئەو بێ؟ لەعەبد یەزید بچێ و فلانە کەس لەفلانە شت و فلانە شت لەو بچێ و هاوشێوەی بێ؟ وتیان: بەڵێ. پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: تەلاقی بدە، ئەویش تەلاقی دا. فەرمووی: ئوم روکانەی ژنت بگێڕەوە لای خۆت، ئەبو روکانە وتی: ئەی پەیامبەری

---

١ – بەژمارە(٢١٩٦). بەیهەقییش لەڕێگەیەوە گێڕاویەتییەوە(٧/٣٣٩). نەزانراو(جهالة)ەی تێدایە هەروەك دانەر دواتر باسیکردووە و وەلامی لەبارەوە داوەتەوە.

خوا(ﷺ) من سێ تەلاقەیم داوە! پەیامبەر(ﷺ) فەرمووی: دەزانم، بیگێڕەوە و ئەم ئایەتەی خوێندەوە:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُواْ ٱلْعِدَّةَ ﴾ الطلاق: ١، واتا:ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)(بەئوممەتەکەت بڵێ)هەر کاتێ ویستان ژنانتان تەلاق بدەن با تەلاقیان بدەن لە کاتی عیدەیاندا(ئەو کاتەی لە حەیز پاک بوونەتەوە و لەگەڵیان دروست نەبوون).

فەرمانی پێکرد بیگێڕێتەوە لای خۆی لەکاتێکدا سێ تەلاقەی دابوو، ئەو ئایەتەی خوێندەوە کە لەگەڵ ئایەتی دواتریدا روون و راشکاوانە ئەو تەلاقەیان روونکردووەتەوە کە خوای گەورە بۆ بەندەکانی دایڕێژاوە، ئەو تەلاقەیە کە بۆ عیدەیە، ئەگەر نزیکبوونەوەی تەواو بوونی عیدەی بوو، بەچاکە بیگێڕێتەوە لای خۆی یان بەچاکە لێی جیابێتەوە. خوای گەورە لەشێوەی فراوانی و ئاسانکارییدا ئەوەی داناوە، چونکە ئەکرێ پیاو لەتەلاقەکەی پەشیمان بێتەوە،بۆیە رێگەیەکی بۆ هێشتووەتەوە بیەوێ ژنەکە بگێڕێتەوە لای خۆی، خوای گەورە لەو بارەیەوە فەرموویەتی:﴿ لَا تَدۡرِي لَعَلَّ ٱللَّهَ يُحۡدِثُ بَعۡدَ ذَٰلِكَ أَمۡرٗا ١ ﴾ الطلاق: ١، واتا:تۆ چووزانی لەوانەیە خوا پێشی بێنێ دوای ئەو کارێکی تر.

فەرمانی پێدا ئوم روکانە بگێڕێتەوە لای خۆی، خوێندنەوەی ئەو ئایەتەش بەسە بۆ بەڵگە هێنانەوە بەسەر ئەو حاڵەتە.

ئەگەر بووترێت: ئەم فەرموودەیە کەسی نەناسراوی تێدایە کە کەسێك لەنەوەی ئەبی رافیعە، کەسی نەناسراویش ناکرێتە بەڵگە!

ئەوە لەدوو رووەوە وەڵامی ئەو قسەیە دەدرێتەوە:

یەکەم: ئیمام ئەحمەد لەموسنەدەکەیدا[1] ئەڵێ: سەعدی کوڕی ئیبراهیم بۆی باسکردین: باوکم بۆی باسکردین لەموحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە وتی: داوودی کوڕی ئەلحوصەین بۆی باسکردین لەعیکریمەی خزمەتکاری ئیبن عەباس و ئەویش لەئیبن عەباسەوە وتی:((روکانەی کوڕی عەبد یەزید-برای عەبدولموتەلیب- لەیەک مەجلیسدا سێ تەلاقەی ژنەکەی دا، ئینجا زۆر خەفەتی بۆ خوارد، پەیامبەری خواش(ﷺ) پرسی: چۆن تەلاقت دا؟ وتی: سێ تەلاقەم دا. فەرمووی: لەیەک مەجلیسدا؟ وتی: بەڵێ. فەرمووی: ئەوە یەک تەلاقە، ئەگەر بتەوێ بیگێڕەرەوە. ئەڵێ: ئەویش گێڕایەوە)).

ئەڵێ:((ئیبن عەباس وەهای بینیووە، تەلاقدان لەدوای پاکبوونەوە لەحەیز دەبێت)).

الحافظ ئەبو عبدالله موحەممەدی کوڕی عەبدولواحیدی ئەلمەقدیسی لە(مختارة)ەکەیدا کە سەحیحترین فەرموودەکانی سەحیحی حاکیمی لەخۆگرتووە، گێڕاویەتییەوە.

ئەمە گونجاوە بەیەکەم، هەردووکیشیان گونجاون بەفەرموودەکەی تاووس و ئەبو ئەلسەبهاء لەئیبن عەباسەوە گێڕاویانەتەوە.

---

١ - (٢٦٥/١) و بەیهەقی(٣٣٩/٧) لەڕێگەی داوودی کوڕی ئەلحوصەین ئەویش لەعیکریمەی خزمەتکاری ئیبن عەباس و ئەویش لەئیبن عەباسەوە.

داوودی کوڕی ئەلحوصەین ناکۆکیی لەسەر هەیە، راست ئەوەیە متمانەدارە تەنیا لەبارەی عیکریمەوە نەبێ هەروەک ئەبو داوود و کەسانی تریش وتوویانە. سەرباری لاوازبوونی، هاوشێوەو شاهیدی گێڕانەوەی یەکەمە و ئەوەش بەڵگەیە بۆ سەلماندنی. ئیبن تەیمییە لە(الفتاوی)(١٨/٣) سەنەدەکەی بەهێز و پوخت کردووە(جَوده).

تاووس و عیکریمە زاناترین قوتابییەکانی ئیبن عەباس بوون، عیکریمە خزمەتکاری بوو، هاوەڵ و هاودەمی بوو، ئیبن عەباس ئەوی لەسەر زانست وەرگرتن کۆت و بەند کردبوو، تاووسیش لای ئیبن عەباس کەسێکی تایبەت بوو، زۆرجار لای دادەنیشت و لەگەڵ کەسانی تایبەتدا دەچووە لای، عیکریمە و تاووس فەتوایان دەدا کە سێ تەلاقە لەیەک کاتدا بەیەک تەلاق دادەنرێت، هەروەها ئەوە بۆچوونی ئیبن ئیسحاقیش بوو، ئیبن ئیسحاق کە ئەو فەرموودەیەی لا روون بووەوە سەحیحە، ئیتر بەو پێیە فەتوای دەدا و ئەیووت:((ئاگادار نەبوو بەسوونەت بۆیە بۆی دەگێڕدرێتەوە)).

بۆیە گێڕەرەوانی ئەم فەرموودەیە، بەو فەرموودەیە فەتوایان داوە و کاریان پێ کردووە.

لەئیبن عەباسەوە دوو دوو گێڕانەوە هەیە:

یەکەم: گونجاو و رێکە بەعومەر(خوای لێ رازیی بێ) لەتەمبێکردن و لێدان لەوانەی لەیەک کاتدا ژنەکانیان سێ تەلاقە دەدەن.

دووەم: فەتوادان بەوەو بەواجیب زانینی.

رووی دووەم: ئەو کەسە نەناسراوە یەکێکە لەتابیعین و کوڕانی خزمەتکاری پەیامبەری خوایە(ﷺ)، کە تیایاندا بەناوبانگ نەبووە درۆ بدەن، ئەو چیرۆکەش ناسراو و پارێزراوە، داوودی کوڕی ئەلحوصەین لەوەدا شوێنی کەوتووە، ئەمەش بەڵگە دەدات لەسەر ئەوەی ئەو چیرۆکەی پاراستووە[1].

بێگومان بەبەڵگە کردنی ئەو فەرموودەیە، گونجاوە بەزاهیری قورئان و قسەی تابیعین و قیاس و بەرژەوەندییەکانی نەوەی ئادەم.

---

١ – گێڕانەوەی هەریەکەیان، پاڵپشتی ئەوی تر دەکات.

هەرچی زاهیر و رووی بەڵگەی قورئانە، ئەوە خوای گەورە لەهەر تەڵاقێکدا گەڕانەوە(ریجعە)ی داناوە، تەڵاقێك کە جووتبوون لەگەڵ ژندا رووی نەدابێ، ژنی تەڵاقدراویش سێ جار تەڵاق درابێ، تەنیا لەدوو شوێنی قورئاندا تەڵاقی کەوتوو(بائن)هاتووە: یەکەمیان: کەوتوویەکی ناحەرامکراو(بائن غیر محرم) و دووەم: تەڵاقی کەوتووی سێ بەسێ حەرام بوو(بائن محرم)، خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِ ﴾ البقرة: ٢٢٩، واتا: تەڵاقێك کە بردنەوەی لە دواوە بێت دوو جارە. هەروەك پێشتر باسمان کرد،(المرَّتان)، واتا جار لەدوای جارێکی تر.

هەرچی قیاسە، ئەوە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَٱلَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَٰجَهُمْ وَلَمْ يَكُن لَّهُمْ شُهَدَآءُ إِلَّآ أَنفُسُهُمْ فَشَهَٰدَةُ أَحَدِهِمْ أَرْبَعُ شَهَٰدَٰتٍۭ بِٱللَّهِ ﴾ النور: ٦، واتا:ئەو(پیاوانەی)بوختان بۆ خێزانەکانیان دەکەن وە بێجگە لە خۆیان هیچ شایەتێکیان نی یە ئەوە شایەتی دانی هەریەك لەوانە(بەم جۆرەیە) کە چوار سوێند بەخوا بخوات.

پاشان ئەفەرموێت: ﴿وَيَدْرَؤُا۟ عَنْهَا ٱلْعَذَابَ أَن تَشْهَدَ أَرْبَعَ شَهَٰدَٰتٍۭ بِٱللَّهِ﴾ النور: ٨، واتا: ئەو ئافرەتەش(کە تاوان بار کراوە لە لایەن مێردەکەیەوە)سزای(زینای)لەسەر لادەبات بەمەی کە چوار جار سوێند بەخوا بخوات.

ئەگەر بڵێ: بەخوا سوێند دەخۆم چوار شایەتیدان کە من راستگۆم، یان ژنەکە بڵێت: بەچوار شایەتیدان بەخوا سوێند دەخۆم ئەو پیاوەم درۆ دەدات، هەر بەیەك شایەتی قبوڵ دەکرێت نەك چوار، ئەی چۆن بڵی سێ تەڵاقەم کەوتبێ بەسێ تەڵاقە دادەنرێت؟ چی قیاسێك هەیە لەمە راستتربێ؟

ژمارەی دانپێدانان و جێگیرکردن هەر بەمجۆرە دەبێ، ئەگەر کەسێك دان بەوەدا بنێ کە داوێنپیسیی کردووە و بڵێ: من چوار جار دان بەوەدا دەنێم داوێنپیسییم کردووە، ئەوە هەر یەك جارە.

هاوەڵان بەماعیزیان وت[1]:((ئەگەر دان بەوەدا بنێیت چوار جار ئەنجامت داوە، ئەوە پەیامبەری خوا(ﷺ) بەردبارانت دەکات)). جا ئەگەر بیووتبایە: چوار جار دانی پێدا دەنێم، ئەوە هەر یەك جار دەبوو.

تەڵاق لەگەڵ ئەوەدا وەك یەکە، ئەوە قیاس و ئەسەری هاوەڵان و رووی دیاری قورئانە.

هەرچی قسەی هاوەڵانە، ئەوەندە بەسە سەردەمی ئەبو بەکری سدیق بەوجۆرە بووە و تەواوی هاوەڵانیش لەوەدا لەگەڵی بوونە، هیچ هاوەڵێك لەگەڵیدا ناکۆك نەبووە لەو بارەیەوە، نەگێڕاوەتەوە لەسەردەمی ئەودا لەو بابەتەدا دوو بۆچوون هەبووبێ[2].

ماوەتەوە بووترێت: ئەگەر حوکمی تەڵاق لەسەر زۆرێك خەڵك شاراوە بووە و بەنەزانی و نەفامییەوە حەڵاڵ و حەرامی ئەو کارە نازانن، کەوتوونەتە تەڵاقی حەرامەوەو وەها دەزانن جائیزە، ئاخۆ شایستە بەسزادانی نا پابەندیی دەبن لەبەر ئەوەی شارەزای ئەو ئایینە نەبوونە کە خوای گەورە فەرمانی پێداون فێری بەن و لەمەبەستی تێبگەن و لەزانایانیش نەیانپرسیووە: چۆن ژن تەڵاق بدەن؟ حەڵاڵ و حەرامی ئەو کارە چۆنە؟

---

١ – ماعیزی کوڕی مالیکی ئەلئەسلەمی. ئەو فەرموودەیەی کە تیایدا ئامازەی بۆ کراوە، بوخاری(١٢/١٢٠) و موسلیم(١٦٩) ئیخراجیان کردووە.

٢ – دانەر(بەڕەحمەت بێ) لەسەرچاوەی سەرەکییدا بەشێکی تێروتەسەلی تایبەت کردووە بۆ سەلماندنی ئەو بابەتە لەڕووی فیقهو فەرموودە و ئسوڵەوە،وەلامی گومانەکانیشی داوەتەوە، هەرکەسێ وردەکاری و زانیاریی فراوانتری دەوێ، با تەماشای بکات(١/٢٨٩– ٣٣٧).

یان ئەوتریّ: شایستە بەسزا نین، چونکە خوای گەورە کاتیّ سزا دەدات، کە لەڕووی شەرع و قەدەرەوە بەڵگە بدات و سزای پێچەوانەکردنی فەرمانەکانی بکرێت، هەروەك دەفەرموویّت: ﴿ وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا ﴿١٥﴾ ﴾ الإسراء: ١٥، واتا: ئێمە هەرگیز سزای(بەندەکان)نادەین هەتا پێغەمبەر نەنێرین بۆیان.

زانایان یەکدەنگن، حدودەکان کاتێك جێبەجیّ دەکرێن، کە کەسەکە شارەزا بیّ بەوەی ئەنجامدانی ئەو کارە حەرامە، کەسەکە بەئەنقەست ئەنجامی دابیّ، تەعزیرات و تەمبێکردنیش پاشکۆی حدودەکانن.

ئەمە شوێنی روانین و ئیجتیهادە، کەسێك ئەگەر پێچەوانەی ئەوەی خوای گەورە، ژنی تەڵاق بدات و بەنەزانییەوە بەحەڵاڵی بزانیّ، پاشان بزانیّ راست کامەیە و پەشیمان بیّ و تەوبە بکات، ئەوە ماف ئەوەی هەیە سزا نەدرێت. بەپێی ئەو دەرەچەو رێگەیە فەتوا بدرێت کە خوای گەورە گێڕاوێتی بۆ ئەو کەسەی کە لێی دەترسێت و کارەکەی بۆ ئاسان بکرێت.

مەبەست ئەوەیە، پێویستە خەڵکی لەیەکێك لەم سیّ دەرگایەوە لەدەرگای تەڵاق بدەن:

یەکەم: دەرگای زانست و مامناوەندێتی، ئەوەی خوای گەورە پەیامبەرەکەی(ﷺ)ی پێوە ناردووە، کە شەرعەکەی بۆ ئومەت بەزەیی و چاکەکردنە بەرانبەریان.

دووەم: دەرگای فێڵ و تەلەکەبازی، یاریکردن بەسنوور و حدودەکانی خوای گەورەو گاڵتەجاڕیکردن بەرانبەر ئایەتەکانی، بۆیە بەشێکی دیاریکراو لەو دەرگایانە بۆ تەڵاقدەران و ئەوانی تر هەیە.

***

٨) حیلە و فێڵ و ڕێگە چارە[١]

یەکێك لەو فێڵ و تەڵەکەبازییانەی کە بەرانبەر بەئیسلام و موسڵمانانی ئەنجام دەدات: ئەو فێڵ و تەڵەکەیازییەیە کە حەلاڵکردنی ئەوە لەخۆ دەگرێت کە خوای گەورە حەرامی کردووە، لەکارخستنی فەرزەکانی خوای گەورەو دژکارە کارە کردن بەرانبەر بەفەرمان و نەهییەکانی خوای گەورە، لەو بۆچوونە باتڵ و پووچەیە کە پێشین یەکدەنگن لەسەر ناشیرینی و سەرزەنشتکردنی.

دوو بۆچوون هەیە:

بۆچوونێك گونجاو و ڕێکە بەدەقەکان، شایەتیی ڕاستی و ئیعتیباری بۆ دەدرێت، ئەوەی لای پێشین پەسەند بووەو کاریان پێ کردووە.

بۆچوونێکیش پێچەوانەی دەقەکانە، شایەتی پووچەڵی و ناپەسەندیی بۆ دەدرێت، ئەوەیە کە پێشین پێیان ناشیرین و ناپەسەند بووە.

فێڵیش دوو جۆرە:

جۆرێکی بەهۆیەوە دەگەیت بەکارێك، کە خوای گەورە فەرمانی داوە ئەنجام بدرێت و نەهیکردووە لەئەنجام نەدانی، دەگەیت بەڕزگاربوون لەحەرام و وەرگرتنی ماف لەستەمکارێك کە مل نادات بۆ دانەوەی حەق، لەڕزگارکردنی ستەملێکراو لەدەستی ستەمکار، بێگومان ئەم جۆرە پەسەندە و بکەری پاداشت دەدرێت و ئەو کەسەش کە ڕێگەی لەو جۆرە پیشانی کەسێك دەدات.

بەڵام جۆرێکی تری فێڵ، لەکارخستنی واجیبات و حەلاڵکردنی حەرام و کردنی ستەملێکراو بەستەمکار و ستەمکار بەستەملێکراو لەخۆدەگرێت، هەروەها کردنی حەق

---

١ – دانەر(بەڕەحمەت بێ) لە(إعلام الموقعين)(٣/٤–١١٧) بەشێکی دووروودرێژی داناوە بۆ بەڕەچدانەوەی ڕێگە چارە و فێڵ(حِیَل).

بەناحـەق و باتـڵ بەحـەق، ئـەوە ئـەو جۆرەیـە کـە پێشـین یەکـدەنگن لەسـەر سەرزەنشتکردن و ناپەسەند دانانی و لەتەواوی زەوییدا دژ بەو کەسانە دەنگیان بەرز کردووەتەوە.

ئیمام ئەحمەد(بەڕەحمەت بێ) ئەڵێ:((جائیز نییە هیچ فێـڵ و هـەوڵێك بـدرێت بـۆ لەنێوبردنی مافی موسڵمانێك)).

ئەلمەیمونیی ئەڵێ: بەئەبو عبداللەم وت: کەسێ سوێندی خوارد و پاشان فێڵی کـرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی، ئایە ئەو فێڵ و حیلەیە جائیزە؟

ئەڵێ: ئەو حیلەیە بەجائیز دەزانین لەشتی جائیز و ڕێپیدراودا ئەنجام بدرێت.

وتم: ئایە چـارە و حیلـەی ئێمـە ئـەوە نییـە شـوێن قسـەی ئـەوان بکـەوین، ئەگـەر لەشتێکدا قسەی ئەوانمان بینی، پەیڕەوی بکەین؟

وتی: بەڵێ.

ئیمام ئەحمەد ڕوونیکردووەتەوە، هەرکەسێ شوێن ئەوە بکەوێ کـە خـوای گـەورە بۆی داینـاوە و لەپێشینەوە هاتووە لەبارەی واتـای ئـەو ناوانـەی کـە ئەحکامـەکانیان پێیـەوە پەیوەسـت بـووە: ئـەوە ئـەو حیلـەبازو فێڵبـازە نییـە کـە سەرزەنشـتکراو و ناپەسەندە ئەگەرچی ناوی حیلەشی لێ نراوە، قسەکردنەکە لەو بارەیەوە نییە.

مەبەستی ئیمام ئەحمەد بەوە: جیاوازییکردنە لەنێوان گرتنەبەری ئەو ڕێگـە ڕەوا و شـەرعییەی کـە بـۆ دەستخسـتنی مەبەسـتێکی شـەرعیی داڕێـژراوە و لـەنێوان ئـەو ڕێگەیەی کە بۆ پووچەڵکردنی ئەو مەبەستە دەگیردرێتەبەر.

ئەوە نهێنی نێوان ئەو دوو جۆرەیە، قسەی ئێمەش لەبارەی جۆری دووەمەوەیە.

شـێخی ئیسـلام ئـبن تەیمییـەی شـێخ و مامۆسـتامان ئـەڵێ: لەچـەند ڕوویەکـەوە بەڵگەی حەرامێتی ئەو جۆرە و پووچەڵکردنەوەی هاتووە:

رووی یەکەم: فەرمایشتی خوای گەورەیە:﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَمَا هُم بِمُؤْمِنِينَ ۝٨ يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَمَا يَخْدَعُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ۝٩ ﴾ البقرة: ٨ - ٩، واتا: لەناو خەڵکیدا هەندێ کەس هەیە کە دەڵێ: بڕوامان هێناوە بەخواو بەڕۆژی دوایی لەکاتێکدا ئەوان بڕوادار نین. بەڵای خۆیانەوە خواو ئەو کەسانە دەخەڵەتێنن کە بڕوایان هێناوە! کەس ناخەڵەتێنن تەنها خۆیان نەبێت بەڵام هەستی پێ ناکەن.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَهُوَ خَٰدِعُهُمْ ﴾ النساء: ١٤٢، واتا: بەڕاستی دووڕووەکان دەیانەوێت خوا بخەڵەتێنن کەچی خوا خەڵەتێنەری ئەوانە.

لەبارەی خەڵکانی پەیماندەرەوە فەرموویەتی:﴿ وَإِن يُرِيدُوٓاْ أَن يَخْدَعُوكَ فَإِنَّ حَسْبَكَ ٱللَّهُ ﴾ الأنفال: ٦٢، واتا: ئەگەر ویستیان فێڵت لێ بکەن ئەوە بەڕاستی خوات بەسە(پشت و پەنات بێ).

خوای گەورە هەواڵی داوە بەوەی، ئەو هەڵخەڵێنەرانە هەڵخەڵەتاون، ئەوان نازانن کە خوای گەورە بەخۆیان هەڵیخەڵەتاندوون، شەپی ئەوانی لەکۆڵ ئەو کەسە کردووەتەوە کە ئەوان بەحسابی خۆیان فێڵیان لێ کردووە.

فێڵکردن(المُخادَعَة): واتا(الاحتيال)، (المُراوغة)، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن، لەڕواڵەتدا خێر و چاکە دەردەخات و لەناخدا شتێکی تری شاردووەتەوە تاوەکو بەمەبەست بگات.

ئەمە گونجاوە بەدارێژانی ئەو وشەیە لەڕووی زمانەوانییەوە، ئەوان ئەڵێن: ڕێگەیەکی هەڵخەڵەتێنەر، ئەگەر پێچەوانە بێ بەمەبەست و هەستی پێ نەکرێت،

بەتراویلکە(سەراب) ئەوتریّ: الخَيْدَع، چونکە هەڵخەڵەتێنەری ئەو کەسەیە کە دەیبینیّ و وەهـا دەزانـیّ ئـاوە، بەشـەپیش وتـراوە: شـەڕ فێـڵ و لێزانییـە. وتـراوە(سـوقٌ خادعة)واتا: بازاڕی هەمە رەنگ و خۆ گۆڕەر، بنچینەی وشەکە واتا: شاراوە و نهێنی.

کەسێک ئەڵێ:(باوەڕم کرد) و ئەو وشەیە دەردەخات، مەبەستی شەرعیی مەبەسـت نییە، بەڵکو تەنیا حوکم و بەرهەمەکەی دەوێت و فێـڵ دەکـات و لـەوەدا تـەنیا چـەند شتێکی مەبەستە لەوانە نییە کـە حوکمـە شـەرعییەی لـەپێناودا بـۆ دانـراوە، لـەکارو کردەوە و شەریعەتەکەدا فێڵ دەکات.

شێخ و مامۆستامان ئەڵێ: ئەمـە جۆرێکـە لـەدووڕوویی لەمامەڵـە کـردن لەبەرانبـەر ئایەت و حدودی خوای گەورە، هەروەک دووڕوویە لەبنچینەی ئایندا.

پشـتگیر بـۆ ئەمـە، ئەوەیـە کـە سـەعیدی کـوڕی مەنسـور دەیگێڕێتـەوە لـەئیبن عەباسەوە(خوای گەورە لـەخۆی و بـاوکی رازیـی بـێ):((کـە پیاوێـک هاتووەتـە لای و وتوویەتی: مامەم سێ تەڵاقەی ژنەکەی خۆی داوە، ئاخۆ پیـاوێکی تـر دەتـوانیّ بـۆی حەڵاڵ بکاتەوە؟. ئیبن عەباسـی پێـی وتـووە: هەرکەسـێ خـوا هەڵخەڵـەتێنێ، خـوای گەورە هەڵیدەخەڵەتێنێ)).

ئـەیووب ئەلسـوختیانی لـەبارەی فرۆفێڵبازانـەوە ئـەڵێ:((فێـڵ لـەخوا دەکـەن وەک ئەوەی فێڵ لەمنداڵ و نەفامان بکەن، ئەگەر بەئاشکرا ئەوە بکەن کە ئەیانـەوێ، ئـەوە لەسەر من ئاسانتر دەبوو)).

پەیمانـدەرانیش کـە لەڕواڵەتـدا ئـەوەیان بـۆ پەیامبـەر(ﷺ) دەردەخسـت کـە ئاشتەواییان لەگەڵدا دەوێت، ئـەوە لەناخـدا مەبەسـتیان فێـڵ بـوو کـە ئـەو بـەوەی نەدەزانی، لەڕواڵەتدا ئاشتی و ئارامییان دەردەخست، لەناخدا پێچەوانەیان مەبەسـت بوو، کەسی مارە بەجاش ئەنجامدەر و سووخۆریش لەڕواڵەتدا هاوسەرگیری و کـڕین و

فرۆشتن دەردەخەن، کەچی کابرای یەکەم مەبەستی ئەوەیە دوای جووتبوون لەگەڵ ئافرەتەکە، تەلاقی بدات، کەسی دووەمیش مەبەستی ئەوەیە، شتێك کە لەئێستا و بەحازریی نرخی هەزارە، بیفرۆشێ بەهەزار و دوو سەد کە یەکسەریی پارەکەی نادرێت، جا شتێك پێچەوانەی ئەوە بێ کە لەشەرع و عورفدا پێی دەوترێت گرێبەست، پێیدەوترێت: فێڵ و تەڵەکە.

شێخی ئیسلام(بەڕەحمەت بێ) ئەڵێ: پوختەی ئەوە، فێڵکردن لەخوای گەورە، کارێکی حەرامە:

ڕوونکردنەوەی یەکەم: خوای گەورە بەهۆی فێڵکردنەوە سەرزەنشتی دووڕوویی کردووە، هەواڵی داوە کە ئەویش هەڵیخەڵەتاندوون، هەڵخەڵەتاندنی خوا بۆ بەندە، واتا سزادانێکی پێویست بەهۆی ئەنجامدانی حەرامەوە.

ڕوونکردنەوەی دووەم(لەچەند ڕوویەکەوە، یەکێك لەو ڕووانە): ئەوەیە ئیبن عەباس و ئەنەس و کەسانی تر لەهاوەڵان و تابیعین فەتوایان داوە: مارە بەجاش و جۆرەکانی تر، فێڵکردنن لەخوای گەورە،ئەوان شارەزاترن بەقورئان.

دووەم: فێڵکردن، دەرخستنی خێر و چاکەیە، کەچی لەناخدا مەبەست پێچەوانەیە.

سێیەم: کەسی دووڕوو لەبەرئەوەی لەڕواڵەتدا موسڵمانێتی دەردەخات و شتی تری مەبەستە، ناونراوە فێڵکەر لەخوای گەورە، کەسی سووخۆریش ئاوەهای ناو لێنراوە، بۆیە دووڕوویی و سووخۆریی یەك شتن.

بۆیە ئەوەی قسەیەك دەردەخات کە ئەوەی مەبەست نییە وا خەڵك لێی تێدەگات و ئەوەشی کە کردارێك دەکات ئەوەی مەبەست نییە کە بۆی تەشریع کراوە، پێیدەوترێت: فێڵباز(مُخادِع).

کەسی فڕو فێڵبازچی لەیەکێك لەم دوو بەشە بەدەر نییە:

یان دەرخستن و پیشاندانی کارێك بۆ جگە لەو مەبەستەی بۆی دانراوە.

یان دەرخستنی قسەیەکە بۆ جگە لەو مەبەستەی کە بۆی دانراوەو تەشریع کراوە.

ئەگەر ئەو دوو شتە لەواتادا هاوبەش بن کە ناویان لێنراوە هەڵخەڵەتێنەران، ئەوە پێویست دەکات لەناوی فێڵدا هاوبەشیان بکات، ئەزانرێ و رووبە ئەو ناوە بۆ تەواوی فێڵەکان بەکاردەهێنرێت و تەنیا بۆ ئەو دووڕوویییە ناو نییە.

رووی دووەم: خوای گەورە سەرزەنشتی ئەوانەی کردووە کە گاڵتە و لاقرتیێ بەئایەتەکانی دەکەن و گاڵتە بەو وشانە دەکەن کە خوای گەورە حەقیقەت و مەبەستی بۆ داناون، وەك وشەی ئیمان و ئەو وتەیەی خوای گەورە کە داوێنەکانی پێ حەڵاڵ دەبن و نمونەی پەیمان و بەڵێنی نێوان دوو گرێبەستکار، کە دوو کەس ئەیڵێنەوە بێ ئەوەی ئەو مەبەستەیان هەبێ کە بەهۆی ئەو مەبەستانەوە ئەو ناولێنانە هاتوونەتە بوون، کەسەکە نیازی ئەو مەبەستەی نییە کە بۆی تەشریع کراوە، بەڵکو ئەیەوێ ئافرەتەکە بگێڕێتەوە لای خۆی تاوەکو زیانی لێ بدات و خراپ لەگەڵیدا هەڵسوکەوت بکات، پێویستی بەمارەکردنی نییە، یان مارەی دەکات تاوەکو تەڵاقی بدات نەك بیکاتە هاوسەری خۆی، یان کڕین و فرۆشتنێك دەکات مەبەستی بەو کڕین و فرۆشتنە، شتێکە کە خوای گەورە و پەیامبەرەکەی(ﷺ) حەرامیان کردووە، لەو کەسانەیە کە ئایەتەکانی خوای گەورەی کردووەتە جێی گاڵتەجاڕی.

رووی سێیەم: خوای گەورە لەسورەتی(ن)دا هەواڵی داوە لەبارەی ئەوانەی خاوەن باخ و باخاتی پڕ بەرهەم بوون و تووشی بەڵا و نەهامەتیی کردن، کەسانێك بوون هەژاران و بێ نەوایان لەماڵ و بەرووبوومیاندا پشکیان پێ دەدرا لەکاتی رۆژدا، ویستیان شەو بەرووبوومەکە لێبکەنەوە و بۆ بەیانییەکەی هەژارانی لێ بێ بەش بکەن،

بۆیە خوای گەورە لەشەوداو لەو کاتەی لەخەودابوون، دەردو نەهامەتییەکی بەسەر باخ و باخاتیاندا هێنا وەك ئەوەی سەرتاپا سووتا بێ ئاوەهای لێهاتبوو.

نەخشەی فێلاوییان داڕشت کە لەبەرەبەیاندا پێش بەئاگاهاتن و هاتنی هەژاران، بەروویوومی باخاتەکەیان لێ بکەنەوە، بەلأم سەرەنجام بەجۆرێکی تر بوو، ئەوە بووە پەند بۆ هەر کەسێك بیەوێ فێڵ بکات لەوانەی خوای گەورە حەقی بۆ داناون.

رووی چوارەم: خوای گەورە هەواڵی داوە لەبارەی خەڵکانی(السبت-رۆژانی شەممە)ی جولەکە کە گۆڕیوونی و کردوونی بەمەیمون، چونکە فێڵیان کرد و حەرامی خوایان حەلاڵکرد لەبارەی راوکردندا، رۆژانی هەینی تۆڕیان دەنایەوە، لەڕۆژانی شەممەدا ئەو ماسییانەیان کۆدەکردەوە کە بەو تۆڕانەوە ببوون.

پێشەوایەك وتوویەتی: ئەمەدا تووڕەیی و تەمبێکردن هەیە بۆ ئەوانەی فێڵ بەکاردەهێنن لەنەهییە شەرعییەکان و لەسەر ئەوە خۆیان راهێناوە،تەمبێکردنە بۆ ئەوانەی بەرگی زانستی فیقهیان پۆشیووەو شەرعناسیش نەین، چونکە مرۆڤی شەرعناس لەئاست پارێزگاریکردنی حدودەکانی خوای گەورەدا لەخوا دەترسێ، پیرۆزییەکانی خوای گەورە رادەگرێت و هەڵوێستە دەکات، پەنا ناباتەبەر فێڵ بۆ حەلاڵکردنی حەرامەکانی خوای گەورەو لەکارخستنی فەریزەکانی.

رووبە کە بەڕێگەی درۆخستنەوەی موسا(سەلامی خوای لەسەربێ) و بەباوەڕنەبوون بەتەورات حەرامیان حەلاڵ نەکرد، بەڵکو لەڕێگەی تەئویل و فێڵەوە شتەکانیان حەلاڵکرد، لەڕواڵەتی خواپەرستانە و بەناخێکی دوژمنکارانەوە هەنگاویان هەڵگرت، خوای گەورە خۆی زاناترە، هەر لەبەر ئەوە بوو گۆڕینی و کردنی بەمەیمون، چونکە مەیمون هەندێ هاوشێوەیی لەگەڵ مرۆڤدا هەیە، لەهەندێ لەو وەسفانەی لەمەیموندا

باس دەکرێت، هاوشێوەیی لەگەڵ مرۆڤدا هەیە، لەحەد و حەقیقەتیشدا جیاوازە لەمرۆڤ.

کاتێ ئەوانەی دومنکارانە مامەڵەیان کرد لەگەڵ ئایینی خوادا و بوونە مەیمون، لەبەرئەوەی پابەندی هەندێ رواڵەتی ئایین بوون نەك حەقیقەتی ئایین، خوای گەورە کردنی بەمەیمون، لەبەرئەوەی لەهەندێ رواڵەتیاندا هاوشێوەی مەیمون بوون نەك لەحەقیقەتدا، ئەوەش وەك پاداشت و هاوگونجانێك ئەوەیان بەسەردا هات.

رووی پێنجەم: بەنی ئیسرائیل سووخۆرییان دەکرد، بەناڕەوا سەروەت و مالّی خەڵکیان دەخوارد، هەروەك خوای گەورە لەقورئانەکەیدا ئەوەی گێڕاوەتەوە[1]، ئەوەش گەورەتر بوو لەخواردنی راوێکی حەرام لەڕۆژێکی دیاریکراودا، لەبەرئەوەیە لەشەریعەتی ئێمەشدا سووخۆری و ستەم حەرامە، راوی رۆژانی شەممە لەشەریعەتی ئێمەدا تاوان و حەرام نییە.

پاشان سووخۆران و بخۆری ناڕەوای سەروەتی خەڵکیی بەگۆڕین بۆ مەیمون سزا نەدراون وەك ئەوەی سزای ئەوانە دراوە کە بەفێڵ ئەو حەرامەیان بۆ خۆیان حەلاڵکردبوو بەوهۆیەشەوە سزا دران ئەگەرچی سزا دران بەڕەگەزێکی تر، نمونەی سزای تاوانبارانی هاوشیوەیان.

خوای گەورە خۆی زاناترە، ئەوانە لەبەر ئەوەی تاوانێکی گەورەیان ئەنجام دەدا کە لەپێگە و شوێنی دووڕووواندا بوون و دانیان بەو تاوانەدا نەدەنا و بیروباوەڕ و کار و کردەوەیان خراپ ببوو، ئەوە سزادایان سەختتر بوو لەسزادانی ئەوانی تر، بۆیە ئەگەر کەسێك سووبخوات و راوی حەرام ئەنجام بدات و بەحوکمی ئەو کارە زانا و ئاگاداربێ کە کارەکەی حەرامە، ئەوە بەپێی داننانی بەو حەرامییە تووشی تاوان دەبێت،

---

١ - لەسورەتی(النساء:١٦٠-١٦١).

ئەویش باوەڕهێنانە بەخوای گەورە، ئەوەش دەوەستێتەوە سەر ترس لەخوای گەورە و ئومێدو تکای لێخۆشبوون و ئەگەری تەوبەکردن و هەر شتێك مرۆڤ رووە و خێر و چاکە ببات. بەڵام هەرکەسێك بەجۆرێ فێڵ بۆ خۆی حەڵاڵی بکات و سوورببێ لەسەر حەرام، ئەوە بیروباوەڕی ناڕەوای بەحەڵاڵبوونی حەرامی پێوەی پەیوەست ئەبێ و ئەگەیەنێتە خراپەیەکی مەودا درێژ.

لەهەندێ فەرموودەدا باسی گۆڕینی مرۆڤ بەمەیمون کراوە، نمونەی فەرموودەی ئەبو مالیکی ئەشعەری کە بوخاری لەسەحیحەکەیدا گێڕاویەتییەوە:((وَيَمْسَخُ آخَرِينَ قِرَدَةً وخَنَازِيرَ إلى يومِ القيامة))واتا: خوای گەورە کەسانێکی تر ئەگۆڕێ بۆ شێوەی مەیمون و بەراز هەتاوەکو رۆژی قیامەت.

گومان لەوەدا نییە کە لەم ئوممەتەدا شێوەی کەسانێك دەگۆڕدرێت بۆ مەیمون و بەراز، ئەوەش لەدوو چیندا رووەدات:

زانایانی خراپی بەدڕەفتار کە بەدەم خواو پەیامبەرەوە(ﷺ) درۆ دەکەن، ئەوانەی ئایین و شەرعی خوای گەورە هەڵدەگێڕنەوە، بۆیە خوای گەورەش وێنەی ئەوان هەڵدەگێڕێتەوە هەروەك چۆن ئەوان ئایینی خوایان هەڵگێڕاوەتەوە.

ئەوانەش کە تاوانیان ئاشکرا دەکەن و بەخراپەکاری و حەرام خۆیان هەڵدەکێشن، جا ئەگەر لەدونیادا شێوەی یەکێك لەوانە نەگۆڕێت بۆ مەیمون و بەراز، ئەوە لەنێو گۆڕیان لەڕۆژی قیامەتدا شێوەیان دەگۆڕێت بۆ مەیمون و بەراز.

بەهەموو حاڵێك، لەزۆرێك فەرموودەدا باسی کردنی مرۆڤ بەمەیمون و بەراز هاتووە،ئەوەش لەبەر حەڵاڵکردنی حەرام لەڕێگەی فێڵەوە.

شێخ و مامۆستای ئێمە ئەڵێ: لەبەرئەوەی بەتەئویلی خراپ ئەو حەرامکراوانەیان حەڵاڵکرد، ئەوەیان بەرانبەر کرا. ئەگەر بەباوەڕبوون بەوەی پەیامبەر ئەو کارەی

حەرام کردووە، ئەوان حەلاڵیان بکردبایە، ئەوە بێباوەڕ دەبوون و بەشێك نەدەبوون لەئوممەتەکەی. ئەگەر دانیان بەوەدا بنابایە کە ئەو کارە حەرامە، ئەوە نزیك بوو بەگۆڕینی شێوەیان سزا بدرابایەن وەك تەواوی ئەوانەی ئەو تاوانانە ئەنجام دەدەن و دانیش بەوەدا دەنێن کە کارەکە تاوانە، ئەوکاتیش پێیان نەدەوترا(حەلاڵی دەکەن)، چونکە ئەو کەسەی شتێك بەحەلاڵ دەزانێ، بەباوەڕبوون بەحەلاڵبوونی ئەو شتە ئەنجامی دەدات، لێکچووی بەحەلاڵزانینی عەرەقە، واتا ئەو کاتەی ناوی تر لەعەرەق دەنێن و گیراوە حەرامکراوەکان دەخۆنەوە و پێی نالێن عەرەق(خمر)، هەروەها بەحەلاڵزانینی گۆرانی و مۆسیقا و ئامێرەکانی مۆسیقا، بەو باوەڕەی تەنیا کۆمەڵێك ئامێرن و دەنگێکی خۆش دەردەکەن و حەرام نین هەروەك چۆن دەنگی باڵندەکان حەرام نین[1]، هەروەها حەلاڵکردنی حەریر و تەواوی جۆرەکانی تری، بەو باوەڕەی لەهەندێ وێنەدا حەلاڵە، نمونەی حاڵەتی شەڕ و چنین، دێن و تەواوی حاڵەتەکانی تر لەسەر ئەو دوو حاڵەتە قیاس دەکەن و ئەڵێن: لەنێوان ئەم حاڵەت و ئەو حاڵەتدا هیچ جیاوازییەك نییە.

ئەم لێکدانەوانانە لەو سێ چین و تۆێژەدا هاتووەتەدی کە عبداللەی کوڕی موبارەك(بەڕەحمەت بێ) لەبارەیانەوە ئەڵێ:

وَهَلْ أَفْسَدَ الدِّينَ إِلاَّ المُلو ك وأَحْبَارُ سُوءٍ ورُهْبانُها

واتا: ئەوانەی کاروباری ئایینیان شێواندووە، تەنیا پادشایان و زانایان و بەناو خۆ یەکلاکەرەوانی خواپەرستییە[2].

---

١ – بڕوانە وەڵامی دانەر(بەڕەحمەت بێ) بۆ ئەو گومانە لە(الكلام على مسألة السماع)(ص٣٦٠–٣٧٦).

٢ – ئیبن ئەبی ئەلعیزی حەنەفی لە(شرح العقيدة الطحاوية)(ص٢٣٥) ئەڵێ:((هەروەك عبداللەی کوڕی موبارەك(خوا لێیخۆش بێ)وتوویەتی، لەسێ کۆمەڵەوە خراپە رووی کردووەتە جیهان و تێکەڵ بەجیهان بووە. پاشان ئەو دێڕە شیعرەی هێناوەتەوە کە دانەر لێرەدا باسیکردووە و ئەڵێ:((پادشایانی خراپەکار

رووبە لەدوای ئەوەی پەیامبەری خوا(ﷺ) پەیامی خوای گەیاندووە و بەڕوونی و نەهێشتنی پاساو و بیانوو، حەرامێتی ئەو شتانەی روون کردووەتەوە، ئەو کارانە، لای خوای گەورە هیچ سوودێك بەو کەسانە ناگەیەنێ کە ئەنجامی دەدەن.

رووی شەشەم: پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی:"إنَّما الأعمالُ بالنِّيَّات وإنَّما لكُلِّ امرئٍ ما نَوَىَ...."[1]،واتا: هەموو کارو کردەوەیەکی مرۆڤ بەپێی نیاز و نییەتی کەسەکەیە، هەموو مرۆڤێك بۆ هەر کارو کردەوەیەکی نییەتێکی هەیە.

بەسیاسەتی خراپ و تاوان ڕێ بەشەریعەت دەگرن و بەرهەڵستیی دەکەن و سیاسەتی ستەمکارانەی خۆیان ئەخەنە پێش حوکمی خواو پەیامبەرەکەی(ﷺ).

زانا خراپ و بەدرەفتارەکان، ئەوانەن کە بەبۆچوون و قیاسی خراپی خۆیان لەشەریعەت دەرچوونە و لایان داوە، ئەو بۆچونە خراپانەی کە حەرامکراوی خواو پەیامبەرەکەی حەڵاڵ دەکەن، حەڵاڵ حەرام دەکەن. ئەوەی حوکمی خواو پەیامبەر لەسەر هەڵوەشاندنەوەی بێ، بەگرنگی وەردەگرن، گرنگ بەهەڵوەشاوە وەردەگرن، حوکمی ڕەها سنووردار دەکەن و حوکمی سنووردار ڕەها دەکەن و هاوشێوەکانی تر.

ڕوهبان: نەفامانی سۆفیگەریین، ئەوانەی بەرهەڵستی حەقیقەتەکانی ئیمان و شەرع دەکەن بەزەوق و خەیاڵ و کەشفی پووچی شەیتانی، کە شەرعی ئایینێك لەخۆدەگرێت کە خوا مۆڵەتی پێ نەداوە، لەخۆگری هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئایینەیە کە خوای گەورە لەسەر زمانی پەیامبەرەکەی(صلى الله عليه وسلم) دایڕێژاوە، لەبری حەقیقەتەکانی ئیمان، فێڵی شەیتان و شانسی دەروون پەیڕەو دەکەن.

پادشایان وتوویانە: ئەگەر سیاسەت و شەریعەت دژ بەیەك بوون، سیاسەت پێشدەخەین!

زانا خراپەکانیش وتوویانە: ئەگەر عەقڵ و نەقڵ دژ بەیەك بوون، عەقڵ پێشدەخەین!

خاوەن زەوق و کەشفیش وتوویانە: ئەگەر زەوق و کەشف لەگەڵ زاهیری شەرعدا دژ بوون، ئەوە زەوق و کەشف پێشدەخەین!

قسەی ئەو زانایە کۆتاییهات، بەپاستی قسەیەکی زۆر گەورەیە، خوای گەورە بەزەبی بەرفراوان بەرانبەر بێژەریدا ببارێنێ.

١ – لەشەش کتێبەکەی فەرموودەدا هەیە، بەدوورودرێژی بڕوانە تەخریجکردنی لە(الحطة في ذكر الصحاح الستة)(١٤١ و ٢٨٩)ی صديق حسن خان، بەلێکۆڵینەوەی خۆم.

ئـەوە بنچـینەیە لەهەڵوەشـاندنەوەو پووچـەڵدەرکردنی فێـڵ و حیلـەدا، ئەوەشـە بوخاری بۆ ئەوە کردوویەتییە بەڵگە[1].

ئەگەر کەسێك ویستی لەگەڵ کەسێکدا مامەڵەیەك بکات، هەزاری حازریی پێ بدات و لەداهاتوودا هەزار و پێنجسەدی لێ وەربگرێتەوە،دێت نۆسـەدی بەقـەرز پـێ دەدات و بەرگێکی پێ دەفرۆشێ بەشەسەد کە نرخەکەی هەر سەد دەکات، ئـەوە بـەو نۆسـەد قەرز پێ دانە ویستی دەستخستنی قـازانجی زیـاتری هـەبووە، بـەو شەسـەدەش کـە وەهای دەرخستووە نرخی بەرگەکەیە، نیازی سـووی هەیـە، خـوای گـەورە بەهـەموو کون و قوژبنێکی دڵی ئاگادارە و ئەزانێ چی نیاز بووە، بەوەش ئاگادارە لەبەرچی ئەو مامەڵەیەی لەگەڵدا کردووە.

ئەو کەسـە بـۆ ئـەو کـارەی کردوویـەتی، نیـاز و مەبەسـتێکی هـەبووە کـە هـەزاری بەحازریی پێ داوە و هـەزار و پێنجسـەدی لـێ وەردەگـرێ لـەداهاتوو یـان لەقـەرزدا، وێنەی ئەو قەرز و کڕین و فرۆشتنە حەرامەی حەڵاڵ کردووە.

رووی حەوتەم: ئەوەیـە کـە ئـیبن عـەباس گێڕاویەتییـەوە ئـەڵێ:((هـەواڵ بەعومـەر گەیشت(خوای لێ ڕازیی بێ) کە فلانە کەس عەرەقی فرۆشتووە، وتـی: خـوای گـەورە فلانە کەس بکوژێت، ئاخۆ نازانێ پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی:"قاتَلَ اللهُ اليهودَ، حُرِّمَتْ عليهِمْ الشُّحومُ، فَجَمَلوها فباعُوها"[2](متفق عليـه)،واتـا: خـوای گـەورە جولەکـە بکوژێت، خوای گەورە دووگ و چەوریی لەسەر حەرامکردن، بەڵام ئەوان تواندیانـەوە تاوەکو ناوی دووگی لەسەر نەمێنێ و ئینجا فرۆشتیان.

---

١ – لەسەحیحەکەیدا(٢/٣٢٧): باب في ترك الحيل...

٢ – بوخاری(٥/٣١٩) و موسلیم(١٥٨٢) گێڕاویانەتەوە.

ئیمام ئەحمەد لەگێڕانەوەیەکی ئەبو سالّح و ئەبو ئەلحارس لەبارەی فێڵبازو حیلەبازانەوە ئەڵێ:((پەنایان بردووەتەبەر سوونەکان و فێڵیان بەکارهێناوە لەدژایەتیکردن و پێچەوانەکردنیاندا، لەبارەی ئەو شتەی وتراوە حەرامە، تیایدا فێڵیان بەکارهێناوە هەتاوەکو حەلاڵیان کردووە)).

پاشان بەڵگەی هێناوەتەوە بەو فەرموودەیەو فەرموودەی:"لَعَنَ اللهُ المحلِّلَ والمحلَّلَ لهُ"[1]،واتا: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو کەسەی ئافرەتێك مارە دەکات تاوەکو حەلاڵی بکات بۆ یەکێکی ترو ئەو کەسەش ئەوەی بۆ حەلاڵ دەکرێت.

ئەلخەتابی کە باسی فەرموودەی چەوری و دووگی کردووە ئەڵێ: لەم فەرموودەیەدا، پووچەڵکردنی هەموو ئەو شتانە هەیە کە تیایدا فێڵ دەکرێت بۆ گەیشتن بەشتێکی حەرام، بەوەی شێوەی شتەکە دەگۆڕدرێت، حوکم ناگۆڕدرێت، ناو گۆڕین نابێتە هۆی گۆڕینی حوکم، نمونەی فێڵی دووگفرۆشان وەك نمونەی ئەو کەسەیە کە پێیدەوترێت: نزیکی مااڵی هەتیوو مەکەوەوە، کەچی ماڵەکەی دەفرۆشێ و نرخەکەی بۆ خۆی وەردەگرێ و دەیخوات، کەچی کابرا ئەڵێ: من خودی ماڵی هەتیووەکەم نەخواردووە.

ئەگەر خوای گەورە بەزەیی بەم ئوممەتەدا نەدەهاتەوە بەوەی پەیامبەر(ﷺ) ئاگاداری کردوونەتەوە لەوەی بەهۆیەوە نەفرەت لەجولەکە کراوە و ئەوانی پێشووتریش شەرعناسی لەخواترس بوون و مەبەستەکانی خواو پەیامبەریان دەزانی، شەریعەتیش جێگیر بوو بەحەرامکردنی خوێن خواردنەوەو مردارەوە بوو و گۆشتی بەراز و حەرامکراوەکانی تر با شێوەیانیش بگۆڕدرێت، هەروەها سەقامگیر بووە نرخی

---

١ – پێشتر تەخریج کرا.

ئەو شتانە حەرامە، ئەگەر ئەو شتانە نەبووایە،ئەوە شەیتان لەدەرگای نرخ و ئەو شتانەوە دەهاتە لای حیلەبازو فێڵبازان،هەردوو یەک شتن و لای کەس شاراوە نییە.

رووی هەشتەم: بواری فرتوفێڵی حەرام، وەستاوەتەوە سەر ناونانی ئەو شتە بەجگە ناوی خۆی، گۆڕینی وێنەکەی لەگەڵ مانەوەی حەقیقەتی شتەکە، بۆیە چەقی ئەو کارە، وەستاوەتەوە سەر گۆڕینی ناوی خودی ئەو شتەی کە حەقیقەتەکەی وەک خۆیەتی و گۆڕان بەسەر حەقیقەتی شتەکەدا نەهاتووە، یان تەنیا وێنەکەی گۆڕدراوەو حەقیقەتەکەی وەک خۆیەتی.

کەسێک کە رۆڵی حەڵاڵکەری ژنی سێ تەڵاقە، ناوی هاوسەرگیریی ئەخاتە سەر کرداری مارە بەجاش، ناوی خۆی دەکاتە هاوسەر، ئەگەرچی وێنە و ناوی هاوسەرگیریی لەو کارە دەنێت، بەڵام حەقیقەتەکەی وەک خۆیەتی کە مارە بەجاشە.

رووی و دیارە پەیامبەری خوا(ﷺ) نەفرەتی لەو کارە کردووە، لەبەر ئەو خراپییە گەورەیەی لەو کارەدا هەیە، بەگۆڕینی ناو و وێنەی ئەو کارە، سزا و نەفرەت لاناچێت، چونکە حەقیقەتی ئەو کارە وەک خۆیەتی.

ئەو خراپییە گەورەیەش کە لەسووخۆرییدا هەیە هەمان شێوەی هەیە، بەگۆڕینی ناو و شێوە لەسووخۆرییەوە ناگۆڕێت ببێتە مامەڵەو کڕین و فرۆشتن. حەقیقەت شتێکی رووندەو لەپێش گرێبەست لەسەری رێککەوتن کراوە، خوای ئاگادار بەنهێنییەکان ئاگاداری بەوەی لەدڵی ئەو دوو کەسەدایە کە لەسەری رێککەوتوون، گۆرینی ناو و وێنەکەی تەنیا فێڵێکە، فێڵە لەخواو پەیامبەرەکەی(ﷺ).

ئاخۆ چی جیاوازییەک هەیە لەنێوان ئەمەو ئەوەی کە جولەکە ئەنجامی دابوو لەحەڵاڵکردنی ئەوەی خوای گەورە حەرامی کردبوو لەبەکارهێنانی دووگ و بەز و

چەوریی ئاژەڵ؟ ئەوان دووگ و بەزی ئاژەڵیان تواندەوە و ئەیانفرۆشت و نرخەکەیان دەخوارد و وتیان: ئێمە نرخمان خواردووە نەك چەورییە فرۆشراوەکە.

هەروەها ئەوانەش کە بەناوی(النبیذ)ەوە عەرەق حەلاڵ دەکەن، هەروەك لەفەرموودەی ئەبو مالیکی ئەشعەرییدا هاتووە(خوای لێ رازیی بێ) لەپەیامبەری خواوە(ﷺ) کە فەرموویەتی:"لَيَشْرَبَنَّ ناسٌ من أمتي الخَمْرَ، يُسَمُّونَها بِغير اسْمِها، يُعْزَفُ على رؤوسهم بالمعازِفِ والمُغَنِّيات، يَخْسِفُ اللهُ بهِمُ الأرضَ، ويجعَلُ منهم القردةَ والخَنازيرَ"[1]،واتا: خەڵکانێك لەئوممەتەکەم عەرەق دەخۆنەوەو بەناوی ترەوە ناوی لێ دەنێن، بەمۆسیقا و ژنانی گۆرانیبێژ بەسەریاندا گۆرانی و مۆسیقا لێ دەدەن، خوای گەورە بەناخی زەوییدا دەیانبات و هەندێکیشیان لێ دەکات بەمەیمون و بەراز.

کەسانێك هاتوون بەگومانی ئەوەی ناوەکە نەماوە، شتانێکی حەرامیان بۆ خۆیان حەلاڵ کردووە، لایان نەکردووەتەوە بەلای بوونی واتای شتی حەرامکراو و سەلماندنی حەرامییەکەی!

بەخودی خۆی، ئەمە هاوشێوەییە لەگەڵ جولەکەدا لەحەلاڵکردنی فرۆشتنی چەوریی تواوە و ماسی و نەهەنگی راوکراوی رۆژانی شەممە لەڕۆژانی هەینییدا، بەوەی ماسییەکان کەوتبوونە تۆڕی دانراوی رۆژانی هەینییەوە. رۆژی هەینی تۆڕیان دەنایەوە و چالاوی گەورەیان لێ دەدا، رۆژانی شەممە راویان نەدەکرد و رۆژانی یەکشەممە ماسیی گلدراوی رۆژانی شەممەیان کۆدەکردەوە. هەروەها ئەوەی کە خواردنەوەی سەرخۆشکەر حەلاڵ دەکات و وەهای دادەنێت عەرەق نییە، لەکاتێکدا دەزانێ واتا و مەبەستی عەرەق(الخمر) چییە و چی کارێك بەسەر مرۆڤدا دەهێنێ،

---

١ – تەخریجی لەکتێبەکەمدا هەیە(الكاشف في تصحيح رواية البخاري لحديث المعازف...)(ص٤٣–٤٦).

کەچی دێت لێکدانەوەیەکی پووچ دەکات. الخمر، ناوە بۆ هەموو خواردنەوەیەك مرۆڤ سەرخۆش بکات، هەروەك بەڵگە روون و راشکاوەکان بەڵگەیان لەسەر داوە.

ئەوانە (خمر)یان حەڵاڵکرد بەگومانی ئەوەی تەنیا وشەکە هۆکارە بۆ حەرامبوونی ئەو خواردنەوەیە.

هەروەها گومانیان لەحەڵاڵکردنی حەریر و مۆسیقا، بێگومان رێگە دراوە حەریر بۆ ئافرەتان بەکاربهێنرێت، رێگەدانەکەش بۆ پێویستییە، هەروەها لەشەڕیشدا رێگە دراوە بەکاربهێنرێت، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِيٓ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِۦ ﴾ **الأعراف:** ٣٢، واتا: ئەی موحەممەد(ﷺ) بڵێ کێ ئارایش و جوانی یەخواییەکانی حەرام کردووە کە خوا بۆ بەندەکانی دروستی کردووە.

بێگومان لەشایی و هەندێ شتی تردا رێگە بەوتنی گۆرانی دراوە، هەروەها وتنەوەی ئاوازی رادانی ئاژەڵ و هەندێ جۆری تر!

ئەم گومانە زۆر بەهێزترە لەگومانی فێڵباز و حیلەبازان، جا ئەگەر بەشێك لەسزای ئەوانە بریتی بێت لەوەی: خوای گەورە شێوەی هەندێکیان بگۆڕێت بۆ مەیمون و بەراز، ئەی گومانی تۆ چییە بەرانبەر بەوانەی تاوانەکانیان گەورەتر و کردەوەکەیان ناشیرینترە لەکردەوەی ئەوان؟

ئەو قەومەی کە بەناخی زەوییدا بران و شێوەیان گۆڕدرا بۆ مەیمون و بەراز، بەهۆی هەندێ کردەوەیانەوە بوو کە بەتەئویلی ناپەسەند ئەنجامیان دا و بەشێوەو رێگەی فێڵ حەرامەکانیان حەڵاڵکرد، پشتیان کرد لەمەبەست و حیکمەتی خوای گەورە لەحەرامکردنی ئەو شتانەدا، لەبەر ئەوە بوو خوای گەورە کردنی بەمەیمون و بەراز، هەروەك (أصحاب السبت)ی کردە مەیمون بەهۆی ئەو تەئویلە ناپەسەندەی حەرامیان

پێ حەلاڵکرد، هەندێکیانی بەناخی زەوییدا برد هەروەك ئەوەی بەسەر قاروندا هێنا[1]، چونکە لەعەرەق و گۆرانی و مۆسیقادا خۆبەزلزانی و لەخۆباییبوونێك بوونی هەیە لەو جوانییەدا نییە، کە قاروون پییەوە دەرچوو بۆ لای قەومەکەی، بۆیە کاتێك ئایینی خوای گەورەیان گۆڕی، خوای گەورەش شێوەی ئەوانی گۆڕی، کە لەبەرانبەر ئایینی خوادا لووتبەرزییان نواند، خوای گەورەش سەرشۆڕ و زەلیلی کردن. لەبەر ئەوەی ئەو دوو شتەیان لەخۆیاندا کۆکردبووەوە، ئەو دوو سزایەیان بۆ کۆکرایەوە، سزادان لەستەمکاران بەدوور نییە و لەهەندێ فەرموودەشدا باسی شێوە گۆڕین و بەناخی زەوی بردندا هاتووە.

- **فێڵی سووخۆریی:**

ڕوونە، تەنیا لەبەر ناو و وێنە سووخۆریی حەرام نەکراوە، بەڵکو لەبەر حەقیقەت و واتا و مەبەستەکانی خودی ئەو کارە، حەرام کراوە. حەقیقەت و واتا و مەبەست لەفێڵی سووخۆرییدا بوونی هەیە وەك ئەوەی لەشێوەی ئاشکرادا بوونی هەیە، هەردوو کەسی گرێبەستکار لەناخی خۆیاندا ئەو حەقیقەتە دەزانن، ئەو کەسەش شایەتی حاڵیان بێ ئەوە دەزانێ، خوای گەورە دەزانێ مەبەستیان خودی سووخۆرییە، بەڵام بەگرێبەستێکی نامەبەست و بەناوێکی خوازراوی جگە لەناوی خۆیەوە پەنای بۆ دەبەن!

ڕوونە ئەو ناو گۆڕین و فێڵەی بەکاریدەهێنن، لەخانەی حەرامبوون دەریناکات، ئەو خراپییەش لانادات کە بەهۆیەوە سوو حەرام کراوە،بەڵکو لەهەندێ ڕووەوە هێز و جەختکردنەوەی زیاتر دەدات بەوەی ڕێککەوتنێکی سووخۆرییە:

---

١ – هەروەك پەروەردگارمان لەسورەتی القصص:٧٥–٨٢ لەبارەی قاروونەوە گێڕاویەتییەوە.

لەوانە: بەجۆرێ بەزۆر و بەهێزەوە مەرجی خۆی دەخاتەبەردەم کەسی قەرزداری خاوەن پێویستی و ناچار، ناتوانێ بەو جۆرە قازانج و مەرجی خۆی بەسەر خاوەن پارەی حازردا بسەپێنێ.

لەوانە: باوەڕبوون بەوەی بازرگانییەکی حازر و سازە، دەروونەکانیش حەزێکی زۆریان بەبازرگانیی هەیە، بەنمونەی کەسێکە خۆشەویستییەکی سەختی بۆ ئافرەتێك هەبێت و بەهۆی ئەوەی بۆی حەرامە، نەتوانێ پێی بگات، فێڵێکی بۆ دەنێتەوە و وێنەی مارەکردن و گرێبەستێکی ناحەقیقیی دەخاتە نێوان خۆی و ئەو ئافرەتە، بەوە لەقێزەونی و حەیاچوون خۆی دەپارێزێ و ئیتر لەخەڵك ناترسێ و شەرم ناکات و بێ ترس دێتەلای ئەو ئافرەتە، خۆی و ژنەکەش لەناخەوە دەزانن ژن و مێرد نین، بەڵکو وێنەی گرێبەستێکیان دەرخستووە تاوەکو بەهۆیەوە بەمەبەستی خۆیان بگەن.

رووبە، ئەو کارە هێزێکی زیاتر بەو خراپەکاری و ناپەسەندییە دەدات کە خوای زانا و کار بەجێ بەهۆیەوە سووخۆریی حەرام کردووە. خوای گەورە لەبەر ئەو زیانەی بەر کەسی خاوەن پێویستیی دەکەوێت، سووی حەرام کردووە، کەسەکە زیان دەکات و ئەیخاتەبەردەم هەژارییەکی ماوە درێژ و قەرزێك کە لەکۆڵی نابێتەوە، ئەو پارەیەو ئەوەی دەچێتە سەری، ناچاری دەکات ناوماڵەی خۆیشی بۆ بفرۆشێت، وەك ئەوەی ئێستا لەواقیعدا دەیبینین.

سوو بۆ قومارە، ئەوەیە وەها دەکات کەسی قومارباز دۆڕاو و خەفەتبار و حەسرەتبار بێ. بۆیە یەکێك لەنیشانەکانی تەواوێتی و کاملّی و تۆکمەیی شەریعەت بۆ بەرژەوەندییەکانی بەندەکان: بریتییە لەحەرامکردنی سوو، حەرامکردنی ئەو کارانەی رێگە دەدەن و بیانوو دروست دەکەن بۆ گەیشتنە سووخۆریی، ئاخۆ چۆن گومان بەخوایەکی دانا دەبرێت کە رێگە بدات بەفێڵکردن و رێگە دۆزینەوە بۆ دروستبوونی

ئـەو خراپییـە و کەسـی فێڵبـاز چـەنەدان ئەوەنـدەی بەکەسـی فێـڵ لێکـراو داوە، وەربگرێتەوە؟

ئەگـەر هەنـدێ پزیشـك لەچارەسـەرکردنی نەخۆشـەکاندا ئـەو رێگەیـە بگرنەبـەر، هـەموویان لـەنێو دەبـەن و دەیـانکوژن. خـوای گـەورە و پەیامبەر(صـلی الله علیـه وسـلم)یش هەرشـتێکیان حـەرام کردبـێ، بـۆ پارێزگاریکردنـە لـەدڵ و هێـزی ئیمـان، هەروەك چۆن پزیشك شتێك لەنـەخۆش قەدەغـە دەکـات لەبـەر خـودی نەخۆشـەکەو پاراستنی، جا ئەگەر پزیشك یان نەخۆشەکە فێڵ بکات بۆ خواردنی شـتی زیانبـەخش جا لەژێر پاساوی گـۆڕینی وێنـەی یـان ناویـدا بـێ لەکاتێکـدا حەقیقـەتی شـتەکە وەك خۆیەتی، ئەوە نەخۆشییەکە زیاتر دەکات و رووەو تیاچوونی دەبـات، تـەنیا گـۆڕینی وێنە و ناو هیچ سوودێك ناگەیەنێ.

تۆش ئەگـەر رابمـێنی لـەو فێڵـەی بـەکاردەهێنرێت بـۆ حـەلاڵکردنی ئـەوەی خـوای گەورەی حەرامی کردووە و لەکارخستنی واجیبێك، ئەبینی هەمان شتە، ئەو خراپییەی لەو حەلاڵکردنەدا دروست دەبـێ گـەورەتـرە لـەخراپیی ئـەو حەرامکراوانـەی بەوێنـە و ناوی راستەقینەی خۆیانەوە ماونەتەوە، ویژدانیش بۆ ئەوە شایەتیی دەدات.

لەبەر ئەو زیانەی لەدونیاو ئایینی مرۆڤ دەکەوێ، خوای گەورە ئەو حەرامکراوانـەی حەرام کردووە، تەنیا لەبەر ناو و وێنە حەرامی نەکردوون.

رووبە ئەو خراپی و ناهەمواربیانـە لەحەقیقـەتی ئـەو شـتانەوە سەرچـاوە دەگـرن، بەگۆڕینی ناو و وێنە، زیانەکان لەنێوناچن.

ئەگەر بەگۆڕینی ناو و وێنە ئەو خراپی و زیانانە لەنێوبچوونایە، ئەوە خوای گـەورە نەفرەتی لەجولەکە نەدەکرد کە هەڵسان بەگۆڕینی وێنـەی دووگ و چـەوریی ئـاژەڵ و توانەوەی لەژێر ناوی قەڵەوی، پاشان هەڵسان نرخ و پـارەی فرۆشـراوی ئـەو زەیـت و

تۆنراوانەیان خوارد و وتیان: ئێمە لەو چەوریيەمان نەخواردووە، هەروەها بەهۆی گۆڕینی وێنەی راوی رۆژانی شەممە.

گۆڕینی وێنە و ناوی حەرامکراوەکان لەکاتێکدا مەبەست و حەقیقەتی شتەکان وەک خۆیەتی، زیاترکردنی ئەو زیان و خراپییەیە کە بەهۆیەوە ئەو شتە حەرام کراوە، هەروەک ئەوەش لەخۆدەگرێت کە هەوڵی خەڵەتاندنی خواو پەیامبەرەکەی تێدایە و پاڵدانی فێڵ و تەڵەکەبازییشە بۆ پاڵ شەرع و ئایینەکەی، بەوەی لەبەر زیانێک شتێک حەرام دەکات،کەچی رێگە دەدات بۆ خراپتر لەوە.

لەبەر ئەوەیە ئەیووب ئەلسختیانی ئەڵێ:((هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی خوا دەدەن وەک چۆن منداڵ و هەرزەکاران دەخەڵەتێنن، ئەگەر کارەکەیان وەک خۆی جێبەجێ بکردبایە تاوانی کەمتر دەبوو)).

بیشری کوڕی ئەلسەری کە یەکێک بووە لەمامۆستاکانی ئیمام ئەحمەد ئەڵێ:((روانیمە زانست، بینیم بریتییە لەفەرموودەو بۆچوون:

لەفەرموودەدا بینیم باسی پەیامبەران و مردن و پەروەردگارێتی خوای گەورە و بەهەشت و دۆزەخ و حەڵاڵ و حەرام و هاندان بۆ گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی و کۆی خێر و چاکەکان هەیە، روانیمە بۆچوونیش بینینم ئەمانەی تێدا هەیە: فێڵ و تەڵەکەبازی و هەڵخەڵەتاندن و شەڕ و بردنی ماف و چەن و چوونکردن لەئایین و پەنابردنەبەر فێڵ و هاندان بۆ پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی و بوێرییکردن بۆ ئەنجامدانی حەرام)).

ئەبو داوود ئەڵێ: گوێم لەئەحمەدی کوڕی حەنبەل بوو باسی فێڵبازان دەکرا وتی:((فێڵ دەکەن بۆ کەمکردنەوە لەپایەی سوونەتی پەیامبەری خوا(ﷺ)).

ئەو بۆچوونەی کە فێڵ لەخۆدەگرێت و لەکارخستنی ئەوەی تێدایە کە خوای گەورە واجیبی کردووە و حەلاڵکردنی حەرام لەخۆدەگرێت، ئەوەیە کە پێشین یەکدەنگ بوونە لەسەر سەرزەنشتکردن و عەیبدارکردنی.

حەرب لەشەعبییەوە گێڕاویەتییەوە ئەڵێ: ئیبن مەسعود(خوای لێ رازیی بێ) وتوویەتی:((ئاممان وریای ئەوە بن بڵێن وەهای بۆ دەچم و بۆچوونی من ئەوەیە، خەڵکانی پێش ئێوە بەهۆی(من وەهای دەبینم و وەهای بۆ دەچم) لەنێوچوون، هیچ شتێ بەشتێکی تر پێوانە و قیاس مەکەن، چونکە لەدوای سەقامگیربوون، ترازان روودەدات)).

لەشەعبییەوە ئەویش لەمەسروقەوە ئەڵێ: عبدالله وتی:((هیچ سااڵێك نییە ئیلا ئەوەی دواتری لەو خراپتر دەبێ[1]، نااڵێم: ئەمێرێك باشترە لەئەمێرێك، سااڵێك بەپیت تر لەسااڵێکی تر، چاکترین و زاناترینتان دونیا بەجێدەهێڵن، پاشان قەومێك پەیدا دەبن کاروبارەکان بەبۆچوونی خۆیان دەپێون، بەوە ئیسلام لەنێودەچێ و کاول و شکاو دەبێ و دەقرنجێ)).

عومەری کوڕی خەتاب(خوای لێ رازیی بێ) ئەڵێ:((ئاممان وریا بن لەوانەی خاوەن بۆچوونن و پشت بەبۆچوونی خۆیان دەبەستن، ئەوانە دوژمنانی سوونەتن، ناتوانن فەرموودەکان ئەزبەردە بکەن و ناتوانن لێی تێبگەن، شەرم دەکەن کە پرسیاری شتێکیان لێ دەکرێت بڵێن: نازانم، بۆیە بۆچوونی خۆیان بەرانبەر بەسوونەت دەکەنەوە، ئاممان وریای ئەوانە بن))[2].

---

١ – دروست لەپەیامبەری خواوە(ﷺ) بەنمونەی ئەوە هاتووە. بڕوانە ئەو فەرموودەیە و تەخریجکردنی لە((أربعي الدعوة والدعاة))(رقم٢٩) بەپێنووسی خۆم.

٢ – بڕوانە شتێك لەم ئەسەرە بەو گێڕانەوەیە لە(جامع بيان العلم وفضله)(٢/١٣٣–١٣٦)ی ابن عبد البر.

بۆ ئەحمەدی کوڕی حەنبەل باسکرا کە ئافرەتێك هەبووە داوای جیابوونەوەی کردووە لەمێردەکەی و مێردەکەی ئەو داوایەی ڕەتکردووەتەوە، فێڵبازێك بەئافرەتەکەی وتووە: ئەگەر تۆ لەئیسلام هەڵبگەڕێیتەوە، ئەوە تەلاقی لە تۆ دەکەوێت، ژنەکەش ئەوەی ئەنجام داوە. ئیمام ئەحمەد(بەڕەحمەت بێ) تووڕە دەبێ و ئەڵێ:((هەرکەسێ فەتوای ئەوەی دابێ یان فێری ببێ یان پێی ڕازیی بێ، بێباوەڕە)).

عبداللەی کوڕی موبارەکیش ئەوەی وتووە، پاشان وتوویەتی:((شەیتان نمونەی فێڵی لەو جۆرەی نەزانی هەتاوەکو ئەو جۆرە کەسانە هاتن، شەیتان لەوانەوە فێری فێڵی لەو جۆرە بوو))[1].

یەزیدی کوڕی هارون ئەڵێ:((فێڵبازان بەشتێك فەتوایان دا، ئەگەر جولەکە و گاوران فەتوای لەو جۆرەیان بدابایە قێزەون دەبوو، فەتوایان بۆ پیاوێك دا کە بەهیچ جۆرێك ژنەکەی تەلاق نەدات، ژنەکە سەروەتێك زۆری بۆ خەرج کرد تاوەکو تەلاقی بدات، بەڵام ئەوان فەتوایان بۆ پیاوەکە دا و ڕێگەیان پیشان دا دایکی ژنەکەی ماچ بکات یان بەرانبەر بەوە لەگەڵ دایکیدا جووت ببێ)).

منیش ئەڵێم: هەرکەسێ لەشەریعەت رابمێنێ و تێگەیشتن لەشەریعەتی پێ ببەخشرێت، ئەوە مەبەستی فێڵبازانی لا پووچەڵ دەبێتەوە و ڕێگەی فێڵ و تەڵەکەبازییان بەڕوودا دادەخات.

---

١ – لەنمونەی ئەوە وتراوە:

كان فتى من جند إبليس فارتقى به الحالُ حتى صارَ إبليسُ من جنده

واتا: گەنجێك بوو لەسەربازانی شەیتان، بەجۆرێ گەورە بوو پێگەیشت، شەیتان بووە یەکێك لەسەربازانی ئەو گەنجە.

یەکێك لەوانە، خوای گەورە و پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) رێگەیان لەو میراتبەرە داخستووە کە بۆ گەیشتن بەمیراتەکەی، دەیەوێ میرات لێ بڕاو بکوژێ، بۆیە لەبەر ئەوەی ئەیەوێ بەفێڵ بەمیراتەکە بگات، بەکوشتنی کەسی مـیرات لـێ براو،ئـەوە لـەو میراتە بێ بەش دەکرێت و بەمیراتبەرانی تر دەدرێت.

یەکێك لەوانە، پووچەڵبوونەوەی وەسێتی وەسێت بۆ کراو کە ئەگەر میرات لێ بـڕاو بکوژێ، بەشێك سەروەتی پێ دەدات.

هاوشێوەی ئەوانە زۆر زۆرە.

فرۆفێڵبـازی باتـڵ بەکارهێنـەر، کەسـێکە لـەووی شـەرع و قـەدەرەوە پێچـەوانە بەمەبەستی خۆی مامەڵە دەکـات. خـەڵکییش زۆرێك نمونـەیان بینیـووەو شـایەتییان داوە، هەرکەسێ بەفێڵ بژێ، بەهەژاریی ئەمرێ.

بۆیە خوای گەورە سزای ئەوانەی دا بەلـەنێوبردنی بـەرووبوومیان کاتێـك ویسـتیان هەژاران لەو هاوکارییە بێ بەش بکەن کە پێشتر پێیان دەدرا.

سزای فێڵبازانی راوی حەرامی دا، بەکردنیان بەمەیمون و بەراز.

سزای ئەوانەی داوە کە بەسوو فێڵ دەکەن بۆ خواردنی مااڵی خـەڵکی، سـزای داون بەلەنێوبردنی سەروەت و سامانیان، هەروەك فەرموویـەتی:﴿ يَمْحَقُ ٱللَّهُ ٱلرِّبَوٰاْ وَيُرْبِي ٱلصَّدَقَٰتِۗ ﴾ البقرة: ٢٧٦، واتا:خوا پیت و بەرەکەتی سوو ناهێڵێ وە بەرەو بە خێـر و بەخشش ئەدات.

پێویستە سەروەتی بەسوو پەیداکراو لەنێوبچێ هەرچەندە زۆریش بێت.

خوای گـەورە سـزای تاوانبـارانی داوە بەشـتانی دژ بـەوەی تاوانەکـەیان لـەپێناودا ئـەنجام داوە، بۆیـە سـزای مرۆڤـی درۆزنـی داوە بەپووچـەڵکردنەوەی قسـەکەی و وەاڵمدانەوە و رەتدانەوەی بەنێوچاوی خۆیدا.

سزای هەرکەسێکی داناوە کە لەبەر خۆبەزلزانیی قسەی حەق وەرناگرن و ملکەچی نابن، بەوەی بەئەندازەی خۆبەزلزانییەکەی، سەرشۆڕی و بچووکبوونەوەی بەسەردابهێنێ.

سزای ئەو کەسەی خۆی بەگەورە دەزانێ بەرانبەر بەوەی خوا بپەرستێ و گوێڕایەڵی بێ، گێڕاوە بەوەی: بیکاتە کۆیلەی ئەوانەی خوا دەپەرستن و گوێڕایەڵیی خوای گەورە دەکەن.

سزای ئەو کەسەی هەموو جەستەی بەشدار دەکات لەچێژوەرگرتن لەداوێنپیسی: سەرەتاپا ئازاردانی جەستەی بەبەردباران کردن و جەڵد کردن گێڕاوە.

پەیامبەری خوا(ﷺ) سزای ئەو کەسەی تەماشای مااڵی خەڵکانی تر دەکات، گێڕاوە بەوەی چیلکەیەك بەچاویدا بکرێت لەو کونەوەی تەماشای پێ دەکات، بەلەنێوبردنی ئەو ئەندامەی ناپاکیی پێ کردووە و بێ مۆڵەتی خاوەن مااڵ چاوی گێڕاوە[1].

سزای هەر ناپاکێکی داوە بەسەرگەردان کردن و تێکدانی فێڵ و پیلانی و نەهێشتن لەگەیشتن بەمەبەستی خۆی، ئەگەرچی بەهەندێکیشی بگات، ناهێڵێ بەتەواوی مەبەستی بگات، ئەوەشی بەدەستیدەهێنێ، هۆکار دەبێ بۆ زیاترکردنی سزادان و بێ ئومیدکردنی: ﴿ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي كَيۡدَ ٱلۡخَآئِنِينَ ۝٥٢ ﴾ **یوسف: ٥٢**واتا: بەڕاستی خوا پیلانی ناپاکان ناگەیەنێ بەپایان.

---

١ – هەروەك ئیمام موسلیم لەسەحیحەکەیدا(٢١٥٨) گێڕاویەتییەوە لەئەبو هورەیرەوە: « مَنِ اطَّلَعَ فِي بَيْتِ قَوْمٍ بِغَيْرِ إِذْنِهِمْ فَقَدْ حَلَّ لَهُمْ أَنْ يَفْقَئُوا عَيْنَهُ» ،واتا:هەرکەسێك تەماشای مااڵی کەسێك بکات بەبێ مۆڵەتی خاوەن مااڵ، خاوەن مااڵ مافی ئەوەی هەیە چاوی کوێر بکات. بوخاری(٢١٦/١٢)نزیك بەوە گێڕاویەتییەوە.

ئەمە بواریکی زۆر بەرفراوان و زۆر بەسوودە، هەرکەسێکیش لێی رابمێنێ، دەبینێ سزای خوای گەورە ئامادەیە بۆ هەرکەسێك لەگوێڕایەڵیی خوای گەورە دەربچێ و لەڕووی شەرع و قەدەرەوە مەبەست پێچەوانە بکاتەوە، جا بۆ ئەوە سزای دونیایی و قیامەتییشی داناوە.

سوونەت و سرووشتی گەردوونیی خوای گەورە لەبەندەکانیدا ئەوەیە، هەرکەسێك فێڵ بەکاربهێنێ، فێڵی بەنێوچاودا بدرێتەوە، چۆن بکەی ئاوەهات بێتەڕێ.

خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَهُوَ خَٰدِعُهُمْ ﴾ **النساء: ١٤٢،** واتا: بەڕاستی دووڕووەکان دەیانەوێت خوا بخەڵەتێنن کەچی خوا خەڵەتێنەری ئەوانە.

هەروەها دەفەرموێت:﴿ وَلَا يَحِيقُ ٱلْمَكْرُ ٱلسَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِۦ ﴾ **فاطر: ٤٣،** واتا:فێڵ و پیلانی خراپ تەنیا زیان بە خاوەنەکەی دەگەیەنێ.

هیچ فڕو فێڵبازچییەك نابینی، بەفێڵی خۆی وەلاّم نەدرابێتەوە.

- **سد الذرائع:**

ئەگەر لەشەریعەت رابمێنی، دەبینی بەربەست و بیانووی بڕیووە لەگەیشتن بەحەرامەکان، پێچەوانەی بواری حیلەبازییە کە مرۆڤ بەحەرام دەگەیەنێ.

حیلەبازی، کۆمەڵێ ئامراز و بواری هەیە مرۆڤ بەحەرام دەگەیەنێ، سد الذرائع بواریکی پێچەوانە بەوەیە. لەنێوان ئەو دوو شتەدا دژیەکییەکی گەورە هەیە، خوای گەورە بوار و پاساوەکانی گەیەنەر بەحەرامی حەرام کردووە ئەگەرچی کەسی ئەنجامدەر نیازی خودی حەرامیشی نەبێ، ئاخۆ ئەو کەسە چی کە بەخۆی خودی حەرامی مەبەستە و ئەیەوێ لەو رێگەیەوە بەحەرام بگات؟!

خوای گەورە نەهی کردووە جنێو بەخواوەندەکانی هاوبەش پەیداکەران بدرێت، تاوەکو نەکرێتە پاساو و هاوبەش پەیداکەران بەو هۆیەوە جنێو بەخوای گەورە بدەن، وەك بەرانبەر کردن[1].

پەیامبەری خوا(ﷺ) هەوالّی داوە بەوەی: "إنَّ مِنْ أكبر الكبائر: شَتْمَ الرجل والِدَيْه، قالوا: وهل يشتمُ الرجل والِديْه؟ قال: نعم. يسبُّ الرجلُ أبا الرجلِ أو أمَّه، فيسب أباهُ وأمَّهُ"[2]،واتا:یەکێ لەتاوانە گەورەکان، ئەوەیە کەسێك جنێو بەدایك و باوکی خۆی بدات. وتیان: بۆ کەس هەیە جنێو بەدایك و باوکی خۆی بدات؟ فەرمووی: بەڵێ، جنێو بەباوك و دایکی کەسێك دەدات و لەبەرانبەردا جنێو بەباوك و باوکی خۆی دەدرێت.

سەفیە(خوای لێ رازیی بێ) هات بۆ سەردانی پەیامبەری خوا(ﷺ) کە لەئیعتیکافدا بوو، لەگەڵ سەفیەدا هەڵسا تاوەکو بیگەیەنێتەوە ماڵەوە، دوو پیاوی ئەنسار ئەوانیان بینی، بۆیە فەرمووی:"عَلَى رِسْلِكُمَا إنَّهَا صَفِيَّةُ بِنْتُ حُيَيّ"،واتا: تکایە راوەستن، ئەوە سەفییەی کچی حوییەیە"ئەوانیش وتیان: سبحان الله! ئەی پەیامبەری خوا داخۆ ئێمە گومانی خراپ بە تۆ دەبەین! فەرمووی:"إنَّ الشَّيْطَانَ يَجْرِي مِنَ الْإِنْسَانِ مَجْرَى الدَّمِ، إنِّي خَشِيتُ أنْ يَقْذِفَ فِي قُلُوبِكُمَا شَرًّا"[3]واتا: شەیتان بەدەماری خوێنی مرۆڤدا هاتووچۆ دەکات، من بۆیە ئەوەم وت، ترسام شەیتان گومانی خراپ بخاتە دڵتانەوە.

سەدی زەریعە ئەوە بوو ئاگاداری کردنەوە کە ئەو ئافرەتە، سەفییەی خێزانێتی.

---

١ – هەروەك لەسورەتی الأنعام:١٠٨ دا هاتووە.

٢ – بوخاری(٣٣٨/١٠) و موسلیم(٩٠) گێڕاویانەتەوە لەعبداللەی کوڕی عەمرەوە.

٣ – بوخاری(٢٤٠/٤) و موسلیم(٢١٧٥) گێڕاویانەتەوە لەسەفییەوە.

خەڵوەت و بەتەنیا مانەوەی لەگەڵ ئافرەتی بێگانەدا(نامەحرەم) حەرام کردووە، سەفەرکردنی بەتەنیا لەگەڵ ئافرەتی بێگانە و تەماشاکردنی ناپێویست بۆ ئافرەتی بێگانەی حەرام کردووە، وەك دانانی بەربەستێك لەگەیشتن بەتاوان[1].

ڕێگری لەئافرەتان کردووە بەبۆنی عەتر و بخوردەوە دەربچن بۆ مزگەوت. ڕێگری کردوون بۆ شتێکی پێویست لەنوێژدا بەدەنگی بەرز سبحان الله بکەن، بەڵکو ڕێگەی داون بەدەستێکیان بدەن بەسەر دەستەکەی تریاندا تاوەکو کەسێکی نزیك ئاگاداربێتەوە بەشتێکی پێویست.

نەهی کردووە ئافرەت، وەسفی ئافرەتێکی تر بۆ مێردەکەی بکات، چونکە وەك ئەوە وەهایە مێردەکەی تەماشای ئەو ئافرەتە نامەحرەمە بکات کە ئەو وەسفی دەکات.

نەهی کردووە لەسەر گۆڕ، مزگەوت دروست بکرێت و نەفرەتی لەبکەری وەها کارێك کردووە.

نەهی کردووە لەهەڵواسینی گۆڕ و گەورە ڕاگرتنی، بەڵکو فەرمانی داوە تەختی زەوی بکرێت.

نەهی کردووە لەسەر گۆڕ خانوو دروست بکرێت و کێڵی بۆ دروست بکرێت و لەسەری نووسین بکرێت و نوێژی بر بکرێت و نوێژی لا بکرێت، هەموو بۆ ئەوەی گۆڕ نەکرێتە شوێنی بتپەرستی.

---

١ – بەڵگەکانی ئەم بوارە هەموو ڕاست و بەناوبانگن، ئەگەر ترسی درێژەدان نەدەبوو، ئەوە هەموویم لێرەدا دەهێنایەوەو تەخریجیش دەکرد.

هەموو ئەوانە حەرامن بۆ کەسێك بەمەبەست ئەنجامی بدات و ئەوانەش کە بەبێ مەبەست ئەنجامی دەدەن، هەموو بۆ ئەوەی نەبێتە پاساو و رێگە خۆشکەر بۆ گەیشتن بەحەرام و قەدەغەکراو.

نەهی کردووە لەکاتی خۆرهەلآتن و خۆرئاوابووندا نوێژ بکرێت، چونکە دوو کاتن کە بێباوەڕان بۆ خۆر سوجدەی تێدا دەبەن، بۆیە نوێژکردن لەو کاتەدا، لەڕواڵەتدا خۆشوبهاندنێکی تێدایە بەسوجدەی بێباوەڕان بۆ خۆر.

هەروەها نەهی کراوە لەنوێژکردن لەدوای نوێژی عەسر و بەیانی ئەگەرچی کاتی سوجدەبردنی بێباوەڕانیش نەهاتووە بۆ خۆر، ئەوەش موبالەغە و تووندگرتنێکە بۆ پارێزگاریکردن لەیەکتاپەرستی و دەرگا داخستنە بەڕووی هەر ئەگەر و پاساوێك بۆ تووشبوون بەهاوبەش پەیداکردن.

خوای گەورە نەهی کردووە لەئافرەتان کە:﴿ وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ ﴾ النور: ٣١، واتا:قاچیان نەدەن بە زەوی دا(تا دەنگی خڕخاڵ و پاوانەکانیان بێت و)بزانرێت بەو جوانی یەی پێیان کە شاردوویانەتەوە.

لەبەر ئەوەی پێ کوتان بەزەویدا هۆکارێکە بۆ دەرکەوتنی دەنگی خڕخاڵ و پاوانەی پێ، هۆکارە بۆ ئەوەی پیاوان تەماشایان بکەن و مەیلیان بۆیان بێ، ئەوە نەهی کراوە وەها کارێك بکەن.

خوای گەورە فەرمانی بەژنان و پیاوان کردووە چاوانیان دابخەن، چونکە تەماشاکردن هۆکارە بۆ مەیلداربوون و ئەو خۆشەویستییەی کە ژنان و پیاوان بەداوێنپیسی دەگەیەنێت.

نەهی کردووە بەڕۆژێك یان دوو رۆژ پێش رەمەزان بەڕۆژووبین، تاوەکو نەبێتە هۆکار و پاساوێك بۆ زیاتربوونی رۆژووی واجیب هەروەك ئەهلی کیتاب ئەوەیان کردووە.

لەزۆر شوێندا نەهی کردووە لەخۆشوبهاندن بەئەهلی کیتاب و بێباوەڕان، چونکە هاوشێوەیی کردن هۆکارێکە تاوەکو لەناخیشدا مرۆڤی موسڵمان ببێتە هاوشێوەیان، پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: "مَنْ تَشَبَّهَ بِقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُمْ "[1]،واتا: هەرکەسێ خۆی بەقەومێ بشوبهێنێ، ئەوە یەکێکە لەوان.

فەرمانی داوە بەیەکسانیی مامەڵە بکرێت لەدیاری و بەخشش دان بەمنالآن، تایبەتکردنی هەندێ لەمندالْ بەدیاری و بێبەشکردنی هەندێکی تر، ستەمێکی ناڕێك و نەگونجاوە، ناکرێ شایەتیی لەسەر بدرێت، فەرمانی داوە بەرپەرچی بکەری ئەو کارە بدرێتەوەو ئامۆژگاریی بکرێت، فەرمانی داوە هەرکەسێ کاری وەهای کرد، با لەخوابترسێ و دادپەروەر بێ[2]، چونکە ئەوە پاساوێکی دیار و زۆر نزیکە بۆ دروستکردنی دوژمنایەتی و رق و کینە لەنێوان منداڵآن و پچڕاندنی پەیوەندی نێوانیان، هەروەك ئەوە دەبینرێت و نمونەی هەیە. جا ئەگەر سوونەتی راست و دروست نەهاتبایە بۆ رەتکردنەوەی ئەو کارە، ئەوە دەبووە قیاس و بنچینەیەکی شەریعەت.

یەکێکی تر لەوانە، ئەوەیە خوای گەورە نەهی کردووە لەهاوەڵآن لەوتنی(راعنا):

---

١ – فەرمودەیەکی سەحیحە، بڕوانە:(المنتقى النفيس)(ص٢٤٧).

٢ – هەروەك لەفەرمودەکەی نوعمانی کوڕی بەشیردا هاتووە، کاتێ بەشیری باوکی کۆیلەیەکی پێ بەخشیووە، هاتووە پەیامبەر(ﷺ)ی بۆ ئەوە کردووەتە شایەت، پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) بەرپەرچی داوەتەوەو فەرموویەتی:"هذا جَوْر"،واتا: ئەم کارە ستەمە.

﴿ لَا تَقُولُواْ رَٰعِنَا ﴾ **البقرة:** ١٠٤ بەپەیامبەر(ﷺ)، لەکاتێکدا نیازێکی ڕێک و ڕاستیشیان هەبوو کە ڕەچاوکردن بوو، نەهی ئەو وشەیەیان لێکرا تاوەکو لێکچوونی جولەکە نەبن کە لای ئەوان جنێو دەدات.

یەکێکی تر لەوانە، ئەوەیە پەیامبەر(ﷺ) نەهی کرد لەکەسێك لەوێنەی ناپاکییدا مافی خۆی لەکەسێك وەربگرێتەوە کە ناپاکیی لێ کردبوو، ڕەتیکردەوە حەقی لا هەبێ، بەو کەسەی فەرموو کە پرسیاری ئەوەی لێ کرد:"أَدِّ الأَمَانَةَ إِلَى مَنِ ائْتَمَنَكَ وَلَا تَخُنْ مَنْ خانَكَ"[1] ،واتا: هەرکەسێ ئەمانەتی پێت سپارد، ئەمانەتەکەی بۆ بگێڕەرەوە، ناپاکیی لەکەسێك مەکە کە ناپاکیی لێت کردبێ. چونکە ئەوە دەبێتە هۆکارێك بۆ گومان بردنی خراپ بەو کەسە.

نمونەیەکی تر، ئەوەیە سوونەت بەکەراهەتی داناوە تەنیا ڕەجەب تایبەت بکرێت بۆ بەڕۆژووبوون[2] هەروەها تەنیا تایبەتکردنی ڕۆژی هەینی بەڕۆژووبوون[3] تاوەکو نەبێتە هۆکارێك بۆ داهێنان لەئایینداا، لەتایبەتکردنی زەمەنێك بەپەرستن کە خوای گەورە تایبەتی نەکردووە[4].

نمونەیەکی تر، ئەوەیە ئەمیری ئیمانداران عومەری کوڕی خەتاب(خوای لێ ڕازیی بێ) فەرمانی کرد بەبڕینەوەی ئەو دارەی کە لەژێریدا بەیعەت درا، فەرمانی کرد شوێنی گۆڕی دانیال نەهێڵرێت تاوەکو نەبێتە هۆکارێك بۆ هاوبەش پەیداکردن و فیتنە. نەهی کرد لەبەئەنقەست نوێژکردن لەو شوێنانەی کە پەیامبەر(ﷺ)

---

١ – فەرموودەیەکی حەسەنە و کۆمەڵێ ڕێگە و شێوازی تری هەیە و کۆمکردووەتەوە لە(الإتمام)(١٥٤٦٢).
لە(الإتمام)(١٥٤٦٢).

٢ – ئەو فەرموودەیەی لەو بارەوە هاتووە سەحیحە، ئیخراج کراوە لە(زهر الروض)(ص٦٣).

٣ – هەروەك موسلیم(٢٠٦٩) گێڕاویەتییەوە لەئەسمائی کچی ئەبو بەکرەوە گێڕاویەتییەوە.

٤ – ئەمە ڕێسایەکی گرنگی ڕێساکانی ناسینەوەی بیدعەیە، زیاتر ڕوونکردووەتەوە لە علم أصول البدع.

لەسەفەرەکانیدا تیایاندا دادەبەزی و وتی: ئەتانەوێ شوێنەواری پەیامبەرانت بکەنە مزگەوت؟ هەرکەسێ کاتی نوێژ بەوێ گەیشت، با نوێژەکەی بکات، ئەگەرنا با چاوەڕوانیی نەکات)).

هەروەها نەهیکردنی پەیامبەری خوا(ﷺ) لەو هۆکارانەی، مایەی دروستکردنی جیاوازی و دووبەرەکی و دوژمنایەتی و رق و کینەن، وەك خوازبێنیکردنی کەسێك بەسەر خوازبێنیکردنی برا موسڵمانەکەی و نرخی بەسەردا زیاتر بکات و کڕین و فرۆشتن بەسەر کڕین و فرۆشتنیدا، هەروەها ئافرەتێك داوای تەلاقدانی هەوێکەی بکات و فەرموویەتی:"ئەگەر بەیعەت بەدوو خەلیفە درا، ئەوی تریان بکوژن"[1] بۆ نەهێشتنی فیتنە و دووبەرەکی[2].

نەهی کردووە لەکوشتن و شەڕکردنی ئەمیرەکان و دەرچوون دژ بەپێشەوایان ئەگەرچی ستەمیش بکەن هەتا ئەوکاتەی نوێژ دەکەن، ئەوەش بۆ ڕێگە خۆش نەبوون بۆ خراپەی گەورە.

یەکێکی تر لەوانە، ئەو مەرجەیە کە سەپێنراوە بەسەر ئەهلی زیممەدا دەبێ جیاواز بن لەموسڵمانان لەبەرگ و هەست و سواری و مەجلیسدا، نەوەك لەهاوشێوەبوونیان لەگەڵ موسڵمانان، مامەڵەی موسڵمانانیان لەگەڵدا بکرێت: لەپێزگرتن، بۆیە پابەندکردنیان بەجیاوازبوون، بۆ ڕێگرتنە لەو شتە.

بەتێکڕا:

---

١ – موسلیم(١٨٥٣) گێڕاویەتییەوە لەئەبو سەعیدی خودرییەوە.

٢ – ئەی چی ئەڵێن لەبارەی حیزب و گرووپە بانگخوازییەکانی سەردەمەوە؟!

حـــــەرامکراوەکان دوو بەشـــــن: خراپەکان(مفاســـــد)، کۆمەڵـــــە ڕێگـــــە و پاساوێکیش(ذرائـع)یـش کـە مـرۆڤ بـەو حەرامکراوانـە دەگەیـەنن، بۆیـە دەبـێ ئـەو ڕێگەیانەش نەهێڵێندرێن هەروەک پێویستە تاوانەکانیش لەنێوببردرێن.

خواپەرستی و خۆنزیککردنـەوە لـەخوای گـەورەش دوو جـۆرە: بەرژەوەندییـەکانی بەندەکان، ئەو هۆکارانەی یارمەتیدەری گەیشتن بەو بەرژەوەندییانەن.

کردنـەوەی دەرگـای زەریعـەو پاسـاوەکان لـەجۆری یەکـەم، بەنمونـەی داخسـتنی دەرگـای زەریعـەو پاسـاوەکان لـەجۆری دووەمـدا، بۆیـە هـەردووکیان دژن بـەوەی شەریعەت پێی هاتووە، لەنێوان بواری حیلە و سەدی زەرائیعدا گـەورەترین دژیـەکیی هەیە.

ئەم شەریعەتە مەزنە کاملەی کە بۆ لادانی خراپەکان و داخستنی دەرگا و ڕێگەکانی خراپـەکاریی هـاتووە، چـۆن ڕێگـە دەدات بەکردنـەوەی دەرگـای حیلـەبازی و فێـڵ و ڕێگەدان بەتەڵەکەبازییـەک، کـە واجیباتـەکانی لـەکاربخات و حـەرامکراوەکانی حـەڵاڵ بکـات و پـەنا بـۆ دەستخسـتنی ئـەو خراپەکارییانـە ببردرێـت، کـە نیـاز و مەبەسـتی لابردنیانی هەیە.

ئەگەر شتێك هۆکار بێ بۆ ئەنجامدانی حەرامێ، جا بەمەبەستی گەیشتن بەو حەرامە بێ یان نە، تەنیا مەبەسـت بـەخودی ڕێگـەدان و حـەڵاڵبوون بـێ، بـەڵام بکـرێ ببێتـە هۆکاری ئەنجامدانی حەرام، ئەوە خوای گەورە بەپێی توانا و ئیمکان حەرامی دەکات، هەتا ئەوەی حەرامکردنەکە دژ بەبەرژەوەندییەك نـەبێ حـەڵاڵبوونی پێویسـت بکـات. پـەنابردن بـۆ حـەرامکراوەکان بەبـەکارهێنانی فێـڵ، لەپێشـترە بـەوەی حـەرام بـێ و لەپێشترە بەلەنێوبردن ئەگەر نیازی ئەنجامدەری زانـرا، هـەروەها لەپێشـترە بـۆ ئـەو

کارە هاوکاریی نەکرێت و دژ بەمەبەستی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و فێڵ و تەڵەکەبازییەکەی بدرێتەوە بەنێو چاویدا و بێ ئومێدی بکەی.

سوپاس بۆ خوای گەورە، ئەمە رووبە بۆ کەسێك لەبابەت شەرع و مەبەستەکانی شەریعەتدا، تێگەیشتن و وشیاریی هەبێت.

- **بەڵگەهێنانەوەی پێشەوایان لەسەر باتڵێتی حیلەبازی:**

بوخاری لەسەحیحەکەیدا بۆ بەتاڵدەرخستنی حیلەبازی، بەڵگەی هێناوەتەوە بەفەرمایشتی پەیامبەری خوا(ﷺ) کە فەرموویەتی:"لَا يُجْمَعُ بَيْنَ مُتَفَرِّقٍ، وَلَا يُفَرَّقُ بَيْنَ مُجْتَمِعٍ خَشْيَةَ الصَّدَقَةِ"[1]،واتا: مالّی زەکاتی دوو کەسی مامەڵە و سەروەت جیاواز کۆناکرێتەوە بۆ ئەوە پشکی زەکاتیان لێ دەربکرێت، هەروەها مالّی کۆکراوە جیاناکرێتەوە تاوەکو پشکی زەکاتی لێ دەرنەکرێت.

ئەم نەهییە، تەواوی شتەکانی پێش تێپەڕبوونی ساڵ و دواتریشی دەگرێتەوە.

بەڵگەی هێناوەتەوە بەفەرمایشتی لەبارەی تاعونەوە:"إذا وَقَعَ بأرضٍ وأنْتُم بها، فلا تخرُجوا فِراراً منهُ"[2]،واتا:ئەگەر لەخاکێکدا تاعون بلاّوبوویەوەو ئێوەش لەوێدا بوون،بەهەڵهاتن لەو خاکە دەرمەچن.

ئەوە وردبینیی تێگەیشتنی بوخاریی بووە(بەڕەحمەت بێ)، پەیامبەری خوا(ﷺ) کە نەهی کردبێ لەهەڵهاتنی بەندە لەقەدەری خوای گەورە کە بەسەر بەندەدا دادەبارێ و ئامۆژگاریی دەکات رازیی بێ بەقەدەری خوای گەورەو ملکەچی حیکمەتی خوا بێ، ئەی لەبارەی ئەو کەسە چی کە لەفەرمانی خوا و ئایینی خوا هەڵدێت کاتێ فەرمانەکانی بەدڵ نابێ؟!

---

١ – لەسەحیحەکەیدا(١٤٥٠) لەئەنەسەوە.

٢ – بوخاری(٦٩٧٣) و موسلیم(٢٢١٨) گێڕاویانەتەوە لەسەعدەوە.

ئەحمەد(بەڕەحمەت بێ) بەڵگەی هێناوەتەوە لەسەر باتڵبوون و حەرامبوونی حیلەبازیی، ئەوەش بەنەفرەتی پەیامبەر(ﷺ) لەکەسێك مارە بەجاش دەکات و ژنی تەلاقدراو بۆ مێردی یەکەم حەلاڵ دەکاتەوە.

ئیبن عەباس و لەدوای ئەویش ئەیووب ئەلسختیانی و کەسانی تریش لەپێشین بەڵگەیان هێناوەتەوە، بەوەی حیلەبازیی فێڵکردنە لەخوای گەورە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَمَا يَخۡدَعُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمۡ ﴾ البقرة: ٩، واتا: بەڵای خۆیانەوە خواو ئەو کەسانە دەخەڵەتێنن کە بڕوایان هێناوە! کەس ناخەڵەتێنن تەنها خۆیان نەبێت بەڵام هەستی پێ ناکەن.

ئیبن عەباس ئەڵێ:((هەرکەسێ فێڵ لەخوا بکات، خوای گەورە هەڵیدەخەڵەتێنێ)).

گومان لەوەدا نییە، هەرکەسێ لەقورئانی پیرۆز و سوونەت و مەبەستەکانی خوا و پەیامبەر(ﷺ) رابمێنێ، یەکلادەبێتەوە و یەقینی دەبێت لەحەرامبوون و باتڵبوونی حیلە، قورئانی پیرۆز بەڵگەی داوە بەوەی، نییەت و مەبەستەکان لەهەڵسوکەوت و نەریتەکاندا دەبینرێت، هەروەك لەپەرستش و خۆنزیککردنەوە لەخوای گەورەدا دەبینرێت، ئەوەیە وەها دەکات کارێك حەلاڵ بێت یان حەرام، راست بێ یان خراپ، راست بێ لەڕوویەکەوە و خراپ بێ لەڕوویەکی ترەوە، هەروەك نییەت و مەبەستە لەپەرستشەکاندا وەها دەکات بەو جۆرە بێ. نمونەی ئەو ڕێسایە لەقورئان و فەرموودەدا زۆر زۆرە، لەوانە خوای گەورە لەئایەتی ریجعەدا ئەفەرموێ: ﴿ وَلَا تُمۡسِكُوهُنَّ ضِرَارٗا لِّتَعۡتَدُواْ ﴾ البقرة: ٢٣١، واتا:ڕایان مەگرنەوە بەئێش و ئازارەوە بۆ ئەوەی ستەمیان لێ بکەن.

ئەوە دەقێکە لەبارەی ئەوەی، گەڕاندنەوەی ئافرەت بۆ کەسێك نیازی چاك بێ نەك زیاندان لەو ئافرەتە، ئەگەر نیازی زیانگەیاندن بوو، ئەوە خوای گەورە مافی گەڕاندنەوەی پێ نادات.

لەوانە فەرمایشتی خوای گەورەیە: ﴿ وَلَا تَعْضُلُوهُنَّ لِتَذْهَبُوا بِبَعْضِ مَا ءَاتَيْتُمُوهُنَّ إِلَّا أَن يَأْتِينَ بِفَٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ ﴾ النساء: ١٩، واتا: بەرگری شوکردنیان لێ مەکەن بۆ ئەوەی هەندێ لەو(مارەیی یەی)کە پێتان داون ببەت(بۆ خۆتان) مەگەر کاتێ کە کردەوەیەکی زۆر ناشرین(زینا) بە ئاشکرا بکەن.

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، هەر پیاوێك ئازاری ژنەکەی بدات تاوەکو لەمارەییەکەی خۆش ببێ و دەستبەرداریی بنوێنێت، ئەو پیاوە ستەمکارە لەو کارەیدا، هیچ شتێکی ئەو سازشکردنەی بۆ حەلاڵ نابێ.

لەوانە فەرمایشتێکی تری خوای گەورە هەیە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا لَا يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَرِثُوا ٱلنِّسَآءَ كَرْهًا ۖ وَلَا تَعْضُلُوهُنَّ لِتَذْهَبُوا بِبَعْضِ مَا ءَاتَيْتُمُوهُنَّ﴾ النساء: ١٩، واتا: ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە حەلاڵ نی یە بۆتان کە ئافرەتان بە زۆر(بە ناچاری) بە میراتی بەرن(بۆ خۆتان) وە بەرگری شوکردنیان لێ مەکەن بۆ ئەوەی هەندێ لەو(مارەیی یەی)کە پێتان داون ببەت(بۆ خۆتان).

خوای گەورە حەرامی کردووە لەکەسێك شتێك لەو مارەییە وەربگرێت کە بەژنەکەی داوە، ئەگەر هاتوو لەڕێگەی ناڕەحەتکردنەوە خۆی بەو کارە گەیاندبێ.

- **جۆرەکانی حیلە و فێڵ:**

ڕەتکەرەوانی حیلە و فێڵ ئەڵێن:

حیلەکردن سێ جۆرە:

أ- جۆرێکی پەرستن و گوێڕایەڵییە، ئەوە لای خوای گەورە لەباشترین کارەکانە.

ب- جۆرێکی جائیز و ڕێپێدراوە،کەسێك ئەنجامی بدات هیچ تاوانێکی لەسەر نییە، کەسێکیش نەیکات هیچ گوناهێکی لەسەر نییە، نەپاداشتی هەیە نە سزا، بەپێی بەرژەوەندی ئەو کارە، کردن و نەکردنی بەسەر یەکتردا بارسەنگ دەکرێن.

ت- جۆرێکی تری حەرامە و هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی خواو پەیامبەرە(ﷺ)، لەخۆگری لەکارخستنی واجیب و پووچەڵکردنی ئەوەیە کە تەشریعی کردووە، حەڵاڵکردنی حەرام و حەرامکردنی حەڵاڵە، بۆیە پێشین و پێشەوایان و فەرموودەناسان، ئەم جۆرە حیلەیەیان حەرام کردووە.

حیلە نە بەڕەهایی بەخراپ دادەنرێت، نە بەڕەهاییش بەچاك دادەنرێت. بێژەکەی نە پیاهەڵدان لەخۆ دەگرێت نە سەرزەنشتکردن، ئەمەو ئەگەرچی لەنەریتدا بەو ڕێگە شاراوانە دەوترێت کە بۆ گەیشتن بەمەبەستێ دەگیردرێنەبەر و بەژیری و لێهاتوویی دەرك دەکرێت.

تایبەتتر لەمە کە تایبەت کراوە بۆ شتانی خراپ و ناپەسەند، ئەوەیە کە بەزۆری لەنەریتی ئەو شەرعناسانەدا ناسراوە کە حیلە ڕەتدەکەنەوە، بەڵام عورفناسان مامەڵەی خۆیان هەیە لەتایبەتکردنی هەندێ وشە و بێژەی گشتیی بەهەندێ لەبابەتەکانی ئەو وشانەوە، هەندێ وشەی ڕەها بەهەندێ جۆرەوە دەبەستنەوە و کۆتی دەکەن.

بۆیە (الحیلَة) کردەیەکە لە (الحَوْلِ)ەوە وەرگیراوە، واتا گۆڕین و گواستنەوە لەحاڵێکەوە بۆ حاڵێکی تر، سەرەتا پیتی(ي)(واو)بووە(حِوْلَةٌ)، پیتی واو زەنەدار(سکون)بووە و ژێرە(کسرة) کەوتووەتە ژێر پیتی پێشی و بووەتە(ي)، وەك میزانٍ، مِیْقاتٍ، مِیعاد.

لە(المُحْكَم)[1] ئەڵێ:((الحْولُ، والحَيلْ، والحِوَلُ، والحَوْلة، والحِيلة، والحوِيل، والمحالة، والمحال، والاحتيال، والتَّحوُّل، والتَّحيُّل))، هەموو ئەوانە ئەکەنە: وریایی و لێزانی و زیتەڵی و و روانینی تیژ و ورد، توانای هەڵسوکەوت کردن.

بۆیە حیلە، پەیوەستە بەو کارەی ئەو رێگەیەی بۆ بەکارهێنراوە، نیازەکە باش بێ یان خراپ، ئەوە بڕیاری لەسەر دەدات.

ئەگەر لەنەریتی شەرعناساندا حیلە بەکارهێنرا: مەبەست پێی ئەو حیلەبازی و فێڵەیە کە حەرامەکانیان پێ حەلاڵکراوە، وەک فێڵ و حیلەی جولەکە، جا هەر حیلەیەک بووە هۆکاری لەکارخستنی مافێکی خوای گەورە، یان مافی هەر مرۆڤێک، ئەوە لەو جۆرەیە کە حەرامی پێ حەلاڵ دەکرێت.

فێڵبازییش هاوشێوە بەوەیە، باش و خراپی هەیە، ئەگەر بەباش بەکاربهێنرێت بۆ گەیشتن بەحەقێک، ئەوە باش و ستایشکراوە، بەڵام ئەگەر بەکاربهێنرێت بۆ باتڵێک، ئەوە ناپەسەند و سەرزەنشتکراوە.

لەجۆری ستایشکراو، فەرمایشتی پەیامبەری خوایە(ﷺ) کە فەرموویەتی:«الْحَرْبُ خُدْعَةٌ»[2]،واتا: شەڕ، فێڵکردنە.

لەجۆری سەرەنشتکراو و ناپەسەندیش: فەرمایشتی پەیامبەر(ﷺ)ە لەفەرموودەکەی عیازی کوڕی حیمار کە موسلیم لەسەحیحەکەیدا گێڕاویەتییەوە[3]:((کە خەڵکانی دۆزەخ پێنج جۆرن، یەکێکیانی باس کرد کە پیاوێکە، بەیانی و ئێوارە ناکاتەوە ئیللا لەبارەی کەسوکار و سەروەت و سامانتەوە فێڵت لێ

---

١ – ابن سِيدَه.

٢ – پێشتر تەخریج کراوە.

٣ – بەژمارە(٢٨٦٥).

دەکات))، هەروەها فەرمایشتی خوای گەورەیە: ﴿ يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَمَا يَخۡدَعُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمۡ ﴾ البقرة: ٩، واتا: بەلای خۆیانەوە خواو ئەو کەسانە دەخەڵەتێنن کە بڕوایان هێناوە! کەس ناخەڵەتێنن تەنها خۆیان نەبێت بەڵام هەستی پێ ناکەن.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿ وَإِن يُرِيدُوٓاْ أَن يَخۡدَعُوكَ فَإِنَّ حَسۡبَكَ ٱللَّهُۚ ﴾ الأنفال: ٦٢، واتا: ئەگەر ویستیان فێڵت لێ بکەن ئەوە بەڕاستی خوات بەسە(پشت و پەنات بێ).

مەکریش بەو جۆرەیە، حەقیقەتی ئەم کارە، دەرخستنی کارێك و شاردانەوەی پێچەوانەکەیەتی تاوەکو کەسەکە پێیەوە بەمەبەستی خۆی بگات:

مەکری باش و ستایشکراو: مەکر و فێڵی خوایە لەکەسانی مەکرباز و فرۆفێڵباز، بەکاری خۆیان وەڵامیان دەداتەوە، لەجۆری کاری خۆیان پاداشتیان دەداتەوە، خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿ وَيَمۡكُرُونَ وَيَمۡكُرُ ٱللَّهُۖ وَٱللَّهُ خَيۡرُ ٱلۡمَٰكِرِينَ ﴿٣٠﴾ ﴾ الأنفال: ٣٠، واتا: فێڵ دەکەن وە خوایش لە بەرامبەر ئەواندا پیلان دەگێڕێت وە خوا چاکترینی پیلان گێڕانە.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَمَكَرُواْ مَكۡرٗا وَمَكَرۡنَا مَكۡرٗا وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿٥٠﴾ ﴾ النمل: ٥٠، واتا: ئەوان نەخشەو پیلانیان دانا بە پیلاندانێکی خراپ(بۆ کوشتنی صالح)ئێمەش نەخشەمان کێشا(بۆ لەناو برنیان)بە نەخشە کێشان لە کاتێکدا ئەوان هەستیان نەدەکرد.

هەروەها لەو بارەیەوە(کید)یش هەیە و دەبێتە دوو جۆرەوە:

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَأُمۡلِي لَهُمۡۚ إِنَّ كَيۡدِي مَتِينٞ ﴿١٨٣﴾ ﴾ الأعراف: ١٨٣، واتا: ماوەیەك مۆڵەتیان دەدەم بەڕاستی پیلانی من زۆر پتەو و بەهێزە.

هــەروەها دەفــەرموویت:﴿ كَذَٰلِكَ كِدْنَا لِيُوسُفَ ۖ مَا كَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ فِي دِينِ ٱلْمَلِكِ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ ﴾ **یوسف:** ٧٦، واتا:ئا بەو جۆرە پیلانمان نیشانی یوسف دا ئەو نەیدەتوانی براکەی بگرێ بە پێ ی ئایینی و یاسایی پادشت(بەڵکو بەپێ ی ئەو قسە بوو براکانی خۆیان کردیان)مەگەر(کاتێ) کە خوا بیەوێ.

هــەروەها پــەروەردگار دەفــەرموویت:﴿ إِنَّهُمْ يَكِيدُونَ كَيْدًا ﴿١٥﴾ ﴾ **الطارق:** ١٥، واتا:بێگومان بێ بڕواکان فێڵ دەکەن چۆن فێڵ کردنێك.

- **سیفەتی حیلەی حەرام:**

ئەگەر ئەوانە زانرا، ئەوە کێشەیەك لەئارادا نییە کەسێك قسەیەك یان کردارێك دەربخات و نیازی پێی شتێکی باش بێ، با لەڕواڵەتدا پێچەوانەی ئەو مەبەستە باش و چاکەش دیاربێت، ئەمە ئەگەر بەرژەوەندییەکی ئایینیی تێدا هەبوو، وەك لابردنی ستەم لەسەر خۆی یان کەسی تر، یان پووچەڵکردنەوەی حیلەی حەرام.

بەڵام ئەو حیلەیەی کە حەرامە، ئەو حیلەیەیە کە مەبەستێکی پێچەوانەی ئەوە بێ کە خوا و پەیامبەرەکەی(ﷺ) داياننـاوە، بـەوە دەبێتـە فێڵکـەر لەبەرانبـەر خـواو پەیامبەرەکەی(ﷺ) کە ویستوویەتی بەشەرعی خوا، فێڵ لـەخواو ئایینەکـەی بکـات. بەو حیلەیەوە ویستوویەتی بەو شتە بگات کە خوا و پەیامبەرەکـەی(ﷺ) حـەرامیان کردووە، بەو حیلەیە کارێکی واجیبی لەکارخستووە، پێچەوانەی ئەوەی پێش خۆیەتی کە مەبەست پێی گەیشتن بوو بەدەرخستن و ئاشکراکردنی ئایینی خواو لابردنی تاوان و نەهێشتنی ستەم و لابردنی فێڵ، بێگومان ئەوە رەنگێك بوو، ئەمەش رەنگێکی تر.

نمونە بۆ ئەوە: لێکدانەوە و تەئویلە لەسوێندا، ئەوەش دوو جۆرە: جۆرێك سـوودی پێ دەگەیەنێ، جۆرێکیش سـوودی پـێ ناگەیـەنێ و لـەتاوان رزگـاری ناکـات، بـەوەی

ئەگەر حەقێکی لەسەر بوو نکۆڵیی لێ کرد، پاشان بەتەئویلەوە لەسەر ئەو نکۆڵیکردنە سوێندی خوارد، ئەوە ئەو تەئویلە تاوانی لەسەر هەڵناگرێت بەیەکدەنگیی موسڵمانان، بەڵای زۆرینەشەوە ئەگەر لەبەر ناپێویست تەئویلی کرد، ئەوە سوودی پێ ناگەیەنێ. بەڵام ستەملێکراوی خاوەن پێویستی، تەئویلکردن سوودی بۆ دەبێ و لەتاوان رزگاری دەکات، سوێندەکە بەپێی نییەتی دەبێ.

- **کیفایەت، ئەحکامی شەریعەتی خوایە:**

ئەوەی هیچ کەسێك توانای نییە رەتیبکاتەوە، ئەوەیە خوای گەورە بەشەرعی پاك و یەکتاپەرستانە و لێبوردەی خۆی و بەوەی لەسەر زمانی پەیامبەرەکەی(ﷺ)بۆی داڕشتووین، پێویستی ئەوەی لەسەر هەڵگرتووین پەنابەینە بەر فێڵ و تەڵەکەبازی و هەموو پووچەڵی و حەرام و زیانبەخشێك، ئەوەی سوودی بۆ ئێمە هەبێ لەحەق و رێگەپێدراوی بەسوود، ئەوەی بۆ داڕشتووین:

دوو جەژنەکەی ئیسلامی بۆ داڕشتووین و بێ پێویستی کردووین بەجەژنەکانی بێباوەڕان و هاوبەش پەیداکەران لەئەهلی کیتاب و مەجوس و سابیئە و بتپەرستان.

بەجۆرەها بازرگانی و کاری حەڵاڵ، بێ پێویستی کردووین بەسوو و قوماربازی.

بەهاوسەرگیریی لەگەڵ ئافرەت بەوەی بۆمان بگونجێ لەدووان و سیان و چوار، بێ پێویستی کردووین بەداوێنپیسی و خراپەکاری.

بەجۆرەها خواردنەوەی بەچێژو بەسوود بۆ دڵ و جەستە، بێ پێویستی کردووین لەخواردنەوەی پیسی عەقڵ و ئایین لەکارخەر.

بەبەرگی جوانی کەتان و لۆکە و خوری، بێ پێویستی کردووین بەبەرگی حەرامی چنراو لەحەریر و ئاڵتوون.

بەبیستنی قورئان، بێ پێویستی کردووین بەبیستنی شیعر و گۆرانیی شەیتان.

بەڕاوێژو ئیستیخارەکردن بەخۆی کە یەکتاپەرستی و راسپاردنی کارە بەخواو پشت بەستنە بەخۆی، بێ پێویستی کردووین بەبەردی بەخت گرتنەوە و گەڕان بەدوای شانس و بورج زانییەوە.

بەوەی خۆی خۆشیدەوێ و هانیداوین بەکێبرکێکردن بۆ ئاخیرەت، بێ پێویستی کردووین لەکێبرکێ و ململانێ کردن لەسەر دونیا. ئیرەییبردن بۆ ئاخیرەتی یەکتری بۆ حەلاڵکردووین[1]، ناپەسەندیشی کردووە بۆ دونیا ئیرەیی بەیەکتر ببەین.

بەخۆشحاڵبوون بەفەزڵ و بەزەیی خۆی کە قورئان و ئیمانە بۆ ئێمەی ساز داوە، بێ پێویستی کردووین بەخۆشحاڵبوون بەوەی خەڵکانی دونیا لەموڵك و سامان کۆیانکردووەتەوەو پێی دڵخۆشن، پەروەردگاریش فەرموویەتی:﴿ قُلْ بِفَضْلِ ٱللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُواْ هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ﴿٥٨﴾ ﴾ **یونس:** ٥٨، واتا: ئەی موحەممەد(ﷺ) بڵێ هەر بەهۆی چاکەو میهرەبانی خواوەیە جا کەواتە با بەوە دڵخۆش بن ئەوە چاکترە(بۆیان)لەوەی کۆی دەکەنەوە لەشتی ئەم دنیایە.

بەخۆبەگەورە زانین بەرانبەر دوژمنانی خوا، بێ پیویستی کردووین لەخۆهەڵکێشان بەرانبەر دۆستانی خوای گەورە، پەیامبەری خوا کە بینی موسڵمانێك لەوەستانی نێوان ریزی موسڵمانان و بێباوەڕاندا خۆی هەڵدەکێشێ، فەرمووی:"إِنَّهَا لَمِشْيَةٌ

---

١ – هەروەك لەفەرموودەی پەیامبەر(ﷺ)دا هاتووە:«لاَ حَسَدَ إِلاَّ فِي اثْنَتَيْنِ: رَجُل آتَاهُ اللهُ تعالى القُرْآنَ فَهُوَ يَقُومُ بِهِ آنَاءَ اللَّيْلِ وآنَاءَ النَّهَارِ، وَرَجُلٍ آتَاهُ اللهُ مَالاً فَهُوَ يُنْفِقُ آنَاءَ اللَّيْلِ وآنَاء النَّهَارِ»،واتا: حەسودی تەنیا لەدوو شتدا ستایشکراو و پەسەندە: پیاوێك خوای گەورە ئەزبەردەکردنی قورئانی بۆ ئاسان کردووە و لەکۆتایی شەو و کۆتایی رۆژدا شەونوێژو خواپەرستیی پێ دەکات، کەسێکیش خوای گەورە سەروەت و سامانێکی پێ داوە شەو و رۆژ خێری پێ دەکات.
بوخاری(٩/٦٥) و موسلیم(٨١٥) گێڕاویانەتەوە لەئیبن عومەرەوە.

يُبْغِضُها اللهُ إلاَّ في مِثْلِ هذا الموطنِ"[1]،واتا: ئەمە رۆیشتنێکە خوای گەورە رقی لێ دەبێتەوە، تەنیا لەم شوێنەدا نەبێت کە رقی لێ نابێتەوە.

بەشۆڕەسواریی ئیمانی و ئازایەتی ئیسلام کە کاریگەریی هەیە لەتووڕەیی سەر دوژمنانی خواو کاریگەریی هەیە بۆ سەرخستنی ئایینەکەی، بێ پێویستی کردین بەو شۆڕەسوارییە شەیتانییەی کە شەهوەت و دەمارگیری نەفامیی بۆی دەنێرێ.

بەڕێگە شەرعییەکان، بێ پێویستی کردووین بەڕێگەکانی فێڵباز و تەڵەکەبازان.

ئوممەت هەر پێویستییەکی هەبێ، ئەوە پەیامبەری خوا(ﷺ) شتێکی هێناوە ڕێگەی پێدابێ و کار ئاسانیی بۆ کردبێ، بەجۆرێك پێویستییان نەبێ بۆ پەنابردن بۆ فێڵ و تەڵەکەبازی و ناچار بەتاوان و ستەم بن.

هەروەها بەو بەڵگە ڕوون و ئایەتانەی کە لەقورئاندا ڕێنمایی بۆ کردوون، ئێمەی بێ پێویست کردووە لەو ڕێگە زۆر لەخۆکردن و ئاڵۆزانەی کە پووچ و بەتاڵییەکانی چەندان ئەوەندەی ئەو حەقەیە کە تیایدایە، کە ڕاستییەکانیشی((نمونەی گۆشتی وشترێکی لاواز بەسەر چیایەکی سەختەوە، نە دۆڵێك هەیە پێیەوە بگەیتە لوتکە و دەستت بەو گۆشتە بگات و نە ئەوەندە گەورە و وشترێکی قەڵەوە خەڵکیی بۆ ماڵەکانی خۆیانی ببەنەوە و بیخۆن))[2].

ئێمە بەیەقینەوە دەزانین، ئەو حیلەیەی کە هۆکاری حەڵاڵکردنی حەرامی خوای گەورە و لەکارخستنی واجیبی خوایە، ئەگەر کارێکی جائیز و ڕێپێدراو بووایە، ئەوە خوای گەورە لەشەرعەکەیدا جێگەی دەکردەوەو دایدەڕێژا و کارئاسانیی بۆ دەکرد کە

---

١ – تەبەرانی لە(الکبیر)(٥٦٠٦) و ئیبن ئیسحاق لە(السیرة)(١٢/٣) گێڕاویانەتەوە، لەڕێگەی ئەویشەوە بەیهەقی لە(الدلائل)(٢٣٤/٣) لەدوو ڕێگەوە کە یەکتر بەهێز دەکەن.

٢ – بڕوانە:(عِشْرة النساء)(ڕقم٢٥٢)ی ئیمامی نەسائی و قسەکردن لەسەری.

کەسی ناچار پەنای بۆ ببات، هەروەك لەئاشتەوایی نێوان دوو کەسی ناکۆکدا رێگەی پێ داوە.

ئاخۆ پەیامبەر(ﷺ) هاندانی نەکردووە بۆ حیلە و فێڵ لەنمونەی هەوڵدان لەئاشتەوایی نێوان دوو کەسی ناکۆك؟ بەڵێ دەبێ بزانین، کە هەمیشە وریایی داوە لەفێڵ و تەڵەکەبازی و دووڕوویی و هاوشێوەکردنی ئەهلی کیتاب لەحەلاڵکردنی حەرامەکانی.

ئەگەر خوای گەورە نیازی ئەوەی هەبووبێ ئەو حەرامکراوانە حەلاڵ بکات کە چەندان سەرزەنشتکردن و سزایان لەسەر دروست دەبێ و ئەو هۆکارانە حەلاڵ بکات، کە رێگە خۆشکەرن بۆ ئەو کارانە، ئەوە هەر لەسەرەتاوە حەرامی نەدەکردن و سزاشی لەسەریان دانەدەنا و رێگەی لەبەردەم گەیشتن بەو کارانەشی نەدەگرت. هێشتنەوەی دەرگاکانی بەکراوەیی باشتر و ئاسانتر دەبوو لەزیادەڕۆییکردن لەداخستن و رێگرتن لەبەردەم ئەو کارانە، ئینجا دواتر جۆرەها حیلە و فێڵی بۆ بکاتەوە تاوەکو لەهەموو لایەکەوە فێڵبازان هەڵمەتی بۆ ببەن، ئاخۆ ئەمە ئەوەیە کە شەریعەتەکان پارێزگاریی لێ دەکەن، بەتایبەت ئیسلام کە کاملترین شەریعەت و باشترینی نێو ئایینەکانە؟

پێشتر باسمان کرد، بەفێڵ و تەڵەکەبازی، ئەو زیان و ناپەسەندییانە لەنێوناچن کە لەو حەرامکراوانەدا پەیدا دەبن، بەڵکو بەو فێڵ و حیلانەی دەگیردرێنەبەر، ئەو خراپە و زیانانە گەورەتر و بەهێزتر و گەورەتر دەبن.

- **رێگەکانی چاکسازی و ئاشتەوایی:**

کە ئەوە زانرا، ئەوە ئەو رێگەیانەی کە سوودی موسڵمانانی تێدا گرنتی کراوەو بەرگریکردن لەئایین و سەرخستنی ستەمدیدەکان و فریاکەوتنی فەوتاوانی

لەخۆگرتووە، هەروەها بەرهەڵستیکردنی ئەو فڕوفێڵبازانەی لەخۆگرتووە کە ئەیانەوێ بەکاری باتڵ حەقی پێ کەنارگیر بکەن و تێکبشکێنن، لەبەسوودترین ڕێگەکان و باشترین زانست و کردار و فێربوونێکە.

جائیزە کەسێك قسەیەك بڵێ یان کردارێك بکات کە مەبەستی بەو قسە و کردارە چاکە و خێربێ[1]، ئەگەر خەڵکییش وەها گومان بکەن مەبەستی تری هەیە، ئەو مەبەستی چاك بێ ئەگەر بەرژەوەندییەکی ئایینیی تێدا هەبێ، نمونەی لادانی ستەمێك لەسەر خۆی یان لەسەر موسڵمانێك یان سەرخستنی حەقێك، یان بەتاڵکردنەوەی باتڵێك لەلادانی پەردە لەسەر حیلەیەکی حەرام و شتانی تر، یان لادانی زیانی بێباوەڕان لەسەر موسڵمانان، یان هەوڵی گەیشتن بەجێبەجێکردنی فەرمانێکی خواو پەیامبەر(ﷺ).

بێگومان هەموو ئەو ڕێگەیانە جائیزە، یان موستەحەبە، یان واجیب. بەڵام حەرام، ئەوەیە مەبەستی بەکارە شەرعییەکان، گەیشتن بێ بەمەبەستێکی جگە ئەوەی بەهۆیەوە داڕێژراوە و ڕێگە دراوە ئەنجام بدرێت، ئەنجام بدرێت بەئامانجی خەڵەتاندنی خواو پەیامبەرەکەی، کەسێك وەهای کرد، ئەوە خەڵەتێنەری خواو پەیامبەرە، بەڵام ئەوانەی شەرعیی بن و ڕێگە دراوە ئەنجام بدرێن،ئەگەر کەسێك ئەنجامی بدات،ئەوە هەڵخەڵتێنەری بێباوەڕان و خراپەکاران و ستەمکاران و فێڵبازانە. بێگومان جیاوازیی نێوان هەردوو خەڵەتێنەر ڕوون و ئاشکرایە، جیاوازییەکەیان وەك جیاوازیی نێوان چاك و خراپ، دادپەروەری و ستەم، خواپەرستی و تاوانە، ئاخۆ

---

١ – بەمەرجێ لەبنەڕەتدا بەڵگە بۆ ئەوە هەبێ، ئەگەرنا ئەوە کردنەوەی دەرگایە بۆ خراپەیەکی پان و بەرین کە هەواو ئارەزووەکان بڕیاری تێدا دەدەن.

کەسێك نیازی سەرخستنی ئایینی خواو سەرخستنی ستەمدیدە و شکاندنی ستەمکاری هەبێ، کەی وەك کەسێکە پێچەوانەی ئەوەی مەبەستە؟

ئەگەر لەوە تێگەیشتی، ئێمەش ئەڵێن حیلە چەند بەشێکە:

یەکێکیان: ئەو ڕێگە شاراوانەی کە پێیەوە کەسەکە دەگات بەو شتەی لەخودی خۆیدا حەرامە. هەرشتێك لەخودی خۆیدا حەرام بێ، ئەوە بەیەکدەنگیی موسڵمانان شتێکی حەرامە، ئەنجامدەریشی خراپەکار و ستەمکارە.

نمونەی فێڵکردن بۆ لەنێوبردنی خەڵك و بردنی مااڵێك بەناحەق و ئاژاوە نانەوە لەنێوان خەڵك، فێڵی شەیتان بۆ لەخشتەبردنی مرۆڤ و فێڵبازان بۆ لەنێوبردنی حەق بەڕێگەی ناهەق و باتڵ و دەرخستنی باتڵ لەناکۆکی و جیاوازییە ئایینی و دونیاییەکاندا، جا هەموو ئەوانە لەخودی خۆیاندا حەرامن، هەوڵدان بۆ گەیشتن بەو کارانە حەرامە چی بەڕێگەی دیار بێ یان شاراوە، هەوڵدان بەڕێگەی شاراوە تاوانی زۆرتر و سزاشی گەورەترە، چونکە بەڕێگەی هەست پێ نەکراویی، ئازار و خراپەی خەڵەتێنەر بەستەملێکراو دەگات، بەجۆرێ نە هەستی پێ دەکات و نە دەتوانێ بەرگری لەخۆی بکات.

نمونەی ئەم بوارە: فێڵی ژن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ژن و مێردایەتیی نێوان خۆی و مێردەکەی لەکاتێکدا باش مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، ئەوەش بەڕێگە و بیانووی ئەوەی خراپ مامەڵەی دەکات و شتانی تر کە بۆ ئەوە پاساو و بیانوون.

هیچ کەسێك گومانی نییە کە ئەوە یەکێکە لەتاوانە گەورەکان، ناشیرینترین و قێزەونترین حەرامێکە، بەنمونەی گۆشتی بەرازێکی مردارەوەبووی حەرامە، لەخودی خۆیدا تاوانە، چونکە درۆ و شایەتیدانی درۆی لەخۆگرتووە، حەقی بەناحەق کردووەو باتڵی بەحەق دەرخستووە.

بەشی سێیەم: ئەوەی لەخودی خۆیدا موباح و ڕێپێدراوە ئەنجام بدرێت، بەڵام کە لەبەکارهێناندا نیازی حەرام هەبوو، ئەوە دەبێتە حەرام، وەک گەشتکردن بۆ چەتەیی و هاوشێوەکانی، لێرەدا مەبەست بەو گەشتە بۆ حەرامە، گەشتەکە لەخودی خۆیدا حەرام نییە، بەڵام نیازی چەتەیی و خراپەکاری، ئەویش حەرام دەکات.

بەشی چوارەم: مەبەستی بە بەکارهێنانی حیلە، وەرگرتنەوەی ماف بێ یان لادانی باتڵێ، بەڵام ڕێگەی گەیشتن بەو نیازە ڕێگەیەکی حەرام بێ، نمونەی ئەوە، مافێکی لای پیاوێک هەبێ، بەڵام ئەو پیاوە نکۆڵیی بکات، خاوەن حەق ناچار دوو شایەت پەیدا بکات کە قەرزدار ناناسن و ئەویش ئەوانی نەبینیووە، شایەتیی درۆ دەدەن، شایەتیی درۆش لەتاوانە گەورەکانە[1]، بۆیە هەردووکیان تووشی ئەو تاوانە دەبن.

بەشی پێنجەمی حیلە: مەبەست پێی حەڵاڵکردنی ئەو شتەیە کە خوای گەورە حەرامی کردووە، یان مەبەستی لەکارخستنی واجیبێک بێ، وەک ئەوەی هۆکارێک بەکاربهێنێ کە خوای گەورە کردوویەتییە هۆکاری کارێکی ڕێگەپێدراو، بەڵام کەسی فڕوفێڵباز ئەیکاتە هۆکارێ بۆ کارێکی مەبەست حەرام.

ئەوانە ئەو حیلە حەرامکراوانەن، کە پێشین سەرزەنشتیان کردووە و ئەنجامدان و فێربوونیان حەرام کردووە.

ئەوە لەدوو ڕووەوە حەرامە: لەڕووی ئامانج و لەڕووی هۆکارەوە:

لەڕووی ئامانجەوە: مەبەست پێی حەڵاڵکردنی شتێکە کە خواو پەیامبەرەکەی حەرامیان کردووە، هەروەها لەکارخستنی واجیبێک.

ئەوەشی لەڕووی هۆکارەوەیە، کردنی ئایەتەکانی خوای گەورەیە بەجێی گاڵتەجاڕی، هۆکارەکەی بۆ شتێک بەکارهێناوە کە بۆ ئەو مەبەستە دانەڕێژراوە و

---

١ – لەوەدا فەرمووەی زۆر هەیە، بڕوانە(الكبائر)(رقم١٦)ی زەهەبی.

خوای گەورە و پەیامبەر(ﷺ) ئەو نیازەی ئەویان پێ مەبەست نەبووە، بۆیە لەئامانج و حیکمەت و هۆکاردا دژی خوای کردووە.

ئەکرێ ئەنجامدەرانی بەشی یەکەمی حیلە و فێڵ حاڵیان زۆر باشتر بێ لەئەنجامدەرانی ئەم بەشە، چونکە ئەوان ئەڵێن: ئەوەی ئێمە ئەنجامی دەدەین حەرام و تاوان و سەرپێچییە، ئێمە باتڵین و یاخین لەبەرانبەر فەرمانی خواو پەیامبەرەکەی(ﷺ) و پێچەوانەی ئایینی ئەومان کردووە.

زۆرێك لەوانەی لەبەشی پێنجەمی حیلە و فێڵبازییدان، ئەم بەشە بەبەشێك لەو ئایینە دادەنێن کە شەریعەت هێناوێتی، وەهای دادەنێن خوای گەورەو پەیامبەر(ﷺ) رێگەی داون بەرێگە جیاواز و هەمەجۆرەکان فێڵ بکەن بۆ حەڵاڵکردنی حەرامکراوەکانی و لەکارخستنی واجیبەکانی، ئاخۆ حاڵی ئەم جۆرە کەسە لەکوێی حاڵی کەسانی جۆری یەکەمە؟

- **لەوێنەی خۆحەشاردانی باتڵخوازان لەپاڵ شتێ کە لێکچووی حەقە:**

نمونەی ئەم جۆرە فێڵە، بێ هودەیی و بێ سوودیی دەخاتە پاڵ فەرمان و نەهییەکانی خوای گەورە، ئەوەی خوای گەورە شتانێکی داڕێژاوە هیچ سوودێکیان نییە تەنیا زۆر لەخۆکردن و خۆ ماندووکردن نەبێ، بۆیە حەقیقەتی کارەکە لای حیلەبازە باتڵەکان: ئەوەیە کە گرێبەستە شەرعییەکان کارێکی سەخت و بێ سوودە، ئەوان بەو مەبەستە بەکاری ناهێنن کە بۆی داڕێژراوە، بەڵکو دەیانەوێ لەو رێگەیەوە بەشتێکی قەدەغە کراو بگەن، ئەو کارە دەکەنە پەردەشۆشکەری نیازی خۆیان و لەقاڵبی شەرع دەریدەهێنن! هەروەك جەهمییەکان لەکارخستن و تەعتیلی سیفاتی خوایان لەقاڵبی پاك راگرتن و تەنزیهدا دەریانکرد! هەروەك دووڕوویان، دووڕوویان لەقاڵبی چاکەکاری و تەوفیق و کاری بژێوییدا دەرکرد! ستەمکارە خراپەکارەکانیش

ستەم و زۆرداریان لەقالّبی سیاسەت و سزای تاوانکاراندا دەرکرد! هەروەك باجگرەوانیش لەقالّبیی یارمەتیدانی موجاهیدین و پارێزگاریی سنوور و ئاوەدانکردنەوەی قەلاّ و سەنگەرەکاندا، پارە کۆکراوەکانیان خواردووە!

رافیزەکانیش لەقالّبی خۆشەویستیی ئالوبەیت و دەمارگیری و دۆستایەتییان بۆ ئالوبەیت،بێباوەڕی و تانەیان دا لەگەورە هاوەلاّن و گرۆی پەیامبەر(ﷺ) و دۆستان و پشتیوانانی پەیامبەری خوا(ﷺ)!

خراپەکارانیش کە خۆیان دەدنەوە پاڵ هەژاری و تەسەوف، لەقالّبی هەژاری و دونیانەویستی و حاڵ و عیرفان و خۆشەویستیی خوا و ئەو شتانەدا، بیدعە و هەڵەق و بەڵەق و بێ بنەمای خۆیان دەرخست!

ئیتیحادگەرەکانیش گەورەترین بێباوەڕی و ئیلحادێکیان لەقالّبی یەکتاپەرستیی دەرکرد، کە بوون(وجود) یەك شتە و دووان نییە، ئەویش تەنیا خوای گەورەیە و باوەڕیان وەهایە لەبووندا دوو شت بوونی نییە بەناوی: خالق و مەخلوق، پەروەردگار و بەندە، بەڵکو هەموو بوون یەك شتە و ئەویش حەقیقەتی پەروەردگارە!

قەدەرییەش بەوە دەرچوون کە تەواوی قودرەت و توانای خوای گەورە بەسەر تەواوی مەوجوداتدا رەتبکەنەوە: بەکرداری مەخلوقات و لەقالّبی عەدلدا بەوە گەیشتن و وتیان: ئەگەر خوای گەورە توانای بەسەر کارو کردەوەی بەندەکانیدا هەبێ، واتا ستەمکارە بەرانبەریان! لەبەر ئەوە هەڵسان لەقالّبی عەدلدا قەدەریان رەتکردەوە!

جەهمییەکانیش لەقالّبی یەکتاپەرستییدا بوو سیفاتی کەمالّی خوای گەورەیان رەتکردەوە، وتیان: ئەگەر خوا بیستن و بینین و توانا و ژیان و ئیرادە و قسەکردنی هەبێ، واتا یەك کەس نییە، بەڵکو کۆمەڵێك خواوەندە!

خراپەکار و فاسیقان و ئەوانەی دوای شەهوەت دەکەون، لەقاڵبی ئومێد و گومان باشبردن بەخوای گەورە، بەتاوان و سەرپێچییەکان گەیشتن، خراپ گومانیان برد بەلێخۆشبوونی خوای گەورە و وتیان: دوورگرتن لەتاوان و شەهوەت، بەکەمگرتنی لێبووردنی خوای گەورە و گومان بردنی خراپە بەخوا، پاڵدانی نیسبەتێکە بۆ لای خوای گەورە کە پێچەوانەی بەخشندەیی و لێخۆشبوونی ئەوە !

خەواریجەکانیش لەقاڵبی فەرمان کردن بەچاکە و ڕێگریکردن لەخراپە، دەستیان دایە کوشتنی پێشەوایان و شمشێر هەڵگێشان! بیدعەچییانیش تەواوی بیدعەکانیان لەقاڵب گەلێکی هەمەجۆردا دەردەکەن و پەیدای دەکەن!

هاوبەش پەیداکەرانیش لەقاڵبی گەورەڕاگرتنی خوای گەورەدا، پەنایان بردەبەر هاوبەش پەیداکردن، لەقاڵبی ئەوەی پەیداکردنی هاوبەشێك بۆ خوای گەورە، باشترە لەپارانەوەو خۆ نزیکخستنەوە لەخوای گەورە بەبێ بوونی تکاکار و نێوەندگیرێك.

هەموو باتڵخوازێك ناتوانێ بڕەو بەباتڵیی کاری خۆی بدات بەبێ دۆزینەوەی دەرەچەیەك لەقاڵبی حەقدا.

مەبەست ئەوەیە، خەڵکانی حیلەباز و فێڵی حەرام، تەنیا دەتوانن لەقاڵبە شەرعییەکاندا ڕێگە بۆ باتڵیی خۆیان بدۆزنەوە، وێنە شەرعییەکان وەردەگرن بەبێ حەقیقەت و مەبەستە شەرعییەکان.

- **ڕەخنەیەك و وەڵامانەوەی ئەو ڕەخنەیە:**

ڕەنگە بڵێی: لەم بەشەدا زۆر لەسەر بابەتەکە ڕۆیشتی و درێژەت پێ دا، ئەوەندە بەس بوو ئاماژەیەکی کورتت بکردبایە !

وەڵام بۆ ئەوە: بێگومان کارەکە زۆر لەوە گەورەترە کە ئێمە باسمان کرد، شیاوە درێژەی پێ بدرێت، چونکە بەڵا و کارەساتی ئیسلام لەلایەن ئەو دوو کۆمەڵەیەوە

پەیدا بوو: فێڵباز و حیلەبازان لەئەنجامدانی کردەوەکان، شێوێنەران و قیرامیتە و فەلسەفەلێدەران لەکارە زانستییەکان، بێگومان هەموو خراپە و کاولکارییەك لەبواری دین و دونیا، لەلایەن ئەو دوو کۆمەڵەیەوە پەیدا بووە.

بەتەئویل و لێکدانەوەی باتڵ، عوسمان(خوای لێ رازیی بێ) کوژرا، ئوممەت خەڵتانی خوێن بوو، یەکتریان بەبێباوەڕ دەزانی و بوونە حەفتا و شتێ گرووپ و بەشەوە، بەتەئویلی ئەو جۆرە خەڵکە ئاوەها بەسەر ئیسلامدا هات، بەفێڵ و تەڵەکەبازیی ئەوانە بوو ئەوە رووی دا. ئەو دوو کۆمەڵەیە بەهێزبوون، سزای نەیارانی خۆیانیان دا، بەڵام خوای گەورە رێگە نادات ئەوە بەردەوام بێ، بۆیە کەسانێکی هێنایەبوون بەرگری لەئایینەکەی بکەن و حەقیقەتەکانی دەربخەن، ئەوەش بۆ ئەوەی بەڵگەکانی خوا بۆ بەندەکانی روونبێتەوە.

جا بۆیە با بگەڕێینەوە سەر بابەتی ڕوونکردنەوەی پیلان و تەڵەکەبازییەکانی شەیتان.

***

٩) فیتنەی عاشقانی وێنە

یەکێك لەو فێڵ و تەڵەکەبازییانەی شەیتان کە عاشقانی وێنە پێی تووشی فیتنە هاتوون:

سوێند بەخوا ئەوە فیتنەی گەورە و نەهامەتیی هەرە گەورەیە کە دەروونەکانی بۆ غەیری خوای گەورە و خالق کردووەتە بەندە و دڵەکانی کردووەتە مۆڵگی شەهوەت و جەنگی خستووەتە نێوان عیشق و یەکتاپەرستی، بانگەشەو بانگەوازی کردووە بۆ دۆستایەتیی هەموو شەیتانێك، بەوەش دڵ بووەتە بەندکراوی شەهوەت و ئارەزوو، شەهوەت بەسەرییەوە بووەتە فەرمانڕەوا و ئەمیر، بەوەش کۆست و نەهامەتیی بۆ

دڵەکان زیاتر بووە و پڕبوون بەفیتنە و عەقڵ و فامی پێ لەدەست داون، لەڕێگەی مەبەست لایداون، لەبازاڕی کۆیلەفرۆشاندا بەکەمترین نرخ فرۆشتوونی، لەنزیکیی خوای گەورە دووریخستوونەتەوە و لەشەیتانی سووك و ریسوا نزیکی خستوونەتەوە، ئەو شەیتانەی کەچەندان ئەوەندەی خۆشییان پێ دەدات، نەهامەتی و ئازاری پێ داون، دوژمنێکیان بەخۆشەویست گرتووە، کە لەنزیك وەختدا دەبێتە دوژمن و دواتر گەورەترین ئازاریان پێ دەچێژێ، بەتایبەت ئەگەر گەیشتە ئەوەی: ﴿ ٱلْأَخِلَّآءُ يَوْمَئِذٍۭ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٦٧﴾ ﴾ **الزخرف: ٦٧**، واتا: دۆست و خۆشویستەکان لەو ڕۆژەدا دوژمنی یەکترن جگە لە پارێزکاران.

ئاخۆ ئەوە چی حەسرەتێکە بۆ ئەو خۆشەویستەی کە بەنرخێکی سووك و کەم، خۆی دەفرۆشێت بەغەیری خۆشەویستی یەکەمی؟ خۆی دەفرۆشێت بەحەزێکی خێرا کە زوو چێژی بەسەردەچێ و سوودی نامێنێ و زیان و دۆڕانی لەدوا بەجێدەمێنێ! شەهوەت دەچێ و حەسرەت دەمێنێتەوە!

چەند داماوە ئەو کەسەی هەردوو حەسرەتی بۆ کۆبووەتەوە، حەسرەتی لەدەستدانی خۆشەویستی بالاّ و نیعمەتی هەمیشەیی، هەروەها حەسرەتی پشکی سزای بەئازار، ئا لەوکاتەدا کەسی خەڵەتێنراو تێدەگات چی شتێکی لەدەست داوە، ئەوکات دەزانێ ئەو مەخلوقەی ئەم بووەتە کۆیلە و خزمەتکاری و دڵی بۆ کردووەتە کۆیلە، شیاوی ئەوە نەبووە لەکۆی خزمەتکارانی ئەمی مرۆڤدا بووایە.

ئاخۆ چی کارەسات و بەڵایەك هەیە ناخۆشتربێ لەبەڵا و کۆست کەوتنی پادشایەك لەتەختی پادشایەتی لادرابێ و بکرێتە دیلی کەسێك، شیاو نەبووە کۆیلەیەکی بوایە، ناچار بخرێتە ژێر فەرمانییەوە. ئەگەر دەتبینی دڵی لەدەستی خۆشەویستەکەیدا، دەتبینی بەنمونەی:

كَعُصْفُورَةٍ فِي كَفِّ طِفْلٍ يَسُومُهَا حِيَاضِ الرَّدى والطِّفلُ يَلْهُو ويَلْعَبُ

واتا: وەك چۆلەكەیەكە لەدەستی منداڵێكدا هەناسەی لێ بڕاوە و وەختە مرداربێتەوە، منداڵەكەش بۆ خۆی خەریكی گاڵتەو گەپی خۆیەتی بەو چۆلەكەیە.

بێگومان ئەگەر خەو و ئیسراحەتی ئەو دەبینی، ئەزانی كە خۆشەویستی و خەو پێكەوە رێككەوتوون كە بەیەك ناگەن.

ئەگەر فرمێسكی بەخوڕو گڕی ئاگری ناخیت دەبینی، ئەوە دەتووت:

سُبْحَانَ رَبِّ الْعَرْشِ، مُتْقِنِ صُنْعِهِ وَمُؤَلِّفِ الأَضْدَادِ دُونَ تَعَانُدِ
قَطْرٌ تَوَلَّدَ عَنْ لَهِيبٍ فِي الْحَشَا مَاءٌ وَنَارٌ فِي مَحَلٍّ وَاحِدِ

واتا: پاك و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی دروستكراوی خۆی رێكە و تۆكمە دروست كردووە، بەبێ هیچ بەرهەڵستییەك دژەكانی پێكەوە داناوە، دەبینی لەگڕی ئاگردا دڵۆپە ئاو دەهێنێتەبوون و لەیەك شوێنەوە لەناخدا ئاو و ئاگر پەیدا دەكات.

ئەگەر رێڕەوی خۆشەویستییت لەدڵدا دەبینی، ئەوكات تێدەگەیشتی كە خۆشەویستیی رێگەیەكی ناسكتری تیایدا هەیە ناسكتر لەرێگە و رێڕەوی روح لەجەستەدا.

ئاخۆ بۆ كەسی عاقڵ شیاوە ئەو پادشا بەگوێكراوە بفرۆشێ و بگۆڕێتەوە بەكەسێك سزای سەختی بۆ پەیدا بكات و گەورەترین پەردەو دوورگەوتنەوە بخاتە نێوان خۆی و ئەو خوا راستەقینەیەی كە بێ ئەوە نایكرێ؟

كەسی خۆشەویست، بۆ خۆشەویستەكەی خۆی دەدات بەكوشت، بەندە و ملكەچ و كزۆڵ دەبێ بۆی، كە بانگی بكات بەپەلە دەست لەسەر سینگ بەرەو رووی دەچێ، ئەگەر پێی بووترێت: خۆزگەی چیت هەیە؟ ئەوە ئەوپەڕی خۆزگەی ئەو، بریتی دەبێ لەوەی هەموو هۆگری و سوكناییەكی لەپاڵ ئەودابێ نەك كەسی تر. حەقە هیچ

شتێکی خۆش نەوێ تەنیا لەبەر ئەو خۆشەویستە نەبێ، پشکی خۆی لەخوای خۆشەویست، بەسووکترین پشك نەفرۆشێ و نەگۆڕێتەوە.

- **خۆشەویستی و ئەوەی پێشکەشی دەکرێت:**

ئەگەر ئەوە زانرا و روون بووبەوە، ئەوە بزانە بنچینەی هەموو کردە و جوڵەیەك لەجیهاندا، لەخۆشویستن و ئیرادەوە سەرچاوە دەگرێت، بنەمای هەموو کردە و جوڵەکانە، هەروەك چۆن رقبوونەوە و تووڕەبوونیش بنەمای هەموو وازهێنان و دەستهەڵگرتنێکە.

خۆشەویستی، ئەوەیە کە کەسەکە دەخاتە جوڵە بۆ دۆزینەوەی ئەو خۆشەویستەی کە بەدەستخستنی، خۆی کامڵ دەکات.

بۆیە خۆشویستنی خوای گەورە و قورئان و خۆشویستنی زانست و ئیمان و خۆشویستنی کەلوپەل و پارە و خۆشویستنی بت و خاچ و خۆشویستنی ئافرەتان و لووسکە و خۆشویستنی خاك و خۆشویستنی برایان، بەخۆشەویستن دەکەونە جوڵە.

لەو شتانەوە، بۆ هەموو خۆشەویستێك دڵ دەکەوێتە جوڵە، لەیادی خۆشەویستەکەیدا دەکەوێتە جوڵە، ئا لەبەرئەوە دەبینی کەسێك کە خۆشەویست و حەزی بەژن و منداڵبازی و دەنگی شەیتانە لەگۆرانی و ئاوازی مۆسیقی، لەکاتی بیستنی زانست و دیمەنەکانی ئیمان و دەنگی قورئاندا ناکەوێتە جوڵە، کاتێ باسی خۆشەویستەکەی بۆ دەکرێت، گیانی بۆ دێتەلەرزین و سەرتاپای گیان و لاشەی بەتامەزرۆییەوە بۆی دەکەوێتە جوڵە و بەیادکردنی خۆشحاڵ دەبێت.

هەموو ئەو شتە خۆشویستراوانە باتڵن جگە لەخۆشەویستیی خوا و هەر شتێك لای خوا خۆشەویست بێ لەخۆشویستنی پەیامبەرەکەی و ئایینەکەی و قورئان و دۆستانی خوا، تەنیا ئەم خۆشەویستییەیە بەردەوام دەبێ و بەپێی پەیوەستبوون پێیەوەی،

بەرهەمی دەبێت. فەزڵی خۆشویستنی خوای گەورە بەسەر خۆشەویستییەکانی دیکەوە، وەک فەزڵی ئەو کەسەیە کە تەنیا بەوەوە پەیوەست بووە، ئەگەر پەیوەندیی خۆشەویستان و هۆکاری دۆستایەتی و خۆشەویستییان بپچڕێت، هۆکاری خۆشویستنی ئەو بۆ خوای گەورە ناپچڕێت، خوای گەورە ئەفەرموویت: ﴿ إِذْ تَبَرَّأَ ٱلَّذِينَ ٱتُّبِعُواْ مِنَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُواْ وَرَأَوُاْ ٱلْعَذَابَ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ ٱلْأَسْبَابُ ﴿١٦٦﴾ ﴾ البقرة: ١٦٦، واتا: کاتێك کە پێشەواکان یەخە هەڵئەتەکێنن لەوانەی(لە دنیادا) دوایان کەوتوون وە سزایان(بەچاوی خۆیان) بینی وە هەموویپەیوەندی یەکیان بچڕایەوە.

عەتاء لەئیبن عەباسەوە(خوای لەخۆی و باوکی رازیی بێ) ئەڵێ:((واتا خۆشەویستی)).

موجاهید ئەڵێ:((پەیوەندی و بەیەکگەیشتنیان لەدونیادا)).

زەحاك ئەڵێ:((واتا پەیوەندی و دۆستایەتییان نامێنێ و شوێنیان لەدۆزەخدا لەیەکتریان دەکات)).

ئەبو سالح ئەڵێ:((واتا کارو کردەوەکان))[1].

هەموو ئەوانەی ئەوان وتوویانە تەواوە، چونکە هۆکارەکان ئەو شتانەن کە لەدونیادا بەیەکیان دەگەیەنن، لەقیامەتدا دەیانکاتە دوژمنی یەکتر.

بەڵام هەرچی هۆکاری یەکتاپەرستانە کە دڵسۆزن بۆ خوای گەورە و پێیانەوە پەیوەندار بووە، ئەوە بەبەردەوامبوونی خوای پەرستراو و خۆشەویستیان، ئەو هۆکارانە بەردەوامن و هۆکارەکەش بەوەوە بەردەوامە و پچڕانی بەسەر نایەت.

---

١ - بڕوانە:(الدر المنثور)(٤٠٢/١).

- **بنچینەی خۆشویستنی ستایشکراو:**

ئەگەر ئەمەت لا روون بوو، ئەوە بزانە بناغەی ئەو خۆشویستنە ستایشکراوەی کە خوای گەورە فەرمانی پێ کردووە و مەخلوقاتی لەپێناودا دروست کردووە، بریتییە لەتەنیا خۆشویستنی خۆی بەبێ هیچ هاوبەشییەك، کە پەرستنی تاك و تەنیای خۆیەتی.

پەرستن، ئەوپەڕی خۆشویستنێکی کزۆلانە لەخۆ دەگرێت، ئەوەش تەنیا شیاوە بۆ خوای گەورە ئەنجام بدرێت.

لەبەر ئەوەی خۆشویستن بەپێی رەگەز جۆرەهای جیاواز لەڕووی ڕێز و وەسفەوە لەخۆ دەگرێت، ئەوە زۆربەی ئەوانەی مافی خوایان تیادا باس دەکرێت، ئەوانەن کە تایبەت و شایستەن بەخوای گەورە، وەك پەرستش و گەڕانەوە بۆلای خوای گەورە و دڵنارامی پێدان، لەبەر ئەوە وشەی عیشق و غەرام و هەوا و شەیدابوون و هۆگربوونی تیادا باس ناکرێت، بەڵکو وشەی خۆشویستنی تیادا باس دەکرێت، وەك فەرمایشتی: ﴿يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ﴾ **المائدة:** ٥٤، واتا:خوا ئەوانی خۆش ئەوێ و ئەوانیش خوایان خۆش دەوێ.

هەروەها فەرمایشتی:﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ ﴾ **آل عمران:** ٣١، واتا:ئەی موحەممەد(ﷺ) بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت کەواتە دوای من بکەون تا خواش ئێوەی خۆش بوێت.

هەروەها دەفەرموویت:﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ﴾ **البقرة:** ١٦٥، واتا:ئەوانەی برواپان هێناوە زۆر زیاتر خوایان خۆش دەوێت.

قورئان لەسەرەتایەوە تاوەکو کۆتایی، لەسەر ئەو خۆشویستن و پێویستییەکانی ئەو خۆشویستنە و نەهێکردن لەسەر خۆشویستنی غەیری خوا وەستاوەتەوە، نمونە و

پێوانەی بۆ هەردوو کۆمەڵەی خۆشەویستان هێناوەتەوە، چیرۆك و کار و پاداشت و سزای هەردوو جۆرەکەی باسکردووە، تیایدا روون بووەتەوە، تەنیا کەسێك چێژی ئیمان دەکات، کە خواو پەیامبەری(ﷺ) لەهەموو کەس خۆشەویستر بێ بەلایەوە، هەروەك لەسەحیحەیندا هاتووە: :«ثلاثٌ مَنْ كُنَّ فيهِ وَجدَ حَلاوةَ الإيمانِ: مَنْ كانَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ أحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا، وَأَنْ يُحِبَّ الْمَرْءَ لَا يُحِبُّهُ إِلَّا لِلَّهِ، وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَرْجِعَ فِي الْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنْقَذَهُ اللَّهُ مِنْهُ، كَمَا يَكْرَهُ أَنْ يُلْقَى فِي النَّارِ»[1]،واتا: سێ شت هەیە لەهەر کەسێکدا هەبن، ئەو کەسە چێژی ئیمانی بینیووە: ئەوەی خواو پەیامبەرەکەی لەهەموو شتێکی تر بەلایەوە خۆشەویستربن، تەنیا لەبەر خوا یەکێکی خۆشبوێ، حەز نەکات بگەڕێتەوە بۆ بێباوەڕی دوای ئەوەی خوای گەورە لێی رزگاری کردووە هەروەك چۆن حەز ناکات بخرێتە دۆزەخەوە.

هەر لەسەحیحەیندا هاتووە[2] ئەڵێ: پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: «وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَالِدِهِ وَوَلَدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ»،واتا: سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، هیچ کەسێکتان ئیمانی تەواو نییە تاوەکو منی خۆشتر نەوێ لەخۆی و دایك و باوکی و منداڵەکانی و تەواوی خەڵك.

لەبەر ئەوەیە بانگەوازی تەواوی پەیامبەران لەسەرتایانەوە هەتاوەکو کۆتا کەسیان، رێکهاتووە لەسەر پەرستنی خوای گەورە بەتاك و تەنیایی و هیچ هاوبەشێك.

بنچینە و تەواوێتی و کاملێتی پەرستن، بریتییە لەخۆشویستن، تەنیا تایبەتکردنی خۆشویستن بۆ خوای گەورە و تیایدا هیچ شتێك بۆ خوای گەورە نەکرێتە هاوبەش.

---

١ – بوخاری(٥٦/١) و موسلیم(٤٣) گێڕاویانەتەوە.

٢ – بوخاری(٥٥/١) و موسلیم(٤٤) گێڕاویانەتەوە.

ئەو وشەیەی کە ئەو دوو بنچینەیەی لەخۆگرتووە، ئەو وشەیەیە کە مرۆڤ بەوەوە دێتە نێو ئیسلامەوە، بەوە خوێن و مالّی مرۆڤ پارێزراو ئەبێ، هیچ کەسێکیش لەسزای خوا پارێزراو نابێ، تەنیا ئەو کەسە نەبێ کە بەدڵ و بەزمان دەیهێنێتەدی و بەباشترین شێوە یادی دەکات، هەروەک لەسەحیحی ئیبن حیباندا هاتووە[1]:"أَفْضَلُ الذِّكْرِ لا إِلَهَ إِلا اللهُ"،واتا: باشترین زیکر و یادێك بریتییە لە لا إِلَـهَ إِلا اللهُ. ئەو ئایەتەش کە ئەوەی لەخۆگرتووە، لەبەر فەزڵدارێتیی بووەتە گەورەی ئایەتەکانی قورئان[2]، ئەو سورەتەش کە تایبەت بووە بەهێنانەدی ئەوە،بەرانبەرە بەیەك لەسەر سێی قورئان[3]، بەوە خوای گەورە تەواوی پەیامبەرانی خۆی رەوانە کردووە و تەواوی کتێبەکانی دابەزاندووە و تەواوی شەریعەتەکانی رەوانە کردووە، لەو رێگەیەوە بەندە خوای گەورە دەدوێنێ و دەچێتە پەنای خوای گەورە، دۆست و دوژمنانی لەو رێگەیەوە هاواری بۆ دەبەن، دوژمنەکانی ئەگەر ناخۆشی و کارەساتێکیان بەسەردابێ لەوشکانی و دەریادا، بۆلای یەکتاپەرستیی خوا پەنا دەبەن و هاوار دەبەن و لەهاوبەش پەیداکردنیان بەریی دەبن و دڵسۆزانە هاوار دەکەن[4]، بەڵام هاوار و داوی دڵسۆزان لەخۆشی و ناخۆشییدا، هەر بۆلای خوای گەورەیە.

---

١ – بەژمارە(٨٤٦)، ترمیزی(٣٣٨٣) و نەسائیش گێڕاویەتییەوە لە(عمل الیوم واللیلة)(٨٣١) و حاکم(٥٠٣/١) و ئیبن ماجە(٣٨٠٠)ەش گێڕاویانەتەوە لەجابرەوە بەسەنەدێکی حەسەن إن شاء الله.

٢ – ئایەتولکورسییە.

٣ – سورەتی(الإخلاص)ە، ئەو فەرموودەیەش کە لەبارەی ئەو فەزیلەتەوە هاتووە، بوخاری(٥٣/٩) لەئەبو سەعیدەوە، موسلیمیش(٨١١) لەئەبو دەردائەوە گێڕاویانەتەوە.

٤ – هەروەک خوای گەورە لەبارەیانەوە گێڕاویەتییەوە لەسورەتی لوقمان، ئایەتی٣٢.

لەبەر ئەوە داوا و پاڕانەوەی کاتەکانی ناخۆشی بریتییە لەمە:"لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ الْعَظِيمُ الْحَلِيمُ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ رَبُّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ، وَرَبُّ الْأَرْضِ، وَرَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ"[1].

ئەسمائی کچی عومەیس ئەڵێ:((پەیامبەری خوا(ﷺ) هەندێ وشەی فێر کردم کە لەکاتی ناخۆشی و تەنگانەدا بیڵێم:"اللهُ، اللهُ ربِّي لا أُشْرِكُ بهِ شيئاً"[2].

لەترمیزییەوە[3] لەفەرموودەیەکی ئیبراهیمی کوڕی موحەممەدی کوڕی سەعیدی کوڕی ئەبی وەقاس ئەویش لەباوکییەوە ئەویش لەباپیرەیەوە ئەویش لەپەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:"دَعْوَةُ يونُسَ إذ نَادَى في بَطْنِ الحوتِ: لا إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ سُبحانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالمينَ، فإِنَّهُ لَمْ يَدْعُ بها مُسْلِمٌ في شيءٍ إِلاَّ اسْتُجِيبَ لهُ"، واتا: بانگەوازی یونس کە لەسکی نەهەنگدا بوو پێی هاواری بردە بەر خوای گەورە و بریتی بوو لە:"لا إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ سُبحانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالمينَ"، هەر موسڵمانێك بەوە لەخوا بپارێتەوە، خوای گەورە وەڵامی دەداتەوە و بەدەم داواپەوە دەچێت.

بۆیە یەکتاپەرستی پەناگەی داواکاران و هەڵهاتووان و پەناهێندانە، حەقیقەتی ئەو کارەش، بەتەنیا دانانی خوای گەورەیە لەخۆشویستن و گەورە راگرتن و ملکەچی بۆ کردن و کزۆڵی بۆ کردن.

- **تەنیا خوامان لەبەر خودی خۆی خۆشبوێ:**

ئەگەر ئەوە زانرا کە خۆشویستن و ئیرادە بنچینەی هەموو جوڵەیەکن، ئەوە دەبێ خۆشەویستێك هەبێ لەبەر خودی خۆی خۆشمان بووێ نەك لەبەر شتی تر، چونکە

---

١ - بوخاری(٧/١٥٤) و موسلیم(٢٧٣٠) گێڕاویانەتەوە لەئیبن عەباسەوە.

٢ - ئەبو داوود(١٥٥٢) و ئەحمەد(٦/٣٦٩) گێڕاویانەتەوە بەسەنەدێکی حەسەن.

٣ - بەژمارە(٣٥٠٠). نەسائی لە(عمل اليوم والليلة)(٦٥٥) و ئەحمەد(٤٦٢) و تەبەرانی لە(الدعاء)(١٢٤) گێڕاویانەتەوە بەسەنەدێکی حەسەن.

ئەگەر لەبەر شتی تر بوو، ئەوە زنجیربەندیی پێویست دەبێ لەهۆکار و ئامانجدا، ئەوەش بەیەکدەنگیی عاقڵ و فامیدەکان، کارێکی باتڵ و ناپەسەندە.

دەکرێ شتێك لەبەر هەندێ لایەن خۆش بووێ، ئەوە تەنیا خوای گەورەیە لەهەموو رووپەکەوە خۆشمان دەوێ و تەنیا خۆی شیاوی خوایەتییە. ئەگەر لەئاسمانەکان و زەویدا جگە لەخوا خواوەندێکی تریش هەبووایە، ئەوە ئاسمانەکان و زەوی کاول دەبوون. ئەو خوایەتییەی کە پەیامبەران ئوممەتانی خۆیانیان بۆ بانگەواز کردووە بەتاك و تەنیایی خوای پێ بپەرستن: بریتییە لەبەندایەتی و بەخوا دانانی اللە، جا لەو شتانەی کە بۆ ئەوە پێویستن، یەکتاپەرستی پەروەردگارێتییە کە هاوبەش پەیداکەران دانیان پێدا ناوە و خوای گەورە ئەو دانپێدانانەی بەسەریانەوە کردووەتە بەڵگە، چونکە داننان بەو یەکتاپەرستییە، داننان بەیەکتاپەرستی خوایەتییش پێویست دەکات.

- **خۆشویستنی سوودبەخش:**

هەموو زیندوویەك بەهەستی خۆی، ئیرادە و کاری هەیە، هەموو جوڵەکارێك ئامانجێکی هەیە بۆی دەکەوێتە جوڵە، بۆیە سەرفراز نابێ ئەو کەسەی لەجوڵە و هەڵسوکەوتیدا ئامانجی بریتی نەبێ لە: تەنیا خوای گەورە. هەروەك بوونی نابێ هەتا ئەو کاتەی کە تەنیا خوای گەورە پەروەردگار و خاڵقی نەبێ. بوونی ئەو کەسە تەنیا بەخواوە بەندە، کەماڵیشی بەوەیە کە تەنیا بۆ خوا بێ، هەرشتێك بەخواوە بەند نەبێ، بوونی نابێ، هەر شتێك بۆ خوا نەبێ سوودی نابێ و بەردەوام نابێ، لەبەر ئەوەیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ لَوۡ كَانَ فِيهِمَآ ءَالِهَةٌ إِلَّا ٱللَّهُ لَفَسَدَتَاۚ ﴾ **الأنبياء: ٢٢**، واتا:ئەگەر لە هەردووکیاندا(لە ئاسمان و زەویدا)چەند پەرستراوێك هەبوایە جگە لە خوا بێگومان(ئاسمان و زەوی)هەر دوو کاول و وێران دەبوون.

نەیفەرموو ئاسمانەکان و زەوی بوونیان نەدەبوو، چونکە خوای گەورە توانای هەیە بەشێوەی کاولبوون بیانهێڵێتەوە، بەڵام ناکرێ ئاسمانەکان و زەوی لەبارو گونجاوبن هەتا ئەوەی خاڵق و داهێنەریان تەنیا اللە نەبێ بێ ئەوەی هیچ هاوبەشێکی بۆ بڕیار بدرێت. چاکی و ڕێکیی کار و جوڵەکان، بەچاکیی نییەت و مەبەستە، هەموو کارێك پاشکۆی نییەت و مەبەست و ئیرادەیەکە وەها دەکات ئەو کارە ئەنجام بدرێت.

کارەکان هەندێجار بەپێی خودی خۆیان بۆ چاك و خراپ دابەش دەکرێن، هەندێجاریش بەپێی نیاز و مەبەست.

دابەشکردنی خۆشویستن و ئیرادە بۆ سوودبەخش و زیانبەخش، بەپێی ئەوەیە کە پێیەوەی پەیوەست بووە و خۆشەویست و بووەتە جێی مەبەست، بۆیە ئەگەر خۆشویستراو ئەو خۆشەویستە بێ کە پێویستە تەنیا لەبەر خۆی خۆشمان بوونێ، ئەوە خۆشەویستی بالآیە، کاتێ چاکبوون و سەرفرازی و خۆشیی بۆ بەندە دێتەدی، کە اللە تاکە خۆشەویست و مەبەست و ئامانجی بێ، ئەوکاتە خۆشویستنەکەی بەسوود دەبێ، بەڵام ئەگەر خۆشویستن و ئامانج و کۆتایی هەوڵی بۆ غەیری خوا بێ، ئەوە بۆی دەبێتە زیان و ئەشکەنجە و بەدبەختی.

خۆشویستنی سوودبەخش، ئەوەیە کە شتانی سوودبەخش لەبەختەوەری و نیعمەت بۆ کەسەکە دەهێنێ، خۆشویستنی زیانبەخشیش، ئەوەیە کە شتانی زیانبەخش بۆ کەسەکە دەهێنێ، لەوەی زیانی پێ دەدات لەبەدبەختی و ئازار و ئەشکەنجە.

- **زانست و دادپەروەری، بناغەی هەموو خێر و خۆشییەکن:**

ئەگەر ئەوەی ئێمە باسمان کرد بۆ تۆ ڕوون بوویەوە، ئەوە بزانە کەسی زیندووی زانا و ژیر، خۆشویستنی شتێك کاریگەر نابینێ کە زیانی پێ دەدات و بەدبەختیی بۆ

پەیدا دەکات و پێی ئازار دەبینێ. ئەوە بۆ کەسێك رووەدات کە نیاز و ئیرادەی خراپە.

یەکەم: نەفانی، دووەمیش: ستەمە.

مرۆڤ لەبنچینەدا ستەمکار و نەزان دروستکراوە، لەنەفامی و ستەم نابێتەوە تەنیا بەوە نەبێ کە خوای گەورە فێری ئەو شتانەی کردووە، کە سوودی پێ دەگەیەنن و رێنمایی و فامیدەیی پێ دەدەن. خوای گەورە خێر و چاکەی بۆ هەرکەسێك بوێ، ئەوەی فێر دەکات کە سوودی پێ بگەیەنێ و پێیەوە لەنەفامیی دەربچێ، بەوەی فێری کردووە سوودی پێ دەگەیەنێ، هەرچکاتێکیش خێر و چاکەی بۆ نەوێ، لەسەر بنچینەی دروستبوونی خۆی دەیهێڵێتەوە، هەروەك لەموسنەددا هەیە[1] لەفەرموودەی عبداللەی کوڕی عەمر ئەویش لەپەیامبەری خواوە(ﷺ) کە فەرموویەتی:«إِنَّ اللَّهَ خَلَقَ خَلْقَهُ فِي ظُلْمَةٍ، ثُمَّ رَشَّ عَلَيْهِمْ مِنْ نُورِهِ، فَمَنْ أَصَابَهُ ذَلِكَ النُّورُ اهْتَدَى، وَمَنْ أَخْطَأَهُ ضَلَّ»،واتا: خوای گەورە مەخلوقاتی خۆی لەتاریکییدا دروست کردووە، پاشان نوور و رووناکیی خۆی بەسەریاندا پرشاند، هەرکەسێ لەو نوورەی بەرکەوتبێ ئەوە رێنیشاندەری و بەرچاوڕوونیی وەرگرتووە، هەرکەسێکیش بەری نەکەوتبێ، وێڵ و سەرگەردان بووە.

دەروون حەزی بەشتێکە کە زیانی پێ دەگەیەنێ نەك سوود، ئەوەش جارێك بەهۆی نەفامی و نەزانیی بەزیانی ئەو شتە، جارێکیش بەهۆی خراپیی نیاز و مەبەستی، جارێکی تریش لەبەر ئەو دوو شتە کە پێکەوە تیایدا کۆدەبنەوە.

---

١ – (١٧٦/٢، ١٩٧)، ئاجوری لە(الشریعة)(ص١٧٥) و ئیبن حیبان(١٨١٢) و حاکم(٣٠/١) و ترمیزی(٢٦٤٤) گێڕاویانەتەوە لەڕێگەی عبداللە بن الدیلمی ئەویش لەئیبن عەمرەوە، سەنەدەکەشی سەحیحە.

خوای گەورە لەقورئاندا سەرزەنشتی ئەوانەی کردووە کە بەدەم بانگەوازی نەفامی و ستەمەوە دەچن و دەفەرموێت: ﴿ فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَكَ فَٱعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَآءَهُمْ ۚ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ ٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ بِغَيْرِ هُدًى مِّنَ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٠﴾ ﴾ **القصص:** ٥٠، واتا: ئینجا ئەگەر بە گوێیان نەکردی(و وەلامیان نەدایتەوە)ئەو بزانە کە تەنها شوێن هەواو ئارەزوی خۆیان دەکەون وە کێ لەو کەسە گومڕاترە کە شوێن ئارەزووی خۆی بکەوێت بێ ڕێنموونیی لەلایەن خواوە بێگومان خوا ڕێنموونیی گەلی ستەمکار ناکات.

هەروەها ئەفەرموێت: ﴿ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَمَا تَهْوَى ٱلْأَنفُسُ ۖ وَلَقَدْ جَآءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ ٱلْهُدَىٰٓ ﴿٢٣﴾ ﴾ **النجم:** ٢٣، واتا: تەنها شوێنی گومان و ئەو شتە دەکەون کە نەفسی خۆیان حەزی لێ یەتی لە کاتێکدا کە بەڕاستی لەلایەن پەروەردگارییانەوە هیدایەتیان بۆ هاتووە.

بنچینەی هەموو خێرو خۆشییەک: بریتییە لەزانست و دادپەروەری، بنچینەی هەموو خراپەیەکیش بریتییە لەنەفامی و ستەم. خوای گەورە بۆ دادپەروەرییەک کە فەرمان کراوە جێبەجێ بکرێ، سنووری داناوە،هەرکەسێ ئەو سنوورە ببەزێنێ، ستەمکار و دەستدرێژیکارە، بەئەندازەی ئەو ستەم و دەستدرێژییەی کە لەدادپەروەریی دووریخستووەتەوە، سەرزەنشت و سزای بۆ هەیە، لەبەرئەوەیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ وَلَا تُسْرِفُوٓا۟ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ ﴿٣١﴾ ﴾ **الأعراف:** ٣١، واتا: بخۆن و بخۆنەوە(لەوەی کە حەلاڵە بۆتان) و زیادە ڕەوی مەکەن بێگومان خوا زیادە ڕەوانی خۆش ناوێ.

لەبارەی ئەو کەسانەش کە نیازیان هەیە بەجگە لەهاوسەر و جاریەی خۆیان داوێنیان بەکاربهێنین، فەرموویەتی: ﴿ فَمَنِ ٱبْتَغَىٰ وَرَآءَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْعَادُونَ ﴾ **المؤمنون: ٧**، واتا: ئینجا هەر کەسێ نیازی جگە لەو(دوو جۆرە ئافرەتە)بکات(و ئارەزووی تێر بکات)ئەوسا ئەوانە دەست درێژی کەرن.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿ وَلَا تَعْتَدُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿١٩٠﴾ ﴾ **البقرة: ١٩٠**، واتا: دەست درێژی مەکەن بەڕاستی خودا دەست درێژی کەرانی خۆش ناوێت.

مەبەست: خۆشویستنی ستەم و زۆرداری، بەهۆی خراپیی زانست، یان خراپیی نیاز، یان هەردوو ئەو شتەوەیە.

ئەگەر بووترێت: خراپیی نیاز و مەبەست لەخراپیی زانستەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەگەر کەسەکە بزانێ لەو کارەدا چی زیانێك هەیە، ئەوە ئەو خراپەی هەڵنەدەبژارد و ئەو نیازەی بۆ دروست نەدەبوو.

ئەگەر کەسێك بزانێ ئەو خواردنە خۆش و بەچێژەی کە بۆی دانراوە، زەهری تێکراوە، ئەوە نایخوات،بۆیە ئەوەی وەهای لێدەکات تووشی تاوان و خراپە بێ، لاوازیی زانستێتی بەو زیانەی هەیە و لاوازیی هیممەت و ئیرادەیەتی بۆ دوورگرتن لەو شتەی بۆی زیانی هەیە.

کەوابوو ئەوە ئیمانی راستەقینەیە کەسەکە پاڵ دەنێ بۆ ئەنجامدانی کارێك سوودی پێ بگەیەنێ و دەستبەرداری ئەوە ببێ کە زیانی پێ دەدات، بۆیە ئەگەر دەستبەرداری کاری بەسوود ببێ و دەستبەرداری شتی زیاندەر نەبێ، ئیمانەکەی راستەقینە نییە، بەڵکو بەپێی پابەند بوون و پابەند نەبوونی ئیمانەکەی رادەوەستێ. ئەو کەسەی بەباوەڕی راستەقینە باوەڕی بەدۆزەخ هەیە، وەك ئەوە وەهایە دۆزەخ

لەبەرچاوی بێ، رێگەیەك ناگرێتەبەر بەدۆزەخی بگەیەنێ، چ جای بەزۆر هەوڵی بۆ بدات.

ئەو کەسەی بەباوەڕی راستەقینە باوەڕی بەبەهەشت هەیە، بەگوێی دەروونی خۆی ناکات پاڵی لێ بداتەوە و بەدوای بەهەشتدا نەچێ.

- **عەقڵ و شەرع:**

ئەگەر ئەوەی رایبوورد روون بوو، زانرا مەبەست چییە، ئەوە دەبێ بزانرێ کە بەندە زۆر پێویستی بەزانستێکە بۆ ناسینی شتی زیانبەخش تاوەکو لێی دوورببکەوێتەوە و شتی بەسوودیش بناسێتەوە تاوەکو پێداگریی بۆ بکات و ئەنجامی بدات، بەوە شتی سوودبەخشی خۆش دەوێ و رقی لەزیانبەخش دەبێتەوە، خۆشویستن و رقبوونەوەشی رێك و گونجاو دەبێ بەخۆشویستن و رقی خوای گەورە بۆ شتەکان، ئەوەش یەکێکە لەپێویستییەکانی بەندایەتی و خۆشویستن، جا هەرکاتێك لەوە لای دا، ئەوەی خۆشویست کە خوا رقی لێیەتی و رقی لەوە بوویەوە کە خوای گەورە خۆشیدەوێ و حەزی پێ هەیە، بەپێی ئەوە لەبەندایەتیی خۆی بۆ خوای گەورەی کەم کردووەتەوە.

لێرەدا دوو رێگە هەیە: عەقڵ و شەرع.

سەبارەت بەعەقڵ، خوای گەورە لەعەقڵ و فیترەتدا ئەوەی داناوە، کە ئەمانەی خوارەوە بەجوان و چاك دابنرێت: راستگۆیی و دادپەروەری و چاکەکاری و چاکە و داوێنپاکی و ئازایەتی و رەوشتە جوانەکان و گەیاندنی سپاردە و پەیوەندی خزمایەتی و ئامۆژگاریکردنی مرۆڤەکان و ئەمەکداربوون بەپەیمان و پاراستنی هاوسێ و سەرخستنی ستەمدیدەکان و یارمەتیدان لەکاتی تەنگانە و رێزگرتن لەمیوان و شتە باشەکانی تر.

لەعەقڵ و فیترەتیشدا دژەکانی ئەوانەی ناشیرین کردووە، پەیوەندی ئەو چاکدانان و ناشیرین بینینە لەعەقڵ و فیترەتدا، وەك پەیوەندی و نیسبەتی بەچاکدانانی ئاوی ساردە لەکاتی تووینێوتی، خواردنی بەچێژ لەکاتی برسێتی، پۆشینی شتی گەرم لەکاتی سەرما. ئەگەر کەسێك بڵێ: هیچ کەسێ لەڕێگەی عەقڵ و فیترەتەوە ئەوە فێر نابێ، بەڵکو تەنیا بەبیستن بەوە ئاشنا دەبێ، ئەوە قسەیەکی باتڵ و پووچە.

ڕێگەی دووەم بۆ ناسینی کارە بەسوود و زیانبەخشەکان، بریتییە لەبیستن.

فراوانتر و ڕوونتر و ڕاستترە لەڕێگەی یەکەم، ئەوەش بەهۆی شاراوەیی سیفەت و کاروبار و ئەنجامەکانی کارەکانەوە، جا ئەو کەسەی بەوردو درشتی شتەکان زانابێ، بریتییە لەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، بۆیە تۆش بزانە و فێربە، زاناترینی نێو خەڵك و ڕاستترینیان لەبۆچوون و عەقڵ و بەچاکزانیندا، ئەوەیانە کە عەقڵ و بۆچوون و بەچاکزانین و قیاسی گونجاو و ڕێك بێ بەسوونەت، هەروەك موجاهید ئەڵێ:((باشترین پەرستنێك، بریتییە لەبۆچوونی چاك و جوان، کە شوێنکەوتەی سوونەت بێ))، خوای گەورە ئەفەرموێت:﴿ وَيَرَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ هُوَ ٱلۡحَقَّ ﴾ سبأ: ٦، واتا:ئەوانە زانیاریان پێ دراوە دەزانن ئەوەی لە پەروەردگارتەوە بۆت هاتووە تەنها ئەوە ڕاستە.

پێشین، ئەوانەی خاوەن بۆچوونی پێچەوانە بەسوونەتن و ئەوەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هێنابوونی لەبابەتەکانی زانستی هەواڵ(العلم الخبرية) و بابەتی ئەحکامە کردارییەکانیان ناودەبرد بە: ئەهلی گومان و هەواو ئارەزوو، چونکە ئەو بۆچوونەی کە پێچەوانەی سوونەتە، نەفامییە، زانست نییە، ئارەزووە و ئایین نییە، کەسێك ئەوە کاری بێ، لەوانەیە کە شوێن هەواو ئارەزووی خۆیان کەوتوون نەك ڕێنیشاندەری و ڕێنماییەك لەلایەن خوای گەورەوە، سەرەنجامی کاری وەهاش،

لەدونیا و ئاخیرەتـدا گـومڕایی و سـەرگەردانییە، ئـەوەی سـەرگەردانی و بەدبـەختیی بەسەردا نەیەت، ئەوەیە کە پەیڕەوی ئەو ئایینـەی خـوای گـەورە دەکـات کـە خـوای گەورە پەیامبەرانی خۆی پێیەوەی ناردوون، هەروەك پەروەردگار دەفەرموویت:﴿ قَالَ ٱهْبِطَا مِنْهَا جَمِيعًۢا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ۖ فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّى هُدًى فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَاىَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشْقَىٰ ﴿١٢٣﴾ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِى فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ أَعْمَىٰ ﴿١٢٤﴾ ﴾ طه: ١٢٣ - ١٢٤، واتا:خوا فەرمووی هەردووکتان بڕۆنە خـوارەوە لەوێ(بەهەشـت) بەیەکەوە(نەوەکانتان)دەبنـە دوژمنـی یـەکتری جـا ئەگـەر (بـە پێغەمبەراندا)پەیامتان بۆ هات لەلایەن منـەوە ئەوسـا ئـەوەی شـوێنی ڕێنمـوونی مـن بکەوێ ئەو(لە دنیادا) گـومڕا نـابێ و (لـە ڕۆژی دواییدا)تووشـی ناخۆشـی و زەحمـەت نابێ. وە هەر کەسێ ڕوو وەرگێڕێ لـە ڕێبـاز و یـادی مـن ئـەوە بێگومـان ئـەو کەسـە گوزەرانێکی سەخت و تەنگی دەبێت(لە گۆڕدا) و لە ڕۆژی دواییشدا حەشری دەکـەین بە کوێری.

لەخۆشویسـتن و ڕقلێبوونـەوەدا مـرۆڤ شـوێن هـەواو ئـارەزووی خـۆی دەکـەوێت، هـەروەك خـوای گـەورە دەفـەرموویت:﴿ ۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُونُوا۟ قَوَّٰمِينَ بِٱلْقِسْطِ شُهَدَآءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ أَوِ ٱلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَ ۚ إِن يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقِيرًا فَٱللَّهُ أَوْلَىٰ بِهِمَا ۖ فَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلْهَوَىٰٓ أَن تَعْدِلُوا۟ ﴾ النساء: ١٣٥، واتا:ئەی کەسانێك کـە باوەڕتـان هێناوە بەردەوام زۆر دادگەر بن لەبەر خوا شایەتی بدەن با شـایەتی دژ بـە خۆشـتان بێت یان دژی باوك و دایك و خزمە نزیکەکانتان بێت ئەگەر(شایەتی لەسـەر دراوەکـە) دەوڵەمەند بێت یـان هەژار(شـایەتیەکە هـەر بدەن)چونکە خـوا بـەوان لـە پێشـترە(و قازانجیان چاکتر دەزانێت) کەواتە شوێن ئارەزوو مەکەون بۆ ئەوەی لە هەق لانەدەن.

هــەروەها فەرموویــەتی:﴿ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَىٰ أَلَّا تَعْدِلُوا۟ ۚ ٱعْدِلُوا۟ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۚ﴾ **المائدة: ٨، واتا: با رق و کینەتان لە دەستەو کۆمەڵێك هانتان نەدا لەسەر ئەوەی ڕاست نەڕۆن و دادگەر نەبن، دادگەر بن ئەوە نزیکترە لە پارێزکاریەوە وە لە خوا بترسن.**

نەهی کراوە لەشوێنکەوتنی هەوا و ئارەزوو، جا مرۆڤەکە هەواو ئارەزووی خۆی بێ یان کەسی تر، نەهی کراوە پەیڕەوی بکات، چونکە هەردوو جۆری هەوا و ئارەزوو دژن بەو پەیامەی خوای گەورە کە پەیامبەرانی خۆی پێیانەوە ڕەوانە کردووە و کتێبەکانی بەهۆیەوە دابەزاندووە.

- **خۆشویستنی سوودبەخش و خۆشویستنی زیانبەخش:**

لەنمونەی خۆشویستنی سوودبەخش: خۆشویستنی هاوسەرە، چونکە کارێکە یارمەتیدەری شەرعی خوای گەورەیە، مرۆڤ لەو ڕێگەیەوە داوێنی خۆی و خێزانی دەپارێزێت، تەماحی حەرام ناکات و داوێنی خۆی پاك ڕادەگرێت، خێزانەکەشی داوێن پاك ڕادەگرێت، جا چەندە خۆشەویستیی نێوان ژن و مێرد زۆرتر بێ، ئەوەندە ئەو مەبەستە شەرعییە تەواوتر و کاملّتر دەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ ۞ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا ﴾ **الأعراف: ١٨٩، واتا: خوا ئەو زاتەیە کە ئێوەی دروست کردووە لەیەك کەس(کە ئادەمە)هەر لەخۆی هاوسەری بەدی هێنا تا لەلای بحەسێتەوە(ئارام بگرێ).

هــــەروەها دەفـــــەرموێت:﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ﴾ **الـــروم: ٢١، واتا:لەنیشـــانەکانی**

ئەوە(خوایە) کە بۆی دروست کردوون لە(ڕەگەزی)خۆتان هاوسەرانێك بۆ ئەوەی ئارام بگرن لە لایان دا وە خۆشەویستی و بەزەیی خستۆتە نێوانتانەوە.

لەسەحیدا هاتووە[1] کە لەپەیامبەری خوا(ﷺ) پرسیار کرا، چی کەسێك خۆشەویسترین خەڵکییە بەلاتەوە؟ پەیامبەر(ﷺ) فەرمووی:"عائیشە".

لەبەرئەوە کاتێك مەسروق(بەڕەحمەت بێ) لەعائیشەی بگێڕابایەتەوە ئەیفەرموو:((ڕاستگۆی کچی ڕاستگۆ، خۆشەویستی پەیامبەری خوا، پاك ڕاگیراوە لەلایەن سەرووی حەوت ئاسمانەکانەوە بۆی باسکردم))[2].

پیاو عەیبدار نابێ لەوەی هاوسەرەکەی خۆشبوێ و عەشقی بۆی هەبێ، بەمەرجێ لەخۆشویستنی ئەوەی دوور نەخاتەوە کە بۆی بەسوودترە، ئەویش بریتییە لەخۆشویستنی خوا و پەیامبەرەکەی، تەنگ هەڵنەچنێ بەخۆشویستنی خوا و پەیامبەرەکەی. ئەگەر خۆشویستنێك بوو تەنگی هەڵچنی بەخۆشویستنی خوا و پەیامبەرەکەی، بەجۆرێك لاوازی کرد و لێی کەمکردەوە، ئەوە خۆشویستنێکی سەرزەنشتکراو و ناپەسەندە، بەڵام ئەگەر ئەو خۆشویستنە پاڵنەر و بەهێزکەر بوو بۆ خۆشویستنی خواو پەیامبەرەکەی، ئەوە خۆشویستنێکی ستایشکراو و پەسەندە. بۆیە دەبینین پەیامبەری خوا(ﷺ) حەزی دەکرد بەخواردنەوەی سارد و خۆش، حەڵواو هەنگوینی حەز پێ دەبوو، حەزی بەئەسپ بوو، خۆشویسترین بەرگێك بەلایەوە قەمیس بوو، حەزی بەکولەکە زەرد بوو، دیارە ئەو حەز و خۆشویستنە تەنگی بەخۆشویستنی خوای گەورە هەڵناچنێ، بەڵکو دەکرێ هیممەت و دڵ

---

١ – موسلیم(٢٣٨٤) گێڕاویەتییەوە لەعەمری کوڕی عاص.

٢ – ئەبو نوعەیم لە(الحلیة)(٤٤/٢) و ئەلموەفیق ئەلمەقدیسی لە(إثبات صفة العلو)(رقم٨٣) و زەهەبی لە(العلو)(ص٩٢) گێڕاویانەتەوە.

کۆبکاتەوە بۆ یەکلابوونەوە بۆ خۆشویستنی خوای گەورە، ئەوە خۆشویستنێکی سرووشتییە و شوێن نییەتی کەس و ئەنجامدەری دەکەوێ.

ئەگەر بەو خۆشویستنانە، نیازی بەهێزبوون بوو بۆ ئەنجامدانی خواپەرستی، ئەوە نزیکبوونەوەیە لەخوای گەورە، بەڵام ئەگەر بەحوکمی سرووشت و حەزی پەتی ئەنجامی بدات، ئەوە سزاو پاداشتی لەسەر وەرناگرێ ئەگەرچی بەو کارەی، ئەوەی لەدەستچووبێ کە پێیەوە لەخوا نزیك دەبێتەوە.

خۆشویستنی سوودبەخش سێ جۆرە: خۆشویستنی خوای گەورە، خۆشویستنێك لەبەر خوای گەورە، خۆشویستنێك یارمەتیدەرە بۆ خواپەرستی و دوورکەوتنەوە لەتاوان و سەرپێچی.

خۆشویستنی زیانبەخشیش سێ جۆرە: خۆشویستنی کەس و شتێ لەگەڵ خوا، خۆشویستنی شتێك کە مایەی تووڕەکردنی خوای گەورە بێ، خۆشویستنی شتێك کە خۆشویستنی خوا بپچڕێنێ یان کەمی بکاتەوە.

ئەوە شەش جۆر خۆشویستنە کە خۆشویستنی مەخلوقات لەسەری دەوەستێتەوە. خۆشویستنی خوای گەورە بنچینەی هەموو خۆشویستنە باش و پەسەند و ستایشکراوەکانە، بنچینەی ئیمان و یەکتاپەرستییە، دوو جۆرەکەی تر شوێن ئەو دەکەون.

خۆشویستنی شت و کەسێك لەگەڵ خوای گەورە، بناغەی هاوبەش پەیداکردن و خۆشویستنە ناپەسەند و سەرزەنشتکراوەکانە، دوو جۆرەکەی تریش شوێنی ئەو دەکەون.

خۆشویستنی وێنەی حەرام و عاشقبوون بەوێنەی حەرام، یەکێکە لەوانەی هاوبەش پەیداکردن دەهێننەدی و پێویستی دەکەن. هەرچکاتێ بەندە لەهاوبەش پەیداکردن

نزيك و لەيەكتادانان و دڵسۆزيى بۆ خواى گەورە بەدووربێ، لەئەنجامى ئەوەوەيە بەعيشقێكى تووندەوە وێنەيەكى خۆشدەوێ، هەرچكاتێكيش زۆر دڵسۆز بێ بۆ خواى گەورە و زۆر يەكتاپەرست بێ، لەئەنجامى ئەوەوەيە كە دووره لەعيشقى وێنە، هەز لەبەر ئەوە بوو ژنەكەى عەزيزى ميسر تووشى ئەو عيشقە هات، ئەو ئافرەتە بەهۆى هاوبەش پەيداكردنەوە تووشهات و يوسفى راستگۆش(سەلامى خواى لەسەربێ) بەهۆى دڵسۆزى و يەكتاپەرستييەوە رزگارى بوو، پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ كَذَٰلِكَ لِنَصۡرِفَ عَنۡهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلۡفَحۡشَآءَۚ إِنَّهُۥ مِنۡ عِبَادِنَا ٱلۡمُخۡلَصِينَ ٢٤ ﴾

يوسف: ٢٤، واتا: بۆ ئەوەى خراپە و داوێن پيسى لێ دوور بخەينەوە چونكە بەڕاستى ئەو(يوسف)لە بەندە پاك و هەڵبژاردەكانى ئێمەيە.

ٱلسُّوٓءَ: واتا: عيشق، وَٱلۡفَحۡشَآءَ، واتا:داوێنپيسى.

دڵسۆز و موخليس، كەسێكە دڵسۆزيى خۆى بۆ خواى گەورە يەكلايى كردووەتەوە، خواى گەورە رزگارى كردووە لەفيتنەى عيشقى وێنە، بەڵام كەسى هاوبەش پەيداكەر، دڵى پەيوەستە بەغەيرى خواى گەورەوە، يەكتاپەرستى و خۆشويستنى بۆ خواى گەورە يەكلا نەكردووەتەوە.

- **ئەوانەى بەوێنە تووشى فيتنە هاتوون:**

يەكێك لەبەهێزترين ئەو فێڵ و گاڵتەجاڕييانەى شەيتان بەسەر ئەوانەدا هاتووە كە بەوێنەكان تووشى فيتنە هاتوون: يەكێك لەو بەفيتنەچووانە وەهاى پيشان دەدات، لووسكەيەك يان ئەو ئافرەتێكى نامەحرەمى لەبەر خوا خۆشدەوێ نەك لەبەر خراپە و داوێنپيسى، فەرمانى برايەتى و خوشكايەتى بۆ بەجێدەگەيەنێ!

ئەمە لەڕەگەزی دۆست گرتنە، ئەوانەی کە خوای گەورە وریایی داوە مارە بکرێن و باسی کردووە کە داوێن پاك نین، خوای گەورە لەبارەی ئافرەتانەوە دەفەرموێت: ﴿ مُحْصَنَٰتٍ غَيْرَ مُسَٰفِحَٰتٍ وَلَا مُتَّخِذَٰتِ أَخْدَانٍ ﴾ النساء: ٢٥، واتا:ئەو کەنیزەکانە پاك داوێن بن، داوێن پیس(و زیناکاری بەئاشکرا) نەبن و دۆستیان نەبێ(بە نهێنی بۆ زینا کردن).

لەبارەی مافی پیاوانیشەوە ئەفەرموێ: ﴿ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَٰفِحِينَ وَلَا مُتَّخِذِيٓ أَخْدَانٍ ﴾ المائدة: ٥، واتا: دەبێ داوێن پاك بن داوێن پیس نەبن(بە ئاشکرا) و دۆستی ژێر بە ژێرتان نەبێ(بۆ داوێن پیسی).

بۆ خەڵکیی وەهای دەردەخەن کە ئەو وێنەیەیان لەبەر خوا خۆشدەوێ، ئەیشارنەوە کە ئەو جۆرە ئافرەتانەیان بەدۆست گرتووە بۆ خۆیان و بەکرداری داوێنپیسی یان ماچ یان بەتەماشاکردن و بینین و شتانی تر چێژیان لێ وەردەگرن، وەهای باوەڕ دەکەن ئەو کارە لەبەر خوایە و خواپەرستییە: بەڵام ئەوە ئەوپەڕی گومڕایی و خراپەکارییە، گۆڕینی ئایینە، ئەوەی کە خوای گەورە رقی لێیەتی، کردوویانەتە خۆشویستراو بۆی، ئەوەش جۆرێکە لەهاوبەش پەیداکردن.

ئەوەی لەجگە لەخوای گەورە بەخۆشەویست دانراوە، تاغوتە، باوەڕبوون بەوەی بەخۆشویستن و تەماشاکردن و نزیکبوونەوە لەخوا بەو کارە دێتەدی، ئەوە بێباوەڕی و هاوبەش پەیداکردنە، نمونەی خۆشویستنی بتپەرستانە بۆ بتەکانیان.

نەفامیی زۆرێك لەوانەی بەوە گەیاندووە باوەڕ بەوە بکەن، هاوکارییکردن لەسەر داوێنپیسی و خراپە، هاوکاریکردنە لەسەر خێر و چاکە، چاکەی لەگەڵ عاشقدا کردووە و شیاوی پاداشتە، هەوڵی چارەسەرکردنی دەردی داوە، ناخۆشی و نەهامەتیی لەسەر

هەڵگرتووە و وەك ئەوەیە((هەركەسێ ناخۆشییەكی دونیا لەسەر باوەڕداێ هەڵبگرێ، خوای گەورە لەڕۆژی قیامەتدا ناخۆشییەكی لەسەر هەڵدەگرێت))[1].

- **بەشەكانی خەڵكی لەوەدا:**

خەڵكیی لەو گومڕایی و ستەمەدا چوار بەشن:

- كۆمەڵێكیان باوەڕ دەكەن بەوەی، ئەو كارە لەبەر خوایە، ئەوە لەخەڵكی گشتی و ئەوانەدا زۆرە كە خۆیان داوەتە پاڵ هەژاری و تەسەوف.
- كۆمەڵێك لەناخەوە دەزانن ئەو كارە بۆ خوا نییە، بەڵام بۆ فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و پەردە دان بەسەر كارەكانیاندا، وەهای دەردەخەن بۆ خوای ئەنجام دەدەن!

ئەمانە لەڕوویەكەوە لەوانی تر نزیكترن بەلێخۆشبوون، چونكە ئەگەری تەوبەكردنیان لێ دەكرێت، بەڵام لەڕوویەكی ترەوە چەپەڵترن، چونكە دەزانن ئەو كارە حەرامە و ئەنجامی دەدەن، بەڵام كارەكە لەوانی تر شێواوە، هەروەك چۆن لەسەر زۆرێك خەڵكیی شێواوە كە گوێگرتن لەگۆرانی و مۆسیقا بەخواپەرستیی دەبینن و هەندێ دونیانەویست و خواپەرست تێیكەوتوون، ئاوەها لەسەر زۆرێك لەوانەش شێواوە كە زانست و ئیمانیان لاوازە، وەها دەزانن چێژ وەرگرتن بەعیشقی وێنە و بینین و تێكەڵیكردنی، خواپەرستییە!

بەشی سێیەم: مەبەستیان داوێنپیسییە كە فاحیشەی گەورەیە، جارێك لەگەڵ ئەو گومڕایانەن كە وەها باوەڕ دەكەن، ئەو خۆشویستنەی كە جووتبوونی تێدا نییە لەبەر خوایە و تاوانێكە و ئەڵێن: شتێك لەبەر خوای گەورە ئەنجام دەدەین، شتێكیش بۆ

---

١ – هەروەك موسلیم(٢٦٩٩) گێڕاویەتییەوە لەئەبو هورەیرەوە.

غەیری خوا ئەنجام دەدەین. بەڵام هەندێجار لەگەڵ خەڵکی جۆری دووەمن، ئەوانەی وەهای دەردەخەن ئەو کارە لەبەر خوا ئەنجام دەدەن و لەناخیشدا دەزانن راست نییە، درۆ و داوێنپیسی و خراپەکارییە پێکەوە کۆدەکەنەوە و بەو درۆیە جووتبوون ئەنجام دەدەن. ئەوەندە سەردانی ئافرەتەکە دەکەن بەناوی خوشکایەتی و برایەتییەوە و لەژێرەوەش تاوان ئەنجام دەدەن، هەتا خۆشەویستییەکی زۆریان لەنێواندا دروست دەبێ، خۆشەویستییەکی شەیتانی نەک ئیمانی، هەتا لەکۆتاییدا بەهاوسەرگیری و مارە کردن دەردەکەوێت و خەڵکیی ئەڵێن: فلانە کەس، فلانی مارە کرد، هەروەک چۆن خراپەکار و بێ رەوشتان گاڵتەجاڕیی بەئاییننی خوا دەکەن، خەڵکیی دان بەکارەکانیاندا دەنێن و پییانیش پێدەکەنن، ئەو جۆرە گاڵتەجاڕی و هاوسەرگیرییەیان پێ سەیر و سەمەرەیە، رەنگە هەندێ لەو زەندیق و خراپەکارانە بڵێن: لووسکە خۆشەویستی خوایە و ڕیژداریش دوژمنی خوایە! رەنگە زۆرێک لەلووسکەکانیش ئەو قسەیە بەڕاست بزانن و وەهای دابنێن کە ئەوە خۆشەویستیی خوایە بۆ ئەوان وەهای کردووە خەڵکیی سەر زەوی ئەوانیان خۆشبوێ، ئیتر بەوە سەرسام بێ و لەنێو خەڵکدا بەوە خۆی هەڵبکێشێ، سەرسام بێ پێی بووترێت: ئەوە دڵبەرە، شانسی ولاّتە، هەروەها سەرسام ئەبێ کاتێ ئەبینێ خەڵکیی لەسەر خۆشویستنی ئەو، غیرە لەیەک بکەن[1]!

گومان لەوەدا نییە بێباوەڕی و تاوان و خراپەکاری کۆمەڵە پلەیە، هەروەک ئیمان و کرداری چاکیش کۆمەڵێ پلەیە، خوای گەورەش ئەفەرموێت: ﴿ هُمۡ دَرَجَٰتٌ عِندَ

---

١ – بڕوانرێتە کتێبی(ذمّ اللواط)ی الدوري، هەروەها ئاجوریی، چاپی ریاز، بەلێکۆڵینەوەی برای بەڕێزمان خالد العنبري.

ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِمَا يَعۡمَلُونَ ﴿١٦٣﴾ ﴾ آل عمران: ١٦٣، واتا: چاکەکاران و خراپەکاران خاوەنی چەند پلەی جیاوازن لای خوا وە خوا بینایە بە ئەوەی کە دەیکەن.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَلِكُلّٖ دَرَجَٰتٞ مِّمَّا عَمِلُواْۚ وَمَا رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا يَعۡمَلُونَ ﴿١٣٢﴾ ﴾ الأنعام: ١٣٢، واتا: بۆ هەر یەکێک(لە جنۆکەو ئادەمی)چەند پلە و پایە هەیە لەبەرانبەر کردەوەکانی دا وە پەروەردگارت لەوەی کە دەیکەن بێ ئاگا نی یە.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ إِنَّمَا ٱلنَّسِيٓءُ زِيَادَةٞ فِي ٱلۡكُفۡرِۖ ﴾ التوبة: ٣٧، واتا: بەڕاستی دواخستن و گۆڕینی(مانگە حەرامەکان)پۆچوونە لە بێ باوەڕیدا.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَزَادَتۡهُمۡ إِيمَٰنٗا وَهُمۡ يَسۡتَبۡشِرُونَ ﴿١٢٤﴾ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ فَزَادَتۡهُمۡ رِجۡسًا إِلَىٰ رِجۡسِهِمۡ ﴾ التوبة: ١٢٤ - ١٢٥، واتا: جا ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە ئەمە ئیمانیان زیاد دەکات(و بەهێزتر دەبێ) وە ئەوان مژدە بەخشن و خۆش حاڵن. بەاڵم ئەوانەی لە نێو دڵیاندا نەخۆشی(ناپاکی) هەیە ئەوە سورەتەکە بۆیان زیاد دەکات سەرەڕای پیسی و ناپاکی خۆیان پیسی و ناپاکی تر.

هاوشێوەی ئەو نمونانە لەقورئاندا زۆرن.

یەکێک کەمترین تاوانی هەبێ لەنێو ئەوانەدا: کەسێکە ئەو کارە بکات و باوەڕی هەبێ کەحەرامە، کاتێ لەکاری خۆی بوویەوە بڵێ: أستغفر الله! وەک ئەوەیە تاوانەکەی نەکردبێ.

شەیتان یاریی بەزۆرێک لەمرۆڤەکان کردووە، هەروەک چۆن منداڵ یاریی بەتۆپ دەکات، لەهەموو قاڵبێکدا جۆرەها بێباوەڕی و تاوان و خراپەکاریی خستووەتە بەردەستیان.

بەتێکڕا، پلەکانی خراپەکاری و بێ ڕەوشتی هەمەجۆرە و یەک پلە نیین، ئەوەش بەپێی جۆری تاوان و خراپەکە، ئەوەی بەنهێنی دۆستێکی گرتووە لەژنان یان لەپیاوان، تاوان و شەڕێکی کەمترە لەوەی لەگەڵ هەموو کەسێکدا سەرقاڵە و پێی ئاساییە خەڵکیی بەتاوانەکەی بزانن، شەرمی لێ ناکات. ئەو کەسەی تاوانەکەی دەشارێتەوە، تاوان و شەڕێکی کەمترە لەوەی خەڵکیی لێ ئاگادار دەکاتەوە، ئەو کەسەی خەڵکیی تێدەگەیەنێ لەبەدڕەوشتی و تاوانی خۆی، لەلێخۆشبوونی خوای گەورە بەدوورە، هەروەک پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی:"كُلُّ أُمَّتِي معافى إلا المُجَاهِرِينَ، وَإِنَّ مِنَ المُجَاهَرَةِ أَنْ يَسْتُرَ اللهُ تعَالى عَلَيْهِ ثُمَّ يُصْبِحُ يَكْشِفُ سِتْرَ اللهِ عَنْهُ، يَقُولُ، يَا فُلَانَ، فَعَلْتُ الْبَارِحَةَ كَذَا وَكَذَا فَيَبِيتُ رَبُّهُ يَسْتُرُهُ، وَيُصْبِحُ يَكْشِفُ سِتْرَ اللهِ عَنْ نَفْسِهِ"[1]،واتا: هەموو کەسێکی ئوممەتەکەم سەرفراز و مایەی لێخۆشبوونن تەنیا ئەوانە نەبێ کە ئاشکرای دەکەن، کەسێك بەشەو تاوانێك ئەنجام دەدات خوای گەورە شەرمەزاری ناکت و کەس پێی نازانێ، کەچی لەبەیانییدا خۆی ئەو پەردەیەی خوای گەورە لەسەر خۆی لادەدات و ئەڵێ: فلانە کەس! دوێنێ شەو من ئەوە و ئەوەم کرد. خوای گەورە لەشەودا دایپۆشیووە، ئەو لەبەیانییدا پەردەی شەرم و داپۆشین لەسەر خۆی لادەدات.

- **فیتنەی عیشقی وێنە دژە بەیەکتاپەرستی:**

تووشبوون بەفیتنەی عیشقی وێنە، دژە بەوەی هەموو ئایین بۆ خوای گەورە بێ، مرۆڤ چەندە بەعیشقی وێنە تووش ببێ، ئەوەندەی لێ کەم دەبێتەوە لەباوەڕی

---

١ – بوخاری(١٠/٤٠٥) گێڕاویەتییەوە، موسلیمیش بەکورتکراوەیی گێڕاویەتییەوە(٢٩٩٠).

ئەوەی هەموو ئایین بۆ خوای گەورە بێ، رەنگە هەندێجار کەسەکە بەو دۆخە بگەیەنێ، هیچ شتێکی ئایینی خوای لا نەمێنێ، خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿ وَقَٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِ ۚ فَإِنِ ٱنتَهَوْا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٣٩﴾ ﴾ **الأنفال:** ٣٩، واتا: باوەڕداران جەنگ بکەن لەگەڵ بێ باوەڕاندا هەتا ئاژاوە(بێ باوەڕی و بت پەرستی)نامێنێت و ئایین و ملکەچی هەمووی بۆ خوا دەبێت جا ئەگەر کۆتایی یان هێنا ئەوە بەڕاستی خوا بە هەر کردەوەیەك کە (بێ باوەڕان) دەیکەن بینایە.

فیتنە لێرەدا بەهاوبەش پەیداکردن ڕاڤە کراوە، ئەو فیتنەیە و ئەوەی هەموو ئایین تەنیا بۆ خوای گەورە بێ، دژ بەیەکن.

بۆیە ئەوەی دڵەکان بەفیتنە تووشهاتوون، ئەو فیتنەیە یان هاوبەش پەیداکردنە یان یەکێکە لەهۆکارەکانی هاوبەش پەیداکردن، ڕەگەزێکە جۆرەها گومان و شەهوەتی لەژێرەوە پۆلێن دەکرێت.

فیتنەی ئەوانەی کەسانێك لەجیاتی الله دەکەنە خوا و پەنایان بۆ دەبەن، یەکێکە لەگەورەترین فیتنەکان. لەوانە فیتنەی گوێرەکە پەرستان، هەروەك خوای گەورە بەموسا فەرموویی: ﴿ قَالَ فَإِنَّا قَدْ فَتَنَّا قَوْمَكَ مِنۢ بَعْدِكَ ﴾ **طه:** ٨٥، واتا: خوای گەورە فەرموویی جا بەڕاستی ئێمە قەومەکەتمان تاقی کردەوە لەپاش(هاتنی)تۆ.

وشە و بێژەی فیتنە لەقورئاندا، مەبەست پێی ئەو تاقیکردنەوەیەیە کە جارێك ڕووی نەداوە و هەندێجاریش ئەوەیە کە ڕووی داوە.

نمونە بۆ یەکەم: خوای گەورە بەموسا(سەلامی خوای لەسەربێ) فەرموویی: ﴿ وَفَتَنَّٰكَ فُتُونًا ﴾ **طه:** ٤٠، واتا:دووچاری چەندەها تاقی کردنەوەمان کردی.

نمونەی دووەم: فەرمایشتی خوای گەورەیە کە دەفەرموویت:﴿ وَقَٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ﴾ **الأنفال: ٣٩**، واتا: باوەڕداران جەنگ بکەن لەگەڵ بێ باوەڕاندا هەتا ئاژاوە(بێ باوەڕی و بت پەرستی)نامێنێت.

هەروەها:﴿ أَلَا فِي ٱلْفِتْنَةِ سَقَطُوا۟ ﴾ **التوبة: ٤٩**، واتا:ئاگادارین(لە ئێستەوە) کەوتوونەتە ناو گوناە و خراپەوە.

هەندێجاریش بەهەردوو شت دەوترێت، وەك فەرمایشتی:﴿ الٓمٓ ۝١ أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتْرَكُوٓا۟ أَن يَقُولُوٓا۟ ءَامَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ ۝٢ وَلَقَدْ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۖ فَلَيَعْلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُوا۟ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱلْكَٰذِبِينَ ۝٣ ﴾ **العنكبوت: ١ - ٣**،واتا:بە(ئەلیف، لام، مەیم) دەخوێنرێتەوە. ئایا خەڵك وا دەزانن کە وازیان لێ دەهێنرێ ئەگەر بڵێن بڕوامان هێناوە ئیتر ئەوان تاقی ناکرێنەوە. سوێند بەخوا بێگومان کەسانی پێش ئەوانمان تاقی کردەوە(ئەمانیش تاقی دەکەینەوە)ئینجا بێکومان خوا ئەو کەسانەی ڕاستیان کرد دیاری دەکات درۆزنەکانیش دیاری دەکات واتە دەناسرێن.

هەروەها قسەی موسا(سەلامی خوای لەسەربێ):﴿ إِنْ هِىَ إِلَّا فِتْنَتُكَ تُضِلُّ بِهَا مَن تَشَآءُ وَتَهْدِى مَن تَشَآءُ ۖ ﴾ **الأعراف: ١٥٥**،واتا: تاقیکردنەوەی تۆ، کەسانێکی پێ گومڕا دەکەی کە تووشی دەبن و کەسانێکیش ڕێنمایی دەکەی و هیدایەت دەدەی کە لەو تاقیکردنەوەیە ڕزگاریان دەبێ.

فیتنە، گڕی دەرخستن و خۆشکردنی دڵان و سەنگی مەحەکی ئیمانە، بەوە ڕاستگۆ و درۆزن لەیەك جیادەبێتەوە، خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ وَلَقَدْ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۖ فَلَيَعْلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُوا۟ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱلْكَٰذِبِينَ ۝٣ ﴾ **العنكبوت: ٣**، واتا: سوێند بەخوا بێگومان کەسانی پێش ئەوانمان تاقی کردەوە(ئەمانیش تاقی دەکەینەوە)ئینجا

بێگومان خوا ئەو کەسانەی ڕاستیان کرد دیاری دەکات درۆزنەکانیش دیاری دەکات واتە دەناسرێن.

ئەوە فیتنەیە خەڵکیی دابەشکردووە بۆ ڕاستگۆ و درۆزن، باوەڕدار و دووڕوو، چاك و خراپ. هەرکەسێ لەبەرانبەر فیتنە خۆڕاگربێ، ئەوە بۆی دەبێتە بەزەیی و بەئارامگرتی خۆی لەفیتنەیەکی گەورەتر لەوەش ڕزگاری دەبێ، بەڵام ئەگەر کەسێ لەبەرانبەریدا خۆی ڕانەگرێ، ئەکەوێتە فیتنەیەکی گەورەتر لەوە.

فیتنە لەدونیا و ئاخیرەتدا هەیە و گومان لەوەدا نییە، هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ يَوْمَ هُمْ عَلَى ٱلنَّارِ يُفْتَنُونَ ﴿١٣﴾ ذُوقُواْ فِتْنَتَكُمْ هَٰذَا ٱلَّذِى كُنتُم بِهِۦ تَسْتَعْجِلُونَ ﴿١٤﴾ ﴾ **الذاريات:** ١٣ - ١٤، واتا: ڕۆژێك(سزا دەدرێن) کە ئەوان بە ئاگری دۆزەخ دەسوتێنرێن. پێیان دەووترێت سزاکەتان بچەژن ئەمە ئەو(سزایە)(بە گاڵتەوە)پەلەتان لێ دەکرد.

دۆزەخ فیتنەیە بۆ کەسێك لەبەردەم فیتنەی دونیا خۆی ڕانەگرتبێ، خوای گەورە لەبارەی درەختی زەقوومەوە فەرموویەتی:﴿ إِنَّا جَعَلْنَٰهَا فِتْنَةً لِّلظَّٰلِمِينَ ﴿٦٣﴾ ﴾ **الصافات:** ٦٣، واتا:بێگومان ئەو(دارە)مان کردە هۆی تاقی کردنەوەی ستەمکاران(کە لە دنیادا گاڵتەیان)پێ دەکرد.

ئیبن قوتەیبە ئەڵێ: درەختی زەقووم لەدۆزەخ ڕوواوە، جۆرێکە ئاگر نایسووتێنێ، هەروەها زنجیر و کۆت و بەند و مار و دووپشکەکانی دۆزەخیش ئاگر نایانسووتێنێ.

ئەو درەختە فیتنەیە بۆ دۆزەخییەکان لەدونیادا کە دۆزەخ بەدرۆ دەزانن، لەئاخیرەتیش بۆیان دەبێتە فیتنە کاتێك لێی دەخۆن.

خوای گەورە بەخۆی هەواڵی داوە کە ئەو نۆزدە فریشتەیەی کاروباری دۆزەخیان پێ سپێردراوە، فیتنەن بۆ بێباوەڕان، ئەبو جەهلی دوژمنی خوا وتی: ئاخۆ

موحەممەد بە نوێژەدە کەس دەتانترسێنێ لەکاتێکدا ئێوەش بەو ڕێژە زۆرییە لەنێو دۆزەخدان؟ هەر سەد کەسێکتان ناتوانێ دانەیەکیان لێ بگرێ و بتوانن لەدۆزەخ خۆتان دەربکەن؟ ئەبو ئەلئەسەد ئەڵێ[1]: ئەی کۆمەڵی قورەیش! ئەگەر ڕۆژی قیامەت هات، من لەپێش ئێوە بەسەر سیراتدا تێدەپەڕم، بەشانی ڕاستم پاڵ بەدە فریشتەوە دەنێم و بەشانی چەپیشم پاڵ بەو نۆ فریشتەیەی تڕەوە دەنێم، ئیتر بۆ خۆمان دەپەڕینەوە و دەچینە ناو بەهەشتەوە[2].

باسکردنی ئەو ژمارەیە، فیتنە بوو بۆ ئەوان لەدونیادا، لەقیامەتیشدا هەر بۆیان فیتنەیە.

مرۆڤی بێباوەڕ لەدونیادا بەکەسی باوەڕدار بەفیتنەدا دەچێ، هەروەک باوەڕداریش بەو بەفیتنەدا دەچێ، ئا لەبەر ئەوەیە باوەڕداران لەپەروەردگاریان دەپاڕێنەوە کە بۆ بێباوەڕان نەیانکاتە فیتنە، هەروەک یەکتاپەرستان وتوویانە: ﴿ رَبَّنَا عَلَيْكَ تَوَكَّلْنَا وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ ۝٤ رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ﴾ **الممتحنة: ٤ - ٥**، واتا: ئەی پەروەردگارمان تەنها پشتمان بە تۆ بەستووە وە هەر بۆ لای تۆ گەڕاوینەتەوە سەرئەنجامیش هەر بۆ لای تۆیە. ئەی پەروەردگار نەمان کەیت بە مایەی گومڕایی ئەوانەی بێ باوەڕ بوون.

هاوەڵانی موسا(سەلامی خوای لەسەربێ) وتیان: ﴿ رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ۝٨٥ ﴾ **یونس: ٨٥** واتا:ئەی پەروەردگارمان مەمانگێڕە بە جێگەی ئەشکەنجە بۆ گەلی ستەمکاران.

---

١ – وەک ئەوەی خوای گەورە ئەیگێڕێتەوە لەسورەتی المدثر ئایەتی٣٠–٣١، بڕوانە:(تفسیر ابن کثیر)(٦٩٥/٤) و (جامع البیان)(١٥٩/٢٩).

٢ – لە(الدر المنثور)(٣٣٢/٨):(أبو الأشدین)، والله أعلم.

موجاهید ئەڵێ: واتای ئەم ئایەتە ئەوەیە: بەدەستی ئەوان ئازارمان مەدە، هەروەها بەسزایەك لەلایەن خۆتەوە ئازارمان مەدە، چونکە ئەوکات ئەوان ئەڵێن: ئەگەر لەسەر حەق و راستیی بوونایە، ئەوەیان بەسەردا نەدەهات.

زەجاج ئەڵێ: واتا: بەسەر ئێمەدا زاڵیان مەکە، چونکە بەوە وەها گومان دەکەن لەسەر حەقن، بەوە بەفیتنەدا دەچن.

فەڕاء ئەڵێ: بێباوەڕمان بەسەردا زاڵ مەکە، چونکە وەها گومان دەبەن خۆیان لەسەر حەقن و ئێمەش لەسەر باتڵ.

موقاتیل ئەڵێ: رزق و ڕۆزیی لەئێمە مەگرەوە و بۆ ئەوانیشی فراوان بکەی، چونکە ئەوە بۆیان دەبێتە فیتنە.

خوای گەورە هەواڵی داوە بەوەی، هەردوولای بەیەکتر تووشی فیتنە و تاقیکردنەوە کردووە و ئەفەرمووێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لِّيَقُولُوٓاْ أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنۢ بَيْنِنَآۗ ﴾ **الأنعام: ٥٣**، واتا:بەو جۆرە هەندێکیانمان بە هەندێکی تریان تاقی کردەوە بۆ ئەوەی بڵێن ئایا ئەوانە خوا ڕێز و بەهرەی پێ بەخشیوون لە ناو ئێمەدا؟

بۆیە خوای گەورە فەرمووی: ﴿أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٥٣﴾﴾ **الأنعام: ٥٣** واتا:ئایا خوا لە هەموو کەس زاناتر نی یە بەوانەی شوکرانە بژێرن؟

مەبەست ئەوەیە، خوای گەورە شەهوەتبازانی بەوێنەی جوان تووشی فیتنە کردووە، بەوانی تووش کردوون، هەردوو جۆری بەیەکتر تووشی فیتنە کردووە، جا هەرکەسێ لەسەر ئەو فیتنەیە ئارام بگرێ، ئەوە ڕزگاری دەبێ لەفیتنەیەکی لەوە گەورەتر، هەرکەسێکیش بەو فیتنەیە گیرۆدە ببێ، ئەکەوێتە ناو فیتنەیەکی لەوە خراپترەوە. ئەگەر بەتەوبەیەکی ڕاستگۆیانە فریای خۆی کەوت، باشە، ئەگەرنا ڕێگەی تیاچوونی گرتووەتەبەر، لەبەر ئەوەیە پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی:«مَا تَرَكْتُ

بَعْدِي فِتْنَةً أَضَرَّ مِنَ النِّسَاءِ عَلَى الرِّجَالِ»[1]،واتا: لەدوای خۆم، فیتنەیەکم بەجێنەهێشتووە بەزیانتر بێ لەفیتنەی ئافرەتان بەسەر پیاوانەوە.

بەندە لەم دونیایەدا گیرۆدەیە بەشەهوەت و دەروونی فەرماندەر بەخراپە و شەیتان و ئەوەی دەیبینێ و لەوانەی ناتوانێ خۆی لەبەردەمیدا رابگرێت، هەموو ئەوانەش رێك و گونجاون لەگەڵ لاوازیی ئیمان و یەقین و لاوازیی دڵ و تاڵیی ئارامگرتن و چێژی خۆشییەکانی دونیا کە پەلە و خێران، هەروەها گونجاون بەحەزی دەروون بۆ گوڵی ژیانی دونیا، ئینجا دەروون دەبینێ پاداشتی ئاخیرەت دواخراوە بۆ دونیایەك کە ئەم دونیایەی ئەو نییە تیایدا لەدایکبووە و پێگەیشتووە، ئەرکی ئەوەی خراوەتەسەر دەستبەرداری شەهوەتی ئامادە و حازر بێ بۆ شتێکی نادیار کە داواڵێکراوە باوەڕی پێ هەبێ.

فَوَ اللهِ، لَوْلا اللهُ يُسْعِدُ عَبْدَهُ[تَوْفِيقِهِ وَاللهُ بِالْعَبْدِ أَرْحَمُ[
لمَا ثبَتَ الإِيمَانُ يَوْماً بِقَلْبِهِ[عَلَى هذِهِ العِلاَّتِ وَالأَمْرُ أَعْظَمُ[
وَلا طَاوَعَتْهُ النَّفْسُ فِي تَرْكِ شَهْوَةٍ[مَخَافَةَ نَارٍ جَمْرهَا يَتَضَرَّمُ[
وَلا خَافَ يَوْماً مِنْ مَقَامٍ إِلهِهِ[عَلَيْهِ بِحُكْمِ القِسْطِ إِذْ لَيْسَ يَظْلِمُ[

واتا: سوێند بە خوا(اللە)، ئەگەر خوا نەبێ کە بەخۆی بەندەی خۆی دڵخۆش دەکات و بەبەزەییترینە بەرانبەر بەندەی خۆی، ئەوە بۆ رۆژێك باوەڕ لەدڵی بەندەکەیدا سەقامگیر نەدەبوو لەسەر ئەو ئارەزووانەی کە هەیە، دەروون ملکەچی بەندە نە دەبوو بۆ دەستبەرداربوون لەشەهوەت و، ترسی دۆزەخ و گڕی ئاگری دۆزەخ نەیدەترساند، لەوەستان لەبەردەم خوای گەورە سڵی نەدەکردەوە.

---

١ – بوخاری(١١٨/٩) و موسلیم(٢٧٤٠) گێڕاویانەتەوە لەئوسامەی کوڕی زەیدەوە.

- **بەشەکانی فیتنە:**

فیتنە دوو جۆرە:

فیتنەی گومان(شوبهە): گەورەترینی هەردوو فیتنەکەیە.

فیتنەی شەهوەتەکان: هەندێجار هەردوو فیتنە بۆ بەندە کۆدەبنەوە، هەندێجار یەکێکیان تووشی دەبێت.

- **فیتنەی شوبهە و گومانەکان:**

فیتنەی گومانەکان، لەلاوازیی بەرچاوڕوونی و کەمیی زانستەوە دروست دەبێ، بەتایبەت ئەگەر نیاز خراپییشی بێتەپاڵ و هەواو ئارەزووش لەئارادا بێ، ئەوکات فیتنەکە زۆر گەورەتر و کارەساتەکەش زۆر گەورەتر ئەبێ. تۆش چیت دەوێ بیڵێ لەبارەی گومڕاییەکی نیاز خراپ کە هەواو ئارەزووی بەسەردا زاڵبێ نەک هیدایەت، لاوازیی بەرچاوڕوونیی هەبێ، کەمیی زانستیشی بچێتە پاڵ سەبارەت بەوەی خوای گەورە پێیەوە پەیامبەری خۆی رەوانە کردووە، ئەگەر مرۆڤێک وەهابوو، ئەوکات دەبێتە یەکێک لەوانەی کە خوای گەورە لەبارەیانەوە فەرموویەتی:﴿ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَمَا تَهۡوَى ٱلۡأَنفُسُۖ ﴾ النجم: ٢٣واتا: تەنها شوێنی گومان و ئەو شتە دەکەون کە نەفسی خۆیان حەزی لێ یەتی.

خوای پاک و بێگەرد هەواڵی داوە بەوەی، شوێنکەوتنی هەواو ئارەزوو، مرۆڤ لەڕێگەی خوای گەورە وێڵ و سەرگەردان دەکات، بۆیە فەرموویەتی:﴿ يَٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلۡنَٰكَ خَلِيفَةٗ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱحۡكُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ بِٱلۡحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلۡهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ لَهُمۡ عَذَابٞ شَدِيدُۢ بِمَا نَسُواْ يَوۡمَ ٱلۡحِسَابِ ٢٦ ﴾ ص واتا: ئەی داوود بێگومان ئێمە تۆمان کرد بەجێ نشین (پێغەمبەرانی پێش خۆت)

لەزەویدا کەوا بوو تۆش لەنێوان خەڵکدا بەڕاستی فەرمانڕەوایی بکە شوێن هەواو ئارەزووات مەکەوە با لە ڕێگای خوا لات نەدات بێگومان ئەوانەی لەڕێگای خوا لادەدەن و گومڕا دەبن سزای سەختیان بۆ هەیە چونکە ڕۆژی لێپرسینەوەیان لەبیر کردبوو.

سەرەنجامی ئەم فیتنەیە، کەوتن و خزانە رووەو بێباوەڕی و دووڕوویی، فیتنەی دووڕووان و بیدعەچییانە، ئەوەش بەپێی پلەی بیدعەکانیان. هەموویان لەفیتنەی گومانەکانەوە بیدعەیان داهێناوە، لەو گومانانەی کە تیایدا حەق و باتڵ و هیدایەت و گومڕاییان تیادا لێ تێکەڵ بووە.

هیچ شتێك مرۆڤ لەو فیتنەیە رزگار ناکات، تەنیا خۆ دامالێن و خۆ یەکلاکردنەوە نەبێ بۆ شوێنکەوتنی پەیامبەر(ﷺ)، بەبڕیاردەرکردنی لەوردترین و گەورەترین کاروبارێکی ئایین، لەدیار و ناخ و بیروباوەڕ و کردارەکان و حەقیقەت و شەریعەتەکانیدا، لەوەوە حەقیقەتەکانی ئیمان و شەریعەتەکانی ئیسلام و ئەو شتانە وەربگیردرێن کە بۆ خوای گەورەی سەلماندووە لەسیفات و کردار و ناوەکان و ئەوانەشی کە لێی نەرێی کردووە، هەروەك چۆن لای ئەوەوە واجیببوونی نوێژ و کاتەکان و ژمارەکانی نوێژ و پشکی زەکات و مافدارەکان بەپێدانی زەکات و هەموو ئەو شتانەی تر وەردەگرین کە واجیبێتی دەستنوێژ و غوسڵی لەشگرانی و ڕۆژووی ڕەمەزانیش بەشێك لەوانەیە. لەهەندێ کاروباری ئایینداً بەپەیامبەری نازانێ و لەهەندێ شتی تریشدا بەپەیامبەری ئەزانێ، بەڵکو پەیامبەرە لەهەموو ئەو شتانەی ئوممەت پێویستیان پێ هەیە لەزانست و کرداردا، هەموو شتێك لەوەوە وەردەگیردرێت، هەموو هیدایەت و ڕێنیشاندەرییەك بەگوفتار و کرداری ئەوەوە وەستاوەتەوە، هەر شتێك لەو دەربچێ گومڕاییە. رزگاری دەبێ ئەگەر دڵی بەوەوە

گرێ بدات و پشت لەغەیری ئەو بکات و هەموو شتێك بەپەیامی ئەو، کێشانە و پێوانە بکات، وەرگرتنی هەر کارێك کە گونجاوبێ بەپەیامەکەی و رەتکردنەوەی هەر کارێك لەبەر ئەوەی پێچەوانەیە بەپەیامەکەی با هەرکەسێك ئەوەی خستبێتە پێش چاوی، ئەوە ئەو شتەیە کە لەفیتنەی گومانەکان دەیپارێزێ، بەڵام ئەگەر ئەوەی لەدەست دا، ئەوە بەپێی لەدەستدانی شوێنکەوتنی بۆ پەیامبەر(ﷺ)، تووشی فیتنەی گومانەکان دەبێ.

ئەم فیتنەیە هەندێجار لەتێگەیشتنێکی خراپەوە سەرچاوە دەگرێت، هەندێجاریش لەگواستنەوەیەکی درۆینە، هەندێجاریش لەحەقێکی جێگیرەوە کە لای ئەو کەسە شاراوەیە و دەستی نەخستووە، هەندێجاریش لەنیازێکی خراپ و هەواو ئارەزوویەکی پەیڕەوکراوەوە سەرچاوە دەگرێت، لەبەرچاوپوون نەبوون و خراپیی لەئیرادەوەیە ئەوە دێتەدی.

- **فیتنەی شەهوەتەکان:**

هەرچی جۆری دووەمی فیتنەیە، بریتییە لەفیتنەی شەهوەتەکان:

خوای گەورە لەم فەرمایشتەیدا نێوان هەردوو فیتنەی کۆکردووەتەوە: ﴿ كَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ كَانُوٓاْ أَشَدَّ مِنكُمۡ قُوَّةٗ وَأَكۡثَرَ أَمۡوَٰلٗا وَأَوۡلَٰدٗا فَٱسۡتَمۡتَعُواْ بِخَلَٰقِهِمۡ فَٱسۡتَمۡتَعۡتُم بِخَلَٰقِكُمۡ كَمَا ٱسۡتَمۡتَعَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُم بِخَلَٰقِهِمۡ ﴾ **التوبة: ٦٩**، واتا: بەپشکی خۆیان لەدونیا و شەهوەت و ئارەزووەکانی دونیا چێژ وەربگرن، ئەوە پشکێکی ئەندازە کراوە، پاشان ئەفەرموویێ: ﴿ وَخُضۡتُمۡ كَٱلَّذِي خَاضُوٓاْ ﴾ **التوبة: ٦٩**، واتا: ئێوە رۆچوون لە بەتاڵدا بەوێنەی رۆچوونی ئەوان.

رۆچوونی باتڵ، واتا گومانەکان.

خـوای گـەورە لـەو ئایەتـەدا ئامـاژەی بـۆ ئـەو شـتە کـردووە کـە بەهۆیـەوە دڵ و ئایینەکان خراپ دەبن، لەگوێگرتن لەهەڵبەستن و ڕۆچوون لەباتڵ، چونکە خراپبـوونی ئایین یان بەهۆی باوەڕبوون بەباتڵ و گوفتاری باتڵەوە دروست دەبێ، یان بەکارکردن پێچەوانەی زانستی ڕاست.

بۆیە یەکەم: بیدعە و ئەوانەیە کە سەر بەبیدعەن.

دووەمیش: کرداری خراپەکانە.

یەکەم: خراپەکارییەک لەڕووی گومانەکانەوە، دووەمیش لەڕووی شەهوەتەکانەوە.

لەبەر ئەوە پێشین وتوویانە:((وریـای دوو چـین و تۆپـژی خـەڵک بـن: ئارەزووبازێـک هەواو ئارەزوو بەفیتنەیدا بردووبێ، دونیاویستێک دونیا کوێری کردبێ)).

وتوویانە:((وریابن لەفیتنەی زانـای خراپـەکار و پەرستشـکاری نـەزان، فیتنـەن بـۆ هەموو بەفیتنە تووشبوویەک)).

بناغەی هەموو فیتنەیەک، لەپێشخستنی بۆچـوون بەسـەر شـەرع و هـەواو ئـارەزوو بەسەر عەقڵدا دروست دەبێ.

یەکەم: بنچینەی فیتنەی گومانە.

دووەمیش: بنچینەی فیتنەی شەهوەتە.

فیتنـەی گومـان، یـەقین رادەمـاڵێ، فیتنـەی شـەهوەتیش خـۆگرتن و ئـارامگرتن رادەماڵێ، لەبەر ئەوەیە خوای گەورە داینـاوە،کە پێشەوایەتیکردن لەئاییندا دەبێ ئەو دوو شتەی تێدا هەبێ و فەرموویـەتی:﴿ وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا۟ وَكَانُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا يُوقِنُونَ ﴿٢٤﴾ ﴾ السجدة: ٢٤، واتا:لەناو ئەواندا پێشـەوایانێکمان دانـا ڕێنمووندەیی(خەڵک)یان دەکرد بە فەرمانی ئێمە کاتێ خۆیان گرت و بە ئایەتەکانی ئێمە دڵنیا بوون(باوەڕی پتەویان)هێنا.

بەڵگەی داوە بەوەی، بەئارامگرتن و یەقین، پێشەوایەتیکردن لەئایین دێتەدی.

هەروەها خوای گەورە ئەو دوو شتەی کۆکردووەتەوە کە فەرموویەتی: ﴿ وَتَوَاصَوْاْ بِٱلْحَقِّ وَتَوَاصَوْاْ بِٱلصَّبْرِ ۝٣ ﴾ العصر: ٢، واتا: مەگەر ئەوانەی کە بڕوایان هێنابێ و کردەوە چاکەکانیان کردبێ وە ئامۆژگاری یەکتریان کردبێ بە ئایینی راست وە ئامۆژگاری یەکتریان کردبێ بە ئارام گرتن.

ئامۆژگاریی یەکتریان کردووە بەدەستگرتن بەحەق و راستییەوە کە شوبهەو گومان لا دەبات، بەئارامگرتنیش کە شەهوەت و ئارەزووەکان دوورەخاتەوە.

هەروەها لەم فەرمایشتەشدا هەردووکی پێکەوە کۆکردووەتەوە: ﴿ وَٱذْكُرْ عِبَٰدَنَآ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ أُوْلِي ٱلْأَيْدِي وَٱلْأَبْصَٰرِ ۝٤٥ ﴾ ص: ٤٥، واتا: باسی بەندەکانی ئێمە بکە ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوب کە خاوەنی هێزو توانا و بینایی بوون.

(ٱلْأَيْدِي): هێز و عەزیمەتەکانە لەپێناو زاتی خوای گەورە.

(وَٱلْأَبْصَٰرِ): بەرچاوڕوونییە لەفەرمانی خوا.

دەستەواژەکانی پێشینیش لەسەر ئەوانە دەخولێتەوە[1].

ئیبن عەباس ئەڵێ: ((خاوەن هێزن لەخواپەرستی و شارەزا و خواناسن)).

ئەلکەلبی ئەڵێ: ((خاوەن هێزن لەخواپەرستی و بەرچاوڕوونن تیایدا)).

موجاهید ئەڵێ: ((الأيدي: خاوەن هێزن لەخواپەرستی و، (الأبصار) یش بەرچاوڕوونییە لەحەقدا)).

سەعیدی کوڕی جوبەیر ئەڵێ: ((الأيدي واتا: هێز لەکارکردن، (الأبصار) یش: بەرچاوڕوونییانە لەئاییندا خۆیاندا)).

---

١ - بڕوانە: (الدر المنثور)(٧/١٩٧-١٩٨).

بەکەمالّی عەقلّ و بینین، فیتنەی شەهوەت رادەمالّرێت، بەکەمالّی بەرچاوڕوونی و یەقینیش، فیتنەی گومان رادەمالّرێت. خوا گەورەش پشت و پەنایە.

- **هیدایەت و بەزەیی:**

ئەگەر بەندە لەفیتنەی گومان و شەهوەت رزگاری بوو، ئەوە دوو گەورەترین ئامانجی داوا لێکراو و پێویستی بۆ هاتووەتەدی، کە سەرفرازی و برانەوە و کەمالّی مرۆڤیان پێوە بەندە، ئەویش هیدایەت و بەزەییە.

خوای گەورە لەبارەی موسا و خزمەتکارەکەیەوە ئەفەرمووێ: ﴿ فَوَجَدَا عَبْدًا مِّنْ عِبَادِنَآ ءَاتَيْنَٰهُ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا وَعَلَّمْنَٰهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا ﴿٦٥﴾ ﴾ **الكهف:** ٦٥، واتا: جا بەندەیەک لەبەندەکانی ئێمەیان دی لەلایەن خۆمانەوە رەحمەتمان پێدابوو شارەزاشمانکردبوو لەزانیاری تایبەتی خۆمان.

خوای گەورە بەزەیی و زانستی بۆ کۆکردەوە، هاوشێوەی قسەی هاوەلانی ئەشکەوت: ﴿ إِذْ أَوَى ٱلْفِتْيَةُ إِلَى ٱلْكَهْفِ فَقَالُوا۟ رَبَّنَآ ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا رَشَدًا ﴿١٠﴾ ﴾ **الكهف:** ١٠، واتا:کاتێ کۆمەڵە گەنجێک پەنایان بردە بەر ئەشکەوتەکە وتیان ئەی پەروەردگارمان لەلایەن خۆتەوە پەحمەتێکمان پێ ببەخشە وە فەراهەم بێنە بۆمان لەم کارەی کەواین تیایدا ڕێ ی ڕاست و ڕزگاری.

فامیدەیی(الرشد)، زانین و زانستە بەو شتەی سوود دەبەخشێ و کار پێکردنە، الرشد و هیدایەت ئەگەر بەتەنیا هاتن، ئەوە یەکترێش لەخۆدەگرن، بەڵام ئەگەر بەیەکەوە هاتن، ئەوە هیدایەت واتا زانست بەحەق و (الرشد)یش واتا کارکردن بەو حەق و راستییە، وێڵی و شوێنکەوتنی ئارەزوو دژ بەو دووانەن.

فامیدەیی(الرشد)ی بەرانبەر کردووە بەزیان و خراپە، خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿ قُلْ إِنِّي لَآ أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا رَشَدًا ﴿٢١﴾ ﴾ **الجن: ٢١، واتا: بەڕاستی من نە زیان نە ڕێنمونی ئێوەم بەدەست نی یە.**

جنۆکە باوەڕدارەکانیش وتیان: ﴿ وَأَنَّا لَا نَدْرِيٓ أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَن فِي ٱلْأَرْضِ أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا ﴿١٠﴾ ﴾ **الجن: ١٠، واتا: بەڕاستی نازانین ئایا خراپی ویستراوە بۆ ئەوانەی کە لە سەر زەوین یا پەروەردگارت ڕێنموونیی ویستووە بۆیان.**

الرشد بەرانبەرە بەچەوت و وێڵی(الغيّ)، هەروەک لەفەرمایشتی خوای گەورەدا هاتووە: ﴿ وَإِن يَرَوْا۟ سَبِيلَ ٱلرُّشْدِ لَا يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا وَإِن يَرَوْا۟ سَبِيلَ ٱلْغَيِّ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا ﴾ **الأعراف: ١٤٦، واتا: ئەگەر ئایینی ڕاست و دروست ببینن نایکەن بە ڕێباز و ئایینی خۆیان وە ئەگەر ڕێگەی گومڕایی و ئایینی چەوت ببینن دەیکەن بە ئایین و ڕێباز بۆ خۆیان.**

دژ و بەرانبەریشە بەزیان و شەڕ و خراپە، چونکە وێڵ و سەرگەردانیی هۆکارێکە بۆ دروستبوونی خراپە و زیان و کەسەکە تووشی ئەو بەڵایە دەکات.

زیان و خراپە، ئامانج و بەرهەمی سەرگەردانییە، هەروەک بەزەیی و سەرفرازییش بەرهەم و ئامانجی هیدایەتە.

هەریەکەیان دژ بەیەکن، هیدایەت دژ بەگومڕاییە، وەک فەرمایشتی: ﴿ يُضِلُّ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِي مَن يَشَآءُ ﴾ **النحل: ٩٣، واتا: خوا هەر کەسێکی بوێ گومڕای دەکات هەر کەسێکیشی بوێ ڕێنموونی دەکات.**

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ إِن تَحْرِصْ عَلَىٰ هُدَىٰهُمْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِي مَن يُضِلُّ ﴾ **النحل: ٣٧، واتا: هەر چەند زۆر سووربی لەسەر ڕێنموونی ئەوانە(بێ سوودە)چونکە**

بەڕاستی خوا ڕێنموونی کەسێك ناکات کە (بیەوێ) گومڕای بکات هیچ پشتیوانێکیشیان نی یە.

نمونە بۆ ئەوە زۆرە.

دژە بەگومڕایی و سزا، وەك خوای گەورە دەفەرموویت:﴿ فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشۡقَىٰ ﴿١٢٣﴾ ﴾ طه: ١٢٣، واتا:ئەوەی شوێنی ڕێنموونی من بکەوێ ئەو(لە دنیادا) گومڕا نابێ و (لە ڕۆژی دواییدا)تووشی ناخۆشی و زەحمەت نابێ.

هیدایەتی بەرانبەر و دژ بەگومڕایی و بەدبەختیی داناوە.

خوای گەورە هیدایەت و سەرفرازی و هیدایەت و بەزەیی پێکەوە کۆکردووەتەوە، هەروەك نێوان گومڕایی و بەدبەختی و، گومڕایی و سزاشی کۆکردووەتەوە، وەك فەرموویەتی:﴿ إِنَّ ٱلۡمُجۡرِمِينَ فِي ضَلَٰلٖ وَسُعُرٖ ﴿٤٧﴾ ﴾ القمر: ٤٧، واتا: بەڕاستی تاوانبارەکان لە گومڕایی و شێتی دان.

گومڕایی دژە بەهیدایەت، (السُّعُرُ)یش واتا سزا: دژە بەبەزەیی.

خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ وَمَنۡ أَعۡرَضَ عَن ذِكۡرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةٗ ضَنكٗا وَنَحۡشُرُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ أَعۡمَىٰ ﴿١٢٤﴾ ﴾ طه: ١٢٤، واتا: هەر کەس ڕوو وەڕگێڕێ لە ڕێباز و یادی من ئەوە بێگومان ئەو کەسە گوزەرانێکی سەخت و تەنگی دەبێت لە گۆڕدا و لەڕۆژی دوایشدا حەشری دەکەین بە کوێری.

مەبەست: هەرکەسێ لەفیتنەی گومان و شەهوەتەکان ڕزگاری ببێ، ئەوە هیدایەت و بەزەیی و هیدایەت و سەرفرازیی بۆ کۆکراوەتەوە.

خوای گەورە بۆ هیدایەتدراوانی خۆی، هیدایەت و بەزەیی و سەلاواتی خۆی لەسەریان کۆکردووەتەوە، فەرموویەتی:﴿ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَيۡهِمۡ صَلَوَٰتٞ مِّن رَّبِّهِمۡ وَرَحۡمَةٞۖ

﴿ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُهْتَدُونَ ﴿١٥٧﴾ ﴾ البقرة: ١٥٧، واتا:ئا ئەوانە درووددوو بەزەیی بەسەر ئەواندا دەبارێ لە لایەن پەروەردگاریانەوە و ئەوانە ئەو کەسانەن هیدایەتیان وەرگرتووە.

عومەری کوڕی خەتاب(خوای لێ رازیی بێ) ئەڵێ: سەلاوات و بەزەیی خوا دوو باشترینی بەخشراوێکن بەموسڵمان، هیدایەتیش باشترین شتێکە خوای گەورە بیبەخشێتە باوەڕدار لەپاڵ ئەو دوو بەخشراوەی تردا)).[1]

بەهیدایەت، رزگاریان بووە لەگومڕایی، بەبەزەییش رزگاریان بووە لەبەدبەختی و سزا و ئەشکەنجە، بەسەلاواتدان لەدیاریان، گەیشتوونەتە پێگەی نزیکایەتی و کەرامەت، بەلام گومڕایان دڕ بەو سێ شتەیان دەستخستووە:

گومڕایی لەبەردەم رێگەی بەختەوەری.

کەوتنە ئازار و ئەشکەنجەوە کە دڕە بەبەزەیی.

سەرزەنشت و نەفرەت کە دڕە بەسەلاواتدان.

لەبەر ئەوەی پشکی بەزەیی هەر بەندەیەک بەندە بەپشکی هیدایەتەوە، ئەوە کاملترین باوەڕدارێک لەرووی ئیمانەوە، ئەوەیانە کە بەزەیی گەورەترە، هەروەک خوای گەورە لەبارەی هاوەلانی پەیامبەری خواوە(ﷺ) فەرموویەتی:﴿ مُّحَمَّدٞ رَّسُولُ ٱللَّهِۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلْكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ﴾ الفتح: ٢٩، واتا:موحەممەد(ﷺ) پێغەمبەری خوایە ئەو(باوەڕدار)انەش کە لەگەڵیدان بەرامبەر بێ باوەڕان توندو تیژن و لە نێوان خۆیاندا بە بەزەیین.

---

١ – بەغەوی لە(معالم التنزيل)(١٨٢/٢). حاکم و کەسانی تریش گێڕاویانەتەوە(٢٧٠/٢)، بڕوانە:(الدر المنثور)(٣٧٨/١).

ئەبو بەکری سدیق(خوای لێ رازیی بێ) بەبەزەییترین کەسی ئوممەت بوو، گێڕدراوەتەوە لەپەیامبەری خواوە(ﷺ) فەرموویەتی:"أَرْحَمُ أُمَّتِي بِأُمَّتِي أَبُو بَكْرٍ"،واتا:بەبەزەییترینی ئوممەتەکەم بەئوممەتی خۆم، ئەبو بەکرە. ترمیزی گێڕاویەتییەوە[1]، بەیەکدەنگیی هاوەلان، ئەبو بەکر زاناترینی نێو هاوەلان بووە، هەروەك ئەبو سەعیدی خودری(خوای لێ رازیی بێ) وتوویەتی:((ئەبو بەکر(خوای لێ رازیی بێ) زاناترینمان بوو بەپەیامبەری خوا(ﷺ))[2]. خوای گەورە زانست و بەزەیی بۆ کۆکردبووەوە.

هەر بەو شێوەیە، هەرچ کەسێ زانستی فراوان بوو، بەزەییشی بۆ زۆر و فراوان دەبێ. خوای گەورە بەبەزەیی و زانست هەموو شتێکی فراوان کردووەتەوە، بەزەیی ئەو هەموو شتێکی گرتووەتەوە، بەهەموو شتێکیش زانست و زانینی هەیە، لەدایك بەبەزەییترە بۆ کۆرپەکەی، بەڵکو لەخودی بەندە بەبەزەییترە بۆ بەندەکە خۆی، هەروەك لەبەندەکە زاناترە بەسوود و بەرژەوەندی ئەو بەندەیە. بەندەیە نەفامە بەسوود و بەرژەوەندی خۆی و ستەم لەخۆی دەکات کاتێك هەوڵ بۆ کارێك دەدات زیان بەخۆی دەدات و خۆی ئەشکەنجە دەدات، لەڕێز و پاداشتی خۆی کەم دەکاتەوە و خۆی لەنزیکایەتی خوای گەورە دوورەخاتەوە، وەها دەزانێ سوود بەخۆی دەگەیەنێ و خۆی ڕێزدار دەکات، ئەوەش ئەوپەڕی نەفامی و ستەمە. مرۆڤ ستەمکار و نەفامە، ئاخۆ چەندە مرۆڤ هەن بەحسابی خۆیان ڕێز و شکۆ بۆ خۆیان پەیدا دەکەن، کەچی ریسوایی و سەرشۆڕی بەسەر خۆیاندا دەهێنن[3]، وەها دەزانن دەرونی

---

١ – بەژمارە(٣٧٩٠). ئەحمەد(٣/١٨٤، ٢٨٠) و ئیبن ماجە(١/٥٥) و تەیالیسی(٢/١٤٠–بەڕێکخستنی خۆی) گێڕاویانەتەوە لەئەبی قیلابەوە ئەویش لەئەنەسەوە، سەنەدەکەشی سەحیحە.

٢ – بوخاری(٣٦٥٤) و موسلیم(٢٣٨٢) لێیەوە گێڕاویانەتەوە.

٣ – با بیدعەچی و گومڕا و لادەران لەم قسەیە رابمێنن.

خۆیان دەحەسێننەوە، کەچی ماندووی دەکەن، بۆ هەندێ چێژ و خۆشی، تەواوی چێژ و خۆشییەکانی لەدەست دەدەن، زانینیان نییە بەبەرژەوەندییەکانی خۆیان و کردەی دوژمنکارانە بەرانبەر بەخۆیان دەکەن، شانسی خۆیان لەدەست دەدەن و مافی خۆیان دەفەوتێنن، بەچێژێکی هەڵوەریو و شێوێنراو کە وەک خەوێکی پڕووپووچە، نیعمەتێکی هەمیشەیی و بەردەوامی ئاخیرەت دەدۆڕێنن!

بۆیە ئەمە شتێکی سەیر نییە، ئەو کەسە پشکی هیدایەت و بەزەیی لەدەست داوە بۆیە بەو حاڵەتە گەیشتووە، ئەگەر هیدایەت و بەزەیی بۆ هەبوایە وەها نەدەبوو، بەڵام خوای گەورە خۆی زاناترە بەوەی چی شوێن و دڵێک شایستەیە بەهیدایەت و بەزەیی، هەروەک لەبارەی (خضر)ی بەندەی خۆیەوە فەرموویەتی: ﴿ فَوَجَدَا عَبْدًا مِّنْ عِبَادِنَآ ءَاتَيْنَٰهُ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا وَعَلَّمْنَٰهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا ﴿٦٥﴾ ﴾ **الكهف:** ٦٥، واتا: جا بەندەیەک لەبەندەکانی ئێمەیان دی لەلایەن خۆمانەوە رەحمەتمان پێدابوو شارەزاشمانکردبوو لەزانیاری تایبەتی خۆمان.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿ رَبَّنَآ ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا رَشَدًا ﴿١٠﴾ ﴾ **الكهف:** ١٠، واتا: کاتێ کۆمەڵە گەنجێك پەنایان بردە بەر ئەشکەوتەکە وتیان ئەی پەروەردگارمان لەلایەن خۆتەوە ڕەحمەتێکمان پێ ببەخشە وە فەراهەم بێنە بۆمان لەم کارەی کەواین تیایدا ڕێ ی ڕاست و ڕزگاری.

- **ڕەحمەت و بەزەیی راستەقینە:**

ئەوەی پێویستە بزانرێت ئەوەیە، بەزەیی سیفەتێکە وەها دەخوازێ و پێویست دەکات سوود و بەرژەوەندییەکان بەبەندە بگەینرێت با خودی بەندەکەش ڕقی لێ بێتەوە و بەسەریەوە قورس و گران بێت، ئا ئەوە بەزەیی راستەقینەیە. بۆیە

بەبەزەییترین کەسێك بە تۆ، ئەوەیە کە فشارت لێ دەکات تاوەکو بەرژەوەندییەکانت پێ بگەیەنێ و زیانت لەسەر لابدات.

نمونەی بەزەیی باوك بۆ منداڵی ئەوەیە: لەتەمبێکردنی بەزانست و کارکردن منداڵەکەی سەغڵەت بکات، سەختە بۆ منداڵەکە بەو هۆیەوە لێدان و شتی تری بەرانبەر بکرێت، جا ئەگەر باوکەکە دەستبەرداری رێوشوێنی پێویست بوو بۆ پێگەیاندنی منداڵەکەی، بەهۆی کەمی بەزەیی ئەو باوکە بۆ منداڵەکەی ئەو دەستبەرداربوونە دروست دەبێ، با وەهاش گومان بکات کە بەهۆی بەزەییەوە دەستبەرداری فشار کردن بووە لەبەرانبەر منداڵەکەی، ئەو بەزەییەی کە ئەو ئەنجامی داوە، نەفامیی لەگەڵدا بووە نمونەی بەزەیی دایك.

بۆیە یەکێك لەتەواوترین بەزەییەکانی خوای گەورە کە بەبەزەییترینی نێو بەبەزەییانە: ئەوەیە جۆرەها بەڵا بەسەر بەندەدا زاڵ دەکات، چونکە ئاگادار و زانایە بەبەرژەوەندی بەندەی خۆی، ئەوەی تاقیدەکاتەوە و رێگری دەکات لەزۆرێك نیاز و ئارەزووی، بەهۆی بەزەیی خۆیەتی بەو بەندەیە، بەڵام بەندە بەهۆی نەفامی و ستەمی خۆیەوە، لەو تاقیکردنەوەیەدا خوای گەورە تۆمەتبار دەکات، نازانێ ئەوە خوای گەورەیە بەو تاقیکردنەوەیە چاکەی بەرانبەر کردووە. ئەوە لەتەواوی بەزەیی خوایە بەرانبەر بەو بەندەیە نەك بەهۆی چرووکییەوە. چۆن خوای گەورە چرووکیی دەکات لەکاتێکدا بەخشندە و بەخشەرە، تەواوی بەخشندەییەکان هی خۆیەتی، بەخشندەیی ئەو بەرانبەر تەواوی مەخلوقاتی، کەمترە لەتۆزقاڵێکی تەواوی چیاو و خۆڵ و لمی دونیا.

نمونەی بەزەیی خوای گەورە بەرانبەر بەندەکانی: تاقیکردنەوەی ئەوانە بەفەرمان و نەهییەکانی، ئەوەش بەزەیی و پاراستنە، خوای گەورە لەوەی فەرمانی داوە

ئەنجامی بدەن، هیچ پێویستییەکی نییە، دەوڵەمەند و خاوەن ستایشە، لەوەی نەهی لێکردوون بەهۆی چرووکی و گرتنەوەوە نییە، چونکە خوای گەورە دەوڵەمەند و بەخشندەیە.

نمونەی بەزەیی خوای گەورە: دونیای لای مرۆڤەکان سووک کردووەو گران و نارەحەتی کردووە تاوەکو دڵی پێ نەسپێرن، حەز بکەن بەنیعمەتی هەمیشەیی لەبەهەشتی ئەو و لەپاڵ خۆیدا بن، بۆیە بەقامچیی تاقیکردنەوەو بەڵا ئەوانی دوورخستووەتەوە لەدونیا، رێگریکردوون لەحەرامەکان تاوەکو لەبەهەشتیان پێ بدات، تاقیکردوونەتەوە تاوەکو سەرسەڵامەتیان بکات، ئەیانمرێنێ تاوەکو زیندوویان بکاتەوە.

لەنمونەی بەزەیی خوای گەورە: بەخۆی وریای کردوونەتەوە تاوەکو پێی لەخۆبایی نەبن و جوان و شایستە مامەڵەی نەکەن، هەروەك فەرموویەتی:﴿ وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفْسَهُۥ ۗ وَٱللَّهُ رَءُوفٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٣٠﴾ ﴾ آل عمران: ٣٠، واتا: خوا دەتان ترسێنێ لە سزای خۆی وە خوا میهرەبانە بە بەندەکانی خۆی.

- **هیدایەتی رێگەی راست:**

لەبەر ئەوەی تەواوی نیعمەتی سەر بەندە، بەهیدایەت و بەزەییەوە دێتەدی، گومڕایی و غەزەب و تووڕەییش دژ بەو دووانەن، ئەوە خوای گەورە لەهەموو شەو و رۆژێکدا فەرمانی پێکردووین داوای لێبکەین، رێگەی ئەوانەمان پیشان بدات کە نیعمەتی خۆی بەسەریاندا رژاندووە، ئەوانەی هیدایەت دراو و خاوەن بەزەیین، هەروەها دوورمان بخاتەوە لەڕێگەی ئەوانەی لێیان تووڕەیە، ئەوانەی دژ بەوانەن کە بەزەییان بەرانبەر نوێندراوە، هەروەها بەدوورمان بگرێ لەڕێگەی وێڵ و سەرگەردانان، ئەوانەی دژی رێنیشاندراوانن، بۆیە لەبەر ئەوە، ئەو پارانەوەیە کۆی هەموو

پاڕانـــەوەکان و باشـــترین و بـــەجێهێنراوترینی نێـــو پاڕانەوەکانـــە. ســـەرفرازی و بەختەوەرییش بەخوای گەورەیە.

- **تاقیکردنەوەی باوەڕدار:**

تەواوی قسەکردن لەم شوێنە گەورەیە، لەچەند بنچینەیەکی بەسوودو کۆکـەرەوەدا روون دەبێتەوە:

یەکەم: ئەو شـەڕ و تاقیکردنـەوە و ئـازارەی تووشـی بـاوەڕدار دەبـێ و نایەتـەڕێی بێباوەڕان، واقیعیش بۆ ئەوە شایەتە، هەروەها ئەوانەی لەم دونیایەدا زۆرجار تووشی چاکەکاران دەبن و تووشی خراپەکاران و ستەمکاران نایەن.

بنچینەی دووەم: ئەوانەی لەبەر خوای گەورە تووشی باوەڕداران دێن، رازیبـوون و پاداشتی خواییان لەسەر هەیە، ئەگەر رازیبوونیشیان لەدەست بچێ، ئەوە ئـارامگرتن و چاوەڕوانیکردنی پاداشتی خواییان لەدڵدا هەیـە، بـەوە سـەختی و ناڕەحـەتی ئـەو تاقیکردنەوەیەیان لەسەر سووک دەبێ، هەرچکاتێ پاداشتی ئەو کارە ببینن، هەڵگرتن و چوونە ژێر باری ناڕەحەتی و سەختییان لەسەر سووک دەبێت، بـەڵام بێبـاوەڕان نـە رازیبوونیـان هەیـە نـە چـاوەڕوانیکردنی پاداشـت لـەخوای گـەورە، ئەگـەر لەبـەردەم نەهامەتی و بەڵاشدا ئارام بگرن، ناچـارانە وەك ئـارامگرتنی ئازەڵانیـان ئـەبێ، خـوای گەورە لەوەدا وریایی داوە و فەرموویـەتی:﴿ وَلَا تَهِنُوا۟ فِى ٱبْتِغَآءِ ٱلْقَوْمِ ۖ إِن تَكُونُوا۟ تَأْلَمُونَ فَإِنَّهُمْ يَأْلَمُونَ كَمَا تَأْلَمُونَ ۖ وَتَرْجُونَ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا يَرْجُونَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١٠٤﴾ ﴾ النساء: ١٠٤، واتا: سست مەبن لە بەدوا گەڕانی دوژمنانتانداا(یان لە بەدوا گەڕانی ئەو قەومە کافرانەدا)ئەگەر ئێوە ئێش و ئازارتان پێ بگـات بێگومـان ئەوانیش ئێش و ئازاریان پێ دەگات وەك چۆن ئێوە ئێش و ئازارتـان پـێ دەگـات وە

ئێوە ئومێد دەکەن لە خوا ئەوەی ئەوان ئومێدی ناکەن(کە پاداشت و سەرکەوتنە)وە بەڕاستی خوا هەمیشە زانای کار دروستە.

بێباوەڕان لەئازار و ناڕەحەتییدا لەگەڵ باوەڕداراندا لەتاقیکردنەوە و نەهامەتییداً هاوبەشن، بەڵام باوەڕداران لەوەدا تایبەتن کە ئومێدی پاداشت و نزیکبوونەوەیان لەخوای گەورە هەیە.

بنچینەی سێیەم: باوەڕدار ئەگەر لەبەر خوای گەورە ئازاری پێ بگات، بەئەندازەی خواپەرستی و دڵسۆزی و بوونی حەقیقەتەکانی ئیمان لەدڵیدا، ئەتوانێ بچێتە ژێر باری ئەو ئازارەوە، بەجۆرێ ئەگەر بۆ غەیری خوا بووایە، نەیدەتوانی بچێتە ژێر باری. خوای گەورەش قورسایی و سەختی ئەو بەڵایەی لەسەر سووک دەکات.

بنچینەی چوارەم: هەرکاتێ خۆشویستن لەدڵدا جێگیر بوو، بەتوانا بوو، ئەوکات کەسی خۆشەویست لای خۆشویستراوی شانازیی دەکات بەو ئازارەی لەپێناو ئەودا تووشی هاتووە، ئەمە بۆ خۆشویستراوێکی دونیا، ئەی چی بۆ خۆشویستنی خۆشەوستی بالاً کە تاقیکردنەوە و بەڵای بۆ بەندەی خۆشەویستی، بەزەیی و چاکەیەکە لەلایەن خۆیەوە بۆ ئەو بەندەیە؟!

بنچینەی پێنجەم: ئەوەی زۆرجار شکۆمەندی و سەرکەوتن و ناوبانگیی بۆ مرۆڤی بێباوەڕ و خراپەکار دێتەپێش و بۆ باوەڕدار نایەتەپێش، لەناخدا سەرشۆڕی و دۆڕان و ریسواییە، ئەگەرچی لەڕواڵەتدا شتێکی تڕە.

بنچینەی شەشەم: تاقیکردنەوەی مرۆڤی باوەڕدار وەک دەوا و دەرمانە بۆ ئەو باوەڕدارە، ئەو دەرد و نەخۆشییانەی تێدا دەردەچێت کە ئەگەر لەجەستەیدا بمێننەوە بەهیلاکیدا دەبەن یان لەپاداشتی کەم دەکاتەوە و لەپلەی نزم دەکاتەوە،

ئــەو تاقیکردنەوەیــە، ئــەو نەخۆشــی و تاقیکردنەوەیە،ئــەو دەرد و نەخۆشــیانەی لەجەستە دەردەکات و ئامادەی دەکات بۆ پاداشتی تەواو و پێگەی بەرز.

روونە کە بوونی ئەو تاقیکردنەوەیە بـۆ بـاوەڕدار، باشـتر و چـاکترە لـەوەی بـوونی نەبێ، هەروەك پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی:"وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَا يَقْضِي اللَّهُ لِلْمُؤْمِنِ قَضَاءً إِلَّا كَانَ خَيْرًا لَهُ، وَلَيْسَ ذَلِكَ لِأَحَدٍ إِلَّا لِلْمُؤْمِنِ، إِنْ أَصَابَتْهُ سَرَّاءُ شَكَرَ، فَكَانَ خَيْرًا لَهُ، وَإِنْ أَصَابَتْهُ ضَرَّاءُ صَبَرَ، فَكَانَ خَيْرًا لَهُ"[1]،واتـا: سـوێند بـەو کەسـەی گیانی منی بەدەستە، خوای گەورە هەر قەزایەك بەسەر مرۆڤی باوەڕداردا بهێنێ، خێر و چـاکەیە بـۆ ئـەو بـاوەڕدارە، ئـەوەش تـەنیا بـۆ مرۆڤـی بـاوەڕدار هەیـە، ئەگـەر خۆشـییەکی بێتـەڕێ و سوپاسـگوزاربێ، بـۆی دەبێتـە خێـر و خۆشـی، ئەگـەر ناخۆشییەکیشی هاتەڕێ و ئارامی گرت، بۆیە دەبێتە خێر و چاکە.

ئـەم تاقیکردنـەوە و بـەلاّ بەسـەرداهێنانە لەتـەواوی سـەرکەوتن و شـکۆمەندی و سەرفرازیی ئەوە، ئا لەبەر ئەوەیە سەختترین بەلاّیەك بەسەر خەلّکییدا هاتبێ، بەسەر پەیامبەراندا هاتووە، پاشان کەسانی نـزیکتر و نـزیکتر، مـرۆڤ بـەپێی ئاییندارییەکـەی تاقیدەکرێتەوە، ئاییندارییەکی بەهێز و تۆکمەی هەبوو، تاقیکردنەوەکەشی بەسەرەوە سەختتر دەبێتـەوە، ئەگـەر نەرمییـەك لەئاییندارییەکەیـدا هـەبوو، تاقیکردنەوەیـەکی کەمتر دەبێت، بەلاّ و ناخۆشی بەسەر مرۆڤی باوەڕدارەوە بەردەوام دەبن هەتا ئەوەی بەسەر زەوییدا ڕێ دەکات و تاوانی بەسەرەوە نییە)).[2]

---

١ – موسلیم(٢٩٩٩) گێڕاویەتییەوە لەسوهەیبەوە.

٢ – هـەروەك بەسـەحیح لەپەیامبـەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هـاتووە، بڕوانـە تـەخریجکردنی ئـەو فەرموودەیە لەکتێبەکەمدا(الدعوة إلى الله)(ص٣٣).

بنچینەی حەوتەم: ئەوەی لەم دونیایەدا تووشی مرۆڤی باوەڕدار دەبێت لەسزا و ناخۆشیی دوژمن بۆی و سەرکەوتنی دوژمن بەسەریەوە و ئازاردانی لەهەندێ رووەوە: کارێکی پێویستە و دەبێ رووبدات، وەك گەرمای سەخت و سەرمای سەخت و نەخۆشییەکان و خەم و خەفەتەکانە،کە کارێکی پێویستی سرووشت و پێگەیشتنی مرۆڤن لەم دونیایەدا، تەنانەت بۆ منداڵ و ئاژەڵیش ئەو شتانە پێویستن، وەك ئەوەی حیکمەتی خوای گەورە وەهای پێویست کردووە.

ئەگەر لەم جیهانەدا خێر و خۆشی و سوود و زیان لەشەڕ و ناخۆشیی و چێژ و ئازار لەیەك جیابکرابایەتنەوە، ئەوە ئەم جیهانە شتێکی تر دەبوو، بەجۆرێکی تریش پێدەگەیشت، ئەو حیکمەتە لەدەست دەچوو کە بەهۆیەوە خێر و شەڕ و ئازار و چێژ و سوود و زیان ئاوێتە و تێکەڵ بووە، ئەوە لەجیهانێکی تردا لەیەك جیادەکرێنەوە کە ئەم دونیایە نییە، هەروەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ لِيَمِيزَ ٱللَّهُ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ وَيَجْعَلَ ٱلْخَبِيثَ بَعْضَهُۥ عَلَىٰ بَعْضٍ فَيَرْكُمَهُۥ جَمِيعًا فَيَجْعَلَهُۥ فِى جَهَنَّمَ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿٣٧﴾ ﴾ **الأنفال: ٣٧**، واتا: بۆ ئەوەی خوا دەستەی ناپاك لە دەستەی پاك جیا بکاتەوە و ناپاکەکانیش لە سەر یەك هەڵچنێت ئەنجا هەمووی پێکەوە کۆ بکاتەوە و بیخاتە دۆزەخەوە هەر ئەوانە زیانبار و خەسارۆمەندی تەواون.

بنچینەی هەشتەم: تاقیکردنەوەی باوەڕداران بەزاڵکردنی دوژمنان بەسەریاندا و سەرکوتکردن و شکانیان، هەندێجار حیکمەتێکی گەورەی تێدایە کە تەنیا خوای گەورە وردو درشتی دەزانێ.

لەوانە: تاککردنەوەی بەندایەتی و کزۆڵییان بۆ خوای گەورە و هەژارییان بۆ خوای گەورە و پاڕانەوەیان بۆ ئەوەی سەرکەوتنیان پێ بدات بەسەر دوژمنانیاندا. ئەگەر هەمیشە سەرکەوتوو و زاڵبوونایە، ئەوە لەخۆبایی دەبوون و خراپیان دەکرد، ئەگەر

هەمیشەش دوژمن بەسەریاندا زاڵ ببوایە، ئەوە کەسێك نەدەبوو ئەم ئایینە راپەڕێنێت و حەق و راستییش دەوڵەتێکی نەدەبوو.

حیکمەتی خوای گەورە وەهای پێویست کردووە هەندێجار سەرکەوتووبن و هەندێجاریش دۆڕاو، کە دۆڕاو بن، ئەوە پەنا دەبەنەبەر خوای گەورە و تەوبە و پەشیمانیی دەکەن و ملکەچی خوای گەورە دەبن، ئەگەر سەرکەوتوویش بن، ئەوە ئایینی بۆ رادەپەڕێنن و فەرمان ئەدەن بەچاکە و ڕێگری دەکەن لەخراپە و جیهادی دوژمنانی خوا دەکەن و دۆستانی خوا سەردەخەن.

لەوانە: ئەوان ئەگەر هەمیشە سەرکەوتوو و زاڵبن، ئەوە کەسانێکیان تێکەڵ دەبوو کە نیازیان ئایین و شوێنکەوتنی پەیامبەر(ﷺ) نەدەبوو، بەڵکو هەر لەبەر ئەوەی زاڵ و سەرکەوتوون، دەچوونە پاڵ باوەڕداران، جا ئەگەر باوەڕداران هەمیشە دۆڕاو بوونایە، ئەوە کەس لەگەڵیاندا نەدەبوو.

بۆیە حیکمەتی خوای گەورە ئەوەی پێویست کردووە، هەندێجار خاوەن هێزو دەسەڵات بن و هەندێجاریش بێ هێز و دەسەڵات، تاوەکو بەوە ڕوونبێتەوە کێ خوا و پەیامبەری دەوێ و کێیش دونیا و ناوبانگیی دەوێت.

لەوانە: خوای گەورە حەز دەکات بەندایەتی بەندەکانی لەخۆشی و ناخۆشی و لەشساغی و بەلاّ و سەربەرزی و دۆڕاندا کامڵ بکات. لەهەردوو حاڵەتەدا بەپێی پێویستی ئەو دۆخە، بەندایەتی بۆ خوای گەورە هەیە و تەنیا لەو حاڵەتەدا دێتەدی و دڵ بەوە رادەوەستێ، هەروەك چۆن جەستە بەسەرما و گەرما و برسێتی و تێری و ماندوویەتی و دژەکانی رادەوەستێ، بۆیە ئەو کۆست و بەلاّ و ناخۆشییانە مەرجن لەهاتنەدی کەمالّی مرۆیی و سەقامگیریی پێویست، ئەستەمە بێ ئەوە، کەمالّ و سەقامگیریی بێتەدی.

لەوانە: تاقیکردنەوەیان بەزاڵکردنی دوژمن بەسەریاندا، پاك و پوختکردنەوەیانە، هەروەك خوای گەورە لەبارەی حیکمەتی سەرخستنی بێباوەڕان بەسەر باوەڕداران لەڕۆژی ئوحوددا فەرموویەتی:

﴿ وَلَا تَهِنُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٣٩﴾ إِن يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ ٱلْقَوْمَ قَرْحٌ مِّثْلُهُۥ ۚ وَتِلْكَ ٱلْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ ٱلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَآءَ ۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٤٠﴾ وَلِيُمَحِّصَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَيَمْحَقَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿١٤١﴾ أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ وَلَمَّا يَعْلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَٰهَدُوا۟ مِنكُمْ وَيَعْلَمَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٤٢﴾ وَلَقَدْ كُنتُمْ تَمَنَّوْنَ ٱلْمَوْتَ مِن قَبْلِ أَن تَلْقَوْهُ فَقَدْ رَأَيْتُمُوهُ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ ﴿١٤٣﴾ وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ ٱلرُّسُلُ ۚ أَفَإِي۟ن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ ٱنقَلَبْتُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَٰبِكُمْ ۚ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ ٱللَّهَ شَيْـًٔا ۗ وَسَيَجْزِى ٱللَّهُ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿١٤٤﴾ ﴾ آل عمران: ١٣٩ – ١٤٤.

واتا: سست و دڵ لاواز مەبن وە غەمبار مەبن هەر ئێوە بەرزو بڵندترن ئەگەر برِوادار بن. ئەگەر ئێوە(لە ئوحوددا)زام و برِینتان تووش بووە ئەوە بێگومان ئەو هۆزە(لە بەدردا)زام و برینیان تووش بووە بە وێنەی زامی ئێوە ئەو چەرخ و ڕۆژانەی(زاڵبوون و سەرکەوتنانە) دەیگێڕین لە ناو خەڵکیدا لەبەر ئەوەی(لە دنیادا)خوا دەری بخات ئەوانەی برِوایان هێناوە و لە ناو ئێوەدا هەڵبژێرێت چەند کەسێك بە شەهید وە خوا ستەم کارانی خۆش ناوێ وە تا خوا (لە تاوان)پاك بکاتەوە ئەوانەی کە برِوادارن وەبێ باوەڕان بنەبڕ بکات. ئایا ئێوە وا گومانتان دەبرد کە دەچنە بەهەشت لە کاتێکدا هێشتا خوا دەری نەخستووە ئەوانەی تێ دەکۆشن لە ئێوە و هێشتا دەری نەخستووە خۆڕاگران. سوێند بێ بێگومان ئێوە ئاواتی(شەهیدی و)مردنتان ئەخواست لەپێش ئەوەی پێ ی بگەن بەخوا بەڕاستی مردنتان بینی لە کاتێکدا ئێوە

زەق سەیرتان دەکرد. موحەممەد(ﷺ) تەنها پێغەمبەرێکە(نەمر نی یە)بێگومان لەپێش ئەو پێغەمبەرانی تر ڕابوردون جا ئایا ئەگەر وەفاتی کرد یا کوژرا دەگەڕێنەوە بۆ دواوەی خۆتان(پاشگەز دەبنەوە) هەر کەس هەڵگەڕێتەوە بۆ دواوەی خۆی(بت پەرستی)ئەوە هەرگیز(ئەو کەسە) هیچ زیانێك ناگەیەنێت بەخوا وە بەزوویی خوا پاداشتی سوپاس گوزاران دەداتەوە.

خوای گەورە کۆمەڵێ حیکمەتی باس کردووە کە بەهۆیەوە بێباوەڕانی بەسەر باوەڕداراندا سەرخست لەشەڕی ئوحووددا، ئەمە و دوای ئەوەی سەقامگیر و ڕاوەستاوی کردن و موژدەی پێدان بەوەی بەو ئیمانەی پێیان بەخشراوە، سەرکەوتوون، دڵدانەوەی کردن بەوەی، ئەگەر ئەوان لەگوێڕایەڵی خوا و پەیامبەر(ﷺ)بریندارییان تووشهاتبێ،ئەوە دوژمنانی ئەوان لەدژایەتی خواو پەیامبەردا بریندارى و ئازاریان تووشبووە.

پاشان خوای گەورە هەواڵی پێداون بەوەی، خوای گەورە حیکمەتی خۆی وەها داناوە کە ڕۆژگار لەنێوان خەڵکدا ئاڵوگۆڕ بکات، هەریەکە و پشکی خۆی تیایدا ببات، لەنمونەی ڕزق و ساتی مردن.

پاشان هەواڵی پێداون بەوەی، ئەگەرچی خۆی زانایە بەهەر شتێك جارێك ڕووی نەدابێ و دواتریش چی دەبێت، ئەو ویستوویەتی لەئامادەیی خۆیاندا بەبینین فێریان بکات و بەواقیع ئیمانیان دەرکەوێ.

پاشان هەواڵی پێداون بەوەی، حەزی کردووە لەنێویاندا کەسانێك بەشەهیدیی وەربگرێت، چونکە شەهیدیی لای خوای گەرە پلەیەکی بەرزە، ئەمەش تەنیا بەکوژران

لەپێناویدا دێتەدی[1]، جا ئەگەر ئەو سەرکەوتن و بالادەستییە بۆ بێباوەڕان نەهاتبایەتەدی، ئەوە ئەو پلەی شەهیدییە نەدەهاتەدی کە لای خوای گەورە لەشیرنترین شتەکانە و بەسوودترین پلە و خەڵاتێکە بۆ بەندە.

پاشان خوای گەورە هەواڵی داوە کە ئەیەوێ باوەڕداران پاک و پاڵفتە بکات، واتا بەتەوبە و گەڕانەوە بۆلای خۆی و لێخۆشبوونی لەو تاوانەی بەهۆیەوە بێباوەڕان بەسەریاندا سەرکەوتن، لەو تاوانەیان پاک بکاتەوە، لەهەمانکاتیشدا ئەیەوێ بێباوەڕان بەسەرکەوتن و تووڕەیی خۆیان و کردەی دوژمنکارانەیان لەکاتی سەرکەوتندا، لەنێو ببات و بیانسڕێتەوە.

پاشان بەڕەرچی ئەو گومانەیانی داوەتەوە بەوەی بەبێ جیهاد و ئارامگریی بچنە بەهەشتەوە، حیکمەتی خوا ئەوە قبوڵ ناکات، تەنیا بەجیهاد و ئارامگرییەوە دەچنە بەهەشتەوە، جا ئەگەر هەمیشە سەرکەوتووبوونایە، ئەوە هیچ کەسێک جیهاد و شەڕی ئەوانی نەدەکرد و ئازارێک نەدەمایەوە بەهۆیەوە تاقیبکرێنەوە. ئەوە هەندێ لەحیکمەتی خوا بوو لەسەرخستنی دوژمنانی بەسەر باوەڕداراندا.

بنچینەی نۆیەم: خوای گەورە ئاسمانەکان و زەوی و مردن و ژیانی دروستکردووە و زەوی رازاندووەتەوە بەوەشی کە لەسەریدایە بۆ تاقیکردنەوەی بەندەکانی، تاوەکو بزانرێت کێ خواو پاداشتی خوایی دەوێ و کێیش دونیا و رازاوەیی دونیای دەوێ.

---

١ - ئەمە ورد نییە، بەڵام نووسەر نەیووستووە شەهیدیی لەوەدا گەمارۆ بدات، لەئوممەتەدا شەهیدیی جۆری زۆرە، الحافظ ئیبن حەجەر لە(الفتح)(٦/٤٣) گەیاندوونی بەزیاتر لەبیست جۆر. سیوتی کتێبێکی هەیە بەناونیشانی:(أبواب السعادة في أسباب الشهادة) لەمیسر چاپکراوە، بڕوانە:(أحكام الجنائن)(٣٤-٤٣)ی شێخی ئەلبانییمان.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُۥ عَلَى ٱلْمَآءِ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ﴾ هود: ٧،

واتا: ئەو(خوایە)زاتێکە کە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە لە شەش پۆژدا و عەرشەکەی لەسەر ئاو بوو بۆ ئەوەی تاقیتان بکاتەوە کامتان کردەوەی چاکتر(دەکەن).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ إِنَّا جَعَلْنَا مَا عَلَى ٱلْأَرْضِ زِينَةً لَّهَا لِنَبْلُوَهُمْ أَيُّهُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۝٧ ﴾ الكهف: ٧، واتا: بەڕاستی ئێمە هەرچی وابەسەر زەوی یەوە کردوومانە بەزینەت و جوانی بۆ زەوی بۆ ئەوەی خەڵکی تاقی بکەینەوە کامیان کردەوەی جوانتر و چاکترە؟

خەڵکیی کاتێ پەیامبەریان بۆ نێردراوە، کەوتوونەتە نێوان دوو شتەوە: یەکێکیان یان وتوویەتی: وا باوەڕم هێنا، یان باوەڕی نەهێناوەو لەسەر خراپە و بێباوەڕیی خۆی بەردەوام بووە، بۆیە دەبێ تاقیبکرێتەوە باوەڕ دەهێنێ یان لەسەر خراپە و بێباوەڕیی خۆی سەرسەختانە دەمێنێتەوە.

ئەوەی ئەڵێ: وا باوەڕم هێنا، دەبێ خوای گەورە تاقیبکاتەوە تاوەکو رووبێتەوە: لەوتنی وا بوومە باوەڕدار، راستگۆیە یان درۆزن؟

ئەگەر درۆزن بوو، پشت هەڵدەکات و لەتاقیکردنەوەکە هەڵدێت هەروەك چۆن لەسزای خوای گەورە هەڵدێت.

ئەگەر راستگۆ بوو، ئەوە لەسەر قسەی خۆی دامەزراو دەمێنێتەوە و ئەو تاقیکردنەوەیە ئیمانی بۆ زیاتر دەکات. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَمَّا رَءَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلْأَحْزَابَ قَالُوا۟ هَٰذَا مَا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَصَدَقَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَمَا زَادَهُمْ

إِلَّآ إِيمَٰنًا وَتَسۡلِيمًا ﴿٢٢﴾ ﴿الأحزاب: ٢٢﴾، واتا:کاتێ ئیمانداران ئەو کۆمەلانەیان دی(لەشکریان هێنابوو بۆ سەر مەدینە)وتیان ئەمە ئەو بەڵێنەیە خواو پێغەمبەرەکەی بە ئێمەیان دابوو خواو پێغەمبەرەکەی ڕاستیان فەرموو(ئەو هەموو هێزی کوفرە)تەنها ئیمان و مل کەچیان پێ ی زیادی کرد.

بەڵام ئەوەی کە باوەڕی نەهێناوە، ئەوە لەئاخیرەتدا بەسزا و ئەشکەنجە تاقیدەکرێتەوە، بەدۆزەخ تووشی فیتنە دەبێ، کارێکی گەورەترە لەو دوو کەسەی لەدونیادا لەسەر باوەڕهێنان تاقیکراونەتەوە. ئەوەی بەسزا و نەهامەتییەکانی دونیا تاقی نەکراوەتەوە کە خوای گەورە خستوویەتییەسەر ئەوانەی شوێن پەیامبەران نەکەوتوون، دەبێ لەئاخیرەت و بەرزەخدا ئەو ناخۆشی و نەهامەتییە ببینن و بیچێژن، دەبێ لەقیامەتدا ببینن و بیچێژن، بەڵام مرۆڤی باوەڕدار بەڵا و ناخۆشی کەمتری دێتەپێ، چونکە خوای گەورە بەئیمان بەرگری لێ دەکات و سزای لەسەر هەڵدەگرێت، ئارامگری و دامەزراوەیی و سەلامەتیی پێ دەدات کە ئەو ناخۆشییەی لەسەر سووك دەکەنەوە.

هەرچی بێباوەڕ و دووڕوو و خراپەکارە، ئەوە ناخۆشی و کۆستەکەی سەختتر و هەمیشەیی دەبێ، بەڵام کۆست و ناخۆشیی مرۆڤی باوەڕدار سووك دەبێ و کۆتایی دێت، کۆست و ناخۆشیی بێباوەڕ و دووڕوو و خراپەکار تووند و بەردەوامە.

بۆ هەر دەروونێك باوەڕی هێنابێت یان بێباوەڕ، دەبێ ئازار و تاقیکردنەوە ڕووبدات، بەڵام ئەوە هەیە، مرۆڤی باوەڕدار سەرەتا لەدونیادا ئازار دەبینێ، پاشان سەرەنجامی دونیا و ئاخیرەتی خۆش دەبێ، مرۆڤی بێباوەڕ و دووڕوو و خراپەکار، سەرەتای دونیایان چێژ و خۆشییە، پاشان دەگۆڕێت بۆ ئازار و ناخۆشی، بەڵام هیچ

کەسێك نییە حەز بەئازار و ناخۆشیی هەمیشەیی بکات، ئەمەی خوارەوە ئەوە رووندەکاتەوە:

بنچینەی دەیەم: مرۆڤ بەسرووشت بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، پێویستە لەگەڵ خەڵکییدا بژێ، خەڵکییش ئیرادە و تێڕوانین و بیروبۆچوونی هەمەلایەنیان هەیە، بۆیە داوا لەو کەسە دەکەن لەسەر ئەو ئیرادە و تێڕوانین و بیروبۆچوونانەی ئەوان هەیانە، هاوڕابێ، جا ئەگەر هاوڕا نەبوو، دەست دەدەنە ئازاردانی، ئەشکەنجەی دەدەن، ئەگەر لەگەڵیاندا هاوڕابێ، ئەوە لەڕوویەکی ترەوە ئازار و ئەشکەنجەی تووش دەبێت، بۆیە تێکەڵبوونی بەخەڵکیی پێویستە، یان دەبێ هاوڕایان بێ یان پێچەوانە، لەهاوڕابوونـدا ئـازار و ئەشـکەنجە هەیـە ئەگـەر ئـەوان لەسـەر باتـڵ بـوون، لەپێچەوانەکردنیشدا ئازار و ئەشکەنجە هەیە ئەگەر هاتوو پێچەوانەی هەواو ئارەزوو و بیروباوەڕ و ئیرادەیان بێ، جا گومان لەوەدا نییە، ئازاری پێچەوانەکردنیان ئەگەر لەسەر باتڵبوون، سووك و ئاسانترە لەو ئازارەی لەهاوڕابوونیان دێتەدی.

ئەمە وەربگرە لەبارەی ئەو کەسەی داوای لێدەکەن لەسەر ستەمێك یان داوینپیسی یان شایەتییەکی درۆ هاوڕای ئەوان بێ و بەقسەی ئەوان بکات، یان داوای لێ دەکەن لەسەر ئەنجامدانی حەرامێك هاوکارییان بکات، بۆیە ئەگەر کەسەکە بەقسەیانی نەکرد و هاودەنگیان نەبوو، ئازاری دەدەن و ستەمی لێ دەکەن و دوژمنایەتی دەکەن، بەڵام ئەگەر خۆڕاگر بوو، لەخواترسا، سەرەنجامی باش و سەرکەوتنی بۆ هەیە، ئەگەر بەناچارییش لەبەر ئازار هاودەنگیان بوو، ئەوە ئازارێکی تووش دەبێ گەورەتر لەئازاری هەڵهاتن، بەزۆریی بەسەریدا زاڵ دەبن، ئازارێکیشی تووش دەبێ چەندان ئەوەندەی ئەو چێژ و خۆشییەیە کە سەرەتا بەهۆی هاودەنگبوون و رازیبوونی لەگەڵیان بەدەستیهێناوە.

ناسین و ڕەچاوکردنی ئەم حاڵەتە، بەسوودترین شتێکە بۆ بەندە، چونکە ئازارێکی سووک کە چێژێکی گەورە و هەمیشەیی بەدوادابێت، لەئەگەرەوە نزیکترە لەچێژێکی کەم کە ئازارێکی گەورە و هەمیشەیی بەدوادابێت، سەرکەوتنیش بەدەست خوای گەورەیە.

بنچینەی یانزەیەم: ئەو بەڵایەی کە بەندە لەپێناو خوای گەورە تووشی دێت، لەیەکێك لەم چوار بەشە دەرناچێ: یان لەدەروونی خۆیدا ڕوو دەدات، یان لەسەروەت و سامانی، یان لەناموسی، یان لەکەسوکار و خۆشەویستانی.

ئەوەی لەدەروونی مرۆڤدا ڕوودەدات،یان بەیەکجار لەنێوی دەبات، یان تەنیا ئازاری پێ دەگەیەنێ، ئەوەش کۆی ئەوەیە کە خوای گەورە بەندەی پێ تاقیدەکاتەوە.

سەختترینی ئەو بەشانە: کۆست و بەڵای دەروونە.

- **گەڕانەوەیەك بۆ خۆشویستن:**

بزانە کە خۆشویستنی خوای گەورە و هۆگربوون و تامەزرۆبوون بۆ دیداری خوای گەورە و ڕازیبوون لەخوا و ڕازیبوونی خوا لەبەندە، بنچینەی ئایین و کارو کردەوەو ئیرادەکانێتی، هەروەك ناسینی خوای گەورە و ناو و سیفات و کردەوەکانیشی باشترینی تەواوی زانستەکانی ئایینە. ناسینی خوای گەورە باشترینی نێو مەعریفەیە، ئیرادەی خوا باشترینی مەبەستەکانە، پەرستنیشی باشترینی نێو کردەوەکانە، ستایشکردنی بەناو و سیفەتی خۆی و پیاهەڵدان و شکۆدارکردنیشی باشترینی نێو قسە و گوفتارەکانە، ئەوەیە بناغەی حەنەفییەت و یەکتاپەرستانەی میللەتی ئیبراهیم.

خوای گەورە بەپەیامبەرەکەی فەرموویەتی:﴿ ثُمَّ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ أَنِ ٱتَّبِعۡ مِلَّةَ إِبۡرَٰهِيمَ حَنِيفٗاۖ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ١٢٣ ﴾ **النحل: ١٢٣،** واتا:پاشان نیگامان بۆ

کردی که پەیرەوی ئایینی ئیبراهیم بکە چونکە پاك و ڕاست بوو بەهیچ جۆرێ لە هاوبەش دانەران نەبوو.

پەیامبەری خوا(ﷺ) ئامۆژگاریی هاوەلانی دەکرد ئەگەر بەیانیان کردەوە بڵێن:«أَصْبَحْنَا عَلَى فِطْرَةِ الْإِسْلَامِ، وَكَلِمَةِ الْإِخْلَاصِ، وَدِينِ نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ، وَمِلَّةِ أَبِينَا إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا مُسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ»[1].

ئەوە حەقیقەتی شایەتومانە، حەقیقەتی شایەتیدانە بەوەی هیچ خوایەکی بەحەق بوونی نییە جگە لە اللە، ئایینی ئیسلام کە ئایینی تەواوی پەیامبەرانە، لەسەر ئەوە ڕاوەستاوە، جگە لەو ئایینە، خوای گەورە هیچ ئایینێکی تری نییە، جگە لەئیسلام لەهیچ کەسێك ئایینێکی تر قبوڵ ناکات:﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾ ﴾ آل عمران: ٨٥، واتا:هەر کەسێك دوای دینێك بکەوێت جگە دینی ئیسلام ئەوە لێ ی وەر ناگیرێ وە ئەو لە ڕۆژی دوایی دا لە زەرەرمەندانە.

ئەبێ بەلای بەندەوە، خۆشویستنی خوای گەورە لەهەموو شتێکی تر خۆشەویستر بێ، ئەوە لەگەورەترین ئەرکەکانی ئایین و گەورەترین بنچینە و نرخدارترین ڕێسایەکی ئایینە. ئەگەر کەسێك، بەنمونەی خوای گەورە مەخلوقێکی تری خۆشویست، ئەوە لەو هاوبەش پەیداکردنەیە کە لێخۆشبوونی لەسەر نییە و هیچ کارو کردەوەیەکی تری بەهۆوە قبوڵ ناکرێت.

خوای گەورە ئەفەرموویت:﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ۗ ﴾ البقرة: ١٦٥، واتا: کەسانی وا هەیە لە

---

١ – نەسائی لە(عمل اليوم والليلة)(١) و ئیبن ئەلسوننی(٣٤) و دارمی(٢/٢٩٢) و ئەحمەد(٣/٤٠٦) و تەبەرانی لە(الدعاء)(٢٩٤) گێڕاویانەتەوە لەعەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبزاوە، سەنەدەکەشی حەسەنە.

خـــەڵکی کـــە هاوبەشـــی زۆر بـــۆ خـــوا پەیـــدا دەکـــەن خۆشـــیان دەوێـــن وەك خۆشەویستی(ئیمانداران بۆ)خوا بەڵام ئەوانەی بڕوایان هێناوە زۆر زیاتر خوایان خۆش دەوێت.

ئەگـەر بەنـدە نەبێتـە یـەکێك لەئیمانـداران هەتائـەوەی نەبێتـە بەنـدەی خـوا و پەیامبەری خـوای لـەخۆی و کەسـوکار و منـداڵ و دایـك و بـاوکی و تـەواوی خـەڵکیی خۆشتر نەوێ[1] و خۆشویستنەی کە شوێن خۆشویستنی خـوای گـەورە نەکـەوێ، ئـەی گومانت چۆنە بەخۆشویستنی خوای پاك و بێگەرد؟ خوای گەورە مرۆڤ و جنۆکەی بـۆ هیچ شتێك دروست نەکردووە تەنیا بۆ پەرستنی خۆی نەبێ، کە تەواوی خۆشویستن و مەزن راگرتن و زەلیلی بۆ نواندن لەخۆ دەگرێت، هەر لەبەر ئەوەش پەیامبەرانی خۆی ڕەوانـە کـردووە و کتێبـەکانی دابەزانـدووە و شـەریعەتەکانی داڕێـژاوە، لەسـەر ئـەوە پاداشت و سزای داناوە، لەسەر ئەو بناغەیـە بەهەشـت و دۆزەخـی دروسـت کـردووە، خەڵکییشی دابەشکردووە بۆ بەدبەخت و خۆشبەخت. هەروەك چۆن خوای گەورە هیچ هاوشێوەیەکی نییە، ئەوە هیچ هاوشێوەیەکیش بۆ خۆشویستن و مەزن راگرتن و ترس و بەگەورەزانینی ئەو نییە.

ئەگەر لەمەخلوقات بترسی، لێی هەڵدێیت، بەڵام ئەگەر لەخوای گەورە بترسی،ئەوە خۆت دەدەیتە پەنای و هۆگریی پێ دەبینی و بەرەو لای دەڕۆی. ترس لەستەمی مرۆڤ هەیە، بەڵام ترس لەدادپەروەریی خوای گەورە هەیە.

خۆشویستنیش بەو جۆرەیە، ئەگەر خۆشویستنی مەخلوق لەبەر خوا نـەبوو، ئـەوە بۆ کەسەکە سزا و ناخۆشیی دەبێ، ئەو ئازارەی لەوە دەیبینێ زۆر زیاترە لەو چێژەی

---

١ – پێشتر تەخریج کراوە.

لێی دەبینێ. چەندە لەخوا دووربوو، ئازار و مەینەتییەکانیشی ئەوەندە گەورە دەبێ.

هیچ شتێك بەلای دڵەوە خۆشەویستر نییە لەخالق و داهێنەری، چونکە ئەوە خوا و پەرستراوی ئەوە، گەورە و خاوەنێتی، پەروەردگار و هەڵسوڕێنەر و ژێنەر و مرێنەرێتی.

خۆشویستنی خوای گەورە نیعمەتی دەروونەکانە، ژیانی روحەکان و خۆشیی دەروونەکانە، تووێشوو و خۆراکی دڵەکان و رووناکیی عەقڵەکان و گلێنەی چاو و سووکنایی و ئاوەدانکەرەوەی ناخە.

بەلای دڵی ساغ و روحی پاك و عەقڵی پوختەوە، شتێك نییە بەچێژتر و پاکتر و دڵڕفێنکەر و خۆشتربێ لەخۆشویستراو و هۆگر بوون پێی و تامەزرۆبوون بۆ دیداری.

ئەو چێژو خۆشییەی کە مرۆڤی باوەڕدار لەدڵیدا بەوە دەیبینێ و پێی دەگات، لەسەرووی هەموو چێژ و خۆشییەکەوەیە، ئەو ناز و نیعمەتەی کە بەوە بەدەستیدەهێنێ، لەهەموو نیعمەتەکانی تر تەواوترە، چێژی لەسەرووی هەموو چێژەکانی ترەوەیە.

هەرکەسێ زانابێ بەخوا و ناو و سیفەتەکانی و حەزیان پێ بکات و خۆشیانی بوێ و لێیانەوە نزیکتربێ، خۆشییەك لەدڵیدا هەست پێ دەکات کە تەعبیر نەکرێت، کە تەنیا بەزەوق و دڵ هەستی پێ بکرێت. جا هەر دڵێ چێژی ئەو خۆشییەی کرد، ئیتر ناتوانێ خۆشویستنی هیچ کەسێك پێشی بخات و پێی هۆگربێ. هەرچەکاتێك خۆشویستنی بۆ خوای گەورە زیاتر بوو، بەندایەتی و کزۆڵیشی بۆ خوای گەورە زیاتر ئەبێ، ملکەچتر و کۆیلەتر دەبێ بۆی و لەکۆیلایەتی غەیری خوا زیاتر رزگاری دەبێ.

دڵ تەنیا بەپەرستنی پەروەردگاری بەخۆشویستن و گەڕانەوە لای، سەرفراز و شیاو و نیعمەت پێدراوتر و چێژوەرگرتر و دڵئارامتر و ئۆقرەتر ئەبێ.

ئەگەر بەندە تەواوی شتە چێژبەخشەکانی مەخلوقات بەدەستبهێنێ، دڵئارام نابێ، بەڵکو نیگەرانیی زیاتر ئەبێ هەتا ئەوکاتەی شتێك لەوانە چنگدەخات کە بۆی دروستکراوە و بۆی رەخسێنراوە، لەوەی تەنیا خوای گەورە کۆتا مەبەست و داوا و ویستی بێ،بێگومان پێویستی و هەژارییەکی خۆیی هەیە بەخوای گەورە، لەو رووەی خواو پەرستراو و خۆشەویست و ویستراوێتی، هەروەك هەژارییەکی خۆییشی بەخوای گەورە هەیە لەو رووەی پەروەردگار و بەدیهێنەر و رۆزیدەرێتی.

جا هەرچکاتێ خۆشویستنی خوای گەورە لەدڵدا جێگیر و بەهێز بوویەوە، خوایەتی و پەرستنی بۆ غەیری خوای گەورەی لەدڵ دەردەچێت:

فَأَصْبَحَ حُرًّا عِزَّةً وَصِيانَةً عَلى وَجْهِهِ أَنْوارُهُ وَضِياؤُه

واتا: بووە کەسێك ئازاد و سەربەست لەرووی شکۆداری و پارێزگارییەوە کە رووناکی و شەوقی لەسەر رووەتی دەرکەوت.

هیچ ئیماندارێك نییە خۆشەویستیی خوای گەورەی لەدڵدا نەبێت، بەیادی خوا ئارام نەبێتەوە و، بەناسینی، نیعمت پێ دراو نەبێ. لەیادی خوادا خۆشی و چێژ دەبینێ، تامەزرۆیی دیداری خوای بۆ دروست دەبێ و لەپاڵیدا هەست بەهۆگریی دەکات. ئەگەر بەهۆی سەرقاڵبوونی دڵی بەغەیری خواوە سەرقاڵ بێ، ئەوە بەدەر لەو شتەیە کە هەستی پێ دەکات.

هێز و لاوازیی و زیاتر و کەمتری ئەوە، بەندە بەهێزو لاوازیی و زیادو کەمیی ئیمانەوە.

هەرچەندە تەواوی ئامانج و مەبەستی بۆ خوای گەورە نەبوو، کە خۆشەویست و داواکراوە لەڕووی زات و ئامانجی یەکەمەوە، ئەوە بەپێی ئەوە ئازار و حەسرەتی دێتەڕێ. لەبەر ئەوەی خۆشویستنی شتانی تر دەبێ شوێن خۆشویستنی خوای گەورە بکەوێ، پاشان ئەو کەسە شایەتیدان بە (لا إله إلا الله)ی بەدینەهێناوە، بەپێی ئەو خۆشویستنەی بۆ شتانی تری هەیە و تەواوی مەبەستی لەوەدا خوای گەورە نەبووە، ئەوە لەو شایەتومانەدا ناتەواویی و عەیب و هاوبەش پەیداکردن هەیە.

ئەگەر بەهەموو شێوازێك بۆ ئەوە هەوڵبدات و پشتی بەخوا نەبەستبوو، پێی ناگات. ئەوەی خوای گەورە ویستی هەبێ هەر ئەوە دەبێ، ئەوەی ویستی لێ نەبێ نابێ، هەموو شتێك بەهاوکاری و ویست و مەشیئەتی خۆی روودەدات:﴿ لِمَن شَآءَ مِنكُمۡ أَن يَسۡتَقِيمَ ۝٢٨ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٢٩ ﴾ **التكوير:** ٢٨ - ٢٩، واتا: بۆ ئەو کەسانەی کە بیانەوێ بەڕێ ی ڕاست دا بڕۆن لە ئێوە. ئێوە ئارەزوو(ی ڕێ ی ڕاست)ناکەن مەگەر کاتێك کە پەروەردگاری هەمووان بیەوێت وە ناچارتان بکات پێی.

ئەگەر ئەوە روون بوو، ئەوە دەبێ بزانرێت کە بەندە لەحاڵەتی تاوان و سەرقاڵبوون بەشەهوەت و چێژی خۆیدا، چێژ و خۆشیی ئیمانیی لەدەست داوە یان کەم بووەتەوە یان لێی دوورکەوتووەتەوە، چونکە ئەگەر چێژێکی ئیمانیی کاملّی هەبووایە، ئەو بەندەیە چێژ و شەهوەتی دونیایی بەسەردا پێش نەدەخست، هیچ بەراوردکردنێك لەنێوان چێژی دونیایی و چێژی ئیماندا نییە، دونیا و ئەوەی تیایدایە تۆزقاڵێك نییە بەرانبەر بەچێژی ئیمان، لەبەر ئەوەیە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:"لَا يَزْنِي الزَّانِي حِينَ يَزْنِي وَهُوَ مُؤْمِنٌ، وَلَا يَسْرِقُ السَّارِقُ حِينَ يَسْرِقُ وَهُوَ مُؤْمِنٌ، وَلَا يَشْرَبُ الْخَمْرَ حِينَ يَشْرَبُهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ"[1]،واتا: کەسێك کە داوێنپیسیی

---

١ – بوخاری(٨٦/٥) و موسلیم(٥٧١) گێڕاویانەتەوە لەئەبو هورەیرەوە.

دەکات، لەکاتی داوێنپیسییەکەدا ئیماندار نییە، کەسێك کە دزی دەکات، لەکاتی دزییەکەدا ئیماندار نییە، کەسێك کە عەرەق دەخواتەوە، لەکاتی عەرەقخواردنەوەدا ئیماندار نییە.

کەسێك کە چێژی حەقیقەتی ئیمانی کردبێ و چووبێتە دڵیەوە، ئەو چێژە ناهێڵێ ئەو سوکییەی بەسەردا کاریگەر ببێ و رێگری دەکات لەشتێك پەرش و بڵاوی بکات و لەئیمانی کەم بکاتەوە.

لەبەرئەوە دەبینی ئەو بەندەیەی کە دڵسۆزە بۆ خوای گەورە و گەراوەتەوە لای خوای گەورە و بەیاد و زیکری دڵئارامە و تامەزرۆی دیداری خوایە، دوورە لەحەرامکراوەکان و لایان بەلادا ناکاتەوە و پشتیان پێ نابەستێ، گۆڕینی ئەو خواپەرستییەی بەتاوانەکان، بەگۆڕینی گەوهەری گرانبەها بەوشتری سیس و لاواز دەبینێ، فرۆشتنی میسك بەپشقل و تەپاڵدان دەبینێ.

گومان لەوەدا نییە کە لەدەروونی مرۆییدا کەسانێك هەن بەو جۆرەن، چی شتێکیان پێ گونجاو بێ، رووەو ئەوە هەنگاو هەڵدەگرن، کەسانێك هەن لەداواو هیممەتی بەرز رادەکەن، لەچێژی کامڵ دوور دەگرن، نمونەی سیسرك کە لەبۆنی گوڵ هەڵدێت، کەسانێك دەبینین بەرانبەر بەبۆنی میسك لووتی خۆیان دەگرن و حەزی پێ ناکەن، چونکە زیانی لێ دەبینن.

کەسێك بۆ پیشەی خۆشەکردنی پێست دروست کرابێ، چاوەڕێی کارکردن لەکارگەی شیرینەمەنی لێ ناکرێت، نە کارێك شیاو بە ئەوەو نە بۆی دەسازێت.

دەروون دەستبەرداری خۆشەویستێك نابێ هەتا خۆشەویستی لەوە خۆشەویستری دەستنەکەوێ یان لەترسی ناخۆشییەك کە ناخۆشییەکەی لەلەدەستدانی

خۆشەویستەکەی بەلاوە سەختترە، بۆیە ناچار دەبێ دەستبەرداری خۆشەویستەکەی ببێ.

هەندێجار تاوان لەئارادا نابێ، هەندێجار لەبەر ئەوەی شتێك نەبووە پێویستی بکات، یان دڵ بەشتی خۆشەویسترەوە سەرقاڵبووە، یان رێگرییەك هەبووە، هەندێجاریش لەترسی لەدەستدانی خۆشەویستێك لەو تاوانە بەلایەوە خۆشەویستتر بووە.

یەکەم: حاڵی کەسێکە کە چێژی ئیمان و حەقیقەتەکانی ئیمانی کردووە، بەجۆرێ نیعمەت پێ دراو بووە لا نەکاتەوە بەلای تاوانەکاندا.

دووەم: حاڵی کەسێکە لەدڵیدا پاڵنەر و ئیرادە هەیە بۆ تاوان، هاوکات ئیمانیشی هەیە و بەڵێن و هەڕەشەی خوای گەورەش بەڕاست دەزانێ، ئەترسێ ئەگەر تاوانەکە ئەنجام بدات، بکەوێتە حاڵەتێکی ناخۆشەوە و بەلایەوە سەختتر بێ بۆیە دەستبەرداری تاوان دەبێت.

بۆیە یەکەم: حاڵی ئەو دەروونەیە کە دڵئارامە لەپەنای پەروەردگاری.

دووەمیش: حاڵی ئەهلی جیهاد و ئارامگرییە. ئەوە ئەو دوو جۆرە دەروونەیە کە بەبەختەوەری و سەرفرازیی تایبەتمەندن.

خوای گەورە لەبارەی دەروونی یەکەمەوە فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ ﴿٢٧﴾ ٱرْجِعِىٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً ﴿٢٨﴾ فَٱدْخُلِى فِى عِبَٰدِى ﴿٢٩﴾ وَٱدْخُلِى جَنَّتِى ﴿٣٠﴾ ﴾ الفجر: ٢٧ - ٣٠، واتا: لەو ڕۆژەدا بە خوا پەرست دەووترێت ئەی نەفسی بە ئارام. بگەڕێرەوە بۆ لای پەروەردگاری خۆت بە ڕەزامەندی و لێ ڕازی بوو. ئینجا بچۆرە ناو بەندە چاکەکانی من. و بچۆرە ناو بەهەشتی منەوە.

لەبارەی دەروونی دووەمیشەوە فەرموویەتی: ﴿ ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ هَاجَرُواْ مِنۢ بَعْدِ مَا فُتِنُواْ ثُمَّ جَٰهَدُواْ وَصَبَرُوٓاْ إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعْدِهَا لَغَفُورٌ

رَّحِيمٌ ﴿١١٠﴾ ﴾ النحل: ١١٠، واتا: پاشان بەڕاستی پەروەردگارت بۆ ئەوانەی کۆچیان کردووە لەپاش ئەوەی سزا دران پاشان جیهاد و تێ کۆشانیان کرد و بەئارام بوون بێگومان پەروەردگارت لەدوای ئەوە لێبوردەی میهرەبانە.

بۆیە دەروونەکان سێ جۆرن:

دەروونێك دڵئارام لەپەنای پەروەردگاری، بەڕێزترین و پاکترین دەروونەکانە.

دەروونێکی هەوڵدەری ئارامگر.

دەروونێکی تووشهاتوو بەشەهوەتەکان و ئارەزوو، کە دەروونی بەدبەختە، ئەو دەروونەیە کە بەشی ئازار و سزاو دووربوون لەخوای گەورەی هەیە و، پەردە دراوەتە نێوان ئەو و خوای گەورەدا.

***

١٠) فێڵی شەیتان لەخودی خۆی

شەیتان پێش ئەوەی فێڵ لەدایك و باوکی مرۆڤایەتی بکات، فێڵی لەخۆی کرد، هەر بەوەندەوە نەوەستا، بەڵکو فێڵی لەوەچەی خۆی و وەچەی ئادەمیش کرد، نەگبەت بوو بۆ خۆی و وەچە و دۆست و جنۆکەو مرۆڤە گوێڕایەڵەکانیشی.

خوای گەورە کاتێك فەرمانی پێ دا بۆ ئادەم سوجدە ببات، بەگوێکردنی فەرمانی خوا بەختەوەری و سەرفرازیی تێدا هەبوو، شکۆمەندی و رزگاربوونی تێدا هەبوو بۆ ئیبلیس، بەڵام دەروونی ستەمکاری وەهای لێکرد، سوجدە بردن بۆ ئادەم بەگران و سەختت بینێ و وەها بزانێ کەمکردنەوەیە لەپایەی ئەو، چونکە لەبەر دەست مەخلوقێك سوجدە دەبات کە لەقووڕ دروست کراوە و خۆیشی لەئاگر دروستکراوە، بەلێکدانەوەی خۆی، ئاگر لەقووڕ و گڵ گەورەتر و بەنرختر، مەخلوقێك لەئاگر

دروست کرابێ باشترە لەو مەخلوقەی لەقووڕ دروستکراوە، ملکەچکردنی مەخلوقی باشتر بۆ مەخلوقی پلە نزمتر، خواردنی مافی مەخلوقی باشترە.

کە ئەوەی لەدڵی خۆیدا دروستکرد و حەسوودانە بەئادەمی بەراورد کرد، کە بینی خوای گەورە جۆرەها ڕێزی بەئادەم داوە، بەدەستی خۆی ئادەمی دروستکرووە و ڕوحی خۆی بەبەردا کردووە و فریشتەکانی خۆی بۆ بردە سوجدە و ناوی هەموو شتێکی پێ فێر کردووە و بەوە لەفریشتەکان تایبەتتری کردووە و لەبەهەشتی خۆیدا نیشتەجێی کردووە، حەسوودیی، ئەو دوژمنەی خوای گەورەی شێت و هار کرد. ئەوکاتەی ئادەم وەک گۆزەیەکی وشکراو بوو، ئەو دوژمنەی خوا بەدەوریدا دەسووڕایەوە و پێی سەیر بوو، ئەیووت: ئەمە بۆ کارێکی گەورە دروست کراوە،، ئەگەر بەسەرمدا زاڵکرا، سەرپێچیی دەکەم، بەڵام ئەگەر من بەسەریدا زاڵکرام، ئەوە لەنێوی دەبەم.

کە ئادەم لەجوانترین وێنەدا دروستکرا و جوانترین شێوەو وێنەی هەبوو، ناخی جوان کرا بەزانست و نەرمونیانی و ڕێز، خوای گەورە بەدەستی خۆیشی دروستی کردبوو، لەجوانترین وێنەدا دروستبوو، بالآیەکی شەست باڵیی هەبوو، بەرگی جوان و چاک و گەورەیی پۆشی، فریشتەکان دیمەنێکی جوانی وەهایان بینی کە پێشتر لەو دیمەنە جوانتر و باشتریان نەبینیبوو، هەموویان بەفەرمانی پەروەردگار بۆی چوونە سوجدە، ئەو دوژمنەی خوا لەپشتەوە قەمیسی خۆی درێ و دڵی بەئاگری حەسوودییەکی سەخت گرێ گرت، بەبۆچوونی خۆی بەرهەڵستیی کرد بەرانبەر دەقی ڕاشکاوی خوای گەورە هەروەک دۆستە پوچەڵخوارزەکانی ئەوە دەکەن، ڕەخنەی گرت و وتی: ﴿ قَالَ أَنَا۠ خَيۡرٞ مِّنۡهُ خَلَقۡتَنِي مِن نَّارٖ وَخَلَقۡتَهُۥ مِن طِينٖ ١٢ ﴾ **الأعراف: ١٢،**

واتا: شەیتان وتی: من لەو(ئادەم)چاکترم چونکە منت لە ئاگر دروست کردووە و ئەوت لەقوڕ دروست کردووە.

ڕەخنەی گرت لەدەقی ڕاشکاوی خوای گەورە، سەرتاپای بەو بۆچوونە خراپ و ناشیرینە بەراورد کرد، پاشان ڕەخنەی لەحیکمەتی خوای گەورە گرت کە هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ ڕەخنەگرتن لەحیکمەتی و وتی:﴿ قَالَ أَرَءَيْتَكَ هَٰذَا ٱلَّذِى كَرَّمْتَ عَلَىَّ لَئِنْ أَخَّرْتَنِ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ لَأَحْتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٦٢﴾ ﴾ الإسراء: ٦٢،

واتا: ئیبلیس وتی پێم بڵێ و هەواڵم بدەرێ لە بارەی ئەمەوە کە ڕێزی ئەوت داوە بەسەر مندا! سوێند بەخوا ئەگەر دوام بخەیت تا ڕۆژی دوایی(نەمرم)بەڕاستی زاڵ ئەبم بەسەر نەوەکانیدا(بە گومڕاکردن)کەمێك لەوان نەبێت(کە بەندە تایبەتیەکانی)خوان.

ئەو ڕەخنەیە بەواتای ئەوە دێت: پێم بڵێ بۆچی ئەوت بەسەر مندا بەڕێزتر کرد؟!

واتا: ئەوەی تۆ کردت ڕاست و دروست نەبوو، حیکمەت ئەوەیە ئەو سوجدەم بۆ ببات نەك من سوجدەی بۆ ببەم، بۆچی پێچەوانەی ئەو حیکمەتەت کرد؟!

پاشان دوا بەدوای ئەوە خۆی باشتر دەبینێ و خۆی گەورە دەبینێ و ئەڵێ:((أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ))، واتا: من لەو(ئادەم)چاکترم.

بەڵگەی بۆ ئەوەش، ئەو ماددەیە بوو کە پێیەوە دروستکراوە، ئەو لێکدانەوەیە وەهای لێکرد ڕەتیبکاتەوە سوجدە بۆ ئادەم ببات و لەفەرمانی خوای گەورەش یاخیبوو.

نەزانی و ستەم و خۆبەگەورەزانین و حەسوودی و سەرپێچیکردنی لەخۆیدا کۆکردەوە، بەبۆچوون و عەقڵ ڕەخنەی لەدەقی فەرمانی خوا گرت، بەوە گەورەترین سووکایەتییەکی بەخۆی کرد لەکاتێکدا ویستی گەورەڕاگرتنی خۆی و بەرز ڕاگرتنی

خۆی هەبوو. زیانێکی بەسەر خۆیدا هێنا، ئەگەر گەورەترین دوژمنی هەولّی ئەوەی لەدژ بدابایە، نەیدەتوانی. ئاخۆ کەسێك فێڵی ئاوەها لەخۆی بکات، چۆن عاقڵێ گوێی لێ دەگرێت و دۆستایەتیی ئەو قبوڵ دەکات؟!

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُواْ لِأَدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبْلِيسَ كَانَ مِنَ ٱلْجِنِّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِۦٓ ۗ أَفَتَتَّخِذُونَهُۥ وَذُرِّيَّتَهُۥٓ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِى وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌّۢ ۚ بِئْسَ لِلظَّٰلِمِينَ بَدَلًا ﴿٥٠﴾ ﴾ **الكهف: ٥٠**، واتا: بیریان بهێنەرەوە کاتێك بە فریشتەکانمان وت سوژدە بەرن بۆ ئادەم ئەوانیش هەموو سوژدەیان برد جگە لە ئیبلیس نەبێت کە لە پێڕی پەرییەکان بوو بۆیە لە فەرمانی پەروەردگاریان دەرچوو ئایا ئێوە(ئەی ئادەمیزادەکان)ئەوو نەوەی دەکەنە دۆست و پشتیوانی خۆتان لە جیاتی من لە کاتێکدا کە ئەوان دوژمنی ئێوەن ئای چ گۆڕینەوەیەکی خراپە بۆ ستەمکاران.

- **فێڵی شەیتان لەدایك و باوکی مرۆڤایەتی:**

خوای گەورە چیرۆکی ئەوی لەگەڵ ئادەم و حەوا گێڕاوەتەوە[1]. ئیبلیس بەردەوام بوو لەوەی بیانخەڵەتێنێ و دووریان بخاتەوە، ئومێدی مانەوەی لەبەهەشت بۆیان دروست دەکرد، هەولّی دەدا هەتا ئەوەی بەخوا سوێندی خوارد کە راستگۆیە لەو قسەیەیدا، بەجۆرێ سوێندی خوارد کە ئادەم و حەوا لەقسەکەی دڵنیابوون و بەڕاستیان زانی، بەگوێیان کرد، بەوە کۆست و بەڵا و دەرکردن لەبەهەشت و روتبوونەوەیان بەسەردا هات، ئەوەش بەفێڵی شەیتان کە پێشتر ئەوە نووسرابوو، قەدەری دەرچوون لەبەهەشت بەو جۆرە بوو، بەڵام خوای گەورە فێڵەکەی دایەوە

---

١ - لەسورەتی الأعراف: ٢٠-٢٢.

بەسەر شەیتاندا و بەبەزەیی و لێخۆشبوونی خۆی، فریای ئادەم و حەوا کەوت، بەباشترین و جوانترین شێوە ئادەم و حەوای گەڕاندەوە بەهەشت و فێڵی شەیتانیشی دایەوە بەنێو چاوی شەیتاندا: ﴿ وَلَا يَحِيقُ ٱلْمَكْرُ ٱلسَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِۦ ﴾ فاطر: ٤٣، واتا: فێڵ و پیلانی خراپ تەنیا زیان بە خاوەنەکەی دەگەیەنێ.

ئەو دوژمنەی خوا وەهای گومان کرد، لەو شەڕەدا براوە دەبێ و بەمانەی نەزانی: ﴿ قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٢٣﴾ ﴾ الأعراف: ٢٣، واتا: هەردووکیان وتیان ئەی پەروەردگارمان ئێمە ستەممان لە خۆمان کرد جا ئەگەر لێمان نەبوری و میهرەبانیمان لەگەڵ نەکەیت سوێند بەخوا بێگومان ئێمە لەزیانباران دەبین.

هەروەها بەپێشوازیکردنی خوای گەورە لەتەوبە: ﴿ ثُمَّ ٱجْتَبَٰهُ رَبُّهُۥ فَتَابَ عَلَيْهِ وَهَدَىٰ ﴿١٢٢﴾ ﴾ طه: ١٢٢، واتا: پاشان پەروەردگار هەڵیبژاردو(بۆ پێغەمبەرێتی) و تەوبەی لێ قبوول کردو رێنموونی کرد.

ئەو نەفرەتییە بەنەزانی و نەفامیی خۆی وەهای گومان دەکرد، کە خوای گەورە دەستبەرداری ئەو هەڵبژاردە و خۆشەویستەی خۆی دەبێ، کە بەدەستی خۆی دروستیکردووە و لەڕوحی خۆی فووی خستووەتەبەر و فەرمانی دا فریشتەکان بۆی بچنە سجود و هەموو ناوەکانی فێر کردو لەباشترین خواردنی پێ دا بیخوات.

نەیزانی کە پزیشک، پێش ئەوەی نەخۆش چارەسەر بکات، فێری دەرمانی کردووە، نەخۆش کە هەستی بەنەخۆشیی کرد، دەستپێشخەریی بکات بۆ دەرمان، ئینجا کە دوژمن بریندار کرد و نەیگەیاندە کوشتن، بریندار و نەخۆش فریای تیمارکردنی خۆی کەوت، بەجۆرێ چاکبوویەوە وەک ئەوەی بریندار و دەردەدار نەبووبێ.

شەیتانی دوژمن تووشی تاوان بوو، بەڵام سوور و پێداگریی لەسەر کرد و رەخنەی گرت و تانەی لەحیکمەتی خوا دا، پەشیمان نەبوویەوە لەسەر ئەو کردارەی و پاشگەز نەبوویەوە، بەڵام ئادەمی خۆشەویست کە تووشی تاوان هات، دانی بەتاواندا نا و تەوبەی کردو پەشیمانیی کێشا، کزۆڵیی نواند بەرانبەر بەخوای گەورە و پەنا و هاواری بردە لای خوای گەورە، ئەوەش یەکتاپەرستی و داوای لێخۆشبوونە، بۆیە خوای گەورە گلەیی لەسەر هەڵگرت و لەتاوانەکەشی خۆش بوو، تەوبە لەئادەم وەرگیرا و دەرگای بەزەیی و هیدایەتی لەهەموو لایەکانەوە بۆ کرایەوە، لە ئەو و نێمەی وەچەکان، هەرکەسێ لەو باوك و باپیرەی خۆی بچێ و بەو بکات، ستەم ناکات.

هەرکەسێ تەوبەو داوای لێخۆشبوون سیفەت و جوامێریی بێ، بۆ باشترین سیفەت و جوامێرییەك رێنیشاندەریی دەکرێت.

- **فێڵی شەیتان لەکوڕی ئادەم:**

پاشان فێڵی لەکوڕێکی ئادەم کرد، بەردەوام بوو لەگەڵی هەتا بەوەی گەیاند براکەی خۆی بکوژێت، دایك و باوکی خۆی لەخۆی تووڕە کرد، لەخوا یاخیبوو، کوشتنی بۆ مرۆڤەکان داهێنا، لەسەحیحدا لەپەیامبەری خواوە(ﷺ) سەلماوە فەرموویەتی[1]:«مَا مِنْ نَفْسٍ تُقْتَلُ ظُلْمًا إِلَّا كَانَ عَلَى ابْنِ آدَمَ الْأَوَّلِ كِفْلٌ مِنْ دَمِهَا ذَلِكَ لِأَنَّهُ أَوَّلُ مَنْ سَنَّ الْقَتْلَ»،واتا:هەرکەسێ بەستەم بکوژرێت، کوڕی یەکەمی ئادەم لەکوشتنیدا بەشدارە، چونکە یەکەم کەسێك بوو کوشتنی داهێنا.

---

١ – بوخاری(٣٣٣٥) و موسلیم(١٦٧٧) گێڕاویانەتەوە لەئیبن مەسعودەوە.

شەیتانی دوژمن، فێڵی لێکرد برای خۆی بکوژێ، ئازاری دایك و باوکی خۆی بدات، پەروەردگاری تووڕە بکات و لەژمارەی خۆیان کەم بکاتەوە و ستەم لەخۆی بکات و خۆی بخاتە بەردەم گەورەترین سزاوە، لەباشترین پاداشت خۆی بێ بەش بکات.

- **فێڵی لەپەرتەوازەکردنی ئوممەتدا:**

پاشان فێڵی هاتەسەر دامەزراویی و ئیستیقامەت و یەك ئوممەت و ئایین و یەکتاپەرستی. خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا كَانَ ٱلنَّاسُ إِلَّآ أُمَّةً وَٰحِدَةً فَٱخْتَلَفُوا۟ ۚ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِىَ بَيْنَهُمْ فِيمَا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿١٩﴾﴾ یونس: ١٩، واتا: خەڵکی لە ڕابوردودا هەریەك ئوممەت بوون(بڕوا دار بوون بەخوا)ئینجا جیاواز بوون وە ئەگەر بڕیارێ پێشتر نەدرایە لە لایەن پەروەردگارتەوە ئەوا بڕیار دەدرا لە نێوانیاندا لەوەی کە تێیدا جیاواز بوون.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿كَانَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً فَبَعَثَ ٱللَّهُ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ ٱلنَّاسِ فِيمَا ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ ۚ﴾ البقرة: ٢١٣، واتا: ئادەمی یەك کۆمەڵ بوون(بە سرووشت)ئینجا خودا پێغەمبەرانی نارد بە موژدەدەر و ترسێنەر وە کتێبی ڕاستی و دروستی لەگەڵدا ناردونە خوارەوە تا بڕیار بدات لەناو خەڵکی دا لەو شتانەی کە دووبەرەکی بوون تیایدا.

ئیبن عەباس ئەڵێ:((خەڵکیی لەپێشتردا یەك ئوممەت بوون: هەموویان لەسەر ڕێبازی ئیسلامەتیی بوون)). ئەوە قسە و بۆچوونی دروستە لەبارەی ئەو ئایەتەوە.

مەبەست ئەوەیە، ئەو دوژمنەی خوای گەورە، فێڵ و یاریی پێ دەکردن هەتا کردنیە دوو بەشەوە: بێباوەڕ و باوەڕدار، ئینجا فێڵی لێکردن کە ئەوانی کردە بتپەرست و ڕەتکردنەوەی زیندووبوونەوە.

یەکەمین شتێك بەهۆیەوە فێڵی لەبتپەرستان کرد، لەڕێگەی فێڵی هێشتنەوەیانەوە بوو بەدەوری گۆڕ و کێشانی وێنەی مردوو تاوەکو یادیان بکەنەوە هەروەك خوای گەورە لەقورئانەکەیدا ئەو چیرۆکەی ئەوانی گێڕاوەتەوە و فەرموویەتی:﴿ وَقَالُواْ لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا ﴿٢٣﴾ ﴾ نوح: ٢٣، واتا: وتیان: دەست هەڵ نەگرن لە بت و خواکانتان وە دەست هەڵ نەگرن لە(پەرستنی)ود و سواع و یەغووث و یەعوق و نەسر .

بوخاری لەسەحیحەکەیدا[1] لەئیبن عەباسەوە(خوای گەورە لێخۆی و باوکی رازیی بێ) ئەڵێ:((ئەمانە کۆمەڵێ ناوی پیاوچاکانی قەومی نوحن، کە مردن، شەیتان چپاندی بەگوێی قەومەکەیاندا: کە لەو مەجلیسانەی لای ئەو پیاوچاکە دادەنیشتن جاران، کۆمەڵێ پەیکەر بەناوی خۆیانەوە دروست بکەن، ئەوانیش ئەوەیان کرد، سەرەتا ئەو بتانە نەدەپەرستران، کە ئەو خەڵکە مردن و زانست نەما، دەستکرایە پەرستنی ئەو بتانە)).

***

١١) یارییکردنی شەیتان بەبتپەرستان

کۆمەڵێ هۆکار هەیە شەیتان بەهۆیەوە یاریی بەبتپەرستان کردووە، هەر یەکەو بەپێی عەقڵی خۆیان هۆکاری بۆیان هێناوەتەوە:

کۆمەڵێکی بانگەواز کردووە بۆ بتپەرستی، ئەوەش لەڕێگەی مەزن راگرتنی مردووانەوە، ئەوانەی کە پێشتر باسمان کرد لەبارەی قەومی نوحەوە(سەلامی خوای لەسەربێ)، کە لەسەر وێنەی کەسانی مردوو بتیان داتاشی، لەبەر ئەوەیە پەیامبەری خوا(ﷺ) نەفرەتی کردووە لەوانەی لەسەر گۆڕ، مزگەوت دروست دەکەن. نەهی

---

١ – پێشتر تەخریج کراوە.

کـردووه لەنوێـژکردن رووەو گـۆڕ و داوای لـەخوای پـەروەردگار کـردووه گۆڕەکـەی نەکرێته بتێك و بێەرستڕێت، نەهی کردووه لەئوممەتەکەی که گۆڕەکەی بکەنە شوێنی جەژن و فەرموویەتی: :" اللَّهُمَّ لَا تَجْعَلْ قَبْرِي وَثَنًا يُعْبَدُ" اشْتَدَّ غَضَبُ اللهِ عَلَى قَوْمٍ اتَّخَذُوا قُبُوْرَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ"[1]،واتا: خوایە گیان وەها نەکەی گۆڕەکەم بکرێته بتێك و بێەرستڕێت. تووڕەیی خوا بەسەر قەومێکدا تووند هاتووەتەوە بـەهۆی ئـەوەی گـۆڕی پەیامبەرانیان کردووەته شوێنی خواپەرستی.

فەرمانی داوە بەتەختکردنی گۆڕ و شکاندنی بتەکان.

هاوبەش پەیداکەران بەوە رازیی نەبوون و لەهەموویدا پێچەوانەیان کردووە، ئەوەش یـان بەنـەفامی یـان بەسەرسـەختیکردن لەبەرانبـەر یەکتاپەرسـتان و ئـەوەش هـیچ زیانێکی لێ نەدان. ئەوەش هۆکاری زاڵی تەواوی هاوبەش پەیداکەرانی نەزانە.

هەرچی کەسانی تایبەتی هاوبەش پەیداکەرانە، ئـەوەش بەقسـەی خۆیـان، لەسـەر وێنەی ئەستێرەی کاریگـەر بـەلای خۆیانـەوە وەریـانگرتووە، مـاڵ و دەرگاوانیـان بـۆ داناوە و سەردانی دەکەن و قوربانیی بۆ ئەنجام دەدەن!

لەوانـە: ماڵێـك لەسـەر چـیایەك لەئەسـبەهان، هەنـدێ پەیکـەری تێـدا هـەبوو لەپادشایانی مەجوس دەریانکردو کردیانە ماڵی ئاگر.

لەوانە: مـاڵی دووەم و سێیەم و چـوارەم لەسـەنعا کـە هەنـدێ هاوبـەش پەیداکـەر بەناوی ئەلزوهرەوە دروستیان کـردو عوسمـانی کـوڕی عـەفان(رەزای خـوای لـێ بـێ) کاولی کرد.

لەوانە: ماڵێك که قابووسـی پادشـا بـەناوی خـۆر لەشـاری فەرغانـە دروسـتی کـرد، موعتەسەم رووخاندی.

---

١ – پێشتر تەخریج کراوە.

تووندترین ئوممەتێك لەو جۆرە هاوبەش پەیداکردنەدا، هیندە.

یەحیای کوڕی بیشر ئەڵێ: شەریعەتی هیند پیاوێك داینناوە پێیووتراوە: بەرهەمەن[1]، بەرهەمەن[1]، گەورەترین مالێکی بۆیان دروستکرد لەشارێك لەشارەکانی سیند و بتەگەورەکەی تیایدا دانا و وەهای دانا لەخودی وێنەی گەورەدا دروستکراوە!

لەهینددا بەنزیکەی دوو هەزار فەرسەخ ڕێ، خەڵکیی دەچنە سەردانی، ئەو کەسەی دەچێتە سەردانی، دەبێ هەرچی پارەیەك لەتوانایدا هەیە لەگەڵ خۆیدا بیبات، لەسەد بۆ دە هەزار، نابێ لەسەد کەمتر و لەدە هەزار زیاتر بێ، لەوێدا ئەیخاتە سنووقێکی گەورەوە و بەدەور ئەو بتەدا دەسووڕێتەوە!

بنچینەی ئەو مەزهەبە لەهاوبەش پەیداکەرانی سابیئەوە دروستبووە، ئەوانە قەومی ئیبراهیم بوون(سەلامی خوای لەسەربێ) کە مونازەری کردن و بەبەڵگەوە پووچەڵیی هاوبەش پەیداکەرییانی دەرخست،بەزانستی خۆی،بیانوویانی نەهێشت، بەدەستی خۆیشی خواوەندەکەیانی تێکشکاند، بەو هۆیەوە داوای سووتاندنی ئیبراهیمیان کرد[2]. ئەوەش مەزهەبێکی کۆنە لەجیهاندا و جۆرەها خەڵك پەیڕەوی دەکەن!!

- **مانگ پەرستان:**

کۆمەڵێکی تر هەن مانگیان کردووەتە خوای خۆیان و وەهایان داناوە، کە مانگ شایستەیە بەمەزن ڕاگرتن و پەرستن، کاروباری ئەم جیهانە نزمە بەڕێوە دەبات.

بەشێك لەشەریعەتەکەیان ئەمەیە: پەیکەرێکیان بۆ داتاشیوە لەسەر شێوەی گوێرەکەیەك کە چوار دانە ڕایەکێشن، بتێکی لەگەوهەر دروستکراوی لەدەستە و دەیپەرستن، کڕنۆشی بۆ دەبەن و لەهەموو مانگێکدا چەند ڕۆژێکی دیاریکراویان هەیە

---

١ – دامەزرێنەری ئایینی بەرهەمییەتە.

٢ – هەروەك لەئایەتەکانی سورەتی الأنعام:٧٤–٨٣ و ئایەتەکانی سورەتی الأنبیاء:٥١– ٧١ هاتووە.

تیایدا بۆی بەڕۆژوو دەبن، پاشان بەخواردن و خواردنەوە و خۆشییەوە دێنەلای، کە لەخواردن و خواردنەوە بوونەوە، دەستدەکەنە سەما کردن و گۆرانی وتن و مۆسیقا ژەنین لەبەردەمیدا!!

هەندێکیان هەیە کۆمەڵە بتێک دەپەرستن لەوێنەی ئەستێرە و بەقسەی خۆیان روحانەتەکانیانن، کۆمەڵێ هەیکەل و پەرستگایان بۆیان دروستکردووە، هەر ئەستێرەیەک بتێکی تایبەت بەخۆی بۆ دروستکراوە، بۆ هەر بتێک پەرستنێکی تایبەتی بۆ ئەنجام دەدەن.

سەرچاوەی هەموویان بتپەرستییە، هەر بتێک شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ پەرستن و ئیعتیکاف کردن بەدەوریدا.

ئەو بتانە لەبنەڕەتدا لەسەر شێوەی پەرستراوێکی نادیار دانراوە، لەسەر شێوە و رەنگی ئەو نادیارە بتکە دروستکراوە تاوەکو جێگرەوەی ئەو بێ و کاری ئەو هەڵبسوڕێنێ، ئەگەرنا هیچ عاقڵێك نییە بەدەستی خۆی دارێك دابتاشێ یان بەردێك بنەخشێنێ و پاشان وەها باوەڕ بکات ئەوە خواوەندو پەرستراوی ئەوە.

یەکێك لەهۆکارەکانی پەرستنی بت، ئەوەیە شەیتان دەچێتە نێو ئەو بتەوە، لەنێو بتەکەدا قسە لەگەڵ ئەو کەسانە دەکات و هەندێ شتی نادیاریان پێ دەڵێ و هەندێ شتی شاراوەی خۆیانیش پێ دەڵێ، ئەمە لەکاتێکدا ئەوان شەیتان نابینن، نەزانی و نەفامیی خۆیانە بەوەی گەیاندوون وەها بزانن ئەوەی قسەیان لەگەڵدا دەکات خودی بتەکەیە، عاقڵەکانیان ئەڵێن: ئەوە روحانیاتی ئەو بتانەیە قسەیان لەگەڵدا دەکەن، هەندێکی تریان ئەڵێن: ئەوە فریشتەکانن ئەوان دەدوێنن. هەندێکی تریان ئەڵێن:ئەوە عەقڵە پەتی و ئەپستراکەکانە. هەندێکی تریان ئەڵێن: ئەوە روحانیاتی تەنە ئاسمانییەکانن. زۆربەیان گوێ نادەن بەوەی چی پەیمانێکیان داوە، بەڵکو هەر

ئەوەندە گوێیان لەبتەکە بوو، ئەیکەنە خواوەندی خۆیان و لەبارەی ئەودیو ئەو بابەتەوە ناپرسن.

بەتێکڕا، زۆربەی خەڵکی سەر زەوی بەبتپەرستی تووشهاتوون، تەنیا یەکتاپەرستان لەوە رزگاریان بووە، یەکتاپەرستانی شوێنکەوتووانی ئیبراهیم(سەلامی خوای لەسەر بێ) کە لەلایەن نوح(سەلامی خوای لەسەربێ) لەسەر رووی زەوی پەیڕەو دەکرا.

ئیبراهیمی پێشەوای یەکتاپەرستان وتوویەتی:﴿ وَٱجۡنُبۡنِي وَبَنِيَّ أَن نَّعۡبُدَ ٱلۡأَصۡنَامَ ۝٣٥ رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضۡلَلۡنَ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِۖ ﴾ **إبراهيم: ٣٥ - ٣٦،** واتا:خۆم و کوڕەکانم بپارێزە و دوورخەرەوە لەی بتەکان بپەرستین ئەی پەروەردگارم بێگومان ئەو بتانە زۆر لە خەڵکیان گومڕا کردووە(و لایان دان لەڕێگەی ڕاست).

ئەو ئوممەتانەی کە خوای گەورە بەجۆرەها شێوازی جیاواز لەنێوی بردن، بەهۆی ئەوەوە بوو بتپەرست بوون، هەروەك خوای گەورە لەقورئاندا لەبارەی ئەوانەوە گێڕاویەتییەوە و باسی رزگارکردنی پەیامبەران و شوێنکەوتە یەکتاپەرستەکانیانی کردووە.

ئەوەی بەس بێ بیزانین لەبارەی ئەوەی ئەوان زۆرینەی خەڵکی سەر زەوی بوونە و زیاتر بناسرێن، ئەوەیە لەلایەن پەیامبەر(ﷺ)ەوە هاتووە فەرموویەتی:"أن بَعْثَ النارِ مِنْ كُلِّ ألفٍ تِسعُ مِئةٍ وتِسعةٌ وتِسعونَ"[1]،واتا: لەهەر هەزار کەسێك، نۆسەد و نەوەد و نۆ کەس دەچنە دۆزەخەوە.

پەروەردگار فەرموویەتی:﴿ فَأَبَىٰٓ أَكۡثَرُ ٱلنَّاسِ إِلَّا كُفُورٗا ۝٨٩ ﴾ **الإسراء: ٨٩،** واتا:زۆربەی خەڵکی نایانەوێت جگە لە سپڵەیی و بێ باوەڕی.

---

١ – بوخاری(٣٣٤٨) و موسلیم(٢٢٢) گێڕاویانەتەوە لەئەبو سەعیدەوە.

هـەروەها فەرموویـەتی: ﴿ وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِى ٱلْأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾ **الأنعام: ١١٦،** واتا: ئەگەر تۆ گوێ ڕایەڵی زۆربەی ئەوانە بیت لەسەر زەویدان لـە ڕێگـەی خوا گومڕات دەکەن.

هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَمَآ أَكْثَرُ ٱلنَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ ﴿١٠٣﴾ ﴾ **یوسف: ١٠٣،** واتا: زۆربەی خەڵکی هەرچـەند تـۆ سووربیت(لەسـەر بـاوەڕ هێنانیان)نابنـە ئیماندار.

هەروەها خوای بـەرز و بااڵدەسـت فەرموویـەتی: ﴿ وَمَا وَجَدْنَا لِأَكْثَرِهِم مِّنْ عَهْدٍ ۖ وَإِن وَجَدْنَآ أَكْثَرَهُمْ لَفَـٰسِقِينَ ﴿١٠٢﴾ ﴾ **الأعراف: ١٠٢،** واتا: زۆربەی ئەوانمان نەدی خاوەنی هیچ پەیمانێك بن بەڕاستی زۆربەیانمان دی سەرپێچی کەر(و تاوانبار)بوون.

ئەگـەر فیتنـەی پەرسـتنی بـت و پەیکـەران گـەورە نـەدەبوو، ئـەوە خەڵکـە بتپەرستەکان خۆیان و سەروەت و ماڵ و منداڵیان لەپێناویاندا بەخت نەدەکرد، ئەوان لەنێوچوونی براکانیان دەبینن کەچی خۆشویستن و مـەزنڕاگرتنیان بـۆ بتـەکان زیـاتر دەبێت، ئامۆژگاریی یەکتر دەکەن بەخۆڕاگرتن لەسەر ئەوە و چوونە ژێر باری جۆرەها ئازار و ناخۆشی بۆ سەرخستنی ئەو بتانە و پەرستنیان. ئـەوان هـەواڵی نەتـەوەکانی پێشتر دەزانن کە بەفیتنەی بتپەرستیی تووشهاتبوون و چی سزایەکی دونیاییـان بـەو هۆیـەوە بەسـەردا هـاتووە، کەچـی لـەو کردەوەیـەی خۆیـان تووشـی هـاتوون، ئـەوە نایانگێڕێتەوە.

فیتنەی تووشهاتن بەبتپەرستی، سەختترە لەفیتنەی تووشـبوون بەعیشـقی وێنـە و فیتنەی خراپەکاری. عاشق ترسـی سـزای دونیـا و ئـاخیرەت لـەوە نایگێڕێتـەوە. ئـەو هەموو ئازار و سزا و لێدان و بەندکردن و کۆت هەژارییانە دەبـینێ و ئەوەشـی خـوای

گەورە لەئاخیرەت و بەرزەخ بەسەر ئەو کەسانەدا هێناوێتی، کەچی پێداگرتر و سوورتر دەبێ لەگەیشتن و دەستخستنی پێویستییەکەی.

بێگومان فیتنەی تووشبوون بەپەرستنی بت و پەیکەران سەختترە، دڵ زیاتر پێی هۆگر دەبێت زیاتر لەهۆگربوون و بەخوا زانینی ئەو وێنانەی کە زۆرجار خراپەکاریی پێ مەبەستە.

قورئان و تەواوی کتێبە ئاسمانییەکان لەسەرەتایانەوە تاوەکو کۆتایی، راشکاوانە باس لەپووچەڵیی ئەو ئایینە و بێباوەڕیی شوێنکەوتەکانیان کردووە، رایانگەیاندووە کە ئەوانە دوژمنی خواو پەیامبەرانی خوان، دۆست و بەندەی شەیتان و خەڵکی دۆزەخن، ئەو خەڵکەی کە لەدۆزەخ دەرناکرێن و سزایان بەسەردا جێبەجێ بووەو ئازار و سزایان بەسەردا دابارییووە، خواو پەیامبەرانی و فریشتەکانیشی بەرین لەو کەسانە، خوای گەورە لێیان نابوورێت و هیچ کارو کردەوەیەکیان لێ قبوڵ ناکات.

ئەمە بەپێویست لەئایینی یەکتاپەرستییدا کارێکی روونە.

خوای گەورە بۆ پەیامبەرەکەی و شوێنکەوتە یەکتاپەرستەکانی، خوێن و ماڵ و ژن و منداڵانی ئەوانەی حەڵاڵ کردووە، فەرمانی پێیان کردووە لەهەرکوێدا پێیان گەیشتن، زەوییان لێ پاکبکەنەوە. بەجۆرەها سەرزەنشت سەرزەنشتی ئەوانەی کردووە، بەجۆرەها سزای سەخت هەڕەشەی لێ داوون، ئەوانە لەدۆڵێکدان و پەیامبەرانی خواش لەدۆڵێکی تردان.

- **هۆکارەکانی بتپەرستی:**

هەندێك لەهۆکارەکانی بتپەرستی،ئەمانەن:زیادەڕۆییکردن لەگەورەکردنەوەی مەخلوق، پێدانی پلەیەك لەسەرووی پلەی خۆی هەتا ئەوەی بەشێکی خوایەتی پێ دەدرێت، بەخوای گەورەیان شوبهاندووە، ئەوەش لێکچووواندنی واقیعە لەئوممەتەکاندا

کـه خـوای گـەورە پووچـەڵی کردووەتـەوە و پەیامبـەرانی خـۆی ڕەوانـە کـردووە و کتێبەکانی خۆی دابەزاندووە بەڕەتکردنـەوەی ئـەو بتپەرستییە و بەرپەرچدانەوەی بتپەرستان.

خوای گەورە ڕەتیدەکاتەوە و نەهی دەکات کە کەسی تر بکرێتە هاوشێوەی و ئـەو بکرێت بەهاوشێوەی هیچ شتێك. لەئوممـەتانی ناسـراودا ڕووی نـەداوە خـوای گـەورە بکرێتە نمونەی هیچ مەخلوقێکی، بەڵکو مەخلوقاتی خـوا بـەخوا شـوبهێنراوە، لـەهیچ کۆمەڵێکی ئادەمییدا شتی وەها نازانرێت، بەڵکو ئـەوەی دەزانرێـت لـەپێڕی هاوبـەش پەیداکەرانـدا، ئەوەیـە مـەخلوقێکیان گـەورە کردووەتـەوە و لەخۆشویسـتن و گـەورە ڕاگرتنیـدا ئەوەنـدە زیادەڕۆییـان کـردووە، تـاوەکو بـەخوای خالقیـان شـوبهاندووە، تایبەتمەندی خوایەتییان پێیان داوە و ڕاشکاوانە وتوویانە ئـەوە خواوەنـدە، ڕەتیـان کردووە یـەك خـوا هـەبێ و وتوویانـە: ﴿ وَٱصۡبِرُواْ عَلَىٰٓ ءَالِهَتِكُمۡۖ ﴾ ص: ٦، واتـا:خۆگر بـن لەسەر(پەرستنی)خواکانتان.

ڕاشـکاوانە ڕایانگەیانـدووە، ئـەوەی ئـەوان خواوەندێکـە و دەیپەرسـتن، تکـای لـێ دەکرێت و لێی دەترسێن، گەورە ڕادەگیردرێت و سوجدەشی بـۆ دەبردرێـت، بـەناوی سوێند دەخورێت و قوربانیی پێشکەش دەکرێت، هەتا ئەو تایبەتییانەی تری پەرستن کە تەنیا دەبێ بۆ خوای گەورە(الله) ئەنجام بدرێت.

هـەر هاوبـەش پەیداکـەرێك بەنمونـە وەربگریـت، پەرسـتراوەکەی بـەخوای گـەورە شـوبهاندووە، بـا لەهـەموو ڕوویەکـەوە بـەخوای گەورەشـی نەشـوبهاندبێ، تەنانـەت ئەوانەی بێباوەڕییان کردووە، خوای گەورەیان بەناتەواو وەسـفکردووە، وەك ئـەوەی وتوویانـە: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ فَقِيرٞ ﴾ آل عمران: ١٨١، واتا:بێگومـان خـوا هـەژارە. هـەروەها وتوویانە: ﴿ يَدُ ٱللَّهِ مَغۡلُولَةٌۚ ﴾ المائدة: ٦٤،واتا:خوا دەستی بەستراوە(پاکی بۆ خوا).

یان وتوویانە کاتێ خوای گەورە لەدروستکردنی جیهان بوویەوە، پشووی دا[1]، یان ئەوانەی کە کوڕ و هاوسەریان بۆ خوای گەورە بڕیار داوە، خوای گەورە زۆر بەرز و بڵندترە و ئەوان مەبەستیان نەبووە مەخلوق بکەنە بناغە و خاڵقی پێ بشوبهێنن، بەڵکو سەربەخۆ بەو شتانە وەسفیان کردووە.

پووچترین شتێکە بەو جۆرە وەسفی خوای گەورە بکرێت، چونکە ئەوە ناتەواوی و عەیبە، بابەتەکە تەنیا شوبهاندن نییە و رەتبکرێتەوە وەک ئەوەی هەندێ پووچەڵکارانی ئەهلی کەلام ئەیڵێن، کە بەڵگەیەکی عەقڵیی نییە بۆ رەتکردنەوەی ئەو ناتەواوی و عەیب دانە پاڵ خوای گەورە، بەڵکو لەو رووەوە رەتدەکرێتەوە کە شوبهاندنی تێدایە!

ئەگەر لەلایەن ئەوانەی خوای گەورە بەو سیفەتانە وەسف دەکەن، بەوانە بووترێت: ئێمە لەو رووەوە وەسفی خوای گەورە دەکەین کە هیچ مەخلوقێکی لەوەدا هاوشێوەی نییە، ئێمە بەجۆرێ بۆی دەسەلمێنین کە تیایدا هاوشێوەی مەخلوقی نەبێ، هەژاری و پێویستی و هاوسەرداری و خستنەوەی منداڵی بۆ دەسەلمێنین کە تیایدا لەهیچ مەخلوقێکی نەچێ، هەروەک چۆن ئێوە زانست و توانا و ژیان و بیستن و بینینی بۆ دەسەلمێنن کە لەوانەدا هاوشێوەی هیچ مەخلوقێکی نییە، قسەی ئێمەش نمونەی قسەی ئێوەیە لەو شتانەی بۆی دەسەلمێنن! ئەوە ناتوانن قسەی ئەوان پووچەڵ بکەنەوە و بەرانبەر دەبن، بەڵگەیەکیان پێ دەدەن ئەوەی قسەی ئەوان لەسەر هیچ بەڵگەیەکی عەقڵیی ناوەستێتەوە لەڕەتکردنەوەی ناتەواوی و عەیبدا، بەڵکو لەبەر شوبهاندن ئەوەی لێ نەرێ دەکرێت و رەت دەکرێتەوە، لەڕوویەکەوە

---

١ – وەک ئەوەی جولەکەکان وەهایان وتووە دەمیان بشکێ.

کۆمەڵێ سیفەتیان بۆ سەلماندووە کە شوبهاندن پێویست ناکات، ئەوکات ئەوانیش ئەڵێن: ئێمەش وەها ئەڵێین!

کە هەندێکیان زانی ئەوە شتێکی پێویستە بۆ خوا هەبێ و گومانیش لەوەدا نییە، پەنا دەبەنەبەر کۆڕایی و ئەڵێن: ئێمە بەکۆڕایی(إجماع) ناتەواوی و عەیبمان لەبەرانبەر خوای گەورە رەتکردووەتەوە. بەڵای ئەوانەوە کۆڕایی بەڵگەیەکی گومانییە(أدلة ظنية) نەک یەقینی،بەڵای ئەوانەوە، بەڵگەیەکی یەقینی و یەکلاکەرەوە نییە بەوەی خوای گەورە دوورە لەناتەواوی و عەیب.

ئەهلی سوونەت ئەڵێن: پاکڕاگرتنی(تنزیه)ی خوای گەورە لەهەر عەیب و ناتەواوییەک واجیبە بۆ زاتی خوای گەورە، هەروەک چۆن سەلماندنی سیفاتی کەمال و سوپاس واجیبە بۆ زاتی خوای گەورە، ئەوەش لەعەقڵ و فیترەت و تەواوی کتێبە ئاسمانییەکان و قسەی پەیامبەراندا لەهەر شتێکی تر دیارتر و روونترە.

سەیرە ئەوانە خۆیان گەیاندووەتە زانستێك،بەپێویست روون ئاشکرایە کە پەیامبەران بەو جۆرە وەسفی خوای گەورەیان کردووە و عەقڵ و فیترەت و بەڵگەکان بەڕاستیان خستووەتەوە، کەچی ئەوان هاتوون رەتیدەکەنەوە و ئەڵێن: ئەوە سەلماندنێکە بەرجەستەیی و شوبهاندن بۆ خوای گەورە دەهێنێ. لەجیاتی ئەو هەموو بەڵگەیانە، هاتوون ئەڵێن: لەبەڵگەی عەقڵدا شتێك نییە ئەو عەیب و ناتەواوییانە رەتبکاتەوە، بەڵکو بەهۆی شوبهاندنەوە رەتدەکرێنەوە.

لەسەرووی ئەوە پشتتێکردن و شەرمەزارییەکی گەورەتر بوونی نییە، سەلماندنی ئەو عەیب و ناتەواوییانە دژە بەکەمالی پیرۆزی خوای گەورە، چونکە خوای گەورە وەسفدارە بەپێچەوانەی قسەی ئەوان و لەهەموو رووپەکەوە ئەوە رەتدەکرێتەوە،

ڕەتکردنەوەی ئەوە، لەعەقڵدا ڕوون و دیارترە لەڕەتکردنەوە بەهۆی شوبهاندنەوە، ناکرێ شتێکی بۆ بسەلمێنین کە لەهیچ ڕوویەکەوە مەخلوقاتی پێ هاوشێوە نەکرێت.

مەبەست ئەوەیە، لەئوممەتانەدا نەبووە خوای گەورە بەمەخلوقاتی خۆی بشوبهێندرێت، مەخلوق بکرێتە بنچینە و خوای پێ بشوبهێندرێت، بەڵکو شوبهاندن لەئوممەتاندا، ئەوەیە کە لەخوایەتییدا بت و پەیکەرەکانی خۆیانیان بەخوا شوبهاندووە، ئەو شوبهاندنە بنچینەی بتپەرستییە، ئەوەیە کە ئەهلی کەلام پشتیان تێکردووە و باتڵبوونیان دەرنەخستووە، گرنگییان داوەتە ڕەتکردنەوەی شوبهاندنی خوا بەمەخلوق کە هیچ ئوممەتێکی بتپەرست ئەوەیان نەکردووە و نەناسیووە، جا ئەوانەی ئەهلی کیتاب لەوەدا ئەوەندە زیادەڕۆییان کردووە، هەتا ئەوەی سیفاتی کەمالی خوای گەورەیان ڕەتکردووەتەوە.

ئەمە شوێنێکی زۆر گرنگە، لەم شوێنەدا جیاوازیی نێوان ئەوە دەزانرێ کە خوای گەورە خۆی پاك و بێگەرد لێی دوورگرتووەو سەرزەنشتی هاوبەش پەیداکەرانی کردووە کە مەخلوقیان پێ شوبهاندووە، لەنێوان ئەوەی جەهەمییەت لەسیفاتی کەمالی خوای گەورەیان ڕەتکردووەتەوە، بەگومانی خۆیان قورئان بەڵگەی لەسەر ئەوە داوە و نەڕێکردنی پێ مەبەست بووە.

بەڵام قورئان پڕە بەبەڵگەی ڕەتکردنەوە و بەتاڵدانانی ئەوەی لەمەخلوقاتدا یەکێك هەبێ لەخوای گەورە بچێ یان هاوشێوەی بێ، قورئان ئەوەی مەبەستە، بەبەتاڵدەرکردنی کار و بۆچوونی هاوبەش پەیداکەران و ئەوانەی خوای گەورە بەشتی تر ئەشوبهێنن.

خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ فَلَا تَجْعَلُوا۟ لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾ ال بقرة:٢٢،واتا:هاوتا بۆ خوا پەیدا مەکەن کە ئێوە خۆتان دەزانن بێ هاوتایە.

هەروەها خوای گەورە ئەفەرموویت:﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ﴾ ال بقرة:٥٦١،واتا: کەسانی وا هەیە لە خەڵکی کە هاوبەشی زۆر بۆ خوا پەیدا دەکەن خۆشیان دەوێن وەک خۆشەویستی(ئیمانداران بۆ)خوا.

النِّدُّ: واتا هاوشێوە، فلانٌ نِدُّ فُلانٍ، ونَديدُهُ، واتا: فلانە کەس نمونە و هاوشێوەی فلانە کەسە.

حەسسانی کوڕی سابتیش وتوویەتی:

أَتَهْجُوهُ وَلَسْتَ لَهُ بِنِدٍ فَشَرُّكُمَا لِخَيْرِكُمَا الفِدَاءُ

واتا: ئاخۆ تۆ قسەی پێ دەڵێی لەکاتێکدا هاوشێوەی ئەو نیت.

پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) لەوەڵامی کەسێکدا کە پێیووتووە:(ئەگەر خوا و تۆ بتانەوێ) فەرموویەتی:"أَجَعَلْتَني للهِ نِدّاً"[1]،واتا: ئەوە تۆ منت کردە هاوتا و هاوشێوەی خوای گەورە.

ئیبن مەسعود و ئیبن عەباسیش وتوویانە:((لەپیاواندا کەسانێك مەکەن بەهاوتای خوای گەورە، لەسەرپێچیکردنی فەرمانی خوادا بەگوێیان بکەن)).

ئیبن زەید ئەڵێ:((الأنداد: بەخوا کردنی شتانێکە لەگەڵ خوای گەورەدا)).

زەجاج ئەڵێ:((واتا: هاوشێوە بۆ خوای گەورە دامەنێن)).

بۆیە ئەوەی خوای گەورە رەتیکردووەتەوە: شوبهاندنی مەخلوقە بەخوای گەورە، ئەوان ئەوەیان کرد هەتاوەکو لەمەخلوقاتیان کردە هاوشێوەی خوای گەورە و بیانپەرستن هەروەک چۆن خوای گەورە دەپەرستن، خوای گەورە لەئایەتەکەی تردا

---

١ – فەرموودەیەکی حەسەنە، بڕوانە تەخریجکردنی لەنامەکەمدا(التصفية والتربية وأثرهما في استئناف الحياة الإسلامية)(ص١٦).

دەفەرموێت:﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ﴾ ال بقرة: ٥٦١،واتا: کەسانی وا هەیە لە خەڵکی کە هاوبەشی زۆر بۆ خوا پەیدا دەکەن خۆشیان دەوێن وەك خۆشەویستی(ئیمانداران بۆ)خوا.

هاوشێوەی ئەوە، فەرمایشتێکی تری خوای گەورەیە کە دەفەرموێت:﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ وَٱلنُّورَ ۖ ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ ۝١﴾ الأنعام:١،واتا: لەخوا لادەدەن بۆ لای غەیری خوا، لەمەخلوقات دەکەنە هاوتا و هاوشێوەی خوای گەورە.

زەجاج ئەڵێ:((بزانە کە خوای گەورە خالقی ئەو شتانەیە کە لەو ئایەتەدا باس کراوە، هیچ شتێك نییە هاوشێوەی خالق بێ، بزانە کە بێباوەڕان هاوتا و هاوشێوە بۆ خوای گەورە دەگرن)).

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَمْلِكُ لَهُمْ رِزْقًا مِّنَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ شَيْـًٔا وَلَا يَسْتَطِيعُونَ ۝٧٣ فَلَا تَضْرِبُوا۟ لِلَّهِ ٱلْأَمْثَالَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ۝٧٤﴾ ال نحل: ٣٧ - ٤٧،واتا:ئەوان لە جیاتی خوا شتانێ دەپەرستن کە خاوەنی هیچ ڕزق و ڕۆزیەکی ئەوان نین نە لە ئاسمانەکان و نە لە زەویدا و ناشتوانن(ڕۆزیان)بدەن. کەواتە وێنە بۆ خوا مەهێننەوە بەڕاستی خوا دەزانێ و ئێوە نازانن.

خوای گەورە نەهی لێکردوون لەمەخلوقاتی بە هاوشێوە و نمونە بۆ بهێننەوە، نەهی نەکردووە خوا بەنمونە بۆ مەخلوقاتی بهێننەوە، کەس ئەوەی نەوتووە و نەکردووە.

لەفیترەت و خۆرسکی تـەواوی خەڵکییـدا، خـوای گـەورە بـەرزترین و بـەنرخترین و مەزنترە لەهەموو شتێك، بـەڵام ئـەوە تەشـبیهکارە هاوبـەش پەیداکـەرانن زیـادەڕۆیی لەپایەی ئەوانـەدا دەکـەن کـە گـەورەیان رادەگـرن و بـەخالق دەیانشـوبهێنن. خـوای گەورە لەدڵی هەموو مەخلوقاتدا لەوە گەورەترە کەسی تر بەبنچینە دابنرێت و خـوای گەورە بەکەس و شتی تر بشوبهێنرێت.

کەسێك کە نیازی گەورە راگرتنی خوای گەورەی هەبێ و خـوای گـەورە بەمـەخلوق بشوبهێنێ، ئەوە گەورە راگرتن نییـە، چـونکە خـوای گـەورە کـە مـەزنی مەزنەکانـە، بەشتی تری خوار خـۆی شـوبهاندووە، بەشـتێکی شـوبهاندووە کـە لەمـەزن راگـرتن و گەورەییدا هاوشێوەیی و بەراورد و نیسبەتێکیان لەنێواندا نییـە، مرۆڤـی عاقـڵ کـاری وەها ناکات.

مرۆڤ ئەگەر نیازی کەمکردنەوە و عەیبدارکردنی هەبێ، کەسانی گەورە بەناتـەواو و سەرزەنشتکراو دەشوبهێنێ نەك بەکاملّە چاك و ستایشکراوەکان.

لێرەدا ئەوە تێدەگەیەن و دەفامین، کە سەلماندنی سیفاتی کەمال بۆ خوای گەورە، شوبهاندن و هاووێنەکردن ناگەیەنێ، نە شوبهاندنی بەکەسانی کامـڵ نـە بەناتـەواوان، ئەوە ڕەتکردنەوەی ئەو سیفەتانەیە شوبهاندن بەنزم و ناتەواو و ناکاملّ دەگەیـەنێ و لەخۆ دەگرێت.

تـــۆش بڕوانـــە جەهەمییـــەت و شـــوێنکەوتەکانیان، ســـەرەتا شـــوبهاندنی سەرزەنشتکراویان هێنا، پاشان ئەوەیان خستەلاوە و ئینجا کەمالّ و ستایشی خوایان کردە تەشبیهو هاونمونە کردن، پێچەوانەی ئەوەی قورئان سەلماندوویەتی و لەهەموو ڕوویەکەوە هێناوێتی.

لەوانە، قسەی خوای گەورەیە کە فەرموویەتی: ﴿ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ﴿٤﴾ ﴾ الإخلاص/٤ واتا: هەرگیز هیچ کەس هاوشێوە و هاوتای نی یە.

خوای گەورە هاوشێوەیی و هاوتایی لەمەخلوق وەرگرتووە و بەهیچ شتێك ئەوان هاوتا و هاوشێوەی خالق نین، خوای گەورە نەیفەرموە: خوای گەورە هاوشێوەی هیچ کەسێك نییە، بەڵکو هیچ شتێك هاوشێوە بەخوای گەورە نییە.

نهێنی ئەوە لەوێدایە و مەبەست ئەوەیە، لەهیچ شتێکدا لەسیفات و تایبەتمەندییدا، مەخلوق هاوتا و هاوشێوەی خوای گەورە نییە، بەڵام ئەوەی بووترێت خوای گەورە هاوشێوە و هاووێنەی مەخلوق نییە، ئەمە پیاهەڵدانێکی تێدا نییە بۆ خوای گەورە.

ئەگەر بێتو پادشایەك یان کەسێك پیاهەڵدان بکرێت بەوەی، هاوشێوەی ئازەڵان و دار و بەرد نییە، ئەوە ستایش و پیاهەڵدان و کەمال نییە بۆ ئەو پادشا و کەسە، پێچەوانە بەوەی بووترێت: کەس مەکەنە هاوشێوە و هاوتای پادشا و وەك پادشا گوێرایەڵیی بکەن و گەورەی رابگرن و لەنێو ژێردەستانیدا هیچ کەسێك نییە هاوتا و هاوشان و هاووێنەی پادشابێ، ئەمە بۆ خۆی پیاهەڵدانێکی گەورەیە.

هەروەها خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١١﴾ ﴾ الشورى: ١١،واتا: هیچ شتێك بەوێنەی خوا نی یە وە ئەوە بیسەری بینایە.

خوای گەورە لەو ئایەتەدا مەبەستی ئەوەیە و رەتیدەکاتەوە لەگەڵیدا هاوبەش و پەرستراوێکی تر هەبێ شایستە بێ بەپەرستن و مەزن راگرتن وەك ئەوەی هاوشێوەکاران و هاوبەش پەیداکەران ئەنجامی دەدەن، مەبەستی ئەوە نییە سیفاتی کەمالی خۆی و بەرزیی بەسەر مەخلوقاتیدا رەتبکاتەوە، مەبەستی نییە قسەکردنی

خۆی لەڕێگەی کتێبەکان و دواندنی خۆی بۆ پەیامبەرانی و بینینی بەبینینی چاو لەلایەن ئیماندارانەوە لەبەهەشت رەتبکاتەوە، بینینێك بەنمونەی بینینی خۆر و مانگ بەڕۆشنایی و رووناکی. خوای گەورە لەمیانەی بەڕپەرچدانەوەی هاوبەش پەیداکەراندا ئەوەی باسکردووە، ئەو هاوبەش پەیداکەرانەی کە کەسانی تریان بەدۆست وەرگرتووە و دڵسۆزییان بۆ دەنوێنن، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهُ حَفِيظٌ عَلَيْهِمْ وَمَآ أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ ﴿٦﴾ وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا لِّتُنذِرَ أُمَّ ٱلْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا وَتُنذِرَ يَوْمَ ٱلْجَمْعِ لَا رَيْبَ فِيهِ ۚ فَرِيقٌ فِى ٱلْجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِى ٱلسَّعِيرِ ﴿٧﴾ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَهُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَلَٰكِن يُدْخِلُ مَن يَشَآءُ فِى رَحْمَتِهِۦ ۚ وَٱلظَّٰلِمُونَ مَا لَهُم مِّن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴿٨﴾ أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ ۖ فَٱللَّهُ هُوَ ٱلْوَلِىُّ وَهُوَ يُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٩﴾ وَمَا ٱخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِن شَىْءٍ فَحُكْمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبِّى عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ ﴿١٠﴾ فَاطِرُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا وَمِنَ ٱلْأَنْعَٰمِ أَزْوَٰجًا يَذْرَؤُكُمْ فِيهِ ۚ لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١١﴾ ﴾ الشورى: ٦ - ١١، واتا: ئەوانەی جگە لەخوا دۆستانێکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە خوا ئاگادار و چاودێرە بەسەریانەوە وە تۆ(ئەی موحەممەد(صلى الله عليه وسلم)) بریکار نیت بە سەریانەوە. هەروەها نیگامان کردووە بۆت قورئانێك(بە زمانی)عەرەبی بۆ ئەوەی خەڵکی مەککە و کەسانی دەورو بەریی بترسێنێ

وە(خەڵك)بترسێنێ لە ڕۆژیی کۆکردنەوە کە هیچ گومانی تێدا نیە کۆمەڵێك لە بەهەشتدان وە کۆمەڵێك لە ئاگریی بڵێسە داردان. وە ئەگەر خوا بیویستایە دەیکردن بەیەك نەتەوە(باوەڕدار یان بێ باوەڕ) بەڵام هەرکەسێکی بوێ دەیخاتە ناو میهرەبانی خۆیەوە ستەمکارەکانیش هیچ دۆست و یارمەتی دەرێکیان نی یە. ئایا ئەوان جگە لە خوا پشتیوان و دۆستانێکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە؟ هەر خوا پشتیوانی و دۆستە وە تەنها ئەو مردووان زیندوو دەکاتەوە وە ئەو بەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا. وە هەرشتێك کە تێیدا جیاواز بوون ئەوە بڕیارەکەی بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە ئەو خوایە پەروەردگاریی منە تەنها پشتم بەو بەستووە هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێمەوە. خوا بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی یە بۆی بەدی هێناون هاوسەران لە خودی خۆتان هەروەها لە ئاژەڵیشدا جووتی(داهێناوە)لە جووت بووندا ژمارەتان زۆر دەکات. هیچ شتێك بەوێنەی خوا نی یە وە ئەوە بیسەری بینایە.

تۆش بڕوانە و رابمێنە چۆن خوای گەورە ئەو نەرێکردنەی هێناوەتەوە بۆ سەلماندنی یەکتاپەرستی و پووچەڵکردنەوەی ئەوەی هاوبەش پەیداکەران پەیڕەوی دەکەن لەشوبهاندنی خوای گەورە بەخواوەندەکانیان و دۆستەکانی خوا بەخوا دەشوبهێنن هەتا ئەوەی لەگەڵ خوای گەورەدا دەیانپەرستن، کەچی شێوێنەران هاتوون ئەوەیان بەلاڕێدا بردووە و کردوویانەتە بەڵگە و قەڵغانی خۆیان لەڕەتکردنەوەی سیفاتی کەمالی خوای گەورە و حەقیقەتی ناو و سیفات و کردارەکانی خوای گەورە[1].

---

١ – تەواوی خەڵکانی لادەر وەها دەکەن، بەڵگە راستەکان بەجۆری گومڕایی و شێواندنی خۆیان لێك دەدەنەوە، پێویستە بانگەوازخوازانی ئیسلام لەو هاوبەش پەیداکردنە وریابن، ڕێگەی تێگەیشتن لەقورئان و سوونەت تێگەیشتنی پێشینی چاکەکارە(خوای گەورە لەهەموویان رازیی بێت)، ئەوە پارێزەرە لەتووشبوون بەلەخشتەچوون و تووشبوون بەفیتنە.

ئـــەو تەشـــبیهەی کـــە خـــوای گـــەورە بەڕەتکردنـــەوە و نـــەهی لێکـــردن هەڵیوەشـاندووەتەوەو پووچـەڵی دانـاوە، بنچـینەی هاوبـەش پەیـداکردنی جیهـان و بتپەرستییە، لەبەر ئەوەیە پەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـه وسـلم) نـەهیکردووە هـیچ کەسێك بۆ مەخلوقێکی هاوشێوەی سوجدە ببات، یان سوێند بەمەخلوق بخـوات، یـان رووەو گۆڕ نوێژ بکات، نەهی کردووە کەسێك بڵێت: ئەگەر خوا و فلانە کەس بیانەوێ[1] و هاوشێوەکانی تریش، ئەوە بەوریاییدان بووە لەو تەشـبیهەی کـە بنچـینە و بناغـەی هاوبەش پەیداکردنە.

بـــەڵام بابـــەتی ســـەلماندنی ســـیفاتی کـــەمالی خـــوای گـــەورە، ئـــەوە بنچـــینەی یەکتاپەرستییە.

بۆیـە رووبنوویـەوە کـە شـوبهێنەران، ئەوانـەن کـە مـەخلوق بـەخالق دەشـوبهێنن لەپەرستن و گەورە راگرتن و ملکەچی و سوێند پێ خواردن و نەزر بۆ کردن و سوجدە بۆ بردن و مانەوە لای ماڵەکەی و سەرتاشین بۆی و پشت بەستن پێی و هاوبەشکردنی لەگەڵ خوای گەورەدا، نمونەی قسەیان: تەنیا خوا و تۆم هەیە، من پشتم بەخوا و بـە تۆ بەستووە، ئەمە لەلایەن خواو تۆوەیە. خوا و تۆم بەسە، ئەگەر خوا و تۆ بتانەوێ، ئەمە بۆ خوا و بۆ تۆیە، هاوشێوەکانی تر.

بەڕاستی ئەوانە شوبهێنەرانن نەك یەکتاپەرستان، ئەوانـە نـین ئـەو شـتانە بـۆ خـوا بسەلمێنن کە خوای گەورە بۆ خۆی سەلماندوویەتی، ئەوانەیان رەتنەکردووەتەوە کە خـوای گـەورە لەبەرانبـەر خـۆی رەتیکردووەتـەوە، ئەوانـە نـین کـە هـیچ یـەك لەمەخلوقاتیان بەهاوتای خوا نەکردووە و کەسی تریان جگە لەخوا بەدۆست و تکاکار دانەناوە.

---

١ – هەموو ئەوانە بەئیسنادی سەحیح سەلمێنراون.

ئەگەر هەرکەسێك بەڕاستی لەو جیاکردنەوەیە رابمێنێ و بیربکاتەوە، بۆی روون دەبێتەوە چۆن بەبتپەرستی، فیتنە لەزەوییدا رووی داوە. بۆی روونەدەبێتەوە نهێنی لەوەدا چییە کە قورئان بەرپەرچی ئەو شوبهێنەرانەی داوەتەوە، بەتایبەت ئەگەر لەپاڵ ئەو شوبهاندنەدا لەکارخستنی سیفات و کرداریشیان وتبێ هەروەك بەسەریاندا زاڵە، ئەوان لەلایەکەوە سیفاتی کەمال لەخوای گەورە دوورەدەخەنەوەو لەلایەکی تریشەوە مەخلوقاتی پێ دەشوبهێنن، هەردوو شتیان لەخۆیاندا کۆکردووەتەوە.

- **سوودو کەڵك وەرگرتنی جنۆکە و مرۆڤ لەیەکتری:**

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ قَدِ اسْتَكْثَرْتُم مِّنَ الْإِنسِ ۖ وَقَالَ أَوْلِيَاؤُهُم مِّنَ الْإِنسِ رَبَّنَا اسْتَمْتَعَ بَعْضُنَا بِبَعْضٍ وَبَلَغْنَا أَجَلَنَا الَّذِي أَجَّلْتَ لَنَا ۚ قَالَ النَّارُ مَثْوَاكُمْ خَالِدِينَ فِيهَا إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ ۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴿١٢٨﴾ ﴾ الأنعام:١٢٨،واتا: ڕۆژێك(خوا) تێکڕا کۆیان دەکاتەوە(دەفەرمووێ) ئەی دەستە و کۆمەڵی جنۆکە ئێوە زۆر کەستان لە ئادەمیەکان گومڕا کرد وە دۆستەکانیان لە ئادەمی دەڵێن ئەی پەروەردگارمان هەندێکمان سوود و کەڵکمان لە هەندێکیان وەرگرت، وە بەو کاتە و مۆڵەتە گەیشتن کە بۆت دیاری کردبووین، خوا فەرمووی ئاگر شوێنتانە بە هەمیشەیی و بێ بڕانەوە دەمێننەوە تیایدا جگە لەو کاتەی کە خوا بیەوێ بەڕاستی پەروەردگارت دروستی زانایە.

واتا: زۆرتان کرد لەگومڕاکردن و لەڕێ دەرکردنیان.

ئیبن عەباس و موجاهید و ئەلحەسەن و ئەوانی تریش وتوویانە:((زۆرێکتان لێیان گومڕا کرد)).

خوای گەورە وەلامی دۆستەکانیان دەهێنێتەوە لەمڕۆڤ کە ئەڵێن: ﴿ رَبَّنَا ٱسْتَمْتَعَ بَعْضُنَا بِبَعْضٍ ﴾ واتا: هەندێکمان سوود و کەڵکمان لە هەندێکیان وەرگرت. چێژوەرگرتنی هەر جۆرێ بەوی تر[1].

کەڵک بینینی جنۆکە لەمرۆڤ، گوێڕایەڵی مرۆڤە بۆ ئەوان و جێبەجێکردنی فەرمانەکانیانە لەو بێباوەڕی و خراپەکاری و تاوانەی فەرمانیان پێ دەکەن، مرۆڤەکان جێبەجێی دەکەن، ئەوەش گەورەترین و زۆرترین ئامانجێکی جنۆکەیە لەچنگخستنی لەمرۆڤدا، ئەگەر مرۆڤەکان لەو نیازەدا گوێڕایەڵی ئەوان بوون، ئەوە جنۆکەکان بەئومێد و خەونی خۆیان گەیشتوون.

کەڵک بینینی مرۆڤیش لەجنۆکە: ئەوەیە یارمەتیدەری جنۆکە دەبن لەسەر یاخیبوون لەبەرانبەر خوای گەورە و هاوبەش بۆ پەیداکردن بەهەر شتێك توانایان بەسەردا بشکێتەوە: لەجوانکردن و رازاندنەوەی کردەی هاوبەش پەیداکردن و پاڕانەوە و بەجێهێنانی زۆرێك لەپێداویستییەکانیان و بەکارهێنانیان لەسیحر و جادووگری و فاڵگرتنەوە و شتانی تر. مرۆڤەکان لەو شتانەدا بەگوێی ئەوان دەکەن کە

---

١ – الشيخ محمد حامد الفقي(بەڕەحمەت بێ) لەقسەی لەسەر ئەمە ئەڵێ:((الاستمتاع: فراوانکردنی سوودبینین، واتا: هەر شەیتانێکی جنۆکە و مرۆڤ سوودیان لەخزمەتی ئەوی تر وەرگرتووە، بەئامانج و خەونی خۆیان گەیشتوون. ئامانجی شەیتانی جنۆکە، گومڕاکردن و سەرگەردان کردنی بەنی ئادەم و گەیاندنیانە بەبێباوەڕییکردن بەرانبەر بەخوای گەورە، ئامانج و خەونی شەیتانی مرۆڤیش، سەرۆکایەتی دونیا و خۆشییەکانی دونیا و ئەوەیە مرۆڤەکان ببنە گوێڕایەڵی و گەورەی رابگرن و بەجۆرێ پیرۆزی رابگرن کە سیخوڕی دڵ و خاوەن کار و پادشای بڕیاردەریان بێ و لەهەموو کاروبارێکی ژیاندا هەڵسوڕێنەریان بێ)).

جێی رازیبوونی جنۆکەن لەهاوبەش پەیداکردن و بەدڕەوشتی و تاوان، جنۆکەکانیش لەو شتانەدا بەگوێی مرۆڤەکان دەکەن کە جێی رازیبوونی مرۆڤەکانە لەڕووی کاریگەری و هەواڵدان لەبارەی هەندێ شتی غەیب و نادیارەوە. بۆیە هەردوو کۆمەڵ کەڵك و سوود لەیەکتر دەبینن.

ئەو ئایەتە بەسەر ئەو حاڵ و بارە شەیتانییانەدا دەچەسپێ[1] کە دەرخستنی شەیتانی و کاریگەریی شەیتانییان هەیە، ئەوان خەڵکانی نەفام و نەزان بەدۆستانی خوایان دەزانن، لەکاتێکدا دۆستانی شەیتانن[2]، گوێڕایەڵیی شەیتانیان کردووە لەهاوبەش پەیداکردن و سەرپێچیکردنی فەرمان و نەهی خوای گەورە و دەرچوون لەوەی خوای گەورە پێیەوە پەیامبەرانی خۆی ڕەوانە کردووە و کتێبەکانی پێ دابەزاندووە. لەبەرانبەر ئەو خزمەتانەی بەجنۆکەی دەکەن، ئەوانیش هەندێ کاریگەری و شتی غەیبییان بۆ ئاشکرا دەکەن، کەچی کەسانی کەم زانست و کەم ئیمان بەوە لەخشتە دەچن و دۆستایەتی دوژمنانی خوا و دوژمنایەتی دۆستانی خوا دەکەن. گومانی باش دەبەن بەوەی لەڕێگە و ڕێبازی خوا لای داوە و گومانی خراپ دەبەن بەوەی شوێن ڕێباز و بەرنامەی پەیامبەری خوا کەوتووە. هەڵوێستە ناکەن لەبەرانبەر قسەی جیاوازییکاران و دۆشداماوان و قسەی هەڵەق و بەڵەقی لەئایین دەرچووان و سۆفییگەران.

بەڵام ئەو مرۆڤە بەرچاوڕوونەی کە خوای گەورە بەنوور و ڕوناکیی ئیمان و مەعریفە بەرچاوڕوونی کردووە، کاتێك حەقیقەتی کاری زۆربەی مەخلوق دەزانێ و

---

١ – بانگەشەکارانی کەرامات و داهێنەرانی ویلایەت!!

٢ – شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە(بەڕەحمەت بێ) کتێبێکی جوانی هەیە لەو بارەیەوە بەناونیشانی(الفُرقان بەناونیشانی(الفُرقان بين أولياء الرحمن وأولياء الشيطان).

رەخنەگر و هەڵوێستەگر بێ، بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ئەو خەڵکە چوونەتە ژێر حوکمی ئەو ئایەتەوە و بەسەریاندا چەسپاوە.

مرۆڤی بەدکار و تاوانبار کەڵک لەشەیتان دەبینێ کاتێک شەیتان یارمەتیی دەدات لەڕەخساندنی هۆکارەکانی خراپەکاریی بۆی، شەیتانیش لەو کەڵک دەبینێ کاتێ فەرمانەکانی بۆ قبوڵ دەکات و بەگوێی دەکات، بەوە دڵخۆش دەبێ.

کەسی هاوبەش پەیداکەریش کەڵک بەشەیتان دەدات کاتێک شەیتان دەپەرستێ و دەیکاتە هاوبەشی خوا بۆ خۆی، کەڵک لەشەیتانیش وەردەگرێ کاتێ هاوکاریی دەکات بۆ هێنانەدی پێویستییەکانی و ئەو هاوکارییەی شەیتان لەوەدا پێشکەشی دەکات[1].

کەسێک کە زانست و شارەزایی نەبێت بەحەقیقەتی ئیمان و هاوبەش پەیداکردن و، نهێنی تاقیکردنەوەی خوای گەورە بۆ هەریەک لەمرۆڤ و جنۆکە نەزانێ، دەرکی ئەوە ناکات و زانستی پێ نابێ.

پاشان وتیان: ﴿وَبَلَغْنَآ أَجَلَنَا ٱلَّذِىٓ أَجَّلْتَ لَنَا﴾ الأنعام:٨٢١،باسی کاتی مەرگە، کاتی زیندووبوونەوە، هەردووکیان دوو کاتن خوای گەورە بۆ بەندەکانی داینـاوە، ئەو دوو کاتەن کە خوای گەورە لەبارەیانەوە فەرموویەتی:﴿ ثُمَّ قَضَىٰٓ أَجَلًا وَأَجَلٌ مُّسَمًّى عِندَهُۥ ﴾ الأنعام:٢،واتا: پاشان کاتێکی دیاری کردووە(بۆ مردن) وە کاتێکی دیاری کراویش لای خوای گەورە دانراوە(بۆ قیامەت).

خوای گەورە خۆی زاناترە، ئەمە وەک ئەوەیە ئامازەیەک بێ لەوانەوە بۆ جۆرێ دەستخستنی لێخۆشبوون و تەوبە، وەک ئەوەی بڵێن: ئەم فەرمانە هەتا کاتێ بوو، بەتەواوبوونی کاتەکەی کۆتایی هات و بەردەوام نەبوو، هەموو شتێکیش کۆتاییەکی

---

١ – بڕوانە:(تجريد التوحيد المفيد)(ص٥٢)ی ئەلمەقریزی، بەلێکۆڵینەوەی خۆم.

هەیە، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ قَالَ ٱلنَّارُ مَثۡوَىٰكُمۡ خَٰلِدِينَ فِيهَآ﴾ الأنعام:١٢٨،واتا: خوا فەرمووی ئاگر شوێنتانە بە هەمیشەیی و بێ بڕانەوە دەمێننەوە تیایدا.

ئەگەرچی کاتی کەڵک و سوودبینین کۆتایی هاتووە، ئەوە کاتی سزادان ماوە، بۆیە وەها گومان مەبەن بەبەسەرچوونی کاتی کەڵک و سوودبینین لەهاوبەش پەیداکردن و بێباوەڕیی و سوودبینینتان لەیەکتر، سزای کار و کردەوەکانتان بەسەرچووبێ.

مەبەست ئەوەیە: شەیتان یاریی بەهاوبەش پەیداکەران دەکات هەتاوەکو بەوەیان دەگەیەنێ بیپەرستن، خۆی و وەچەکانی لەجیاتی خوای گەورە بەدۆست بگرن.

- **فیرعەون:**

پاشان ئەم دەردە شۆڕبوویەوە نێو ئوممەتان و گرووپە لەکارخەرەکانی سیفاتی خوای گەورە. فیرعەون یەکێك بوو لەگەورەی لەکارخەرانی سیفاتی خوای گەورە، ئەوەی گواستەوە بواری کار و روون و راشکاو لەنێو قەومەکەیدا رایگەیاند و بانگەوازی بۆ کرد، رەتیکردەوە لەقەومەکەی کە جگە لەخۆی، خوایەکی تر بوونی هەبێ. رەتیکردەوە خوای گەورە بوونی هەبێ و لەسەر عەرشی خۆی بێ لەسەرووی ئاسمانەکانەوە، رەتیکردەوە خوای گەورە لەگەڵ موسای بەندەیدا قسەی کردبێ، لەوەدا موسای بەدرۆزن زانی، لەهامانی وەزیری داوای کرد هەورەبڕێك دروست بکات تاوەکو بەقسەی خۆی، لەوێوە بڕوانێتە خواوەندی موسا(سەلامی خوای لەسەربێ)،

ئەوە وەك بەدرۆزانینی موسا لەوەدا[1] بۆیە هەموو جەهەمییەك شوێنی كەوتن. ئەو بەدرۆی زانی خوای گەورە قسە بكات یان لەسەر عەرشی خۆی بێ لەسەرووی ئاسمانەكانەوە، تێكەڵ بەمەخلوقاتی نەبێ. قەومەكەی و شوێنكەوتەكانیشی لەسەر ئەوە دامەزراند هەتاوەكو خوای گەورە بەخنكان لەنێوی بردن و كردنییە پەند و وانە بۆ بەندە باوەڕدارەكانی و تۆڵەكردنەوەش لەدوژمنە لەكارخەرەكانی.

پاشان لەسەردەمی پەیامبەرایەتی موسای كەلیم اللە(سەلامی خوای لەسەربێ) دۆخەكە لەسەر یەكتاپەرستی و سەلماندنی سیفاتەكانی خوای گەورە و دواندنی موسا لەلایەن خواوە مایەوە، هەتا ئەوەی موسا(سەلامی خوای لەسەربێ) كۆچی دوایی كرد و ئەوە بوو كەسێك هاتەلای بەنی ئیسرائیل و لەكارخستنی سیفاتی خوای خستە

---

١ - ئەوەیە كە خوای گەورە لەقورئانە پیرۆزەكەیدا باسی كردووە:﴿ وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَٰهَٰمَٰنُ ٱبْنِ لِى صَرْحًا لَّعَلِّىٓ أَبْلُغُ ٱلْأَسْبَٰبَ ﴿٣٦﴾ أَسْبَٰبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ فَأَطَّلِعَ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّى لَأَظُنُّهُۥ كَٰذِبًا ۚ وَكَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِفِرْعَوْنَ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ وَصُدَّ عَنِ ٱلسَّبِيلِ ۚ وَمَا كَيْدُ فِرْعَوْنَ إِلَّا فِى تَبَابٍ ﴿٣٧﴾ ﴾ غافر: ٦٣ - ٧٣،واتا:فیرعەون وتی ئەی هامان كۆشكێكی بەرزم بۆ دروست بكە بەڵكو بگەمە ئەو ڕێگایانە. كە ڕێگاكانی(بەرز بوونەوەن بۆ)ئاسمانەكان بۆ ئەوەی(لەوێوە) سەیری خواكەی موسا بكەم وە بەڕاستی من وا گومان دەبەم ئەو(موسا) درۆزنە ئا بەو جۆرە ڕازێنرایەوە بۆ فیرعەون كردەوەی خراپی وە(بە هۆیەوە) بەرگری كرا لە ڕێگای ڕاست وە هەر فێڵ و پلانێكی فیرعەون هەبوو بە فیڕۆ چوو.

برای بەڕێزمان(أسامة القصّاص)(بەڕەحمەت بێ) كتێبێكی قەبارە گەورەی هەیە بەناونیشانی(إثبات علوّ الرحمن من قول فرعون لهامان) كە لەبواری خۆیدا كتێبێكی تاقانەیە.

پێویستە موسڵمانان و زانستخوازان وریابن و بزانن، كە جیاوازییان لەنێوان ئەوانی تری ئەهلی بیدەع و گومڕایان، جیاوازی و ناكۆكییەكی مەنهەجی و عەقیدەییە..

خوای گەورە لەئوسامەی برامان خۆش ببێ و بەهەشت بكاتە جێگەی و بەمنەت و بەخشندەیی خۆی لەگەڵ ئەودا لەفیردەوس كۆمان بكاتەوە.

نێوانیان و رووبان کردە زانستەکانی لەکارخستن و دوژمنانی موسا(سەلامی خوای لەسەربێ)، ئەو زانستانەیان پێشخست بەسەر دەقەکانی تەوراتدا، بۆیە خوای گەورە ئەو کەسەی زاڵکرد بەسەریاندا کە دەسەلاتیانی لەنێوبرد و لەخاکی خۆیان دەریکردن و وەچەکانیانی کردە سەبایە و کۆیلە، چونکە ئەوە سوونەتی خوای گەورەیە لەبەندەکانیدا، ئەگەر پشت لەوەحی بکەن و لەبری وەرگرتنی فەرمایشتی ئەو، قسەی بێباوەڕ و فەیلەسوفە لەکارخەرەکانی سیفاتی خوا و ئەوانی تر وەربگرن، ئاوەهایان بەسەردابهێنێ،هەروەک چۆن گاورەکانی زاڵکرد بەسەر ولاتانی رۆژئاوای ئیسلامییدا کە فەلسەفە و لۆژیکیان تێدا دەرکەوت و پییەوە سەرقاڵبوون، بەو هۆیەوە گاورەکان بەسەر زۆربەی ئەو ولاتانەدا زاڵهاتن و بوونە دەسەلاتدار بەسەریانەوە.

هەروەها کاتێ ئەوە لەولاتانی رۆژهەلاتدا دەرکەوت، خوای گەورە تەتاری بەسەریاندا زاڵکرد، زۆربەی ولاتانی رۆژهەلاتیان کاولکرد و بەسەریاندا زاڵبوون. هەروەها ئەوەی لەکۆتاییەکانی سەدەی سێ و سەرەتای سەدەی چواردا دەرکەوت کاتێ خەڵکی عێراق بەفەلسەفەو و زانستەکانی مولحیدانەوە خۆیان سەرقاڵکرد، خوای گەورە قیرامیتەی باتنیی بەسەریاندا زاڵکرد، چەندان جار سەربازانی خەلیفەیان تێکشکاند و دەستیان گرت بەسەر حاجیان و هەندێکیانیان لێ کوشتن و ئەوانی تریان بەدیلیی برد، هێزیان گەورە و بەهێزبوویەوە، زۆرێک وەزیر و نووسەر و ئەدیب و ئەوانی تر تۆمەتبار بوون کە لەژێرەوە لەگەڵ ئەواندان. خەڵکانی سەر بەبانگەوازی ئەوان زاڵبوون بەسەر ولاتی مەغریب و پایتەختەکەیان لەمیسر سەقامگیر بوو[1] و

---

١ – الشيخ محمد حامد الفقي لەسەر ئەمە ئەڵێ:((ئەوانە عوبەیدییەکان بوون کە بەدرۆوە نەسەبی خۆیان دابووە پاڵ فاتیمە....)).

لەڕۆژگاری ئەواندا قاهیرە دروست کرا، دەستیان گرت بەسەر شام و حیجاز و یەمەن و مەغریب، لەسەر مینبەری بەغدا بەناوی ئەوانەوە وتار دەخوێنرایەوە.

مەبەست ئەوەیە، ئەو دەردەی کە تێکەڵ بەبەنو ئیسرائیل بوو، بووە هۆکاری وێرانبوون و لەنێوچوونی پادشایەتییەکەیان.

- **گاورەکان:**

پاشان خوای گەورە بەندە و پەیامبەر و وتەی خۆی مەسیحی کوڕی مەریەمی نارد، ئەویش ئایینی بۆیان نوێکردەوە، ڕێنماییەکانی ئایینی بۆیان ڕوونکردەوە، بانگەوازی کردن بەتەنیا پەرستنی خوای گەورە و تەبەڕاکردن لەو شتە داهێنراو و بۆچوونە پووچەڵانەی هەبوون، کەچی ئەوان دوژمنایەتییان کردو بەدرۆزنیان زانی، بەتاوانی گەورە خۆی و دایکیان تۆمەتبار کرد، وپستیان بیکوژن، بەڵام خوای گەورە لەوانی پاککردەوەو بۆلای خۆی بەرزی کردووە، نەیانتوانی زیانی پێ بدەن.

خوای گەورە کۆمەڵێ پشتیوانی بۆ مەسیح پەیدا کرد، بانگەوازیان بۆ ئایین و شەریعەتەکەی کرد، هەتا ئەوەی ئایینەکەی بەسەر پێچەوانەکاراندا سەرخست، پادشایان هاتنە نێو ئایینەکەیەوە و بانگەوازەکەی بلاوبوویەوە، نزیکەی سێ سەدە بانگەوازەکە بەڕێك و پێکییەوە بەردەوام بوو.

پاشان ئایینی مەسیح گۆڕانکاری و گۆڕاندن تیایدا دەستیپێکرد هەتاوەکو ئاوابوو، لەبەردەستی گاوراندا شتێك نەمایەوە ئایینی مەسیح بێ، بەڵکو لەنێوان ئایینی مەسیح و ئایینی فەیلەسوفانی بت پەرستدا ئایینێکیان بۆ خۆیان داهێنا، ئەوەش بەئامانجی مەرایی کردن و ڕاکێشانی ئوممەتانی تر تاوەکو بێنە نێو نەسرانییەتەوە(گاوری)، لەپەرستنی بتی بەرجەستەکراوەوە بیانگوازنەوە بۆ

پەرستنی وێنەی بێ سێبەر، لەسوجدە بردن بۆ خۆر بیانگوازنەوە بۆ سوجدە بردن بۆ رووی خۆرهەلآتن، لەوتنی یەکگرتنی عاقڵ و مەعقوڵ و عەقڵەوە[1] بۆ وتنی یەکگرتنی باوك و کوڕ و روحی پیرۆز.

لەپاڵ ئەوەدا پاشماوەیەك لەئایینی مەسیحیان مابوو، نمونەی خەتەنەکردن و خۆشۆردن لەلەشگرانی و گەور راگرتنی رۆژانی شەممە و حەرامبوونی بەرازو حەرامکردنی هەر شتێك کە تەورات حەرامی کردبێ.

پاشان شەریعەتیش گۆڕا تاوەکو بەوە گەیشت بەراز حەلاڵ بکەن، رۆژانی شەممەیان هەڵوەشاندەوە و لەجیاتی ئەوە، رۆژانی یەکشەممەیان گەورە دانا، دەستبەرداری خەتەنەکردن و خۆشۆردن لەلەشگرانیی بوون. مەسیح رووەو بەیتولمەقدیس نوێژی دەکرد، ئەوان رووەو رۆژهەلآت نوێژیان دەکرد. مەسیح هەرگیز خاچی بەپیرۆز نەزانیووە، کەچی ئەوان هاتن خاچیان بەپیرۆز راگرت و پەرستیان، مەسیح هەرگیز ئەو رۆژووگرتنەی ئەوان بەڕۆژوو نەبووە و هەرگیز فەرمانیشی پێ نەکردووە، ئەوە خۆیانن ئەو چەند رۆژەیان داناوەو کاتەکەیان خستووەتە وەرزی بەهارەوە، لەگواستنەوەی لەمانگی هیلالییەوە بۆ مانگ ژمێری رۆمی، ئەو ژمارەیەیان بۆ زیاتر کردووە. بەشتی پیس پەرستنیان دەستپێکرد لەکاتێکدا مەسیح(سەلامی خوای لەسەربێ) لەوپەڕی پاك و پوختییدا بوو، دوورترین کەسێك بوو لەپیسییەوە. ئەوەی ئەوان کردیان، بەمەبەستی گۆڕینی ئایینی جولەکە و رووپامایی بوو بۆیان، بۆیە ئایینی مەسیحیان گۆڕی[2]. خۆیان لەفەیلەسوفان و بتپەرستان نزیکخستەوە،

---

١ – بەشێکە لەبیروباوەڕی فەیلەسوفان و بتپەرستان.

٢ – شێخی ئیسلام ئبن تەیمیە کتێبێکی قەبارە گەورەی دوو بەرگیی هەیە بەناوی(الجواب الصحیح لمن بدَّل دین المسیح) کتێبێکی زۆر گەورە و گرنگە.

بەوەی لەهەندێ شتدا هاودەنگیان بوون تاوەکو بەوە لەخۆیانیان رازیی بکەن و بەسەر جولەکەدا سەرکەون.

کە ئایینی مەسیح(سەلامی خوای لەسەربێ) دەستی کردە گۆڕان و خراپبوون، گاورەکان چەند کۆمەڵگەیەکیان بۆ خۆیان ساز دا کە زیاتر بوو لەهەشتا کۆمەڵگە و کۆڕبەند، پاشان دەستیان دایە یەکتر نەفرەت کردن و پەرتەوازە بوون، هەتا ئەوەی عاقڵێك لەبارەیانەوە وتوویەتی:

((ئەگەر دە کەسی گاور لەسەر حەقیقەتێکی کاروباری خۆیان قسە بکەن، ئەبنە یانزە مەزهەبەوە)).

ئەوە حاڵی کەسانی سەرەتایان بوو سەرباری نزیکیی سەردەمیان بەڕۆژگاری مەسیح و بوونی هەواڵ و باسی مەسیح تیایاندا، کە خۆیان خاوەن دەوڵەت و قسە بوون، زاناکانیان لەوانی پێشتر زاناتربوون، گرنگییان بەکاروباری ئایینەکەیان دەدا، کەچی دۆشداماو و سەرگەردان و وێڵ و وێڵکەر بوون، لەبارەی خواوەندەکەیانەوە قسەیەکی جێگیریان نەبوو، هەریەکەو هەواو ئارەزووی خۆی کردبوو بەخوای خۆی و پێچەوانەکارانی خۆیانیان بەبێباوەڕ دەزانی، قسەکردنیان لەبارەی پەیامبەریان و خواوەندیان ئەوانی کردبووە چەند بەشێکەوە و لەیەکتری پەرتەوازە کردبوون، بەو جۆرەیان لێهات کە خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ قَدْ ضَلُّوا۟ مِن قَبْلُ وَأَضَلُّوا۟ كَثِيرًا وَضَلُّوا۟ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ ﴿٧٧﴾ ﴾ المائدة: ٧٧،واتا: بەڕاستی پێشتر گومڕاو سەر لێ شێواو بوون. وەزۆر کەسیشیان گومڕاکرد وە خۆشیان گومڕابوون و لایاندا لە ڕێگای ڕاست.

ئەگەر لەکەسەکانی نێو یەک مالّت بپرسیبایە لەبارەی ئایین و بیروباوەڕیان لەبارەی خوا و پەیامبەریانەوە، دەتبینی وەلاّمی مێرد شتێك بوو، وەلاّمی ژن شتێکی تر و وەلاّمی منداڵ شتێکی تر و وەلاّمی خزمەتکاریش شتێکی تر دەبوو، ئەمە بۆ ئەو سەردەمە، ئاخۆ بۆ ئەم سەردەمە دەبێ چی وەلاّمێك وەربگری؟ کە سالاّنێکی زۆر بەسەر سەردەمی ئەواندا تێپەڕبووە و لەسەردەمی مەسیح و ئایینی مەسیح دوورکەوتووەتەوە.

ئەوانە بوون کە بەدەم داوای فەیلەسوف و مولحیدانی دوژمنانی پەیامبەرانەوە رۆیشتن و پشتیوانیان بوون تاوەکو لەسەر بیروباوەڕی خۆیان بمێننەوە و زیاتر پێداگرترین، فەیلەسوفان و مولحیدەکان بوون هەستان بەو جۆرە ئایینی مەسیحیان بۆیان شیکردەوە، لەکاتێکدا گومان لەوەدا نییە، ئەوە ئایینێکە هیچ عاقلّێك قبوڵی ناکات. ئامۆژگاریی یەکتریان کرد پێیەوەی پەیوەست بن، ئیتر وەهای لێهات گومانیان خراپ بێ بەرانبەر پەیامبەران و کتێبە ئاسمانییەکان، وەهایان بینی ئەو گومان و بۆچوونەی ئەوان هەیانە، لەو ئایینە زیاتر لەمەعقوڵەوە نزیکترە. ئەو دۆشداماوە گومڕایانە بەوانیان وت: ئەمە ئەو حەق و راستییەیە کە مەسیح هێناوێتی. بۆیە لەو دوو گومان و بەدڕەفتارییەوە ئەمانە هاتبوون: بەدگومانیی بەپەیامبەران، گومانبردنی باش بەو باوەڕەی ئەوان هەیانبوو.

- **گومڕاییەکانیان:**

روون و ئاشکرایە، ئۆممەتی گاوران، دوو قەدەغەکراوی گەورەی ئەنجام داوە کە هیچ خاوەن عەقڵ و مەعریفەیەك پێیان رازیی نییە، ئەوانیش:

یەکەم: زیادەڕۆییکردن لەپایەی مەخلوق، هەتا ئەوەی کردیانە هاوبەشی خوا و بەشێك لەخوای گەورە، هەروەها بەخوایەك لەگەڵ خوای گەورە و رەتیانکردەووە کە ئەو مەخلوقە بەندەی خوا بێ.

دووەم: کەمکردنەوە و جنێودان بەخالق و تۆمەتبارکردنی بەزۆرێك تاوان، هەتا ئەوەی پاك و بێگەردیی بۆ خوای گەورە لەو قسەیەی ئەوان وتوویانە، کە لەسەر عەرش دابەزیووەو چووەتە داوێنی ئافرەتێکەوە و نۆ مانگ لەوێدا ماوەتەوە و لەنێو میز و خوێن و پیساییدا بووە، لەنێو رەحمی ئەو ئافرەتە و سکییدا بێزار و دەردەدار بووە، چۆن چووەتە نێوێوە، ئاوەها دەرچووە لەوێنەی تازە لەدایکبوویەکی شیرە خۆر کە بەمەمك شیری پێ بدرێت و قومات بکرێت و بخرێتە جێگەی خەوتن، بگری و برسیی بێ، تینووی بێ، میز و پیسایی بەخۆیدا بکات، بخرێتە سەر دەست و شان و گەردن، پاشان گەورە ببێ جولەکە لەدەموچاوی بدەن و دەستی ببەستنەوە و تف بەڕوومەتیدا بکەن و زلە لەپشتە ملی بدەن و بەئاشکرا لەنێوان دوو دزدا بیبەستنەوە و لەخاچی بدەن و گەردانەیەکی دڕکاویی بخەنە گەردنی و دەست و قاچی ببڕنەوە و گەورەترین ئازاری پێ بگەیەنن، ئەوە ئەو خوا بەحەقەیە کە هەموو جیهانەکان بەدەستی ئەو رێك و پێك بوون، پەرستراو و سوجدە بۆ براوە.

سوێند بەخوا ئەو قسەیە، جنێوێکە بەخوای گەورە کە هیچ مرۆڤێك لەپێشتر و لەدوای ئەوانیش بەنمونەی ئەو قسە و جنێوە قسەی بەخوای گەورە نەوتووە، هەروەك خوای گەورە لەگێڕانەوەی لەبارەی ئەو پەیامبەرەی کە پاکی راگرتووە و مەسیحی براشی لەو باتڵە پاك راگرتووە، فەرموویەتی: ﴿ تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ وَتَنشَقُّ ٱلْأَرْضُ وَتَخِرُّ ٱلْجِبَالُ هَدًّا ﴿٩٠﴾ ﴾ وەبم:

٥٠٩،واتا:نزیکە ئاسمانەکان لەت لەت و پارە پارە بـبن لەبـەر ئەو(قسـەیە) و (نزیکـە) زەویش شەق بەریّت و بقلّیشیّ و (نزیکە) شاخ و چیاکان بەیەك جار بڕوخێن.

فەرموویەتی:«شَتَمَنِي ابْنُ آدَمَ وَمَا يَنْبَغِي لَهُ ذَلِكَ، وَكَذَّبَنِي ابْنُ آدَمَ وَمَا يَنْبَغِي لَهُ ذَلِكَ، فَأَمَّا شَتْمُهُ إِيَّايَ فَقَوْلُهُ: إِنِّي اتَّخَذْتُ وَلَدًا وَأَنَا الْأَحَدُ الصَّمَدُ الَّذِي لَمْ أَلِدْ وَلَمْ أُولَدْ، وَأَمَّا تَكْذِيبُهُ إِيَّايَ فَقَوْلُهُ: لَنْ يُعِيدَنِي كَمَا بَدَأَنِي أَوَلَيْسَ أَوَّلُ الْخَلْقِ بِأَهْوَنَ عَلَيَّ مِنْ إِعَادَتِهِ»[1]،واتا: نەوەی ئادەم جنێوێکی پێدام کە نە دەبوو ئەوە بڵێت، نەوەی ئادەم بەدرۆیان خستمەوە کە نەدەبوو ئەوە بکات، جنێوی پێدام کە وتی: خوای گەورە بۆ خۆی کۆپی هێناوەتە دونیاوە، من تاقانەم و نیازم بەکەس نییە، نە لەدایکبوومە و نە کەسیش لەمنەوە لەدایك بووە، هیچ کەسێك هاوتا و هاوشانی من نییە. بەدرۆیشی خستمەوە کە وتی: خوای گەورە چۆن منی هێناوەتە دونیاوە، ناتوانیّ دوای مردن زیندووم بکاتەوە، لەکاتێکدا لەوە ئاسانتر نییە دووبارە زیندووی بکەمەوە دوای ئەوەی هێناومەتە بوون.

عومەری کوڕی خەتاب(خوای گەورە لەبری ئەم ئوممەتە لێی رازیی بـێ) وتوویەتی:((سەرکۆنەیان بکەن و ستەمیان لـێ مەکەن، ئەوان جنێوێکیان بەخوای گەورە داوە، هیچ مرۆڤێك جنێوی وەهای بەخوای گەورە نەداوە)).

سوێند بەخوا، بتپەرستان ئەگەرچی بەحەقیقەت دوژمنی خوای گەورەن، سەرسەختترین بێباوەڕێك، قبوڵی ناکات پەرستراوەکانی خۆیان کە لەدار و بەرد و ئاسن دروستکراون وەسفی لەو جۆرە بکرێن وەك ئەوەی ئەو ئوممەتە پەروەردگاری جیهانیان بەو جۆرە وەسف کردووە، پەروەردگاری جیهان و خواوەندی ئاسمانەکان و زەوی. ئەگەرچی بتپەرستیشن، خوای گەورەیان لەدڵدا گەورەتر و نرخدارترە لەوەی

---

١ – بوخاری(٨٣٩/٨) گێڕاویەتییەوە لەئەبو هورەیرەوە.

وەسفێکی لەو جۆرەی ئەوانی بۆ بکەن، یان وەسفێك نزیك بەوە. بەڵام ئەوە، هاوبەش پەیداکردنی گاوران، لەوەدابوو مەخلوقێکی دروستکراویان لەجیاتی خوا پەرست، بەبۆچوونی خۆیان، ئەوە لەخوایان نزیك دەخستەوە. هیچ شتێکیان نەکردە هاوتا و هاوبەشی ئەو خواوەندە نوێیان و ئەو رێزەیان بەخوا نەدا کە بەو خوا کراوە نوێیەیان دا.

- **بنچینەی بیروباوەڕیان:**

عوزر و پاساوی ئەو کارەیان، لەو قسەیەیان قێزەونتر بوو کە کردیان، بنچینەی بیروباوەڕیان[1] ئەمەیە: روحی پەیامبەران(سەلامی خوایان لەسەربێ) پێشتر لەدۆزەخدا بوو لەبەندیخانەی ئیبلیس، روحی هەموو پەیامبەران لەسەردەمی ئادەمەوە تاوەکو مەسیح، ئیبراهیم و موسا و نوح و سالّح و هود لەدۆزەخدا ئازار دراو و بەند کرابوون بەهۆی هەڵەی ئادەم(سەلامی خوای لەسەربێ) بەخواردنی بەری درەختی قەدەغەکراو. هەرکاتێ پەیامبەرێك بمردبایە، ئیبلیس روحەکەی دەبردو بەهۆی تاوانی ئادەمی باوکییەوە بەندی دەکرد، پاشان کە خوای گەورە ویستی بەزەیی پێیاندا بێتەوە و لەئازار و ئەشکەنجە رزگاریان بکات، فێڵێکی لەئیبلیس کرد، لەکورسیی مەزنیی خۆی دابەزی، چووە پەنای سکی مەریەمەوە هەتاوەکو لەدایکبوو، گەورە بوو بوویە پیاوێك، هێشتی جولەکە دوژمنەکانی بەسەریدا زاڵبن هەتاوەکو لەخاچیان دا و تاجی دڕکاوییان لەسەرنا، بەوە پەیامبەرانی خۆی رزگار کرد، بەگیان و خوێنی خۆی، خۆی بەخت کرد لەپێناویاندا، بۆ رازییکردنی تەواوی کوڕانی ئادەم خوێنی خۆی رشت. ئەگەر تاوانێکی ئادەم لەگەردنی ئەواندا مابێ، ئەوە ئەوانی لەو تاوانە رزگار

---

١ – بۆیە بەو بیروباوەڕەیان ئەڵێن: بیروباوەڕی خاچ و خۆبەخت کردن.

کرد که هێشتی دوژمنانی بەسەردا زاڵبن و لەخاچی بدەن و دەست و قاچی ببڕنەوە و زللەی لێ بدەن. تەنیا ئەوانە بەر پاکبوونەوە لەو تاوانە ناکەون، کە لەخاچدانی رەتبکەنەوە یان گومانیان لەوە هەبێ یان بڵێ: خوای گەورە لەوە بەرزترە، بەڵکو لەبەندیخانەی ئیبلیسدایە و لەسزا و ئەشکەنجەدایە تاوەکو دان بەوەدا دەنێت، خوایەکی لەخاچدراوی زلله لێدراوی دەست و قاچ بڕاوە ! !

بەجۆرێ وێنای خوای گەورەیان کردووە و شتانێکیان داوەتە پاڵ، کە سووکترینی نێو مرۆڤەکان دانابەزێتە ئەو ئاستەی بەکۆیلەی خۆی کارێکی وەها بکات، یان بتپەرستان دانابەزنە ئاستێکی وەها نزم، شتانی لەو جۆرە بدەنە پاڵ بتەکانیان، خوایان بەدرۆزن داناوە کە فەرموویەتی لەئادەم خۆشبووە، گەورەترین ستەمیشیان داوەتە پاڵ خوای گەورە کە وەهایان داناوە بەهۆی تاوانی ئادەمی باوکیانەوە، پەیامبەر و دۆستانی خۆی لەدۆزەخ بەند کردووە، ئەوپەڕی گێلی و گەمژەییان داوەتە پاڵ خوای گەورە، بەوەی بۆ ئەوەی ئەوان لەو سزایە رزگار بکات، دوژمنانی خۆی بەسەر خۆیدا زاڵکردووە هەتا ئەوەی دوژمنەکانی کوشتوویانە و لەخاچیان داوە و خوێنیان رشتووە، هەروەها دەستەوەستانییان داوەتە پاڵ خوای گەورە، بەوەی نەیتوانیووە بەجگە لەو رێگەیە، دۆستانی خۆی لەدەست دوژمنانی رزگار بکات، هەروەها ناتەواوییان داوەتە پاڵ، بەوەی دوژمنانی بەسەر خۆی و کوڕەکەیدا زاڵکردووە و بەوەی لەتوانایاندا بووبێ، پێیان کردووە.

بەتێکڕا، لەنێو ئوممەتاندا هیچ ئوممەتێك شك نابەرین و ناناسین جنێو و قسەی ناخۆشییان بەرانبەر پەروەردگار و خوای خۆیان وتبێ وەك ئەوەی گاورەکان وتوویانە، هەروەك عومەر(خوای لێ رازیی بێ) وتوویەتی:((ئەوان جنێوێکیان بەخوای گەورە داوە، هیچ کەسێك جنێوی وەهای نەداوە)).

یەکێك لەپێشەوایانی ئیسلام کاتێ خاچێکی ببینایە چاوی دادەخست، وتی: ناتوانم چاوم پڕ بکەم بەبینینی کەسێك بەناشیرینترین شێوە جنێو و قسەی ناخۆشی بەخوا و پەروەردگاری خۆی وتبێ.

لەبەر ئەوە پادشایانی ژیر وتوویانە: جیهادکردنی ئەو جۆرە کەسانە، لەپووی شەرع و عەقڵەوە واجیبە، ئەوانە شەرمەزاریی و نەنگیین بەسەر مرۆڤەوە، تێکدەر و شێوێنەری عەقڵ و شەریعەتەکانن.

- **مەزن راگرتنیان بۆ خاچ:**

یەکێك لەشتە سەیر و سەمەرەکان، ئەوەیە لەتەوراتدا دەخوێننەوە:((نەفرەت لێکراوە ئەو کەسەی خۆی بەخاچدا هەڵدەواسێت))، کەچی هاتوون خاچیان کردووەتە دروشمی ئایینەکەیان. ئەگەر کەمترین عەقڵێکیان هەبووایە، دەبوو لەهەر کوێدا بەخاچێك بگەشتنایە، ئەو خاچەیان بسوتاندبایە و بیانشکاندبایە و بەپیساییان بکردبایە، چونکە بەقسەی خۆیان، بەخاچ، خواوەندەکەیان کوژراوە و سوکایەتیی پێ کراوە.

ئەوە چی سەیر و سەمەرەیەکە! بەچی جۆرێك لەدوای ئەوە دەکرێ خاچ جێگەی ڕێز و گەورە ڕاگرتن بێ ئەگەر ئەو قەومە لەوڵاخ گومڕاتر نەبن.

مەزن ڕاگرتنیان بۆ خاچ، لەوەی خۆیان بەماوەیەك لەدوای مەسیح لەئایینی مەسیح دایانهێناوە و بەهیچ شتێك لەئینجیلدا باس نەکراوە، ئەوەی باس کراوە، تەنیا ئەوەیە کە لەتەوراتدا باس کراوە و نەفرەت کراوە لەو کەسەی خۆی پێیدا هەڵدەواسێ، کەچی ئوممەتی گاوران هاتوون کردوویانە پەرستراوی خۆیان و سوجدەی بۆ دەبەن، ئەگەر کەسێکیان سوێند بخوات و بیەوێ لەو سوێندەیدا درۆ نەکات، بەخاچ سوێند دەخوات،

بەڵام ئامادەیە سوێندی درۆ بە اللە بخوات، بەڵام ئەو ئوممەتە ئەگەر کەمترین عەقڵ و فامێکیان هەبووایە، دەبوو نەفرەتیان لەخاچ بکردبایە چونکە خواوەندەکەیان بەوە لەنێوبراوە و کوژراوە، هەروەک وتوویانە: زەوی لەبەر ئەو هەڵەیەی ئادەم، نەفرەتی لێکراوە، هەروەک زەوی نەفرەتی لێکرا کاتێک قابیل، هابیلی برای خۆی کوشت، هەروەک لەئینجیلدا هاتووە:((نەفرەت دادەبەزێتە سەر زەوی ئەگەر ئەمیرەکانی منالّ و هەرزەکاران بن)).

ئەگەر عەقڵیان بەکاربهێنابایە، دەبوو دەستیان لەخاچ نەدابایە و ناویان نەهێنابایە و لەکاتی باسکردنی خاچدا گوێی خۆیانیان دابخستبایە.

راستی وتووە ئەو کەسەی وتوویەتی:((دوژمنێکی عاقڵ لەهاوڕێیەکی گەمژە و گێل باشترە))، ئەوان بەگەمژەیی خۆیان ویستیان مەسیح گەورە رابگرن، کەچی خراپیان بەرانبەر کرد، ویستیان جولەکە ناشیرین بکەن و خەڵکیان لێ بڕەوێننەوە، کەچی ئوممەتانیان لەنەسرانییەت دوورخستەوە، خەڵکیان زۆر لەمەسیح و ئایینی مەسیح دوورخستەوە. کە زانیان ئایین بەو جۆرە راناوەستێ، راهیب و قەشەکانیان کۆمەڵێ فێڵ و تەڵەکەبازییان دروست کرد بۆ راکێشانی خەڵکانی نەفام و ئەو خەڵکەیان بەوە بەستەوە. وەک ئەوەی گەورە راگرتنیان بۆ خاچ، لەوەدایە کە لەبەر دامەزراویی خواوەندەکەیان،خاچەکە دامەزراو ماوەتەوە،لەبەر ئەوەی خواوەندی پێیەوە هەڵگیراوە،خاچ بەشکۆی خواوەندەکەیان نەشکاوە. باسیان کردووە کە خۆر رەش داگەڕاوە و حاڵی ئاسمان و زەوی گۆڕاوە، بەڵام خاچ نەگۆڕا و پەرش و بڵاو نەبوو! بەوە بەڵایانەوە بووە مایەی ئەوەی شایستە بێ بەگەورە راگرتن و پەرستن.

عاقڵێکیان وتوویەتی: مەزن راگرتنمان بۆ خاچ، بەنمونەی مەزن راگرتنی گۆڕی پەیامبەرانە، ئەو خاچە گۆڕی مەسیح بووە، کە لەگۆڕ نێژرا، ئەوکات زەوی بۆی بووە

گۆڕ! بەڕاستی لەوە گەمژایەتی تر نابینیتەوە، سوجدە بردن بۆ گۆڕی پەیامبەران و پەرستی گۆڕەکانیان هاوبەش پەیداکردنە، گەورەترین هاوبەش پەیداکردنێکە. پێشەوای یەکتاپەرستان و کۆتایی پەیامبەران(صلى الله عليه وسلم) نەفرەتیٰ لەجولەکە و گاور کردووە کە هەڵساون گۆڕی پەیامبەرانیان کردووەتە مزگەوت و شوێنی سوجدە بردن، بنچینەی هاوبەش پەیداکردن و بت پەرستی، لەمانەوە بەدیار گۆڕ و کردنی بەمزگەوت و شوێنی سوجدە بردندایە.

پاشان ئەوترێ:ئێوە هەموو خاچێك گەورە رادەگرن، خودی ئەو خاچە گەورە راناگرن کە لەسەری لەخاچ دراوە.

ئەگەر بڵێن: لەو رووەی مەبەستمان بێ، ئەوەیە لەسەر خاچ، خواوەندەکەمان لەخاچ دراوە و هەڵواسراوە!

ئەوە ئەڵێین: ئێ باشە هەر خراوەتە چاڵەوە، کەواتا ڕێز لەهەموو چاڵێك بگرن و بۆ چاڵەکانیش سوجدە ببەن، چونکە خراوەتە چاڵەوە، ئەو لەپێشترە، چونکە وەك ئەوەی ئەو لەچاڵەکەدا جێگیر بووە، تەختەی خاچەکە لەسەری جێگیر نەبووە.

ئەگەر بڵێن: دوژمنایەتی بووەتە ڕێگر، ئەوە بەڵای ئێوەوە، ئەوە بەو شتە ڕازییە و هەڵیبژاردووە، ئەگەر ئەو پێی ڕازیی نەبووایە، ئەوە لێیەوە پێی نەدەگەیشتن و دەستیان پێی نەدەگەیشت و نەیاندەتوانی بیکوژن، کەوابوو پێویستە ئێوە سوپاسی دوژمنانی بکەن، چونکە بەڕازیبوون و هەڵبژاردەی ئەو جولاونەتەوە کە هۆکار بووە بۆ ڕزگارکردنی تەواوی پەیامبەران و قەشەکان لەدۆزەخ و بەندیخانەی ئیبلیسدا.

بەوە جولەکە چی منەتێکی گەورەیان خستووەتە سەر ئێوەو باوك و باپیرانتان و تەواوی پەیامبەران لەئادەمەوە تاوەکو سەردەمی عیسا!

مەبەست ئەوەیە، ئەو ئوممەتە، هاویەش پەیداکردن و عەیب و کەمکردنەوەی لەخواوەند لەخۆیدا کۆکردووەتەوە، هەروەها کەمکردنەوە لەپەیامبەرەکەیان و عەیبدارکردن و تەواو دوورکەوتنەوە لەئایینەکەی، ئینجا دەستیان بەشتێکەوە نەگرت لەوەی مەسیح لەسەری بووە، نە لەنوێژیان نە لەڕۆژوویان نە لەجەژنیان، بەڵکو شوێن هەموو سەرەکەرێك کەوتوون،بەدەم بانگەوازی هەموو پووچەڵکارێکەوە رۆیشتوون، ئەوانەی کە شتانێکیان تێکەڵ بەشەریعەت کردووە و بەشێك نەبووە لەشەریعەت، دەستبەرداری ئەوە بوون کە شەریعەت هێنابووی.

- **پوختەی قسە:**

مەبەست ئەوەیە، ئایینی ئوممەتی خاچپەرست دوای ئەوەی کە خوای گەورە، موحەممەد(صلى الله عليه وسلم) بەپەیامبەر رەوانە کردو لەپێش ئەویش بەسێسەد ساڵ، لەسەر سەرسەختیکردن و نکۆڵیکردنی هەقڵ و شەریعەتەکان دامەزرابوو، لەسەر کەمکردنەوە لەخواوەندی هەردوو جیهان و تۆمەت خستنە پاڵ خوای گەورە، بەلایانەوە هەر گاورێك پشکی لەو نەگبەتییەدا نەبووبێ، گاوری راستەقینە نەبووە.

ئایە ئەو ئایینە نییە کە خاوەن کۆڕپەند و دەستە نەفرەتکارەکان دایانمەزراند لەسەر باوەڕی ئەوەی، یەك سێ کەسە و سێ کەسیش یەکێکە؟ ئەوە چی سەیر و سەمەرەیەکە! ئاخۆ کەسی عاقڵ چۆن بەوەها قسەیەك رازیی دەبێ؟

ئەرێ نابینی کەسێك نییە لەو ئوممەتەدا بگەڕێتەوە بۆ عەقڵ و فیترەتی خۆی و تێبگات کە شتی لەو جۆرە ئەستەمە. ئەگەر لەشتی تردا نمونەی وەهای بۆ بهێنرێتەوە تێدەگات هەڵە و سەرلێشێواون، هەروەك هەندێکیان دەیشوبهێنن بەیەکگرتنی لاهوت لەگەڵ ناسووت و تێکەڵبوونی پێی لەڕێگەی یەکگرتنی ئاگرو ئاسن

باس دەکەن، هەندێکیان دەیشوبهێنن بەتێکەڵبوونی ئاو و ماست، هەندێکی تریان بەتێکەڵبوونی خۆراك و پاشان تێکەڵبوونی بەئەندامانی جەستەی دەشوبهێنن، هەتاوەکو ئەو نمونانەی تریان کە ئاوێتە بوون و تێکەڵبوونی دوو حەقیقەت لەخۆ دەگرێت هەتا دەبێتە حەقیقەتێکی تر، بەڕاستی خوای گەورە بەرزترە لەو درۆیەی ئەوان دەیڵێن.

ئەو قسەیە لەبارەی خوای گەورەوە قەناعەتی پێ نەکردن هەتا ئەوەی بەتێکڕا یەکدەنگ بوون لەسەر ئەوەی، جولەکە ئەویان بردووەو پەلکێشیان کردووە بەزەلیلی و ئەو تەختەیەی بەسەر پشتەوە بووە کە لەسەری لەخاچیان داوە، جولەکە لەنێو خۆیاندا بەڕێیانخستووەو تفیان کردووەتە روومەتی و لێیان داوە، پاشان لەخاچیان داوە و بەچەقۆ برینداریان کردووە، پاشان لەخاچیان داوە و ئینجا وازیان لێهێناوە هەتاوەکو قژی بەجەستەیەوە نووساوە، کە بەگڕ و تینی خۆر خوێنی وشکبووەتەوە، ناشتوویانە، سێ رۆژ لەژێر خاکدا بووە، پاشان بەلاهوتییەتی خۆی لەگۆڕەکەی هەڵساوەتەوە.

ئەوە قسەی هەموویانە، هیچ کەسێکیان نییە شتێك لەوە رەتبکاتەوە.

ئەی هاوار بۆ عەقڵەکان! ئاخۆ لەو سێ رۆژەدا حاڵی جیهانی باڵا و نزم دەبێ چۆن بووبێ؟ کێ کاری ئاسمانەکان و زەوی بەڕێوە بردووە؟ لەو ماوەیەدا کێ شوێنی خوای گەورەی گرتووەتەوە؟ کێ بووە نەیهێشتووە ئاسمان بەسەر زەوییدا بکەوێت لەکاتێکدا ئەو لەگۆڕدا نێژرابوو؟

چەند سەیرە! ئاخۆ لەدوای کوشتن و لەخاچدانی، وتەی لەگەڵدا نێژرا؟ یان پشتی تێکرد لەکاتێکدا پێویستی پێ هەبوو هەروەك چۆن باوك و قەومەکەی پشتیان تێکردو هەوڵی رزگارکردنیان نەدا؟ ئەگەر لێی جیابووبێتەوە، ئەوە ئەو کەسە مەسیح نەبووە،

وكَيْفَ دَنَا الحَدِيدُ إِلَيْهِ حَتَّى يُخَالِطَهُ، وَيَلْحَقَهُ أَذَاهُ؟
وَكَيْفَ تَمَكَّنَتْ أَيْدِى عِدَاهُ وَطَالَتْ حَيْثُ قَدْ صَفَعُوا قَفَاهُ؟
وَهَلْ عَادَ المَسِيحُ إِلَى حَيَاةٍ أَمَ المُحْيِى لَهُ رَبٌ سِوَاهُ؟
وَيَا عَجَباً لِقَبْرٍ ضَمَّ رَبّا وَأَعْجَبُ مِنْهُ بَطْنٌ قَدْ حَوَاهُ
أَقَامَ هُنَاكَ تِسْعاً مِنْ شُهُورٍ لَدَى الظُّلُمَاتِ مِنْ حَيْضٍ غِذَاهُ
وَشَقَّ الْفَرْجَ مَوْلُودًا صَغِيراً ضَعِيفاً، فَاتِحاً لِلثَّدْى فَاهُ
وَيَأْكُلُ، ثُمَّ يَشْرَبُ، ثُمَّ يَأْتِى بِلاَزِمِ ذَاكَ، هَلْ هَذَا إِلَهُ؟
تَعَالَى اللهُ عَنْ إِفْكِ النَّصَارَى سَيُسْأَلُ كُلُّهُمْ عَمَّا افْتَرَاهُ
أَعُبَّادَ الصَّلِيبِ، لأَى مَعْنًى يُعَظِّمُ أَوْ يُقَبِّحُ مَنْ رَمَاهُ؟
وَهَلْ تَقْضِى العقولُ بِغَيْرِ كَسْرٍ وَإِحْرَاقٍ لَهُ، وَلِمَنْ بَغَاهُ؟
إِذَا رَكِبَ الإِلَهُ عَلَيْهِ كُرْهاً وَقَدْ شُدَّتْ لِتَسْمِيرٍ يَدَاهُ
فَذَاكَ المَرْكَبُ المَلْعُونُ حَقا فَدُسْهُ، لا تَبُسْهُ إِذْ تَرَاهُ
يُهَانُ عَلَيْهِ رَبُّ الْخَلْقِ طُرا وتَعْبُدُهُ؟ فَإِنَّكَ مِنْ عِدَاهُ
فإِنْ عَظَّمْتَهُ مِنْ أَجْلِ أَنْ قَدْ حَوَى رَبَّ العِبَادِ، وَقَدْ عَلاَهُ
وَقَدْ فُقِدَ الصَّلِيبُ، فإِنْ رَأَيْنَا لَهُ شَكْلاً تَذَكَّرْنَا سَنَاهُ
فَهَلاَّ للقبورِ سَجَدْتَ طُرا لِضَمِّ القبرِ رَبَّكَ فى حَشَاهُ؟
فَيَا عَبْدَ المسيحِ أَفِقْ، فَهَذَا بِدَايَتُهُ، وَهَذَا مُنْتَهَاهُ

واتا: ئەی بەندەکانی مەسیح پرسیارێکمان هەیە، لەکەسێك لەپرسیارەکە بفامێ، وەلأممان دەوێ. ئەگەر خوا بەکردە و پیلانی قەومێك بمرێ، ئاخۆ ئەوە چۆن خوایەکە؟ ئەگەر ئەوەی ئەوان پێیان کردبێ جێی رازیبوونی خۆی بێ، ئەوە خاوەن موژدەن لەوەی رازیبوونی ئەویان بەدەستهێناوە. ئەگەر کردەوەی ئەوان جێی تووڕەیی ئەو خوایە بووبێ، ئەوە هێزی ئەوان بەسەر هێزی ئەو خوایەدا زاڵبووە. ئایە

بەمردنی ئەو خوایە، بوون(وجود) بێ خوا مایەوە و وەلامدەرەوەی تکای کەسێك لەبوون نەما و حەوت چینەکەی ئاسمان بێ خوا و هەڵسوڕێنەر مانەوە ! فریشتەکانیش دەستیان لێ هەڵگرت و سەریان نەخست و گوێیان لەگریانی بوو. چۆن تەختەکان توانیان خواوەند هەڵبگرن کە بەپشتە ملییەوە گیرکرابوون؟ چۆن ئاسن توانی نزیکی بێتەوەو تێکەڵی گۆشتی بێ و ئازاری بدات ؟ چۆن دەستی دوژمنانی توانی نزیکی بێتەوەو زللەی لێ بدات؟ ئاخۆ مەسیح گەڕایەوە ژیان یان ئەوەی ئەو زیندوو کردەوە پەروەردگارێکی تر بوو؟ سەیرە گۆڕێك بتوانێ پەروەردگارێك لەخۆبگرێ، سەیرتر لەوە سکی ئافرەتێك کە ئەوی لەخۆگرتبوو. ئاخۆ نۆ مانگ لەسکی ئافرەتێکدا مایەوە لەپیسایی بخوات و لەداوێنەوە ساوایەکی نوێی بچووك بێتەدەر و دەم بۆ مەمك بکاتەوە، بخوات و بخواتەوە و پیسایی بکات، ئاخۆ ئەوە خواوەندە !

خوا بەرز و مەزنترە لەو درۆیەی گاوران، بێگومان لەقیامەتدا هەموویان لەبارەی ئەو درۆ هەڵبەستنەوە لێپرسینەوە دەکرێن. ئاخۆ خاچپەرستان بەچی واتا و عەقڵێك خاچ پیرۆز دەبینن و تەختەیەك ناشکێنن و ناسووتێنن کە خواوەند ناچارانە پێیەوە بەستراوەتەوە. ئاخۆ گۆڕەکان چۆن نەچوونە سوجدە بۆ گۆڕێك کە لەخۆیدا خوایەکی هەڵگرتبوو؟ ئەی بەندەی مەسیح عەقڵ بکەرەوە و بەهۆشی خۆت وەرەوە، ئەوە خوا نییە کە سەرەتا و کۆتاییەکەی بەو جۆرە بێ.

- **باسکردنی یارییکردنی شەیتان بەئوممەتی بەر غەزەبی خوا کەوتوو، کە بریتیین لەجولەکە:**

خوای گەورە ئەفەرموویێت: ﴿ بِئْسَمَا ٱشْتَرَوْاْ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمْ أَن يَكْفُرُواْ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بَغْيًا أَن يُنَزِّلَ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ فَبَآءُو بِغَضَبٍ عَلَىٰ غَضَبٍ ﴾ **البقرة: ٩٠،**

واتا:شتێکی زۆر خراپ بوو که خۆیانیان پێ فرۆشت(ئەو خراپەش)بێ بڕوایی بوو بەو قورئانەی که خوا ناردوویەتیە خوارەوە بەهۆی حەسودیانەوە بوو بەوەی که خودا بڕێژێ لەبەخششی خۆی بەسەر هەرکەسێکدا کە خۆی بیەوێ لەبەندەکانی(کە موحەممەد(صلى الله عليه وسلم)) ئینجا تووشی خەشم و ڕقی یەك لەدوای یەکی خوا بوون.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ ٱللَّهِ ۚ مَن لَّعَنَهُ ٱللَّهُ وَغَضِبَ عَلَيْهِ وَجَعَلَ مِنْهُمُ ٱلْقِرَدَةَ وَٱلْخَنَازِيرَ وَعَبَدَ ٱلطَّٰغُوتَ ۚ أُوْلَٰٓئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضَلُّ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ ﴿٦٠﴾ وَإِذَا جَآءُوكُمْ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا وَقَد دَّخَلُواْ بِٱلْكُفْرِ وَهُمْ قَدْ خَرَجُواْ بِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا كَانُواْ يَكْتُمُونَ ﴿٦١﴾ وَتَرَىٰ كَثِيرًا مِّنْهُمْ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ وَأَكْلِهِمُ ٱلسُّحْتَ ۚ لَبِئْسَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿٦٢﴾ لَوْلَا يَنْهَىٰهُمُ ٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلْأَحْبَارُ عَن قَوْلِهِمُ ٱلْإِثْمَ وَأَكْلِهِمُ ٱلسُّحْتَ ۚ لَبِئْسَ مَا كَانُواْ يَصْنَعُونَ ﴿٦٣﴾ ﴾ **المائدة:** ٦٠– ٦٣.

واتا:ئەی موحەممەد(ﷺ)بڵێ ئایا هەواڵتان بدەمێ کێ شوێن و پاداشتی خراپترە لای خوا لەوەی ئەوە کەسێکە خوا نەفرەتی لێ کردبێ و خەشمی لێ گرتبێ وە هەندێکی لێ کردبن بە مەیموون و بەراز وە بت و تاغوتی پەرستبێ ئەوانەی باسکران خراپترین شوێنیان هەیە و گومڕاترین کەسن لە ڕێگای ڕاست. وە کاتێ دێن بۆ لاتان دەڵێن بڕوامان هێناوە سوێند بێ بێگومان بە بێ بڕوایی یەوە هاتوون وە بێگومان هەر بەبێ بڕواییشەوە دەرچوون وە خوا زۆر چاك دەزانێ بەوەی کە دەیان شاردەوە. وە ئەبینی زۆرێك لەوانە پێشبڕکێ ئەکەن لە گوناە و دەست درێژی کردن و حەرام خواردندا(وەك بەرتیل) بێگومان ئەوەی کە دەیانکرد زۆر بەدو خراپ بوو. ئەوە بۆچی جڵەو گیری یان نەکردن خوا پەرست و زاناکانیان لە گوفتاری گوناهیان حەرام خواردنیان(وەك بەرتیل)بەڕاستی شتێکی بەد بوو ئەوەی دەیانکرد.

هـــەروەها دەفـــەرموویت: ﴿ تَرَىٰ كَثِيرًا مِّنْهُمْ يَتَوَلَّوْنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَبِئْسَ مَا قَدَّمَتْ لَهُمْ أَنفُسُهُمْ أَن سَخِطَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ وَفِى ٱلْعَذَابِ هُمْ خَٰلِدُونَ ﴿٨٠﴾ ﴾ **المائدة: ٨٠،** واتا:ئەبینی(ئەی موحەممەد(ﷺ))زۆربەیان دۆستایەتی ئەکەن لەگەڵ ئەوانەی بێ باوەڕ بوون بێگومان زۆر بەد و خراپە ئەوەی کە پێشیان خست بۆ خۆیان(کردویانە) کە هۆی خەشم و قینی خوا بوو لێیان وە ئەوانە لە سزای دۆزەخدا بێ بڕانەوە دەمێننەوە.

خوای گەورە فەرمانی پێکردووین کە لەنوێژەکانماندا داوای لێ بکەین، ڕێگەی ڕاستمان پیشان بدات، ڕێگەی ئەوانەی نیعمەتی خۆی بەسەریاندا ڕژاندووە نەک ئەوانەی لێیان تووڕە بووەو ئەوانەش کە وێڵ و سەرگەردان بوون. لەپەیامبەری خـــواوە(ﷺ) ســـەلماوە فەرموویـــەتی:"الْيَهُـــودُ مَغْضُـــوبٌ عَلَـــيْهِمْ، وَالنَّصَـــارَى ضَالُّونَ"[1]،واتا:جولەکە بەر خەشم و تووڕەیی خوای گەورە کەوتوون، گاورەکانیش گومڕاو سەرگەردانن.

یەکەمین یاریکردنێکی شەیتان بەم ئوممەتە، لەژیانی پەیامبەرەکەیان و نزیکیی سەردەمیان بوو بەڕزگاربوونیان لەفیرعەون و خنکانی فیرعەون و قەومەکەی کاتێ لەدەریا پەڕینەوە، بینیان قەومێك بەدەور کۆمەڵێ بتیاندا پەرستن دەکەن و دەمێننەوە و ئیعتیکاف دەکەن، بۆیە وتیان:﴿ ٱجْعَل لَّنَآ إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ ءَالِهَةٌ ﴾ **الأعراف: ١٣٨،** واتا:وتیان: ئەی مووسا هەروەك ئەو پەرستراوانەی ئەوان تۆیش پەرستراوێکمان بۆ دابنێ.

---

١ – ترمیزی(٢٩٥٤ و ٢٩٥٥) و ئەحمەد(٣٧٨/٤) و تەیالیسی(١٠٤٠) و ئیبن حیبان(١٧١٥ و ٢٢٧٩) گێڕاویانەتەوە لەعەدی کوڕی حاتەمەوە بەسەنەدێکی حەسەن.

موسا(سەلامی خوای لەسەربێ) پێیانی وت:﴿ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ ﴿١٣٨﴾ إِنَّ هَٰؤُلَاءِ مُتَبَّرٌ مَّا هُمْ فِيهِ وَبَاطِلٌ مَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿١٣٩﴾ ﴾ **الأعراف: ١٣٨ - ١٣٩**، واتا:موواسا فەرمووی: بەڕاستی ئێوە هۆزێکی نەفامن. بێگومان ئەوانە ئەو(بت پەرستی یەی)ئەوانی لەسەرە لە ناودەچێ وە هەرچی دەکەن بەتاڵ و هەڵوەشاوەیە.

ئاخۆ چی نەزانییەکی تر هەیە لەسەرووی ئەو نەزانییەوە بێ؟ سەردەمەکە نزیکە، وا لەپێش چاویاندا هاوبەش پەیداکەران تیاچوون، کەچی هاتوون داوا لەموسا دەکەن خواوەندێکیان بۆ دروست بکات، داواکردن لەمەخلوقێك لەمەخلوق خواوەندێکیان بۆ دروست بکات، ئاخۆ چۆن خواوەند دروست دەکرێت؟ ئەوە خواوەندە شت دروست دەکات و بکەرە نەك تەواوکەر، ئەستەمە تەواوکەری دروستکراو ببێتە خواوەند.

لەپەیامبەری خواوە(ﷺ) سەلماوە کە لەیەکێك لەغەزوەکاندا بووە، بەلای درەختێکدا تێپەڕبوون هاوبەشی پەیداکەران چەك و کەلوپەلی خۆیانیان پێدا هەڵواسیبوو پێیان دەوت(ذات أنواط)، هەندێ لەهاوەلان وتیان: ئەی پەیامبەری خوا! بۆ(ذات أنواط)یێ بۆ ئێمە دروست ناکەی وەك ئەوەی ئەوان هەیانە؟ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"اللهُ أكْبَرُ!، قُلْتُمْ كَما قالَ قَومُ موسى لمُوسى: {اجْعَلْ لَنَا إِلَهاً كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ} (٢) .. لَتَرْكَبُنَّ سَنَنَ مَنْ كَانَ قبلَكُم حَذْوَ القُذَّةِ بالقُذَّةِ"[1]،واتا:الله أكبر، ئەمە هەمان ئەو قسەیەیە کە قەومی موسا بەموسایان وت:

﴿ ٱجْعَل لَّنَآ إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ ءَالِهَةٌ ۚ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ ﴿١٣٨﴾ ﴾ **الأعراف**

واتا: وتیان: ئەی موسا هەروەك ئەو پەرستراوانەی ئەوان تۆیش پەرستراوێکمان بۆ دابنێ موسا فەرمووی: بەڕاستی ئێوە هۆزێکی نەفامن.

---

١ – فەرموودەیەکی سەحیحە، لەقسەم لەسەر(الحوادث والبدع)(ص٣٨) تەخریجم کردووە، نشر دار ابن الجوزي.

پاشان فەرمووی:((ئێوە رێگە و رێچکەی ئوممەتانی پێش خۆتان دەگرنەبەر و شوێنیان دەکەون ئەگەر بچنە کونی بزەن مژەکیشەوە)).

بەزۆرێك شێوە، شەیتان یاریی پێیان کرد، سەرەتا لەپەرستنی گوێرەکە و بەتێپەڕبوون بەچیرۆکی سەربڕینی مانگا و کۆتاییهاتن بەفێڵیان لەحەلاڵکردنی رۆژانی شەممان کە خوای گەورە لەسەریانی حەرام کردبوو، هەتا ئەو شتانەی تر.

- **دوو گرووپی جولەکە:**

پاشان ئەو ئوممەتەی کەوتبووە بەر غەزەب و تووڕەیی خوا، بوونە دوو گرووپەوە:

یەکەم: ناسێنراون بەوەی پێشینی جولەکەن کە مەشنا و تەلمودیان نووسیووەتەوە و دوو کتێبی جولەکەن، شەرعناسانی جولەکە بوون، درۆیان بەدەم خواو موسای پەیامبەرەوە هەڵچنی، خاوەن کۆمەڵێ گەمژەیی و قسەی بێ سەروبەر و بانگەشەی درۆینەن، وەهایان داناوە ئەگەر لەبابەتێك لەبابەتەکان بکەونە جیاوازی و ناکۆکییەوە، ئەوە خوای گەورە نیگایان بۆ دەکات بەدەنگێك کە خەڵکەکەیان گوێیان لێ دەبێ و دەنگەگە ئەڵێ: لەم بابەتەدا حەق لای فلانە شەرعناسە، بەو دەنگە ئەڵێن:(پەخشکردنی دەنگ).

کە جولەکە تەورات خوێنەکان–هاوەلان و قوتابیانی عانان و بنیامین– کە روانیانە ئەو شتە ئەستەم و ناشیرینانەی ئەوان دەیانووت و درۆیەکی ئاشکرا و قێزەون بوو، لەهەموو ئەو قسانە لەشەرعناسان جیابوونەوە، لەهەموو ئەو درۆیانەی بەدەم خواوە هەڵیانبەستبوو، ئەوانیان بەدرۆ خستەوە، وەهایان دانا کە نابێ هیچ قسەیەکیان لێ قبوڵ بکرێت، چونکە ئەوان بانگەشەی پەیامبەرایەتییان کرد، بەوەی خوای گەورە وەحییان بۆ دەنێرێ هەروەك چۆن وەحی بۆ پەیامبەران دەنێرێ.

ئەو قسە بێ کەڵك و پووچانەی حاخامە جولەکەکان دەیانووتەوە کە شەرعناسانی جولەکەن و دابوویانە پاڵ تەورات و موسا، تەورات خوێنەکان هەموویان فڕێ دا، هیچ سەربڕاوێکیان حەرام نەکرد جگە لەگۆشتی گیسك و کاری شیرە خۆرە، ئەوەش بەڕەچاوکردنی دەقی تەورات:((گۆشتی گیسك و کارێکی شیرە خۆرە بەشیری دایکی ناخورێ))،کار بەقیاس ناکەن، تەنیا کار بەڕواڵەتی دەق دەکەن.

هەرچی گرووپی دووەمە: ئەوە ڕەبانییەکانن، هاوەڵانی قیاس، لەڕووی ڕێژەوە لەتەورات خوێنەکان زۆرترن، ئەو حاخامانەش کە درۆیان بەدەم خواوە کردووە بەشێکن لەم گرووپە.

ئەم گرووپە تووندترین گرووپێکی جولەکەیە لەدژایەتیکردنی ئوممەتانی تردا، چونکە حاخامەکانیان گومانی ئەوەیان بۆیان دروستکردووە، کە خواردەمەنییەکان بۆ خەڵکیی حەڵاڵن ئەگەر ئەو زانستەی تێدا بەکاربهێنن کە داویانەتە پاڵ موسا(سەلامی خوای لەسەربێ) و خوای گەورە، ئوممەتانی تر ئەوە نازانن، ئەوە تەنیا ئەوانن دەیزانن و شەرەفێکە لەلایەن خواوە بەوان دراوە، نمونەی ئەو بۆچوونانە لەبۆچوون و قسە بێ کەڵکەکانە، بەوە وەهای لێهاتووە هەر یەکێکیان بەنمونە وەربگری، بەجۆرێ تەماشای خەڵکانی غەیری مەزهەب و ئوممەتی خۆی دەکات وەك ئەوەی تەماشای ئاژەڵ بکات، وەك روانینە پیسایی دەڕوانێتە خواردن و سەربڕاوی ئوممەتانی تر.

ئەمە فێڵ و یاریی شەیتانە بەوان، حاخامەکانیان دەیانەوێ لەو ڕێگەیەوە، زیادەڕۆیی بکەن لەجیاوازبوون لەگەڵ ئوممەتانی تر و بەکەم زانینیان، هەژماردنیان بەکەم زاست، تەنیا ئەوانن بەوە کۆت و بەند و تووندگیر کراون.

هەر حاخامێکیان زۆرتر ئەرك و پێداگری و حەرامکردنی شتی هەبێ، ئەڵێن: ئەمە زانایەکی ڕەبانی و خواویستە.

ئەوەی وەهای لێکردوون تووندگیر و کەم حەوسەڵە بن: ئەوەیە لەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای زەوییدا پەرتەوازەن[1]، هەر کۆمەڵێکیان لەهەر شار و وڵاتێکدا هەبێ، پیاوێك لەخۆیان لەشار و وڵاتێکی دوورەوە دێتەلایان، زبریی لەئایینداری و زادەڕۆیی لەئەگەر وەرگرتن و ڕێگەپێدراو دەکات، ئەگەر شەرعناس بێ، خێرا ئەکات هەندێ شتیان ڕەتبکاتەوە و گومانیان بۆ دروست دەکات خۆیان لەوە بەدووربگرن، بەئایینداری لاواز ناوزەدیان دەکات، قسە و بۆچوونی خۆی دەداتەوە پاڵ زاناکانی خۆی و خەڵکی شار و وڵاتی خۆی، زۆربەی ئەوەشی باسی دەکات درۆیە، بەو کارەی ئەیکات مەبەستی ئەوەیە سەرۆکایەتییان بکات، یان نیازی خۆی لەوان بەدەستبهێنێ، بەتایبەت ئەگەر نیازی هەبێ لەنێویاندا بمێنێتەوە.

ئەبینی سەرەتا کە دادەبەزێتە لایان، لەخواردن و سەربڕاویان ناخوات، لەچەقۆی قەسابیان رادەمێنێ، هەندێ لەو کارەیان ڕەتدەکاتەوە و ئەڵێ: من تەنیا لەسەربڕاوی

---

١ – ئێستا کە لەسەرەتاکانی سالّی(١٤١١)ی کۆچی، بەرانبەر بەنیوەی سالّ(١٩٩٠)ی زایینین، جولەکە لەهەموو لایەکەوە خۆیان کۆکردووەتەوە و کۆچ دەکەن بۆ فەڵەستین، ئەو بەڵێنە ڕاستییە چاوەڕێیانە کە بەویست و مۆڵەتی خوای گەورە تیادەچن، ئاخۆ عەرەب و زۆربەی موسڵمانان هیچ خەمێکیان هەیە بەکۆچی جولەکە و گردبوونەوەیان لەفەڵەستین؟!

﴿ تَحْسَبُهُمْ جَمِيعًا وَقُلُوبُهُمْ شَتَّىٰ ﴾ **الحشر:** ١٤، واتا: تۆ وا دەزانی کە ئەوان کۆو پێکەوەن لە کاتێکدا دڵیان جیایە.

﴿ فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ الْآخِرَةِ جِئْنَا بِكُمْ لَفِيفًا ﴿١٠٤﴾ ﴾ **الإسراء:** ١٠٤، واتا:ئینجا کاتێ بەڵێنی ڕۆژی دوایی هات ئەوسا هەموتان پێکەوە(بۆ دادگای خوا)دێنین.

ئەگەر ئێمە ترسێکمان هەبێ، ترسمانە لەخۆمان کە پابەندییەکی لاوازمان بەقورئانی پەروەردگارمان و ڕێبازی پەیامبەرەکەمانەوە هەبێ(ﷺ)، با لەخۆمان بترسین لەلاوازیی و سستیی پابەندبییمان بەفەرمانەکانی خوا و پەیامبەرەکەیەوە(ﷺ). ﴿ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨٧﴾ ﴾ **الأعراف:** ١٨٧، واتا:بەڵام زۆرێك لە خەڵکی نایزانین.

دەستی خۆم دەخۆم، ئەوانیش لەگەڵیدا ئەکەونە ئەشکەنجە و ئازارەوە و شتی رێگەپێدراویان لێ رەتدەکاتەوە و بەداهێنانی هەندێ شتی خۆی، گومانی حەرامبوونی ئەو شتانەیان لێ دەکات تاوەکو گومانی ئەوەی لێ نەکەن.

ئەگەر کەسێکی تر رووبان تێبکات، کەسی پێشوو کە تیایاندا ماوەتەوە لەپیاوی نوێ دەترسێ، دەچێتە پێشوازی و رێزی لێ دەگرێ، هەوڵ دەدات بەلای خۆیدا رابیکێشێ و هاوڕای بێ و بەڕاستی بخاتەوە، کابرای نوێ قسە و کردەوەی کەسی یەکەم جوان پیشان دەدات و پێیان ئەڵێ: خوای گەورە پاداشتی گەورەی فلانە کەس بداتەوە کە پیرۆزی و رێنمایی ئایینی لەدڵی ئەم کۆمەڵەدا بەهێز کردووە و پەرژینی شەرعی لایان تووندو تۆڵ کردووە ! کە پێی بگات ستایش و سوپاسی خۆی پیشان دەدات و بۆی دەپارێتەوە لەبەر ئەوەی پشتگیریی کردووە لای ئەو خەڵکە.

بەڵام ئەگەر کابرای نوێ ئەو تووندگیری و بەرتەسککردنەوەیە رەتبکاتەوە کە کەسی سەرەتا تیایاندا دابهێناوە، ئەوە لای ئەو خەڵکە هیچ جێگە و رێزێک دەستناخات، یان بەنەزان تۆمەتباری دەکەن یان بەدەرچوو لەئایین، چونکە وەها باوەڕ دەکەن کە بژێویی سەخت و حەرامکردنی حەڵاڵ و زیادەڕۆییکردن، بەشێکن لەو ئایینە.

باوەڕیان وەهایە حەق و راستی لای ئەو کەسەیە کە حوکمەکانیان لەسەر تووند دەکەن. ئەوە ئەگەر ئەو کەسەی هاتووەتە لایان شەرعناس بێ، بەڵام ئەگەر لەخواپەرست و ئەحبارەکانیان بێ، ئەوە شتی زۆر سەیرتر دەبینی لەوەی شەرعناسانیان بۆیانیان داهێناوە، خەڵکەکەش دەست لەگەردن ملکەچیان دەبن، پارە و سەروەتیان لێ دادەمالێ. ئەگەر هەواڵی پێ بگات کەسێکی جولەکە لەڕۆژی شەممە لەقەراغ رێگە و بان دانیشتووە یان شیر و ماستی لەموسڵمانێك کڕیووە،

لەکۆمەڵگەی جولەکەدا جنێوی پێ دەدات و ناموسی حەڵاڵ دەکات و ئایینـدار لاواز وەسفی دەکات.

- **پابەندییەکی ئیمانی:**

گومان لەوەدا نییە ناکرێ کەسێکی جولەکە باوەڕی بەپەیامبەرێتی موسا(سەلامی خـوای لەسـەر بـێ) هـەبێ تـاوەکو بـاوەڕی بەپەیامبـەرێتی موحەممـەد(ﷺ) نـەبێ، ناشکرێ کەسێکی گاور دان بەپەیامبەرێتی مەسیحدا بنێ تـەنیا دوای ئـەوە نـەبێ کـە دان بەپەیامبەرایەتی موحەممەد(ﷺ)دا دەنێ.

ڕوونکردنـەوەی ئـەوە: ئەگـەر بەهـەردوو ئوممـەت بووترێـت: ئێـوە نـە ئـەو دوو پەیامبەرەتان بینیووە نە نیشـانە و بەڵگـەی پەیامبەرایـەتیی هـەردووکتان بینیـووە، ئاخۆ کەسێکی عاقڵ چۆن دەتوانێ پەیامبەرێك بەدرۆ بزانێ کـە خـاوەن بانگـەوازێکی پێشوو و وتەیەکی ڕاوەستاو و نیشانە گەلێکی ڕوون و ڕەوانـە، لەهەمانکاتـدا کەسـێك بەڕاست بزانرێت کە نمونەی ئەو نییـە و لەپەیامبەرایـەتی و بەڵگـەدا نزیـك بـەو نییـە، لەبەر ئەوەی یەکێك لەو دوو پەیامبەرەی نەبینیووەو موعجیزاتی ئەوی نـەبینیووە؟! ئەگەر پەیامبەرایەتی یەکێك لەو دووانە بەدرۆ بزانرێت، پێویستە ئـەوی تـریش بـەدرۆ بزانرێت، ئەگەر یەکێکیان بەڕاست بزانرێت، پێویستە ئەوی تریش بەڕاست بزانرێت. جا دەبێ بزانین، ئەگـەر بێبـاوەڕیی بەپەیامبـەرێتی پەیامبـەرێك بکرێـت، ئـەوە بەرانبـەر بەتـەواوی پەیامبـەران بێبـاوەڕیی کـردووە، ئـەوکات بـاوەڕبوونی بەیەپامبـەرێك هـیچ سوودێکی پێ ناگەیەنێ.

خوای گەورە ئەفەرموویێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡفُرُونَ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُواْ بَيۡنَ ٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيَقُولُونَ نُؤۡمِنُ بِبَعۡضٖ وَنَكۡفُرُ بِبَعۡضٖ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُواْ بَيۡنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا ١٥٠ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ حَقّٗاۚ وَأَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابٗا مُّهِينٗا ١٥١

وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَلَمۡ يُفَرِّقُواْ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّنۡهُمۡ أُوْلَٰٓئِكَ سَوۡفَ يُؤۡتِيهِمۡ أُجُورَهُمۡۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴿١٥٢﴾ ﴾ **النساء: ١٥٠ - ١٥٢، واتا: بەڕاستی ئەوانەی بێ باوەڕن بە خوا و پێغەمبەرەکانی وە دەیانەوێ جیاوازی بخەنە نێوان خواو پێغەمبەرەکانی وە دەڵێن باوەڕ بە هەندێك(لە پێغەمبەران)دەهێنین وە باوەڕ ناهێنن بە هەندێکی تریان و دەیانەوێ لەو نێوانەدا ڕێگەیەك بدەنەبەر. ئا ئەوانە بەڕاستی بێ باوەڕی تەواون وە ئامادەمان کردووە بۆ بێ باوەڕان سزایەکی ڕیسواکەر. وە ئەوانەی بڕوایان هێناوە بە خواو پێغەمبەرەکانی وە هیچ جیاوازی یەکیان نەخستە نێوان هیچ کام لەو پێغەمبەرانە ئا ئەوانە لە داهاتوودا خوا پاداشتیان دەداتەوە وە خوا هەمیشە لێبوردەی میهرەبانە.**

هەروەها خوای گەورە ئەفەرموویت: ﴿ ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّن رُّسُلِهِۦۚ ﴾ **البقرة: ٢٨٥، واتا: پێغەمبەر بڕوای هێنا بەو نامەیەی کە بۆی نێراوە لە پەروەردگاری یەوە لەگەڵ بڕواداراندا هەموو بڕوایان هێناوە بەخوا و فریشتەکانی و نامەکانی و پەیامبەرانی جیاوازی ناکەین لە نێوان هیچ یەکێك لە پەیامبەرانی(بڕوادارەکان).**

بەجولەکەیەك ئەڵێین: ئایە موسات بینیووە و بەچاوی خۆت موعجیزاتەکانت بینیووە؟

ئەوکات دوو وەڵامی هەیە:

یەکەم: ئەوەی ئەڵێ: باوکم ئەوەی بۆ باسکردم.

دووەم: ئەوەی ئەڵێ: باسی دەماودەم و شایەتیدانی ئوممەتان ئەوەی لای من دروست کرد، هەروەك شایەتیی ئەوان بوونی وڵاتانی دوورە دەست و دەریا و ڕووبارە بەناوبانگەکانی بەمن ناساندووە ئەگەرچی بەخۆم نەمبینیوون!

ئەگەر وەلامی یەکەمی هەڵبژارد و وتی: شایەتیدانی باوکم و هەواڵی لەبارەی پەیامبەرێتی موساوە بۆ من، هۆکاری ئەوەی پەیامبەرێتی موسا بەڕاستەزانم.

ئەوە پێی ئەڵێین: چۆن لەوەدا باوکت بەلاتەوە راستگۆیە و درۆ ناکات؟ لەکاتێکدا بێباوەڕان دەبێتی باوکانیان فێری بێباوەڕییان دەکەن، ئەوەی ئەوان فێریان دەکەن بەلای تۆوە بێباوەڕییە، ئاخۆ وەهای نابینی خەڵکێك کە لەباوبپیرانیانەوە ئایینی پووچەڵ و ڕێچکەی خراپ و بەد پەیڕەو دەکەن، وەك وەرگرتنی ئەو مەزهەبەیە کە تۆ لەباوك و باپیرانتەوە وەرتگرتووە؟ تۆ کە دەزانی ئەو خەڵکە لەسەر ڕێچکەی گومڕایین، پێویستە لێکۆڵینەوە بکەی لەڕاستیی ئەوەی لەباوکتەوە وەرتگرتووە نەوەك تۆش حاڵی ئەو خەڵکەت بەسەردا رووی دابێ!

ئەگەر بڵێ: ئەوەی من لەباوکمەوە وەرمگرتووە دروستترە لەوەی ئەو خەڵکە لەباوك و باپیرانی خۆیانەوە وەریانگرتووە! ئەوەندەی بەسە خەڵکی تر، بەنمونەی قسەی خۆی بۆ خەڵکانی دیکەی گومڕا، وەلامی بدەنەوە.

ئەگەر بڵێ: باوکم راستگۆتر و شارەزاتر و بەڕێزترە لەباوکانی ئەوان! ئەوە خەڵکانی تریش هەمان قسەی ئەو دەکەن و بەقسەی خۆی وەلامی دەدەنەوە و ڕێگەی لێ دەگرن.

ئەگەر پێی بووترێت: دڵنیاییت چییە لەوەی باوکانی کەسانی تر لەباوکی تۆ شارەزاتر و باشتر نین؟

بەهەرحاڵ ئەگەر لاساییکردنەوەی باوکی خۆی بەڵگەیەکی راست بێ، ئەوە لاساییکردنەوەی کەسانی تریش بۆ باوکانی خۆیان هەر راست دەبوو. ئەگەر لاساییکردنەوەی کەسانی تر بۆ باوك و باپیرانیان باتڵ بێ، ئەوە لاساییکردنەوەی خۆیشی بۆ قسە و کردەوەی باوکی هەر باتڵە.

بەلأم ئەگەر لەو وەلأمە پاشگەزبوویەوە و وەلأمی دووەمی هەلبژارد و وتی: من پەیامبەرێتی موسام زانیووە لەڕێگەی هەواڵی دەماودەم و موتەواتیری سەدە لەدوای سەدە، هەواڵی دەرکەوتن و موعجیزە و نیشانەکانی پەیامبەرێتی ئەوم بۆ باسکراوە بەجۆرێك ناچارم بەڕاستی بزانم.

ئەوکات پێیدەوترێ: ئەم وەلأمە سوودت پێ ناگەیەنێ، چونکە تۆ هەواڵی پەیامبەرێتی عیسا و موحەممەد(سەلامی خوایان لەسەربێ)ت رەتکردووەتەوە کە بەبەڵگەی دەماودەم و موتەواتیر شایەتی پەیامبەرێتی هەردووکیان هاتووە.

ئەگەر بڵێ: دەرکەوتنی پەیامبەرێتی و موعجیزات و نیشانەکانی موسا بەموتەواتیر هاتووە، بەڵام ئەوانە لەبارەی مەسیح و موحەممەد(سەلامی خوایان لەسەربێ) بەموتەواتیر نەهاتووە!

ئەوکات پێیدەوترێ: ئا ئەوە پاداشتی شیاوە بەئوممەتی بەر غەزەبی خوا کەوتوو، تەواوی ئوممەتان دەزانن کە ئەو ئوممەتە ئوممەتێکی درۆزنە، ئەگەر نا ئەوە ئەوانەی موعجیزاتی مەسیح و موحەممەدیان(سەلامی خوا لەسەر هەردووکیان بێ) گواستووەتەوە، چەندان ئەوەندەی ئەوانەی ئێوەن کە هەواڵەکانی موسایان گواستووەتەوە(سەلامی خوای لەسەربێ)، خەڵکانێکی زۆر نەوە لەدوای نەوە و سەدە لەدوای سەدە گواستوویانەتەوە و ئەو موعجیزاتانە هیچی کەمتر نییە لەوەی موسا(سەلامی خوای لەسەربێ) هێنابوونی، جا ئێوە کە دان بەهەواڵی تەواوتوردا نانێن و رەتیدەکەنەوە، پێویست دەکات دان بەهیچ هەواڵێکی موساشدا نەنێن(سەلامی خوای لەسەربێ).

شتێکی روون و حاشا هەڵنەگرە، هەرکەسێ شتێك بسەلمێنێ و هاوشێوەی ئەو شتە رەتبکاتەوە، ئەوە کەوتووەتە دژیەکییەوە.

موحەممەد(ﷺ) لەسەردەمێکدا بەناوبانگ بوو، پەیامبەرێتی ئەو لەو سەردەمەدا بەو ئایەت و نیشانانەی کە بۆ خەڵکی سەردەمەکەی لەودا دەرکەوت و بووە هۆکاری راستیی پەیامەکەی، هەواڵی ئەو پەیامبەرێتییە راستییە لەو خەڵکەوە گەیشتە خەڵکانی سەردەمێکی تر، ئەوە بوو پێویستی دەکرد بەڕاستی بخەنەوە و ئیمانی پێ بهێنن، موسا و موحەممەد و مەسیح لەوەدا وەک یەک بوون، رەنگە دەماودەم گێڕانەوەی شایەتیدان بەپەیامبەرێتی موسا چەندان ئەوەندەی تەواتور بوونی شایەتیدان بەپەیامبەرێتی عیسا و موحەممەد بووبێ، چونکە ئوممەتی بەر غەزەبی خوا کەوتوو، خوای گەورە پەرتەوازەی کردبوون، لەژێر دەسەلاتی ئوممەتانی زاڵدا زەلیلانە دەژیان، پێچەوانەی ئوممەتی عیسا(سەلامی خوای لەسەربێ) کە بەزەوییدا بلاوبوونەوە و پادشا و پادشانشینی زۆریان هەبوو.

هەرچی موسڵمانانی یەکتاپەرستە، ئەوە بەڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای زەوییدا بلاوبوونەوەو دەشت و دەر و چیاکانیان پڕ کردبوو، چۆن دەکرێ گواستنەوەکانیان درۆ بووبێ و گواستنەوەی ئوممەتی بەر غەزەبی خوا کەوتووی سست و پارچە پارچە بوو، راست بووبێ؟!

سەلماوە کە هیچ جولەکەیەکی سەر ڕووی زەوی ناتوانێ پەیامبەرێتی موسا(سەلامی خوای لەسەربێ) بەڕاستبخاتەوە تاوەکو پەیامبەرێتی موحەممەد(ﷺ)بەڕاست نەزانێ، هیچ گاورێکیش ناتوانێ ئیمانی بەمەسیح(سەلامی خوای لەسەربێ) بێنێتەدی تاوەکو باوەڕ بەپەیامبەرێتی موحەممەد(ﷺ) نەهێنێتەدی.

شایەتیدانی موسڵمانان بەپەیامبەرێتی موسا و مەسیح، هیچ سوودێک بەو دوو ئوممەتە ناگەیەنێ، چونکە لەسەر دەستی موحەممەد(ﷺ) باوەڕیان بەهەردووکیان

هێناوە، جا باوەڕبوونیان بەموسا و عیسا بەشێکە لەباوەڕبوون بەموحەممەد(ﷺ) و ئەوەی ئەو هێناوێتی، چونکە ئەگەر موحەممەد(ﷺ) نەبووایە، ئێمە ئەو دوو پەیامبەرەمان نەدەناسی و باوەڕمان پێیان نەدەهێنا.

بەتایبەت ئوممەتی بەر غەزەبی خوا کەوتوو، هەروەها ئوممەتی وێڵ و سەرگەردان، لەبارەی پەیامبەرەکانیانەوە شتێکیان پێ نییە بەپێی پێویست ببێتە هۆی ئەوەی باوەڕیان پێ بهێنین، بۆیە ئەگەر موحەممەد(ﷺ) و قورئان نەبوونایە، ئەوە هیچ شتێکمان لەبارەی نیشانەکانی پەیامبەرانی پێشوو نەدەزانی.

ئەوە موحەممەد(ﷺ) و قورئانەکەیەتی، پەیامبەرێتی موسا و مەسیحیانِ سەلماندووە نەک جولەکەو گاورەکان. بەڵکو هەر دەرکەوتنی موحەممەد(صلى الله عليه وسلم)، راستخستنەوەی پەیامبەرایەتی هەردووکیان بوو، چونکە هەواڵیان لەبارەی دەرکەوتنییەوە دابوو، لەپێش هاتنی، موژدەی دەرکەوتنیان دابوو، بۆیە کە موحەممەد(ﷺ) هات، هاتنەکەی بەڕاستخستنەوەی هەردووکیان بوو.

لەم فەرمایشتەی خوای گەورەدا ئەوەمان بۆ رووندەبێتەوە کە دەفەرموێت:

﴿ وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُوٓاْ ءَالِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَّجْنُونٍ ۞ بَلْ جَآءَ بِٱلْحَقِّ وَصَدَّقَ ٱلْمُرْسَلِينَ ۞ ﴾ الصافات: ٣٦ - ٣٧، واتا: هاتنی موحەممەد(ﷺ) بەڕاستخستنەوەی ئەوان بوو لەدوو لایەنەوە، لەلایەنی هەواڵدانیان بەهاتن و ناردنی بەپەیامبەرێتی، لەلایەکی تریشەوە هەواڵدانی موحەممەد(ﷺ) بەنمونەی ئەوەی ئەوان هەواڵیان دابوو، پەیامەکەی هاوجۆری پەیامی ئەوان بوو. پەیامبەری یەکەم، کار و فرمانێکی هێنابوو تەنیا لەڕێگەی وەحییەوە دەزانرا، پاشان پەیامبەرێکی تر هات کە لەڕووی کات و شوێنەوە هاوجۆری نەبوو، هیچ شتێکی ئەوی پێش خۆی پێنەگەیشت و وەرنەگرت، کەچی هەواڵ و فرمانی هەردووکیان وەک یەک بوو، ئەوەش بەڵگەی راستگۆیی هەردووکیان بوو. بەنمونەی دوو پیاو بوون، یەکێکیان هەواڵی بەشتێک داوە و بینراوەو خەڵکیی

بۆی بوونەتە شایەت، پاشان کەسێکی تر دێت خەڵکی ئەو شار و شوێنە نییە و ئەزانرێ لەگەڵ ئەو پیاوەدا کۆ نەبووەتەوەو هیچ کات نەیبینیووە و لەبارەیەوە هیچی نەبیستووە، هەواڵێك رادەگەیەنێ کە لەگەڵ هەواڵ و باسی پیاوی یەکەمدا وەك یەکە، ئەوکات گوێگر ناچار ئەبێ هەردوو پیاو بەڕاستبخاتەوە.

واتای دووەم: موحەممەد(ﷺ) بەوە نەهاتووە هیچ پەیامبەرێکی پێش خۆی بەدرۆ بزانێ و سووکیان بکات وەك ئەوەی پادشایان بەرانبەر پادشایانی پێش خۆیان ئەنجامی دەدەن، بەڵکو موحەممەد(ﷺ) بەڕاستخستنەوەی ئەوان هات، شایەتیی لەسەر پەیامبەرێتی ئەوان دا، جا ئەگەر درۆزن بووایە و نیازێکی هەبووایە، ئەوە پەیامبەرێتی ئەوانەی پێش خۆی بەڕاست نەدەخستەوە، بەڵکو لێیانی کەم دەکردەوە و تانەی لێ دەدان وەك چۆن دوژمنانی پەیامبەران ئەوە دەکەن.

- **شێواندنی تەورات:**

قسەی ئەو خەڵکەی کە تەوراتیان لەبەردەستە، لەبارەی تەوراتەوە جیاواز و ناکۆك بەیەکە: ئاخۆ گۆڕدراوە، یان شێوێندراویی لەتەوراتدا رووی داوە لەڕێگەی تەئویل و لێکدانەوەوە؟

بۆ ئەوە بوونە سێ گرووپ و بۆچوونەوە، دوو لایەن و نێوەندگیرێك:

تایەفەو گرووپێکیان زیادەڕۆییان کردووە بەوەی، هەمووی یان زۆربەی گۆڕدراو و دەستکاری کراوە، ئەو تەوراتە نییە کە خوای گەورە بۆ موسا(سەلامی خوای لەسەربێ) دایبەزاندووە، بۆیە ئەم گرووپە کەوتوونەتە رەخنەگرتن و دەرخستنی ناتەواوییەکانی.

بەرانبەر بەوان کۆمەڵێك لەپێشەوایانی فەرموودە و فیقهو کەلام وتوویانە: نەخێر گۆڕاندنەکە لەلێکدانەوە رووی داوە نەك لەتەوراتدا. ئەمە مەزهەبی ئەبو عبداللە

موحەممــەدی کــوڕی ئیســماعیلی بوخارییــە. لەســەحیحەکەیدا ئــەڵێ:((یُحَرِّفُــونَ: یُزیلونَ،واتا: لێکدانەوەی بەجۆرێکی تـری نامەبەسـت)). ئـەوەش هەڵبـژاردەی رازییـە لەتەفسیرەکەیدا[1].

گوێم لێبوو شێخی مامۆستامان ئەیووت: لەنێو هەندێ زانـای بـەڕێزدا لـەم بابەتـەدا ناکۆکیی رووی داوە، ئەو ئەمەی هەڵبژاردووە و ئەوانی تـریش بەگومانـدا رۆیشـتوون، بۆچوونی ئەویان رەتکردووەتەوە، بۆیە ئەویش پانزە بەڵگەی بۆ ئامادە کردبوون لەو بارەیەوە.

بەڵگەی ئەوان، ئەوەیە کە تەورات لەڕۆژهەڵآت و رۆژئاوای زەوییدا جێبەجێ کراوە، لەباشوور و باکوورەوە، تەنیا خوای گەورە دەزانێ چەند بەرگی لەبەر گیراوی تەورات هەبووە، زەحمەت بووە لەتەواوی ئەو تەوراتانەدا گۆڕاندن رووی دابێ، هـیچ تـەوراتێ نەمابێتـەوە تـەنیا تـەوراتی دەسـتکاری کـراو نـەبێ، ئەوەیـە کـە عـەقڵ بەئەسـتەمی دەبینێ.

وتوویانە: خوای گەورە بەموحەممەدی پەیامبەر(ﷺ) فەرموویەتی بەتەورات بەڵگە بخەرەسـەر جولەکـە:﴿ قُلْ فَأْتُوا۟ بِٱلتَّوْرَىٰةِ فَٱتْلُوهَآ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٩٣﴾ ﴾ آل عمران: ٩٣، واتا: ئەی موحەممەد(ﷺ)بڵێ: دەی تەورات بهێنن و بیخوێننەوە ئەگەر ئێـوە ڕاسـت دەکەن.

ئەڵێن:هەروەها سیفاتەکانی موحەممەدی پەیامبـەر(ﷺ) و شـوێنی دەرکەوتنیشـی لەتەوراتـدا زۆر ڕوونـە، نـاتوانن ئـەو دەقـە لابـەرن و بیگـۆڕن[2] بـەڵکو خـوای گـەورە

---

١ – (مفاتيح الغيب)(١٨٧/١١).

٢ – لـەمڕۆدا زۆرێکیـان لـێ لابـردووە، زۆرێـک موژدەیـان شـێواندووە، لەگـەڵ ئەوەشـدا خـوای گـەورە ڕەتیدەکاتـەوە ڕوونـاکی و نـووری خـۆی تـەواو نـەکات، لەکتێبەکانیانـدا شـتانێک ماوەتـەوە نـەتوانن ڕەتیبکەنەوە و لێی لابدەن، بۆیـە بڕوانـە کتـێبی((مـاذا تقـول التـوراة والإمجيـل عـن محمد(صـلى الله عليـه

سەرزەنشتی کردوون بەوەی بێدەنگییان لەبەرانبەردا کردووە و دەریان نەخستووە، کاتێ بەدەقی تەورات بەڵگە لەسەر سیفەتەکانی موحەممەد(ﷺ) بهێنرابایەتەوە، ئەیانووت: ئەوە ئەو نییە، کەسێکی تری ئێمە چاوەڕێی دەرکەوتنی دەکەین. ئەوەش بەشێك بوو لەو بەڵگەیانەی کە ئەو کۆمەڵەیە بەبەڵگە دەیهێننەوە.

لەنێوان هەردوولادا گرووپ و کۆمەڵێك تر هەن، ئەڵێن: هەندێ شت لەتەوراتدا زیاد کراوە، هەندێ وشەی کەمی لێ گۆڕدراوە، بەڵام زۆربەی وەك ئەوە ماوەتەوە کە دابەزێنراوە، ئاڵۆگۆڕی زۆر کەمی تێدا کراوە. ئەوەی ئەم قسەیەی هەڵبژاردووە، شێخی ئێمەیە لەکتێبەکەیدا(الجواب الصحيح لمَنْ بَدَّلَ دينَ المسيح)[1].

- **لەبەڵگەی سەخت تێگەیشتنیان:**

ئەوەی بەڵگە بێ لەسەر تێگەیشتنی سەختی ئەو ئوممەتە بەر غەزەبی خوا کەوتووە و کەمیی تێگەیشتن و نالەباریی بۆچوون و عەقڵیان، ئەوەیە کە لەتەوراتدا هاتووە:((گەلێکی بێ بۆچوونن، ژیر و فامیدەیان تێدا نییە)): هەر خۆیان لەتەوراتدا گوێیان لێ بووە وتوویەتی:((بەروویوومی خاکەکەت هەڵدەگیرێ و دەبردرێ بۆ مااڵی خوای پەروەردگارت،گۆشتی گیسك و کاری شیرە خۆرەی بەر دایك ناخورێت)).

مەبەست ئەوەیە، دوابەدوای فەرمانی حەجکردن بۆ بەیتولمەقدیس، فەرمانیان پێ کراوە گیسك و کار و نۆبەرە کشتوکاڵییەکانیان لەگەڵ خۆیاندا ببەن، چونکە پێش

وسلم)؟))ی شێخی بانگخواز ئەحمەد دیدات، وەرگێڕانی برای بەڕێزمان ولید طاش بەپێشکەشکردن و قسە لەسەر کردنی خۆم، نشر دار ابن الجوزي.

١ – زۆرێك لەزانایانی کۆن و نوێ کتێبیان نووسیووەتەوە لەبارەی شێواندنی تەورات و ئینجیلەوە و لەکتێبەکانیاندا زۆرێك بەشیان بۆ ئەوە تەرخان کردووە. جولەکە و گاورەکان بەپەیرەوکردنی رێنمایی کۆمەڵگە ئایینییەکانیان، کتێبەکانی خۆیانیان شێواندووە! بەبەڵگەی ئەوەی کۆتا ئەحکامیان لەبابەتێکدا: ئەوە و ئەوەیە...ئەمڕۆش وەهایە، چاپێك لەچاپی پێش خۆی جیاوازترە.

ئەوە بەسەریاندا فەرزکرابوو کاوڕ و گوێرەکە بۆ حەوت رۆژ بەدوای دایکانیانەوەبن و لەڕۆژی هەشتەم و بەسەرەوە شیاو بوون بکرێنە قوربانی، بەو دەقە فەرمانی ئەوەیان پێ درا زۆر نەمێننەوە لەوەی کاوڕ و گوێرەکەی تازە لەدایکبوو بەدوای دایکانیانەوە بهێڵنەوە، بەڵکو لەوانەی حەوت رۆژە لەدایکبوون، لەگەڵ خۆیاندا ببەن بۆ حەجکردن لەبەیتولمەقدیس و لەوێ بیکەنە قوربانی.

بەڵام زانایانی گێل وەها تێگەیشتن، مەبەست بەپێگەیشتن و خواردن،کولاندن و لێنانی نێو مەنجەڵە، نەهیان لێکراوە گۆشتی گیسک و کاری شیرە خۆرە لێ بنێن.

ئەو هەڵە لێکدانەوەیەیان بەس نەبوو، هاتن بەجۆرێ لێکدانەوەیان کرد هەموو ئاژەڵێکی شیرەخۆرە و کاتی شیردەریان حەرامکرد، وشەی(گیسك و دایك)یان هەڵوەشاندەوە، بەجۆرێك دەقەکەیان شیکردەوە ئەو شیکردنەوەیەی هەڵنەدەگرت، کە بیانوویستبایە گۆشت و ماست(شیر) بخۆن، بەجیا دەیانخوارد!

شتەکانی تریشیان نزیك بەوە بوو.

- **یەکدەنگبوونیان لەسەر ئەستەم و مەحاڵ:**

گونجانی تەواوی ئەو ئوممەتە لەسەر ئەستەم و جۆرەکانی گومڕایی، کارێکە بەدوور نازانرێت.

دەوڵەت کاتێك نامێنێ و دەپووکێتەوە، کە پەلاماری زۆری بەسەردا ئەنجام بدرێت و وڵات کاول بکرێ و بسووتێنرێ، ئەو رووداوانەی بەسەردا دووبارە ببنەوە تاوەکو نەزانی و زەلیلی و ژمارە کەمیی بەسەر دانیشتوانەکەیدا دێت. جا ئوممەتێکیش دەوڵەتەکەی بەو جۆرە بێ، زووتر شوێنەوارەکانی ئایینەکەی دەپووکێتەوە. جولەکەش کە لەئوممەتانی تر زیاتر ئەو پشکەی هەبوو، لەبەر ئەوەی کۆنترین

ئوممەتێك بوو ئوممەتانی تر زۆر بەسەریدا زاڵەاتن لەنمونەی کلدانی و بابلییەکان و فارس و یۆنان و گاورەکان و موسڵمانانیش لەدواتردا.

هەموو ئەو ئوممەتانە دەیانوویست جولەکە لەپیشە بکێشن و ولاّت و کتێبەکانیان بسووتێنن، موسڵمانەکان نەبێ ئەوەیان بەرانبەریان نەکرد، بەوەی دادپەروەرترین ئوممەتێك بوون بەرانبەر جولەکە و ئەوانی تر، بەپاراستنی فەرمانی خوایی لەبارەیانەوە کە فەرموویەتی:

﴿ * يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ بِٱلْقِسْطِ شُهَدَآءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ أَوِ ٱلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَۚ إِن يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقِيرًا فَٱللَّهُ أَوْلَىٰ بِهِمَاۖ فَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلْهَوَىٰٓ أَن تَعْدِلُواْۚ وَإِن تَلْوُۥٓاْ أَوْ تُعْرِضُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ﴿١٣٥﴾ ﴾ **النساء: ١٣٥،**

واتا: ئەی کەسانێك کە باوەڕتان هێناوە بەردەوام زۆر دادگەر بن لەبەر خوا شایەتی بدەن با شایەتی دژ بە خۆشتان بێت یان دژی باوك و دایك و خزمە نزیکەکانتان بێت ئەگەر(شایەتی لەسەر دراوەکە) دەوڵەمەند بێت یان هەژار(شایەتیەکە هەر بدەن)چونکە خوا بەوان لە پێشترە(و قازانجیان چاکتر دەزانێت) کەواتە شوێن ئارەزوو مەکەون بۆ ئەوەی لە هەق لانەدەن.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلْقِسْطِۖ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُواْۚ ٱعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰۖ ﴾ **المائدة: ٨،** واتا: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە زۆر بە ڕێکوپێکی هەستن بە ئەنجام دانی فەرمانەکانی خوا شایەتی دەربن بە دادو ڕاستی با ڕق و کینەتان لە دەستەو کۆمەڵێك هانتان نەدا لەسەر ئەوەی ڕاست نەڕۆن و دادگەر نەبن، دادگەر بن ئەوە نزیکترە لە پارێزکاریەوە وە لە خوا بترسن.

که ئیسلام هات، ئەو ئوممەتە لەژێر چەپۆکی فارس و گاورەکاندا بوو، نە شارێکی بۆ مابوویەوە نە سوپایەک.

ئەوەی که ئیسلام پێیگەیشت و لەو ئوممەتەدا هێزی هەبوو، جولەکەی خەیبەر و مەدینە و دەوروبەری بوو، بەڵێنیان پێ درابوو بەدەرکەوتنی پەیامبەر(ﷺ) لەو شوێنەدا بۆیە لەوێدا کۆببوونەوە،لەپێش دەرکەوتنی پەیامبەرێتی موحەممەد(ﷺ) هەڕەشە و شەڕیان لەگەڵ هاوبەش پەیداکەرانی عەرەب دەکرد،هەڕەشەیان لەعەرەب دەدا که پەیامبەرێك لەوێدا دەردەچێ و لەگەڵیدا دەردەچن و شەڕی عاد و ئیرەمی ئێوە دەکەین، بەڵام که خوای گەورە موحەممەد(ﷺ)ی رەوانە کرد، عەرەب پێشیان کەوتن بەباوەڕهێنان پێی، بۆیە حەسودی و ستەم وەهای لێکردن باوەڕی پێ نەهێنن و بەدرۆی بخەنەوە.

***

کۆتایی

ئەمە کۆمەڵێ بەشی کورتکراوە بوو لەفێڵ و یارییکردنی شەیتان بەم ئوممەتە، بەهۆیەوە موسڵمانی یەکتاپەرست نرخی ناز و نیعمەتی خوای گەورە بەسەر خۆیەوە دەزانێ، لەو زانست و ئیمانەی پێی بەخشیوە. خوای گەورە بەوە کێی بووێ هیدایەتی دەدات، لەوانەی حەقخوازانی ئەم ئوممەتە. سەرکەوتن و رێنیشاندەرییش هەر بەخوای گەورەیە. تەواوی سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، سەلامی خوا لەسەر تەواوی پەیامبەرانیش بێت، بەتایبەت موحەممەد(ﷺ). خوای گەورە هیدایەتمان بدات بۆ هیدایەت و رێنیشاندەریی موحەممەد(ﷺ)، لەگرۆی ئەو و لەژێر ئاڵا و بەیداخی ئەودا حەشرمان بکات، تێر ئاومان بکات لەو حەوزەی گەر هەرکەسێ لێی بخواتەوە،ئیتر تینووی نابێ، پشکی زۆرمان پێ ببەخشێ لەشەفاعەتی پەیامبەری خۆی(ﷺ)، بێگومان خوای گەورە لێبوردە و بەخشندەیە[1].

---

١ – لەبەیانیی زووی رۆژی چوارشەممە٢١ی شەوالی١٤١٠ی کۆچی، بەرانبەر بە١٦ی ئایاری١٩٩٠لەدایکبوون، لەکورتکردنەوەی ئەم کتێبە و رێکخستنی دەق و قسە لەسەرکردن و تەخریجکردنی فەرموودەکانی بوومە، سوپاس و ستایش هەر شایستە بەخوای جیهانیانە.

پێڕست

پێشەکی وەرگێڕ	٣
پێشەکی دانەر	١٩
تەوەری یەکەم: بەشەکانی دڵ	٢٧
تەوەری دووەم: باسکردنی حەقیقەتی نەخۆشیی دڵ	٣٩
تەوەری سێیەم:دەواو دەرمانی نەخۆشییەکانی دڵ دوو بەشە(سرووشتی و شەرعی)	٤٨
تەوەری چوارەم: ژیان و دەرەوشانەوەی دڵ، سەرچاوەی هەموو خێرو خۆشییەکی نێو دڵە	٥٢
تەوەری پێنجەم: ژیان و ساغیی دڵ	٦٢
تەوەری شەشەم: دڵ، بەختەوەری و چێژو خۆشی و چاکبوونی بۆ نابێ تائەوەی اللە بەتەنیا دەبێتە خواو بەدیهێنەری	٦٨
تەوەری حەوتەم: قورئان، دەواو دەرمانی هەموو جۆرە نەخۆشییەکانی دڵی تێدا هەیە	١٠٩
تەوەری هەشتەم: زەکاتی دڵ	١١٥
تەوەری نۆیەم: پاککردنەوەی دڵ لەپیسی و چەپەڵییەکانی	١٢٦
تەوەری دەیەم: نیشانەکانی نەخۆشی و ساغیی دڵ	١٥٣
تەوەری یانزەیەم: چارەسەری نەخۆشیی دڵ لەڕزگارکردنی لەدەست زاڵبوونی دەروون	١٦٦
تەوەری دوانزەیەم: چارەسەرکردنی دەدەداربوونی دڵ بەشەیتان	١٨٦
تەوەری سیانزەیەم: ئەو فێڵ و تەڵەکانەی شەیتان کە بەرانبەر مرۆڤەکان بەکاری دەهێنێ و دەیانخاتە تەڵەوە	٢٠٢
فێڵی شەیتان لەئادەم و حەوا	٢١٨
لەنێوان زیادەڕۆیی و شلۆەوی	٢٢٤
بۆچوون و هەواو ئارەزوو	٢٢٩
پشت بەستن بەعەقڵ	٢٣٠
قسەی بێ سەرو بەر و بێ بنەمای سۆفییەکان	٢٣١

جوانکردنی تاوان	٢٣٢
بەخۆ شانازییکردن	٢٣٣
کەنارگیری و گۆشەگیریکردن لەخەڵک	٢٣٤
گەورە راگرتنی خود	٢٣٦
جوانکردنی گومان بردن بەخود	٢٣٦
بەگرووپکردنی خەڵکی	٢٤٠
وەسواسی لەتەهارەتگرتندا	٢٤٢
گومانەکانی خەڵکانی وەسواس	٢٤٥
١) نییەت لەدەستنوێژ گرتن(تەهارەت) و نوێژدا	٢٦١
٢) وەڵامدانەوەی ئەوەی خەڵکانی وەسواس وە بەڵگەیان وەرگرتووە	٢٨٣
٣) تووشبوون بەفیتنەی گۆڕ	٢٩٠
٤) جیاوازیی نێوان سەردانیی کەسانی یەکتاپەرست و هاوبەش پەیداکەران بۆ گۆڕستان	٣٤٣
٥) گۆرانی و مۆسیقا	٣٥٤
٦) سابڕێنی بەکرێگیراو	٤٠٢
٧) جیابوونەوەی شەرعی	٤١١
٨) حیلە و فێڵ و ڕێگە چارە	٤٢٣
٩) فیتنەی عاشقانی وێنە	٤٧٢
١٠) فێڵی شەیتان لەخودی خۆی	٥٣٦
١١) یارییکردنی شەیتان بەبتپەرستان	٥٤٣
کۆتایی	٦٠٣